Yuval Noah Harari





منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

هۆشمەندەکان

پوختەیەک لە مێژووی مرۆڤ

یوڤال نوح هەراری

SAPIENS

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە

کارزان کاوسێن

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com



www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

هۆشمەندەکان

پوختەیەک لە مێژووی مرۆڤ

یوڤال نوح هەراری

و، لەئینگلیزییەوە: کارزان کاوسین

چاپی دووەم

٢٠٢٠

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە: (٦١٩)





ناسنامەی کتێب

هۆشمەندەکان

☐ نووسینی: یوڤال نوح هەراری

☐ وەرگێڕانی: کارزان کاوسین

☐ بابەت: مێژوو

☐ دیزاین و بەرگ: فواد کەوڵۆسی

☐ شوێنی چاپ: چاپخانەی گەنج

☐ ساڵی چاپ: ٢٠٢٠

☐ نۆبەتی چاپ: چاپی دووەم

☐ ژمارەی دانە: ١٠٠٠ دانە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردن: (١٦٨٨)ی ساڵی ٢٠١٦ی پێدراوە.

ناونیشان

سلێمانی ــ سابونکەران ــ نێوان گەراجی عوسمانی تەمین و شوفەکانی تەکیە ڕووتە.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣)، (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

پێڕست

کاتژمێری مێژوو ٩

بەشی یەکەم

شۆڕشی درک ١٣

١) ناژەڵێکی بێ کەڵک ١٥

رازێکی ناخۆش ١٩

باجی بیرکردنەوە ٢٢

پێشبڕکێی چێشتلێنەرەکان ٢٩

پارێزەرانی براکانمان ٣١

٢)درەختی ماریفەت ٤٠

نەفسانەی پیجۆ ٤٨

رەتبوون لە بۆهێڵەکان ٦٠

مێژوو و بایۆلۆژیا ٦٨

٣)ڕۆژێک لە ژیانی نادەم و حەوا ٧٢

کۆمەڵگە کامەرانە بنچینەییەکە ٨١

خێوە قسەکەرەکان ٩٤

ناشتی یان جەنگ؟ ١٠٠

پەردەی بێدەنگی ١٠٤

٤)لافاوەکە ١٠٧

تاوانبار وەکو تۆمەتبار ١١١

کۆتایی گیانەوەری سستە ١١٧

کەشتیی نوح ١٢٢

بەشی دووەم

شۆڕشی کشتوکاڵی ١٢٧

٥)کەورەترین ساختەیی لە مێژوودا ١٢٩

دەستێوەردانی ناسمانی ١٤٧

قوربانییەکانی شۆڕش ١٥٠

٦)بونیادنانی هەڕەمەکان ١٥٨

هاتنی نایندە ١٦١

سیستەمێکی وێناکراو ١٦٤

باوەڕدارە ڕاستەقینەکان ١٧٦

دیوارەکانی زیندان ١٨٠

٧)باری زیادەی یادەوەری ١٨٩

واژۆ، کوشیم ١٩٥

سەیروسەمەرەکانی بیرۆکراسی ١٩٨

زمانی ژمارەکان ٢٠٤

٨)دادپەروەرییەک لە مێژوودا نییە ٢٠٧

بێکەردیی لە ئەمریکا ٢١٧

ئەوی نێرینە و ئەوی مێینە ٢٢٤

سێکس و جێندەر ٢٣١

چ شتێکی پیاوان نەوەندە باشە؟ ٢٣٣

پۆخڵەواتی کۆمەڵگە ٢٣٨

بۆهێڵە باوکسالارییەکان ٢٤٢

بەشێ سێیەم

یەکگرتنی مرۆڤەکان ٢٤٥

٩)تیری مێژوو ٢٤٧
سەتەلایتی سیخوڕی ٢٥٢
رونیای جیهانی ٢٥٨
١٠)بۆنی پارە ٢٦٢
نەمە بە چەندە؟ ٢٦٤
قاوغ و جگەرە ٢٦٨
پارە چۆن کار دەکات؟ ٢٧٢
جادووی ئاڵتون ٢٧٨
نرخی پارە ٢٨١
١١)رونیا نیمپریالییەکان ٢٨٥
نیمپراتۆریەت چییە؟ ٢٨٨
نیمپراتۆریەتە خراپەکان؟ ٢٩٠
نەمە بۆ چاکەی خۆتە ٢٩٦
کاتێك نەوان دەبنە نێمە ٣٠٠
سوڕی نیمپریالی ٣٠٨
کابرای باش و کابرای خراپ لە مێژوودا ٣٠٨
نیمپراتۆریەتە جیهانییە نوێکە ٣١٢
١٢)یاسای ناپین ٣١٥
دەمکوتکردنی بەرخەکان ٣١٨
سوودەکانی بتپەرستی ٣٢٢
خودا یەکە ٣٢٧
شەڕی چاکە و خراپە ٣٣٢
یاسای سروشت ٣٣٧

پەرستنی مرۆڤ ٣٤٤
١٣)نهێنی سەرکەوتن ٣٥٦
-١بەهەڵەداچوونی تێکەیشتن ٣٥٧
-٢کلیۆی کوێر ٣٦٣

بەشی ٤

شۆڕشی زانستی ٣٦٩
١٤)دۆزینەوەی نەزانی ٣٧١
نیگنۆراموس ٣٧٦
دۆگمای زانستی ٣٨٢
مەعریفەت دەسەڵات ٣٨٩
خەیاڵی پێشکەوتن ٣٩٧
پرۆژەی گەلکامێش ٤٠٠
باوکە فریودەرەی زانست ٤٠٨
١٥)هاوسەرگیریی زانست و نیمپراتۆریەت ٤١٤
بۆچی نەورووپا؟ ٤٢٠
نەقڵیەتی وڵاتگیری ٤٢٦
نەخشە بەتاڵەکان ٤٣٠
داگیرکردن لە بۆشایی دەرەوەڕا ٤٣٧
جاڵجاڵۆکە و تێکستە پیرۆزە بیرچووەوەکان ٤٤٥
١٦)بیرووباوەڕی سەرمایەداری ٤٥٨
کێکێکی ڕوو لە گەورەبوون ٤٦٥
کۆڵەمبەس بەدوای وەبەرهێنێکدا دەگەڕێت ٤٧٣
بەناوی سەرمایەوە ٤٨٩

کەلتووری بازاڕی نازاد ٤٩٣
دۆزەخی کەپیتالیستی ٤٩٥
١٧)ویلەکانی پیشەسازی ٥٠٣
رازی ناو مەتبەخ ٥٠٦
نۆقیانووسێك لە وزە ٥١١
ژیان لەسەر قایشی گوێزەرەوە ٥١٤
سەردەمی کڕین ٥٢٢
١٨)شۆڕشێکی بەردەوام ٥٢٧
سەردەمی مۆدێرن ٥٣٠
دارمانی خێزان و کۆمەڵ ٥٣٦
کۆمەڵە وێناکراوەکان ٥٤٥
جوڵەی بەردەوام ٥٤٩
ناشتی لە سەردەمی نێمەدا ٥٥٢
خانەنشینی نیمپریالی ٥٥٥
پاکس نەتۆمیکا ٥٥٨
١٩)ئینجا نەوان لەوێ بەدوا بە خۆشی ژیان ٥٦٦
ژماردنی خۆشبەختی ٥٧٢
بەختەوەریی کیمیایی ٥٨١
مانای ژیان ٥٨٩
خۆت بناسە ٥٩٢
٢٠)کۆتایی مرۆڤە هۆشمەندەکان ٦٠٠
لەبارەی مشکان و مرۆڤانەوە ٦٠٤
گەڕانەوەی نیاندەرتاڵەکان ٦٠٨

ژیانی دەستکرد ٦١٢
ژیانێکی تر ٦١٧
تاکانەیی ٦٢٠
پێشبینییەکەی فرانکنشتاین ٦٢٤
دوا قسە: ٦٢٩
نەو گیانەوەرەی بوو بە خودا ٦٢٩

کاتژمێری مێژوو

سالانی پێش ئێستا

١٣,٥ ملیارد ساڵ: مادە و وزە دەردەکەون. سەرەتای فیزیا. گەردیلە و گەردەکان پەیدا دەبن. سەرەتای کیمیا.

٤,٥ ملیارد ساڵ: دروستبوونی گۆی زەوی.

٣,٨ ملیارد ساڵ: سەرهەڵدانی زیندەوەرەکان. سەرەتای بایۆلۆژیا.

٦ ملیۆن ساڵ: دوا داپیرەی هاوبەشی مرۆڤەکان و شەمپانزییەکان.

٢,٥ ملیۆن ساڵ: پەرەگرتن (گەشەی کاوەخۆ)ی توخمی مرۆڤ (هۆمۆ-Homo) لە ئەفریقا. یەکەم ئامرازە بەردینەکان.

٥٠٠,٠٠٠ ساڵ: پەرەگرتنی نیاندەرتاڵەکان لە ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٣٠٠,٠٠٠ ساڵ: بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئاگر.

٢٠٠,٠٠٠ ساڵ: پەرە گرتنی هۆمۆ ساپیەن (مرۆڤە هۆشمەندەکان) لە خۆرهەڵاتی ئەفریقا.

٧٠,٠٠٠ ساڵ: شۆڕشی درک. سەرهەڵدانی زمانی وێنایی. دەستپێکردنی مێژوو. مرۆڤە هۆشمەندەکان بە دەرەوەی ئەفریقادا بڵاو دەبنەوە.

٤٥,٠٠٠ ساڵ: مرۆڤە هۆشمەندەکان لە ئوسترالیا نیشتەجێ دەبن. قڕبوونی گیانەوەرە زەبەلاحەکان (مێگافۆنا)ی ئوسترالیا.

٣٠،٠٠٠ ساڵ: قڕبوونی نیاندەرتاڵەکان.

١٦،٠٠٠ ساڵ: مرۆڤە هۆشمەندەکان لە ئەمریکا دەگیرسێنەوە. قڕبوونی گیانەوەرە زەبەلاحەکانی ئەمریکا.

١٣،٠٠٠ ساڵ: قڕبوونی مرۆڤی فلۆریسی (هۆمۆ فلۆریسینسس- Homo floresiensis). مرۆڤی هۆشمەند تاکە توخمی ماوەیە لە ژیاندا.

١٢،٠٠٠ ساڵ: شۆڕشی کشتوکاڵی. ماڵیکردنی ڕووەک و ئاژەڵ. نیشتەجێبوونە جێگیرەکان.

٥،٠٠٠ ساڵ: یەکەمین شانشینەکان، نووسین و پارە. ئایینە فرە خواکان.

٤،٢٥٠ ساڵ: یەکەمین ئیمپراتۆریەت- ئیمراتۆریەتی ئەکەدیی سارگۆن.

٢،٥٠٠ ساڵ: داهێنانی سکە- پارەی گەردوونی.

ئیمپراتۆریەتی فارس- سیستەمێکی سیاسی گەردوونی (بۆ قازانجی هەموو مرۆڤەکان).

بودیزم لە هیندستان- حەقیقەتێکی گەردوونی (بۆ ئازادکردنی هەموو مرۆڤەکان لە ئێش و ئازار).

٢،٠٠٠ ساڵ: ئیمپراتۆریەتی هان لە چین. ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە مێدیتەرانە. مەسیحیەت.

١،٤٠٠ ساڵ: ئیسلام

٥٠٠ ساڵ: شۆڕشی زانستی. مرۆڤایەتی دان بە نەزانی خۆیدا دەنێت و دەست دەکات بە بەدەستهێنانی دەسەڵاتی بێ پێشینە. ئەوروپییەکان دەست دەکەن بە داگیرکردنی ئەمریکا و ئۆقیانووسەکان. سەرانسەری هەسارەکە دەبێتە تاکە ڕووبەرێکی میژوویی. سەرهەڵدانی سەرمایەداری.

٢٠٠ ساڵ: شۆڕشی پیشەسازی. خانەواده و کۆمەڵ، دەوڵەت و بازاڕ شوێنیان دەگرێتەوە. لەنێوچوونی بەربڵاوی ڕووەکەکان و ئاژەڵەکان.

ئێستا: مرۆڤەکان سنووورەکانی هەسارەی زەوی دەبڕن. چەکە ناوکییەکان هەڕەشە لە مانەوەی مرۆڤایەتی دەکەن. زیندەوەرەکان پەیتا پەیتا زیاتر لەرێگەی دیزاینی هۆشمەندانەوە دێنەبوون نەک هەڵبژاردنی سروشتی[1].

ئایندە: دیزاینی هۆشمەندانە دەبێتە پەرەنسیپی بنچینەیی ژیان؟ سوپەر مرۆڤەکان شوێنی مرۆڤە هۆشمەندەکان دەگرنەوە؟

[1] هەڵبژاردنی سروشتی (natural selection): پرۆسەیەکە بەهۆیەوە تەنیا ئەو ڕووەک و گیانەوەرانەی کە بەشێوەیەکی سروشتی گونجاون بۆ ژیان لە ژینگەکەیاندا درێژە بە ژین و وەچەخستنەوە دەدەن و ئەوانیتر دەمرن.

بەشی یەکەم

شۆڕشی درك

١

ئاژەڵێکی بێ کەڵک

نزیکەی ١٣,٥ ملیارد ساڵ لەمەوبەر، مادە، وزە، کات و بۆشایی لەو شتەدا کە پێی دەوترێت تەقینەوەی گەورە هاتنە بوون. چیرۆکی ئەم تایبەتمەندییە ڕیشەییانەی گەردوونمان پێی دەوترێت فیزیا.

نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ پاش دەرکەوتنیان، مادە و وزە دەستیانکرد بە تۆپەڵبوون بەشێوەی بونیادی ئاڵۆز کە پێیان وترا گەردیلە، کە دواتر ئاوێتە بوون و بوون بە گەرد. چیرۆکی گەردیلەکان، گەردەکان و کارلێکەکانیان پێی دەوترێت کیمیا.

نزیکەی ٣,٨ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، لەسەر هەسارەیەک کە پێی دەوترێت زەوی، چەند گەردێک تۆپەڵبوون بۆ پێکهێنانی بونیادی بەدیاریکراوی گەورە و ئاڵۆزکاو کە پێیان دەوترا زیندەوەرەکان (organisms). چیرۆکی زیندەوەرەکان پێی دەوترێت بایۆلۆژیا.

نزیکەی ٧٠,٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، زیندەوەرەکانی توخمی مرۆڤە هۆشمەندەکان (Homo sapiens) بەرەبەرە بوون بە بونیادی چڕوپڕتر کە پێی دەوترا کەلتوور. بەرەوپێشچوونی یەک لەدوای یەکی ئەم کەلتوورە مرۆییانە پێی دەوترێت مێژوو.

سێ شۆڕشی گرنگ ڕەوگەی مێژوویان پێکهێنا: نزیکەی ٧٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر شۆڕشی درکپێکردن تەکانی دەستپێکی دایە بەر مێژوو. شۆڕشی کشتوکاڵی پێش ١٢،٠٠٠ ساڵ گورێکی دایە بەر. دەشێ شۆڕشی زانستی کە تەنیا پێش ٥٠٠ ساڵ کەوتە گەڕ، شتێکی تەواو جیاواز بهێنێتە کایەوە. ئەم کتێبە چیرۆکی چۆنایەتی کاریگەریی ئەم سێ شۆڕشە لەسەر مرۆڤەکان و زیندەوەرە هاوەڵەکانیان دەگێڕێتەوە.

پێش ئەوەی مێژوو هەبێت، مرۆڤەکان هەبوون. گیانەوەرانی هاوشێوەی مرۆڤی مۆدێرن نزیکەی پێش ٢،٥ ملیۆن ساڵ دەرکەوتن. بەڵام بە دڕێژایی چەند نەوەیەکی بێشومار، لە زیندەوەرەکانی تر جیا نەدەکرانەوە. بەدڕێژایی ئەو چەند نەوەیە، لەوانەبوو ڕووبەڕووی هەمان کارەکتەرە ئاشناکانی مرۆڤ بووبایتەوە: دایکە نیگەرانەکان ساواکانیان دەگرتە ئامێزیان، منداڵانی بێباک لەناو قوڕدا یارییان دەکرد، گەنجان لە سەپاندنەکانی کۆمەڵگە هەراسان دەبوون و پیرە داهێزراوەکان دەیانوێست لە ئارامیدا بمێننەوە. پیاوە جەستە ماسولکەییەکان هەوڵیان دەدا ژنە جوانەکان و سەرگەورە بەتەمەنەکانی لۆکاڵ ڕازی بکەن کە هەنوکە هەموو شتێکیان ئەزموون کردبوو. ئەم مرۆڤە کۆنانە، خۆشەویستییان دەکرد، یارییان دەکرد، پەیوەندیی نزیکیان دروست دەکرد و کێبڕکێیان دەکرد بۆ پێگە و دەسەلات- بەڵام بەهەمان شێوە شەمپانزییەکان، مەیموونە بابوونەکان و فیلەکانیش ئەمەیان دەکرد. هیچ شتێکی تایبەتیان نەبوو. هیچ مرۆڤ و کەسێک، بۆی نەدەچوو کە نەوەکانی، ڕۆژێک لە ڕۆژان دەچێتە سەر مانگ، گەردیلە دابەش دەکات، دەچێتە قووڵایی کۆدی ژێنەتیکی و کتێبی مێژوویی دەنووسێت. زانینی گرنگترین شت لەبارەی مرۆڤەکانی پێش مێژووەوە ئەوەیە کە ئەوان

گیانەوەری ناگرنگ بوون، کاریگەرییان لەسەر ژینگە ئەوەندەی گۆریلاکان، مێرووی ڕووناکیدەر یان بووکی دەریا نەدەبوو.

بایۆلۆژیستەکان، زیندەوەرەکان بەسەر توخمەکاندا دابەش دەکەن. بە گیانەوەرەکان دەوترێت سەر بەهەمان توخمن ئەگەر لەگەڵ یەکتریدا جوت ببن و وەچەیەکی بەردار بخەنەوە. ئەسپەکان و کەرەکان باوانێکی هاوبەشی تازەیان هەیە و لە زۆر تایبەتمەندیی فیزیکیدا هاوبەشن، بەڵام ئارەزوومەندییەکی سێکسی کەمیان بۆ یەکتری هەیە. ئەمانە ئەگەر وروژێنران جووت دەبن- بەڵام وەچەکەیان کە پێی دەوترێت ئێستر، نەزۆکە. بۆیە دەشێت بازدانی بۆهێلی (جێنەتیکی) لە (دی ئێن ئەی)ی کەردا قەت ئەسپی لێنەکەوێتەوە، بە پێچەوانەشەوە هەروا. سەرەنجام ئەو دوو جۆر ئاژەڵە بە دوو توخمی جیاواز لەقەڵەم دەدرێن و بە دوو ڕێڕەوی (پەرەگرتن[٢])ی جیاوازدا دەڕۆن. کەچی، لەوانەیە **گاسەگ** (بوڵدۆگ) و سەگی **سپانیەل** زۆر جیاواز دیار بن، بەڵام ئەندامی هەمان توخمن و هەمان شریتی (دی. ئێن. ئەی)یان هەیە. ئەمانە بە شادییەوە جوت دەبن و فەرخەکانیان گەورە دەبن و لەگەڵ سەگەکانی تردا جوت دەبن و فەرخەی تر دەخەنەوە.

ئەو توخمانەی لە باوانێکی دیاریکراوەوە پەرەیان گرتووەلەژێر ناونیشانی (جنس)دا کۆ دەبنەوە. شێرەکان، پڵنگەکان، مارمێلکەکان و جاگوارەکان توخمی جیاوازن لەناو جنسی (پانزێرا)دا. بایۆلۆجیستەکان زیندەوەرەکان لەژێر ناوێکی لاتینی دوو بەشیدا زیندەوەرەکان نیشانە دەکەن. بۆ نموونە، شێرەکان پێیان دەوترێت (پانزێرا لیۆ)، توخمی لیۆ (شێر) لە جنسی پانزێرا. وا دادەنرێت کە هەموو ئەوانەی ئەم کتێبە

---

[٢] ئەرەطرتن یان طەشەي کاوەخۆ (evolution): بیرۆکەي زانستي ئەمەي کە ڕووەکەکان و طیانەوەران ئەیتا ئەیتا و لە ماوەیەکي دریَذخایەندا طەشة دەکەن و دەطۆرِیَن.

دەخوێننەوە لە مرۆڤە هۆشمەندەکان (هۆمۆ ساپیەن) بن- توخمی ساپیەن (ژیر) لە جنسی هۆمۆ (مرۆڤ).

جنسەکان بە نۆرەی خۆیان دەخرێنە بازنەی خێزانەکانەوە، بۆ نموونە پشیلەکان (شێرەکان، چیتا، پشیلەی ماڵی)، سەگەکان (گورگەکان، ڕێوییەکان، چەقەڵەکان) و فیلەکان (فیلەکان، مامۆتەکان، ماستۆدۆنەکان). هەموو ئەندامانی خێزانێک زنجیرەیان دەگەڕێتەوە سەر دایک یان باوکی دامەزرێنەر. بۆ نموونە، هەموو پشیلەکان، لە بچوکترین پیشلەی ماڵەوە تا درندەترین شێر، باوانێکی پشیلە ئاسای هاوبەشیان هەیە کە نزیکەی ٢٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ژیاوە.

مرۆڤە هۆشمەندەکانیش، سەر بە خێزانێکن. ئەم ڕاستییە بێتامە یەکێک بووە لە نهێنییە هەرە پارێزراوەکانی مێژوو. مرۆڤی هۆشمەند لەمێژە وای بە پەسەند زانیووە خۆی وەکو جودا لە ئاژەڵەکان پیشان بدات، تەنیایەکی هەتیوی خێزان، بەبێ خوشک و برا یان ئامۆزا و لەهەموشی گرنگتر، بێ باوان. بەڵام کەیسەکە هەر ئەمە نییە. حەز بکەیت یان نا، ئێمە ئەندامانی خێزانێکی گەورە و بەشێوەیەکی دیاریکراو پڕ ژاوەژاوین بەناوی ئەپیە گەورەکان[٢]. نزیکترین خزمی زیندوومان بریتین لە شەمپانزێکان، گۆریلاکان و ئۆرانگوتانەکان. شەمپانزییەکان نزیکترینن. ڕێک ٦ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، ئەپێکی مێیەی ڕەبەن دوو کچی هەبوون. یەکێکیان بووە باوانی هەموو شەمپانزییەکان، ئەویتریان داپیرەی ئێمەیە.

---

[٢] ئەپ: گیانەوەرێکی هاوشێوەی مەیمونە، بەڵام کلکی نییە یان کورتە.

ڕازێکی ناخۆش

مرۆڤە هۆشمەندەکان تەنانەت ڕازێکی هەراسانکەرتریان شاردووەتەوە. ئێمە نەک تەنیا چەندەها ئامۆزای ناشارستانیمان هەن، جارێک لە جاران ژمارەیەکی زۆری برا و خوشکیشمان هەبوون. ئێمە ڕاهاتبووین لەسەر بیرکردنەوە لەبارەی خۆمان وەکو تاکە مرۆڤ، چونکە لە ڕاستیدا بە درێژایی ١٠،٠٠٠ ساڵی ڕابردوو، تۆخمی ئێمە تاکە تۆخم بووە کە هەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا، مانای ڕاستەقینەی وشەکە بریتییە لە (گیانەوەرێکی سەر بە جنسی هۆمۆ) و سەرباری مرۆڤە هۆشمەندەکان زۆر تۆخمی تری ئەم جنسە هەبوون. سەرەڕای ئەمەش، هەروەکو لە دوا بەشی ئەم کتێبەدا دەیبینین، لە ئایندەیەکی زۆر دوور نا، لەوانەیە ئێمە لەگەڵ تۆخمی غەیری مرۆڤی هۆشمەند دا بکەوینەوە پێشبڕکێ. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵە، زۆر جار زاراوەی مرۆڤی هۆشمەند (Homo Sapiens) بەکار دێنم بۆ ئاماژەکردن بە ئەندامانی ئەم تۆخمە و زاراوەی مرۆڤیش (Homo)ش بۆ ئاماژەکردن بە جنسی مرۆڤ بە گشتی.

بۆ یەکەم جار مرۆڤەکان لە خۆرهەڵاتی ئەفریقا و پێش ٢،٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر لە جنسی زووی ئەو ئەپانەوە پەرەیان گرت کە ناویان ئۆسترالۆپیتیکوس (Australopithecus) بوو. ئەم زاراوەیە بەمانای (ئەپی باشوور) دێت. نزیکەی پێش ٢ ملیۆن ساڵ، هەندێ لەم پیاو و ژنە کۆنانە خاکی خۆیان جێهێشت و گەشتیان بەناو ناوچە فراوانەکانی باکووری ئەفریقا، ئەوروپا و ئاسیا کرد و تیایاندا گیرسانەوە. لەبەرئەوەی مانەوە لە دارستانە بەفراوییەکانی باکووری ئەوورپا پێویستی بە تایبەتمەندیی جیاواز هەبوو بۆ زیندوو مانەوە لە دارستانە هەڵم لێ هەڵساوەکانی ئەندۆنیزیا، دانیشتووانی مرۆڤ بە ئاراستەی جیاوازدا

پەرەیان گرت. ئەنجامەکەش بریتی بوو لە ژمارەیەک توخمی جیاواز کە زاناکان ناوێکی لاتینی قورسیان داوەتە پاڵ هەریەکەیان.

مرۆڤەکان لە ئەوروپا و خۆرئاوای ئاسیا پەرەیان گرت و بوونە هۆمۆ نیاندەرتالێنسیس (مرۆڤی دۆڵی نیاندەر) و ئاسایی بە (نیاندەرتاڵ) ناو دەبرێن. نیاندەرتاڵەکان، کەتەتر و پڕ ماسولکەتر بوون لە ئێمەی مرۆڤی هۆشمەند و لەگەڵ کەش و هەوای ساردی ئیوراسیای خۆرئاوای چاخی بەستەڵەک باش دەگونجان. ناوچە خۆرهەڵاتییە دوورەکانی ئاسیا پڕ بوون لە هۆمۆ ئێرێکتوس (مرۆڤی ڕێک و ڕاست) کە بۆ نزیکەی ٢ ملیۆن ساڵ لەوێ ژیان و بوونە بەرگەگرترین توخمی مرۆڤ. پێناچێت تەنانەت توخمی ئێمەش ئەم ڕیکۆردە بشکێنێت. جێی گومانە ئاخۆ مرۆڤە هۆشمەندەکان هەزار ساڵی تر هەر دەمێنن یان نا، ئەوە ٢ ملیۆن ساڵ هەر باس مەکە.

لە دوورگەی جاڤا لە ئیندۆنیزیا هۆمۆ سۆلۆینس (مرۆڤی خەڵکی دۆڵی سۆلۆ) ژیاون کە گونجاو بوون بۆ ژیان لە ناوچەی هێڵی یەکسان. لە دوورگەیەکی تری ئیندۆنیزیا- دوورگەی بچوکی فلۆرێس- مرۆڤە دێرینەکان بە پرۆسەی بچوکبوونەوەدا تێپەڕیوون. کاتێک ئاستی دەریا بێ ڕادە نزم بوو و بە ئاسانی لە وشکانییەوە دەگەیشتیتە دوورگەکە، مرۆڤەکان سەرەتا گەیشتوونەتە فلۆرێس. کاتێک جارێکی تر دەریاکان بەرز بوونەوە، هەندێ خەڵک لەسەر دوورگەکە گیریان خوارد کە لە سامان و سەرچاوەدا هەژار بوو. سەرەتا خەڵکە گەورەکان دەمردن کە پێویستیان بە خۆراکی زۆر بوو. ئەو خەڵکانەی بچوکتر بوون باشتر بەرگەیان دەگرت. بەدرێژایی چەند نەوەیەک، خەڵکی فلۆرێس باڵایان قوتە بووەوە. توخمە ناوازەکان، کە لەلایەن زاناکانەوە بە (هۆمۆ فلۆرێسینس) ناودێر کراون، باڵایان ئەوپەڕی دەگەیشتە یەک مەتر و

کێشیان له بیست و پێنج کیلۆ زیاتر نەبوو. لەگەڵ [illegible] ئامرازی بەردین بەرهەم بێنن و تەنانەت [illegible] دوورگەکەیان ڕاو دەکرد- هەرچەندە ڕاست بڕاون [illegible] بالا قوتیلە بوون.

لە ساڵی ٢٠١٠دا برایەکی تر لە تەمومژ ڕزگار کرا. کاتێک زانستگان ئەشکەوتی (دێنیسۆڤا)یان لە سیبریا هەڵدەکۆڵی، [illegible] بەردبووی پەنجەیان دۆزییەوە. شیکردنەوەی بۆهێڵی (جێنەتیکی)، سەلماندی کە پەنجەکە هی توخمێکی مرۆڤ بووە کە پێشتر نەناسراوە و ناوی لێنرا (هۆمۆ دێنیسۆڤا). کێ چوزانێ چەند خزمی ونبوومان لە ئەشکەوتەکانی تردا، لە دوورگەکانی تر و لە کەش و هەوایەکی تردا چاوەڕێی دۆزرانەوەن.

لەکاتێکدا کە ئەم مرۆڤانە لە ئەورووپا و ئاسیا لە پەرەگرتندا بوون، پەرەگرتن لە ئەفریقای خۆرهەڵاتدا نەوەستا. بێشکەی مرۆڤایەتی بەردەوام بوو لە پێگەیاندنی توخمی نوێی بێ شووومار، وەکو هۆمۆ ڕودۆلفێنسیس (مرۆڤی دەریاچەی ڕودۆلف)، هۆمۆ ئێرگاستەر (مرۆڤی ئیشکەر) و دواجار توخمی خۆمان کە بەشێوەیەکی لەخۆباییانە ناومان ناوە هۆمۆ ساپیەنس (مرۆڤی هۆشمەند).

ئەندامانی هەندێک لەم توخمانە زۆر زل بوون و ئەوانیتر قوتە بوون. هەندێکیان ڕاوچی تۆقێنەر و ئەوانیتر ڕووەک کۆکەرەوەی نەرم و نیان بوون. هەندێکیان تەنیا لەسەر تاکە دوورگەیەک دەژیان، کەچی زۆرێکیان بە کێشوەرەکاندا هاتوچۆیان دەکرد. بەڵام هەموویان سەر بە جنسی (هۆمۆ) بوون. هەموویان مرۆڤ بوون.

بەهەڵەداچوونێکی باو ئەوەیە وەها وێنا دەکرێت کە ئەم توخمانە بە هێڵێکی ڕاست وەچەیان خستووەتەوە بە جۆرێک کە (ئێرگاستەر)،

(ئێرەکتوس)ی لێبکەوێتەوە، (ئێرەکتوس) (نیاندەرتاڵەکان)ی لێبکەوێتەوە و (نیاندەرتاڵەکان) ئێمەیان لێ بکەوێتەوە. ئەم مۆدێلە ڕاستەهێلییە بیرۆکەی هەڵەی ئەوە دەدات بەدەستەوە کە لە هەر ساتێکی دیاریکراودا بێت تەنیا یەک جۆرە مرۆڤ لەسەر زەوی نیشتەجێ بووە و هەموو توخمەکانی زوو تەنیا مۆدێلێکی کۆنتری ئێمە بوون. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە نزیکەی دوو ملیۆن ساڵ پێش ئێستاوە تاوەکو دەوروبەری ١٠،٠٠٠ ساڵ پێش ئێستا، جیهان لە یەک کاتدا ماڵی ژمارەیەک توخمی مرۆڤ بووە. ئینجا بۆچی نا؟ ئەمرۆکە زۆر توخمی ڕێوی، ورچ و بەراز هەن. زەویی سەد هەزارە (millennia[1]) لەمەوبەر لانی کەم شەش توخمی جیاوازی مرۆڤی لەسەر ژیاون. ئەوە نایابیی ئەمرۆمانە، نەک ڕابردووی فرە توخمەکان، کە سەیر و نامۆیە-و لەوانەشە تاوانبارکەر بێت. هەروەکو دواتر تێبینی دەکەین، ئێمەی مرۆڤی هۆشمەند، هۆکاری گونجاومان هەن بۆ کپکردنی بیرهاتنەوەی خوشک و براکانمان.

باجی بیرکردنەوە

سەرباری ئەو هەموو جیاوازییە زۆرەیان، هەموو توخمەکانی مرۆڤ لە ژمارەیەک کارەکتەری گرنگدا هاوبەشن. لەهەمووشی بەرچاوتر، مرۆڤەکان بە بەراورد بە گیانەوەرانی تر مێشکێکی لەڕادەبەدەر گەورەیان هەیە. ئەو شیردەرانەی شەست کیلۆن تێکڕای مێشکێکی قەبارە ٢٠٠ سانتیمەتر سێجایان هەیە. پیاوان و ژنانی سەردەمانی هەرە زوو، ٢.٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، مێشکی قەبارە ٦٠٠ سانتیمەتر سێجایان هەبووە.

---

[1] هەزارە (میلینیا) واتە هەزار ساڵ

مرۆڤە هۆشمەندەکانی ئەم سەردەمە مێشکیان دەگاتە قەبارەی ١٢٠٠-١٤٠٠ سانتیمەتر سێجا. نیاندەرتاڵەکان تەنانەت مێشکیان گەورەتر بوو.

لەوانەیە ئەمەی کە دەبێ پەرەگرتن (یان گەشەی کاوەخۆ) مێشکە گەورەترەکان هەڵبژێرێت، بەڵای ئێمەوە بێ چەندوچون بێت. ئێمە ئەوەندە کەیفمان بە هۆشمەندیی باڵامان دێت کە کاتێک مەسەلەکە دێتە سەر هێزی ئەقڵ، هەرچەندەی زیاتر بێ باشترە. بەڵام ئەگەر کەیسەکە ئەمە بووایە، خانەوادەی پشیلەش ئەو پشیلانەی دەخستەوە کە دەیانتووانی حسابات بکەن. بۆچی جنسی (هۆمۆ) تاکە گیانەوەرێکە لە هەموو مەملەکەتی گیانەوەراندا کە ئەو ماکینە گەورەیەی بیرکردنەوەی هەیە؟.

راستییەکەی ئەوەیە کە مێشکی گەورە، ئاوەڕۆیەکی گەورەشە لەسەر جەستە. هەڵگرتنی هەروا ئاسان نییە، بەتایبەت کاتێک لەناو کەللەسەرێکی گەورەدا هەڵگیراوە. تەنانەت خۆراکپێدانی قۆرسترە. لە مرۆڤە هۆشمەندەکاندا، مێشک نزیکەی ٢-٣ لەسەدی کێشی جەستەیە، بەڵام کاتێک جەستە لە پشوودایە ٢٥%ی وزەی جەستە بەکاردەبات. کە بەراوردی بکەین، مێشکی ئەیپەکان پێویستی بە تەنیا ٨%ی وزەی کاتی پشوو هەیە. مرۆڤە کۆنەکان بە دوو شێواز باجی مێشکە گەورەکانیان داوە. یەکەم، کاتێکی زۆرتر بەدوای خواردندا گەڕاون. دووەم، ماسولکەکانیان پوچ بووەتەوە. وەکو حکومەتێک کە پارە لە بەرگرییەوە ئاراستەی پەروەردە دەکات، مرۆڤەکانیش وزەیان لە قۆڵیانەوە ئاراستەی دەمارەکان کردووە. زەحمەتە ئەنجامگیرییەکی دڵنیاییبەخش بێت کە بڵێین ئەمە ستراتیژێکی باشە بۆ زیندوومانەوە لەسەر خواردنی گژوگیا. شەمپانزی ناتوانێت مشتومڕێک لە مرۆڤە هۆشمەندەکان

بباتەوە، بەڵام ئەیپ دەتوانێت وەکو بوکەڵەیەک مرۆڤ لەبەر یەک هەڵبدرێت.

ئەمڕۆکە مێشکە گەورەکەمان بە ئاسانی کەڵک دەگەیەنێت، چونکە دەتوانین ئۆتۆمبێل و چەک بەرهەم بهێنین کە توانامان پێدەدەن لە شەمپانزییەکان زۆر خێراتر بجوڵێین و لەبری ملانێ لەگەڵیاندا، لە دووراییەکی سەلامەتەوە تەقەیان لێ بکەین. بەڵام ئۆتۆمبێلەکان و چەکەکان دیاردەیەکی تازەن. بۆ ماوەی زیاتر لە ٢ ملیۆن ساڵ، تۆڕی دەماریی مرۆڤ هەر لە گەشەدا بووە، بەڵام جگە لە چەند چەقۆیەکی بەردە ئەستێ و داری نوک تیژ، مرۆڤەکان شتێکی بەنرخی وەهایان نەبووە پیشانی بدەن. ئەی لەماوەی ئەو دوو ملیۆن ساڵەدا چی تەکانی دایە بەر پەرەگرتنی مێشکی گەورەی مرۆڤ؟ ڕاشکاو بین، نازانین.

خاسیەتێکی تاکانەی تری مرۆڤ ئەوەیە ئێمە ڕاست و ڕێک لەسەر دوو قاچ دەڕۆین. هەڵسانە سەرپێ پشکنینی ناو گژوگیا بۆ یاری یان دوژمن ئاسانتر دەکات و باسکەکان کە بۆ جوڵان پێویست نین، سەربەست دەکرێن بۆ مەبەستی تر، وەکو هەڵدانی بەرد یان ئاماژە کردن. چەندەی ئەم دەستانە بیانتووانیایە شتی تر ئەنجام بدەن، خاوەنەکە ئەوەندەی تر سەرکەوتووتر دەبوو، بۆیە فشاری پەرەگرتن تەرکیزێکی زۆرتری دەمارەکانی هێنایە کایەوە و ماسولکەکانی لە لەپی دەستەکان و پەنجەکاندا بەباشی ڕێکخست. سەرەنجام مرۆڤەکان دەتوانن ئەرکی زۆر وردەکارانە بە دەستەکانیان ئەنجام بدەن. بەتایبەت، ئەوان دەتوانن ئامێری ئاڵۆز بەرهەم بێنن و بەکار بێنن. یەکەم بەڵگە بۆ بەرهەمهێنانی ئامێر دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٢,٥ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، و دروستکردن و بەکارهێنانی ئامێرەکان ئەو پێوەرانەن کە بەهۆیانەوە ئارکیۆلۆژیستەکان مرۆڤە دێرینەکان دەناسنەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕێک و ڕاست ڕۆیشتن دیوێکی مەترسیداری هەیە. پەیکەری پێشینانی بەراییمان لەماوەی ملیۆنان ساڵدا پەڕەی سەندووە بۆ پاڵپشتیکردنی گیانەوەرێک کە لەسەر هەر چوار پێی ڕۆیشتووە و سەرێکی تا ڕادەیەک بچوکی هەبووە. خۆگونجاندن لەگەڵ حاڵەتێکی ڕاست و ڕێک تەحەدایەکی گەورە بوو، بەتایبەت لەکاتێکدا کە دەبووایە پەیکەرە ئێسقانەکە کەللەیەکی سەروو گەورە ڕاگیر بکات. مرۆڤایەتی بە پشت ئێشە و مل ڕەق بوون باجی خەیاڵە قەبەکە و دەستە ماندووەکانی داوە.

ژنان باجێکی گەورەتریان داوە. ڕێکردنێکی ڕێک و ڕاست پێویستی بە حەوزێکی تەسکتر هەبوو کە کەناڵی منداڵبوونی تەسک دەکردەوە- و ئەمەش ڕێک لەو کاتەدا بوو کە سەری کۆرپە گەورە و گەورەتر دەبوو. مەرگ لە منداڵ خستنەوەدا بووە ترسێکی گەورە بۆ مرۆڤە مێیینەکان. ئەو ژنانەی زووتر منداڵیان دەبوو، کاتێک سەر و مێشکی کۆرپەڵە هێشتا تا ڕادەیەک بچوک و کشۆک بوو، باشتر بەرەوپێشچوون و زیاتر ژیان و منداڵی زۆرتریان بوو. بەمشێوەیە، سەرەنجام هەڵبژاردنی سروشتی، لەگەڵ منداڵبوونی زووتر دابوو. لە ڕاستیشدا، بە بەراورد بە گیانەوەرانی تر، مرۆڤەکان پێش وەخت لەدایک دەبوون، واتە کاتێک کە زۆرێک لە سیستەمە گرنگەکانیان هێشتا تەواو گەشەی نەکردبوو. جوانوویەک بە ماوەیەکی کورت دوای لەدایکبوونی دەتوانێ ڕێ بکات، فەرخە پشیلەیەک کاتێک تەمەنی تەنیا چەند هەفتەیەکە دایکی جێ دەهێڵێت بۆ ئەوەی خۆی خواردن بدۆزێتەوە. کۆرپە مرۆڤەکان دەستەوستانن، بۆ زیندوو مانەوە، پارێزران و پەروەردە ساڵانێکی زۆر پشت ئەستوور بوون بە گەورەکان.

ئەم ڕاستییە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری هەبووە هەم بۆ توانا کۆمەڵایەتییە سەروواساییەکانی مرۆڤ و هەم بۆ ئاریشە کۆمەڵایەتییە ناوازەکانی. دایکە تەنیاکان بە زەحمەت دەیانتووانی بایی پێویست خۆراک پەیدا بکەن بۆ خۆیان و وەچەکانیان لەکاتێکدا کە منداڵە خاوەن پێداویستییەکان هەر بەدوایانەوە بوون. بەخێوکردنی منداڵ لەلایەن ئەندامانی تری خێزان و دراوسێیەوە پێویستی بە یارمەتی بەردەوام هەبوو. بۆ بەخێوکردنی مرۆڤێک هۆزێک پێویستە. بەمشێوەیە، پەرەگرتن لە بەرژەوەندی ئەوانەدا شکاوەتەوە کە توانیوویانە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهێز دروست بکەن. سەرەڕای ئەمەش، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان بە گەشەنەکردوویی لەدایک دەبن، دەکرێ زۆر زیاتر لە هەر گیانەوەرێکی تر فێر بکرێن و بەکۆمەڵایەتی بکرێن. زۆربەی شیردەرەکان وەکو کەرەستەیەکی قوڕین لە کورە دێنە دەرەوە- هەر هەوڵێک بۆ قاڵب پێدانەوەیان دەبێتە هۆی ڕوشان یان شکانیان. مرۆڤەکان وەکو شوشەیەکی تۆواوە لە فڕنەوە، لەمنداڵدان دێنە دەرەوە. دەکرێ بخولێنرێتەوە، ڕابکێشرێت و بە ڕادەیەکی سەرسوڕهێنەر شکڵ و شێوەی بدرێتێ. هەربۆیە ئەمڕۆکە دەتووانین منداڵەکان پەروەردە بکەین بۆئەوەی ببنە مەسیحی یان بودیست، سەرمایەدار یان سۆسیالیست، شەڕخواز یان ئاشتیخواز.

***

ئێمە وایدادەنێین کە مێشکی گەورە، بەکارهێنانی ئامێرەکان، توانا باڵاکانی فێربوون و بونیادە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان کەڵکی گەورەن. بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر دیارە کە ئەمانە مرۆڤیان کردووەتە بەهێزترین گیانەوەر لەسەر زەوی. بەڵام مرۆڤەکان بە درێژایی دوو ملیۆن ساڵی تەواو خۆشییان لە هەموو ئەم کەڵکانە بینیووە، واتە ماوەیەک کە تیایدا

گیانەوەری لاواز و پەراوێزی بوون. بەمشێوەیە، ئەو مرۆڤانەی کە پێش دوو ملیۆن ساڵ ژیاون، سەرباری مێشکی گەورە و ئامێرە بەردینە تیژەکانیان، لە ترسی بەردەوامدابوون لەبەرانبەر درندەکاندا، بە دەگمەن ڕاوی گەورەیان کردووە و بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر کۆکردنەوەی ڕووەک، خڕکردنەوەی مێروو، وێلبوون بەدوای ئاژەڵی بچوک و خواردنی کەلاکی بەجێماو لە گۆشتخۆرە بەهێزەکانی تر ژیاون.

یەکێک لە بەکارهێنانە هەرە باوەکانی ئامێرە بەردینەکانی زوو بۆ قەڵاشتنی ئێسک بووە بۆ دەرهێنانی مۆخەکەی. هەندێ لە توێژەران بڕوایان وایە کە ئەمە پیشە بنچینەییەکەمان بووە. هەروەکو چۆن باڵندەی دارکونکەرە شارەزایەتی هەیە لە دەرهێنانی مێروو لە بنە دار، مرۆڤەکانی سەرەتا شارەزا بوون لە دەرهێنانی مۆخ لە ئێسقان. بۆچی مۆخ؟ وایدابنێ کە تۆ چاودێری شانازییەک لە شێرەکانپدا دەکەیت کاتێک زەرافەیەک بەر دەدەنەوە و دەیخۆن. تۆ بە ئارامی چاوەڕوان دەبیت تا تەواو دەبن. بەڵام هێشتا نۆرەت نییە چونکە یەکەم جار کەمتیار و چەقەڵەکان دێن- و تۆ بۆیریی ئەوەت نییە خۆت هەڵقورتێنیتە دەم تێنانی ئەوان لە بەرماوەکە. تەنیا دواتر پێڕەکەی تۆ دەوێرن لە کەلاکەکە نزیک ببنەوە، بە وریاییەوە بە ڕاست و چەپی خۆیاندا بڕوانن- و دەست وەردەنە ئەو پارچە خۆراکییەی کە ماوەتەوە.

ئەمە کلیلی تێگەیشتنە لە مێژوو و سایکۆلۆژیمان. پێگەی جنسی (هۆمۆ) لە زنجیرەی خۆراکدا، تاوەکو ئەم دواییەش، بەشێوەیەکی جێگیر لە ناوەڕاستدا بووە. بۆ ماوەی ملیۆنان ساڵ، مرۆڤەکان گیانەوەری بچوکتریان ڕاو کردووە و ئەوەی توانیوویانە خڕیان کردووەتەوە و لەهەمان کاتدا لەلایەن درندەکانی گەورەترەکانەوە ڕاو کراوە. تەنیا ٤٠٠,٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بوو کە ژمارەیەک توخمی مرۆڤ دەستیانکرد بە

ڕاوکردنی گیانەوەری گەورە و تەنیا لە ١٠٠،٠٠٠ ساڵی ڕابردووەوە- لەگەڵ دەرکەوتنی مرۆڤە هۆشمەندەکان- مرۆڤ بازدایە سەری سەرەوەی زنجیرەی خۆراکی.

ئەو بازدانە بێ وێنەیە لە ناوەڕاستەوە بۆ سەری سەرەوە، دەرەنجامی گەورەی هەبوون. گیانەوەرانی تری سەرەوەی هەڕەمەکە، وەکو شێر و قرش، بەدرێژایی ملیۆنان ساڵ، پەیتا پەیتا و زۆر لەسەرخۆ گەیشتنە ئەو پێگەیە. ئەمە توانای بە سیستەمی ژینگەیی دا تا هاوسەنگییەک بهێنێتە کایەوە بۆ ڕێگرتن لە شێر و قرش لە نانەوەی پشێویی زۆر. لەکاتێکدا کە شێرەکان کوشندەتر بوون، مامزەکانیش توانای ڕاکردنیان خێراتر بوو، کەمتیار بووە هاوکارێکی باشتر و کەرکەدەنەکان میزاجیان خراپتر بوو. لەلایەکی ترەوە، مرۆڤایەتی ئەوەندە خێرا سەرکەوتە ترۆپک کە سیستەمی ژینگە کاتی پێنەدرا خۆی بگونجێنێت. سەرباری ئەمەش، مرۆڤەکان خۆیان نەیانتووانی خۆ بگونجێنن. زۆربەی دڕندە هەرە گەورەکانی سەر گۆی زەوی، گیانەوەری شکۆمەندن. ملیۆنان ساڵ لە زاڵێتی پڕی کردوون لە بڕوابەخۆبوون. کەچی مرۆڤی هۆشمەند زیاتر وەکو دیکتاتۆرێکی کۆماری (مۆز*)ـە. بەهۆی ئەوەی بەم دواییانە پێگە نزمێکی ناو گژوگیا بووین، پڕین لە ترس و شڵەژان لەبەرانبەر پێگەی خۆمان، کە وامان لێدەکات دوو جار دڵڕەق و ترسناک بین. زۆرێک لە کارەساتە میژوویییەکان، هەر لە جەنگە کوشندەکانەوە تا کارەساتە ژینگەییەکان، لەو بازدانە لەڕادەبەدەر بەپەلەیەوە هاتوون.

* زاراوەیەکی شکێنەرایە بۆ ولاتێکی هەژاری بچوکی حکومەت لاواز کە پشت بە کۆمەکی دارایی بیانی دەبەستێت.

پێشبڕکێی چێشتلێنەرەکان

هەنگاوێکی گرنگ لە ڕێگەدا بەرەو سەرەوە بریتی بوو لە ماڵیکردنی ئاگر. لەوانەیە هەندێ لە توخمەکانی مرۆڤ نزیکەی ٨٠٠,٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر ناوبەناو ئاگریان بەکار هێنابێت. نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، (هۆمۆ ئێرێکتوس)، (نیاندەرتاڵەکان) و باپیرانی مرۆڤە هۆشمەندەکان (هۆمۆ ساپیەنس) بەشێوەیەکی ڕۆژانە ئاگریان بەکار دەهێنا. ئێستا مرۆڤەکان سەرچاوەیەکی پشت پێبەستنی ڕووناکی و ئاگر و چەکێکی کوشندەیان هەبوو لەبەرانبەر شێرە بۆسە دانەرەکان. لەوانەیە دوای ئەوە زۆری نەخایاندبێت کە مرۆڤەکان دەستیانکردووە بە بەشێوەیەکی ئەنقەست ئاگر تێبەردانی دەوروبەریان. ئاگرێکی وریایانە بەڕێوەبراو دەتوانێ دەوەنێکی عاسێ بکاتە پێدەشتێکی پڕاوپڕ لە گیانەوەری ڕاو. سەرباری ئەمەش، هەر کە ئاگر دامرکایەوە، کاروەگەڕخەرانی چاخی بەردین تووانیان بەناو پاشەواڕە دوکەڵاوییەکاندا هەنگاو بنێن و ئاژەڵ، چەرەس و سەلکە ڕووەکییە سووتاوەکان هەڵبگرنەوە.

بەڵام باشترین شت کە ئاگر کردی، چێشت لێنان بوو. ئەو خۆراکانەی مرۆڤ ناتووانێت لە شێوە سروشتییەکەیدا هەرسیان بکات- وەکو گەنم، برنج و پەتاتە- لەسایەی لێناندا بوونە کەرەستەی خاوی خۆراکیمان. ئاگر نەک تەنیا کیمیای خۆراکی گۆڕی، بەڵکو بایۆلۆژیاکەشی گۆڕی. چێشت لێنان ئەو میکرۆب و مشەخۆرانەی کوشت کە لە خۆراکەوە وەردەهاتن. مرۆڤەکانیش بەهەمان شێوە کاتێکی زۆر ئاسانتریان بەسەر برد لە جوین و هەرسکردنی خواردنە دڵخوازە کۆنەکانی وەکو میوە، چەرەس، مێرووەکان و کەلاک ئەگەر لێبنرانایە. لەکاتێکدا کە شەمپانزییەکان ڕۆژی پێنج سەعات لە جوینی

خۆراکی خاو بەسەر دەبەن، تاکە سەعاتێک بەسە بۆ خەڵکی تا خواردنی لێنراو بخۆن.

هاتنەکایەی چێشتلێنان توانای بە مرۆڤەکاندا جۆری زۆرتری خواردن بخۆن، کاتی کەمتر بۆ خواردن تەرخان بکەن و بە ددانی بچوکتر و ڕێخۆڵەی کورتتر ئەمە بکەن. هەندێ لە لێکۆڵەران بڕوایان وایە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لەنێوان هاتنەکایەی چێشتلێنان، کورتبوونەوەی ڕێخۆڵەی مرۆڤ و گەشەی مێشکی مرۆڤ. لەبەرئەوەی ڕێخۆڵەی درێژ و مێشکی گەورە هەردووکیان بەکاربەری گەورەی وزەن، قورسە هەردووکیانت هەبێت. بە کورتبوونەوەی ڕێخۆڵە و کەمبوونەوەی بەکاربردنی وزەیان، چێشتلێنان بەشێوەیەکی ڕێکەوت ڕێگای بۆ مێشک گەورەترەکانی نیاندەرتاڵەکان و ساپیەنەکان (مرۆڤە هۆشمەندەکان) خۆش کرد.

ئاگر بەهەمان شێوە یەکەمین کەلێنی گرنگی لەنێوان مرۆڤ و گیانەوەرانی تردا دروستکرد. تەقریبەن هێزی هەموو گیانەوەران بەندە بە جەستەیانەوە: بەهێزیی ماسولکەکانیان، قەبارەی ددانەکانیان، پانایی پەلەکانیان. هەرچەندە لەوانەیە با و تەوژمەکان بەکاربێنن، ناتووانن ئەم هێزە سروشتییانە کۆنترۆڵ بکەن و هەمیشە بەهۆی دیزاینی فیزیکییانەوە سنووردار بوون. بۆ نموونە، هەڵۆکان، ئەو ستوونانەی گەرما دەناسنەوە کە لە ئاستی زەوی بەرز دەبنەوە، باڵە گەورەکانیان بڵاو دەکەنەوە و ڕێگە بە هەوای گەرم دەدەن بەرەو سەرەوە بەرزیان بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵۆکان ناتوانن شوێنگەی ستونەکان کۆنترۆڵ بکەن و ئەوپەڕی توانای جوڵەیان بەشێوەیەکی سنووردار بەندە بە درێژیی باڵەکانیان.

کاتێک مرۆڤەکان ئاگریان مالّی کرد، کۆنترۆڵی ملکەچێک و هێزێکی تا بڵێی بێسنووریان بەدەستهێنا. بەپێچەوانەی هەڵۆکانەوە، مرۆڤەکان تووانیان کات و شوێنی ئاگرکردنەوە هەڵبژێرن و تووانیان ئاگر بۆ ئەرکی بێ شوومار دەکار بکەن. لەهەمووی گرنگتر، هێزی ئاگر سنووردار نەبوو بە فۆرم، بونیاد یان بەهێزیی جەستەی مرۆڤ. تاکە ژنێک، بە بەردێک یان لقە دارێک دەیتووانی بە چەند سەعاتێک سەراپای دارستانێک ئاگر تێبەر بدات. مالّیکردنی ئاگر ئاماژە بوو بۆ ئەو شتانەی کە دوایی دەهاتن.

پارێزەرانی براکانمان

سەرباری کەڵکەکانی ئاگر، ١٥٠،٠٠٠ هەزار لەمەوبەر مرۆڤەکان هێشتا گیانەوەرانی پەراوێزی بوون. ئێستا دەیانتووانی شێرەکان بترسێنن، لە شەوانی سارد دا خۆیان گەرم بکەنەوە و دارستان بسوتێنن. لەگەڵ ئەوەشدا، بە هەژمارکردنی هەموو توخمەکان پێکەوە، لەوانەیە هێشتا زیاتر لە ملیۆنێک مرۆڤ لەنێوان دوورگەکانی ئیندۆنیزیا و نیمچەدوورگەی ئایبریا (ئیسپانیا و پورتوگاڵ) نەژیابن، ژمارەیەک کە تەنیا پەڵەیەکە لەسەر ڕادارێ ژینگەیی.

توخمی ئێمە، واتە مرۆڤە هۆشمەندەکان، هەنووکە لەسەر سەکۆی جیهانی ئامادەن، بەڵام تاوەکو ئێستا تەنیا لە سوچێکی ئەفریقا خەریکی کاروباری خۆیانن. ئێمە کتومت نازانین لە کوێ و کەی ئەو گیانەوەرانەی دەکرێ بە مرۆڤی هۆشمەند خانەبەندی بکرێن بۆ یەکەم جار لە جۆری سەرەتایی مرۆڤەوە پەرەیان گرتووە، بەڵام زۆربەی زاناکان کۆکن لەسەر ئەوەی کە ١٥٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، خۆرهەڵاتی ئەفریقا بەو مرۆڤە هۆشمەندانە ئاوەدان بووەتەوە کە ڕێک هاوشێوەی ئێمە بوون.

ئەگەر یەکێکیان لە مردووخانە دەربکەوتایە، پزیشکی لۆکاڵ تێبینی هیچ شتێکی سەیری لە لاشەکەدا نەدەکرد. لەسایەی بەرەکەتی ئاگر، ئەوان دان و شەویلگەی بچوکتر لە پێشینانیان هەبووە، لەکاتێکدا کە مێشکیان گەورە و یەکسان بە قەبارەی ئەوەی ئێمە بووە.

زاناکانیش کۆکن لەسەر ئەوەی کە نزیکەی ٧٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، مرۆڤە هۆشمەندەکانی خۆرهەڵاتی ئاسیا بەناو نیمچە دوورگەی عەرەبیدا بڵاو بوونەتەوە و لەوێوە بەخێرایی سەرانسەری خاکی ئیوراسیا (ئەوروپا-ئاسیا) یان گرتووە.

کاتێک مرۆڤە هۆشمەندەکان (هۆمۆ ساپیەنس) لە عەرەبستان نیشتەجێ بوون، هەنوکە زۆربەی ئیوراسیا مرۆڤەکانی تیادا نیشتەجێ ببوون. چیان بەسەر هات؟ لەمبارەیەوە دوو تیۆرەی ناکۆک هەن. یەکێکیان تیۆرەی (لێک خستنەوە)یە کە چیرۆکی بەکێشبوون، سێکس و تێکەڵاوبوون دەگێڕێتەوە. لەکاتێکدا کە کۆچبەرە ئەفریقییەکان بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەوە، لەگەڵ دانیشتووانی مرۆیی تردا زاووزێیان کردووە و خەڵکی ئەمڕۆ دەرەنجامی ئەم لێکخستنەوەیەن.

بۆ نموونە، کاتێک مرۆڤە هۆشمەندەکان گەیشتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا، ڕووبەڕووی نیاندەرتاڵەکان بوونەتەوە. ئەم مرۆڤانە لە مرۆڤە هۆشمەندەکان پڕ ماسولکەتر بوون، مێشکیان گەورەتر و لەگەڵ کەش و هەوای سارد دا باشتر خۆیان گونجاندووە. ئەوان ئامێر و ئاگریان بەکار هێناوە، ڕاوچی لێهاتوو بوون و پێدەچێ ئاگایان لە نەخۆش و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانیان بووبێت. (ئارکیۆلۆژیستەکان ئێستاش ئەو نیاندەرتاڵانەیان دۆزیوەتەوە کە بۆ ساڵانێکی زۆر بە کەمئەندامییەکی سەختەوە ژیاون، کە بەڵگەی ئەوەیە لەلایەن کەس و کارییانەوە چاودێری کراون). نیاندەرتاڵەکان زۆرجار لە

کاریکاتۆرەکاندا وەکو نموونەی (خەڵکانی ئەشکەوت)ی دڵڕەق و گەمژە پیشان دراون، بەڵام بەڵگەکانی ئەم دواییە وێنەیانی گۆڕیووە.

بەپێی تیۆرەی (لێک خستنەوە)، کاتێک مرۆڤە هۆشمەندەکان بە سەرزەمینی نیاندەرتاڵەکاندا بڵاو بوونەتەوە، مرۆڤە هۆشمەندەکان لەگەڵ نیاندەرتاڵەکاندا زاووزێیان کردووە تا ئەو کاتەی کە ئەو دوو دانیشتووانە تێکەڵ بوون. ئەگەر کەیسەکە وابێت، ئەوا ئیوراسیاکانی ئەمرۆ مرۆڤی هۆشمەندی بێگەرد نین. ئەوان ئاوێتەیەکن لە هۆشمەندەکان و نیاندەرتاڵەکان. بەهەمان شێوە، کاتێک مرۆڤە هۆشمەندەکان گەیشتوونەتە خۆرهەڵاتی ئاسیا، لەگەڵ (ئێرەکتوس)ەکانی ناوچەکە زاووزێیان کردووە، بۆیە چینییەکان و کۆرییەکان تێکەڵەیەکن لە مرۆڤە هۆشمەندەکان و ئێرەکتوس.

تێڕوانینە پێچەوانەکە کە پێی دەوترێت (تیۆرەی جێگۆڕکێ) چیرۆکێکی تر دەگێڕێتەوە- ناکۆکهاتنەوە، قێزهاتنەوە و لەڕەوانەشە تەنانەت جینۆساید. بەگوێرەی ئەم تیۆرەیە، هۆشمەندەکان و مرۆڤەکانی تر تووشکارییەکی جیاواز، و بە ئەگەرێکی بەهێز خوویەکی جیاوازی جوتبوون و تەنانەت بۆنی جیاوازی جەستەیان هەبووە. لەوانەیە ئەوان ئارەزوومەندییەکی سێکسی کەمیان بەرانبەر یەکتری هەبووبێت. تەنانەت ئەگەر مەجنونێکی (نیاندەرتاڵ) و لەیلایەکی (هۆشمەند) کەوتبێتنە داوی خۆشەویستی یەکترییەوە، ناشێ منداڵی بەرداریان خستبێتەوە، چونکە کەڵێنی بۆهێلیی جیاکەرەوەی نێوان ئەو دوو دانیشتووانە هەنوکە قابیلی پڕ کردنەوە نەبوو. ئەو دوو دانیشتووانە تەواو دابڕاو لەیەکتر مانەوە و کاتێک نیاندەرتاڵەکان قڕیان تێکەوت، یان لەنێوبران، لەگەڵیاندا بۆهێلەکانیشیان مرد. بەپێی ئەم تیۆرانینە، مرۆڤە هۆشمەندەکان بوونە جێگرەوەی دانیشتووانی مرۆیی پێشوو بەبێ ئەوەی

لەگەڵیاندا تێکەڵاو ببێت. ئەگەر وا بێت، دەشێ زنجیرەی هەموو مرۆڤە هاوچەرخەکان، بەدیاریکراوی، بگەڕێنرێتەوە بۆ ٧٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەری خۆرهەڵاتی ئەفریقا. ئێمە هەموومان مرۆڤی هۆشمەندی بێگەردین.

شتی زۆر بەندە بەم مشتومڕەوە. لە ڕوانگەی پەرەگرتنەوە، ٧٠،٠٠٠ ساڵ ناوبڕێکی تا ڕادەیەک کورتە. ئەگەر تیۆرەی جێگۆڕکێ ڕاست بێت، هەموو مرۆڤەکان تەقریبەن هەمان بارگەی بۆهێڵییان هەیە و جیاوازییە نەژادیەکانی نێوانیان قابیلی فەرامۆش کردنە. بەڵام ئەگەر تیۆرەی لێکخستنەوە ڕاست بێت، دەشێ جیاوازیی بۆهێڵی هەبن لەنێوان ئەفریقییەکان، ئەورووپییەکان و ئاسیاییەکان کە دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەدان هەزار ساڵ. ئەمە بۆمبێکی سیاسییە کە دەتوانێ گڕ بەربداتە تیۆرییە نەژادییە هەستیارەکان.

لەم چەند دەیەیەی دواییدا تیۆرەی جێگۆڕکێ حیکمەتێکی باو بووە لە گۆڕەپانەکەدا. ئەمەیان پشتگیرییەکی ئارکیۆلۆژی تۆکمەی هەبووە و لەرووی سیاسییەوە دروستتر بووە (زاناکان ئارەزوویان بەڵای ئەوەدا نەبووە سنوقی بەڵای نەژادی بکەنەوە بەوەی بانگەشەی هەبوونی هەمەڕەنگیی بۆهێڵیی دیار بکەن لەناو دانیشتووانی مرۆیی مۆدێرندا). بەڵام ئەمە لە ٢٠١٠دا کۆتایی هات، کاتێک ئەنجامەکانی تەقەلای چوار ساڵە بۆ نەخشەکردنی بۆهێڵی نیاندەرتاڵ بڵاو کرایەوە. بۆهێڵ ناسەکان تووانیان بایی پێویست (دی.ئێن.ئەی) نیاندەرتاڵ لە بەبەردبووەکان کۆ بکەنەوە بۆ ئەنجامدانی بەراوردی بەرفراوان لەنێوان ئەمە و (دی.ئێن.ئەی) مرۆڤە هاوچەرخەکاندا. ئەنجامەکان بوونە جێی سەرسوڕمانی کۆڕی زانستی.

دەرکەوت کە ١-٤%ی (دی.ئێن.ئەی)ی مرۆیی بێ هاوتای دانیشتووانی مۆدێرن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا بریتییە لە

(دی.ئێن.ئەی) نیاندەرتاڵ. ئەمەش ڕێژەیەکی زۆر نییە، بەڵام گرنگە. دووەمین شۆک چەند مانگێک دواتر بوو، کاتێک (دی.ئێن.ئەی)ی دەرهێنراو لە پەنجەیەکی بەبەردبووی (دێنیسۆڤا) وەرگیرا. ئەنجامەکە سەلماندی کە ٦٪ی (دی.ئێن.ئەی)ی مرۆیی بێ هاوتای دانیشتووانی مێلانیزی و ئوسترالی ڕەسەن بریتییە لە (دی.ئێن.ئەی)ی دێنیسۆڤایی.

ئەگەر ئەم ئەنجامانە دروست بن- گرنگیشە ئەوە بزانین کە توێژینەوەی زیاتر بەردەوامە و لەوانەیە ئەم ئەنجامگیرییانە پشتڕاست بکاتەوە یان دەستکاری بکات- تیۆرەی لێک خستنەوە لانی کەم ڕاستییەکی تێدایە. بەڵام ئەمەش بەو مانایە نییە کە تیۆرەی جێگۆڕکێ بە تەواوی هەڵەیە. لەبەرئەوەی نیاندەرتاڵەکان و دێنیسۆڤاییەکان تەنیا بڕێکی بچوکی (دی.ئێن.ئەی)یان لە بۆهێڵی ئەمرۆی ئێمەدا هاوبەشە، ئەستەمە باس لە تێکەڵاوبوونی نێوان مرۆڤە هۆشمەندەکان و توخمەکانی تری مرۆڤ بکەین. هەرچەندە جیاوازییەکانی نێوانیان بایی ئەوەندە گەورە نەبووە تا تەواو ڕێگر بێت لە جوتبوونی بەرهەمدار، هەر ئەم جیاوازییانە بەس بوون بۆئەوەی ئەو جۆرە لێکنزیکبوونەوانە دەگمەن بن.

کەوایە دەبێ چۆن لە نزیکایەتیی بایۆلۆژیی مرۆڤە هۆشمەندەکان، نیاندەرتاڵەکان و دێنیسۆڤاییەکان تێبگەین؟ ئاشکرایە کە ئەوان وەکو ئەسپ و کەر توخمی تەواو جیاواز نەبوون. لەلایەکی ترەوە، ئەوان تەنیا دانیشتووانی جیاوازی هەمان توخم بوون، وەکو گاسەگ و سپانێلەکان. واقیعی بایۆلۆژی، ڕەش و سپی نییە. بەهەمان شێوە ڕووبەری خۆڵەمێشی گرنگیش هەن. هەردوو توخمێک کە لە باوانێکی هاوبەش کەوتوونەتەوە، وەکو ئەسپ و کەر، لە یەک کاتدا تەنیا دانیشتووانی هەمان توخم بوون، وەکو گاسەگ و سپانێل. دەبێ کاتێک هەبووبێت

تیایدا دوو دانیشتووان هەنوکە تەواو جیاواز بووبێتن لە یەکتری، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا توانیبێتیان لە حاڵەتی دەگمەندا سێکس بکەن و وەچەی بەردار بخەنەوە. ئینجا بازدانێکی تر ئەم دواییەن ڕایەڵی پەیوەندییەی پساند و هەریەکەیان ڕێگای پەرەگرتنی جودای خۆی گرتەبەر.

پێدەچێ نزیکەی ٥٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، مرۆڤە هۆشمەندەکان، نیاندەرتاڵەکان و دێنیسۆڤاییەکان لەو خاڵە سنوورییەدا بووبێتن. ئەوان تەقریبەن، بەڵام نەک بەتەواوی، توخمی جیاواز بوون. هەروەکو لە بەشی دواتردا تێبینی دەکەین، مرۆڤە هۆشمەندەکان هەنوکە زۆر جیاواز بوون لە نیاندەرتاڵەکان و دێنیسۆڤاییەکان نەک تەنیا لە کۆدی بۆهێڵی و تایبەتمەندیی جەستەییاندا بەڵکو لە توانا کۆمەڵایەتییە و درکییەکانیشیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا، پێدەچێ، لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا، هێشتا مومکین بووبێت مرۆڤە هۆشمەندەکان و نیاندەرتاڵەکان وەچەی بەرهەمهێن بخەنەوە. بۆیە دانیشتووانەکان تێکەڵاو نەبوون، بەڵکو هەندێ بۆهێڵی نیاندەرتاڵی بەختەوەر سواری شەمەنەفەری مرۆڤە هۆشمەندەکان بوون. مایەی شڵەژان- و لەوانەیە ترس- بێت بیر لەوە بکەینەوە کە ئێمەی مرۆڤی هۆشمەند دەتووانین لە یەک کاتدا سێکس لەگەڵ ئاژەڵێکی توخم جیاواز بکەین و پێکەوە مناڵ بخەینەوە.

بەڵام ئەگەر نیاندەرتاڵەکان، دێنیسۆڤاییەکان و توخمەکانی تری مرۆڤ لەگەڵ مرۆڤە هۆشمەندەکان تێکەڵاو نەبوون، بۆچی بڕانەوە؟ ئەگەرێک ئەوەیە کە مرۆڤە هۆشمەندەکان قڕیان تێخستن. وێنای ئەوە بکە پێڕێکی مرۆڤی هۆشمەند دەگەنە دۆڵی بەڵکان کە نیاندەرتاڵەکان سەدان هەزار ساڵ لەوێ ژیاون. تازەهاتووان دەستیانکرد بە ڕاوکردنی ئاسک و خڕکردنەوەی چەرەس و توو کە کەرەستەی خاوی نەریتیی

نیاندەرتاڵەکان بوون. مرۆڤە هۆشمەندەکان -لەسایەی تەکنۆلۆژیای باشتر و شارەزایەتی کۆمەڵایەتیی بەرزتر- ڕاوچی و خڕکەرەوەی لێهاتووتر بوون، بۆیە چەندجارە زیادیان کرد و بڵاو بوونەوە. نیاندەرتاڵەکان کە سەرچاوەیان کەمتر بوو پەیتا پەیتا بەلایانەوە قورستر بوو خۆراکی خۆیان دابین بکەن. دانیشتووانیان پەیتا پەیتا کەمی کرد و بە هێواشی قڕیان تێکەوت، لەوانەشە جگە لەو یەک دوو ئەندامەی هاتنە پاڵ مرۆڤە هۆشمەندەکانی دراوسێیان.

ئەگەرێکی تر ئەوەیە پێشبڕکێ بۆ سەرچاوەکان بایی ئەوەندە توند بووبێت کە سەری کێشابێت بۆ تووندوتیژی و جینۆساید. پێکەوەهەڵکردن سیمبۆلێکی مرۆڤە هۆشمەندەکان نییە. لەسەردەمی مۆدێرندا، جیاوازییەکی بچوکی ڕەنگی پێست، دیالێکت یان ئایین بەس بووە تا وا لە گروپێکی مرۆڤە هۆشمەندەکان بکات گڕوپێکی تر تێکبشکێنێت. ئایا مرۆڤە هۆشمەندە دێرینەکان بەتەحەمولتر بوون بەرانبەر توخمێکی مرۆیی تەواو جیاواز؟ لەوانەیە کاتێک مرۆڤە هۆشمەندەکان ڕووبەڕووی نیاندەرتاڵەکان بوونەتەوە، ئەنجامەکە بریتی بووبێت لە یەکەمین و گرنگترین هەڵمەتی پاکتاوکردن لە مێژوودا.

ڕووداوەکە هەرچییەک بووبێت، نیاندەرتاڵەکان (و توخمەکانی تری مرۆڤ) یەکێک لە (ئەی ئەگەر)ە هەرە گرنگەکان لەمێژوودا گەڵاڵە دەکەن. وێنای ئەوە بکە شتەکان چۆن دەبوون ئەگەر نیاندەرتاڵەکان یان دێنیسۆڤاییەکان هاوشانی مرۆڤە هۆشمەندەکان لە ژیاندا بمانایە. چ جۆرە کەلتوور، کۆمەڵگە و بونیادی سیاسی سەریانهەڵدەدا لە جیهانێکدا کە تیایدا ژمارەیەک توخمی مرۆیی پێکەوە دەژیان؟ بۆ نموونە، ئیمانە دینییەکان چۆن چۆنی دەبوون؟ ئایا کتێبی (سفری پەیدابوون)ی

تەورات جارێ ئەوەی دەدا کە نیاندەرتاڵەکان لە ئادەم و حەواوە سەرچاوەیان گرتووە، ئایا عیسا لەبەر گوناهەکانی دێنیسۆڤاییەکان دەمرد و ئایا قورئان لە بەهەشتدا شوێنی بۆ هەموو پیاوچاکەکان دەگرت، توخمەکەیان هەرچییەک بووایە؟ ئایا نیاندەرتاڵەکان دەیانتووانی خزمەتی لەشکرەکانی ڕۆمان بکەن، یان لە خزمەتی بیرۆکراسیەتی بەربڵاوی چینی ئیمپریالیدا بن؟ ئایا بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا وەکو حەقیقەتی حاشاهەڵنەگر ڕایدەگەیاند کە هەموو ئەندامانی جنسی مرۆڤ (هۆمۆ) یەکسان خولقێنراون؟ ئایا کارل مارکس هانی کرێکارانی هەموو توخمەکانی دەدا یەکبگرن؟.

بەدرێژایی ١٠،٠٠٠ ساڵی ڕابردوو، مرۆڤە هۆشمەندەکان ئەوەندە ڕاهاتوون لەگەڵ ئەوەی تاکە توخمی مرۆڤ بن کە هیچ ئەگەرێکی تر هەرس نەکەن. نەبوونی برا و خوشک ئاسانتری دەکات تا وێنای ئەوە بکەین ئێمە نموونەی کاملی خەلقین و شەقارێکی گەورە لە مەملەکەتەکەی تری گیانەوەران جیامان دەکاتەوە. کاتێک چارلز داروین ڕایگەیاند مرۆڤە هۆشمەندەکان تەنیا جۆرێکی تری ئاژەڵن، خەڵکی هەڵچوون. تەنانەت هەندێ کەس لەمڕۆشدا باوەڕ بەمە ناکەن. ئەگەر نیاندەرتاڵەکان لە ژیاندا بمانایە، ئایا هێشتا پێمان وادەبوو کە مەخلوقێکی جیاوازین؟ لەوانەشە هەر لەبەر ئەوە بووبێت کە پێشینانمان نیاندەرتاڵەکانیان ڕامالیووە. ئەوان لەوە ناسیاوتربوون فەرامۆش بکرێن، بەڵام لەوەش جیاوازتر بوون تەحەمول بکرێن.

مرۆڤە هۆشمەندەکان چ ئەوەی مایەی سەرزەنشت بن یان نا، ئەوەندە زووتر لەو کاتەی دانیشتووانی ڕەسەن قڕ بوون، نەگەیشتبوونە ئەوێ. دوا پاشەواری (هۆمۆ سۆلێنسیس) دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی ٥٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر. (هۆمۆ دێنیسۆڤا) بەماوەیەکی کورت پاش ئەمە ون

بوون. نیاندەرتاڵەکان نزیکەی ٣٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دیار نەمان. دواییین مرۆڤی شێوە کورتەباڵا نزیکەی ١٢،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە دوورگەی (فلۆرێس) لەناوچوون. ئەوان چەند ئێسقانێک، ئامێری بەردین، چەند بۆهێڵێکی ناو (دی.ئێن.ئەی) ئێمە و پرسیاری وەڵام نەدراوەی زۆریان لەپاش خۆیان جێهێشتووە. هەروەها ئەوان مرۆڤی هۆشمەند (هۆمۆ ساپیەنس)، واتە دوا توخمی مرۆڤیان لەپشت خۆیان جێهێشتووە.

رازی سەرکەوتنی مرۆڤە هۆشمەندەکان چی بوو؟ چۆن بوو ئێمە وەها خێرا لەو هەموو نشینگە دوور و لەڕووی ژینگەییەوە جیاوازەدا گیرسانەوە؟ چۆن ئێمە هەموو توخمەکانی مرۆڤمان ڕاپێچی نادیار کرد؟ بۆچی تەنانەت نیاندەرتاڵە بەهێز، زیرەک و بەرگەگری سەرماکان نەیانتووانی لەبەرانبەر پەلاماری ئێمەدا زیندوو بمێننەوە؟ مشتومڕەکە هێشتا لەوپەڕیدایە. نزیکترین وەڵام هەر ئەو شتەیە کە درێژە بە مشتومڕەکان دەدات: مرۆڤی هۆشمەند، لە سەروو هەموو شتێکەوە، لەسایەی زمانە ناوازەکەیدا جیهانی گرت[٦].

---

[٦] لێرەدا و لە لاپەڕەکانی دواتریشدا، کاتێک قسە لەسەر زمانی مرۆڤە هۆشمەندەکان دەکەم، مەبەستم توانا زمانەوانییەکانی توخمی ئێمەیە 'نەک دیالێکتێکی دیاریکراو. ئینگلیزی، هیندی و چینی هەموویان لقی زمانی مرۆڤە هۆشمەندەکانن. پێدەچێ، تەنانەت لە سەروەختی شۆڕشی درکدا، گروپە هۆشمەندە جیاجیاکان دیالێکتی جیاوازیان هەبووبێت.

٢

دەرختی ماریفەت

لە بەشی پێشوودا بینیمان کە هەرچەندە مرۆڤە هۆشمەندەکان ١٥٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر هەنوکە خۆرهەڵاتی ئەفریقایان ئاوەدان کردبووەوە، دەستیانکرد بە گرتنی بەشەکەی تری گۆی زەوی و پاڵنانی توخمەکانی تری مرۆڤ بەرەو قات و قڕی لە ٧٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر. لە هەزارەی ناوبڕدا، ئەگەرچی مرۆڤە هۆشمەندە دێرینەکان ڕێک لە ئێمە دەچوون و مێشکیشیان ئەوەندەی هی ئێمە گەورە بوو، هیچ توانایەکی بەرجەستەیان لەبەرانبەر توخمەکانی تری مرۆڤدا نەبوو، ئامێری ئاڵۆزی وەهایان بەرهەم نەدەهێنا و هیچ شتێکی تری تایبەتیان بەدەست نەهێنا.

لە ڕاستیدا، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی تۆمارکراو لەنێوان مرۆڤە هۆشمەندەکان و نیاندەرتاڵەکاندا، نیاندەرتاڵەکان بردیانەوە. نزیکەی ١٠٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، هەندێ لە گروپی مرۆڤە هۆشمەندەکان بەرەو باکوور، بۆ شام کۆچیان کرد، کە سەرزەمینی نیاندەرتاڵەکان بوو، بەڵام نەیانتووانی شوێن پێی خۆیان قایم بکەن. لەوانەیە بەهۆی خەڵکە ڕەسەنە خراپەکە، کەش وهەوای ناڕەبار، یان مشەخۆری لۆکاڵی نامۆوە

بووبێت. هۆکارەکە هەرچییەک بووبێت، مرۆڤە هۆشمەندەکان دواجار پاشەکشەیان کرد، نیاندەرتاڵەکانیان وەکو گەورەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێهێشت.

ئەم ڕیکۆردە لاوازەی دەستکەوتەکان بووەهۆی ئەوەی لێکۆڵەرەکان وای بۆ بچن کە بونیادی ناوەکی مێشکی ئەو هۆشمەندانە لە هی ئێمە جیاواز بووبێت. ئەوان لە ئێمە چوون، بەڵام توانای درکییان- فێربوون، بیرهاتنەوە، پەیوەندیکردن- یەکجار زۆر سنووردار بووبێت. لەوانەیە فێرکردنی ئینگلیزیی ئەم هۆشمەندە، قەناعەتپێهێنانی بە حەقیقەتی دۆگمای مەسیحی، یان هاندانی بۆ تێگەیشتن لە تیۆرەی پەرەگرتن، کرداری نائومێدانە بوونایە. لەلایەکی ترەوە، کاتێکی سەختمان بەرێدەکرد لە فێربوونی زمانی و تێگەیشتن لە شێوازی بیرکردنەوەی.

بەڵام دواتر، لە سەرەتای ٧٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە، مرۆڤە هۆشمەندەکان دەستیانکرد بە ئەنجامدانی شت گەلێ زۆر تایبەت. لە دەوروبەری ئەو وەختەدا، گروپەکانی مرۆڤە هۆشمەندەکان بۆ دووەم جار ئەفریقایان جێهێشت. ئەمجارەیان نیاندەرتاڵەکان و هەموو توخمە مرۆییەکانی تریان نەک تەنیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڵکو لەسەر ڕووی زەوی دەرپەڕاند. لە ماوەیەکی زۆر کورتدا مرۆڤە هۆشمەندەکان گەیشتنە ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ئاسیا. نزیکەی ٤٥،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەوان بەشێوەیەک لە شێوەکان لە دەریای بەرفراوان پەڕینەوە و لە ئوسترالیا گیرسانەوە- کیشوەرێک کە تاوەکو ئەم کاتە مرۆڤەکان توخنی نەکەوتبوون. ماوەی ٧٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بۆ نزیکەی ٣٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، داهێنانی بەلەم، چرای نەوتی، تیروکەوان و دەرزی (گرنگ بۆ دروومانی جلی گەرم) بەخۆوە بینی. یەکەمین ئەو کەرەستانەی کە دەکرێ بە متمانەوە پێیان بوترێت هونەر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەروەختە،

هەروەکو چۆن یەکەم بەڵگەی ڕوون بۆ دیین، بازرگانی و تویژبەندی کۆمەڵایەتی دەگەڕێنەوە بۆ ئەو سەروەختە.

زۆربەی تویژەران بڕوایان وایە ئەم دەستکەوتە بێ وێنانە بەرهەمی شۆڕشێک بوون لە توانا درکییەکانی مرۆڤە هۆشمەندەکاندا. ئەوان جەخت دەکەنەوە لەوەی کە ئەو خەڵکەی نیاندەرتاڵەکانی بەرەو قڕبوون ئاراستە کرد، لە ئوسترالیا گەیشتنەوە و پەیکەری (شێرەپیاو)ی ستادێل-یان تاشی ئەوەندەی ئێمە زیرەک، ئەفرێنەر و هەستیار بوون. ئەگەر ئێمە ڕێکەوتی هونەرمەندانی ئەشکەوتی ستادێل-مان بکردایە، ئەوا دەمانتووانی زمانی ئەوان و ئەوانیش زمانی ئێمە فێر ببن. ئێمە دەمانتووانی هەموو ئەو شتەی دەیزانین بۆیان ڕوون بکەینەوە- هەر لە سەرکێشییەکانی (ئالیس لە سەرزەمینی سەیروسەمەرە) تا ناکۆکییەکانی فیزیای کوانتەم- و ئەوان دەیانتووانی فێرمان بکەن خەڵکەکانیان بینینیان بۆ جیهان چۆنە.

دەرکەوتنی ڕێگا نوێکانی بیرکردنەوە و پەیوەندیکردن لەنێوان ٧٠،٠٠٠ ساڵ بۆ ٣٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بریتییە لە شۆڕشی درک. چی ئەمەی لێکەوتەوە؟ ئێمە دڵنیا نین. هەرە باوەڕپێکراوترین تیۆرە بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە بازدانە بۆهێڵییە (جێنەتیکییە) ڕێکەوتەکان گۆڕانی بەسەر تۆڕی دەماریی مێشکی مرۆڤە هۆشمەندەکاندا هێنا، توانای پێدان تا بە شێوازی بێ وێنە بیربکەنەوە و بە بەکارهێنانی جۆرێکی تەواو نوێی زمان پەیوەندی بکەن. ئێمە دەتووانین ئەمە ناو بنێین بازدان یان گۆڕانی بۆهێڵیی دەرختی ماریفەت. بۆچی ئەمە لە (دی.ئێن.ئەی) مرۆڤە هۆشمەندەکاندا ڕووەدات نەک لە هی نیاندەرتاڵەکاندا؟ ئەمە تەنیاوتەنیا پەیوەندی بە ڕێکەوتەوە هەیە، ئەوەندەی ئێمە بیزانین. بەڵام ئەوە گرنگترە لە دەرەنجامەکانی گۆڕانی بۆهێڵیی دەرختی ماریفەت

تێبگەین نەک هۆکارەکانی. چ شتێکی زمانی مرۆڤە هۆشمەندەکان ئەوەندە تایبەت بوو کە توانای پێداین جیهان بگرین؟.

ئەوە یەکەم زمان نەبوو. هەموو گیانەوەرێک جۆرە زمانێکی هەیە. تەنانەت میرووەکانی وەکو هەنگ و مێروولە، دەزانن چۆن بە شێوازی ئاڵۆزکاو پەیوەندی بە یەکترییەوە بکەن، شوێنی خۆراک بە یەکتری بڵێن. نە یەکەم زمانی زارەکیش بوو. زۆرێک لە گیانەوەرەکان، بە هەموو توخمەکانی ئەپ و مەیموونیشەوە، زمانی زارەکییان هەیە. بۆ نموونە، مەیموونە سەوزەکان جۆرەها بانگ کردن بەکار دەهێنن بۆ پەیوەندیکردن بە یەکترییەوە. ئاژەڵناسەکان یەکێک لە بانگکردنەکانیان ناسیووەتەوە کە بەمانای (وریابە! هەڵۆ هات!) دێت. بانگکردنێکی تری کەمێک جیاواز بەمانای (وریابە! شێر!) دێت.

کاتێک تۆێژەران تۆمارێکی دەنگیی بانگکردنێکی گروپێک مەیمونیان لێدا، مەیموونەکان لەوەی دەیانکرد وەستان و لە ترسا سەریان بەرز کردەوە. کاتێک هەمان گروپ تۆماری دووەم بانگکردنیان ئەبیست، واتە هۆشداری لەمەڕ شێر، بەخێرایی بەسەر درەختدا سەرکەوتن. مرۆڤە هۆشمەندەکان دەتووانن دەنگی زۆر زیاتر لە مەیموونە سەوزەکان دەربکەن، بەڵام نەهەنگ و فیلەکانیش هەمان توانای کاریگەریان هەیە. بەبەغا دەتووانێت هەر شتێک بڵێت کە ئەلبێرت ئەنیشتاین دەیتووانی بیڵێت، هەروەها لاسایی دەنگی زەنگی تەلەفۆن، پێوەدرانی دەرگا و سافیرە بکاتەوە. ئەنیشتاین هەر کەڵکێکی زیاتری لە بەبەغا هەبووبێت، زارەکی نەبووە. کەواتە چ شتێکی زمانی ئێمە تایبەتە؟.

باوترین وەڵام ئەوەیە کە زمانی ئێمە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن کشۆکە. ئێمە دەتووانین ژمارەیەکی دیاریکراو لە دەنگ و نیشانە پێکەوە ڕایەڵ بکەین و ژمارەیەک ڕستەی بێسنوور بەرهەم بێنین،

هەریەکەشیان بە مانای جیاواز. ئێمە لێرەوە دەتووانین بڕی گەورەی زانیاریی لەبارەی جیهانی دەوروبەرمانەوە قوت بدەین، پاشەکەوت بکەین و بگەیەنین. مەیمونی سەوز دەتووانێت هاوار بکاتە هاوەڵەکانی، (وریا بن! شێرا) بەڵام مرۆڤێکی مۆدێرن دەتووانێت بە هاوڕێکانی بڵێت ئەم بەیانییە، لە نزیک پێچی ڕووبارەکە، شێرێکی بینیووە دوای گاڕانێک کەوتووە. ئینجا دەتووانێت وەسفی کتومتی شوێنەکە بکات، بەو ڕێچکە جیاوازانەشەوە کە بەرەو ئەوێ دەچن. هەروەها ئەندامانی گروپەکەی دەتووانن سەریان پێکەوە نێن و مشتومڕ لەسەر ئەوە بکەن ئاخۆ پێویست دەکات لە ڕووبارەکە نزیک بکەونەوە بۆ ڕاونانی شێرەکە و ڕاوکردنی گاکان.

تیۆرەی دووەم هاوڕایە لەسەر ئەوەی زمانی ناوازەمان وەکو ئامرازێکی ئاڵوگۆڕی زانیاری لەبارەی جیهانەوە، پەرەی گرتووە. بەڵام گرنگترین زانیاری کە پێویست بوو بگەیەنرێت لەبارەی مرۆڤەکانەوە بوو نەک لەبارەی شێرەکان و گاکان. زمانی ئێمە وەکو شێوازێکی زەم کردن پەرەی گرت. بە گوێرەی ئەم تیۆرەیە، مرۆڤە هۆشمەندەکان بەشێوەیەکی سەرەکی گیانەوەری کۆمەڵایەتین. هاوکاریی کۆمەڵایەتی کلیلی ئێمەیە بۆ زیندوومانەوە و وەچە خستنەوە. ئەوە بەس نییە بۆ تاکەکەسە پیاو و ژنەکان کە شوێنی شێرەکان و گاکان بزانن. ئەوە گرنگترە بۆیان کە بزانن کێ لە گروپەکەیاندا ڕقی لە کێیە، کێ لەگەڵ کێدا دەخەوێ، کێ ڕاستگۆیە و کێ ناپاکی دەکات.

ئەو بڕەی زانیاری کە دەبێ یەکێک بەدەستی بێنێت و پاشەکەوتی بکات بۆئەوەی پەیوەندیی بەردەوام گۆڕاوی بیست سی کەسێک سۆراخ بکات، جێی سەرسوڕمانە. (لە گروپێکی پەنجا کەسیدا، ١،٢٢٥ پەیوەندی دوولایەنە هەن و تێکەڵاویی کۆمەڵایەتیی بێشوماری تریش هەن).

هەموو ئەیپەکان ئارەزوومەندییەکی زۆر پیشان دەدەن بەرانبەر زانیارییەکی کۆمەلایەتی وەها، بەڵام گرفتیان هەیە لەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر زەم بکەن. لەوانەیە نیاندەرتاڵەکان و مرۆڤە هۆشمەندە دێرینەکان بەهەمان شێوە زەحمەت بووبێت بۆیان کە پشتملە زەمی یەکتری بکەن- توانایەکی زۆرتری توانجگرتن کە لە ڕاستیدا جەوهەرییە بۆ هاریکاری لە ژمارە گەورەکاندا. ئەو شارەزایەتییە زمانەوانییە نوێیانەی کە مرۆڤە هۆشمەندە نوێکان حەفتا هەزارە لەمەوبەر بەدەستیانهێنا، توانای پێدان تا بەدرێژایی چەندین سەعات زەم و زەمکاری بکەن. زانیاریی جێ متمانە لەبارەی ئەوەی کە کێ دەتووانێ جێی متمانە بێت بەو مانایە بوو کە گروپە بچوکەکان دەتووانن گەورە ببن و مرۆڤە هۆشمەندەکان تووانییان هاوکاریی تووندوتوڵتر و ئاڵۆزتر گەلاڵە بکەن.

لەوانەیە تیۆرەی زەمکردن لە نوکتەیەک بچێت، بەڵام ژمارەیەکی بێسنووری توێژینەوەکان پشتگیری دەکەن. تەنانەت ئەمڕۆکە بەشی هەرە زۆری پەیوەندیکردنی مرۆڤ- جا لە شێوەی ئیمەیڵ، تەلەفۆندا بێت یان ستوونەکانی ڕۆژنامە- بریتییە لە زەمکردن. ئەمەش بەشێوەیەکی وەها سروشتی بۆمان دێت وەک بڵێی زمانمان بۆ ئەم مەبەستە پەرەی گرتووە. پێت وایە مامۆستایانی مێژوو کاتێک بۆ نانی نیوەڕۆ پێکەوە دادەنیشن لەبارەی هۆکارەکانی یەکەم جەنگی جیهانی دەمەتەقێ دەکەن یان فیزیاناسەکانی ناوکی ناوبڕەکانی قاوەخواردنەوەی کۆنفرانسە زانستییەکان بە وتوێژ لەبارەی کوارکەکان (quarks) بەسەر دەبەن؟ هەندێ جار. بەڵام زۆربەی جار، زەمی ئەو مامۆستایە دەکەن کە بەسەر مێزدەکەیدا کەوتووە لەکاتی ناپاکی کردندا، یان باسی شەڕی نێوان سەرۆکی بەش و ڕاگری کۆلێژ دەکەن، یان باسی دەنگۆیەک دەکەن لەبارەی هاوکارێک کە پارەی دابینکراو بۆ توێژینەوەکەی

بەکارهێنا بۆ کڕینی لێگزز. زەمکردن زۆرجار تەرکیز دەخاتە سەر خراپەکارییەکان. دەنگۆ بڵاوکەرەوەکان زۆربەی جار بریتین لە دەسەڵاتی چوارەمی ڕەسەن، ئەو ڕۆژنامەنووسانەن کە لەبارەی خەڵەتاندن و کڵاولەسەرنانەکان زانیاری دەدەنە کۆمەڵگە و لەم شتانە دەیانپارێزن.

بە ئەگەرێکی زۆر، هەم تیۆرەی زەمکردن و هەم تیۆرەی شێرێک لە نزیک ڕووبارەکەیە دروستن. لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندیی تەواو ناوازەی زمانمان بریتی نییە لە گواستنەوەی زانیاری لەبارەی مرۆڤەکان و شێرەکان. بەڵکو، ئەوە توانای گواستنەوەی زانیارییە لەبارەی شتەکان کە بەهیچ شێوەیەک بوونی نییە. ئەوەندەی ئاگادارین، تەنیا مرۆڤە هۆشمەندەکان دەتووانن باسی هەموو ئەو جۆرانەی شتەکان بکەن کە قەت نەیانبینووە، دەستیان لێنەداوە یان بۆنیان نەکردووە.

ئەفسانەکان، حیکایەتەکان، خواکان و ئایینەکان بۆ یەکەم جار لەگەڵ شۆڕشی درک دا دەرکەوتن. ئەگەرچی ڕێی تێچووە زۆرێک لە ئاژەڵان و توخمەکانی مرۆڤ پێشتر لەسایەی شۆڕشی درککردن دا بڵێن (وریا بە! شێر!) ، مرۆڤە هۆشمەندەکان توانای ئەوەیان بەدەستهێنا بڵێن (شێر ڕۆحی پارێزەری هۆزەکەمانە). ئەم توانایەی قسەکردن لەبارەی چیرۆکەکان ناوازەترین تایبەتمەندیی زمانی مرۆڤە هۆشمەندەکانە.

تا ڕادەیەک ئاسانە کۆک بیت لەسەر ئەوەی تەنیا مرۆڤە هۆشمەندەکان باسی ئەو شتانە دەکەن کە بوونیان نییە و پێش نانی بەیانی بڕوا بە شەش شتی ئەستەم دەهێنن. تۆ قەت ناتووانیت قەناعەت بە مەیموونێک بهێنیت بەوەی ئەگەر مۆزێکت بداتێ ئەوا پاش مردن لە بەهەشتی مەیموواندا ژمارەیەکی بێ پایانی مۆزی دەدەیتێ. بەڵام بۆچی ئەمە گرنگە؟ دواجار، دەشێ حیکایەت بەشێوەیەکی ترسناک گومڕاکەر و

هۆش پەرتکەر بێت. وا پێدەچوو ئەو خەڵکانەی دەچنە دارستانەکان بۆ گەڕان بەدوای پەرییەکان و ئەسپە قۆچدارەکان چانسی زیندوومانەوەیان کەمتر بێت لەو خەڵکەی بەدوای قارچک و ئاسکدا دەگەڕان. ئینجا ئەگەر تۆ چەندین سەعات بە نزاکردن لە ڕۆحە پارێزەرە نادیارەکان بەسەر ببەیت، ئایا کاتی بەنرخی خۆت بەفیڕۆ نادەیت، ئەو کاتەی کە لە خۆراک پەیدا کردن، شەڕکردن و سەرجێییکردندا باشتر دەگوزەرێنرێت؟

بەڵام حیکایەت نەک تەنیا بۆ وێناکردنی شتەکان، بەڵکو بۆ ئەنجامدانی شتەکان بە شێوەی دەستەجەمعیش توانای پێداوین. ئێمە دەتووانین حیکایەتە باوەکانی وەکو چیرۆکی خەلقی ئینجیل، حیکایەتی وەختی خەوی ئوستراڵییە ڕەسەنەکان و حیکایەتە نەتەوەییەکانی دەوڵەتە مۆدێرنەکان لێک بچنین. ئەم حیکایەتانە توانای بێ وێنە دەدەنە مرۆڤە هۆشمەندەکان تا بە ژمارەی زۆر و بەشێوەیەکی نەرم و کشۆک هاوکاری یەکتری بکەن. مێرووەلەکان و هەنگەکانیش دەتووانن بە ژمارەی زۆر پێکەوە کار بکەن، بەڵام ئەوان تەنیا لەگەڵ ئەو ژمارە کەمەی تاکەکانی تر دەتووانن ئەمە بکەن کە باش دەیانناسن. مرۆڤە هۆشمەندەکان دەتووانن بە شێوازگەلی بێ ڕادە نەرم لەگەڵ ژمارەی بێسنووری غەریبەکان هاوکاری یەکتری بکەن. هەربۆیە مرۆڤە هۆشمەندەکان حوکمی جیهان دەکەن لەکاتێکدا کە مێرووەلەکان بەرماوەکانی ئێمە دەخۆن و شەمپانزێکان دەخرێنە ناو باخچەی ئاژەڵان و تاقیگەکانی تویژینەوە.

ئەفسانەی پیجۆ

ئامۆزا شەمپانزێکانمان زۆربەی کات بە شێوەی گرووپی بچوکی چەند دەرزەن تاکێک دەژین. ئەوان دۆستایەتییەکی توندوتۆڵ پێکدێنن، پێکەوە ڕاو دەکەن و شانبەشانی یەکتری لەدژی بابوونەکان، چیتاکان و شەمپانزێ دوژمنەکان دەجەنگن. بونیادی کۆمەڵایەتییان هەڕەمییە. ئەندامی باڵادەست، کە تەقریبەن هەمیشە نێرینەیە، پێی دەوترێ (نێرنەی ئەلفا). نێرینە و مێینەکانی تر ملکەچی خۆیان بۆ نێرینەی ئەلفا بە چەمانەوە لەبەردەمیاندا پیشان دەدەن لەکاتێکدا کە دەنگێکی کز دەردەکەن و لەو مرۆڤانە جیاواز نین کە لەبەردەم پاشادا ماستاو دەکەن. نێرینەی ئەلفا لە ململانێدایە تا هارمۆنییەکی کۆمەڵایەتی لەناو گرووپەکەیدا بەرقەرار بکات. کاتێک تاکەکانیان شەڕ دەکەن، ئەو خۆی تێهەڵدەقورتێنێت و توندوتیژییەکە دەوەستێنێت. لەوانەیە ئەو بەشێوەیەکی کەم بەزەییانەتر خۆراکە دڵخوازەکان قۆرخ بکات و نەهێڵێت نێرینە پلە نزمەکان لەگەڵ مێینەکاندا جوت ببن.

کاتێک دوو نێرینە لە شەڕدان بۆ پێگەی ئەلفا، زۆرجار لە ڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانێتی بەرفراوانی پشتیوانانی ناو گرووپەکەوە، هەم مێینە و هەم نێرینە، ئەمە دەکەن. پەیوەندیی نێوان ئەندامانی هاوپەیمان بەندە بە لێکنزیکی گەرم و گوڕی ڕۆژانە- لەئامێزگرتن،

دەست لێدان، ماچ کردن، یەکتر پاککردنەوە و چاکەی دوولایەنە. هەروەکو چۆن سیاسەتمەدارە مرۆڤەکان لە کەمپەینەکانی هەڵبژاردندا بە دەم ڕێکردنەوە دەست ڕادەوەشێنن و ساواکان ماچ دەکەن، بەهەمان شێوە خاوەن ئامانجەکانی پێگەی سەرەوە لە گروپی شەمپانزێکاندا کاتێکی زۆر لە لەئامێزگرتن، دەست بە پشتدا هێنان و ماچکردنی ساواکانی شامپانزێ بەسەر دەبەن. زۆرجار نێرینەی ئەلفا پێگەی خۆی دەباتەوە نەک لەبەرئەوەی لەڕووی جەستەییەوە بەهێزترە بەڵکو لەبەرئەوەی هاوپەیمانێتییەکی گەورە و جێگیر بەڕێوە دەبات. ئەم هاوپەیمانێتییانە ڕۆڵێکی سەنتەری دەبینێت نەک تەنیا لە ململانێ ئاشکراکاندا بۆ پێگەی ئەلفا بەڵکو تەقریبەن لە هەموو چالاکییە ڕۆژانەییەکاندا. ئەندامانی هاوپەیمانێتییەک کاتێکی زۆرتر پێکەوە بەسەر دەبەن، ئالۆگۆڕی خواردن دەکەن و لە کاتەکانی گرفت و کێشەدا یارمەتی یەکتری دەدەن.

سنووری ڕوون و ئاشکرا هەن بۆ ئەو گروپانەی دەشێ پێکبهێنرێن و جێگیر بکرێن. بۆئەوەی کارا بێت، دەبێ هەموو ئەندامانی گروپێک بەشێوەیەکی گەرم و گوڕ یەکتری بناسن. ئەو دوو شەمپانزێیەی کە قەت یەکترییان نەبینیووە، قەت شەڕیان نەکردووە و قەت یەکتریان پاک نەکردووەتەوە نازانن ئاخۆ دەتووانن متمانە بە یەکتری بکەن یان نا، ئاخۆ ئەشێ یارمەتی یەکتری بدەن و کامیان پێگەی بەرزترە. لە هەلومەرجی سروشتیدا، گروپێکی شامپانزێ لە نزیکەی بیست بۆ پەنجا تاک پێکدێت. لەکاتێکدا کە ژمارەی شەمپانزێکان لە گروپێکدا زیاد دەکات، سیستەمی کۆمەڵایەتی ناسەقامگیر دەبێت و دواجار دەبێتەهۆی پچڕانێک و پێکهاتنی گروپێکی نوێ لەلایەن هەندێ ئاژەڵەوە. تەنیا لە هەندێ حاڵەتی کەمدا ئاژەڵناسەکان تێبینی گروپی گەورەتر لە سەد

تاکیان کردووە. گروپە جوداکان بە دەگمەن هاوکاری یەکتری دەکەن و دەکەونە پێشبڕکێ بۆ خاک و خۆراک. تۆژەران جەنگی درێژخایەنیان لەنێوان گروپەکاندا و تەنانەت کەیسێکی چالاکی کۆمەڵکوژییان تۆمار کردووە کە تیایدا گروپێک بەشێوەیەکی سیستەماتیک کۆمەڵکوژی زۆربەی ئەندامانی باندێکی دراوسێی دەکات.

ڕەنگە هەمان ئەو ڕێسایانە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکانی زووداً زاڵ بووبن، لەوانەش مرۆڤە هۆشمەندە دێرینەکان. مرۆڤەکانیش، وەکو شەمپانزێکان، غەریزەی کۆمەڵایەتییان هەیە کە توانای بە پێشینانمان داوە تا دۆستایەتییەکان و سیستەمی هەڕەمی بونیاد بنێن و پێکەوە ڕاو یان شەڕ بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، وەکو غەریزە کۆمەڵایەتییەکانی شەمپانزێکان، ئەو مرۆڤانە تەنیا بۆ گروپە بچوکە گەرم و گوڕەکان گونجاو بوون. کاتێک گروپەکە زۆر گەشەی کردووە، سەقامگیریی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکەی تێکچووە و گروپەکە کەرت بووە. تەنانەت ئەگەر دۆڵێکی بەپیت بیتووانیایە خۆراکی ٥٠٠ مرۆڤی هۆشمەندی دێرین دابین بکات، ئەستەم بوو ئەو هەموو غەریبەیە پێکەوە بژین. چۆن دەیانتووانی کۆک بن لەسەر ئەوەی کێ ڕێبەر بێت، کێ لە کوێ ڕاو بکات، یان کێ لەگەڵ کێدا جوت ببێت؟.

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی درک، زەمکردن یارمەتی مرۆڤە هۆشمەندەکانیدا تا باندی گەورەتر و جێگیرتر پێکبێنن. بەڵام تەنانەت زەمیش سنووری خۆی هەیە. تۆژینەوەی کۆمەڵناسی دەریخستووە کە ئەوپەڕی قەبارەی (سروشتی)ی گروپێک کە بەهۆی زەمەوە دروست بووبێت نزیکەی ١٥٠ تاک بووە. زۆربەی خەڵکی نە دەتووانن لە نزیکەوە ١٥٠ مرۆڤ بناسن نە دەشتووانن بەشێوەیەکی کاریگەر زەمی ١٥٠ مرۆڤ بکەن.

تەنانەت ئەمڕۆکەش، سنووری هەستیار لە ڕێکخراوە مرۆییەکاندا لە خاڵێکی نزیک ئەم ژمارە سحراوییەدایە. لەژێر ئەم سنووڕەوە، کۆمەڵەکان، کۆمپانیاکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و یەکە سەربازییەکان دەتووانن لەسەر بنەمای سەرەکیی ئاشناییەکی گەرم و گوڕ و دەنگۆ بڵاوکردنەوە خۆیان ڕاگیر بکەن. بۆ پاراستنی سیستەم پێویست بە پلە و پێگە ڕەسمییەکان و کتێبەکانی یاسا ناکات. مەفرەزەیەکی سی سەربازی یان تەنانەت سریەیەکی سەد سەربازی دەتووانن زۆر باش لەسەر بنەمای پەیوەندییە گەرم و گوڕەکان و بە کەمترین دیسپلینی ڕەسمی، کارا بن. عەریفێکی قورس دەتووانێت ببێتە (پاشای سریەکە و تەنانەت بەسەر ئەفسەراندا دەسەڵات پیادە بکات). کۆمپانیایەکی خێزانیی بچوک دەتووانێت بەرگە بگرێت و گەشە بکات بەبێ ئەوەی بۆردی بەڕێوەبەران، بەڕێوەبەری جێبەجێکار یان بەشی ژمێریاری هەبێت.

بەڵام هەر کە سنووری ١٥٠ تاکەکەس تێپەڕێنرا، چیتر شتەکان بەو شێوازە ئیش ناکەن. تۆ ناتووانیت کەتیبەیەکی هەزار سەربازی هەر بە شێوازی مەفرەزەیەک بەڕێوە ببەیت. کۆمپانیا خێزانییە سەرکەوتووەکان ڕووبەڕووی قەیرانێک دەبنەوە کە گەشە دەکەن و کارمەندی زیاتر دادەمەزرێنن. ئەگەر نەتووانن خۆیان دروست بکەنەوە ئەوا دەبێ دابڕێژەن.

مرۆڤە هۆشمەندەکان چۆن لەم سنووڕە هەستیارە ڕەتبوون و دواجار ئەو شارانەیان بونیاد نا کە لە دەیان هەزار نیشتەجێ پێکهات و ئەو ئیمپراتۆرییانەیان بونیاد نا کە حوکمی سەدان ملیۆنیان دەکرد؟ لەوانەیە نهێنییەکە دەرکەوتنی چیرۆک بێت. ژمارەی گەورەی غەریبەکان

ەتووانن بە بڕوا هێنان بە ئەفسانە هاوبەشەکان بەشێوەیەکی هەرکەوتووانە هاوکاری یەکتری بکەن.

هەر هاریکارییەکی مەودا فراوانی مرۆڤەکان- جا دەوڵەتی مۆدێرن، ئەنیسەی سەدەکانی ناوەڕاست، شارێکی دێرین یان هۆزێکی دێرین ێت- ڕەگوڕیشەی لە ئەفسانە هاوبەشەکاندایە کە تەنیا لە وێنای ەستەجەمعی گەلاندا دروست دەبێ. کەنیسەکان ڕەگوریشەیان لە ئەفسانە ئایینییە هاوبەشەکاندایە. دوو کاسۆلیک کە قەت یەکتریان نەناسیووە دەتووانن لەسەر هەڵمەتێکی ئایینی یان پارەی کۆکراوەی کۆمەک بۆ بونیادنانی خەستەخانەیەک پێکەوە کۆک بن چونکە هەردووکیان بڕوایان وایە خودا لە گۆشتی مرۆڤدا بەرجەستە بووە و ڕێگەی بە خۆی داوە لەخاچ بدرێت بۆ باربووکردنی گوناهەکانمان. دەوڵەتان لە ئەفسانەی نەتەوەیی هاوبەشدا ڕەگیان داکوتاوە. دوو سڕبی کە قەت یەکتریان نەبینیووە لەوانەیە ژیانی خۆیان لەپێناو ڕزگارکردنی یەکتریدا بخەنە مەترسییەوە چونکە هەردووکیان بڕوایان بە بوونی نەتەوەی سڕب، سەرزەمینی سڕبی و ئالای سڕبی هەیە. سیستەمەکانی دادوەری ڕەگیان لە ئەفسانە یاساییە هاوبەشەکاندا داکوتاوە. دوو پارێزەر کە قەت یەکتریان نەناسیووە دەتووانن هەوڵەکانیان یەک بخەن بۆ بەرگری لە غەریبەیەک چونکە ئەوان هەردووکیان بڕوایان بە هەبوونی یاساکان، دادگەری، مافەکانی مرۆڤ- و پارەی دراو بەشێوەی حەق و کرێ هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کام لەم شتانە لە دەرەوەی ئەو چیرۆکانە بوونیان نییە کە خەڵکی دایدەهێنن و بۆ یەکتری دەگێڕینەوە. نە خوداکان لە گەردووندا، نە نەتەوەکان، نە پارە، نە مافەکانی مرۆڤ، نە

یاساکان و نە دادگەری لە دەرەوەی وڵنای هاوبەشی مرۆڤەکاندا بوونیان نییە.

خەڵکی بە ئاسانی لەوە تێدەگەن کە (بەراییەکان) لە ڕێگەی تارماییەکان و ڕۆحەکان و خڕبوونەوەیان لە هەر مانگێکی تەواودا بۆ سەماکردن لە دەوری ئاگر سیستەمی کۆمەڵایەتییان تۆکمە دەکەن. ئەوەی کە ناتوانین پێی بزانین ئەوەیە کە دامەزراوە مۆدێرنەکانمان لەسەر هەمان بنەما ئیش دەکەن. تۆ جیهانی کۆمپانیاکان بە نموونە وەربگرە. لە ڕاستیدا پارێزەرەکان و خەڵکانی بزنس فالگرەوەی بەهێزن. جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان ئەوان و فالگرەوە خێڵەکییەکان ئەوەیە کە پارێزەرانی مۆدێرن حیکایاتی زۆر نامۆتر دەگێڕنەوە. ئەفسانەی پیجۆ نموونەیەکی باشمان پیشان دەدات.

ئایکۆنێک کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە پەیکەری شێرە پیاوی ئەشکەوتی ستادێل دەچێت ئەمڕۆکە لە پاریسەوە تا سیدنی لەسەر ئۆتۆمبێلەکان، بارهەڵگرەکان و مۆتۆرەکانە. ئەو نیشانەیەی سەری بۆنیتی ئەو ئۆتۆمبیلانەیە کە پیجۆ دروستیکردووە. پیجۆ یەکێکە لە گەورەترین و کۆنترین ئۆتۆمبێلسازانی ئەوروپا. پیجۆ لە گوندێکی (ڤالێنتیگنی)ی وەکو خانەوادەیەکی بزنسی بچوک کە ٣٠٠ کیلۆمەترێک لە ئەشکەوتی ستادێل دوورە، دەستیپێکرد. ئەمڕۆکە، کۆمپانیاکە ٢٠٠،٠٠٠ کارمەندی لە سەرانسەری جیهان هەیە کە زۆربەیان لەبەرانبەر یەکتریدا غەریبەن. ئەم غەریبانە ئەوەندە کاریگەر لەگەڵ یەکتریدا هاوکاری دەکەن کە لە ٢٠٠٨دا پیجۆ زیاتر لە ١,٥ ملیۆن ئۆتۆمبێلی بەرهەمهێنا و داهاتی ٥٥ ملیارد دۆلار بوو.

بە چ مانایەک دەتوانین بڵێین کە پیجۆ ئێس ئەی (کە ناوی ڕەسمی کۆمپانیاکەیە) بوونی هەیە؟ ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبێلی پیجۆ

هەن بەڵام ئاشکرایە ئەمانە کۆمپانیاکە نین. تەنانەت ئەگەر هەموو پیجۆیەک لە جیهاندا لەیەک کاتدا هەڵوەشێنرا و بە سیکراپ فرۆشرا، پیجۆ ئێس ئەی بزر نابێت. بەڵکو بەردەوام دەبێت لە بەرهەمهێنانی ئۆتۆمبێلی نوێ و دەرچووانی زانکۆرتی سالانەی خۆی. کۆمپانیاکە کارگە، ئامێر و پێشانگەی زۆری هەیە و خاوەنی کارمەندانی میکانیک، ژمێریار و سکرتێرەی زۆرە، بەڵام هەموو ئەمانە پێکەوە پیجۆ پێکناهێنن. دەشێ کارەساتێک تاکە تاکی کارمەندانی پیجۆ بکوژێت و هەموو هێلەکانی کۆکردنەوەی پارچە و ئۆفیسەکانی جێبەجێکردن وێران بکات. تەنانەت ئەو کاتەش، کۆمپانیاکە دەتوانێت پارە قەرز بکات، کارمەندی نوێ دابنێت، کارگەی نوێ بونیاد بنێت و ئامێری نوێ بکڕێت. پیجۆ بەڕێوەبەر و خاوەن پشکی هەن، بەڵام ئەوانیش بریتی نین لە کۆمپانیاکە. دەشێ هەموو بەڕێوەبەرەکان دەربکرێن و هەموو پشکەکانی بفرۆشرێن، بەڵام کۆمپانیاکە خۆی هەر دەمێنێتەوە.

ئەمە بەو مانایە نییە کە پیجۆ ئێس ئەی تێکنەشکاو یان نەمرە. ئەگەر دادوەرێک بوار بدات بە هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیاکە، کارگەکان دەمێننەوە و کرێکارەکانی، ژمێریارەکان، بەڕێوەبەرەکان و خاوەن پشکەکانی بەردەوام دەبن لە ژیان- بەڵام پیجۆ ئێس ئەی دەستبەجێ بزر دەبێ. بە کورتی، پێدەچێ پیجۆ ئێس ئەی پەیوەندییەکی جەوهەری نەبێ بە جیهانی فیزیکییەوە. ئایا بە ڕاستی بوونی هەیە؟.

پیجۆ واهیمەیەکی وێنای دەستەجەمعیمانە. پارێزەران ئەمە بە (حیکایەتی یاسایی) ناودێر دەکەن. ناکرێ ئاماژەی پێ بکرێت، کەرەستەیەکی فیزیکی نییە. بەڵام وەکو کیانێکی یاسایی بوونی هەیە. ڕێک وەکو من و تۆ، بەندە بە یاساکانی ئەو وڵاتانەی تیایاندا کار دەکات. دەتوانێ حسابێکی بانکی بکاتەوە و خاوەنی مولک بێت. باج

دەدات و دەکرێ سکاڵای لێ بکرێت و تەنانەت بەشێوەیەکی جودا لەو کەسانەی خاوەنین یان ئیشی بۆ دەکەن دادگایی بکرێت.

پیجۆ سەر بە ژانرێکی حیکایەتە یاساییەکانە کە پێی دەوترێت (کۆمپانیا لێپرسراوی سنووردارەکان). بیرۆکەی پشت ئەو جۆرە کۆمپانیایانە لەناو بلیمەتانەترین داهێنانەکانی مرۆڤایەتیدایە. مرۆڤە هۆشمەندەکان بۆ ماوەی چەندەها هەزارە بەبێ ئەمانە ژیان. لەماوەی بەشی هەرە زۆری مێژووی تۆمارکراودا، مرۆڤ تەنیا دەکرا لەلایەن جەستەی مرۆڤەکانەوە خاوەندارێتی بکرێت، واتە ئەو جۆرەی کە لەسەر پێکانی دەوەستا و مێشکی گەورەی هەبوو. ئەگەر لە سەدەی سیانزەهەمی فەرەنسادا کەسێک بەناوی (جین) شوێنکارێکی دروستکردنی عەرەبانەی دابنایە ئەوا خودی خۆی بزنسەکە بوو. ئەگەر عەرەبانەیەک کە ئەو دروستیکردبوو پاش هەفتەیەک لە کرێنی شکابایە، ئەوا کرێارە ناڕازییەکە سکاڵای یاسایی لەسەر خودی (جین) تۆمار دەکرد. ئەگەر (جین) ١٠٠٠ سکەی ئاڵتونی قەرز بکردایە بۆ بونیادنانی شوێنکارەکەی و بزنسەکەی فەشەلی بهێنایە، ئەوا دەبووایە بە فرۆشتنی مولکە تایبەتییەکەی- خانووەکەی، مانگاکەی، زەوییەکەی- قەرزەکە بداتەوە. تەنانەت ڕێی تێدەچوو منالەکانی بفرۆشێتە بازرگانێکی کۆیلە. ئەگەر نەیتووانیایە قەرزەکە بداتەوە، ئەوا لەوانەبوو لەلایەن دەوڵەتەوە فڕێ بدرێتە زیندانەوە یان لەلایەن خاوەن قەرزەکانیەوە بەکۆیلە بکرێت. ئەو بەتەواوی، بەبێ سنوور، لەبەرانبەر هەموو ئەو واجبانەی شوێنکارەکەی دەیسەپاندن، بەرپرس بوو.

ئەگەر تۆ لەو سەروەختەدا بژیایتایە ئەوا دەبووایە دوو جار بیر بکەیتەوە بەر لەوەی پڕۆژەیەکی بزنسی خۆت بونیاد بنێیت. لە ڕاستیدا ئەم بارودۆخە یاساییە بەربەست بوو لە کاروگەڕخستن. خەڵکی ترسیان

هەبوو لە دەستپێکردنی بزنسی نوێ و ئەنجامدانی سەرکێشی ئابووری. ئەستەم بوو سەرکێشییەک بکەیت کە لەوانەبوو بووبایەتە هۆی ئەوەی خانەوادەکەت بەتەواوی هەژار ببێ.

هەربۆیە خەڵکی بەشێوەیەکی دەستەجەمعی دەستیانکرد بە وێناکردنی دروستکردنی کۆمپانیای بەرپرسیاری سنووردار. ئەم کۆمپانیایانە بەشێوەیەکی یاسایی سەربەخۆ بوون لەو خەڵکانەی بونیادیان دەنا، یان پارەیان تێدا سەرمایەگوزاری دەکرد، یان بەڕێوەیان دەبرد. بەدرێژایی ئەو چەند سەدەیەی ڕابردوو ئەم جۆرە کۆمپانیایانە بوونەتە یاریکەری سەرەکی لە گۆڕەپانی ئابووریدا و ئێمە ئەوەندە لەگەڵیاندا ڕاهاتووین کە بیرمان دەچێت ئەمانە تەنیا لە وێنای ئێمەدا هەن. لە ئەمریکا، زاراوەی تەکنیکی بۆ کۆمپانیای بەرپرسیاری سنووردار بریتییە لە (کۆرپۆرەیشن) کە ناکۆکە، چونکە زاراوەکە لە کۆرپۆرەس(بە لاتینی واتە جەستە) هاتووە- ئەمەش تاکە شتێکە کە کۆرپۆرەیشنەکان نیانە. سەرباری ئەوەی کە جەستەی واقیعییان نییە، سیستەمی یاسایی ئەمریکا وەکو کەسە یاساییەکان مامەڵە لەگەڵ کۆرپۆرەیشنەکاندا دەکات، وەک بڵێی ئەوان مرۆڤن بەگۆشت و خوێنەوە.

هەروەک چۆن سیستەمی یاسایی فەرەنسیش لە ١٨٩٦دا هەمان شتی کرد، کاتێک ئارماند پیجۆ کە دوکانێکی کاری ئاسنەوالەی لە باوانیەوە بۆ مابووەوە و سپرینگ، مشار و بایسکیلی بەرهەم دەهێنا، بڕیاریدا بچێتە ناو بزنسی ئۆتۆمبێل. ئیتر بەو شێوەیە کۆمپانیایەکی سنووردارى لەڕووی بەرپرسیارێتییەوە دامەزراند. ئەو کۆمپانیاکەی بەناوی خۆیەوە کرد، بەڵام جودا بوو لە خۆی. ئەگەر یەکێک لە ئۆتۆمبێلەکانی بشکایە، ئەوا کڕیارەکە دەیتووانی سکاڵای یاسایی لەسەر کۆمپانیای پیجۆ تۆمار بکات نەک ئارماند پیجۆ. ئەگەر کۆمپانیاکە

ملیۆنان فرانکی قەرز بکردایە و پاشان مایەپوچ بووایە ئەوا ئارماند پیجۆ تاقە فرانکێک قەرزاری قەرزپێدەرانی نەدەبوو. دواجار قەرزەکە دراوەتە کۆمپانیای پیجۆ نەک ئارماند پیجۆی مرۆڤی هۆشمەند. ئارماند پیجۆ لە ١٩١٥دا مرد. کۆمپانیای پیجۆ هێشتا زیندوو و ساغە.

کتومت چۆن ئارماند پیجۆی مرۆڤ کۆمپانیای پیجۆی دروستکرد؟ هەر بەو شێوەیەی کە قەشەکان و فاڵگرەوەکان بە درێژایی مێژوو خوداکان و دێوەزمەکانیان دروستکردووە و تایبدا هێشتا هەزاران فەرەنسی هەموو یەکشەممەیەک جەستەی مەسیحیان لە کەنیسەی ناوچەکاندا دروستدەکرد. ئەمە هەمووی پەیوەندی هەبوو بە گێڕانەوەی چیرۆکەکان و قەناعەتپێهێنانی خەڵک بۆئەوەی بڕوایان پێبکەن. لە حاڵەتی قەشە فەرەنسییەکاندا، چیرۆکە سەرەکییەکە هی ژیانی مەسیح و مردنی بوو بەو شێوەیەی کە لەلایەن کەنیسەی کاسۆلیکەوە دەگێڕدرایەوە. بەپێی ئەم مێژووە، ئەگەر قەشەیەکی کاسۆلیکی پۆشاکە پیرۆزەکەی لەبەر کردایە و بە تەنیا وشە دروستەکانی لە ساتەوەختێکی دروست دا بوتایەتەوە، ئەوا نان و شەرابێکی زۆر دەبووە گۆشت و شەرابی خودا. قەشەکە بە لاتینی دەیگوت (ئەمە جەستەی منە!) و ئیتر نانەکە دەبووە گۆشتی مەسیح. بە بینینی ئەمەی کە قەشەکە بەرێکوپێکی و ئاگاییەوە چاودێریی هەموو ڕێوشوێنەکانی کردووە، ملیۆنان کاسۆلیکی فەرەنسی ئیماندار وەها ڕەفتاریان دەکرد کە خودا بە ڕاستی لە نان و شەرابە پیرۆزکراوەکەدا بوونی هەیە.

لە حاڵەتی پیجۆ ئێس ئەی دا چیرۆکی سەرەکی بریتی بوو لە کۆدە یاساییە فەرەنسییەکە، بەو شێوەیەی کە لەلایەن پەرلەمانی فەرەنسییەوە نوسرابوو. بەگوێرەی یاسادانەرانی فەرەنسی، ئەگەر پارێزەرێکی پشتگیریلێکراو پەیڕەوی لە هەموو سروت و ڕەسمیاتەکان کرد، هەموو

سوێند و وشە سیحراوییەکانی لەسەر پارچە کاغەزێکی ڕازێنراوە نوسییەوە و واژۆ سەرنجڕاکێشەکەی لەژێرەوەی دۆکیومێنتەکە جێگیر کرد، ئەوا کۆمپانیایەکی نوێ پێکدێت. کاتێک لە ١٨٩٦دا ئارماند پیجۆ ویستی کۆمپانیاکەی دروست بکات، پارەی دایە پارێزەرێک تا بە هەموو ئەم ڕێوشوێنە پیرۆزانەدا ڕەت ببێت. هەر کە پارێزەرەکە هەموو سروتە ڕاست و دروستەکانی بێ جێکرد و هەموو سوێند و جادووە پێویستەکانی گۆ کرد، ملیۆنان هاوڵاتی فەرەنسی قیت و قۆز وەها هەڵسوکەوتیان کرد کە کۆمپانیای پیجۆ بە ڕاستی هاتۆتە بوون.

وتنی چیرۆکی کاریگەر ئاسان نییە. گرێوگۆڵەکە لە وتنی چیرۆکەکەدا نییە، بەڵکو لە قەناعەتپێهێنانی هەموو ئەوانیتردایە تا باوەڕ بکەن. بەشی هەرە زۆری مێژوو لە تەوەری ئەم پرسیارەدایە: چۆن یەکێک قەناعەت بە ملیۆنان کەس بکات تا باوەڕ بە چیرۆکی دیاریکراو بێنن لەبارەی خوداکان، یان نەتەوەکان یان کۆمپانیا بەرپرسیاری سنووردارەکان؟ لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک ئەمە سەرکەوتوو دەبێ، هێزێکی گەورە دەداتە مرۆڤە هۆشمەندەکان، چونکە توانا بە ملیۆنان بێگانە دەدات تا هاوکاری یەکتری بکەن و بەرەو ئامانجە هاوبەشەکان کار بکەن. تەنیا هەوڵ بدە وێنای ئەوە بکەیت چەنێک سەخت دەبوو دەوڵەت، یان کەنیسە یان سیستەمە یاساییەکان دروست بکەین ئەگەر ئێمە بمانتووانیایە تەنیا لەبارەی ئەو شتانەوە بدوێین کە بە واقیعی هەن، وەکو ڕووبارەکان، درەختەکان و شێرەکان.

بەدرێژایی سالانێک، خەڵکی تۆڕی بێسنوور ئاڵۆزی چیرۆکیان هەڵبەستووە. لەناو ئەم تۆڕەدا، حیکایەتەکانی وەکو پیجۆ نەک تەنیا بوونی هەیە بەڵکو هێزێکی بێسنووریش کۆ دەکاتەوە. ئەو جۆرە شتانەی کە خەڵکی لە ڕێگەی ئەم تۆڕە چیرۆکانەوە دروستی دەکەن، لە بازنە

لەکادیمییەکاندا بە (حیکایەتەکان)، (بیروباوەڕە کۆمەڵایەتییەکان) یان (واقیعە وێناکراوەکان) ناسراون. واقیعێکی وێناکراو درۆ نییە. من ئەو کاتە درۆ دەکەم کە دەڵێم شێرێک لە نزیک ڕووبارەکە هەیە کاتێک باش دەزانم ئەوێ شێری لێ نییە. هیچ شتێک تایبەت لەبارەی درۆکانەوە نییە. مەیموونە سەوزەکان و شامپانزێکان دەتووانن درۆ بکەن. بۆ نموونە، مەیموونی سەوز تێبینی کراوە کە بانگەوازی کردووە (وریابن! شێر!) کاتێک هیچ شێرێکیش لەو ناوە نەبووە. ئەم ئاگادار کردنەوەیە بەئاسانی مەیموونێکی ترساندووە کە تازە مۆزێکی دۆزیووەتەوە و درۆزنەکەی بە تەنیا لەوێ هێشتووەتەوە بۆئەوەی هەلاتەکە بۆ خۆی هەڵگرێتەوە.

بەپێچەوانەی درۆکردن، واقیعێکی وێناکراو شتێکە کە هەمووان بڕوایان پێیەتی و تا ئەو کاتەی کە ئەم باوەڕە هاوبەشە بوونی هەبێ، واقیعی وێناکراو هێزی خۆی لە جیهاندا پیادە دەکات. لەوانەیە بەکەرتاشەکەی ئەشکەوتی ستادێل لەناخەوە بڕوای بە بوونی ڕۆحی ئاژەڵ شێرەپیاو کردبێت. هەندێ لە فالگرەوەکان کلاوچین، بەڵام زۆربەیان لەناخەوە بڕوایان بە بوونی خوداکان و دێوەکان هەیە. زۆربەی ئایینەکان لەناخەوە بڕوایان بە بوونی پارە و کۆمپانیای بەرپرسیاری هەیە. زۆربەی چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ لەناخەوە بڕوایان بە بوونی مافەکانی مرۆڤ هەیە. کەس درۆی نەدەکرد کاتێک لە ساڵی ٢٠١٢دا، (یو.ئێن) داوایکرد حکومەتی لیبی ڕێز لە مافە مرۆییەکانی هاوڵاتییەکانی بگرێت تەنانەت ئەگەرچی (یو ئێن)، لیبیا و مافەکانی مرۆڤ، هەموویان وەهمەکانی وێنا بەپیتەکانمانن.

ئەوەندەی شۆڕشی درک سەریهەڵداوە، مرۆڤە هۆشمەندەکان لە ئەفەزێی دوو دیو دا دەژین. لەلایەکەوە، واقیعی بابەتیی ڕووبارەکان،

دره‌خته‌کان و شێره‌کان، و له‌لایه‌کی تره‌وه، واقیعی وێناکراوی خواکان، نه‌ته‌وه‌کان و کۆمپانیاکان. له‌گه‌ڵ تێپه‌ڕبوونی کاتدا، واقیعی وێناکراو به‌هێزتر بوو، بۆیه ئه‌مڕۆکه مانه‌وه‌ی ڕووباره‌کان، دره‌خته‌کان و شێره‌کان به‌نده به شکۆی کیانه وێناکراوه‌کانی وه‌کو خوداکان، نه‌ته‌وه‌کان و کۆمپانیاکان.

ڕه‌تبوون له بۆهێڵه‌کان

دروستکردنی واقیعێکی وێناکراو له وشه‌کان، توانای به ژماره‌یه‌کی زۆری غه‌ریبه‌کاندا تا به‌شێوه‌یه‌کی کاریگه‌ر هاوکاری یه‌کتری بکه‌ن. به‌ڵام به‌هه‌مان شێوه شتێکی زیاتریشی کرد. له‌به‌رئه‌وه‌ی ئاستی گه‌وره‌ی هاریکاری مرۆیی له‌سه‌ر بنه‌مای حیکایات بونیاد نراوه، ده‌شێ شێوازی هاریکاری خه‌ڵک له ڕێگه‌ی گۆڕینی حیکایه‌ته‌کانه‌وه وه‌ربچه‌رخێنرێت- ئه‌مه‌ش له ڕێگه‌ی گێڕانه‌وه‌ی چیرۆکی جیاوازه‌وه. له باروده‌وخی گونجاودا، ده‌شێ حیکایه‌ته‌کان به‌خێرایی بگۆڕێن. له ساڵی ١٧٨٩دا دانیشتووانی فه‌ره‌نسی ته‌قریبه‌ن له شه‌و و ڕۆژێکدا له باوه‌ڕهێنان به مافی ئاسمانیی پاشاکان وه‌رچه‌رخان بۆ بڕواهێنان به حیکایه‌تی سه‌روه‌ریی خه‌ڵک. سه‌ره‌نجام، له‌و وه‌خته‌وه‌ی شۆڕشی درک سه‌ریهه‌ڵداوه، مرۆڤی هۆشمه‌ند توانیوویه‌تی به گوێره‌ی پێداویستییه گۆڕاوه‌کانی، به‌خێرایی چاو به ڕه‌فتاره‌که‌یدا بخشێنێته‌وه. ئه‌مه‌ش به لادان له چه‌قبه‌ستی په‌ره‌گرتنی بۆهێڵی، ڕێگه‌ی خێرای په‌ره‌گرتنی که‌لتووری کردووه‌ته‌وه. به ڕۆیشتنی خێرا به‌م ڕێگا خێرایه‌دا، مرۆڤه هۆشمه‌نده‌کان له توانایاندا بۆ هاریکاری، زوو و به ڕاده‌یه‌کی یه‌کجار زۆر پێش هه‌موو توخمه‌کانی تری مرۆڤ و ئاژه‌ڵه‌کانیان دایه‌وه.

ڕەفتاری گیانەوەرە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕادەیەکی زۆر بە بۆهێڵە کۆمەڵایەتییەکانیان دیاری دەکرێت. (دی.ئێن.ئەی) تاکڕەوێک نییە. ڕەفتاری گیانەوەریش بەهەمان شێوە کارتێکراوە بە فاکتەرە ژینگەییەکان و تایبەتمەندی تاک. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ژینگەیەکی دیاریکراودا، گیانەوەرانی هەمان توخم بەهەمان شێواز ڕەفتار دەکەن. گۆڕانکارییە گرنگەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی ناتوانن بەبێ بازدانە بۆهێڵییەکان ڕووبدەن. بۆ نموونە، شەمپانزێ ئاساییەکان مەیلێکی بۆهێڵییان هەیە بۆ ژیان لەو گروپە هەرەمیانەدا کە لەلایەن نێرینەیەکی ئەلفاوە بەڕێوە دەبرێت. ئەندامانی توخمە لێک نزیکەکانی شەمپانزێ، بۆنۆبۆکان، زۆرجار لەو گروپە یەکسانیخوازانەدا دەژین کە هاوپەیمانێتییەکانی مێینە سەرکردایەتی دەکەن. شەمپانزێ مێینەکان ناتوانن وانە لە خزمە بۆنۆبۆکانیان وەربگرن و شۆڕشێکی فێمینیستی بەرپا بکەن. شەمپانزێ نێرەکان ناتوانن لە ئەنجومەنێکی دەستوورییدا کۆ ببنەوە بۆ ڕووخاندنی ئۆفیسی نێرینەی ئەلفا و ڕاگەیاندنی ئەمەی کە لێرە بەدوا هەموو شەمپانزێکان بە یەکسان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەم گۆڕانکارییە دراماتیکییانەی ڕەفتار، تەنیا ئەو کاتە ڕوودەدات کە شتێک لە DNA شەمپانزێکاندا بگۆڕێت.

لەبەر هەمان ئەو هۆکارانە، مرۆڤە دێرینەکان هیچ شۆڕشێکیان بەرپا نەکرد. ئەوەندەی کە بتوانین بیدرکێنین، گۆڕانکارییەکانی ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان، داهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ و ئاوەدانبوونەوەی ژینگە جیاوازەکان لە دەرەنجامی بازدانە بۆهێڵییەکان و گووشارە ژینگەییەکانەوە بووە زیاتر لەوەی بەهۆی پلانە کەلتوورییەکانەوە بووبێت. هەربۆیە سەدان هەزار ساڵی پێچوو تا مرۆڤەکان ئەم هەنگاوانەیان نا. دوو ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، گۆڕانە بۆهێڵییەکان دەرکەوتنی توخمێکی

مرۆیی نوێی لێ کەوتەوە بەناوی (هۆمۆ ئێرێکتوس). دەرکەوتنی، هاوشان بوو لەگەڵ پەیدابوونی تەکنۆلۆژیای ئامێرێکی بەردینی نوێ کە ئێستا بە تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەم توخمە دەناسرێتەوە. لەبەرئەوەی هۆمۆ ئێرێکتوس بە وەرچەرخانی بۆهێلی تردا تێنەپەڕی، ئامێرە بەردینەکانی تەقریبەن هەروەکو خۆی مانەوە- بۆ ماوەی نزیک لە دوو ملیۆن ساڵ!.

لەلایەکی ترەوە، لەوەتەی شۆڕشی درک سەریهەڵداوە، مرۆڤە هۆشمەندەکان توانیوویانە بەخێرایی ڕەفتاریان بگۆڕن، ڕەفتاری نوێ بگوێزنەوە بۆ نەوەکانی ئایندە بەبێ هیچ گۆڕانکارییەکی بۆهێلی یان ژینگەیی. وەکو نموونەیەکی سەرەکی، دەرکەوتنی چەندبارە بووەوەی دەستەبژێرە بێ منالەکانی وەکو قەشایەتی کاسۆلیکی، زنجیرەی بودیی پەرستگا و هەڕەمی خەسێنراوانی چینی. هەبوونی ئەو جۆرە دەستەبژێرانە ناکۆکە لەگەڵ زۆربەی پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی هەڵبژاردنی سروشتی، چونکە ئەم ئەندامە بااڵدەستانەی کۆمەڵگە ئارەزوومەندانە دەستبەرداری وەچەخستنەوە دەبن. لەکاتێکدا کە نێرینەی ئەلفای شەمپانزێ هێزی خۆیان بەکار دەهێنن بۆ سێکس کردن لەگەڵ زۆرترین مێینەدا- و سەرەنجام دەبنە باوانی ڕێژەیەکی گەورەی وەچەی گروپەکەیان- نێرینەی ئەلفای کاسۆلیک بەتەواوی خۆی لە جوتبوونی سێکسی و چاودێریی منال بەدوور دەگرێت. ئەم خۆگرتنەوەیە لە هەلومەرجی ناوازەی ژینگەیی وەکو قاتیی خۆراک یان خواست بۆ هاوەدەمێکی دیاریکراو نایەت. نە دەرەنجامی گۆڕانێکی بۆهێلیی ڕێکەوتیشە. کەنیسەی کاسۆلیکی چەند سەدەیەکە بەرگەی گرتووە، نەک لە ڕێگەی گواستنەوەی (بۆهێلی خۆدوورگرتنی سێکسی) لە

پاپایەکەوە بۆ پاپایەکی دواتر، بەڵکو لە ڕێگەی گواستنەوەی چیرۆکەکانی کتێبی ئینجیل و یاسای بنەڕەتی کاسۆلیکییەوە.

بە دەربڕینێکی تر، لەکاتێکدا کە ڕێسا ڕەفتارییەکانی مرۆڤە دێرینەکان بۆ ماوەی دەیان هەزار ساڵ هەر بەجێگیری مایەوە، مرۆڤە هۆشمەندەکان دەیانتووانی بونیادە کۆمەڵایەتییەکانیان، سروشتی پەیوەندییە نێوان کەسییەکانیان، چالاکییە ئابووریییەکانیان و کۆمەڵێک ڕەفتاری تریان لەماوەی دەیەیەک یان دووانداوەربچەرخێنن. نیشتەجێیەکی بەرلین لەبەرچاو بگرە کە لە ١٩٠٠ لەدایک بووە و بە درێژایی تەمەنی سەدەیەکی پڕ دەژیت. ئەو منالێتییەکەی لە ئیمپراتۆریەتی (هۆهێنزۆلێرن) ی ویلهۆلمی دووەمدا بەسەربردووە، ساڵانی بالغی لە کۆماری وایمەر، ئەڵمانیای خۆرهەڵاتی کۆمەنیستی و ڕایخی سێیەمدا بەسەر بردووە و وەکو هاوڵاتییەکی ئەڵمانیای یەکگرتوو و دیموکرات مردووە. ئەو بەشێک بووە لە پێنج سیستەمی کۆمەڵایەتیی سیاسی جیاواز، هەرچەندە (دی.ئێن.ئەی)ەکەی هەروەکو خۆی ماوەتەوە.

ئەمە کلیلی سەرکەوتنی مرۆڤە هۆشمەندەکان بووە. لە شەڕێکی دوو کەسیدا، لەوانەیە نیاندەرتاڵێک لە مرۆڤێکی هۆشمەندی ببردایەتەوە. بەڵام لە شەڕێکی سەدان کەسیدا، نیاندەرتاڵەکان چانسی بردنەوەیان نەدەبوو. دەکرا نیاندەرتاڵەکان لەبارەی شوێنی شێرەکان ئاڵوگۆڕی زانیاری بکەن، بەڵام لەوانە بوو نەتووانن چیرۆک لەبارەی ڕۆحە خێڵەکییەکان بگێڕنەوە- و چاو پێدابخشێننەوە. بەبێ توانای دارشتنی حیکایەت، نیاندەرتاڵەکان نەیانتووانی بە ژمارەی زۆر بەشێوەیەکی کاریگەر هاریکاری یەکتر بکەن، نە توانیشیان ڕەفتاری کۆمەڵایەتییان لەگەڵ تەحەدا خێرا گۆڕاوەکاندا بگونجێنن.

لەکاتێکدا کە ناتووانین بچینە ناو ئەقڵی نیاندەرتاڵێکەوە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن بیری کردووەتەوە، بەڵگەی ناڕاستەوخۆمان هەیە لەبارەی سنووورەکانی درکیان بە بەراورد بە ڕکابەرە هۆشمەندەکانیان. ئەو ئارکیۆلۆژیستانەی شوێنگەکانی ٣٠،٠٠٠ ساڵ کۆنی مرۆڤە هۆشمەندەکان لە ناو چەقی ئەوروپادا ناوکۆڵ دەکەن، ناوبەناو قاوغی دەریایی کەنارەکانی دەریای مێدیتەرانە و ئەتلانتیکیان دۆزیووەتەوە. لە هەموو ئەگەرێکدا، ئەم قاوغانە لە ڕێگەی بازرگانیی دوورەدەست لەنێوان گروپە هۆشمەندە جیاوازەکاندا گەیشتوونەتە ناوەوەی کیشوەرەکە. شوێنگەکانی نیاندەرتاڵەکان بەڵگەی بازرگانییەکی وەها نادەن بەدەستەوە. هەر گروپێک ئامێرەکانی خۆی لە کەرەستە لۆکاڵییەکان دروست کردووە.

نموونەیەکی تر لە باشووری دەریای هێمنەوە دێت. ئەو گروپانەی مرۆڤە هۆشمەندەکان کە لە دوورگەی ئێرلەندەی نوێ، باکووری کینیای نوێ ژیاون، شوشەیەکی بورکانییان بەکار هێناوە بەناوی بەردەڕەش بۆ دروستکردنی ئامێری بەهێز و تیژ. هەرچۆنێک بێت، ئێرلەندەی نوێ سامانی سروشتیی بەردەڕەشی نییە. تێستەکانی تاقیگە دەریانخستووە ئەو بەردەڕەشەی ئەوان بەکاریان هێناوە لە سامانە سروشتییەکانی بەریتانیای نوێ وەرگیراوە، دوورگەیەک کە ٤٠٠ کیلۆمەتر دوورە. دەبێ هەندێ لە نیشتەجێبووانی ئەم دوورگانە گەڕۆکی شارەزا بووبێتن کە لە دووراییی زۆرەوە لە دوورگەیەکەوە بۆ دوورگەیەک بازرگانییان کردووە. لەوانەیە بازرگانی لە چالاکییەکی زۆر کرداری بچێت، چالاکییەک کە پێویستی بە هیچ بنەمایەکی چیرۆکی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هیچ گیانەوەرێک جگە لە مرۆڤی هۆشمەند ناچێتە ناو بازرگانییەوە و هەموو تۆڕە بازرگانییەکانی مرۆڤە هۆشمەندەکان کە ئێمە بەڵگەی وردمان لەبارەوە هەن لەسەر بنەمای

حیکایات سەرچاوەیان گرتووە. بازرگانی ناشێ بەبێ متمانە بوونی هەبێت و متمانە کردن بە بێگانان کارێکی قورسە. تۆڕی بازرگانیی جیهانیی ئەمڕۆ لەسەر بنەمای متمانەمانە بە کیانە چیرۆکییەکانی وەکو دۆلار، بانکی یەدەکی فیدرالّ و مارکە بازرگانییە سیحراویەکان. کاتێک دوو بێگانە لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکیدا دەیانەوێ بازرگانی بکەن، زۆرجار لە ڕێگەی هانابردنە بەر خودایەکی هاوبەش، باوانێکی ئەفسانەیی یان گیانەوەرێکی پیرۆز متمانە بونیاد دەنێن.

ئەگەر ئەو مرۆڤە هۆشمەندە دێرینانەی باوەڕیان بەو جۆرە چیرۆکانە هەبووە بازرگانییان بە قاوغی دەریایی و بەردەڕەشەوە کردبێ، ئەڵ دەیگرێ بەهەمان شێوە بازرگانیی زانیارییان کردبێت، لێرەوە تۆڕێکی چڕتر و فراوانتری زانینیان لە هی نیاندەرتاڵەکان و مرۆڤە دێرینەکان دروست کردبێت.

تەکنیکەکانی ڕاوکردن شرۆڤەیەکی تری ئەم جیاوازییانە دابین دەکەن. نیاندەرتاڵەکان زۆرجار بەتەنیا یان لە گروپی بچوک بچوکدا ڕاویان کردووە. کەچی مرۆڤە هۆشمەندەکان، تەکنیکی وەهایان گەڵاڵەکردووە کە پشت ئەستوور بووە بە هاریکاریی نێوان چەندەها تاکەکەس و تەنانەت لەوانەیە چەندەها گروپی جیاواز. بەشێوەیەکی دیاریکراو، شێوازێکی کاریگەر بریتی بووە لە دەورەدانی ڕانە ئاژەڵێکی تەواو، وەکو ئەسپی کێوی، ئینجا ڕاونانیان بۆ ناو دۆڵێکی بەرتەسک کە تیایدا کۆمەڵکوژ کردنیان ئاسان بووە. ئەگەر هەمووی بەگوێرەی پلان بەڕێوە بچووایە ئەوا گروپەکان دەیانتووانی چەندەها تەن گۆشت، چەوری و پێستی ئاژەڵ لە یەک پاشنیوەڕۆی تەقەلای دەستەجەمعیدا هەڵبگرنەوە و ئەم سامانە یا لە قابلەمەیەکی گەورەدا لێبنێن یان وشکی بکەنەوە و دوکەڵاوی بکەن، یان (لە ناوچە جەمسەرییەکانی باکووردا) لە

بەفردا هەڵیگرن بۆ بەکارهێنانی لەکاتێکی تردا. ئارکیۆلۆژیستەکان ئەو شوێنانەیان دۆزیووەتەوە کە تیایدا ڕانە ئاژەڵی تەواو سالانە بەو شێوازانە کۆکوژ کراون. تەنانەت ئەو شوێنانە هەن کە تیایاندا پەرژین و بەربەست قوت کراونەتەوە بۆ دروستکردنی تەڵەی ساختە و کوشتارگە.

لەوانەیە ئێمە وایدابنێین کە نیاندەرتاڵەکان دڵخۆش نەبوون بە بینینی ئەوەی کە گۆڕەپانە نەریتییەکانی ڕاوکردن ببنە کوشتارگەی کۆنترۆڵکراو لەلایەن مرۆڤە هۆشمەندەکانەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر تۆندوتیژی لەنێوان ئەو دوو توخمە ڕوویدابێت، نیاندەرتاڵەکان لە ئەسپی کێوی باشتر نەبوون. پەنجا نیاندەرتاڵی هاریکار بەشێوەی نەریتی و نەگۆڕ ڕکابەرێتی ٥٠٠ مرۆڤی هۆشمەندی لێهاتوو و تازەگەریان پێنەکراوە. تەنانەت ئەگەر مرۆڤە هۆشمەندەکان یەکەم خولیان دۆڕاندبێت، ئەوا توانیوویانە بەخێرایی ستراتیژی نوێ گەڵاڵە بکەن بۆئەوەی جاری دواتر براوە بن.

له شۆڕشی درك دا چی رووبدا؟

توانای نوێ دەرەنجامی بەرفراوانتر

توانای گواستنەوەی بڕی گەورەتری زانیاری لەبارەی جیهانی دەوروبەری مرۆڤە هۆشمەندەکان	پلانـــدانان و جێبەجێکردنـــی کرداری ئاڵۆز، وەکـو خـوڵادان لە شێر و ڕاوکردنی گاکێوی
توانای گواستنەوەی بڕی گەورەتری زانیـــاری لەبـــارەی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــــانی مـــــرۆڤە هۆشمەندەکان	گروپـــی گەورەتـــر و تەبـــاتر، کە ژمارەیان دەگەیشتە ١٥٠
ئەلف- هاریکاری نێـوان ژمـارەی زۆر گەورەی بێگانەکان	توانـــای گواســـتنەوەی زانیـــاری لەبارەی ئەو شـتانەی بە واقیعـی بوونیـــان نیـــیە، وەکـــو ڕۆحە خێڵەکییەکـــان، نەتەوەکـــان، کۆمپانیـــــا بەرپرســـــیارێتی سنووردارەکان و مافەکانی مرۆڤ
ب- تـــازەگەریی خێـــرای رفتـــاری کۆمەڵایەتی	

مێژوو و بایۆلۆژیا

ئەو فرەڕەنگییە گەورەیەی واقعیەتە وێناکراوەکان کە مرۆڤە هۆشمەندەکان دایانهێنا و دەرەنجامەکە کە فرەڕەنگیی ڕێسا ڕەفتارییەکان بوو، پێکهاتە سەرەکییەکانی ئەو شتەن کە پێیان دەڵێین (کەلتوورەکان). هەر کە کەلتوورەکان دەرکەوتن، قەت لە گۆڕان و گەشەکردن نەوەستان و ئەم وەرچەرخانە نەوەستێنراوانە ئەو شتەن کە پێی دەڵێین (مێژوو).

بەم پێیە شۆڕشی درک ئەو ساتەیە کە مێژوو سەربەخۆیی خۆی لە بایۆلۆژی ڕاگەیاند. تاوەکو شۆڕشی درک، کردارەکانی هەموو توخمەکانی مرۆڤ سەر بە پانتایی بایۆلۆژی بوون، یان ئەگەر پێت باشترە، سەر بە پێش مێژوو (من خۆم لە زاراوەی پێش مێژوو لادەدەم، چونکە بەهەڵە گوزارشتە لەوەی پێش شۆڕشی درک مرۆڤەکان لە پۆلێنبەندییەکی تایبەت بەخۆیاندا بوون). لە شۆڕشی درک بەولاوە، حیکایەتە مێژوویییەکان وەکو ئامرازی سەرەکیمان بۆ ڕوونکردنەوەی گەشەی مرۆڤە هۆشمەندەکان، شوێنی تیۆرە بایۆلۆژییەکان دەگرنەوە. بۆ تێگەیشتن لە سەرهەڵدانی مەسیحییەت یان شۆڕشی فەرەنسی، بەس نییە لە کارلێکی بۆهێلەکان، هۆرمۆنەکان و ئۆرگانیزمەکان تێبگەین. پێویستە کارلێکی بیرۆکەکان، وێناکان و فەنتازیاکانیش لەبەرچاو بگرین.

ئەمە بەو مانایە نییە کە مرۆڤە هۆشمەندەکان و کەلتووری مرۆڤ بوو لە یاسا بایۆلۆژییەکان بێ بەری بوون. ئێمە هێشتا گیانەوەرین و توانا فیزیکی، سۆزی و درکییەکانمان هێشتا بەهۆی (دی.ئێن.ئەی)ەکەمان دیاری دەکرێت. کۆمەڵگاکانمان بەهەمان ئەو بلۆکانە بونیاد نراون کە کۆمەڵگاکانی نیاندەرتاڵەکان یان شەمپانزێکانی پێ بونیاد نراون و چەندەی زیاتر ئەم بلۆکانەی بونیادنان-هەستەکان و پەیوەندییە

خێزانییەکان- بپشکنین، ئەوەندە جیاوازیی کەمتر لەنێوان خۆمان و ئەپەکانی تر بەدی دەکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵەیە لە ئاستی تاکەکەس یان خانەوادەدا بۆ جیاوازییەکان بگەڕێیت. یەک یەک و تەنانەت دە دە، بەشێوەیەکی شەرمەزارانە لە شامپانزێکان دەچین. جیاوازییە گرنگەکان تەنیا ئەو کاتە بەرە بەرە دەردەکەون کە ئێمە لە سنووری ١٥٠ کەس ڕەت ببین و کاتێک ئێمە دەگەینە ١٠٠٠-٢٠٠٠ تاکەکەس، جیاوازییەکان سەرسوڕهێنەرن. ئەگەر تۆ هەوڵتدا هەزاران شامپانزێ لە گۆڕەپانی (تیانانمێن)، وۆڵ ستریت، ڤاتیکان، یان بارەگای یوئێن، کۆ بکەیتەوە ئەوا ئەنجامەکە گەڕەلاوژێ دەبێت. کەچی، مرۆڤە هۆشمەندەکان ناوبەناو لەو شوێنانەدا بە هەزاران کۆ دەبنەوە. ئەوان پێکەوە، ڕێسای ڕێکوپێک دروست دەکەن- وەکو تۆڕی بازرگانی، ئاهەنگی بەکۆمەڵ و دامەزراوە سیاسییەکان- کە بە تەنیا و دابڕاوی نەیاندەتووانی دروستی بکەن. جیاوازی ڕاستەقینەی نێوان ئێمە و شەمپانزێکان، ئەو چەسپە ئەفسانەییەیە کە ژمارەی گەورەی تاکەکان، خێزانەکان و گروپەکان پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەم چەسپە ئێمەی کردووەتە سەرگەورەی بوون.

بێگومان، ئێمەش پێویستمان بە شارەزایەتی تر هەبوو، وەکو توانای دروستکردن و بەکارهێنانی ئامێرەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئامێرسازی بەرەنجامێکی وەهای نییە ئەگەر هاوشان نەبێ لەگەڵ توانای هاریکاری لەگەڵ خەڵکێکی زۆری تردا. ئەوە چۆنە کە ئێستا موشەکی نێوان کیشوەریمان هەیە بە کڵاوەی ئەتۆمییەوە، لەکاتێکدا کە پێش ٣٠،٠٠٠ ساڵ تەنیا داری درێژی سەرە ڕممان هەبوون؟ لەرووی فسیۆلۆجییەوە، لەماوەی ٣٠،٠٠٠ ساڵی ڕابردوودا توانای ئامێرسازیمان هیچی وەها باشبوونی بەخۆیەوە نەدیووە. ئەلبێرت ئەنیشتاین بە بەراورد بە (راوچی-

بەروبووم کۆکەرەوە)یەکی دێرین کەمتر بە دەست و پل بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، تواناماڵ بۆ هاریکاری لەگەڵ ژمارەی زۆری غەریبەکاندا بەشێوەیەکی دراماتیکی باشبوونی بەخۆیەوە بینیووە. ڕمی بەردینی دێرین لەلایەن تاکەکەسێکەوە بە چەند خولەکێک دروست دەکرا کە پشتی بە ئامۆژگاری و یارمەتی چەند هاوڕێیەکی نزیکی دەبەست. بەرهەمهێنانی کلاوەیەکی ناوکی پێویستی بە هاوکاریی ملیۆنان غەریبە هەیە لە سەرانسەری جیهاندا- لەو کرێکارانەوە کە کانزای یۆرانیۆم لە قوڵاییەکانی زەوی دەردەهێنن تا ئەو فیزیاناسە تیۆرییانەی کە هاوکێشەی ماتماتیکی درێژ دەنووسن بۆ وەسفکردنی کارلێکەکانی گەردیلکۆکەکان.

پەیوەندیی نێوان بایۆلۆژی و مێژوو لە پاش شۆڕشی درک بەمشێوەیەی خوارەوە پوخت دەکەینەوە:

ئەلف-بایۆلۆژیا دیاریکەری بنچینەییە بۆ ڕەفتار و تواناکانی مرۆڤە هۆشمەندەکان. تەواوی مێژوو لەناو سنووری ئەم قەڵەمڕەوە بایۆلۆژییەدا ڕووەدات.

ب- لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم قەڵەمڕەوە بەشێوەیەکی سەروو ئاسایی گەورەیە، ڕێگە بە مرۆڤە هۆشمەندەکان دەدات چەندەها یاری سەرسوڕهێنن بکەن. لە سایەی توانای داهێنانی حیکایەتدا، مرۆڤە هۆشمەندەکان یاریی ئاڵۆز و ئاڵۆزتر دروست دەکەن کە هەر نەوەیەک لە نەوەکان گەشەی پێدەدات و تەنانەت چڕوپڕتری دەکات.

ج-سەرەنجام، بۆ تێگەیشتن لەوەی مرۆڤە هۆشمەندەکان چۆن ڕەفتار دەکەن، دەبێ ئێمە پەرەگرتنی مێژوویی کردارەکانیان شرۆڤە بکەین. ئاماژەکردن بە تەنیا بە تەگەرە بایۆلۆژییەکان وەکو پێشکەشکارێکی ڕادیۆیی دەبێ کە لەکاتی پاڵەوانێتییەکانی جامی

جیهانی تۆپی پێدا، وەسفێکی تیروتەسەل لەبارەی گۆڕەپانی یاری نەک ئەمەی یاریزانەکان چی دەکەن، پێشکەشی بیسەرانی دەکات.

پێشینانی چاخی بەردین-مان لە قەڵەمڕەوی مێژوودا چییان کرد؟ ئەوەندەی ئاگادار بین، ئەو خەڵکەی ٣٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر پەیکەری شێرەپیاوی ئەشکەوتی ستادێلیان تاشی، هەمان توانای جەستەیی، هەستی و فیکری ئێمەیان هەبوو. ئەوان چییان کرد کاتێک لە بەیانیدا لەخەو بێدار بوون؟ بۆ نانی بەیانی- و نیوەڕۆ چییان خوارد؟ کۆمەڵگاکانیان حەزیان لە چی بوو؟ ئایا شەڕیان بۆ یاسای تاک هاوسەرێتی دەکرد؟ بەشی دواتری کتێبەکە سەرنجێک دەداتە پشت پەردەی چاخەکان و لە هەزارەی جیاکەرەوەی نێوان شۆڕشی درک و شۆڕشی کشتوکاڵیدا پشکنینێکی ژیان دەکات.

٣

رۆژێك له ژیانی نادەم و حەوا

بۆ تێگەیشتن له سروشت، مێژوو و سایکۆلۆژیامان، دەبێ بچینە ناو سەری پێشینانی (راوکەر-بەروبووم کۆکەرەوە)مان. بەدرێژایی نزیکەی تەواوی مێژووی توخمی ئێمە، مرۆڤە هۆشمەندەکان وەکو خۆراک دۆزەرەوە ژیاون. ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو، کە تیایدا، ژمارەی پەیتا پەیتا زیادبووی مرۆڤە هۆشمەندەکان نانی ڕۆژانەیان وەکو ئیشکەری شوێنە ئاوەدانەکان و کارمەندی ئۆفیس بەدەستهێناوە و ١٠،٠٠٠ ساڵی پێشوو، کە تیایدا زۆربەی مرۆڤە هۆشمەندەکان وەکو جوتیار و شوان ژیاون، چاوتروکانێکە بە بەراورد بەو دەیان هەزار ساڵەی کە تیایدا پێشینانمان ڕاویان کردووە و بەروبوومیان هەڵگرتووەتەوە.

بواری ڕووڵەگەشەی سایکۆلۆژیای پەرەگرتن بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە زۆرێک لە تایبەتمەندییە سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەمڕۆمان لەم سەردەمە پێش کشتوکاڵییە درێژەدا پێکهاتوون. تەنانەت ئەمڕۆش، لێکۆڵەرانی ئەم بواره بانگەشەی ئەوە دەکەن کە مێشکمان و ئەقڵمان گونجاوە بۆ ژیانی ڕاوکردن و هەڵگرتنەوە. خوی خواردنمان، ململانێکانمان و لایەنی سێکسمان هەمووی دەرەنجامی کارلێکی ئەقڵیەتی (راوکردن-هەڵگرتنەوە)مانە

لەگەڵ ژینگەی پاش پیشەسازیی ئێستامان، لەگەڵ شارە زەبەلاحەکانی، فرۆکەکانی، تەلەفۆنەکان و کۆمپیوتەرەکانیدا. ئەم ژینگەیە سەرچاوەی مادی زۆرتر و ژیانی درێژترمان دەداتێ لەوەی کە نەوەی پێشوو هەیانبووە، بەڵام زۆرجار وامانلێدەکات هەست بە لاتەریکی، خەمۆکی و فشار بکەین. بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی وایە، دەروونناسانی پەرەگرتن، پێیان وایە پێویستە ئێمە بچینە ناو ئەو جیهانەی ڕاوکەر-بەروبووم کۆکەرەوە کە ئێمەی پێکهێنا، جیهانێک کە ئێمە بەشێوەیەکی ناخودئاگایانە هێشتا تیایدا نیشتەجێین.

بۆ نموونە، بۆچی خەڵکی ڕووەکەنە خۆراکی کالۆری بەرز کە کەڵکی کەمی بۆ جەستەیان هەیە؟ کۆمەڵگە کامەرانەکانی ئەمڕۆکە لە تڕۆپکی ئافاتی قەڵەویدان کە بە خێرایی بۆ وڵاتانی ڕووڵەگەشە تەشەنە دەکات. ئەوە مەتەڵێکە کە بۆچی ئێمە لەسەر شیرینترین و چەورترین خواردنەکان زۆرخۆری دەکەین تا ئەو کاتەی کە خووەکانی خواردنی پێشینانی خۆراک دۆزەرەوەمان لەبەرچاو دەگرین. لەو دەشتەگیایی و دارستانانەی تیایدا نیشتەجێ بوون، شیرینییە پڕ کالۆرییەکان زۆر دەگمەن بوون و خۆراک بەگشتی زۆر کەم بووە. تاکێکی خۆراک کۆ کەرەوەی پێش ٣٠،٠٠٠ ساڵ، تەنیا دەستی بە یەک جۆر خۆراکی شیرین – میوەی پێگەیشتوو- گەیشتووە. ئەگەر ژنێکی چاخی بەردین بگەیشتایەتە درەختێک کە هەنجیری زۆری پێدا شۆڕ بوونەتەوە، مەعقولترین شتێک بیکردایە ئەوا خواردنی زۆرترین دانە بوو لەو هەنجیرانە، پێش ئەوەی باندێکی مەیموونی بابونی ناوچەکە درەختەکە ڕووت بکاتەوە. غەریزەی نەوسنی لەسەر خۆراکە پڕکالۆرییەکان ڕەگی لە قوواڵیی بۆهێڵی ئێمەدا بوو. لەوانەیە ئێمە ئەمڕۆ لە شوقە بەرزەکاندا بژین کە سەلاجەکانی ناوی پڕە .لە خواردن، بەڵام دی.ئێن.ئەی-مان

پێی وایە هێشتا لە دەشتە گیاییەکاندایە. هەر ئەمەشە وامان لێدەکات بە کەوچک قاپێکی ئایسکرێم بنکۆڵ بکەین کاتێک دانەیەک لە فرێزەرەکەدا دەدۆزینەوە و پاشان شوشەیەک کۆکاکۆلاشی بەدوادا هەڵدەقۆڕێنین.

ئەم تێۆرەیەی (بۆهێڵی نەوسنی) بەشێوەیەکی بەرفراوان قبوڵ کراوە. تێۆرەکانی تر زۆر ئاستومرژامێزن. بۆ نموونە، هەندێ لە سایکۆلۆژیستەکانی پەرەگرتن بەڵگەی ئەوە دێننەوە کە باندە خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان پێکنەهاتبوون لەو خانەوادە گەورانەی لەسەرتاک هاوسەرێتییەکان چەقیان گرتووە. بەڵکو، خۆراک دۆزەرەوەکان لەو کۆمۆنانەدا ژیاون کە بەتاڵ بووە لە مووکیەتی تایبەت، پەیوەندییە تاک هاوسەرێتییەکان و تەنانەت باوکایەتی. لە باندێکی وەهادا، ژن توانیوویەتی لەیەک کاتدا لەگەڵ ژمارەیەک پیاو (و ژنیش)دا سێکس بکات و پەیوەندی گەرم و گوڕیان لەگەڵدا دروست بکات و هەموو پێگەیشتووانی باندەکە هاریکار بوون لە بەخێوکردنی منداڵەکانیاندا. لەبەرئەوەی هیچ پیاوێک بە دڵنیایی نەیزانیووە کام منداڵانە هی ئەون، پیاوان پەرۆشیی یەکسانیان بەرانبەر هەموو منداڵەکان پیشان داوە.

بونیادێکی کۆمەڵایەتی وەها یوتۆپیایەکی بورجی دەڵۆ نییە. ئەمە لەناو گیانەوەران و بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو نزیکترین خزمانی ئێمەدا، شامپانزێ و بۆنۆبۆکان، بە باشی دۆکیومێنت کراوە. تەنانەت ژمارەیەک کەلتووری مرۆیی ئەم ڕۆژگارە هەن تیایاندا باوکایەتی دەستەجەمعی پراوە کراوە، بۆ نموونە لەناو (باری)یە هیندییەکاندا. بەپێی بیروباوەڕەکانی ئەو کۆمەڵگایانە، منداڵ لە سپێرمی تاکە پیاوێک نایەتە دونیاوە، بەڵکو لە ئەنجامی کەڵەکەبوونی سپێرم لە منداڵدانی ژندا دێتە دنیاوە. دایکێکی باش، خۆی دڵنیا دەکاتەوە لەوەی سێکس لەگەڵ

چەند پیاوێکی جیاوازدا بکات، بەتایبەت کاتێک سکپڕە بۆئەوەی منالەکەی تایبەتمەندییەکان (و چاودێری باوکایەتی)ی نەک باشترین ڕاوچی بەڵکو باشترین حیکایەتخوان، بەهێزترین جەنگاوەر و دڵسۆزترین خۆشەویست مسۆگەر بکات. ئەگەر پوچ دیار بێت، ئەوەت لە خەیاڵ بێت کە پێش پەیدابوونی تۆڕینەوە کۆرپەلەییەکانی مۆدێرن، خەڵکی بەڵگەی بەرجەستەیان نەبوو لەبارەی ئەوەی کە کۆرپەکان هەمیشە لەپاش تاکە باوکێک دەکەونەوە نەک چەند دانەیەک.

نەیارانی ئەم تیۆرەیەی (کۆمۆنەی دێرین) بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە ناپاکییە ناوبەناوەکان کە تایبەتمەندیی هاوسەرێتییەکانی مۆدێرنە و ڕێژەی بەرزی تەڵاق، چ جای ئەو هەموو گرێ سایکۆلۆژییانەی هەم منالان و هەم پێگەیشتووان بەدەستیەوە دەنااڵێنن، هەمووی لە ئەنجامی ناچارکردنی مرۆڤەکانە بۆ ژیان لە خێزانی ناوکی (ژن و مێرد و منال) و پەیوەندییە تاک هاوسەرێتییەکاندا کە لەگەڵ سۆفتوێری بایۆلۆژیماندا ناکۆکن.

زۆرێک لە لێکۆڵەران بە تووندی ئەم تیۆرەیە ڕەت دەکەنەوە و سوورن لەسەر ئەوەی هەم تاک هاوسەرێتی و هەم پێکهێنانی خێزانە ناوکییەکان کرۆکی ڕەفتاری مرۆیین. ئەم لێکۆڵەرانە بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە هەرچەندە کۆمەڵگە ڕاوکەرەوەکان هاوبەشیگەراتر و و یەکسانیگەراتر بوون لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان، لەگەڵ ئەوەشدا لە خانەی جیاجیا پێکدەهاتن و هەرێەک لەم خانانە ژن و مێردێکی ئیرەیی بەر و ئەو منالانەی تێدابوو کە تیایدا هاوبەش بوون. هەربۆیە پەیوەندییە تاک هاوسەرییەکانی ئەمڕۆ و خێزانە ناوکییەکان لە زۆربەی کەڵتوورەکاندا ڕێسایەکن، هەربۆیە پیاوان و ژنان زۆر مکوڕن لە خاوەندارێتی هاوسەرەکانیان .و منالەکانیان و هەربۆیە تەنانەت لە

دەوڵەتانی مۆدێرنی وەکو کۆریای باکوور و سوریادا دەسەڵاتی سیاسی لە باوکەوە شۆڕ دەبێتەوە بۆ کوڕەکەی.

بۆ شیکارکردنی ئەم مشتومڕە و تێگەیشتن لە لایەنی سێکس، کۆمەڵگە و سیاسەتمان، پێویستە شتێک لەبارەی هەلومەرجی بژێوی پێشینانمان تێبگەین، بۆ پشکنینی ئەمەی کە چۆن مرۆڤە هۆشمەندەکان لەنێوان شۆڕشی درکی ٧٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر و دەستپێکی شۆڕشی کشتوکاڵیی نزیکەی ١٢،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر ژیاون.

بەداخەوە، یەقینی کەم هەیە لەبارەی ژیانی پێشینانی خۆراک دۆزەرەوەمان. مشتومڕی نێوان (کۆمۆنەی دێرین) و (قوتابخانە تاک هاوسەرێتییە تاهەتاییەکان) لەسەر بنەمای بەڵگەیەکی لاواز ڕۆنراوە. ئێمە بە ئاشکرا تۆماری نوسراومان لە چاخی خۆراک دۆزەرەوەکانەوە نییە و بەڵگەی ئارکیۆلۆژی بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئێسقانی بە بەردبوو و ئامێرە بەردینەکان پێکدێت. ئامرازی دروستکراو لە مادە کورتخایەنەکان- وەکو تەختە، حەیزەران یان چەرم- تەنیا لە هەلومەرجی ناوازەدا بەرگە دەگرن. بۆچوونی باو لەمەڕ ئەوەی کە مرۆڤەکانی پێش کشتوکاڵ لە چاخی بەرد دا ژیاون، بەهەڵە تێگەیشتنێکە لەسەر بنەمای ئاراستەگیریی ئارکیۆلۆژی. دەبێ چاخی بەرد بەشێوەیەکی دروستتر بە چاخی تەختە ناودێر بکرێت، چونکە زۆربەی ئامێرە بەکارهێنراوەکان لەلایەن ڕاوکەرە-کۆکەرەوەکان لە تەختە دروستکراون.

هەر بەرهەمهێنانەوەیەکی ژیانی ڕاوکەرە-کۆکەرەوەکان لە ئامرازە بەرماوەکانەوە، بێ ڕادە گرفتئامێزە. یەکێک لە جیاوازییە هەرە دیارەکانی نێوان خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان و نەوە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکانیان ئەوەیە کە خۆراک دۆزەرەوەکان ئامرازی زۆر کەمیان

هەبووە و ئەمانەش ڕۆڵێکی تا ڕادەیەک سادەیان هەبووە لە ژیانیاندا. بەدرێژایی ماوەی ژیانی، ئەندامێکی کۆمەڵگەیەکی کامەرانی مۆدێرن، خاوەنی چەند ملیۆنێک ئامرازە- هەر لە ئۆتۆمبێلەکان وخانووەکانەوە تا دایبی کاتی و کارتۆنە شیرەکان. بە دەگمەن چالاکییەک، باوەڕێک یان تەنانەت هەستێک هەیە کە لەلایەن شتە دەستکردەکانی خۆمان زەمینەسازی بۆ نەکرابێت. خووەکانی خواردنمان بەهۆی کۆبەندییەکی وێنانەکراوی ئامرازەکانەوە زەمینەسازی بۆ دەکرێ، هەر لە کەوچک و پەرداخەوە بگرە تا تاقیگەکانی ئەندازەی بۆهێڵی و کەشتییە دەریاییەکان. لە شانۆییدا، چەندەها بوکەڵە بەکار دەهێنین، هەر لە کارتە پلاستیکییەکانەوە بۆ ستادیۆمە ١٠٠،٠٠٠ کورسییەکان. پەیوەندییە ڕۆمانسی و سێکسییەکانمان بە ئەڵقەکان، پێخەفەکان، جلە جوانەکان، ژێرجلی سێکسی، کۆندۆمەکان، ڕیستۆرانتە ڕاقییەکان، مۆتێلە هەرزانەکان، هۆڵەکانی چاوەڕوانیی فڕۆکەخانە، هۆڵەکانی زەماوەند و کۆمپانیاکانی دابینکردنی خواردن و خواردنەوەی بۆنەکان، زەمینەسازی بۆ دەکرێت. ئایینەکان بە کەنیسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، مزگەوتەکان، ئاشرامە هیندۆسەکان، پەڕەکانی تەورات، عەباکانی قەشە، مۆمەکان، بۆنی بوخورد، درەختەکانی کریسمەس، قەبرەکان و ئایکۆنەکان پیرۆزی دەهێننە ناو ژیانمانەوە.

ئێمە بە دەگمەن تێبینی ئەوە دەکەین کە شتەکانمان چۆن لە هەموو شوێنێک هەن تا ئەو کاتەی کە دەبێ بیگوازینەوە بۆ خانوویەکی نوێ. خۆراک دۆزەرەوەکان هەموو مانگێک، هەموو هەفتەیەک و هەندێ جار هەموو ڕۆژێک مالیان گواستۆتەوە و هەموو ئەو شتەی هەیانبووە بە پشت گواستوویانەتەوە. هیچ کۆمپانیایەک، عەرەبانەیەک یان تەنانەت ئاژەڵی گواستنەوە نەبووە تا کۆڵەپشتەکانیان بۆ هەڵگرێت. سەرەنجام

دەبووایە تەنیا جەوهەریترین شتەکانیان لەخۆیان بار بکەن. کەواتە مەعقولە وێنای ئەوە بکەیت بەشی هەرە گەورەی ژیانی هەستی، ئایینی و ئەقڵییان بەبێ یارمەتی ئامرازەکان بەڕێوە چووە. ئارکیۆلۆژیستێک کە پاش ١٠٠،٠٠٠ ساڵی تر کار دەکات دەتوانێ پارچەکانی وێنەیەکی مەعقولی پراوە و باوەڕی موسڵمانێک لە چەندەها کەرەستە پێکەوە بنێتەوە کە لە پاشەواری مزگەوتێکەوە دۆزراونەتەوە. بەڵام ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر سەرگەردانین لە هەوڵدان بۆ پەیبردن بە باوەڕەکان و سروتەکانی ڕاوکەرە-کۆکەرەوەکان. ئەمەش هەر هەمان ئەو گرفتەیە کە مێژووناسێکی ئایندە ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەگەر پێویست بکات تەنیا لەسەر بنەمای پاشماوەی نامەکانیان جیهانی کۆمەڵایەتی هەرزەکارانی سەدەی بیست و یەک وەسف بکات- چونکە هیچ تۆمارێک لە وتوێژە تەلەفۆنییەکانیان، ئیمەیڵەکانیان، بلۆگەکانیان و تێکست مێسجەکانیان نامێنێتەوە.

لێرەوە، پشت بەستن بە ئامرازەکان چەردەیەکی ژیانی ڕاوکەرە-کۆکەرەوە دێرینەکان دەگێڕێتەوە. ڕێگایەک بۆ چاککردنەوەی ئەمە، ڕوانینە لە کۆمەڵگە خۆراک دۆزەرەوە مۆدێرنەکان. دەکرێ ئەمە لەڕێگەی چاودێریکردنی ئەنترۆپۆلۆژییەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ تاووتوێ بکرێت. بەڵام هۆکاری باش هەن بۆئەوەی زۆر وریا بین لەمەڕ بەکارهێنانی فاکتەکانی کۆمەڵگە خۆراک دۆزەرەوە مۆدێرنەکان بۆ کۆنەکان.

یەکەم، هەموو ئەو کۆمەڵگە خۆراک دۆزەرەوانەی تاوەکو سەردەمی مۆدێرن بەرگەیان گرتووە لەژێر کاریگەریی کۆمەڵگە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکانی دەوروبەردا بوون. سەرەنجام، مەترسیدارە گریمانەی ئەوە بکەیت ئەوەی کە لەبارەیانەوە ڕاستە بەهەمان شێوە لەبارەی دەیان

هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە ڕاستە. دووەم، کۆمەڵگە خۆراک دۆزەرەوە مۆدێرنەکان بەشێوەیەکی سەرەکی لەو ناوچانەدا ماونەتەوە کە هەلومەرجی کەش و هەوایان سەختە و ناخۆشن و لەبار نین بۆ کشتوکاڵ. لەوانەیە ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەگەڵ هەلومەرجی سەختی شوێنەکانی وەکو بیابانی (کالاهاری)ی باشووری ئەفریقا خۆیان گونجاندووە مۆدێلێکی گومڕاکەر بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە دێرینەکان لە ناوچە بەپیتەکانی وەکو (دۆڵی ڕووباری یانگتزی) بخەنەڕوو. بەشێوەیەکی دیاریکراو، چڕیی دانیشتووان لە ناوچەیەکی وەکو بیابانی کالاهاری زۆر کەمترە لەوەی کە لە دەوروبەری یانگتزی-ی دێرین بوو و ئەمە ئاماژەی زۆر قوڵی هەیە بۆ پرسیارگەلی بنچینەیی لەبارەی قەبارە و بونیادی باندە مرۆییەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان.

سێیەم، تایبەتمەندیی هەرە بەرچاوی کۆمەڵگە ڕاوکەرە-کۆکەرەوەکان بریتییە لە ڕادەی جیاوازییان لە یەکتری. ئەوان نەک تەنیا لە ناوچەیەکی جیهانەوە بۆ ناوچەیەکی تر لێک جیاوازن بەڵکو تەنانەت لەهەمان هەرێمدا جیاوازییان هەیە. نموونەیەکی باش ئەو فرەڕەنگییە گەورەیەیە کە یەکەمین نیشتەجێبووانی ئەوروپا لەناو خەڵکانی ڕەسەنی ئوسترالیا دۆزییانەوە. ڕێک بەر لە داگیرکاریی بریتانی، نزیکەی ٣٠٠,٠٠٠ بۆ ٧٠٠,٠٠٠ ڕاوکەر-کۆکەرەوە لەناو ٢٠٠-٦٠٠ هۆزدا لە کیشوەرەکەدا ژیاون کە هەریەکەیان بەسەر باندی تردا دابەش بوون. هەریەکێک لە هۆزەکان زمان، ئایین، داب و نەریت خۆی هەبووە. لە دەوروبەری ئەو شوێنەی کە ئێستا پێی دەوترێت (ئەدەلاید) لە باشووری ئوسترالیا چەند خێڵێکی باوکگەرا هەبوون کە بنەچەی خۆیان بە درێژکراوەی باوک لەقەڵەم داوە. ئەم خێڵانە پێکەوە کۆبوونەوە تا بوونە چەند هۆزێک لەسەر بنەمایەکی جیۆگرافیی بەرتەسک. کەچی، هەندێ لە هۆزەکانی

باکووری ئوسترالیا گرنگیی زیاتریان به پێشینانی دایکی کەسەکە داوە، و شوناسی هۆز پەیوەست بووە بە پیرۆزیی ئەو نەک خاکەکەی.

ئەڵ دەیگرێت کە فرەڕەنگیی ئەتنی و کەلتووری لەناو ڕاوکەر-کۆکەرەوە دێرینەکاندا بەهەمان ئاست سەرسوڕهێن بووە، بەهەمان شێوە ئەو ٥ ملیۆن بۆ ٨ ملیۆن خۆراک دۆزەرەوەیەش کە لە سەروبەندی شۆڕشی کەلتووریدا بەسەر هەزاران هۆزی جیاجیادا بە هەزاران زمان و کەلتووری جیاجیاوە دابەش بوون. دواجار، ئەمە یەکێک بوو لە میراتە سەرەکییەکانی شۆڕشی درک. لە سایەی دەرکەوتنی چیرۆکدا، تەنانەت خەڵکی خاوەن هەمان پێکهاتەی بۆهێڵی کە لەژێر هەمان هەلومەرجی ئیکۆلۆژی(ژینگەی)یدا ژیاون توانیوویانە واقعیەتی وێناکراوی جیاواز دروست بکەن، ئەو واقعیەتانەی کە لە نۆرم و بەهای جیاوازدا خۆیان دەرخستووە.

بۆ نموونە، هەموو هۆکارێک هەیە بۆ بڕواهێنان بەوەی باندێکی خۆراک دۆزەرەوە کە پێش ٣٠،٠٠٠ ساڵ لەو شوێنەدا ژیاوە کە ئێستا زانکۆی ئۆکسفۆردی تیادا بونیاد نراوە، زمانێکی جیاواز قسەی کردووە لەو کەسەی لە شوێنێک ژیاوە کە ئێستا کامبریجی لێیە. لەوانەیە باندێک شەڕانگێز بووبێت و یەکێکی تر ئاشتیخواز. لەوانەیە باندەکەی کامبریج هاوبەشیگەرا و بووبێت و ئەوەی ئۆکسفۆرد لەسەر بنەمای خێزانە ناوکییەکان بونیاد نرابێت. لەوانەیە کامبریجییەکە کاتێکی درێژی بەسەر بردبێت لە تاشینی پەیکەری تەختەی ڕۆحە پارێزگارەکانیان لەکاتێکدا کە ئۆکسفۆردییەکان لە ڕێگەی سەماوە پەرستنیان ئەنجام دابێت. لەوانەیە ئەوەی یەکەمیان بڕوای بە دۆنادۆن هەبووبێ، کەچی ئەوەی دووەمیان پێی وابووبێت ئەمە پوچە. لەوانەیە لە کۆمەڵگەیەکدا،

/

پەیوەندییە هۆمۆسێکسوالەکان قبوڵکراو بووبێتن، بەڵام لە یەکێکیتردا یاساغ بووبێت.

بە دەربڕینێکی تر، لەکاتێکدا کە چاودێرییە ئەنتڕۆپۆلۆژییەکانی خۆراک دۆزەرەوە مۆدێرنەکان دەتوانێ یارمەتیدەرمان بێت بۆ تێگەیشتنی هەندێ لەو ئەگەرانەی لای خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان هەبووە، ئاسۆی دێرینی ئەگەرەکان زۆر فراوانتر بووە و زۆربەی هەرە زۆری لە دیدەی ئێمە شاراوە بووە. مشتومڕی گەرم لەبارەی (شێوازی سروشتی ژیانی مرۆڤە هۆشمەندەکان) خاڵە سەرەکییەکەی تێدا نییە. ئەوەتەی شۆڕشی درک سەریهەڵداوە، تاکە شێوازێکی سروشتی ژیان بۆ مرۆڤە هۆشمەندەکان لەئارادا نەبووە. لەناو لێشاوێک لە ئەگەری سەرگەردانکەردا تەنیا هەڵبژاردنی کەلتووری هەن.

کۆمەڵگە کامەرانە بنچینەییەکە

لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین چ گشتاندنێک بکەین لەبارەی ژیان لە جیهانی پێش کشتوکاڵیدا؟ پێدەچێت ئاسان بێت بڵێین زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی لەو باندە بچوکانەدا ژیاون کە ژمارەیان بیست سی کەسێک یان ئەوپەڕی چەند کەسێک بووە و هەموو ئەم تاکانە مرۆڤ بوون. گرنگە تێبینی ئەم دوا خاڵە بکەین، چونکە هیچ ڕوون نییە. زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان گیانەوەری مااڵین. هەڵبەت ئەوان یەکسان نین بە گەورەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموویان هەر ئەندامن. ئەمڕۆکە، ئەو کۆمەڵگەیەی پێی دەوترێت نییوزلەندە پێکهاتووە لە ٤،٥ ملیۆن مرۆڤی هۆشمەند و ٥٠ ملیۆن مەڕ.

لەو ڕێسا گشتییە تەنیا یەک هەڵاوارده هەیە: سەگ. سەگ یەکەم گیانەوەر بووە لەلایەن مرۆڤە هۆشمەندەکانەوە مالی کراوە و ئەمە پێش شۆڕشی درک ڕوویداوە. شارەزایان لەسەر بەرواری کتومت ناکۆکن، بەڵام ئێمە بەڵگەیەکی یەکالابوومان هەیە لەبارەی ئەوەی کە ١٥،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر سەگی مالیکراو هەبوون. لەوانەیە سەگەکان ساڵانێک دواتر لای مرۆڤان گیرسابێتنەوە.

سەگەکان بەکاردەهێنران بۆ ڕاوکردن و شەڕکردن و وەکو سیستەمێکی ئاگادارکردنەوە لە بەرانبەر چوارپێ درندەکان و مرۆڤە پەلامارەرەکان. لەگەڵ تێپەڕینی نەوە دوای نەوە، دوو توخمەکە پێکەوە پەرەیان گرت بۆئەوەی بەباشی پەیوەندی لەگەڵ یەکتریدا بەرقەرار بکەن. ئەو سەگانەی لەبەرانبەر پێداویستی و هەستەکانی هاوەڵە مرۆڤەکانیان بەئاگاترین بوون، چاودێری زیاتر و خۆراکی زیاتریان پێدرا و ئەگەری مانەوەیان زۆرتر بوو. لەهەمان کاتدا، سەگەکان فێری ئەوە بوون لەپێناو پێداویستییەکانی خۆیاندا خەڵکی بەکێش بکەن. ماوەیەکی ١٥،٠٠٠ ساڵی سۆز و تێگەیشتنێکی قووڵتری لەنێوان مرۆڤەکان و سەگەکاندا بەرجەستە کرد بە بەراورد بە مرۆڤەکان و هەر گیانەوەرێکی تر. لە هەندێ حاڵەتدا سەگە مردووەکان تەنانەت وەکو مرۆڤەکان لە مەراسیمی تایبەتدا نێژراون.

ئەندامانی باندێک زۆر بەباشی یەکتریان دەناسی و بەدرێژایی ژیانیان بە خزم و دۆست دەورە درابوون. تەنهایی و خەڵوەت دەگمەن بوون. لەوانەیە باندەکانی دەوروبەر بۆ سامان پێشبڕکێیان کردبێت و تەنانەت لەدژی یەکتری شەڕیان کردبێت بەڵام بەهەمان شێوە پەیوەندی دۆستانەیان هەبووە. ئەوان ئەندامەکانیان ئاڵوگۆڕ کردووە، پێکەوە ڕاویان کردووە، ئامرازە دەگمەنەکانی خۆشگوزەرانییان گۆڕیووەتەوە،

هاوپەیمانێتیێ سیاسییان پێکهێناوە و فێستیڤاڵی ئایینییان ئەنجام داوە. ئەم هاوکارییە یەکێک بووە لە مارکە بازرگانییە گرنگەکانی مرۆڤە هۆشمەندەکان و جیاکەرەوەیەکی گرنگ بووە لە توخمەکانی تری مرۆڤ. هەندێ جار پەیوەندییەکان لەگەڵ باندەکانی دەوروبەردا بایی ئەوەندە تووندوتۆڵ بووە کە پێکەوە هۆزێکیان پێکهێناوە، زمانێکی هاوبەش، ئەفسانەی هاوبەش و بەها و دابی هاوبەشیان ئاڵوگۆڕ کردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، نابێ دریژدادڕی بکەین لە گرنگی ئەو جۆرە پەیوەندییە دەرەکییانەدا. تەنانەت ئەگەر لە وەختەکانی قەیراندا باندەکانی دەوروبەر لەیەکدی نزیکتر کەوتبێتنەوە و تەنانەت ئەگەر ناوبەناو بۆ ڕاوکردن یان ئاهەنگ گێڕان پێکەوە کۆ بووبێتنەوە، هێشتا زۆربەی هەرە زۆری کاتەکەیان لە لاتەریکی و سەربەخۆیی تەواودا بەسەر بردووە. بەشی هەرە زۆری بازرگانی سنووردار بووە بە برگە شکۆبەخشەکانی وەکو قاوغ، یاقوت و تۆزی بۆیە. بەڵگەیەک نییە لەبارەی ئەوەی کە خەڵکی بارزگانیان بە کەرەستەی پیتاکەوە کردبێت، وەکو میوە و گۆشت، یان بوونی باندێک پەیوەست بووبێت بە هاوردەکردنی کاڵا لە باندێکی ترەوە. پەیوەندییە کۆمەڵایەتی سیاسییەکانیش بەربڵاو بوون. هۆز وەکو چوارچێوەیەکی سیاسیی جێگیر خۆی نەنووساندووە و تەنانەت ئەگەر شوێنی کۆبوونەوەی وەرزی هەبووبێت، دامەزراوە یان باژێری جێگیر نەبوون. تێکڕای هەر تاکەکەسێک چەند مانگێک ژیاوە بەبێ ئەوەی مرۆڤێک لە دەرەوەی باندەکەی خۆی ببینێت یان هیچی لەبارەوە ببیستێت و بەدرێژایی ژیانی ڕێکەوتی چەند سەد کەسێک زیاتری نەکردووە. دانیشتووانی مرۆڤە هۆشمەندەکان بە تەنکی بەسەر سەرزەمینە گەورەکاندا بڵاو

بوونەتەوە. پێش شۆڕشی کشتوکاڵی، دانیشتووانی مرۆیی سەرانسەری هەسارەکە لە دانیشتووانی ئەمڕۆی قاهیرە بچوکتر بووە.

زۆربەی مرۆڤە هۆشمەندەکان لەسەر ڕێگاکان ژیاون، لە گەڕان بەدوای خۆراکدا لە شوێنێکەوە چوونەتە شوێنێکی تر. گواستنەوەکانیان کارتێکراو بووە بە گۆڕانی وەرزەکان، کۆچی ساڵانەی گیانەوەرەکان و سوڕی گەشەی ڕووەکەکان. ئەوان زۆرجار لەنێوان هەمان ناوچە ئاشناکانی خۆیاندا هاموشۆیان کردووە، ڕووبەڕێک کە لەنێوان چەند کیلۆمەترێک بۆ سەدان کیلۆمەتری چوارگۆشەدا بووە.

ناوبەناو، باندەکان لە دەرەوەی ناوچەی خۆیان و سەرزەمینە دۆزراوە نوێکانیاندا جموجۆڵیان کردووە، جا بەهۆی کارەساتی سروشتی، ململانێی توندوتیژانە، گووشاری دیمۆگرافی یان دەستپێشخەری سەرکردەیەکی کاریزمییەوە بووبێت. ئەم جموجۆڵانە ماکینەی فراوانبوونی جیهانییانەی مرۆڤ بوون. ئەگەر باندێکی خۆراک دۆزەرەوە هەر چل ساڵ جارێک کەرت بووبێت و گروپە جیابووەوەکەی بۆ خاکێکی نوێ بە دوورایی سەد کیلۆمەتر بەرەو خۆرهەڵات کۆچی کردبێت، ئەوا دوورایی لە خۆرهەڵاتی ئەفریقاوە بۆ چین بە نزیکەی ١٠،٠٠٠ ساڵ بڕدراوە.

لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا، کاتێک سەرچاوە خۆراکییەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو زۆر و زەبەند بوون، باندەکان لە کامپە وەرزی و جێگیرەکاندا گیرساونەتەوە. تەکنیکەکانی وشک کردنەوە، بەدوکەڵکردن و بەستنی خواردن، مانەوەی بۆ ماوەی درێژخایەنتر ئاسان کردووە. لەهەمووی گرنگتر، سەرباری دەریا و ڕووبارە دەوڵەمەند بە خۆراکە دەریایی و باڵندەکان، مرۆڤەکان گوندی جێگیری ڕاوەماسییان بونیاد ناوە- واتە یەکەمین ئۆردوگا جێگیرەکان لە مێژوودا، زۆر لەپێش شۆڕشی

کشتوکاڵیشدا. ڕەنگە گوندەکانی ڕاوەماسی پێش ٤٥,٠٠٠ ساڵ لە کەناراوی دوورگەکانی ئیندۆنیزیا دەرکەوتبێتن. لەوانەیە ئەمانە ئەو بنەمایە بووبن کە مرۆڤی هۆشمەند یەکەم پڕۆژەی ئۆقیانوس بڕی لێوە دەستپێکردووە: گرتنی ئوسترالیا.

لە زۆربەی ژینگەکاندا، باندەکانی مرۆڤە هۆشمەندەکان لە بەرگێکی کشۆکانە و هەل قۆزەرەوانەدا خۆراکی خۆیان بەدەستخستووە. ئەوان بۆ کرمۆکەی ناو دار ناوکۆڵیان کردووە، تووپان لێکردووەتەوە، ڕەگیان هەڵکەندووە، بەدوای کەرووێشک کەوتوون و گاکێوی و مامۆتیان ڕاو کردووە. سەرباری وێنەی باوی (مرۆڤی ڕاوچی)، کۆکردنەوە و هەڵگرتنەوە چالاکیی سەرەکی مرۆڤە هۆشمەندەکان بووە و زۆربەی کالۆرییەکانیانی دابین کردووە. بۆ نموونە کۆکردنەوەی کەرەستەی خاوی وەکو بەرد، تەختە و حەیزەران.

مرۆڤە هۆشمەندەکان تەنیا سۆراخی خۆراک و کەرەستەیان نەکردووە. ئەوان سۆراخی زانینیشیان کردووە. بۆ زیندووەکانەوە، ئەوان پێویستیان بە نەخشەیەکی ئەقڵی چڕوپڕی سەرزەمینەکەیان بووە. بۆئەوەی گەڕانیان بەدوای خۆراکی ڕۆژانەیاندا شایستە بێت، پێویستیان بە زانیاری بووە لەبارەی ڕێساکانی گەشەی هەر ڕووەکێک و خووەکانی هەر ئاژەڵێک لە ئاژەڵەکان. ئەوان پێویستیان بەوە بووە بزانن کام ڕووەکە خۆراکبەخشە، کامیان نەخۆشت دەخات و چۆن چۆنی ئەوانەیتر وەکو دەرمان بەکار بهێنرێن. ئەوان پێویستیان بە زانینی گۆڕانی وەرزەکان و ئەمەی کە چ ئاماژەیەکی ئاگادارکەرەوە لە پێش زریان یان ماوەیەکی وشکی دێت، بووە. ئەوان تاووتوێی هەموو ڕووبارێک، هەموو درەختێکی گوێز، هەموو ئەشکەوتێکی ورچ و هەموو سەرچاوەیەکی بەردە ئەستێ کردووە لە چواردەوریاندا. هەر تاکێک دەبووایە بزانێت

چۆن چەقۆیەکی بەردین دروست بکات، چۆن پەستەکێکی دڕاو چاک کاتەوە، چۆن تەڵەی کەرۆشک بنێتەوە و چۆن ڕووبەڕووی ڕەنووەکان، گازی مار یان شێرە برسییەکان بێتەوە. لێهاتوویی لە هەریەک لەم شارەزایەتییانەدا پێویستی بە ساڵانێک لە شاگردی و پرۆفە هەبووە. تێکڕای هەر خۆراک دۆزەرەوەیەکی دێرین دەیتوانی لەماوەی چەند خولەکێکدا بەردە ئەستێیەک بکاتە سەرە ڕمێک.

کاتێک ئێمە هەوڵ دەدەین ئەم کرداڕە لاسایی بکەینەوە، زۆرجار بەشێوەیەکی نەگبەتانە شکست دێنین. زۆربەمان مەعریفەتی زۆروزەبەندمان نییە لە پێکهاتەی تۆڕاڵیی بەردە ئەستێ یان بازالت و جوڵەی پێویست بۆ کتومت بەکارهێنانی.

بە دەربڕینێکی تر، تێکڕای هەر خۆراک دۆزەرەوەیەک، زانیاریی فراوانتر، قوڵتر و هەمەڕەنگتری لەبارەی دەوروبەری خۆی هەبوو بە بەراورد بە وەجاخە مۆدێرنەکەی. ئەمڕۆکە، زۆربەی خەڵکی لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکاندا پێویستیان بەوە نییە زۆر لەبارەی جیهانی سروشتی بزانن بۆئەوەی زیندوو بمێننەوە. بە ڕاستی پێویستت بە زانینی چییە بۆئەوەی وەکو ئەندازیارێکی کۆمپیوتەر، کارمەندێکی بیمە، مامۆستایەکی مێژوو یان کرێکارێکی کارگە لە ژیان بەردەوام بیت؟ پێویستت بە زانینی زۆرە لەبارەی بواری بچوکی تایبەتمەندیت، بەڵام بۆ بەشی هەرە زۆری پێویستییەکانی ژیان بەشێوەیەکی کوێرانە پشت بە یارمەتی شارەزاکانی تر دەبەستیت کە مەعریفەتی ئەوانیش سنووردارە بە بواری بچوکی پسپۆڕییان. کۆمەڵە خەڵکێک لەمڕۆدا زۆر لە باندە دێرینەکان زیاتر دەزانن. بەڵام لە ئاستی تاکەکەسیدا، خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان بەماریفەتترین و شارەزاترین خەڵکان بوون لە مێژوودا.

بەڵگەیەک هەیە لەمەڕئەوەی لە چاخی خۆراک دۆزینەوەوە، قەبارەی مێشکی تێکڕای مرۆڤی هۆشمەند بە ڕاستی کەمی کردووە. زیندوومانەوە لەو سەردەمەدا هەبوونی توانای ئەقڵی لەسەر هەموو کەسێک پێویست کردووە. کاتێک کشتوکاڵ و پیشەسازی پەیدا بوون خەڵکی توانیوویانە پەیتا پەیتا زیاتر پشت بە شارەزایەتییەکانی ئەوانیتر ببەستن بۆ زیندوومانەوە و (هەل بۆ دەبەنگ)ی نوێ پەیدا بووە. تۆ دەتتووانی زیندوو بمێنیتەوە و بۆهێڵە ئاساییەکانت لە ڕێگەی کارکردن وەکو ئاو بارکەرێک یان کرێکارێکی هێڵی پارچەبەستن سپاردەی نەوەی دواتر بکەیت.

خۆراک دۆزەرەوەکان نەک تەنیا لە جیهانی گیانەوەران، ڕووەکەکان و کەرەستەکانی دەوروبەریان شارەزایەتییان پەیدا کردووە، بەڵکو لە جیهانی ناوەوەی جەستە و هەستەکانیشیان لێهاتوویان بەدەست هێناوە. ئەوان گوێیان بۆ بچوکترین جوڵەی ناو گژوگیا هەڵخستووە بۆئەوەی بزانن ئاخۆ مار خۆی تێدا مەڵاس داوە یان نا. ئەوان بە وریاییەوە تێبینی گەڵاکانی درەختیان کردووە بۆئەوەی میوە، پوپەی هەنگ و هێلانەی باڵندە بدۆزنەوە. ئەوان بە کەمترین تەقەلا و ژاوەژاو جوڵاون و زانیوویانە چۆن بە ئاسانترین شێواز دانیشن، ڕێ بکەن و ڕابکەن. بەکارهێنانی هەمەجۆر و بەردەوامی جەستەکانیان وایلێکردن وەکو ڕاکەرانی ماراسۆن باریکەڵە بن. ئەوان ئەو لێهاتوویە جەستەییەیان هەبووە کە خەڵکی ئەمڕۆ تەنانەت پاش سااڵنێک پرۆڤەی یۆگا یان تای چی، ناتووانن بەدەستی بێنن.

شێوازی ژیانی ڕاوکەر-کۆکەرەوە لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر و لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر بەشێوەیەکی بەرچاو جیاواز بووە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی پێدەچێت خۆراک دۆزەرەوەکان خۆشییان لە

ستایڵێکی ژیانی ئاسوده و قەناعەتبەخش وەرگرتبێت بە بەراورد بە جوتیاران، شوان، کرێکار و کاتبی ئۆفیس کە شوێنپێی ئەوانیان هەڵگرتووە.

لەکاتێکدا کە خەڵکی لە کۆمەڵگا کامەرانەکانی ئەمرۆ بەشێوەیەکی تێکڕایی چل بۆ چل و پێنج سەعات لە هەفتەیەکدا ئیش دەکەن و خەڵکی لە جیهانی ڕووەگەشەدا شەست و تەنانەت هەشتا سەعات لە هەفتەیەکدا ئیش دەکەن، ئەو ڕاوکەر-کۆکەرەوانەی کە لەمڕۆدا لە سەختترین ژینگەدا دەژین- وەکو بیابانی (کالاهاری) بەشێوەیەکی تێکڕا بۆ ماوەی سی و پێنج بۆ چل و پێنج سەعات لە هەفتەیەکدا ئیش دەکەن. ئەوان لە سێ ڕۆژ تەنیا یەک ڕۆژ ڕاو دەکەن و کۆکردنەوە تەنیا سێ بۆ شەش سەعاتی پێدەچێت لە ڕۆژێکدا. لە کاتە ئاساییەکاندا، ئەمە بەسە بۆ خۆراکپێدانی باندەکە. لەوانەیە هۆکارەکە ئەوە بێت ئەو ڕاوکەرە-کۆکەرەوە دێرینانەی لە ناوچەی بەپیتتر لە کالاهاری ژیاون تەنانەت کاتێکی کەمتریان پێویست بووبێت بۆ بەدەستهێنانی خواردن و کەرەستەی خاو. لەسەرەوەی ئەمە، خۆراک دۆزەرەوەکان لەگەڵ بارێکی سوکتری ئەرکەکانی ماڵەوەدا بوون. ئەوان قاپیان نەبووە بیشۆن، فەرشیان نەبووە گسکی لێ بدەن، کاشییان نەبووە پۆلشی بکەنەوە، دایبی نەبووە بیگۆڕن و حەب نەبووە بیکڕن.

ئابووریی خۆراک دۆزەرەوە ژیانی سەرنجڕاکێشی بۆ زۆربەی خەڵکی دابین کردووە بە بەراورد بەوەی کشتوکاڵ یان پیشەسازی دەیکات. ئەمڕۆکە، کرێکاری کارگەیەکی چینی دەوروبەری حەوتی بەیانی لە ماڵ دەردەچێت، بەناو شەقامە پیسبووەکاندا بەرەو کارگە ڕێ دەکات و لەوێ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، بەهەمان شێواز هەمان ماکینە بۆ ماوەی دە سەعاتی درێژخایەن و سەرگێژکەر بەکار دەهێنێت، دەوروبەری حەوتی ئێوارە

دەگەڕێتە ماڵەوە بۆئەوەی قاپەکان و جلەکان بشووات. پێش سی هەزار ساڵ، لەوانەیە خۆراک دۆزەرەوەیەکی چینی لەگەڵ هاوەڵەکانیدا دەوروبەری سەعات هەشتی بەیانی لە کامپ دەرچووبێت. بەناو گژ و گیاو قەسەڵی دارستانێکی نزیکدا گەڕاون، قارچکیان کۆکردووەتەوە، ڕەگە خۆراکییەکانیان هەڵکەندووە، بۆقیان گرتووە و ناوبەناو لەدەست پلنگ ڕایان کردووە. لە سەروبەری پاش نیوەڕۆدا، گەڕاونەتەوە بۆ کامپ بۆ ئامادەکردنی نانی نیوەڕۆ. ئەمە کاتێکی زۆری بۆ هێشتوونەتەوە بۆ زەمکردن، گێڕانەوەی چیرۆک، یاریکردن لەگەڵ منااڵن و پشوودان. بێگومان هەندێ جار پلنگەکان گرتوویانن، یان مار پێی وەداون، بەڵام لەڵایەکی تەوە پێویستی نەکردووە ڕووبەڕووی ڕووداوی هاتوچۆ و پیسبوونی پیشەسازی ببنەوە.

لە زۆربەی شوێنەکان و لە زۆربەی کاتدا، سۆراخکردن، خۆراکێکی نموونەیی دەستەبەر کردووە. ئەمە بە ئەستەم جێی سەرسوڕمانە- ئەمە بۆ ماوەی سەدان هەزار ساڵ بەرنامەی خۆراکیی مرۆڤ بووە و جەستەی مرۆڤیش باش لەگەڵیدا ڕاهاتووە. بەڵگەی پەیکەرە ئێسقانە بەبەردبووەکان پیشانی دەدات کە خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان بە ئەگەرێکی کەمتر بەدەست لەبرسامردن و بەدخۆراکییەوە نااڵندوویانە و بەگشتی باڵابەرزتر و تەندروستتر بوون لە نەوە جوتیارەکانیان. پێدەچێ تێکڕای کێرڤی ژیان سی بۆ چل ساڵ بووبێت، بەڵام بەشی زۆری ئەمە پەیوەندی هەبووە بە ڕووداوی زۆری مردنی منااڵوە. ئەو منااڵنەی لە یەکەمین ساڵانی مەترسیدار دەرباز دەبوون، دەرفەتێکی باشیان دەبوو بۆ گەیشتنە تەمەنی شەست ساڵی و تەنانەت هەندێکیان دەگەیشتنە هەشتاکانی تەمەنیان. لەناو خۆراک دۆزەرەوە مۆدێرنەکاندا، دەکرێ پێشبینی ئەوە بکرێت ژنانی تەمەن چل و پێنج ساڵ بیست ساڵی

تریش دەژین و نزیکەی ٨-٥٥%ی دانیشتووان لەسەروو شەست ساڵییەوەن.

رازی سەرکەوتنی خۆراک دۆزەرەوەکان، کە لە لەبرسامردن و بەدخۆراکی پاراستوونی، بەرنامەی هەمەڕەنگی خۆراکییان بووە. جوتیاران بەرنامەی خۆراکییان زۆر سنووردار و ناهاوسەنگە. بەتایبەت لە سەردەمە پێش مۆدێرنەکان، زۆربەی ئەو کالۆرییانەی خۆراکی دانیشتووانی کشتوکاڵییان دابین دەکرد لە تاکە ڕووەکێکەوە دەهات- وەکو گەنم، پەتاتە یان برنج- کە لە هەندێ ڤیتامین، کانزا و مادەی خۆراکدەری تری کەمە کە مرۆڤ پێویستی پێیانە. جوتیارێک لە وڵاتی چینی نەریتیدا برنجی لە بەیانیان، لە نیوەڕۆیان و بۆ ئێوارەش خواردووە. ئەگەر بەختی هەبووایە، ئەوا چاوەڕوانی ئەوە دەبوو هەمان شت لە ڕۆژی دواتردا بخوات. کەچی، خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان زووزوو چەندان خواردنی جیاوازیان خواردووە. لەوانەیە باوانی دێرینی جوتیار، واتە خۆراک دۆزەرەوە، بۆ بەیانیان توو و قارچکی خواردبێت، میوە و لولپێچ و کیسەڵی بۆ نیوەڕۆ خواردبێت و گۆشتی کەرووشکی لەگەڵ پیازی کێوی بۆ ئێوارە خواردبێت. لەوانەیە قائیمەی خواردنی بەیانیان تەواو جیاواز بووبێت. ئەم هەمەڕەنگییە زامنی ئەوەی کردووە کە خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان هەموو مادە خۆراکییە پێویستەکانیان بەدەست هێناوە.

سەرباری ئەمەش، بە پشت ئەستوور نەبوون بە تاکە جۆرێکی خواردن، کاتێک سەرچاوەیەکی خۆراکیی دیاریکراو پێنەگەیشتووە کەمتر ئێشیان چەشتووە. کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان، بەر زیانی وشکی کەوتوون کاتێک بێبارانی، ئاگر یان بومەلەرزە ڕووەکی ساڵانەی برنج یان پەتاتەی وێران کردووە. کۆمەڵگە خۆراک دۆزەرەوەکان بە ئەستەم

پارێزراو بوون لە کارەساتە سروشتییەکان و بەدەست ماوە ماوەی پێداویستی و برسێتییەوە نالاندوویانە، بەڵام زۆرجار دەیانتووانی زۆر ئاسانتر دەست و پەنجە لەگەڵ ئەو کارەساتانەدا نەرم بکەن. ئەگەر هەندێ لە پیتاکی خواردنیان لەدەست بدایە، ئەوا دەیانتووانی توخمی تر کۆ بکەنەوە یان ڕاو بکەن، یان بەرەو ناوچەیەکی کەمتر زیان پێکەوتوو بگوازنەوە.

هەروەها خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان کەمتر بەر نەخۆشییە بڵاوەکان کەوتوون. زۆربەی نەخۆشییە بڵاوەکان کە لە کۆمەڵگە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکاندا بڵاو بوونەتەوە (وەکو مێکوتە، سوریژە و تاعون) لە ناو ئاژەڵە ماڵییەکاندا سەرچاوەیان گرتووە و تەنیا پاش شۆڕشی کشتوکاڵی گوازراونەتەوە. خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان، کە تەنیا سەگەکانیان ماڵی کردبوو، لەو بەڵایانە دوور بوون. سەرباری ئەمەش، زۆربەی خەڵکی لە کۆمەڵگە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکاندا لە ئۆردوگا چڕە جێگیر و ناخاوێنەکاندا ژیاون- کە زەمینەی نموونەیین بۆ نەخۆشی. خۆراک دۆزەرەوەکان بەشێوەی باندی بچوک بچوک بە خاکەکەدا هاموشۆیان کردووە کە نەیانتوانیووە بەرگەی پەتا بگرن.

بەرنامەی خۆراکیی تێروتەسەل و هەمەڕەنگ، هەفتەی کاری تا ڕادەیەک کورت و دەگمەنیی نەخۆشییە بڵاوەکان بووەتەهۆی ئەوەی کە زۆرێک لە شارەزاکان کۆمەڵگە خۆراک دۆزەرەوەکانی پێش کشتوکاڵ بە (کۆمەڵگەی کامەرانی بنچینەیی) ناودێر بکەن. هەرچەندە ئەوان ژیانێکی باشتر لە زۆربەی خەڵکی کۆمەڵگە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان ژیاون، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ جیهانەکەیان سەخت و دڵڕەق بووبێت. ماوەکانی پێویستی و سەختی ناباو نەبوون، ڕێژەی مردنی منداڵ بەرز بووە و ڕووداوێک کە لەوانەیە لەمڕۆدا لاوەکی بێت، ڕێی تێدەچوو ببێتە

حوکمی مەرگ. لەوانەیە زۆربەی خەڵکی خۆشییان بینیبێت لە نزیکبوونی گەرم و گوڕ لە باندە گەڕۆکەکەیان، بەڵام ئەو نەگبەتانەی بوونەتە هۆکاری شەڕانگێزی یان گاڵتەجاڕی لەبەرانبەر ئەندامەکانی باندێکی تر ئەوا لەوانەیە تووشی زیانی سەخت هاتبن. خۆراک دۆزەرەوە مۆدێرنەکان ناوبەناو دەستبەرداری ئەو خەڵکە پیرە یان کەم ئەندامە دەبن کە لە ڕێکردندا پێیان ناگەنەوە و تەنانەت دەشیانکوژن. لەوانەیە ساوا و منااڵە نەویستراوەکان لەناو ببرێن و تەنانەت کەیسی قوربانیدانی مرۆیی لە پێناو ئایینداً هەیە.

خەڵکی (ئاچێ)، ئەو ڕاوکەر-کۆکەرەوانەی تاوەکو ١٩٦٠ەکان لە جەنگەڵەکانی پاراگوای ژیاون، دیمەنێکی تاریکتری خۆراک دۆزینەوە دەخاتەڕوو. کاتێک ئەندامێکی زەنگینی باند مرد، خەڵکی ئاچێ وەکو نەریت کچێکی بچوکیان کوشت و لەگەڵ ئەودا ناشتیان. ئەو ئەنترۆپۆلۆژیستانەی لەگەڵ ئاچێدا چاوپێکەوتنیان کردووە، کەیسێکیان تۆمار کردووە تیایدا باندێک دەستبەرداری پیاوێکی تەمەن ناوەند بوون کە نەخۆش کەوتووە و نەیتووانیووە لەگەڵ ئەوانیتردا ڕێ بکات. ئەو لەژێر درەختێکدا جێ هێڵراوە. سیسارکە کەچەڵەکانیش بە ژەمێکی دڵخوازیان زانیووە و لەسەری نیشتوونەتەوە. بەڵام پیاوەکە هەڵساوەتەوە و گورج دەستیکردووەتەوە بە ڕێکردن و گەیشتووەتەوە باندەکە. جەستەی بە پیسایی باڵندەکان داپۆشراوە، بۆیە لەو کاتەوە نازناوی (ریقنەی سیسارکە کەچەڵ)ی دراوەتە پاڵ.

کاتێک ژنێکی پیری ئاچێ دەبووە بار بەسەر باندەکەوە، یەکێک لە پیاوە لاوەکان بە پێ دزکێ دوای دەکەوت و بە تەورێک لە سەری دەدا و دەیکوشت. پیاوێکی ئاچێ هەندێ چیرۆکی لەبارەی سااڵنی زۆری لە جەنگەڵ بۆ ئەنترۆپۆلۆژیستە لێکۆڵەرەکان گێڕاوەتەوە. (من وەکو نەریت

پیرەژنم کوشتوون. ڕاهاتبووم لەسەر کوشتنی پورەکانم...ژنان لەمن دەترسان..ئێستا، لێرە لەگەڵ سپی پێستەکاندام، لاواز بووم). ئەو ساوایانەی بەبێ تۆک لەدایکبوون، بە ناتەواو لەقەڵەم دەدران و دەستبەجێ دەکوژران. ژنێک دێتەوە یادی کە یەکەم ساوای کچی لەبەر ئەوە کوژرا کە پیاوانی باندەکە کچی تریان نەدەویست. لە حاڵەتێکی تردا، پیاوێک کورێکی بچوکی کوشت لەبەرئەوەی (ئەم میزاجی تەواو نەبوو و منداڵەکەش دەگریا). منداڵێکی تر زیندەبەچاڵ کراوە لەبەرئەوەی (ڕوالەتێکی پێکەنیناوی هەبووە و منداڵەکانی تر پێی پێکەنیون).

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ وریا بین، زۆر خێرا حوکم لەسەر ئاچێ نەدەین. ئەو ئەنترۆپۆلۆژیستانەی کە بۆ ماوەی ساڵانێک لەگەڵیاندا ژیاون باس لەوە دەکەن کە تووندوتیژی لەنێوان پێگەیشتووواندا دەگمەن بووە. هەم ژنان و هەم پیاوان سەربەست بوون لەوەی بە ئیرادەی خۆیان هاوسەرەکانیان بگۆڕن. ئەوان بەردەوام خەندە لەسەر لێوان و دەم بە پێکەنین بوون، سەرکردایەتییەکی هەڕەمەیان نەبووە و بە گشتی خەڵکی خۆسەپێنیان فەرامۆش کردووە. ئەوان بۆ مومتەلەکاتە کەمەکانیان لەرادەبەدەر بەخشندە بوون و هۆگری سەرکەوتن یان سامان نەبوون. ئەو شتانەی تا زۆرترین ئاست لە ژیاندا بەهایان بۆ داناوە بریتی بوون لە کارلێکی کۆمەڵایەتی باش و هاوڕێیەتی ئاست بەرز. ئەوان تێڕوانینیان بۆ کوشتنی منداڵان، خەڵکی نەخۆش و پیرەکان وەکو تێڕوانینی زۆرێک لە خەڵکی ئەمڕۆ بووە بۆ لەباربردن و کوشتنی بەبەزەییانە. هەروەها پێویستە تێبینی ئەوە بکرێت کە ئاچێ بەبێ بەزەیی لەلایەن جوتیارانی پاراگوواییەوە ڕاوکراون و کوژراون. لەوانەیە پێویستیی خۆلادان لە دوژمنەکانیان بووبێتەهۆی ئەوەی ئاچێ تێڕوانینێکی توند بەرانبەر هەر کەسێک بگرێتە بەر کە دەشێ ببێتە تەگەرەیەک لەبەردەم باندەکەدا.

راستییەکەی ئەوەیە کە کۆمەڵگەی ئاچێ، وەکو هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی تر، زۆر ئاڵۆز بووە. دەبێ ئێمە بەئاگا بین لە بەدیوەزمەکردن یان ئایدیالیزە کردنی لەسەر بنەمای ئاشنایەتییەکی ڕووکەش. ئاچێ نە فریشتە بوون و نە ئەهریمەن- ئەوان مرۆڤ بوون. بەهەمان شێوە ڕاوکەر-کۆکەرەوەی دێرینیش بوون.

خێوە قسەکەرەکان

دەتووانین لەبارەی ژیانی ڕۆحی و ئەقڵی ڕاوکەرە-کۆکەرەوە دێرینەکان چی بڵێین؟ دەکرێ بنچینەکانی ئابووریی خۆراک دۆزەرەوە بە کەمێک دڵنیاییەوە و لەسەر بنەمای فاکتەرە بابەتییە چەندێتییەکان بەرهەم بهێنرێنەوە. بۆ نموونە، ئێمە دەتووانین هەژماری کالۆریی پێویستی ڕۆژانە بۆ کەسێک بکەین بۆ زیندوومانەوەی لە ژیاندا، چەند کالۆری لە کیلۆیەک گوێز بەدەست هێناوە و مومکینە چەند گوێز لە کیلۆمەترێکی چوارگۆشەی دارستان کۆ کرابێتەوە. بەم داتایەوە، ئێمە دەتووانین هەڵنانێکی لێزانانە بکەین لەبارەی گرنگی ڕێژەیی گوێز لە بەرنامەی خۆراکییاندا.

بەڵام ئایا ئەوان گوێزیان بە پیتاکێکی نازدار یان ڕۆتینی لەقەڵەم داوە؟ ئایا باوەڕیان وابووە درەختی گوێز ڕۆحی تێدایە؟ ئایا گەڵای گوێزیان بەلاوە جوان بووە؟ ئەگەر کورێکی خۆراک دۆزەرەوە ویستبێتی کچێکی خۆراک دۆزەرەوە بباتە شوێنێکی ڕۆمانسی، ئایا سێبەری درەختی گوێز بەس بووە؟ جیهانی بیرکردنەوە، باوەڕ و هەست قورستر بۆ لێکدانەوە.

زۆربەی لێکۆڵەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە باوەڕە گیان گەراییەکان لەناو خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکاندا باو بوون. گیان گەرایی (ئەنیمیزم) ئەو باوەڕەیە کە دەڵێت تەقریبەن هەموو شوێنێک، هەموو گیانەوەرێک، هەموو ڕووەک و هەموو دیاردەیەکی سروشتی، ئاگایی و هەستی هەیە و دەتوانێ ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکاندا بەرقەرار بکات. بەمشێوەیە، لەوانەیە گیان گەراکان باوەڕیان وابووبێت کە تاشە بەردی سەر گردەکە ئارەزوو و پێداویستی هەن. دەشێ بەردەکە تووڕە بێت لەبارەی شتێک کە خەڵکی کردوویانە و کەیفە بە کردارێکی تر بکەن. لەوانەیە تاشە بەردەکە سەرکۆنەی خەڵکی بکات یان داوای چاکەیان لێبکات. مرۆڤەکان، لەلایەن خۆیانەوە، دەتوانن قسە لەگەڵ بەرد بکەن، تووڕەی بکەن یان هەڕەشەی لێبکەن. نەک تەنیا بەرد، بەڵکو درەختی مازووی خوارەوەی گردەکە، بوویەکی زیندووە و هەروەها ئەو ڕووبارەش کە بە خوار گردەکەدا دەڕوات، کانی ناو بەتالاییەکە و مشکەکانیش کێڵەگەکە، گورگ و قەڵەڕەشەکانیش کە لەوێ ئاو دەخۆنەوە. لە جیهانی گیان گەراییدا، کەرەستەکان و زیندەوەران تاکە بووی زیندوو نین. بەهەمان شێوە بووی نامادی هەن- ڕۆحەکانی مردووان و بوونەوەرە نەرم و نیان و خراپەکارەکان، لەو جۆرەی کە ئێمە ئەمڕۆکە پێیان دەڵێین دێوەزمەکان، پەری وفریشتەکانیش بەهەمان شێوە.

گیانگەراکان بڕوایان وایە تەگەرەیەک نییە لەنێوان مرۆڤەکان و بوونەوەرانی تردا. ئەوان هەموویان دەتوانن ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی قسە، گۆرانی، سەما و ئاهەنگ پەیوەندی بەیەکترییەوە بکەن. دەکرێ ڕاوچییەک قسە لەگەڵ پۆلە ئاسکێکدا بکات و داوا لە یەکێکیان بکات خۆی بە قوربانی بکات. ئەگەر ڕاوەکە سەر بگرێت، دەشێ ڕاوچییەکە

داوا له گیانەوەرە مردووەکە بکات ببەخشێت. کاتێک کەسێک نەخۆش دەکەوێت، ڕۆحناسێک دەتوانێت پەیوەندی بەو ڕۆحەوە بکات کە بووەتە هۆی نەخۆشییەکە و هەوڵ بدات هێوری بکاتەوە یان ساردی بکاتەوە. ئەگەر پێویست بکات، دەشێ ڕۆحناسەکە داوای یارمەتی لە ڕۆحەکانی تر بکات. هەموو ئەو شتەی تایبەتمەندیی ئەم کردارانەی پەیوەندیکردنە، ئەوەیە کە ئەو بوونەوەرانەی دەدوێنرێن، بوونەوەری لۆکاڵن. ئەوان خودای گەردوونیی نین، بەڵکو ئاسکێکی دیاریکراو، درەختێکی دیاریکراو، ڕووبارێکی دیاریکراو، خێوێکی دیاریکراون.

وەکو چۆن تەگەرەیەک نییە لەنێوان مرۆڤەکان و بوونەوەرانی تردا، بەهەمان شێوە هەڕەمێکی بەرتەسکیش نییە. بوونەوەرە نامرۆییەکان تەنیا بۆ ئەوە نین تا پێداویستییەکانی مرۆڤ دابین بکەن. نە ئەو خودا بەهێزانەشن کە بەو شێوەیەی بیانەوێ جیهان بەڕێوە ببەن. جیهان گوزارشت نییە لە مرۆڤەکان یان هەر گروپێکی بوونەوەرانی تر.

گیانگەرایی ئایینێکی دیاریکراو نییە. ئەمە ناوێکی گشتییە بۆ هەزاران ئایین، ڕێباز و باوەڕی زۆر جیاواز. ئەوەی هەموویان دەکاتە (گیانگەرا) ئەم بۆچوونەیە بۆ جیهان و شوێنەکەی تیایدا. وتنی ئەمەی کە خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان دەشێ گیانگەرا بووبن وەکو ئەوەیە بڵێیت کشتوکاڵگەرا پێش مۆدێرنەکان زیاتر تەیست بوون. تەیزم (لە تیۆس وەرگیراوە بە یۆنانی واتە خودا) ئەو دیدگایەیە کە دەڵێت سیستەمی گەردوونی لەسەر پەیوەندیی هەڕەمی نێوان مرۆڤەکان و گروپێکی بچوکی کیانە سەروو واقعییەکان بەناوی خوداکان ڕۆنراوە. بە دڵنیاییەوە ڕاستە بڵێیت کشتوکاڵە پێش مۆدێرنەکان تەیست بوون، بەڵام ئەمە شتێکی وەهامان پێ ناڵێت لەبارەی وردەکارییەکان. زاراوەی گشتیی (تەیستەکان) ڕاییە جولەکەکانی سەدەی هەژدەی پۆلەندە،

پرۆتستانە جادووگەر سوتێنەکانی سەدەی حەڤدەی ماساشوسێتس، قەشە ئازتێک-مەکانی سەدەی پانزەی مەکسیک، سۆفییەکانی سەدەی دوانزەی ئێران، جەنگاوەرانی ڤایکینگی سەدەی دەیەم، لەشکرەکانی سەدەی دووەمی ڕۆمان و بیرۆکراتەکانی سەدەی یەکەمی چین دەگرێتەوە. هەریەک لەمانە باوەڕ و پراوەکانی ئەویتری بەهەمان ئاست نامۆ و لادەر بینیووە. لەوانەیە جیاوازییەکانی نێوان باوەڕەکان و پراوەکانی خۆراک دۆزەرەوە (گیانگەراکان)یش بەهەمان ئاست گەورە بووبێت. لەوانەیە ئەزموونی ئایینی، پڕ پشێوی و ناکۆکی، ڕیفۆرم و شۆڕش بووبێت.

بەڵام ئەم گشتاندنە وریایانە تا ئەو جێیەن کە دەتووانین بڕ بکەین. هەر هەوڵێک بۆ وەسفکردنی وردەکارییەکانی ڕۆحانیەتی دێرین تا ئاستێکی بەرز لەسەر بنەمای هەڵنان و مەزەندە کردنە، چونکە هیچ بەڵگەیەک نییە کە پشتی پێ ببەستین و ئەو بەڵگە بچوکەی هەیە- هەندێ ئامراز و تابلۆکانی ناو ئەشکەوتەکان- دەکرێ بە چەندەها شێواز لێکبدرێنەوە. تیۆرەکانی ئەو لێکۆڵەرانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەزانن خۆراک دۆزەرەوەکان هەستیان چۆن بووە، تیشکێکی زیاتر دەخەنە سەر لوتبەرزییەکانی دانەرانی نەک ئایینەکانی چاخی بەرد.

لەبری گەورەکردنی تیۆرەیەک لەسەر پاشەوارەکان، تابلۆکانی ئەشکەوت و ئێسقانەکان، باشترە ڕاشکاو بین و دان بەوەدا بنێین کە بیرۆکەی تەماویمان لەبارەی ئایینەکانی خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکانەوە هەن. ئێمە پێمان وایە ئەوان گیانگەرا بوون، بەڵام ئەمە زۆر زانیاری بەخش نییە. ئێمە نازانین نزایان لە کام ڕۆحانە کردووە، چ جۆرە فێستیڤاڵێکیان بە ئەنجام گەیاندووە یان چ جۆرە یاساغێکیان سەپاندووە. لەهەمووی گرنگتر، ئێمە نازانین کام چیرۆکانەیان گێڕاوەتەوە. ئەمە

یەکێکە لە گەورەترین کەلێنەکان لە تێگەیشتنمان بۆ مێژووی مرۆڤایەتی.

جیهانی کۆمەڵایەتی سیاسیی خۆراک دۆزەرەوەکان بوارێکی تر ە کە هیچی لەبارەوە نازانین. وەکو لەپێشدا ڕوون کرایەوە، لێکۆڵەران ناتوانن تەنانەت لەسەر بنچینەکانیش کۆک بن، بۆ نموونە بوونی مۆڵکایەتی تایبەت، خێزانە ناوکییەکان و پەیوەندییە تاک هاوسەرێتییەکان. ئەگەری ئەوە هەیە باندە جیاوازەکان، بونیادی جیاوازیان هەبووبێت. لەوانەیە هەندێکیان وەکو گروپە شامپانزێکان هەڕەمی، ناجێگیر و بەزەبروزەنگ بووبن، لەکاتێکدا کە ئەوانیتر ئارام، ئاشتیخواز و زەوقن بوون وەکو کۆمەڵە مەیموونێکی بۆنۆبۆ.

لە (سەنگیر)ی ڕوسیا، ئارکیۆلۆژیستەکان لە ساڵی ١٩٥٥دا پاشەواری گۆڕستانێکی ٣٠،٠٠٠ ساڵەیان دۆزییەوە کە هی کەلتوورێکی ڕاوکەری ماموت بوو. لە گۆڕێکدا پەیکەرە ئێسکی پیاوێکی پەنجا ساڵەیان دۆزییەوە کە بە چەند ملوانکەیەکی کەڵبەی ماموت داپۆشرابوو و بەتێکڕا ٣٠٠٠ دانە کەڵبەیان پێوە بوو. لەسەر سەری پیاوە مردووەکە کڵاوێکی ڕازێنراوە بە دانەکانی ڕێوی هەبوو و بیست و پێنج بازنەی کەڵبە پێوەکراو لە مەچەکەکانیدا بوو. گۆڕەکانی تری هەمان شوێنگە شمەکی زۆر کەمتریان تێدابوو. لێکۆڵەران وای بۆچوون کە ڕاوکەرانی ماموتی سەنگیر لە کۆمەڵگەیەکی هەڕەمیدا ژیابن و لەوانەیە پیاوە مردووەکە سەرکردەی باندێک یان تەواوی خێڵێکی پێکهاتوو لە چەند باندێک بێت. ڕێی تێناچێت بیست سی ئەندامی تاکە باندێک بتوانن تەنیا خۆیان ئەو هەموو شمەکانەی ناو گۆڕەکان دروست بکەن.

پاشان ئارکیۆلۆژیستەکان گۆڕێکی سەرنجڕاکێشتریان دۆزییەوە. دوو پەیکەری تێدا بوو، لە تەنیشت یەک نێژرابوون. یەکێکیان هی کوڕێکی

دوانزه سیانزه ساڵان و ئەویتریان هی کچێکی نۆ دە ساڵان بوو. کورەکە بە ٥٠٠٠ دانە کەڵبە داپۆشرابوو. کلاوێکی ڕووپۆشکراو بە دانی ڕێوی و پشتێنێکی ڕووپۆشکراو بە ٢٥٠ دانی ڕێوی پێوەبوو (لانی کەم شەست ڕێوی دانیان دەرهاتووە بۆئەوەی ئەو برە دانە دەستەبەر ببێت). کچەکە بە ٥،٢٥٠ دانە کەڵبە ڕازێنرابووەوە. هەردوو منالەکە بە پەیکەرۆکە و کەرەستەی عاجی جیاجیا دەورە درابوون. لەوانەیە پیاوێکی پیشەگەرێکی لێهاتوو (یان ژنێکی وەها) پێویستی بە نزیکەی چل و پێنج خولەک بووبێت بۆ ئامادەکردنی یەک دانە کەڵبە. بە دەربڕینێکی تر، ئامادەکردنی ئەو ١٠،٠٠٠ دانە کەڵبەیە کە دوو منالەکەی داپۆشیبوو، ئەوە کەرەستەکانی تر هەر هیچ، پێویستی بە نزیکەی ٧٥٠٠ سەعاتی کاری وردی زیاتر لە سێ ساڵی ئیشی سەختی پیشەگەرێکی بەئەزموون هەبووە!.

هیچ ڕێی تێناچێت لە تەمەنێکی وەها لاودا منالانی سەنگیرا خۆیان وەکو سەرکردە یان ڕاوکەری مامۆت سەلماندبێت. تەنیا باوەڕە کەلتووربیەکان دەتووانن ڕوونی بکەنەوە کە بۆچی ناشتنێکی وەها پرتێچوونیان بۆ ئەنجام دراوە. تیۆرەیەک ئەوەیە کە پایەی باوانیان بۆ ماوەتەوە. لەوانەیە ئەوان منالانی سەرکردە بووبن، لە کەلتووریکدا کە باوەڕی بە کاریزمای خێزان یان ڕێسا تونەدکانی جێگرتنەوە هەبووە. بەپێی تیۆرەی دووەم، منالەکان لە سەروەختی لەدایکبوونەوە وەکو بەرجەستەبووی ئەو ڕۆحانە لەقەڵەم دراون کە لەمێژبووە مردوون. تیۆرەی سێیەم بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ناشتنی منالەکان پیشاندەری شێوازی مردنیانە نەک پایە و پێگەیان لە ژیاندا. ئەوان بەپێی سروت - لەوانەیە وەکو بەشێک لە سروتەکانی ناشتنی سەرکردە- کراونەتە قوربانی و پاشان بەو دیکۆراسیۆن و بارودۆخە لەگۆڕنراون.

وەڵامە ڕاستەکە هەرکامێکیان بێ، منالانی سەنگیر لەناو باشترین پارچەکانی ئەو بەڵگەیەدان کە پێش ٣٠،٠٠٠ ساڵ مرۆڤە هۆشمەندەکان توانیوویانە ئەو کۆدە کۆمەڵایەتی سیاسییانە دابهێنن کە لەودیو سەپاندنەکانی (دی.ئێن.ئەی)مان و ڕێسا ڕەفتارییەکانی توخمی گیانەوەر و مرۆڤی ترەوەن.

ناشتی یان جەنگ؟

لە کۆتاییدا، پرسی درکاویی ڕۆڵی جەنگ لە کۆمەڵگە خۆراک دۆزەرەوەکان لەبەردەممانداید. هەندێ لە لێکۆڵەران وەکو بەهەشتی ئاشتی وێنای کۆمەڵگە ڕاوکەر-کۆکەرەوەکان دەکەن و بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە جەنگ و زەبروزەنگ تەنیا لەگەڵ شۆڕشی کشتوکاڵیدا دەستیپێکردووە، کاتێک خەڵکی دەستیانکردووە بە کەڵەکەکردنی مووڵکی تایبەت. لێکۆڵەرانی تر جەخت لەوە دەکەنەوە جیهانی خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان بەشێوەیەکی ناوازە دڵڕەقانە و پڕ توندوتیژی بووە. هەردوو قوتابخانەکەی بیرکردنەوە قەڵایەکن لەناو هەوادا، تەنیا بە داوە باریکەکانی پاشەواری بچوکی ئارکیۆلۆژی و چاودێرییە ئەنترۆپۆلۆژییەکانی پەیوەست بە خۆراک دۆزەرەوەکانی ئەمڕۆ، ڕایەڵن بە زەوییەوە.

بەڵگەی ئەنترۆپۆلۆژی سەرنجڕاکێشە بەڵام پڕکێشەیە. خۆراک دۆزەرەوەکانی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناوچە دابڕاو و سەرسەختەکانی وەکو جەمسەری باکوور یان کالاهاری دەژین، کە تیایدا چڕیی دانیشتووان زۆر کەمە و دەرفەتەکانی شەڕکردن لەگەڵ خەڵکی تر سنووردارە. سەرباری ئەمەش، لەم چەند نەوەیەی دواییدا، خۆراک دۆزەرەوەکان پەیتا پەیتا زیاتر کەوتوونەتە بەر چاودێری دەسەڵاتی

دەوڵەتە مۆدێرنەکانەوە، چاودێرییەک کە ڕێگرە لە سەرهەڵدانی پێکدادانی ئاست بەرفراوان. لێکۆڵەرانی ئەوروپی تەنیا دوو دەرفەتیان هەبووە بۆ چاودێریکردنی دانیشتووانی قەبارە گەورە و تا ڕادەیەک چڕی خۆراک دۆزەرەوە سەربەخۆکان: ئەمەش لە باکووری خۆرئاوای ئەمریکای باکووری سەدەی نۆزدەدا و لە باکووری ئوسترالیای سەدەی نۆزدە و سەرەتاکانی سەدەی بیستدا بووە. هەردوو کەلتووری ئەمریکیی هیندی و ئوسترالی ڕەسەن پێکدادانی چەکداریی ناوبەناویان بەخۆیانەوە بینیووە. لەگەڵ ئەوەشدا جێی مشتومڕە ئاخۆ ئەمە ئاماژەیە بە هەلومەرجێکی (بەردەوام) یاخود کاریگەریی ئیمپریالیزمی ئەوروپییە.

ئەنجامە ئارکیۆلۆژییەکان هەم دەگمەن و هەم ناڕۆشنن. چ سەرەداوێک دەشێ لە جەنگێک بمێنێتەوە کە دەیان هەزار ساڵ لەمەوبەر ڕوویداوە؟ ئەو سەردەمە هیچ قەڵا و دیوارێک نەبووە، هیچ تۆپ یان شمشێر و قەڵغان بوونیان نەبووە. لەوانەیە سەرەڕمێکی دێرین لە جەنگ بەکارهێنرابێت، بەڵام لەوانەیە لە ڕاوکردنیشدا بەکارهاتبێت. ئێسقانی بەبەردبووی مرۆڤیش لێکدانەوەیان لەوە ئاسانتر نییە. لەوانەیە شکاوییەک بریێنی جەنگێک یان ڕووداوێک پیشان بدات.

نەبوونی شکاوی و بریێنی سەر پەیکەرەئێسکانێکی دێرینیش بەڵگەی یەکلاییکەرەوە نییە لەسەر ئەوەی کە کەسەکە بە مەرگێکی تووندوتیژانە نەمردبێت. دەشێ مەرگ بەهۆی زیان پێگەیشتنێکی شانە نەرمەکانەوە ڕوویدابێت کە هیچ نیشانەیەک لەسەر ئێسقان جێ ناهێڵێت. تەنانەت لەوەش گرنگتر، لەماوەی جەنگی پێش پیشەسازیدا زیاتر لە ٩٠%ی مردووانی جەنگ بەهۆی برسێتی، سەرما و نەخۆشییەوە مردوون نەک بەهۆی چەکەوە. وێنای ئەوە بکە کە پێش ٣٠،٠٠٠ ساڵ خێڵێک هاوسێکەی بەزاندووە و لە ڕووبەرە دڵخوازەکانی خۆراک دۆزینەوە

دەریپەڕاندووە. لە شەڕە یەکلاییەکەرەوەکەدا، دە ئەندامی خێڵە بەزیووەکە کوژراون. لە ساڵی دواتردا، سەد ئەندامی تری خێڵە دۆڕاوەکە بەهۆی برسێتی، سەرما و نەخۆشییەوە مردوون. لەوانەیە ئەو ئارکیۆلۆژیستانەی ڕێکەوتی ئەم نەبوونی پەیکەرە دەکەن، بە ئاسانی بگەنە ئەو ئەنجامەی کە تەقریبەن زۆربەیان بەر کارەساتێکی سروشتی کەوتوون. چۆن دەتووانین بڵێین هەموویان قوربانیی جەنگێکی بێ بەزەییانە بوون؟.

هەر بەو شێوە چاوەڕوانکراوەی کە هۆشداریمان دا، ئێستا دەتووانین ڕوو بکەینە دەرەنجامە ئارکیۆلۆژییەکان. لە پورتوگال، پشکنینێک بۆ ٤٠٠ پەیکەری ئیسکانی ماوەی پێش شۆڕشی کشتوکاڵی کرا. تەنیا دوو پەیکەرە ئیسکان نیشانەی ڕوونی تووندوتیژییان پێوە بوو. پشکنینێکی هاوشێوە بۆ ٤٠٠ پەیکەرە ئیسکانی هەمان ماوە لە ئیسرائیل تاکە درزێکی لە تاکە کەللەسەرێک پیشان دا کە لەوانەبوو ببەسترێتەوە بە تووندوتیژی مرۆیی. سێیەم پشکنینی ٤٠٠ پەیکەرەئیسکانی شوێنەوارە پێش کشتوکاڵییە جیاجیاکان لە دۆڵی (دانوب) بەڵگەی تووندوتیژییان لەسەر هەژدە پەیکەرە ئیسک پیشاندا. پێناچێت هەژدە لە ٤٠٠ پەیکەرە ئیسک ژمارەیەکی زۆر بێت، بەڵام لە ڕاستیدا ڕێژەیەکی زۆر بەرزە. ئەگەر هەر هەژدە بە ڕاستی بە تووندوتیژی مردبن، ئەمە بەو مانایەیە کە نزیکەی ٤,٥%ی مردنەکان لە دۆڵی (دانوب) بەهۆی تووندوتیژیی مرۆییەوە بوون. ئەمرۆکە، تێکڕای جیهانی تەنیا ١,٥%ە، بە جەنگ و تاوانیشەوە. لەماوەی سەدەی بیستەمدا، تەنیا ٥%ی مردنەکان بەهۆی تووندوتیژیی مرۆییەوە بووە- و ئەمە لە سەدەیەکدایە کە خوێناویترین جەنگەکان و زۆربەی جینۆسایدەکانی لە مێژوودا بەخۆیەوە بینیووە. ئەگەر ئەم

ڕاستییە، حاڵەتێکی تایبەت بێت، دۆڵی دانوبی کۆن ئەوەندەی سەدەی بیستەم پڕ تووندوتیژی بووە.

ئەنجامە خەمناکەکانی دۆڵی دانوب بە زنجیرەیەک ئەنجامی بە هەمان ڕادە خەمناکی ناوچەکانی تر پشتڕاست دەکرێنەوە. لە (جەبل سەحابە) لە سودان، گۆڕستانێکی ١٢٠٠٠ ساڵە دۆزرایەوە کە پەنجاونۆ پەیکەرەئێسکی تێدا بوو. سەرە تیر و نوکی ڕم لەناو یان لە نزیک ئێسقانەکانی بیست و چوار پەیکەرە ئێسک بەدی کرابوو، کە ٤٠%ی دۆزراوەکان بوو. پەیکەری ژنێک دوانزە برینی پێوە بوو.

لە ئەشکەتی (ئۆفنێت) لە باڤاریا، ئارکیۆلۆژیستەکان پاشەواری سی و هەشت خۆراک دۆزەرەوەیان دیتەوە، بەشی زۆریان ژن و منداڵ بوون کە هەڵدرابوونە ناو دوو چاڵەوە. نیوەی پەیکەرە ئێسکەکان، بەوانەشەوە کە منداڵ و ساوا بوون، نیشانەی ڕوونی زیان پێگەیاندنیان بەهۆی چەکی مرۆیی وەکو داری تیژ و چەقۆ پێوە دیار بوو. ئەو ژمارە پەیکەرە ئێسکەی کە هی پیاوانی پێگەیشتوو بوو تووندترین نیشانەی زەبروزەنگیان پێوە دیار بوو. بە هەموو ئەگەرێک، تەواوی باندێکی خۆراک دۆزەرەوەکان لە (ئۆفنێت) کۆمەڵکوژ کرابوون.

کامیان بەباشترین شێوە نوێنەرایەتی جیهانی خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان دەکات: پەیکەرە ئێسقانەکانی ئیسرائیل و پورتوگاڵ، یان قەسابخانەکانی جەبل سەحابە و ئۆفنێت؟ وەڵامەکە بریتییە لە هیچیان. هەروەکو چۆن خۆراک دۆزەرەوەکان چەندەها ئایین و بونیادی کۆمەڵایەتییان پیشان داوە، بەهەمان شێوە لەوانەیە چەندەها ڕێژەی تووندوتیژیش پیشان بدەن. لەکاتێکدا کە دەشێ هەندێ ناوچە و هەندێ سەردەم ئاشتی و ئارامییان بەخۆوە بینیبێت، ئەوانەیتر ڕووبەڕووی پێکدادانی توند بوونەتەوە.

پەردەی بێدەنگی

ئەگەر وێنەی گەورەتری ژیانی خۆراک دۆزەرەوەی دێرین بەرهەم هێنانەوەی سەخت بێت، ئەوا ڕووداوە دیاریکراوەکان بەشێوەیەکی سەرەکی ناتوانرێ بهێنرێنەوە پێش چاو. کاتێک باندێکی مرۆڤە هۆشمەندەکان بۆ یەکەم جار چوونە ناو ئەو دۆڵەی نیاندەرتاڵەکانی لێبوون، لەوانەیە ساڵانی دواتر درامایەکی سەرسوڕهێنی بەخۆیەوە بینیبێت. بەداخەوە، هیچ شتێک لەبەر ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە نەدەمایەوە، مەگەر، لە باشترین حاڵەتدا، چەند ئێسکێکی بەبەردبوو و مشتێک ئامێری بەردین دۆزرابانایەوە کە لەژێر چڕوپڕترین پشکنینی لێکۆڵینەوەکاندا هیچی لێوەبەر نایەت. دەشێ ئێمە زانیارییان لەبارەی ئەناتۆمی مرۆڤ، تەکنۆلۆژیای مرۆیی، بەرنامەی خۆراکیی مرۆڤ و لەوانەشە تەنانەت بونیادی کۆمەڵایەتی مرۆڤ بەدەست بخەین. بەڵام ئەمانە هیچ شتێک لەبارەی هاوپەیمانێتی سیاسی پێکهێنراو لەنێوان باندە هۆشمەندەکانی هاوسێ، لەبارەی ڕۆحەکانی مردووان کە ئەم هاوپەیمانێتییەی پیرۆز کردووە، یان لەبارەی ئەو ملوانکەیەی کەڵبەکان کە بە دزییەوە بەخشراوە بە دکتۆرێکی جادووگەری ناوچەکە بۆئەوەی بەرەکەتی ڕۆحەکان زامن بکات، پیشان نادەن.

ئەم پەردەیەی بێدەنگی، دەیان هەزار ساڵی مێژوو پەردەپۆش دەکات. لەوانەیە ئەم هەزارە دوورودرێژانە جەنگ و شۆڕش، بزاڤی ئایینی پڕ جۆش، تیۆرەی فەلسەفیی قوول، شاکاری هونەریی بێ وێنەیان بەخۆوە بینیبێت. دەشێ خۆراک دۆزەرەوەکان ناپلیۆنی داگیرکەریان هەبووبێت کە ئیمپراتۆریەتی نیوەی قەبارەی لوکسامبیۆرگ-ی حوکم کردبێت، بیتهۆڤنی بەهرەمەندیان هەبووبێت کە

ئۆرکێسترای سیمفۆنیای نەبووبێت بەڵام بە فلوتە حەیزەرانییەکەی خەڵکی هێنابێتە گریان، و پێغەمبەری کاریزمییان هەبووبێت کە قسەکانی درەختێکی بەڕووی ناوچەکەی تەرجەمە کردووە نەک هی خودایەکی خالقی گەردوون. بەڵام ئەمانە هەمووی تەنیا بۆچوونن. پەردەی بێدەنگی ئەوەندە ئەستوورە کە ناتووانین تەنانەت دڵنیا بین لەوەی ئاخۆ ئەم شتانە ڕوویانداوە یان نا- چ جای ئەوەی بەشێوەیەکی تێروتەسەل باسیان بکەین.

لێکۆڵەران تەنیا ئەو پرسیارانە دەخەنە ڕوو کە دەتووانن بەشێوەیەکی مەعقول وەڵامی بدەنەوە. بەبێ دۆزینەوەی ئامرازی تۆژینەوەی وەها کە هێشتا بوونیان نییە، لەوانەیە ئێمە قەت نەزانین خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان باوەڕیان بە چی بووە یان کام دراما سیاسیانەیان ئەزموون کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە ئەو پرسیارانە بکەیت کە هیچ وەڵامیان نییە، ئەگینا لەوانەیە ٦٠،٠٠٠ ی ٧٠،٠٠٠ ساڵی مێژووی مرۆڤ ڕەت بکەینەوە بەو پاساوەی کە (ئەو خەڵکەی ئەو کاتە ژیاون هیچی گرنگیان ئەنجام نەداوە).

ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەوان شتی گرنگی زۆریان ئەنجام داوە. بەتایبەت، ئەوان جیهانی دەوروبەری ئێمەیان تا ئاستێکی گەورەتر لەوەی زۆربەی خەڵکی درکی پێدەکەن، پێکهێناوە. ئەو وەرزشکارە پیادەڕەوانەی سەردانی زەوییە تەختاییەکانی سیبریا، بیابانەکانی ناوەڕاستی ئوستڕالیا و دارستانە باراناوییەکانی ئەمازۆن دەکەن بڕوایان وایە کە چوونەتە ناو پانتاییە پاکەکانەوە، ئەو پانتاییانەی کە تەقریبەن هیچ بەرکەوتنێکی مرۆیی نەبووە. بەڵام ئەمە وەهمە. خۆراک دۆزەرەوەکان پێش ئێمە لەوێ بوون و گۆڕانکاریی دراماتیکییان هێنایە کایەوە تەنانەت لە چڕترین جەنگەڵەکان و چۆڵترین لێڕەوارەکاندا. بەشی

دواتر ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن خۆراک دۆزەرەوەکان ئیکۆلۆژیی هەسارەکەی ئێمەیان زۆر پێش ئەوەی یەکەم گوندی کشتوکاڵی بونیاد بنرێت، بەتەواوی گۆڕیووە. باندە گەڕۆکەکانی مرۆڤە هۆشمەندە حیکایەتبێژەکان گرنگترین و ڕووخێنەرترین هێز بوون کە مەملەکەتی گیانەوەران بەرهەمی هێنابێت.

٤

لافاوەکە

پێش شۆڕشی درک، مرۆڤ بە هەموو توخمەکانیەوە تەنیاوتەنیا لەسەر خاکی ئەفرۆ-ئاسیایی ژیاوە. ڕاستە، ئەوان بە مەلەکردنی کورت مەودا لە ئاوەکاندا یان پەڕینەوە لێیان بەهۆی تەختە بەلەم لەسەر چەند دوورگەیەک گیرساونەتەوە. بۆ نموونە (فلۆرێس) پێش ٨٥٠٠٠ ساڵ کۆلۆنیزە کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان نەیانتوانیووە بەرەو دەریای فراوان سەرکێشی بکەن و هیچیان نەگەیشتوونەتە ئەمریکا، ئوسترالیا، یان دوورگە لاتەریکەکانی وەکو ماداگەسکار، نییوزیلەندە و هاوایی.

کۆسپی دەریا نەک تەنیا بۆ مرۆڤەکان، بەڵکو بۆ گیانەوەرە ئەفرۆ ئاسیاییەکانی تر و ڕووەکەکانیش ڕێگر بووە لەوەی بگەنە ئەم (جیهانەی دەرەوە). سەرەنجام، زیندەوەرەکانی سەرزەمینە دوورەکانی وەکو ئوسترالیا، ماداگاسکار بۆ ماوەی ملیۆنان ملیۆن ساڵ بە گۆشەگیری پەرەیان گرتووە، شکڵ و سروشتی زۆر جیاوازیان لە خزمە ئەفرۆ ئاسیاوییەکانیان گرتووەتەخۆ. هەسارەی زەوی دابەش بووە بەسەر چەند سیستەمێکی ژینگەیی جیاواز، هەریەکەیان لە کۆمەڵەیەکی گیانەوە و

ڕووەکی ناوازە پێکهاتووە. مرۆڤە هۆشمەندەکانیش نزیک بووە کۆتایی بەم فرەڕەنگییە بایۆلۆژییە بهێنن.

دوابەدوای شۆڕشی درک، مرۆڤە هۆشمەندەکان تەکنۆلۆژیا، شارەزایەتی ڕێکخراوەیی و لەوانەیە تەنانەت ڕوئیایان بەدەستهێنابێت بۆ دابڕان لە ئەفرۆ-ئاسیا و نیشتەجێبوون لە جیهانی دەرەوە. یەکەم دەستکەوت بریتی بوو لە کۆلۆنیزەکردنی ئوسترالیا لە ٤٥،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر. شارەزایان گرفتیان هەبوو لە ڕوونکردنەوەی ئەم دەستکەوتە گرنگە. مرۆڤەکان بۆئەوەی بگەنە ئوسترالیا، دەبووایە لە چەند کەناڵێکی دەریا بپەڕنەوە، هەندێکیان زیاتر لە سەد کیلۆمەتر فراوان بوون و لەگەڵ گەیشتنیان دەبووایە تەقریبەن لە شەو و ڕۆژێکدا خۆیان لەگەڵ سیستەمی ژینگەیی نوێدا بەتەواوی بگونجێنن.

مەعقولترین تیۆرە دەڵێت، نزیکەی ٤٥،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، ئەو مرۆڤە هۆشمەندانەی لەسەر ئارکیپێلاگۆ(کۆمەڵە دوورگەیەکی دابڕاو لە ئاسیا و لە یەکتری لە ڕێگەی گەرووەکانەوە) دەژیان یەکەمین کۆمەڵگە دەریاوانییەکانیان بونیاد نا. ئەوان فێر بوون چۆن کەشتی ئۆقیانووس بڕ بونیاد بنێن و بیگێڕن و بوونە بازرگان، سۆراخکەر و ماسیگری دوور ڕەو. ئەمە وەرچەرخانێکی بێ پێشینەی لە تواناکان و ستایڵی ژیانی مرۆڤدا دەهێنایە کایەوە. هەر گیانەوەرێکی شیردەری تر کە چووە دەریا-سەگڵاو، مانگای ئاوی، دۆلفینەکان- دەبووایە بۆ ماوەیەکی بێسنوور درێژ بە گەشەی کاوەخۆدا ڕەت ببن تا ئەندامی تایبەتمەند و جەستەی هایدرۆداینامیک پەیدا بکەن. مرۆڤە هۆشمەندەکانی ئەندۆنیزیا، ئەو وەچەیەی ئەپەکان کە لە دەشتە گیاییەکانی ئەفریقا ژیان، بوونە دەریاوانی ئۆقیانووسی ئارام بەبێ ئەوەی پەڕەکەی پشت دەرکەن یان بەبێ ئەوەی چاوەڕێ بن تا وەکو نەهەنگ لوتیان بگاتە تەپڵە سەریان.

لەبری ئەمە، بەلەمیان دروستکرد و فێر بوون چۆن بیهاژۆن. ئەم شارەزایەتییانەش توانای پێدان بگەنە ئوسترالیا و تیایدا نیشتەجێ ببن.

راستە، ئارکیۆلۆژیستەکان هێشتا زانیارییان لەبارەی تەختە بەلەم، دارە سەوڵ ئاساکان یان گوندەکانی ڕاوەماسی دەست نەکەوتووە کە دەگەڕێنەوە بۆ پێش ٤٥،٠٠٠ ساڵ (دۆزینەوەی ئەمانە ئاسان نەبووە، چونکە بەرزبوونەوەی ئاستەکانی ئاو قەراغە وشکانییەکانی ئەندۆنیزیای دێرینیان لەژێر سەد مەتری ئۆقیانووسدا داپۆشیووە). لەگەڵ ئەوەشدا، بەڵگەی بەهێزی پەیوەست بە بارودۆخ هەن کە پشتگیری ئەم تیۆرییە دەکەن، بەتایبەت ڕاستی ئەمەی کە پاش هەزاران ساڵ لە نیشتەجێبوون لە ئوسترالیا، مرۆڤە هۆشمەندەکان ژمارەیەکی زۆر لە دوورگە بچوک و لاتەریکەکانی باکووریان کۆلۆنیزە کردووە. هەندێکیان، وەکو (بوکا) و (مانوس) بە دووڕایی ٢٠٠ کیلۆمەتری دەریا لە نزیکترین وشکانی دوور بووە. قورسە بڕوا بکەیت بەوەی هەرکەسێک توانیبێتی بەبێ کەشتی گەورە و شارەزایەتی دەریاوانی، (مانوس)ی کۆلۆنیزە کردبێت. هەروەکو پێشتر وترا، بەهەمان شێوە بەڵگەی تۆکمە هەیە لەمەڕ ئەوەی بازرگانی ئاسایی هەبووە لەنێوان هەندێ لەم دوورگانەدا، وەکو ئیرلەندەی نوێ و بریتانیای نوێ.

گەشتی یەکەم مرۆڤەکان بۆ ئوسترالیا یەکێکە لە گرنگترین ڕووداوەکانی مێژوو، لانی کەم وەکو گەشتەکەی کۆلۆمبەس بۆ ئەمریکا یان گەشتی ئەپۆلۆ ١١ بۆ سەر مانگ گرنگن. ئەمە یەکەم جار بوو مرۆڤ سیستەمی ژینگەیی ئەفرۆ-ئاسیایی جێ بهێڵێت- لەراستیدا، یەکەم جار بوو شیردەرێکی وشکانیی گەورە بتووانێت لە ئەفرۆ-ئاسیاوە بپەڕێتەوە بۆ ئوسترالیا. ئەوەی کە لەمەش گرنگتر بوو ئەو شتە بوو کە مرۆڤە پێشڕەوەکان لەم جیهانە نوێیەدا ئەنجامیاندا. ئەو ساتەی یەکەم ڕاوکەر-

کۆکەرەوە پێی نایە کەناراوی ئوسترالیا ئەو ساتە بوو کە مرۆڤە هۆشمەندەکان لە سەرزەمینێکی دیاریکراو سەرکەوتنە سەر ئەڵقەی سەرەوەی زنجیرەی خۆراک و لەوێوە بوونە کوشندەترین توخم لە سەرانسەری مێژووی هەسارەی زەوی.

تاوەکو ئەو وەختە مرۆڤەکان هەندێ ڕەفتار و خۆگونجاندنی تازەگەرانەیان پیشاندابوو، بەڵام کاریگەرییان لەسەر ژینگەکەیان بەرچاو نەبوو. ئەوان سەرکەوتنی بەرچاویان لە گواستنەوە و خۆگونجاندن بۆ ژینگە جیاجیاکان بەدەستهێنابوو، بەڵام ئەم سەرکەوتنەیان بەبێ گۆڕانکاری لەرادەبەدەر لەو ژینگانەدا بەدەستهێنابوو. ئاوەدانکەرەوانی ئوسترالیا، یان وردتر بڵێین، داگیرکەرانی، نەک تەنیا خۆیان گونجاند، بەڵکو سیستەمی ژینگەیی ئوسترالییان بەشێوەیەکی درکپێنەکراو وەرچەرخاند.

یەکەم شوێنپێی مرۆڤ لەسەر کەناری لماوی ئوسترالیا دەستبەجێ بە شەپۆلەکان شۆرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک داگیرکەران بەرەو ناوەوە پێشڕەوییان کرد، شوێنپێیەکی جیاوازیان لەپاش خۆیان جێهێشت، شوێنپێیەک کە قەت نەدەسڕایەوە. لەگەڵ بەرەوپێشچوونیاندا، ڕووبەڕووی گەردوونێکی نامۆی بوونەوەرە نەناسراوەکان بوونەوە، لەوانەش کەنغەری ٢٠٠ کیلۆیی و دوو مەتر درێژ، و شێری کیسەدار بە قەبارەی پڵنگی مۆدێرن کە گەورەترین درندەی کیشوەرەکە بووە. کوالاکان زۆر لەوە گەورەتر بوون کە بگرێنە باوەش و خڕ و خرپن لەسەر درەختەکان نیشتەجێ ببن. بااڵندە بێ زیانەکان قەبارەیان دووئەوەندەی نەعامە دەبوو کە بە دەشتەکاندا بڵاو ببوونەوە. مارمێلکە شێوە ئەژدیهاکان و مارەکان بە درێژایی پێنج مەتر بە ژێر دەوەنەکاندا دەخزان. گیانەوەری زەبەالحی (دایپرۆتۆدۆن)، گیانەوەری (ومبات)ی دوو تەن و نیوی، بەناو

دارستانەکاندا هاتوچۆیـان کـردووە. جـگە لە بالّنـدەکان و خشـۆکەکان، هەمـوو ئەم ئـاژەلانە کیسـەدار بـوون- وەکـو کەنغەرەکـان، کـۆرپەلەی بچکۆلەی دەستەوستانیان هێناوەتە دنیاوە کە دواتر لەنـاو کیسـە شـێوە گیرفانەکانیانی ورگیانەوە شـیریان پێـداون. شـیردەرە کیسـەدارەکان لە ئەفریقا و ئاسیا تەقریبەن نەناسراو بوون، بەڵام لە ئوسترالیادا بالادەسـت بوون.

لەماوەی چەند هەزار ساڵێکدا، تەقریبەن هەموو ئەم زەبەلاحانە لەناوچوون. لەو بیست و چوار توخمەی گیانەوەری ئوسترالی کە کێشیان پەنجا کیلۆ یان زیاتر بووە، بیست و سێیان قڕ بوون. ژمارەیەکی زۆری توخمە بچوکترەکانیش لەناوچوون. زنجیرە خۆراکییەکان لەسەرانسەری سیستەمە ژینگەییەکانی ئوسترالیادا شکابوون و ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتبوو. ئەمە لە ماوەی ملیۆنان ساڵدا گرنگترین وەرچەرخان بوو لە سیستەمی ژینگەیی ئوسترالیادا. ئایا ئەمە هەموو هەڵەی مرۆڤە هۆشمەندەکان بوو؟.

تاوانبار وەکو تۆمەتبار

هەندێ لە لێکۆڵەران هەوڵ دەدەن توخمی ئێمە بێتاوان پیشان بدەن و سەرکۆنەی ناجێگیرییەکانی کەش و هەوا دەکەن (لەم حاڵەتانەدا ئەم دار لەسەردا شکاندنە باوە). لەگەڵ ئەوەشدا قورسە باوەڕ بەوە بکەیت کە مرۆڤە هۆشمەندەکان بەتەواوی بێگوناهن. سێ بەڵگە هەن کە بەڵگەی کەش و هەوا پوچەڵ دەکەنەوە و پێشینانمان لە قڕبوونی گیانەوەرە زەبەلاحەکانی ئوسترالیا تێوە دەگلێنن.

یەکەم، ئەگەرچی کەش و هەوای ئوسترالیا پێش ٤٥،٠٠٠ ساڵ گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەمە گۆڕانێکی بەرچاو نەبووە. قورسە ئەوە

ببینیت که چۆن ڕێسا نوێکانی کەش و هەوا بە تەنیا دەتووانن ببنە هۆکاری قڕبوونێکی وەها بەرفراوان. ئەمڕۆکە باوە هەر شتێک و هەموو شتێک لە ئەنجامی گۆڕانی کەش و هەوا ڕوون بکەیتەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە کەش و هەوای زەوی قەت جێگیر نابێ. لە بەرزی و نزمییەکی بەردەوامدایە. هەموو ڕووداوێک لە مێژوودا لەبەرانبەر باکگراوندی گۆڕانێکی کەش و هەوا ڕوویداوە.

بەتایبەت، هەسارەکەی ئێمە چەندەها سوڕی ساردبوون و گەرمبوونی ئەزموون کردووە. لەماوەی ملیۆن ساڵی دواییدا، تێکڕا هەر ١٠٠،٠٠٠ ساڵ جارێک چاخێکی سەهۆڵین هەبووە. دواییانیان لە نزیکەی ٧٥،٠٠٠ ساڵ بۆ ١٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بووە. ئەو سەردەمەی دوایی کە بە لەبەرچاوگرتنی چاخێکی سەهۆڵینی ڕاستەقینە، لەڕادەبەدەر سەخت نەبووە، دوو تڕۆپکی هەبووە، یەکەمیان نزیکەی ٧٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر و دووەمیان ٢٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر بووە. گیانەوەری زەبەلاحی (دایپرۆتۆدۆن) زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ساڵ لەمەوبەر لە ئوسترالیا دەرکەوتووە و لانی کەم دە چاخی بەستەڵەکی پێشووی سەرکەوتووانە بڕیووە. بەهەمان شێوە بەرگەی یەکەم تڕۆپکی دواییں چاخی بەستەڵکی ٧٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەری گرتووە. کەوایە بۆچی ٤٥،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەناو چووە؟ بێگومان ئەگەر دایپرۆتۆدۆنەکان تاکە گیانەوەری زەبەلاح بووبن لەو کاتەدا لەناوچووبێتن، لەوانەیە ئەمە تەنیا ڕێکەوت بووبێت. بەڵام زیاتر لە ٩٠%ی گیانەوەرە زەبەلاحەکانی ئوسترالیا شانبەشانی دایپرۆتۆدۆنەکان لەناوچوون. بەڵگەی بەردەست ناڕاستەوخۆیە، بەڵام قورسە وێنای ئەوە بکەیت کە مرۆڤە هۆشمەندەکان، تەنیا بە ڕێکەوت، ڕێک لەو ساتەدا گەیشتوون کە هەموو ئەم گیانەوەرانە بەهۆی سەرماوە ڕەق بوونەتەوە.

دووەم، کاتێک کەش و هەوا دەبێتە هۆی لەناوچوونی بەکۆمەڵ، زۆرجار گیانەوەرانی دەریایی وەکو گیانەوەرانی سەرزەوی تووشی بەرکەوتنی سەخت دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا بەڵگەی گرنگ لەبەردەستدا نییە لەمەڕ لەناوچوونی کۆمەڵە گیانەوەری ئۆقیانووس لە ٤٥،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەردا. دەستێوەردانی مرۆڤ بە ئاسانی ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی شەپۆلی قڕبوون گیانەوەرە زەبەلاحەکانی ئوسترالیای ڕامالیووە کەچی ئەوانەی ئۆقیانووسەکانی دەوروبەری بواردووە. سەرباری توانا گەشەسەندووەکانی دەریاوانی، مرۆڤی هۆشمەند هێشتا بەشێوەیەکی کاریگەر هەڕەشەیەکی وشکانیی بووە.

سێیەم، قڕبوونی بەکۆمەڵی هاوشێوەی ئەوەی کە لە هەزارەی دواتردا چەندبارە لە ئوسترالیا- و هەرکاتێک کە خەڵکی لە بەشێکی تری جیهانی دەرەوەدا نیشتەجێ بوون- ڕوویداوە. لەم حاڵەتانەدا، تاوانی مرۆڤە هۆشمەندەکان بێ چەندوچونە. بۆ نموونە، گیانەوەرە زەبەلاحەکانی نییوزیلەندە بەرگەی (گۆڕانی کەش و هەوا)ی ٤٥،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەریان گرتووە بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێ بگات- دەستبەجێ پاش ئەوەی یەکەمین مرۆڤەکان پێیان ناوەتە دوورگەکان زەبری کاریگەریان بەر کەوتووە. (ماوری)یەکان، کە یەکەم کۆڵۆنیستە هۆشمەندەکانی نییوزیلەندە بوون نزیکەی ٨٠٠ ساڵ لەمەوبەر گەیشتنە دوورگەکان. لەماوەی دوو سەدەدا، زۆرینەی گیانەوەرە زەبەلاحەکانی ئەو شوێنانە، شانبەشانی ٦٠%ی هەموو توخمەکانی بالندە قڕیان تێکەوت.

هەمان چارەنووسیش یەخەی ماموتەکانی دوورگەی (رانگێل)ی لە ئۆقیانووسی جەمسەری باکوور گرت (کە دەکەوێتە ٢٠٠ کیلۆمەتری باکووری کەناراوی سیبریا). ماموتەکان ملیۆنان ساڵ بوو لە زۆربەی ناوچەکانی نیوەی باکووردا ژیانیان دەبردە سەر، بەڵام لەگەڵ

بڵاوبوونەوەی مرۆڤە هۆشمەندەکان- سەرەتا لە ئیوراسیا و پاشان بە ئەمریکای باکووردا- مامۆتەکان پاشەکشەیان کرد. ئیتر ١٠،٠٠٠ لەمەوپێش تاکە مامۆتێکیش لە جیهاندا بەدی نەدەکرا، جگە لە هەندێ دوورگەی چەپەکی جەمسەری باکوور، بەزۆریش لە دوورگەی (رانگێل). مامۆتەکانی ڕانگێل بۆ چەند هەزارەیەکی تریش هەر لە باشیدا بوون، پاشان لەپڕێکا نزیکەی ٤،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، ڕێک ئەو کاتەی کە یەکەمین مرۆڤەکان گەیشتنە دوورگەکە لەناوچوون.

ئەگەر قڕبوونەکەی ئوسترالیا ڕووداوێکی جیاواز بووایە، ئەوا دەمانتووانی حەقی گومان بە مرۆڤەکان بدەین. بەڵام ڕیکۆردی مێژوویی، مرۆڤە هۆشمەندەکان وەکو بکوژێکی زنجیرەیی ژینگە دەخاتەڕوو.

هەموو ئاوەدانکەرەوانی ئوسترالیا تەکنۆلۆژیای چاخی بەردینیان لەبەردەستدا بوو. چۆن دەیانتووانی ببنە هۆکاری کارەساتی ژینگەیی؟ سێ ڕوونکردنەوە هەن کە زۆر جوان دەچنەوە سەر یەک.

گیانەوەرە گەورەکان- قوربانییە سەرەکییەکانی قڕبوونی ئوسترالیا- بەهێواشی زاووزێ دەکەن. قۆناغی ئاوسی درێژخایەنە، ژمارەی وەچەخستنەوە بۆ هەر ئاوسبوونێک کەمە و ناوبڕی درێژخایەن هەن لەنێوان هەردوو سکپڕییەکدا. سەرەنجام، ئەگەر مرۆڤەکان بە چەند مانگێک تەنانەت یەک گیانەوەری (دایپرۆدۆن) بدەن بە زەویدا، بەس دەبێت بۆئەوەی وا بکەن ژمارەی مەرگی دایپرۆدۆن لە لەدایکبوونی زۆرتر بێت. لەماوەی چەند هەزار ساڵێکدا، دوا دایپرۆدۆنی تەنیا کۆچی دوایی کرد و لەگەڵیشیدا هەموو توخمەکەی لەنێوچوو.

لە ڕاستیدا، بەو هەموو قەبارەیەشیانەوە، لەوانەیە دایپرۆدۆنەکان و زەبەلاحەکانی تری ئوسترالیا ڕاوکردنیان ئەوەندە قورس نەبووبێ چونکە

لەبەرانبەر پەلامارەدەرە دوو قاچەکانیاندا تەواو تووشی شۆک دەبوون. توخمە مرۆییە جیاجیاکان لە ئەفرۆ-ئاسیادا بۆماوەی دوو ملیۆن ساڵ لە جوڵە و پەرەگرتندا بوون. ئەوان بەهێواشی شارەزایەتییەکانی ڕاوکردنیان پەیدا کردووە و ٤٠٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەستیانکردووە بە وێلبوون بەدوای گیانەوەرە زەبەلاحەکاندا. چوارپێ گەورەکانی ئەفریقا و ئاسیا فێر بوون سڵ لە مرۆڤەکان بکەنەوە، بۆیە کاتێک درندەی گەورەی نوێ- مرۆڤی هۆشمەند- لە ئەفرۆ-ئاسیا دەرکەوت، گیانەوەرە گەورەکان هەنوکە دەیانزانی چۆن خۆ بەدوور بگرن لەو گیانەوەرانەی لەوان دەچن. کەچی، زەبەلاحەکانی ئوسترالیا کاتی ئەوەیان نەبوو فێری هەڵاتن بن. مرۆڤەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو، ترسناک نایەنە بەرچاو. ئەوان دانی درێژی تیژ یان پڕماسولکە و جەستەی نەرم و کشۆکیان نییە. بۆیە کاتێک دایپڕۆدۆنێک، گەورەترین کیسەدار کە بەسەر زەویدا ڕێ بکات، بۆ یەکەمین جار چاوی کەوتە سەر ئەیپە بە ڕووڵەت لەڕەکەڤ سەرنجێکی دایە و کەوتەوە کاوێژکردن لەسەر گەڵاکان. دەبووایە ئەم گیانەوەرانە بەکاوەخۆ ترس لەبەرانبەر مرۆڤایەتی پەیدا بکەن، بەڵام پێش ئەوەی بتووانن ئەمە بکەن، قڕیان تێکەوت.

ڕوونکردنەوەی دووەم ئەوەیە کە لەگەڵ گەیشتنی مرۆڤە هۆشمەندەکان بۆ ئوسترالیا، هەنوکە شارەزایەتییان لە کشتوکاڵی ئاگر پەیدا کردبوو. ڕووبەڕووی نامۆیەک ببوونەوە و هەڕەشەیان لە ژینگە دەکرد، ئەوان بە ئەنقەست ئاگریان بەردایە ناوچەی زۆری دەوەنە چڕەکان و دارستانە پڕەکان بۆئەوەی پێدەشتی گیایی کراوە دروست بکەن. ئەمەش بۆ ڕاو بەکێشکەرتر بوو و گونجاوتر بوو بۆ پێداویستییەکانیان. ئەوان لەوێوە ژینگەی بەشی هەرە زۆری ئوسترالیایان لەماوەی چەند هەزارەیەکی کورتخایەندا بەتەواوی گۆڕی.

بەڵگەیەک کە پشتگیری ئەم تێڕوانینە دەکات بریتییە لە ڕیکۆردی ڕووەکی بەبەردبوو. درەختەکانی (ئیوکالپتوس) لە ٤٥،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە ئوسترالیا دەگمەن بوون. بەڵام گەیشتنی مرۆڤە هۆشمەندەکان چاخی زێڕینیان بۆ توخمەکان والا کرد. لەبەرئەوەی درەختەکانی ئیوکالیپتوس بەشێوەیەکی تایبەت بەرگەی ئاگر دەگرن، دوور و فراوان بڵاو بوونەوە کەچی درەخت و دەوەنەکانی تر لەناچوون.

ئەم گۆڕانکارییانەی ڕووەک کاریگەری کردە سەر ئەو گیانەوەرانەی ڕووەکخۆر بوون و ئەو گۆشتخۆرانەی کە ڕووەکخۆرەکانیان دەخوارد. (کوالاکان) کە تەنیا لەسەر گەڵاکانی ئیوکالپتوس دەژیان، بە شادییەوە بەرەو سەرزەمینی نوێ ڕێیان کرد. زۆربەی گیانەوەرانی تر بەشێوەیەکی بەرجەستە سەختییان چەشت. زۆر زنجیرەی خۆراکی لە ئوسترالیا داڕمان و ئەو لاوازترین تاڵە دەزووی ڕووەو قڕبوون، پساند.

سێیەم ڕوونکردنەوە کۆکە لەسەر ئەوەی کە ڕاوکردن و کشتوکاڵی ئاگرکردنەوە ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە قڕبووندا، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئێمە ناتوانین بەتەواوی ڕۆڵی کەش و هەوا فەرامۆش بکەین. ئەو گۆڕانکارییانەی کەش و هەوا کە ٤٥،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئوسترالیای تووشی تەنگژە کرد، سیستەمی ژینگەیی ناسەقامگیر کرد و بەشێوەیەکی دیاریکراو لاوازی کرد. لەژێر بارودۆخە ئاساییەکاندا، لەوانەیە سیستەمەکە بوژابێتەوە، وەکو چۆن پێشتر چەند جاری تر ئەمەی بەسەر هاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤەکان ڕێک لەم خاڵەدا لەسەر شانۆکە دەرکەوتن و سیستەمە ژینگەییە ناسکەکەیان بەرەو چاڵەکە هەڵدێڕا. دووانەی گۆڕانی کەش و هەوا و ڕاوکردنەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی تایبەت کارەساتن بۆ گیانەوە گەورەکان، چونکە ئەم دوانەیە لە گۆشەی جیاجیاوە هێرشیان دەکەنە سەر. قورسە ستراتیژێکی

زیندووەمانەوەی باش بدۆزیتەوە کە لە یەک کاتدا لەبەرانبەر هەڕەشە بێشوماڕەکاندا کاریگەر بێت.

بەبێ بەڵگەی زیاتر، ئەستەمە لەنێوان سێ سیناریۆدا بڕیار بدەیت. بەڵام بەدڵنیاییەوە هۆکاری باش هەن بۆ باوەڕکردن بەوەی ئەگەر مرۆڤە هۆشمەندەکان نەچووبانایەتە ئەوێ، ئەوا هێشتا مالّی شێرە کیسەدارەکان، دایپرۆدۆنەکان و کەنغەرە زەبەلاحەکان دەبوو.

کۆتایی گیانەوەری سستە

لەوانەیە قڕبوونی گیانەوەرە زەبەلاحەکانی ئوستڕالیا یەکەم نیشانەی گرنگی بەجێماوی مرۆڤە هۆشمەندەکان بێت لەسەر هەسارەکەمان. ئەمە تەنانەت بەدوای کارەساتێکی ژینگەیی گەورەتردا هات، ئەمجارەیان لە ئەمریکا. لە ١٦،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، واتە ١٤،٠٠٠ ساڵ پێش زایین، مرۆڤە هۆشمەندەکان یەکەمین و تاکە توخمی مرۆڤ بوون بگەنە خاکی بەشی خۆرئاوا. یەکەمین ئەمریکییەکان بە پێ گەیشتن، ئەمەشیان لەبەر ئەوە لەتوانادا بوو چونکە، لەو وەختەدا، ئاستەکانی دەریا ئەوەندە نزم بوون کە پردێکی زەمینی، باکووری خۆرهەڵاتی سیبریای گرێ دەدایەوە بە باکووری خۆرئاوای ئالاسکا. لەبەر ئەوە نەبوو کە ئاسان بوو- گەشتەکە تا بڵێی سەخت بوو، ڕەنگە سەختتر لە ڕێڕەوی دەریایی بەرەو ئوستڕالیا. بۆ ئەنجامدانی پەڕینەوەکە، مرۆڤە هۆشمەندەکان دەبووایە فێر بن چۆن بەرگەی هەلومەرجی قورسی باکووری سیبریا بگرن کە لە جەمسەری باکوور بوو، ناوچەیەک کە لە زستاندا قەت خۆرەتاوی ناگاتێ و دەشێ پلەی گەرما بۆ ناقس پەنجا دابەزێت.

پێشتر هیچ توخمێکی مرۆیی نەگەیشتووەتە شوێنی وەکو باکووری سیبریا. تەنانەت نیاندەرتاڵەکان کە خۆیان لەگەڵ سەرمادا گونجاندبوو،

خۆیان بەناوچە تا ڕادەیەک گەرمەکانی ئەوپەڕی باشوور سنووردار کردبوو. بەڵام مرۆڤە هۆشمەندەکان کە جەستەیان لەگەڵ ژیان لە دەشتە گیاییەکانی ئەفریقا ڕاهاتبوو نەک لە سەرزەمینەکانی بەفر و سەهۆڵ، چارەسەری زیرەکانەیان گەڵاڵە کرد. کاتێک چەند باندێکی خۆراک دۆزەرەوەکانی مرۆڤە هۆشمەندە گەڕۆکەکان بەرەو کەش و هەوای ساردتر کۆچیان کرد، فێر بوون پێڵاوی ناو بەفر و جلوبەرگی گەرمی کاریگەری دروستکراو لە کەوڵ و پێست دروست بکەن کە بەهۆی دەرزییەوە توند ئەدووران. ئەوان چەکی نوێ و تەکنیکی ئاڵۆزی ڕاوکردنیان داهێنا کە توانای پێدان لەوپەڕی باکوور شۆێنپێی مامۆت هەڵبگرن و ڕاوی بکەن و هەروەها ڕاوی تریش ئەنجام بدەن. لەگەڵ بەرەوپێشتر چوونی شێوازی پۆشاک و تەکنیکەکانی ڕاوکردنیان، مرۆڤە هۆشمەندەکان وێرایان بەرەو قوواڵیی زیاتری ناوچە بەستووەکان سەرکێشی بکەن. لەگەڵ جوڵانیشیان بەرەو باکوور، جلوبەرگەکانیان، ستراتیژەکانی ڕاوکردنیان و شارەزایەتییەکانی تری زیندوومانەوەیان بەردەوام لە بەرەوپێشچوونی زیاتردابوو.

بەڵام بۆچی خۆیان سەغڵەت کرد؟ بۆچی مرۆڤ بە هەڵبژاردنی خۆی بەرەو سیبریا دوور کەوێتەوە؟ لەوانەیە هەندێ لە باندەکان بەهۆی جەنگەکانەوە، فشارە دیمۆگرافییەکان یان کارەساتە سروشتییەکانەوە کەوتبێتنە باکوور. لەوانەیە ئەوانیتر بە هۆکاری پۆزەتیڤتر، وەکو پرۆتینی ئاژەڵی، بەرەو باکوور بەکێش بووبێتن. زەوییەکانی جەمسەری باکوور پڕ بوون لە گیانەوەری گەورەی چەور، وەکو بەرانە کێوی و مامۆت. هەر مامۆتێک سەرچاوەی بڕێکی زۆری گۆشت (کە بە لەبەرچاوگرتنی پلە بەستووەکانی کەش و هەوا، دەکرا ببەسترێت بۆ بەکارهێنانی لە کاتێکی دواتردا)، چەوریی بەتام، کەوڵی گەرم و کەڵبەی بەنرخ بووە. هەروەکو

دۆزینەوەکانی (سەنگیر) دەریدەخەن، ڕاوچییەکانی ماموت نەک تەنیا لە باکووری بەستەڵەکدا زیندوومانەوە- بەڵکو گەشەیان کرد. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، باندەکان دوور و فراوان بڵاو بوونەوە، سۆراخی ماموتەکان، ماستۆدۆنەکان، کەرکەدەنەکان و بەرانەکێوییەکانیان کرد. دەوروبەری ١٤،٠٠٠ ساڵ پێش زایین، ڕاوەدوونانەکە هەندێکیانی لە باکووری خۆرهەڵاتی سیبریاوە بەرەو ئالاسکا برد. بێگومان، ئەوان نەیاندەزانی جیهانێکی نوێ دەدۆزنەوە. هەم بۆ ماموت و هەم بۆ مرۆڤ، ئالاسکا تەنیا دریژبووەوەی سیبریا بوو.

سەرەتا، کێوە بەفرییەکان ڕێگەی ئالاسکایان بەرەو بەشەکانی تری ئەمریکا بەربەست کردبوو، ڕێگەیان نەدەدا زیاتر لە چەند پێشڕەوێکی جودا جودا سەرزەمینەکانی باشووری دوور بپشکنن. لەگەڵ ئەوەشدا، نزیکەی ١٢،٠٠٠ ساڵ پێش زایین گەرمبوونی گۆی زەوی بەفرەکەی تواندەوە و ڕێڕەوێکی ئاسانتری والا کرد. بۆ بەکارهێنانی ڕاڕەوێکی نوێ، خەڵکی بەکۆمەڵ بەرەو باشوور جوڵان و بە سەرانسەری کێشوەرەکەدا بڵاو بوونەوە. هەرچەندە لە بنەڕەتدا لە جەمسەری باکوور خۆیان لەگەڵ ڕاوکردنی نێچیری گەورە گونجاندبوو، بەزوویی خۆیان لەگەڵ کەش و هەوا و سیستەمی ژینگەیی جیاجیادا گونجاند. وەچەکانی سیبرییەکان لە دارستانە چڕەکانی خۆرهەڵاتی ئەمریکا، زەلکاوەکانی دێڵتای میسیسیپی، بیابانەکانی مەکسیک و جەنگەڵە هەڵماوییەکانی ئەمریکای ناوەڕاستدا گیرسانەوە. هەندێکیان مااڵی خۆیان لە جیهانی ڕووباراویی حەوزی ئەمازۆندا دانا، ئەوانیتر ڕەگیان لە دۆڵەکانی شاخی (ئاندیان) یان پامپاس-ی ئەرجەنتین داکوتا. هەموو ئەمەش تەنیا لە هەزارەیەک یان دووانداڕوویدا!ا بە هاتنی ١٠،٠٠٠ ساڵ پێش زایین، مرۆڤەکان هەنوکە لەوپەڕی باشووری ئەمریکا، لە دوورگەی (تێڕا دو فیگۆ) کە پنتی

باشووری کیشوەرەکەیە، نیشتەجێ ببوون. هەڵمەتی چڕوپڕی مرۆیی لە سەرانسەری ئەمریکا گەواهیدەری ئەفرێنەرێتی بێ وێنە و خۆگونجاندنی بێ ڕادەی مرۆڤە هۆشمەندەکانە. هیچ گیانەوەرێکی تر قەت ئەوەندە لە هەموو شوێنێک بەخێرایی نەچووەتە ناو ژینگەی وەها لە ڕیشەوە جیاواز بە بەکارهێنانی تەقریبەن هەمان ئەو بۆهێڵانەش.

نیشتەجێبوون لە ئەمریکا بێ خوێن تەواو نەبوو. ئەم پرۆسەیە قوربانیی زۆری لێکەوتەوە. کۆمەڵەی گیانەوەرانی ئەمریکا ١٤،٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر دەوڵەمەنتر بوو لە ئێستا. کاتێک یەکەمین ئەمریکییەکان لە ئالاسکاوە بەرەو باشوور و بۆ ناو دەشتەکانی کەنەدا و خۆرئاوای ئەمریکا ڕێیان کرد، ڕووبەڕووی مامۆتەکان و ماستۆدۆنەکان، جرجی بە قەبارەی ورچ، ڕەوە ئەسپ و وشتر، شێری قەبارە گەورە و چەندەها توخمی گەورە بوونەوە کە ئەمڕۆ بەتەواوی نەناسراون، لەناویشیاندا پشیلەی کەڵبە درێژ و سستەی زەبەلاح کە قەبارەکەی دەگەیشتە زیاتر لە هەشت تەن و بەرزی شەش مەتر. ئەمریکای باشوور شێردەری گەورەی نامۆتری دەگرتە خۆ، وەکو خشۆکەکان و باڵندەکان. هەردوو ئەمریکاکە تاقیگەی گەورەی تاقیکردنەوەکانی پەرەگرتن بوون، شوێنێک کە تیایاندا ئاژەڵ و ڕووەکی نەناسراو لە ئەفریقا و ئاسیا لەوێ پەرەیان دەگرت و گەورە دەبوون.

بەڵام چیتر نا. لەماوەی ٢،٠٠٠ ساڵی گەیشتنی مرۆڤە هۆشمەندەکان، زۆربەی ئەم توخمە ناوازانە لەناوچوون. بەگوێرەی مەزندە هەنوکەییەکان، لەماوەی ناوبڕێکی کورتدا، لە چل و حەوت جینی شێردەری گەورە لە ئەمریکای باکوور، سی و چواری لەناوچوو. پشیلەی کەڵبە درێژ، پاش گەشەکردنی بۆ ماوەی زیاتر لە ٣٠ ملیۆن ساڵ، لەناوچوون و بەهەمان شێوەش گیانەوەری سستەی سەر زەوی، شێری

زەبەلاح، ئەسپی ڕەسەنی ئەمریکی، وشتری ڕەسەنی ئەمریکی، جرجی زەبەلاح و مامۆتەکان. هەزاران توخمی شیردەرە بچوکترەکان، خشۆکەکان، باڵندەکان و تەنانەت مێرووەکان و مشەخۆرەکانیش قڕیان تێکەوت (کاتێک مامۆتەکان لەنێوچوون، هەموو قڕنووەکانی مامۆتیش لەنێوچوون).

بۆ ماوەی چەند دەیەیەک، پالیۆنتۆلۆجیستەکان و زووئارکیۆلۆجیستەکان- ئەو کەسانەی کە سۆراخ و تاووتوێی پاشەواری ئاژەڵان دەکەن- هەر خەریکی تێگەڕان بوو لە دەشتەکان و شاخەکانی ئەمریکاکان بۆ دۆزینەوەی ئێسکی بەبەردبووی وشترە دێرینەکان و پیسایی بەبەردبووی سستە زەبەلاحەکان. کاتێک ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕێن دەدۆزنەوە، گەنجینەکان بە وریاییەوە دەپێچرێنەوە و دەنێردرێنە تاقیگەکان، کە لەوێ هەموو ئێسک و کۆرپۆلیتێک (ناوی تەکنیکی پاشەڕۆ بەبەردبووەکان) بە وریاییەوە تاووتوێ و تۆمار دەکرێت. بۆ ئەم جارە و جارێکی تریش، ئەم شیکردنەوانە هەمان ئەنجام دەدەن بەدەستەوە: فرێشترین تۆپەڵە ڕیخ و تازەترین ئێسقانی وشتر دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ماوەیەی کە مرۆڤەکان بە لێشاو ڕژاونەتە ناو ئەمریکا، واتە تەقریبەن لەنێوان ١٢،٠٠٠ بۆ ٩٠٠٠ ساڵ پێش زایین. تەنیا لە یەک ناوچەدا زاناکان تۆپەڵە ڕیخی تازەتریان دۆزیووەتەوە: لەسەر چەند دوورگەیەکی کاریبی، بەتایبەت کوبا و هیسپانیۆلا، ئەوان پیسایی بەبەردبووی گیانەوەری سستەیان دۆزییەوە کە دەگەڕایەوە بۆ نزیکەی ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر. ئەمە کتومت ئەو کاتە بوو کە یەکەمین مرۆڤەکان لە دەریای کاریبی پەڕینەوە و لەسەر ئەو دوو دوورگە گەورەیە گیرسانەوە.

جارێکی تریش، هەندێ لە لێکۆڵەران هەوڵ دەدەن خۆیان لە مرۆڤەکان ببوێرن و سەرکۆنەی گۆڕانی کەش و هەوا بکەن (کە پێویستی بەوەیە بڵێن، لەبەر هۆکارێکی ڕازئامێز، کەش و هەوا لە دوورگەکانی کاریبی بۆ ماوەی ٧٠٠٠ ساڵ بە جێگیری ماوەتەوە لەکاتێکدا کە لە نیوەکەی تری خۆرئاوا گەرم داهاتووە). بەڵام لە ئەمریکا، تۆپەڵە ڕێخ ناکرێ خۆی لێ لابدرێت ؛ئێمە تاوانبارەکەین. ڕێگەیەکی تر بەدەر لەو حەقیقەتە نییە. تەنانەت ئەگەرچی کەش و هەوا دەستی خراپەی لەگەڵ ئێمەدا تێکەڵاو کردووە، دەستی مرۆڤ کاریگەرتر بووە.

کەشتیی نوح

ئەگەر ئێمە بەکۆمەڵ قڕبوونەکانی ئوسترالیا و ئەمریکا لێک بدەین و ئەو قڕبوونە مەودا بچوکانەش زیاد بکەین کە لەگەڵ بڵاو بوونەوەی مرۆڤە هۆشمەندەکان بە ئەفرۆ ئاسیادا ڕوویانداوە- وەکو قڕبوونی هەموو توخمەکانی تری مرۆڤ- و ئەو قڕبوونانەی تر کە لەگەڵ نیشتەجێبوونی خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان لە دوورگە لاتەریکەکانی وەکو کوبا ڕوویانداوە، ئەنجامگیریی حەتمی ئەوەیە کە یەکەم شەپۆلی کۆلۆنیزەی مرۆڤە هۆشمەندەکان یەکێک بووە لە گەورەترین و خێراترین کارەساتی ژینگەیی کە بەسەر مەملەکەتی گیانەوەراندا بێت. ئەوانەی بە سەختترین شێوە بەرکەوتن، گیانەوەرە توکنە گەورەکان بوون. لە سەروەختی شۆڕشی درکدا، هەسارەکە زێدی نزیکەی ٣٠٠ جینی شیردەرە گەورە وشکانییەکان بوو کە کێشیان زیاتر لە پەنجا کیلۆ بوو. لە سەروەختی شۆڕشی کشتوکاڵیدا، تەنیا نزیکەی سەد دانەیان لێ مایەوە. مرۆڤە هۆشمەندەکان بوونە هۆکاری قڕ تێکەوتنی نزیکەی

نیوەی گیانەوەرە گەورەکانی هەسارەکە پێش ئەوەی مرۆڤەکان وبل، نووسین یان ئامێرە ئاسنەکان دابهێنن.

پاش شۆڕشی کشتوکاڵی، ئەم تراژیدییە ژینگەییە لە ئاستی بچوکتردا چەندەها جار ڕوویداوەتەوە. تۆماری ئارکیۆلۆژیی دوورگە لەدوای دوورگە هەمان حیکایەتی خەمناک دەگێڕێتەوە. تراژیدیاکە بە دیمەنێک دەکرێتەوە کە تیایدا دانیشتووانی چڕوپڕ و هەمەجۆر دێنە بەرچاو، بەبێ هیچ شوێنەوارێکی مرۆڤ. لە دیمەنی دووەمدا، مرۆڤە هۆشمەندەکان دەردەکەون، کە بە ئێسکی مرۆڤ، سەرە ڕم، یان لەوانەیە پارچە گۆزەیەک دۆکیومێنت کرابن. دیمەنی دووەم بە خێرایی دێت، کە تیایدا پیاوان و ژنان سەنتەرەکە دەگرن و زۆربەی گیانەوەرە گەورەکان، هاوشانی زۆر گیانەوەری بچوکی تر، لەنێو دەچن.

دوورگەی گەورەی ماداگەسکار، نزیکەی ٤٠٠ کیلۆمەتر لەخۆرهەڵاتی خاکی ئەفریقا، نموونەیەکی بەناوبانگ دەخاتەڕوو. بەدرێژایی ملیۆنان ساڵ دابڕان، کۆمەڵە گیانەوەرێکی ناوازە لەوێ پەرەیان گرت. ئەمانە بریتی بوون لە باڵندەی فیل ئاسا، گیانەوەرێکی نەفڕیووی سێ مەتر بەرز و کێش نیو تەن- گەورەترین باڵندە لە جیهاندا- و لێمورە زەبەلاحەکان، هاوشانی زۆربەی گیانەوەرە گەورەکانی تری ماداگەسکار، ١٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەپڕێکدا لەنێوچوون- واتە ڕێک ئەو کاتەی کە یەکەمین مرۆڤەکان پێیان نایە دوورگەکەوە.

لە ئۆقیانووسی ئارام، شەپۆلی سەرەکی قڕبوون نزیکەی ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین دەستیپێکرد، کاتێک جوتیارانی (پۆلینیزی) لە دوورگەکانی سۆلۆمۆن، فیجی و کالێدۆنیا نیشتەجێ بوون. ئەوان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سەدان توخمی باڵندە، مێروو، لوولپێچ و نێشتەجێبووانی تری لۆکاڵیان کوشت. لەوێوە، شەپۆلی قڕبوون بەرەبەرە بەرەو

خۆرهەلات، باشوور و باکوور، بەرەو چەقی ئۆقیانووسی ئارام جوڵا و لە ڕێگاکەیدا کۆمەڵە گیانەوەری ناوازەی (ساموا) و (تۆنگا)(١٢٠٠ پێش زایین)، دوورگەکانی مارکیس (١ی زایین)، دوورگەی ئیستەر، دوورگەکانی کوک و هاوایی (٥٠٠ی زایین) و دواجار نیوزیلاند (١٢٠٠ی زایین)ی ڕامالی.

هەمان ئەو کارەساتە ژینگەییانە تەقریبەن لە هەر یەک لەو هەزاران دوورگەیە ڕوویدا کە بە ئۆقیانووسی ئەتلانتیک، ئۆقیانووسی هیندی، ئۆقیانووسی جەمسەری باکوور و دەریای مێدیتەرانەدا بڵاو بوونەتەوە. ئارکیۆلۆژیستەکان تەنانەت لەسەر بچوکترین دوورگەکان بەڵگەی بوونی باڵندەکان، مێرووەکان و لوولپێچەکانیان دۆزیووەتەوە کە بۆ ماوەی چەندەها نەوە لەوێ ژیاون و تەنیا ئەو کاتەی یەکەمین جوتیارە مرۆڤەکان گەیشتوونەتە ئەوێ، لەناوچوون. تاوەکو سەردەمی مۆدێرن، هیچ، جگە لە ژمارەیەک دوورگەی تەواو چەپەک نەکەوتوونەتە بە چاوی مرۆڤ و ئەم دوورگانە کۆمەڵە گیانەوەرییەکانی خۆیان پاراستووە. ئەگەر وەکو نموونەی بەناوبانگ وەریبگرین، دوورگەکانی گالاپاگۆس، تاوەکو سەدەی نۆزدە هەر چۆڵ بوو لە مرۆڤ، لەم ڕووەوە کۆمەڵە گیانەوەری خۆیان پاراستبوو، لەوانەش کیسەڵە زەبەلاحەکان کە وەکو دایپرۆدۆنە دێرینەکان، ترسیان بەرانبەر مرۆڤەکان نەبوو.

یەکەم شەپۆلی قڕ تێکەوتن، کە هاوشانی بڵاوبوونەوەی خۆراک دۆزەرەوەکان بوو، دووەم شەپۆلی قڕبوونی بەدواداهات کە هاوشانی بڵاوبوونەوەی جوتیارەکان بوو و ڕوانگەیەکی گرنگمان لەبارەی سێیەم شەپۆلی قڕبوون دەداتێ کە چالاکی پیشەسازیی ئەمڕۆ هۆکاریەتی. باوەڕ بەو ژینگەپارێزانە مەکە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن پێشینانمان بەشێوەیەکی هارمۆنێک لەگەڵ سروشت ژیاون. ماوەیەکی درێژ پێش

شۆڕشی پیشەسازی، مرۆڤە هۆشمەندەکان لەناو هەموو زیندەوەراندا ڕیکۆردیان شکاندووە لە ئاراستەکردنی زۆربەی توخمەکانی ڕووەک و ئاژەڵان بەرەو قڕبوون. ئێمە گرنگییەکی گوماناویمان هەیە لەوەی توخمێکی کوشندە بین لە تۆماری بایۆلۆژیدا.

لەوانەیە ئەگەر خەڵکێکی زۆرتر ئاگاداری شەپۆلی یەکەم و شەپۆلی دووەمی قڕبوون بووایە، ئەوا کەمتر بێباک دەبوون لەبارەی شەپۆلی سێیەم کە ئەوان بەشێکن لێی. ئەگەر ئێمە بمانزانیایە چەند توخممان هەنوکە ڕیشەکێش کردووە، ئەوا لەوانە بوو پرچۆشتر بین بۆ پاراستنی ئەوانەی کە هێشتا زیندوو ماونەتەوە. ئەمە بەتایبەت بۆ گیانەوەرە گەورەکانی ئۆقیانووسەکان ڕاستە. بە پێچەوانەی هاوتا وشکانییەکانیان، گیانەوەرە گەورەکانی دەریا تا ڕادەیەک کەمتر بەدەست شۆڕشی درک و شۆڕشی کشتوکاڵ چەوساونەتەوە. بەڵام زۆرێکیان ئێستا لە لێواری لەناوچوونن لە ئەنجامی پیسبوونی پیشەسازی و بەکارهێنانی سەرەڕۆیانەی سەرچاوە ئۆقیانووسییەکان لەلایەن مرۆڤەوە. ئەگەر شتەکان بەم ڕێتمەی ئێستا بەردەوام بن، ئەوا لەوانەیە نەهەنگەکان، قرشەکان، تونا و دۆلفینەکان چارەنووسیان وەکو هی دایپرۆدۆنەکان، سستەکانی سەر زەوی و مامۆتەکان بێت. لەناو هەموو گیانەوەرە گەورەکانی جیهاندا، تاکە ڕزگاربوانی لافاوی مرۆڤ، تەنیا مرۆڤەکان خۆیان و ئەو گیانەوەرانەی کێڵگە دەبن کە وەکو کۆیلەکانی ناو کەشتییەکەی نوح خزمەت دەکەن.

بەشی دووەم

شۆڕشی کشتوکاڵی

٥

گەورەترین ساختەیی لە مێژوودا

بۆ ماوەی ٢,٥ ملیۆن ساڵ مرۆڤەکان لە ڕێگەی خڕکردنەوەی ڕووەکەکان و ڕاوکردنی ئەو ئاژەڵانە خۆراکی خۆیان دابین کردووە کە بەبێ دەستێوەردانی ئەمان ژیاون و زاووزێیان کردووە. (هۆمۆ ئیرەکتوس)، (هۆمۆ ئیرگاستەر) و نیاندەرتاڵەکان هەنجیری کێوییان لێکردۆتەوە و مەڕی کێوییان ڕاو کردووە بەبێ بڕیاردان لەوەی دەبێ هەنجیری کێوی لە کوێ ڕەگ داکوتێت، ڕانەمەڕێک لەناو کام قەسەڵە لەوەڕ بکات، یان کام نێرییە تۆو بکاتە کام بزنەوە. مرۆڤە هۆشمەندەکان لە خۆرهەڵاتی ئاسیاوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەورووپا و ئاسیا بڵاو بوونەوە و دواجار گەیشتنە ئوستراڵیا و ئەمریکا- بەڵام بۆ هەر شوێنێک چوون، بەردەوام بوون لە ژیان لەسەر خڕکردنەوەی ڕووەکی کێوی و ڕاوکردنی ئاژەڵی کێوی. بۆچی هیچی تر بکەیت کاتێک ستایڵی ژیانت خۆراکی پێویستت بۆ دابین دەکات و پاڵپشتی جیهانێکی دەوڵەمەندی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، باوەڕە ئایینییەکان و داینامیکە سیاسییەکانە؟

هەموو ئەمە نزیکەی ١٠,٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر گۆڕانی بەسەردا هات، کاتێک مرۆڤە هۆشمەندەکان دەستیانکرد بە تەرخانکردنی تەقریبەن هەموو کات و تەقەلای خۆیان بۆ قۆرخکردنی ژیانی چەند توخمێکی

ئاژەڵ و ڕووەک. لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا مرۆڤەکان تۆویان داچاندووە، ڕووەکیان ئاوداوە، گژوگیایان لە زەوی چنیووە و ڕانەمەڕیان بەرەو لەوەڕگا گەورەکان لێخوڕیووە. پێیان وابووە، ئەم کارە میوە، دانەوێڵە و گۆشتی زیاتریان بۆ دابین دەکات. ئەمە شۆڕشێک بوو لە شێوازی ژیانی مرۆڤەکاندا- شۆڕشی کشتوکاڵی.

گواستنەوە بۆ کشتوکاڵ لە دەوروبەری ٩٥٠٠-٨٥٠٠ پێش زایین لە وڵاتی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا، خۆرئاوای ئێران و شام دەستیپێکرد. ئەمە بە هێواشی و لە ڕووبەرێکی جیۆگرافی سنووردار دەستیپێکرد. گەنم و بزن نزیکەی ٩٠٠٠ی پێش زایین مالی کران، بەزالیا و نیسک نزیکەی ٨٠٠٠ ساڵ پێش زایین مالی کران، درەختی زەیتون ٥٠٠٠ پێش زایین و ڕەزی تریێ ٣٥٠٠ پێش زایین. تەنانەت هەندێ گیانەوەر و ڕووەک وەکو وشتر و چەرەسی کاشۆ دواتر مالی کران، بەڵام بەهاتنی ٣٥٠٠ ساڵ پێش زایین شەپۆلی سەرەکی مالیکردن کۆتایی هات. تەنانەت ئەمڕۆکەش، لەگەڵ ئەو هەموو تەکنۆلۆژیا پێشکەوتووەشمان، زیاتر لە ٩٠%ی ئەو کالۆرییانەی خۆراکی مرۆڤایەتی دابین دەکەن، لە چەند ڕووەکێکی کەمەوەن کە پێشینانمان لەنێوان ٩٥٠٠ بۆ ٣٥٠٠ پێش زایین مالییان کرد- گەنم، جۆ، برنج، گەنمەشامی، پەتاتە و هەرزن. هیچ ڕووەکێک یان ئاژەڵێکی ناسراو لە ٢٠٠٠ ساڵی ڕابردوودا مالی نەکراوە. ئەگەر ئەقڵمان ئەقڵی ڕاوکەرە-کۆکەرەوەکان بێت ئەوا چێشتمان هی جوتیارە دێرینەکانە.

جارێک لە جاران لێکۆڵەران بڕوایان وابوو کە کشتوکاڵ لە تاقە پنتێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بڵاو بووەتەوە بۆ چوار دەوری جیهان. ئەمڕۆکە، لێکۆڵەران کۆکن لەسەر ئەوەی کە کشتوکاڵ لە ناوچەکانی جیهان سەربەخۆداوە ئەمەش نەک بە کرداری جوتیارانی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست کە شۆڕشی خۆیان هەنارده کردبێت بەڵکو تەواو بەشێوەیەکی سەربەخۆ. خەڵکی لە ئەمریکای ناوەڕاست گەنمەشامی و پاقلەمەنییان مالی کرد بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەبارەی کشتیاریی گەنم و بەزالیا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بزانن. ئەمریکاییەکانی باشوور فێری ئەوە بوون چۆن پەتاتە و گیانەوەری لاما پەروەردە بکەن، بێ ئاگا لەوەی کە چ لە مەکسیک یان شام چی دەگوزەرێ. یەکەمین شۆڕشگێڕەکانی چین برنج، هەرزن و بەرازیان مالی کرد. یەکەمین باخەوانەکانی ئەمریکای باکوور ئەوانە بوون کە ماندوو ببوون لە سۆراخکردنی ناو دەوەن بۆ دۆزینەوەی کودووی خواردن و بڕیاریاندا کودوو حاجی دابچێنن. کینییە نوێکان قامیشی شەکر و مۆزیان مالی کرد، کەچی یەکەمین جوتیارانی ئەفریقای خۆرئاوا هەرزنی ئەفریقایی، برنجی ئەفریقایی، سۆرگوم و دانەوێلە گونجاو بوون بۆ پێداویستییەکانیان. لەم پنتە بنەڕەتییانەوە، کشتوکاڵ دوور و فراوان بڵاو بووەوە. بەهاتنی سەدەی یەکەمی زایین زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی لە سەرانسەری بەشی هەرە زۆری جیهان کشتیار بوون.

بۆچی شۆڕشە کشتوکاڵییەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، چین و ئەمریکای ناوەڕاست بەڵام نەک لە ئوسترالیا، ئالاسکا یان باشووری ئەفریقا سەریانهەڵدا؟ هۆکارەکە سادەیە: زۆربەی تۆخمی ڕووەکەکان و ئاژەڵەکان مالی ناکرێن. مرۆڤە هۆشمەندەکان دەیانتووانی دومەلانی بەتام لە زەوی دەرکەن و مامۆتی توکن ڕاو بکەن، بەڵام دەستەمۆکردنی هەر کامێک لەو تۆخمانە ئەستەم بوو. کەڕووەکان زۆر دوورەدەست بوون، چوارپێ زەبەلاحەکانیش زۆر درندە بوون. لەو هەزاران تۆخمەی کە پێشینانمان ڕاویان کرد و کۆیان کردەوە، تەنیا چەند دانەیەکیان پاڵێوراوی گونجاو بوون بۆ کشتیاری و مالیکردن. ئەو چەند تۆخمە لە

چەند شوێنێکی دیاریکراو دەژیان و ئەمانە ئەو شوێنانە بوون کە تیایاندا شۆڕشی کشتوکاڵی ڕوویدا.

جارێکیان لێکۆڵەران ڕایانگەیاند کە شۆڕشی کشتوکاڵی بۆ مرۆڤایەتی بازدانێکی گەورەیە بەرەو پێشەوە. ئەوان حیکایەتی پێشکەوتنێکیان گێڕایەوە کە بە هێزی مێشکی مرۆڤ هاتبووە کایە. پەرەگرتن پەیتاپەیتا خەڵکی هۆشمەندتری بەرهەم هێنا. دواجار، خەڵکی ئەوەندە زیرەک بوون کە دەیانتووانی ڕازەکانی سروشت ئاشکرا بکەن، بەم هۆیەوە توانیان پەیدا دەکرد کە مەڕ مالی بکەن و گەنم دابچێنن. هەر کە ئەمە ڕوویدا، ئەوان بە شادییەوە دەستبەرداری ژیانی سەخت و مەترسیداری ڕاوکەر-کۆکەرەوە بوون و دەستیانکرد بە خۆشی بینین لە ژیانی دڵگیری جوتیاری.

ئەم حیکایەتە فەنتازیایە. هیچ بەڵگەیەک نییە پیشانی بدات کە خەڵکی لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا هۆشمەندتر بووبن. خۆراک دۆزەرەوەکان زۆر لە پێش شۆڕشی کشتوکاڵیدا ڕازەکانی سروشتیان زانیووە، چونکە مانەوەیان بەند بووە بە زانینێکی تێروتەسەل لەبارەی ئەو گیانەوەرانەی ڕاویان کردووە و ئەو ڕووەکانەی کۆیان کردووەتەوە. لەبری جارِدانی سەردەمێکی نوێی ژینی ئاسان، شۆڕشی کشتوکاڵی، ئەو ژیانەی بۆ جوتیاران هێشتەوە کە بەگشتی قورستر و لەوانەی خۆراک دۆزەرەوەکان کەمتر قەناعەتهێن بوو. ڕاوکەرە-کۆکەرەوەکان کاتیان بە ڕێگای کەمتر بزوێنەر و هەمەڕەنگ بەسەر برد و کەمتر لە مەترسیی لەبرسامردن و نەخۆشیدا بوون. بە دڵنیاییەوە شۆڕشی کشتوکاڵی تێکڕای بڕی خۆراکی بەردەستی مرۆڤایەتی فراوان کرد، بەڵام خۆراکی زیادە بە مانای بەرنامەیەکی خۆراکیی باشتر یان خۆشگوزەرانی زیاتر نەبوو. بگرە، ئەمە بەمانای تەقینەوەی دانیشتووانی و دەستەبژێریی بەناز هات. تێکڕای هەر

جوتیارێک سەرسەختتر لە تێکڕای هەر خۆراک دۆزەرەوەیەک کاری کرد و لەبەرانبەردا بەرنامەیەکی خۆراکیی خراپتری بەدەستهێنا. شۆڕشی کشتوکاڵی، گەورەترین ساختەکاریی مێژوو بوو.

کێ بەرپرس بوو؟ نە پاشاکان، نە قەشەکان، نە بازرگانەکان. تێوەگلاوەکەکان بریتی بوون لە کۆمەڵە توخمێکی ڕووەکی، لەوانەش گەنم، برنج و پەتاتە. ئەم ڕووەکانە مرۆڤە هۆشمەندەکانیان دەستەمۆ کرد، نەک بە پێچەوانەوە.

بۆ ساتێک لە ڕوانگەی گەنمەوە بیر لە شۆڕشی پیشەسازی بکەرەوە. دە هەزار ساڵ لەمەوپێش گەنم تەنیا گیایەکی کێوی بوو، یەکێک بوو لە زۆران، سنووردار بوو بە پانتاییەکی بچوک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لەپڕێکدا، لە ماوەی چەند هەزارەیەکی کورتدا، لە سەرانسەری جیهاندا لە گەشەدا بوو. بەپێی پێوەرە بنچینەییەکانی پەرەگرتن بۆ زیندووومانەوە و وەچەخستنەوە، گەنم بووەتە یەکێک لە ڕووەکە هەرە سەرکەوتووەکان لە مێژووی زەویدا. لە ناوچەکانی وەکو دەشتە گەورەکانی ئەمریکای باکوور، کە دە هەزار ساڵ لەمەوبەر تاکە چڵێکی دانەوێڵەی لێ نەدەڕوا، ئەمڕۆکە دەتووانیت سەدان کیلۆمەتر ڕێ بکەیت بەبێ ئەوەی ڕووبەڕووی هیچ ڕووەکێکی تر ببیتەوە. لە سەرانسەری جیهاندا، دانەوێڵە نزیکەی ٢,٢٥ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەی ڕووی زەوی داپۆشیوە، واتە تەقریبەن دە جار لە قەبارەی بریتانیا زیاتر. چۆن ئەم گیایە لە شتێکی ناگرنگەوە بووە شتێکی بەربڵاو؟.

گەنم بە بەکارهێنانی مرۆڤی هۆشمەند لە بەرژەوەندی خۆی، ئەمەی کرد. ئەم ئەپیپە، لە ڕێگەی ڕاوکردن و کۆکردنەوە، نزیکەی ١٠,٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر ژیانێکی تا ڕادەیەک ئاسودەبەخش دەژیا، بەڵام ئیتر دەستیکرد بە دەکارکردنی تەقەڵای زیاتر و زیاتر لە داچاندنی گەنمدا. لەماوەی

چەند هەزارەیەکدا، مرۆڤەکان لە زۆر ناوچەی جیهاندا، لە سپێدەوە تا زەردەپەڕ شتێکی وەهایان نەدەکرد جگە لە چاودێریکردنی ڕووەکی دانەوێلە. ئەمە ئاسان نەبوو. دانەوێلە پێویستی بە زۆروزەبەندی بوو. گەنم کەیفی بە بەرد و چەو نەدەهات، بۆیە مرۆڤە هۆشمەندەکان پشتی خۆیان بە پاککردنەوەی کێڵگەکان شکاند. گەنم حەزی لە بەشکردنی پانتاییەکانی، ئاو و پەینەکانی نەبوو لەگەڵ ڕووەکەکانی تردا، بۆیە پیاوان و ژنان ڕۆژانی درێژیان لەژێر هەتاوی سوتێنەردا بەسەر برد بە هەڵکەندنی گژوگیا نامۆکانەوە. گەنم نەخۆش کەوت، بۆیە دەبووایە مرۆڤە هۆشمەندەکان بەئاگا بن لەبەرانبەر کرم و ئافاتدا. گەنم بێ دەسەڵات بوو لەبەرانبەر ئەو زیندەوەرانەی تر کە کەیفیان لە خواردنی بوو، هەر لە کەرۆشکەکانەوە تا ڕەوەکوللە، بۆیە دەبووایە جوتیاران پارێزگاری لێبکەن. گەنم تینووی دەبوو، بۆیە مرۆڤەکان لە کانییەکانەوە ئاویان گواستەوە بۆ ئاودانی. برسێتییان تەنانەت مرۆڤە هۆشمەندەکانی ناچار کرد پاشەڕۆی ئاژەڵ خڕ بکەنەوە بۆ خۆراکپێدانی زەویی گەنم.

جەستەی مرۆڤە هۆشمەندەکان بۆ ئەو ئەرک و تەقەلایانە کامڵ نەببوو. ئەم جەستەیە لەگەڵ سەرکەوتن بەسەر درەختەکانی سێو و ڕاکردن بەدوای ئاسکە کێویدا گونجابوو، نەک لابردنی بەردەکان و گواستنەوەی سەتڵە ئاو. بڕبڕە، ئەژنۆ، مل و پاژنە باجەکەیان دا. تۆڕێنەوەی پەیکەرە ئێسکە دێرینەکان پیشانی دەدەن کە گواستنەوە بۆ کشتوکاڵ چەندەها نەساغی بەدوای خۆیدا هێنا، وەکو ترازان (ئینزیلاق)، ئاوسانی جومگە و دڕان. سەرباری ئەمەش، تەقەلا کشتوکاڵییە نوێکان پێویستیان بە کاتی ئەوەندە زۆر هەبوو کە خەڵکی ناچار دەبوون بە بەردەوامی لای کێڵگەکانی گەنمیان بمێننەوە. ئەمە شێوازی ژیانی بەتەواوی گۆڕی. ئێمە گەنممان مالی نەکرد، بەڵکو ئەم

ئێمەی مااڵی کرد. وشەی ماڵیکردن لە وشەی (ماڵ)ەوە دێت. کێ لە ماڵدا دەژیت؟ گەنم نییە. مرۆڤە هۆشمەندەکانن.

گەنم چۆن قەناعەتی بە مرۆڤە هۆشمەندەکان هێنا ژیانێکی تا ڕادەیەک باش بە هەبوونێکی نەگبەتانەتر ئاڵوگۆڕ بکەن؟ لە بەرانبەر دا چی پێشکەش کرد؟ بەرنامەیەکی خۆراکی باشتری پێشکەش نەکرد. بیرت بێت، مرۆڤەکان ئەو ئەپە گۆشت و ڕووەک خۆرانەن کە لەسەر جۆرەها خۆراک دەژین. پێش شۆڕشی کشتوکاڵی دانەوێڵە تەنیا بەشێکی بچوکی بەرنامەی خۆراکی مرۆڤ پێکدەهێنا. بەرنامەیەکی خۆراکی لەسەر بنەمای دانەوێڵە، لە کانزا و ڤایتامیندا هەژارە، هەرسکردنی قورسە و بە ڕاستی بۆ پوک و دان خراپە.

گەنم ئاسایشی ئابووری نەدایە خەڵکی. ژیانی جوتیارێک کەمتر ئارامە لەچاو ئەوەی کۆکەرەوە-ڕاوکەرێک. خۆراک دۆزەرەوەکان پشت ئەستوور بوون بە بیست سی توخمێک بۆ زیندوو مانەوەیان و بۆیە دەیانتووانی بەرگەی ساڵانی سەخت بگرن تەنانەت بەبێ پیتاکی خۆراکی هەڵگیراو. ئەگەر توخمێک ڕووی لە کەمی بکردایە، ئەوا دەیانتووانی بڕی زۆرتر لە توخمی تر کۆ بکەنەوە و ڕاو بکەن. کۆمەڵگە کشتیارییەکان تاوەکو ئەم دواییەش بۆ بەشی هەرە زۆری وەرگرتنی کالۆری پشتیان بە فرەڕەنگییەکی بچوکی ڕووەکە ماڵیکراوەکان دەبەست. لە زۆر ڕووەوە، ئەوان پشتیان بە تاکە پیتاکێک دەبەست، وەکو گەنم، پەتاتە یان برنج. ئەگەر باران نەباریایە یان ڕەوە کوللە بگەیشتایە یان ئەگەر کەڕوویەک فێر بووایە چۆن توخمی ئەو پیتاکە دابڕزێنێت، جوتیار بە هەزار و ملیۆن دەمردن.

گەنم نەشیدەتووانی ئاسایش لەبەرانبەر تۆندوتیژی مرۆییدا مسۆگەر بکات. جوتیارانی سەرەتا لانی کەم ئەوەندەی پێشینانی خۆراک

دۆزەرەوەیان توندوتیژ بوون، ئەگەر نەڵێین زۆرتر. جوتیاران کەرەستەی زۆرتریان هەبوو و پێویستیان بە زەوی بوو بۆ داچاندن. لەدەستدانی زەوی لەوەڕگا لەبەرانبەر پەلارماردەرانی دەوروبەر دەکرا بە مانای جیاوازیی بێت لەنێوان زیندوومانەوە و لەبرسامردن، بۆیە بواری زۆر کەمتر هەبوو بۆ ڕێککەوتن. کاتێک باندێکی خۆراک دۆزەرەوە لەلایەن ڕکابەرێکی بەهێزەوە فشاری دەخرایە سەر، لەوانەبوو درێژە بکێشێت. ئەمە قورس و مەترسیدار بوو، بەڵام کرداری بوو. کاتێک دوژمنێکی بەهێز هەڕەشەی لە گوندێکی کشتوکاڵی دەکرد، پاشەکشە بەمانای دەستبەرداربوون بوو لە کێڵگەکان، خانووەکان و کۆگاکان. لە زۆر ڕووەوە، ئەمە پەنابەرانی بەرەو لەبرسامردن کێش دەکرد. بۆیە، جوتیاران بە مکوڕی دەمانەوە و تاوەکو کۆتاییە تاڵەکە شەڕیان دەکرد.

زۆرێک لە تونژینەوە ئەنتڕۆپۆلۆژی و ئارکیۆلۆژییەکان پیشانی دەدەن کە لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییە سادەکاندا کە لەودیو گوند و خێڵەوە چوارچێوەی سیاسییان نییە، توندوتیژیی مرۆیی بەرپرس بووە لە نزیکەی ١٥%ی مردنەکان، لەوانەش ٢٥%ی مەرگی نێرینە. لە (گینیای نوێ)ی هاوچەرخ، توندوتیژی یەکسانە بە ٣٠%ی مەرگی نێرینە لە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی کشتوکاڵیدا بەناوی (دانی) و ٣٥%ی مەرگی نێرینە لە یەکێکی تردا بەناوی (ئێنگا). لەوانەیە لە ئیکوادۆر ٥٠%ی (وارانی)یە پێگەیشتووەکان ڕووبەرووی مەرگێکی توندوتیژ ببنەوە لەسەر دەستی مرۆڤێکی ترا پێ بە پێی کات توندوتیژی خرایە ژێر کۆنترۆڵەوە لە ڕێگەی هێنانەکایەی چوارچێوە کۆمەڵایەتییە گەورەترەکان- شارەکان، مەملەکەتەکان و دەوڵەتەکان. بەڵام هەزاران ساڵی ویست تا سترەکتۆری سیاسیی کاریگەر و گەورەی وەها بونیاد نران.

بەدڵنیاییەوە ژیانی گوند هەندێ قازانجی دەم و دەستی بە یەکەمین جوتیارەکان گەیاند، وەکو پاراستنی باشتر لەبەرانبەر ئاژەڵە کێوییەکان، باران و سەرما. لەگەڵ ئەوەشدا، لەوانەیە بۆ تێکڕای هەر تاکەکەسێک، سلبیاتەکان لەسەروو قازانجەکانەوە بووبن. پێزانینی ئەمە بۆ خەڵکی لە کۆمەڵگە کامەرانەکانی ئەمڕۆدا قورسە. لەبەرئەوەی ئێمە خۆشی لە کامەرانی و ئارامی دەبینین و لەبەرئەوەی کامەرانی و ئارامیمان بەندە بەو بناغانەی لەلایەن شۆڕشی کشتوکاڵییەوە دانراون، پێمان وایە شۆڕشی کشتوکاڵی باشبوونێکی بێ وێنە بووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەڵەیە لە ڕوانگەی ئەمڕۆوە حوکم لەسەر هەزاران ساڵی مێژوو بدەین. ڕوانگەیەکی ڕوونتر، هی کچێکی سێ ساڵەیە کە لە سەدەی یەکەمی چیندا بەهۆی بەدخۆراکی مردووە لەبەرئەوەی بەرووبوومەکەی باوکی شکستی هێنابوو. ئایا دەیگوت (من بەهۆی بەدخۆراکی دەمرم، بەڵام پاش ٢٠٠٠ ساڵ خەڵکی خۆراکێکی زۆریان دەبێت بۆ خواردن و ژیان لەو خانووانەدا کە سپلیتیان تێدایە، بۆیە ئێشی من قوربانیدانێکی شایستەیە؟).

کەوایە گەنم چی پێشکەشی کشتیارەکان کردووە، بەو کچە بەدخۆراکە چینییەشەوە؟ هیچی پێشکەش بە خەڵک نەکردووە وەکو تاکەکەس. لەگەڵ ئەوەشدا شتێکی داوەتە مرۆڤە هۆشمەندەکان وەکو توخمێک. داچاندنی گەنم، خۆراکی زۆر زیاتری بۆ هەر یەکەیەکی جیوگرافی دابین کردووە و لێرەوە توانای بە مرۆڤە هۆشمەندەکان داوە بەخێرایی چەندین جار زۆر ببن. نزیکەی ١٣،٠٠٠ ساڵ پێش زایین، کاتێک خەڵکی لە ڕێگەی خڕکردنەوەی ڕووەکی کێوی و ڕاوکردنی ئاژەڵە کێوییەکان خواردنی خۆیان دابین دەکرد، ناوچەی دەوروبەری پەڵەی بەراوی ئەریحا لە فەلەستین ئەوپەڕی دەیتووانی باندێکی

گەڕۆکی سەد کەسی تا ڕادەیەک تەندروست و ساغ بژێنێت. نزیکەی ٨٥٠٠ ساڵ پێش زایین، کاتێک ڕووەکە کێوییەکان ڕێگەیان بۆ کێڵگەکانی گەنم خۆش کرد، پەڵە بەراوەکە پاڵپشتی گوندێکی گەورە بەڵام تێکچڕماوی ١٠٠٠ کەسی کرد کە ئێجگار زۆرتر بەدەست نەخۆشی و بەدخۆراکییەوە دەیانناڵاند.

ئامرازەکەی پەرەگرتن نـ ـر ێتی و نە ئازارە، بەڵکو چەند کۆپییەکە لە شریتی دی.ئێن.ئەی. وەکو چۆن سەرکەوتنی ئابووریی کۆمپانیایەک تەنیا بە چەند دۆلارێک لە حسابە بانکییەکەیدا هەژمار دەکرێت نەک بە خۆشبەختی کارمەندەکانی، بەهەمان شێوە سەرکەوتنی پەرەگرتنی توخمێک بە ژمارەی کۆپییەکانی دی.ئێن.ئەی-یەکەی هەژمار دەکرێت. ئەگەر هیچ دانەیەک لە شریتی دی.ئێن.ئەی نەمێنێتەوە، ئەوا توخمەکە قڕ دەبێت، وەکو چۆن کۆمپانیایەک بەبێ پارە مایەپوچ دەبێت. ئەگەر توخمێک شانازی بە زۆریی دی.ئێن.ئەی-کەیەوە بکات، ئەوا ئەمە سەرکەوتنە و توخمەکەش گەشە دەکات. لە ڕوانگەیەکی وەهاوە، ١٠٠٠ دانە هەمیشە باشترە لە سەد دانە. ئەمە جەوهەری شۆڕشی کشتوکاڵییە: توانای زیندوو هێشتنەوەی خەڵکی زیاتر لە هەلومەرجی خراپتردا.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆچی دەبێت تاکەکان خەمی ئەم حساباتەی پەرەگرتنیان بێت؟ بۆچی دەبێ مرۆڤێکی ساغ ستانداردی ژیانی نزم بکاتەوە بۆ چەندجارە کردنی کۆپییەکانی جینی مرۆڤە هۆشمەندەکان؟ کەس لەسەر ئەمە کۆک نەبووە: شۆڕشی کشتوکاڵی تەڵەیەک بوو.

تەڵەی خۆشگوزەرێنی

سەرهەڵدانی کشتیاری کردارێکی پەیتا پەیتا بوو کە بەدرێژایی چەند سەدە و هەزارەیەک بڵاو بووەوە. باندێکی مرۆڤە هۆشمەندەکان کە

خەریکی کۆکردنەوەی قارچک و چەرەس و ڕاوکردنی ئاسک و کەرویشک بوون لەپڕێکدا لە گوندێکی جێگیردا نەگیرسانەوە، کێڵگەکانیان نەکێڵا، گەنمیان دانەچاند و ئاویان لە ڕووبارەوە نەگواستەوە. گۆڕانکارییەکە بە چەند قۆناغێک بوو، هەرێەک لەم قۆناغانە تەنیا وەرچەرخانێکی بچوکی لە ژیانی ڕۆژانەدا گرتەخۆ.

مرۆڤە هۆشمەندەکان نزیکەی ٧٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر گەیشتوونەتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆ ماوەی ٥٠،٠٠٠ ساڵی دواتر، پێشینانمان لەوێ بەبێ کشتوکاڵ گەشەیان کردووە. سەرچاوە سروشتییەکانی ناوچەکە بەس بوون بۆ ژیاندنی دانیشتووانە مرۆییەکەی. لە سەروەختەکانی زۆروزەبەندیدا، خەڵکی چەند منداڵێکی زۆرتریان هەبوو و لە سەروەختەکانی پێویستیدا، چەند منداڵێکی کەمتریان هەبوو. مرۆڤەکان، وەکو زۆر شیردەری تر، ئەو میکانیزمە جێنەتیکی و هۆرمۆنییانەیان هەیە کە یارمەتیدەرە بۆ کۆنترۆڵکردنی وەچەخستنەوە. لە سەروەختە باشەکاندا مێینەکان کاتێکی زووتر باڵغ دەبن و هەڵی سکپڕبوونیان کەمێک زیاترە. لە سەروەختە خراپەکاندا، باڵغبوون درەنگ دەکەوێت و ئاستی توانای پیتاندن کەم دەبێتەوە.

میکانیزمی کەڵتووری خرانە سەر ئەم کۆنترۆڵە سروشتییانەی دانیشتووان. ساواکان و منداڵە بچوکەکان، کە جوڵەیان سستە و پێویستیان بە ئاگاڵێبوونی زیاترە، قورساییەک بوون بەسەر شانی خۆراک دۆزەرەوە بەراییەکان. خەڵکی هەوڵیاندا منداڵەکانیان بۆ ماوەی سێ بۆ چوار ساڵ جودا بکەنەوە. ژنان لە ڕێگەی چاودێریکردنی بیست و چوار سەعاتەی منداڵەکانیان و تاوەکو تەمەنێکی درەنگ، ئەمەیان کرد (شیرپێدانی بیست و چوار سەعاتە بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵی سکپڕی کەم دەکاتەوە). شێوازەکانی تر بریتی بوون لە خۆگرتنەوەی تەواو یان

ڕێژەیی لە سێکس (بۆ نموونە پاڵپشت بە تابوی کەلتووری)، لەباربردن و ساواکوژیی ناوبەناو.

لەماوەی ئەم هەزارە درێژانەدا، خەڵکی ناوبەناو دانەوێلەی گەنمیان خواردووە، بەڵام ئەمە بەشێکی پەراوێزی بووە لە بەرنامەی خۆراکییان. نزیکەی ١٨،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، دواییین چاخی بەستەڵەک ڕێگەی بۆ ماوەیەکی گەرم داهاتنی جیهانی خۆش کرد. لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، بارانیش زیادیکرد. کەش و هەوای نوێ نموونەیی بوو بۆ گەنم و دانەوێلەی تر کە چەندین جار زیادیکرد و بڵاو بووەوە. خەڵکی دەستیانکرد بە خواردنی گەنمی زیاتر و لەبەرانبەردا بەبێ ویست ڕواندنەکەیان بڵاو کردەوە. لەبەرئەوەی ئەستەم بوو گەنمی کێوی بەبێ بەباکردن، هاڕین و لێنان بخۆیت، ئەو خەڵکەی بەروبوومەکەیان هەڵدەگرتەوە دەیانگواستەوە بۆ کەمپە کاتییەکانیان بۆ ئیش لەسەرکردن. دانووی گەنم، ورد و زۆرن، بۆیە حەتمەن هەندێکیان لە ڕێگەدا بەرەو شوێنی کەمپەکە بەر بوونەتەوە و ون بوون. پێ بە پێی تێپەڕینی کات، گەنمی زۆر و زۆرتر لە شوێنی خوازراوی مرۆڤەکان و نزیک لە شوێنگەی کامپ ڕوان.

کاتێک مرۆڤەکان دارستانەکان و دەوەنەکانیان سوتاند، ئەمەش بەهەمان شێوە یارمەتیدەر بوو بۆ گەنم. ئاگر دارستانەکان و دەوەنەکانی ڕامااڵی، ڕێگەی خۆش کرد بۆ گەنم و ڕووەکەکانی تر تا مۆنۆپۆلی خۆرەتاو، ئاو و مادە خۆراکیدەرەکانی تر بکەن. لەو شوێنەی کە تیایدا گەنم بەشێوەیەکی دیاریکراو زۆروزەبەند بوو و نێچیر و سەرچاوە خۆراکییەکانی تریش زۆر بوون، باندە مرۆییەکان پەیتا پەیتا تووانیان دەستبەرداری ژیانی گەڕیدەییان بن و لە کەمپە وەرزی و تەنانەت کەمپە جێگیرەکاندا بگیرسێنەوە.

لەوانەیە لە سەرەتادا لەماوەی هەڵگرتنەوەی بەروووبوومدا بۆ ماوەی چوار هەفتە کەمپیان هەڵدابێت. نەوەیەک دواتر، لەگەڵ چەندینجارە زیادبوونی ڕووەکی گەنم و بڵاو بوونەوەی، لەوانەیە کەمپی دروێنە ماوەی پێنج، شەش هەفتەی خایاندبێت و دواجار بووبێتە گوندێکی جێگیر. بەڵگەی ئەم نیشتەجێبوونانە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دۆزراونەتەوە، بەتایبەت لە شام کە تیایدا کەلتووری (ناتوفی)ەکان لە ١٢،٥٠٠ پێش زایینەوە بۆ ٩٥٠٠ ساڵ پێش زایین گەشەی کرد. ناتوفیەکان ئەو ڕاوکەر-کۆکەرەوانە بوون کە لەسەر بیست سی توخمی کێوی دەژیان، بەڵام لە گوندە جێگیرەکاندا دەژیان و بەشی زۆری کاتی خۆیان تەرخان کردبوو بۆ کۆکردنەوەیەکی چڕوپڕ و ئیشکردن لەسەر دانەوێڵەی کێوی. ئەوان خانووی بەردین و کۆگایان بونیاد دەنا. ئەوان دانەوێڵەیان بۆ کاتی پێویستی پاشەکەوت کرد. ئەوان ئامێری نوێی وەکو داسی بەردینیان بۆ دروێنەی گەنمی کێوی و دەسکەو ئاونگ و دەستاڕیان بۆ هاڕینی داهێنا.

لە ساڵانی دوای ٩٥٠٠ی پێش زایین، وەچەکانی (ناتوفی)یەکان بەردەوام بوون لە کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دانەوێڵە، بەڵام بەهەمان شێوە دەستیانکرد بە داچاندنی بە شێوازی وردەکارانەتر. لەکاتی کۆکردنەوەی دانەوێڵە کێوییەکاندا، بەئاگابوون لەوەی بەشێک لە دروێنەکە بەلاوە نێن بۆ داچاندنی کێڵگەکان لە وەرزی دواتردا. ئەوان بۆیان دەرکەوت کە دەتووانن ئەنجامی زۆر باشتر بەدەست بێنن لە ڕێگەی داچاندنی دانەوێڵە لە قوواڵایی زەوی نەک پەرتکردنی بەشێوەیەکی ڕەمەکی لەسەر ڕووی زەوییەکە. بۆیە ئەوان دەستیانکرد بە بژارکردن و کێڵان. پەیتا پەیتاش دەستیانکرد بە بژارکردنی گیاکەڵە لە کێڵگەکاندا بۆ پاڕێزگاری لەبەرانبەر مشەخۆرەکان و ئاودان و پەین

پێدانیان. لەگەڵ ئاراستەکردنی تەقەلای زیاتر بەرەو داچاندنی دانەوێلە، کاتی کەمتر هەبوو بۆ کۆکردنەوە و ڕاوکردنی توخمە کێوییەکان. خۆراک دۆزەرەوەکان بوونە جوتیار.

ئەو ژنەی گەنمی کێوی خڕ دەکردەوە و ئەو ژنەی گەنمی ماڵی دادەچاند تاکە هەنگاوێک لێکی جیانەکردنەوە، بۆیە قورسە کتومت بڵێیت چ کاتێک گواستنەوە بەرەو کشتوکاڵ ڕوویدا. بەڵام، بەهاتنی ٨٥٠٠ ساڵ پێش زایین، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پڕ بوو لە گوندی جێگیری وەکو ئەریحا کە دانیشتووانەکەی زۆربەی کاتیان بە ڕووەندنی چەند توخمێکی ماڵیکراو بەسەر برد.

لەگەڵ جوڵان بەرەو گوندە جێگیرەکان و زیادبوونی مەوادی خۆراکی، دانیشتووان گەشەیان کرد. وازهێنان لە ستایڵی ژیانی گەڕیدەیی، توانای بە ژنان دا تا هەموو ساڵێک منداڵێکیان ببێت. ساواکان لە تەمەنێکی زووتردا خۆراکی پێگەیشتووانیان پێدرا- دەتوانرا ئەوان شۆربا و سوپیان بدرێتێ. دەستی زیادە یەکجار زۆر پێویست بوون لە کێڵگەکاندا. بەڵام زارە زیادەکان بەخێرایی بڕی زیادەی خۆراکیان ڕامااڵی، بۆیە تەنانەت دەبووایە کێڵگەی زیاتر دابچێنرێن. لەکاتێکدا کە خەڵک دەستیکرد بە گیرسانەوەی لە شوێنگە پڕ نەخۆشییەکاندا، لەکاتێکدا کە منداڵان دانەوێلەی زیاتر و شیری دایکی کەمتریان بەکارهێنا، و کاتێک هەر منداڵێک پێشبڕکێی بوو لەسەر شۆرباکەی لەگەڵ خوشک و برای زیاتردا، ڕێژەی مەرگی منداڵ زیادیکرد. لە زۆربەی کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکاندا لانی کەم یەکێک لە هەر سێ منداڵ پێش تەمەنی بیست ساڵی دەمرد. لەگەڵ ئەوەشدا زیادبوونی ڕێژەی منداڵبوون هێشتا زیاتر بوو لە زیادبوونەکانی ڕێژەی مردن و مرۆڤەکان هێشتا ژمارەیەکی زۆرتری منداڵیان دەبوو.

لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، (سەفقەی گەنم) بووە بارێکی قورس و قورستر. منالان بە لێشاو دەمردن و پێگەیشتووان بە ئارەقی نێوچەوانیان نانیان دەخوارد. تێکڕای هەر کەسێک لە ئەریحای ٨٥٠٠ی پێش زایین ژیانێکی سەختتر لە تێکڕای هەر کەسێک لە ئەریحای پێش ٩٥٠٠ ساڵ یان ١٣،٠٠٠ ساڵ ژیا. بەڵام کەس درکی بەوە نەکرد چی ڕووەدات. هەر نەوەیەک بەردەوام بوو لەسەر ژیان وەکو نەوەی پێشوو.

تەنیا باشکردنی بچوکی لێرە و لەوێ ئەنجام دەدان بەشێوازێک کە شتەکان بەڕێوە بچن. کەچی بەشێوەیەکی ناکۆک ئاسا، زنجیرەیەک (باشکردن) کە هەریەکەیان بە مەبەستی ئاسانترکردنی ژیان بوو، تەوقێکی بەردینی خستە گەردنی ئەم جوتیارانە.

بۆچی خەڵکی ئەو هەڵە چارەنووسسازانە دەکەن؟ لەبەر هەمان هۆکاری ئەو هەڵەکردنەی کە خەڵکی بەدرێژایی مێژوو ئەنجامیان داوە. خەڵکی نەیاندەتوانی لە تەواوی دەرەنجامەکانی بڕیارەکانیان قووڵ ببنەوە. هەرکاتێک بڕیاریان دەدا بڕێکی زیادە کار بکەن- بۆ نموونە، کێڵگەکان بژار بکەن لەبری ئەوەی تۆو بەسەر زەویدا بڵاو بکەنەوە- خەڵکی لە خەیاڵی خۆیاندا دەیانگوت (بەڵێ، دەبێ سەختتر کار بکەین. بەڵام دروێنەکە زۆر جوان دەبێت! چیتر پێویست ناکات لەبارەی سااڵنی قاتی نیگەران بین. منالانمان قەت بە برسێتییەوە ناخەون). ئەمە بەجێ بوو. ئەگەر سەرسەختتر کارت بکردایە ئەوا ژیانێکی باشترت دەبوو. ئەمە پلانەکە بوو.

بەشی یەکەمی پلانەکە بە نەرمی بەڕێوە چوو. لە ڕاستیدا خەڵکی سەختتر کاریان کرد. بەڵام خەڵکی پێشبینی ئەوەی نەکرد ژمارەی منالان زیاد بکات، بەو مانایەی کە گەنمی زیادە لەنێوان منالانی زۆرتردا بەش بکرێت. نە جوتیارانی سەرەتاش لەوە تێگەیشتن کە دەرخوارددانی

شۆربای زیاتر و شیری کەمتری مەمک بۆ منالان دەبێتە هۆی لاوازبوونی سیستەمی بەرگریان و ئەمەی کە ئۆردوگای جێگیر دەبێتە لانکەی نەخۆشییە بڵاوەکان. ئەوان پێشبینی ئەوەیان نەکرد کە زیادکردنی پشتبەستنیان بە تاکە سەرچاوەیەکی خۆراک، لە ڕاستیدا خۆیان دەدەنە بەر پەلامارەکانی وشکی و قاتی. نە پێشبینی ئەوەشیان کرد کە لە ساڵانی باشدا کۆگا هەڵاوساوەکانیان دزەکان و دوژمنەکانیان بەکێش دەکات، ناچاریان دەکات دەست بکەن بە بونیادنانی دیوارەکان و ئەرکی پارێزگاری بەجێ بێنن.

کەوایە بۆچی مرۆڤەکان دەستبەرداری جوتیاری نەبوون کاتێک پلانەکە پەرچەرکرداری هەبوو؟ بەشێکی لەبەرئەوە بوو کە چەند نەوەیەکی خایاند تا گۆڕانکارییە بچوکەکان کەڵەکە ببن و کۆمەڵگە وەربچەرخێنن و بەهاتنی ئەو کاتە، کەس بیری نەمابوو کە قەت بەشێوەیەکی جیاواز ژیاون. بەشێکی لەبەر ئەوە بوو کە گەشەی دانیشتووان بەلەمەکانی مرۆڤایەتی سوتاندبوو. ئەگەر هێنانەکایەی جوتکردن دانیشتووانی گوندێکی لە سەد کەسەوە بۆ هیچ زیاد بکردایە، کام دە کەسە گیانفیداییان دەکرد بۆ لەبرسا مردن بۆئەوەی ئەوانیتر بتووانن بگەڕێنەوە بۆ سەردەمە کۆنە باشەکان؟ گەڕانەوە بۆ دواوە بوونی نەبوو. تەڵەکە داخرابووەوە.

سۆراخکردنی ژیانێکی ئاسانتر، سەختی زیاتری لێکەوتەوە و ئەمەش بۆ دواجار نەبوو. ئەمڕۆش هەر بەسەرمان دێت. چەند خریجی گەنجی کۆلێژ کاری قورسیان لە کۆمپانیا پڕئیشەکاندا قبوڵ کردووە، سوێندیان خواردووە سەرسەختانە کار بکەن بۆ بەدەستهێنانی ئەو پارەیەی توانایان پێدەدات کە کاتێک تەمەنیان ٣٥ ساڵە خانەنشین ببن و سۆراخی هیوایەتەکانیان بکەن؟ بەڵام بە هاتنی ئەو کاتەی کە لەو تەمەنەدان،

قیستی گەورەی خانوویان لەسەرە، منالیان دەچێتە قوتابخانە، خانوویان لە دەوروبەری شارە کە بەلای کەمەوە دوو سەیارە بۆ هەر خێزانێک پێویست دەکات شانبەشانی هەستکردن بەوەی ژیان بەبێ شەرابێکی باش و سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات بەهایەکی نییە. چاوەڕێ دەکرێ چی بکەن، بگەڕێنەوە بۆ هۆکارەکان؟ نەخێر، تەقەلاکانیان دووقات دەکەن و بەردەوام دەبن لە خۆ شەکەت کردن.

یەکێک لە یاسا ئاسنینە کەمەکانی مێژوو ئەوەیە کە کەرەستە خۆشگوزەرانییەکان دەبنە پێویستی و واجباتی نوێ دەخەنەوە. هەر کە خەڵکی لەگەڵ کەرەستەیەکی خۆشگوزەرانی ڕاهاتن، بەبێ چەندوچونی دەزانن. ئێنجا پشتی پێ دەبەستن. دواجار دەگەنە خاڵێک کە تیایدا ناتووانن بەبێ ئەمە بژین. با نموونەیەکی ئاشنای تر لەسەردەمی خۆمانەوە وەربگرین. بەدرێژایی چەند دەیەی ڕابردوو، ئێمە چەندەها ئامێری کات پاشەکەوتکەرمان داهێناوە کە وا دادەنرێ ژیانیان زۆر ئاسودەبەخشتر کردبێت- جلشۆر، گسکی کارەبایی، قاپشۆر، تەلەفۆن، مۆبایل، کۆمپیوتەر، ئیمەیڵ. پێشتر کارێکی زۆر پێویست بوو بۆ نووسینی نامە، ئادرێس و مۆر و زەرف و گەیاندنی بە سنوقی پۆستە. چەند ڕۆژ و چەند هەفتە و بگرە چەند مانگێکی دەخایاند تا وەڵامیش دەست دەکەوتەوە. ئەمڕۆکە دەتووانم دەستبەجێ ئیمەیلێک ڕەوانە بکەم، بە سەرانسەری جیهاندا، و (ئەگەر بەرانبەرەکەم لەسەر هێڵ بێت) خولەکێک دواتر وەڵام وەربگرمەوە. من ئەو هەموو گرفت و کاتەم پاشەکەوت کردووە، بەڵام ئایا ژیانێکی ئاسودەبەخشتر دەژیم؟.

بەداخەوە نەخێر. لە سەردەمی نامەی هێواشدا، خەڵکی کە شتێکیان بۆ وتن هەبوو زۆرجار تەنیا نامەیان دەنووسی. لەبری نووسینی یەکەم شت کە دەهاتە مێشکیانەوە، بە وریاییەوە ئەو شتەیان لەبەرچاو دەگرت

که دەیانویست بیلێن و چۆنیش بیلێن. چاوەڕێی هەمان شێوازی وەڵامیشیان دەکرد. زۆربەی خەڵکی لە مانگێکدا لە چەند نامەیەک زیاتریان نەنووسی و وەرنەگرت و بە دەگمەن هەستیانکرد ناچار بن دەستبەجێ وەڵام بدەنەوە. ئەمڕۆکە من چەندین نامەم لە ڕۆژێکدا پێدەگات، هەمووشی لەوانەوە کە چاوەڕێی وەڵامی دەستبەجێ دەکەن. ئێمە پێمان وابوو کات پاشەکەوت دەکەین، لەبری ئەمە ئاشی ژیانمان خستووەتە باری دە جاری زیاتری خێراییەوە لە چاو ڕابردوو و ڕۆژەکانمان پەشێوتر و شڵەژاوترە.

لێرەو و لەوێ، دژە تەکنۆلۆژیایەک کردنەوەی ئیمەیل ڕەت دەکاتەوە، وەکو چۆن پێش هەزار ساڵ هەندێ لە باندەکانی مرۆڤ جوتکردنیان ڕەت دەکردەوە و بەو شێوەیە لە تەڵەی خۆشگوزەرانی ڕایاندەکرد. بەڵام شۆڕشی کشتوکاڵی پێویستی بەوە نەبوو هەر باندێک لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بێتە ناو ئیشەکەوە. تەنیا یەک دانە پێویست بوو. هەر کە باندێک گیرسایەوە و دەستیکرد بە جوتکردن، جا چ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یان ئەمریکای ناوەڕاست، کشتوکاڵ قابیلی خۆ لێ لادان نەبوو. لەبەرئەوەی جوتکردن هەلومەرجی بۆ گەشەی دیمۆگرافیی خێرا هێنایەکایەوە، جوتیاران زۆرجار دەیانتووانی خۆراک دۆزەرەوەکان لە ڕێگەی قورسایی چڕی ژمارەکانەوە کۆنترۆڵ بکەن. خۆراک دۆزەرەوەکان توانیان یا ئەوەتا ڕابکەن، لەبەرانبەر کێڵگە و لەوەڕگادا واز لە گۆڕەپانەکانی ڕاوکردنیان بێنن، یان خۆیان ئیش بە گاسن بکەن. هەرچۆنێک بێ، ژیانی کۆن کۆتاییەکی هەبوو.

چیرۆکی تەڵەی خۆشگوزەرێنی، وانەیەکی گرنگ لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. گەڕانی مرۆڤایەتی بەدوای ژیانێکی ئاسانتردا، هێزی گەورەی گۆڕانی لێکەوتەوە کە بە شێوەیەکی وێنانەکراو یان نەویستراو جیهانی

وەرچەرخاند. کەس پلانی شۆڕشی کشتوکاڵی دانەنا نە خوازیاری ئەوەش بوو مرۆڤ پشت بە داچاندنی دانەوێلە ببەستێت. زنجیرەیەک بڕیاری لاوەکی کە بەزۆری ئامانجی پڕکردنی هەندێ گەدە و بەدەستهێنانی کەمێک ئاسایشیان لەپشت بوو، کاریگەرییەکی بەرەبەرە زیادبوویان هەبوو لە ناچارکردنی خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان تا ڕۆژانی خۆیان بە گواستنەوەی سەتڵە ئاو لەژێر هەتاوی سوتێنەردا بەسەر ببەن.

دەستێوەردانی ئاسمانی

ئەو سیناریۆیەی سەرەوە شۆڕشی کشتوکاڵی وەکو خوێندنەوەیەکی هەڵە ڕوون دەکاتەوە. ئەمە زۆر مەعقولە. مێژوو زۆر پڕە لە خوێندنەوەی هەڵەی گەمژانە. بەڵام ئەگەرێکی تریش هەیە. لەوانەیە گەڕان بەدوای ژیانی ئاسانتر نەبووبێت کە وەرچەرخانی لێکەوتۆتەوە. لەوانەیە مرۆڤە هۆشمەندەکان ئامانجی تریان هەبووبێت و بەشێوەیەکی ئاگایانە ئارەزوومەند بووبن ژیانیان سەختتر بکەن بۆ بەرجەستە کردنیان.

زاناکان زۆرجار خوازیارن بەرەوپێشچوونە مێژوویییەکان بگەڕێننەوە بۆ فاکتەری ساردوسڕی ئابووری و دیمۆگرافی. ئەمە باشتر گونجاوە لەگەڵ میتۆدە ئەقڵانی و ماتماتیکییەکانیان. لە حاڵەتی مێژووی مۆدێرندا، لێکۆڵەران ناتووانن خۆیان لە ڕەچاوکردنی فاکتەرە نامادییەکانی وەکو ئایدۆلۆژیا و کەلتوور لابدەن. بەڵگەی نووسراو فشار دەخاتە سەر دەستیان. ئێمە دۆکیومێنت، نامە و یادداشتی پێویستمان هەن بۆ سەلماندنی ئەمەی کە دووەم جەنگی جیهانی بەهۆی کورتهێنانی خۆراکی یان فشاری دیمۆگرافییەوە ڕووینەداوە. بەڵام دۆکیومێنتمان لەبارەی کەلتووری (ناتوفی) لەبەردەستدا نییە، بۆیە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ سەروەختە دێرینەکانذا قوتابخانەی ماددی زاڵە. قورسە

بیسەلمێنیت خەڵکانی پێش داهێنانی نووسین بەهۆی ئیمانەوە بزواون نەک پێویستیی ئابووری.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەندێ حاڵەتی دەگمەندا، ئێمە بایی پێویست بەختمان هەیە بەڵگەی تێروتەسەل بدۆزینەوە. لە ساڵی ١٩٩٥دا، ئارکیۆلۆژیستەکان دەستیانکرد بە هەڵکەندنی شوێنەوارێک لە باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا بەناوی (گۆبێکلی تەپە). لە کۆنترین توێژاڵدا هیچ نیشانەیەکی نیشتەجێبوون، خانوو یان چالاکی ڕۆژانەیان نەدۆزییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بونیادی کۆڵەکەی گەورەیان دۆزییەوە کە بە داتاشراوەی دیکۆری گەورە ڕازێنرابوونەوە. هەر کۆڵەکەیەکی بەردین کێشەکەی حەوت تەن دەبوو و بەرزاییەکەی پێنج مەتر دەبوو. لە چاڵێکی ئەو نزیکانە کۆڵەکەیەکی نیوە بڕدراویان دۆزییەوە کە کێشەکەی پەنجا تۆن دەبوو. بەگشتی، زیاتر لە دە ستەرەکتۆری گەورەیان دۆزییەوە، گەورەترینیان، لەمبەر بۆ ئەو بەر، نزیکەی سی مەتر دەبوو.

ئارکیۆلۆژیستەکان بەو ستەرەکتۆرە گەورانە لە شوێنەوارەکانی سەرانسەری جیهاندا ئاشنان. ناسراوترینیان بریتییە لە (ستۆنهێنج) لە بریتانیا. لەگەڵ ئەوەشدا، لەکاتی تاووتوێکردنی (گۆبێکلی تەپە)، فاکتێکی سەرسوڕهێنەریان بۆ دەرکەوت. ستۆنهێنج دەگەڕێتەوە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش زایین و لەلایەن کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی پێشکەوتووەوە بونیاد نراوە. ستەرەکتۆرەکانی گۆبێکلی تەپە دەگەڕێنەوە بۆ ٩٥٠٠ ساڵ پێش زایین و هەموو بەڵگەیەکی بەردەست پیشانی دەدات کە لەلایەن ڕاوکەر-کۆکەرەوەکانەوە بونیاد نراون. کۆڕی ئارکیۆلۆژی بەلایەوە قورس بوو ئەم ئەنجامگیرییانە ستایش بکات، بەڵام پکشنین لەدوای پشکنین، هەم بەرواری زووی ستەرەکتۆرەکان و هەم کۆمەڵگەی پێش کشتوکاڵیی بونیادنەر ئەو ستەرەکتۆرانەی سەلماند. پێدەچێت تواناکانی خۆراک

دۆزەرەوە کۆنەکان و ئاڵۆزکاویی کەلتووورەکانیان زۆر لەوەی پێشتر وێنا دەکرا سەرنجڕاکێشتر بێت.

بۆچی کۆمەڵگەیەکی خۆراک دۆزەرەوە ستایشکۆر گەلێکی وەها بونیاد دەنێت؟ ئەوان مەبەستێکی کردارییان ڕوونیان نەبووە. ئەمانە نە قەسابخانەی ماموت بوون نە شوێنگەلێک بوون بۆ پەنادان لەبەرانبەر باران و خۆحەشاردان لەبەرانبەر شێرەکان. ئەمە لەگەڵ ئەو تێۆرەیەدا دەمانهێڵێتەوە کە دەڵێت ئەمانە بۆ مەبەستێکی کەلتووریی ڕازئامێز دروستبوون کە ئارکیۆلۆژیستەکان کاتێکی سەخت بەسەر دەبەن لە ئاشکراکردنیدا. ئەمە هەرچییەک بووبێت، خۆراک دۆزەرەوەکان پێیان وابووە شایستەی کات و تەقەلایەکی زۆرە. تاکە ڕێگە بۆ بونیادنانی گۆڕێکلی تەپە، ئەوە بووە هەزاران خۆراک دۆزەرەوەی سەر بە باندو خێڵە جیاوازەکان لە ماوەیەکی درێژدا هاریکاری یەکتری بکەن. تەنیا سیستەمێکی ئایینی یان ئایدۆلۆژیی ئاڵۆز توانیوویەتی بەرگەی ئەم تەقەلایانە بگرێت.

گۆڕێکلی تەپە، ڕازێکی سۆزیی تری هەڵگرتووە. بۆ ماوەی سااڵنێکی زۆر، زانستی بۆهێڵناسی (جێنەتیکس) سۆراخی بنەچەکانی گەنمی ماڵیکراوی کردووە. دۆزینەوەکانی ئەم دواییە پیشانی دەدات کە لانی کەم جۆرێکی ماڵیکراو، گەنمی (ئاینکۆرن)، لە گردەکانی (کاراچەداگ) سەرچاوەی گرتووە کە نزیکەی سی کیلۆمەتر لە گۆڕێکلی تەپەوە دوورە.

زەحمەتە ئەمە ڕێکەوتێک بێت. ڕێی تێ دەچێت سەنتەری کەلتووری گۆڕێکلی تەپە پەیوەندی هەبێت بە ماڵیکردنیی سەرەتایی گەنم لەلایەن مرۆڤایەتی و ماڵیکردنی سەرەتایی مرۆڤایەتی لەلایەن گەنمەوە. بۆ خۆراکپێدانی ئەو خەڵکانەی کە ستایشکۆرە گەورەکانیان

بونیاد ناوە، بەشێوەیەکی دیاریکراو بڕی گەورەی خۆراک پێویست بووە. لەوانەیە خۆراک دۆزەرەوەکان لە کۆکردنەوەی گەنمی کێوییەوە ڕوویان کردبێتە کشتیاریی چڕوپڕی گەنم، نەک بۆ زیادکردنی پێداویستیی خۆراکییان، بەڵکو بۆ باڵپشتیکردنی بونیادنان و بەڕێوەبردنی پەرستگایەک. لە وێنە تەقلیدییەکەدا، سەرەتا کەسە دەستپێشخەرەکان گوندێکیان بونیاد ناوە، ئینجا کاتێک گەشەی کردووە، پەرستگایەکیان لە ناوەندیدا بونیاد ناوە. بەڵام گۆڕێکلی تەپە پیشانی دەدات کە لەوانەیە یەکەم جار پەرستگاکە بونیاد نرابێت و دواتر گوندێک بە دەوریدا گەشەی کردبێت.

قوربانییەکانی شۆڕش

سەفقەی فاوستی (ئاڵوگۆڕی ڕۆح بە شتە دنیاییەکان) لەنێوان مرۆڤەکان و دانەوێڵەدا تاکە مامەڵە نەبوو کە توخمی ئیمە ئەنجامیدا. مامەڵەیەکی تری پەیوەست بە چارەنووسی ئاژەڵانی وەکو مەڕ، بزن، بەراز و مریشک ئەنجام درا. ئەو بانده گەڕۆکانەی بەدوای مەڕە کێویدا وێڵ بوون پەیتا پەیتا ئەو دەستوورانەی ڕانەمەڕیان گۆڕی کە بەهۆیەوە ڕاویان دەکرد. لەوانەیە ئەم پرۆسەیە بە ڕاوکردنی بژاردەیی دەستی پێکردبێت. مرۆڤەکان بۆیان دەرکەوت کە لە قازانجی خۆیانە بەرانی پێگەیشتوو و مەڕی پیر یان نەخۆش ڕاو بکەن. ئەوان مێینە پێگەیشتووەکان و بەرخەکانیان وێڵ دەکرد بۆئەوەی پارێزگاریی لە زیندوومانەوەی دوورمەودای ڕانەمەڕی ناوچەکە بکەن. لەوانەیە هەنگاوی دووەم بریتی بووبێت لە چالاکانە بەرگریکردن لە ڕانەمەڕەکە لەبەرانبەر درندانەکاندا، و دوورخستنەوەی شێر، گورگ و بانده مرۆییە ڕکابەرەکان. لەوانەیە دواتر بانده‌کە ڕانەکەی بەرەو دۆڵێکی بەرتەسک ئاراستە

کردبێت بۆئەوەی باشتر کۆنترۆڵی بکات و بەرگری لێبکات. دواجار، خەڵکی دەستیانکرد بە هەڵبژاردنی وریایانەتر لەناو مەڕدا بۆئەوەی لەگەڵ پێداویستی مرۆڤدا بیانگونجێنن. یەکەم جار شەڕانگێزترین بەرانەکان، ئەوانەی کە گەورەترین بەرەنگارییان بەرانبەر کۆنترۆڵی مرۆڤ پیشاندا، کوژران. بەهەمان شێوە لەڕترین و سەربزێوترین مێینەکانیش. (شوانەکان کەیفیان بەو مەڕانە نایەت کە بزێوییان لە ڕانەکەیان دوور دەخاتەوە). لەگەڵ تێپەڕینی هەر نەوەیەکدا، مەڕەکە قەڵەوتر، ملکەچتر و کەمتر بزێو دەبوو. ئەمەشت ئەوا! (ماری) بەرخۆلەیەکی هەبوو و ئەو (ماری)یە بۆ هەر کوێیەک دەچوو بە دڵنیاییەوە بەرخۆلەکە دوای دەکەوت.

لەلایەکی ترەوە، لەوانەیە ڕاوچییەکان بەرخێکیان گرتبێت و پەروەردە کردبێت، لە مانگەکانی زۆروزەبەندیدا قەڵەویان کردبێت و لە وەرزێکی نەبوونیدا سەریان بڕیبێت. لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا، ئەوان دەستیانکرد بە ڕاگرتنی ژمارەیەکی زۆرتری ئەو بەرخانە. هەندێ لەمانە گەیشتنە باڵغی و دەستیانکرد بە زاووزێ. سەرەتا شەڕانگێزترین و بێ بەندوبارترین بەرخەکان سەریان دەبڕا. ملکەچترینیان، سەرنجڕاکێشترینیان ڕێگەی پێ دەدرا ژیانێکی درێژتر بژیت و وەچە بخاتەوە. ئەنجامەکە ئەوە بوو کە مێگەلێکی ماڵیبوو و ملکەچ دەهاتە کایەوە.

ئەم گیانەوەرە ماڵیبووانە-مەڕ، مریشک، کەر و هیتر- خۆراک (گۆشت، شیر، هێلکە)، کەرەستەی خاو (پێستە، خوری) و هێزی ماسولکەیان دابین کرد. گواستنەوە، کێڵان، هاڕین و ئەرکی تر کە تا ئەم کاتە بە ماسولکەی مرۆڤ ئەنجام دەدران، پەیتا پەیتا زیاتر لەلایەن ئاژەڵانەوە جێبەجێ کرا. لە زۆربەی کۆمەڵگە جوتیارییەکاندا خەڵکی

تەرکیزیان کردە سەر ڕواندن، بەخێوکردنی ئاژەڵ چالاکییەکی دووەمی بوو. بەڵام جۆرێکی نوێی کۆمەڵگەش لە هەندێ شوێن دەرکەوت کە بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر دەکارکردنی ئاژەڵان بونیاد نرابوو: هۆزە ئاژەڵدارەکان.

لەکاتێکدا کە مرۆڤەکان بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەوە، بەهەمان شێوە ئاژەڵانی مااڵیش بڵاو بوونەوە. دە هەزار ساڵ لەمەوبەر، لە چەند ملیۆنێک مەڕ زیاتر لە مەڕ، گاڕان، بزن، بەراز و مریشک لە ناوچە سنووردارەکانی ئەفرۆ-ئاسیادا نەدەژیان. ئەمڕۆکە جیهان نزیکەی ملیاردێک مەڕ، ملیاردێک بەراز، زیاتر لە ملیاردێک مانگا و زیاتر لە ٢٥ ملیارد مریشک دەگرێتەخۆ. ئەمانە بە سەرانسەری جیهاندا بڵاون. مریشکی مااڵی بەربڵاوترین پەلەوەڕە لە جیهاندا. لە ڕوانگەیەکی بەرتەسکی پەرەگرتنەوە کە سەرکەوتن بە ژمارەی کۆپییەکانی شریتی دی.ئێن.ئەی پێوانە دەکات، شۆڕشی کشتوکاڵی سوودگەیەنەرێکی بێ وێنە بوو بە مریشک، مانگا، بەراز و مەڕ.

بەداخەوە، ڕوانگەی پەرەگرتن پێوەرێکی ناتەواوی سەرکەوتنە. ئەمە بە پێوەری زیندووومانەوە و زاووزێ، بەبێ ڕەچاوکردنی ناڕەحەتی و بەختەوەریی تاکەکەسی، حوکم لەسەر هەموو شتێک دەدات. دەکرێ مریشک و مانگای مااڵیکراو بەسەرهاتێکی پەرەگرتنی سەرکەوتوو بن، بەڵام بەهەمان شێوە لەناو نەگبەتترین زیندەوەرەکانیشدان. مااڵیکردنی گیانەوەران لەسەر زنجیرەیەک کردەی دڵڕەقانە بونیاد نراوە کە تەنانەت پێ بە پێی تێپەڕینی سەدەگەلێک دڵڕەقانەتر یش بوو.

تێکڕایی سروشتیی تەمەنی مریشکی کێوی نزیکەی حەوت بۆ دوانزە ساڵە و هی مانگا بیست بۆ بیست و پێنج ساڵە. لە دەشت و کێو،

زۆربەی مریشک و مانگا زۆر پێشتریش مردوون، بەڵام هێشتا بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر هەڵێکی باشی ژیانیان هەبوو.

بە پێچەوانەوە، زۆرینەی هەرە زۆری مریشک و مانگا ماڵیکراوەکان لە تەمەنی نێوان چەند هەفتەیەک و چەند مانگێکدا دەکوژرانەوە، چونکە ئەمە لە ڕوانگەی ئابووریيەوە هەمیشە ترۆپکی تەمەنی کوشتنەوە بووە. (بۆچی بەردەوام بیت لە خۆراک پێدانی کەڵەشێرێک بۆ ماوەی سێ ساڵ لەکاتێکدا کە هەنوکە پاش سێ ساڵ گەیشتووەتە ئەوپەڕی قورسایی کێشەکەی؟).

هەندێ جار مریشکی هێلکەکەر، مانگای شیردەر، ئاژەڵی بار گواستنەوە ڕێگەیان پێدەدرا بۆ چەند ساڵێک بژین. بەڵام باجەکەی بریتی بوو لە شێوازێکی ژیانی تەواو نامۆ بە پێداویستی و ئارەزووەکانیان. کارێکی بەجێیە بۆ نموونە وێنای ئەوە بکەیت گاکان پێیان باشە ڕۆژەکانیان شانبەشانی گاکان و مانگاکانی تر بە گەڕان و سوڕان بەناو لەوەڕگاکاندا بەسەر ببەن نەک بە ڕاکێشانی عەرەبانە و گاسنی ئەپێکی قامچی بەدەست.

بۆ گۆڕینی گا، ئەسپ، مەیمون و وشترەکان بۆ گیانەوەرانی بار گوازەرەوەی ملکەچ، دەبووایە غەریزە سروشتییەکانیان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان بشکێنرێت، شەڕانگێزی و غەریزەی سێکسییان جڵەو بکرێت و ئازادیی جوڵانەوەیان بەربەست بکرێت. جوتیاران تەکنیکی وەکو دابەستنی گیانەوەران لەناو قەفەس و کادێندا داهێنا، دەناو ڕێشمە و جڵەویان وەرپێچان، بە قەمچی و تێڵا ڕایانهێنان و جەستەیان شێواندن. پرۆسەی دەستەمۆکردن تەقریبەن هەمیشە خەساندنی نێرینەی تێدایە. ئەمە شەڕانگێزیی نێرینە جڵەو دەکات و

توانا به مرۆڤەکان دەدات بەشێوەیەکی بژاردەیی زاووزێی مێگەلەکە کۆنترۆل بکەن.

لە زۆر کۆمەڵگەی (گێنیای نوێ)دا، سامانی کەسێک بەشێوەیەکی نەریتی بە ژمارەی ئەو بەرازانەی هەیەتی دەستنیشان دەکرێت. بۆ دڵنیا بوونەوە لەوەی کە بەرازەکان ناتووانن ڕابکەن، جوتیاران لە باکووری گێنیای نوێ بڕێک لە لوتی ١٠ ر یەک لە بەرازەکان دەبڕن. هەر کاتێک کە بەرازەکە هەوڵ دەدات بۆن بکات ئازارێکی زۆری دەبێ. لەبەرئەوەی بەرازەکان ناتووانن خۆراک یان تەنانەت ڕێگای دەوروبەریان بەبێ بۆنکردن بدۆزنەوە، ئەم جەستە شێواندنە بەتەواوی بەندیان دەکات بە خاوەنە مرۆڤەکانیانەوە. لە ناوچەیەکی تری گێنیای نوێ، دەرهێنانی چاوی بەراز باو بوو بۆئەوەی تەنانەت نەتووانن بزانن دەچنە کوێ.

پیشەسازیی شیرەمەنی، شێوازگەلی خۆی هەیە بۆ ناچارکردنی گیانەوەران تا بە شێوەیەکی ویستراو ڕەفتار بکەن. مانگاکان، بزنەکان و مەڕ تەنیا پاش خستنەوەی بێچوو و تەنیا ئەو کاتەی بێچووەکە دەست بکات بە مژین، دەتووانن شیر بدەن. بۆ بەردەوامبوون لە دابینکردنی شیری گیانەوەر، جوتیار پێویستی بەوەیە گۆلک، کاریلە و بەرخی هەبێت بۆ مژینی گوانەکان، بەڵام دەبێ ڕێگرییان بکات لەوەی شیرەکە قۆرخ بکەن. شێوازێکی باو بەدرێژایی مێژوو بریتی بووە لە سەربڕینی گۆلک، کاریلە و بەرخ پاش لەدایک بوونیان، شیرلێگرتنی دایکەکە بوو ئەوەندەی کە تیابوو و پاشان ئاوسکردنی بوو. ئەمە هێشتا تەکنیکێکی بەربڵاوە. لە زۆر کێڵگەی شیرەمەنی مۆدێرندا مانگای شیردەر زۆرجار بۆ ماوەی نزیکەی پێنج ساڵ دەژیت پێش ئەوەی سەری ببڕدرێتەوە. لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەدا ئەو مانگایە تەقریبەن بەردەوام ئاوسە و لەماوەی ٦٠ بۆ ١٢٠ ڕۆژی پاش وەچەخستنەوە ئاوس دەکرێت بۆئەوەی

بەرهەمهێنانی زۆرترین بڕی شیر مسۆگەر بگات. بێچووەکانی بە ماوەیەکی کورت پاش هاتنەدنیا لێی جیادەکرێنەوە. مێینەکان بەخێو دەکرێن بۆئەوەی ببنە نەوەی داهاتووی مانگای شیردەر، لەکاتێکدا کە نێرینەکان ڕادەستی پیشەسازیی گۆشت دەکرێن.

میتۆدێکی تر بریتییە لە هێشتنەوەی بێچووەکان لە نزیک دایکەکانیان، بەڵام ڕێگریکردنیان بە شێوازگەلی جیاجیا لەوەی شیرێکی زۆر بخۆن. ئاسانترین ڕێگە بۆ ئەم کارە بریتییە لە ڕێگەدان بە بێچووەکە بۆ دەستکردن بە مژین، بەڵام دوورخستنەوەی هەر کە شیرەکە هەڵڕژا. ئەم میتۆدە زۆرجار هەم لەلایەن دایکەکە و هەم لەلایەن بێچووەکەوە بەرەنگاری لێدەکەوێتەوە. هەندێ هۆزە شوانکارەکان ڕاهاتبوون لەسەر کوشتنی وەچە، خواردنی گۆشتەکەی و پاشان ئاخنینی پێستەکەی. پاشان وەچەی تێئاخنراو دەخرایەوە بەردەم دایکەکە بۆئەوەی ئامادەییەکەی ببێتەهۆی هاندانی بەرهەمهێنانی شیر. هۆزی (نوێر) لە سودان تا ئەو سنوورەش ڕۆیشت کە گیانەوەرە ئاخنراوەکان بە میزی دایکیان میزاوی بکات، بۆئەوەی بۆنێکی زیندوو بە بێچووە ساختەکە ببەخشێت. تەکنیکێکی تری نوێر بریتی بوو لە بەستنی ئەڵقەیەکی دڕکاوی بە دەوری دەمی بێچووەکەدا بۆئەوەی لە دایکەکە هەڵچەقێت و ببێتەهۆی ئەوەی نەهێڵێت شیرەکەی بمژێت. بەخێوکەرانی تەواریقیی حوشتر لە(سەحرای گەورە) ڕاهاتبوون لەسەر بڕینی چەند بەشێکی لوت و لێوی سەرەوەی بێچووە حوشترەکان بۆئەوەی مژینی شیر ئازاربەخش بێت، و لێرەوە ساردیان دەکردنەوە لە خواردنەوەی شیری زۆر.

هەموو کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان بەو ڕادەیە دڵڕەق نەبوون لەبەرانبەر ئاژەڵەکانی کێڵگەکانیاندا. ژیانی هەندێ لە گیانەوەرە مالیکراوەکان دەشێ زۆر باش بووبێت. زۆرجار مەڕ، پشیلە و سەگی مالیی بەخێوکراو

بۆ خوریيەکەیان، ئەسپی جەنگ و ئەسپی پێشبڕکێ زۆرجار لە هەلومەرجی ئاسودەبەخشدا ژیاون. گوایە ئیپمراتۆری ڕۆمی، کالیگولا، پلانی داناوە ئەسپە دڵخوازەکەی کەناوی (ئینسیتاتوس) بووە بکاتە کونسوڵ. شوان و جوتیارانی دێژایی مێژوو سۆزیان بۆ گیانەوەران پیشان داوە و چاودێرییەکی زۆریان کردووون، هەروەکو چۆن زۆرێک لە خاوەن کۆیلەکان هەستیان بە سۆز و پەرۆشی کردووە بەرانبەر کۆیلەکانیان. ڕێکەوت نەبووە کە پاشاکان و پێغەمبەران ستایڵی خۆیان وەکو شوانەکان ڕێکخستووە و ئاماژەیان داوە بەهاوشێوەیی شێوازی ئەوان لە پارێزگاریکردنی مێگەڵ لەگەڵ شێوازی خواکان لە پارێزگاریی لە خەڵکەکانیان.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕوانگەی مێگەلەوە، نەک لە ڕوانگەی شوانەوە، قورسە خۆت لەو بیرۆکەیە لابدەیت کە بۆ زۆرینەی هەرە زۆری گیانەوەران، شۆڕشی کشتوکاڵی کارەساتێکی خەمناک بووە. (سەرکەوتن)ی پەرەگرتنیان بێ مانایە. لەوانەیە کەرکەدەنێکی کێویی ڕوولەناوچوون بەقەناعەتتر بێت لە گۆلکێک کە ژیانی کورتی لەناو بۆکسێکی بچوکدا بەسەر دەبات، قەڵەو دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی پارچە گۆشتە چەورەکان. کەرکەدەنە بەقەناعەتەکە کەمتر ئاسودە نییە لەبەرئەوەی لەناو دواییین دانەی جۆرەکەی خۆیدایە. سەرکەوتنە بێشوماڕەکانی توخمی گۆلکەکە دڵنەواییەکی کەمە بۆ ئەو ئێش و نارەحەتییەی تاکەکە بەرگەی دەگرێت.

لەوانەیە ئەم ناهاوشێوەییەی نێوان سەرکەوتنی پەرەگرتن و ئێشی تاک گرنگترین وانە بێت ئێمە بتووانین لە شۆڕشی کشتوکاڵی وەریگرین. کاتێک ئێمە حیکایەتی ڕووەکەکانی وەکو گەنم و گەنمەشامی تاووتوێ دەکەین، دەشێ تەنیاوتەنیا ڕوانگەی بێگەردی

پەرەگرتن واتادار بێت. لەگەڵ ئەوەشدا، لە حاڵەتی گیانەوەرانی وەکو مەڕ و مرۆڤە هۆشمەندەکاندا، کە هەریەکەیان جیهانێکی ئاڵۆزی سۆز و هەستەکانی هەیە، دەبێ ئێمە ڕەچاوی ئەوە بکەین کە چۆن سەرکەوتنی پەرەگرتن واتای ئەزموونی تاک دەگەیەنێت. لە بەشەکانی دواتردا چەند جارێک تێبینی ئەوە دەکەین کە چۆن زیادبوونی دراماتیکی لە هێزی بەکۆمەڵ و سەرکەوتنی ڕواڵەتیی توخمەکەمان شانبەشانی ئێش و نارەحەتیی زۆری تاک ڕۆیشتووە.

٦

بونیادنانی هەڕەمەکان

شۆڕشی کشتوکاڵی یەکێکە لە ڕووداوە هەرە مشتومڕئامێزەکانی مێژوو. هەندێ لە لایەنگیران دەڵێن مرۆڤایەتی خستە سەر ڕێگای کامەرانی و پێشڤەچوون. ئەوانیتر جەخت دەکەنەوە لەوەی کە بەرەو هەڵدێری بردووە. ئەوان دەڵێن، ئەمە خاڵی وەرچەرخان بوو لەو شوێنەدا کە مرۆڤی هۆشمەند کارلێکی گەرم و گوڕی لەگەڵ سروشت وەستاند و بەرەو چاوچنۆکی و دابڕان پەلی هاویشت. ڕێگاکە بەرەو هەر ئاراستەیەک سەری کێشابێت، گەڕانەوە بوونی نەبوو. کشتیاری توانای بە دانیشتووواندا بەشێوەیەکی وەها ڕیشەیی و خێرا زیاد ببن کە هیچ کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی نەتووانێ جارێکی تر بەرگەی خۆی بگرێ ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ ڕاوکردن و کۆکردنەوە. لە دەوروبەری ١٠،٠٠٠ ساڵی پێش زایین، پێش گواستنەوە بۆ کشتوکاڵ، گۆی زەوی، ماڵی نزیکەی ٥-٨ ملیۆن خۆراک دۆزەرەوەی گەڕیدە بوو. بە هاتنی یەکەم سەدەی زایین، تەنیا ١-٢ ملیۆن خۆراک دۆزەرەوە مانەوە (بەشێوەیەکی سەرەکی لە ئوسترالیا، ئەمریکا و ئەفریقا)، بەڵام بەهۆی ٢٥٠ ملیۆن جوتیاری جیهان ژمارەیان کەم بووەوە.

زۆرینەی هەرە زۆری جوتیاران لە ئۆردوگاکاندا ژیان، تەنیا ژمارەیەکی کەمیان شوانی گەڕیدە بوون. نیشتەجێ بوون بووە هۆی ئەوەی کە زەویی زۆربەی خەڵکی بەشێوەیەکی دراماتیکی بەرتەسک بێتەوە. ڕاوکەر-کۆکەرەوە دێرینەکان زۆرجار لەو سەرزەمینانە دەژیان کە دەیان و تەنانەت سەدان کیلۆمەتری چوارگۆشەی دەگرت. (مال) سەرانسەری سەرزەمینەکە بوو، بە گردەکان، جۆگاکان، دارستانەکان و ئاسمانی کراوەشەوە. لەلایەکی ترەوە، جوتیاران، زۆربەی ڕۆژانی خۆیان بە کارکردن لەسەر کێڵگەیەکی بچوک یان باخێک بەسەر دەبرد و ژیانی ماڵییان لەسەر ستەرەکتۆرێکی تێکچڕماوی تەختە، بەرد یان قوڕ بەسەر دەبرد کە لە سی چل مەتر زیاتر نەبوو- واتە خانووەکە. جوتیار هۆگرییەکی زۆری بەرانبەر ئەو ستەرەکتۆرە هەبوو. ئەمە شۆڕشێکی دووڕە دەست بوو کە کاریگەرییەکەی چەنێک تەلارسازیانە بوو ئەوەندەش دەروونییانە بوو. لێرەوە، هۆگربوون بە (خانووەکەم) و جیا بوونەوە لە دراوسێکان بوو بە نیشانەیەکی سایکۆلۆژیی بوونەوەرێکی خۆپەرستتر.

سەرزەمینە کشتوکاڵییە نوێکان نەک تەنیا زۆر بچوکتر بوون لە خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان، بەڵکو زۆر دەستکردتریش بوون. بەدەر لە بەکارهێنانی ئاگر، ڕاوکەر-کۆکەرەوەکان چەند گۆڕانکارییەکی ئەنقەستیان لەو زەوییانەدا ئەنجامدا کە پێایدا دەهاتن و دەچوون. لەلایەکی ترەوە، جوتیاران لەو دوورگە مرۆییە دەستکردانەدا دەژیان کە بە ماندوویی‌یەکی زۆرەوە لە لێرەواری دەوروبەر چێیان دەکرد. ئەوان دارستانیان بڕییەوە، کەناڵیان هەڵبەست، کێڵگەیان ڕامالی، خانوویان بونیاد نا، دێراویان دروستکرد و درەختی میوەیان بە ڕیزی ڕێکوپێک ڕووواند. ژینگە دەستکردەکەی دەرەنجام، تەنیا بۆ مرۆڤەکان و ڕووەک و

ئاژەڵەکان(یان) بوو زۆر جار بە دیوار و دەوەن پەرژین دەکرا. خێزانە جوتیارەکان ئەوەی لە توانایاندا بوو کردیان بۆئەوەی گیاکەڵە و ئاژەڵی کێوی دوور بخەنەوە. ئەگەر ئەم دزەکەرانە خۆیان بگەیەندایەتە ناوەوە، ئەوا دەردەپەڕێنرانە دەرەوە. ئەگەر مکوڕ بوونایە، ئەوا نەیارە مرۆڤەکانیان سۆراخی ڕێگاگەلێکیان دەکرد بۆ لەنێو بردنیان. بەشێوەیەکی دیاریکراو پەرژینی بەهێز لەدەوری ماڵ بەرز کرانەوە. هەر لە بەرەبەیانی کشتوکاڵەوە تاوەکو ئەم ڕۆژە، ملیاردەها مرۆڤ بە لقەدار، تەرکەدار، پێلاو و سپرەی ژەهر جارِی شەڕی ماندوونەناسانەیاندا لەدژی مێروولە وردەکارەکان، سیسرکە خۆحەشاردەرەکان، جالجالۆکە سەرکێشەکان و جێرجێرە بەهەڵەداچووەکان کە بە بەردەوامی دزە دەکەنە ناو ماڵی مرۆڤ.

لە بەشی هەرە زۆری مێژوو دا ئەم سنووربەندییە دەستکردانەی مرۆڤ هەر بە بچوکی مانەوە، بە پانتایی دەستەمۆنەکراوی سروشت دەورە درابوون. ڕووی زەوی بە ٥١٠ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە پێوانە دەکرێت کە ١٥٥ ملیۆنی بریتییە لە خاک. لە دەوروبەری ١٤٠٠ ساڵی زایین، زۆرینەی هەرە زۆری جوتیاران، شانبەشانی ڕووەکەکانیان و ئاژەڵەکانیان لە ڕووبەرێکی تەنیا ١١ ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەییدا پێکەوە خڕ بوونەوە- ڕووی هەسارەکە. هەموو شوێنێکی تر زۆر سارد، زۆر گەرم، زۆر وشک، زۆر تەڕ بوو یان نەگونجاو بوو بۆ کێڵان. ئەم ڕووە ٢%ی زۆر بچوکەی زەوی ئەو سەکۆیەی پێکهێنا کە مێژووی لێوە دەستپێکرد.

خەڵکی بەلایانەوە قورس بوو دوورگە دەستکردەکانیان جێ بهێڵن. ئەوان نەیاندەتوانی بەبێ سەرکێشیی گەورەی لەدەستدان، دەستبەرداری خانووەکانیان، کێڵگەکانیان و کۆگاکانیان بن. سەرباری

ئەمەش، لەگەڵ تێپەڕبینی کاتدا، ئەوان شتی زیاتر و زیاتریان کۆ کردەوە- کەرەستەی وەها کە گواستنەوەی ئاسان نەبوو و ئەوانی بەستەوە. لەوانەیە جوتیارانی دێرین بەلای ئێمەوە یەکجار زۆر هەژار بووبن، بەڵام خێزانێکی ئاسایی، کەرەستە و ئامرازی زۆر زیاتر لە تەواوی هۆزێکی خۆراک دۆزەرەوەی هەبووە.

هاتنی ئاینده

لەگەڵ بەرتەسکبوونەوەی پانتایی کشتوکاڵی، کاتی کشتوکاڵ فراوان بوو. زۆرجار خۆراک دۆزەرەوەکان کاتێکی زۆریان بەفیڕۆ نەداوە لەبارەی هەفتەی داهاتوو یان هەفتەی ئایندە. جوتیاران لە وێنای خۆیاندا چەندین ساڵ و دەیەیان بەرەو ئایندە لێخوڕیووە.

خۆراک دۆزەرەوەکان ئایندەیان فەرامۆش کردووە چونکە لە دەستەوە بۆ دەم ژیاون و تەنیا توانیوویانە خۆراک بپارێزن یان بە زەحمەتەوە کەرەستە لەسەریەک کەڵەکە بکەن. هەڵبەت ئەوان بە ڕوونی بە پلاندانانێکی پێشوەختەوە خەریک بوون. دروستکەرانی تابلۆکانی ئەشکەوتی (شۆڤێت)، (لاسکۆکس) و (ئالتامیرا) تەقریبەن بە دڵنیاییەوە مەبەستیان بووە ئەو تابلۆیانە بۆ چەندەها نەوە بمێنێتەوە. هاوپەیمانێتییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕکابەرێتییە سیاسییەکان کاروباری دوورمەودا بوون. زۆر جار سالانێکی وێستووە تا چاکەیەک دراوەتەوە یان تۆڵەی خراپەیەک کراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئابووریی زیندووومانەوەی ڕاوکردن و خڕکردنەوەدا، سنووورێکی ڕوون هەبووە بۆ ئەو جۆرە پلاندانانە دوورمەودایانە. کەچی لەهەمان کاتیشدا، خۆراک دۆزەرەوەکانی لە شڵەژانێکی زۆر گێڕاوەتەوە. نیگەران بوون بۆ ئەو شتانەی دەسەڵاتیان بەسەردا نەشکاوە مەعقول نەبووە.

شۆرشی کشتوکاڵی ئایندەی زۆر گرنگتر کردووە لە پێشوو. دەبووایە جوتیاران ئایندە لە مێشکیاندا بپارێزن و لە خزمەتیدا کار بکەن. ئابووری کشتوکاڵی لەسەر بنەمای سوڕی بەرهەمهێنانی وەرزی بونیاد نرابوو، چەند مانگێکی درێژخایەنی کێڵانی دەگرتەوە لەگەڵ چەند ماوەیەکی ترۆپکی کروتخایەنی دروێنە کردن. لەوانەیە لە شەوی دوای کۆتاییهاتنی دروێنەیەکی زۆر، جوتیاران ئاهەنگیان بۆ هەموو ئەو دەستکەوتەی هەیانبووە گێڕابێت، بەڵام لەماوەی هەفتەیەک یان ئەو دەوروبەرەدا، جارێکی تر لە سپێدەدا قۆڵیان لێ هەڵماڵیووە بۆ ڕۆژێکی درێژ لە کێڵگەدا. هەرچەندە بایی پێویست خۆراک بۆ ئەمڕۆ، هەفتەی داهاتوو و تەنانەت مانگی ئایندە هەبووە، دەبووایە نیگەرانی سااڵی دواتر و سااڵی دوای ئەوەش بن.

نیگەرانی لەبارەی ئایندەوە نەک تەنیا لە سوڕە وەرزییەکانی بەرهەمهێنان بەڵکو لە نادڵنیایی ڕیشەییشدا بووە لەمەڕ کشتوکاڵ. لەبەرئەوەی زۆربەی گوندەکان لەسەر کێڵانی هەمەڕەنگییەکی سنووردار ڕووەک و ئاژەڵە ماڵییەکان ژیاون، لەژێر ڕەحمەتی وشکەساڵی، لافاو و پەتادا بوون. جوتیاران ناچار بوون زیاتر لەوەی بەکاریانهێناوە بەرهەم بێنن بۆئەوەی بتووانن یەدەک بونیاد بنێن. بەبێ دانەوێڵە لە سایلۆدا، چەند سوراحییەکی زەیتی زەیتوون لە ژێرزەمینەکەدا، پەنیر لە ژووڕە بچوکەکەدا و هەڵواسینی سۆسج بە بنمیچەکەوە، لە ساڵانی خراپدا لەبرسا دەمردن. ئیتر ساڵانی خراپیش درەنگ یان زوو هەر دەهاتن. ئەو جوتیارەی لەسەر ئەو گریمانەیە دەژیا کە ساڵانی خراپ نایەن ئەوا زۆر نەدەژیا.

سەرەنجام، هەر لەسەرەتای داهاتنی کشتوکاڵەوە، نیگەرانییەکان لەبارەی ئایندەوە بوونە فاکتەری گەورە لە مێشکی مرۆڤدا. لەو شوێنەی

که جوتیاران پشت ئەستوور بوون بە باران بۆ ئاودانی کێڵگەکانیان، هاتنی وەرزی باران بە مانای ئەوە بوو هەر بەیانییەک جوتیاران چاویان لە ئاسۆ بێ، بۆنی با بکەن و چاویان هیلاک بکەن. ئەرێ ئەوە هەورە؟ دەبێ باران لە وەختی خۆیدا ببارێت؟ ئایا بای پێویست دەبارێ؟ دەبێ زریانی توند تۆوەکان لە کێڵگە ڕامالێت و چەکەرەکان داشۆرێت؟ لەهەمان کاتدا، لە دۆڵەکانی فورات، ڕووبارەکانی (ئیندوس) و (یەلۆ) دا، جوتیارانی تر، بە ترسێکی کەمتریشەوە نا، چاودێریی بەرزبوونەوەکانی ئاویان دەکرد. ئەوان دەیانویست ڕووبارەکان بەرز ببنەوە بۆئەوەی ئەو توێژەی سەرەوەی خاک بڵاو بکەنەوە کە لە دەشتە بەرزەکانەوە دادەشۆرایە خوارەوە و توانا بە سیستەمە گەورەکانی ئاودێریان بدەن پڕ بێ لە ئاو. بەڵام ئەو لافاوانەی زۆر بەرز دەبوونەوە یان لە کاتی نەگونجاودا دەهاتن ڕێی تێدەچوو ئەوەندەی وشکەساڵی کێڵگەکانیان وێران بکەن.

جوتیاران نیگەران بوون لەبارەی ئایندە نەک تەنیا لەبەرئەوەی کە هۆکاری زۆرتریان هەبوو بۆ نیگەرانبوون، بەڵکو لەبەرئەوەش کە دەیانتووانی شتێکی لەبارەوە بکەن. ئەوان دەیانتووانی کێڵگەیەکی تر پاک بکەنەوە، کەناڵێکی ئاودێریی تر هەڵکەنن، تۆوی زیاتر داچێنن. جوتیاری شڵەژاو ئەوەندەی مێروولەیەکی تۆو کۆکەرەوە لە هاویندا سەرسەخت و بێ وچان بوو، ئارەقی بۆ ڕواندنی درەختی زەیتون دەڕشت کە زەیتەکەی لەلایەن منااڵکان و نەوەکانییەوە دەگوشرا، خواردنی ئەو خۆراکەی لەمڕۆدا تامەزرۆی بوو تاوەکو زستان یان ساڵی دواتر دوادەخست.

فشاری کشتیاری، دەرەنجامێکی زۆر قوواڵی هەبوو. ئەمە بنەمای سیستەمە سیاسی و کۆمەاڵیەتییە گەورەکان بوو. بەداخەوە، جوتیارانی

پەرۆش، تەقریبەن هەرگیز ئاسایشی ئابووریی ئایندەیان بەدەست نەهێنا کە لە ئێستادا لە ڕێگەی کاری ماندوونەناسانەیانەوە زۆر لەخەمیدا بوون. لە هەموو شوێنێک فەرمانڕەوا و نوخبەکان هەڵدەتۆقین، لەسەر زیادەی خۆراکیی جوتیار دەژیان و تەنیا بەشی مەمرە و مەژیان بۆ دەهێشتنەوە.

ئەم زیادە خۆراکییە غەرامە کراوانە بەنزینیان بە ئاگری سیاسەت، جەنگ، هونەر و فەلسەفەدا دەکرد. ئەوان کۆشک، قەڵا، مۆنومێنت و پەرستگایان بونیاد نا. تاوەکو درەنگانی سەردەمی مۆدێرن، زیاتر لە ٩٠%ی مرۆڤەکان ئەو جوتیارانە بوون کە هەموو بەیانییەک لە خەو ڕادەبوون تا بە ئارەقی نێوچەوانیان زەوییەکە بکێڵن. ئەو زیادەیەی ئەوان بەرهەمیان هێنا تەنیا خۆراکی کەمینەیەکی دەستەبژێرەکانی دەستەبەر دەکرد- پاشاکان، کاربەدەستانی حکومی، سەربازان، قەشەکان، هونەرمەندان و بیرمەندان- کە کتێبەکانی مێژوویان پڕ کردووەتەوە. مێژوو شتێکە کە خەڵکێکی زۆر کەم ئیشیان لەسەر کردووە لەکاتێکدا کە هەموو ئەوانیتر خەریکی کێڵانی کێڵگەکان و گواستنەوەی سەتڵە ئاوەکان بوون.

سیستەمێکی وێناکراو

ئەو زیادە خۆراکییانەی لەلایەن جوتیارانەوە بەرهەم دەهێنرا، شانبەشانی تەکنۆلۆژیای گواستنەوە، دواجار توانای بە خەڵکی زۆر و زۆرتردا تا سەرەتا لە گوندە گەورەکان و پاشان لە شارۆچکەکان و ئینجا لە شارەکاندا پێکەوە خڕ ببنەوە، هەموویان لە ڕێگەی تۆڕی بازرگانی و مەملەکەتی نوێوە چوونە پاڵ یەکتری. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ سوودوەرگرتن لەم دەرفەتە نوێیانە، زیادە خۆراکییەکان و باشبوونی گواستنەوە بەس

نەبوون. تاکە فاکتی ئەمەی کە یەکێک بتووانێ لە هەمان شارۆچکەدا خۆراکی هەزار کەس یان لەهەمان مەملەکەتدا خۆراکی ملیۆن کەس دابین بکات زامنی ئەوە ناکات کە ئەوان بتووانن کۆک بن لەسەر چۆنێتی دابەشکردنی زەوی و ئاوەکە، چۆنێتی هەڵبڕینی مشتومڕ و ململانێکان و چۆنێتی ڕەفتارکردن لە سەروەختی وشکی و جەنگدا. ئەگەر هیچ ڕێککەوتنێکیش نەکرا، ئەوا شەڕ بڵاو دەبێتەوە، تەنانەت ئەگەرچی کۆگاکانیش لێوانلێو بن. ئەوە کێماسی خۆراک نەبووە کە بەشی هەرە زۆری جەنگ و شۆڕشەکانی مێژووی لێکەوتووەتەوە. شۆڕشی فەرەنسی لەلایەن پاریزەرە کامەرانەکانەوە ڕێبەری کراوە نەک لەلایەن جوتیارە برسییەکانەوە. کۆماری ڕۆمانەکان لە سەدەی یەکەمی پێش زایینداً گەیشتە ئەوپەڕی هێزی خۆی، کاتێک پۆلە کەشتییەکانی گەنجینە لە سەرانسەری دەریای ناوەڕاستەوە لەسەروو شیرینترین خەونەکانی پێشینانیانەوە ڕۆمانەکانی دەوڵەمەند کرد. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە لەو ساتەوەختەی ئەوپەڕی کامەرانیدا بوو کە سیستەمی سیاسی ڕۆمانی بەهۆی زنجیرەیەکی شەڕی کوشندەی ناوخۆوە داڕما. یوگسلاڤیا لە ١٩٩١دا لە پێویست زیاتر سامانی هەبوو بۆ خۆراک پێدانی هەموو دانیشتووانەکانی و لەگەڵ ئەوەشدا خوێنڕێژییەکی گەورەی تیادا بەرپابوو و پارچەپارچە بوو.

کێشەی ڕیشەیی ئەم کارەساتانە ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە ماوەی ملیۆنان ساڵدا لە باندی بچوک بچوکی دەیان کەسییەوە پەرەیان گرتووە. ئەو چەند هەزارەیەی شۆڕشی کشتوکاڵی لە سەرهەڵدانی شارەکان، مەملەکەتەکان و ئیمپراتۆریەتەکان جیادەکاتەوە، کاتێکی کامڵ نەبوو بۆ زەمینەسازیی پەرەگرتنی غەریزەی هاریکاری بەکۆمەڵ.

سەرباری نەبوونی ئەو غەریزە بایۆلۆژییانە، لە ماوەی سەردەمی خۆراک دۆزینەوەدا، سەدان غەریبە لە سایەی ئەفسانەی هاوبەشدا توانییان هاریکاری یەکتری بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم هاریکارییە شل و شۆق و سنووردار بوو. هەر باندێکی مرۆڤی هۆشمەند بەردەوام بوو لەوەی ژیانی سەربەخۆیانەی خۆی بەڕێوە ببات بۆ دابینکردنی زۆربەی پێداویستییەکانی خۆی. کۆمەڵناسێکی دێرین کە ٢٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەژیا، کە زانیاری نەبوو لەسەر ڕووداوەکانی پاش شۆڕشی کشتوکاڵی، دەشێ گەیشتبێتە ئەو ئەنجامەی کە ئەفسانە، مەودابڕییەکی تا ڕادەیەک سنووردارى هەیە. چیرۆکە پەیوەندیدارەکانی ڕۆحەکانی پێشینان و تەڵسمە خێڵەکییەکان ئەوەندە بەهێز بوون کە توانا بە ٥٠٠ کەس بدات بازرگانی گوێچکەماسی بکەن، ئاهەنگی سەیر و نامۆ بگێڕن و هێز پێکبهێنن بۆ ڕامالینی باندێکی نیاندەرتاڵی، بەڵام لەوە زیاتر نا. لەوانەیە کۆمەڵناسە دێرینەکان پێیان وابووبێت کە ئەفسانە ناتوانێ توانا بە ملیۆنان غەریبە بدات بەشێوەیەکی ڕۆژانە هاریکاریی یەکتری بکەن.

بەڵام دەرکەوت ئەمە هەڵەیە. دەرکەوت، ئەفسانەکان بەهێزترن لەوەی هەر کەسێک کە توانیبێتی وێنای بکات. کاتێک شۆڕشی کشتوکاڵی دەرفەتی بۆ دروستبوونی شارە قەرەباڵغەکان و ئیمپراتۆریەتە بەهێزەکان والا کرد، خەڵکی چیرۆک گەلێکیان لەبارەی خوداوەندە مەزنەکان، زێدەکانی دایک و کۆمپانیا هاوبەشەکانی پشک هەڵبەست بۆ دابین کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان. لەکاتێکدا کە پەرەگرتنی مرۆڤ بە هەنگاوە لولپێچ ئاساکانی لە هەنگاونانداً بوو، وێنای مرۆڤ، بە پێچەوانەی هەموو شتێکی پێشوو، تۆڕی سەرسوڕهێنی هاریکاریی بەکۆمەڵی بونیاد دەنا.

لە دەوروبەری ٨٥٠٠ ساڵ پێش زایین گەورەترین ئۆردوگاکان لە جیهاندا گوندەکانی وەکو ئەریحا بوون کە چەند سەد تاکەکەسێکی دەگرتە خۆ. بەهاتنی ٧٠٠٠ ساڵ پێش زایین، شارۆچکەی (چاتالۆیوک) لە ئەنادۆڵ لەنێوان ٥٠٠٠ بۆ ١٠،٠٠٠ کەسی دەگرتە خۆ. لەوانەیە ئەمە گەورەترین ئۆردوگا بووبێت لەو سەروەختەدا. لە ماوەی هەزارەی پێنجەم و چوارەمی پێش زایینداا، ئەو شارانەی دەیان هەزار دانیشتووان بە ناوچەی (هیلالی بەپیت)دا بڵاو بوونەوە و هەریەک لەمانە نفوزی خۆی بەسەر زۆرێک لە گوندەکانی دەوروبەردا سەپاند. لە ٣١٠٠ی پێش زایینداا، تەواوی خوارەوەی دۆڵی نیل یەکیگرت و بووە یەکەم پاشایەتی میسر. فیرعەونەکان حوکمی هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە و هەزاران کەسیان کرد. دەوروبەری ٢٢٥٠ ی پێش زایین، سارگۆنی گەورە یەکەم ئیمپراتۆریەتی بەناوی (ئەکەدییەکان) بونیاد نا. ئەمە حوکمی ملیۆنان ڕەعیەی کرد و سوپایەکی ٥٤٠٠ سەربازی قوت کردەوە. لەنێوان ١٠٠٠ بۆ ٥٠٠ ساڵی پێش زایین، یەکەم مێگا-ئیمپراتۆریەتەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەرکەوتن: ئیمپراتۆریەتی ئاشووری، ئیمپراتۆریەتی بابلی و ئیپمراتۆریەتی فارسی. ئەمانە حوکمی چەندەها ملیۆن ڕەعیەیان کرد و دەیان هەزار سەربازیان هەبوو.

لە ٢٢١ی پێش زایینداا زنجیرەی (کین) چین-ی یەکخست و بەماوەیەکی کورت دوای ئەمە، ڕۆم حەوزی مێدیترانەی یەکخست. باج بەسەر ٤٠ ملیۆن ڕەعیەی (کین)دا سەپێنرا و تێچووی سوپایەکی سەدان هەزار سەربازی و بیرۆکراسییەکی ئاڵۆز کە پێکهاتبوو لە زیاتر لە ١٠٠،٠٠٠ کاربەدەست، دابین کرد. ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە ترۆپکی خۆیدا باجی لە زیاتر لە ١٠٠ ملیۆن ڕەعیە کۆ کردەوە. ئەم دەرامەتە، دارایی سوپایەکی خۆگری ٢٥٠،٠٠٠-٥٠٠،٠٠٠ سەربازی، تۆڕێکی ڕێگا کە پاش

١٥٠٠ ساڵ دواتر هێشتا بەکاردێت و شانۆ و شانۆی گەورەی لەخۆگری چەندەها تەماشاکەر، دابین کرد.

شتێکی کاریگەرە، گومانی تیا نییە، بەڵام نابێ وەهم لەبارەی (تۆڕەکانی هاریکاریی بەکۆمەڵ) لە میسری فیرعەونی و ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا هەڵچنین. (هاریکاری) زۆر خاکەڕاییانە دیارە، بەڵام هەمیشە خۆبەخشانە نییە و بەدەگمەن یەکسانیخوازانەیە. زۆربەی تۆڕەکانی کارکردنی مرۆیی بەلای سەرکوتگەری و بەکاربردندا بووە. جوتیاران لە ڕێگەی زیادە خۆراکییە بەهادارەکانیانەوە باجی تۆڕە خێرا گەشەکردووەکانی هاریکارییان داوە، مایەی نائومێدی بووە کاتێک باج کۆکەرەوەکە ساڵێکی تەواوی ئیشی قورسی بە تاکە خەتێکی قەڵەمە ئیمپریالییەکەی ڕامالیووە. هۆڵە کراوە گەورە بەناوبانگەکانی ڕۆم زۆرجار لەلایەن کۆیلەکانەوە بونیاد نراون بۆئەوەی ڕۆمانە دەوڵەمەند و تەمەڵەکان بتوانن تەماشای شەڕە شمشێری خوێناویی کۆیلەکانی تر بکەن. تەنانەت زیندانەکان و کەمپەکانی زۆرەملێش تۆڕی هاریکارین و دەتووانن کار بکەن تەنیا لەبەرئەوەی هەزاران غەریبە بەشێوەیەک لە شێوەکان کرداری کانیان ڕێک بخەن.

هەموو ئەم تۆڕانەی هاریکاری- لە شارەکانی میزۆپۆتامیای دێرینەوە بگرە تا ئیمپراتۆریەتەکانی (کین) و ڕۆم- (سیستەمی وێناکراو)ن. ئەو ڕێسا کۆمەڵایەتییانەی ئەمانەی ڕاگیر کردووە نە لەسەر بنەمای غەریزە ڕەگ داکوتاوەکانەوە بووە و نە لەسەر بنەمای ئاشنایەتییە کەسییەکانەوە بووە، بەڵکو لەسەر بنەمای باوەڕ بووە بە ئەفسانە هاوبەشەکان.

چۆن دەشێ ئەفسانەکان تەواوی سیستەمێک ڕاگیر بکەن؟ ئێمە هەنوکە قسەمان لەسەر نموونەیەکی وەها کردووە: پیجۆ. ئێستا با دوو لە ناسراوترین ئەفسانەکانی مێژوو بپشکنین: (کۆدی حامورابی)ی ١٧٧٦

پێش زایین، که وەکو ڕێنمایەکی هاریکاری بووە بۆ سەدان هەزار بابلیی کۆن و (جارنامەی سەربەخۆیی ئەمریکا)ی ١٧٧٦ی زایین کە ئەمڕۆش هێشتا وەکو ڕێنمایەکی هاریکارییە بۆ سەدان ملیۆن ئەمریکایی مۆدێرن.

لە ١٧٧٦ ی پێش زایینداً، بابل گەورەترین شاری جیهان بووە. لەوانەیە ئیمپراتۆریەتی بابلی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی جیهان بووبێت لەکاتێکدا کە زیاتر لە ملیۆنێک ڕەعیەی هەبووە. ئەم ئیمپراتۆریەتە حوکمی بەشی هەرە زۆری میزۆپۆتامیای کردووە، لەوانەش سەرانسەری عیراقی مۆدێرن و چەند ناوچەیەکی سوریای ئەمڕۆ و ئێران.

ئەو پاشایەی بابل کە ئەمڕۆ لە هەموویان بەناوبانگترە، حامورابی-یە. ناوبانگی بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێکستەی ناوی ئەوی لەسەرە، (کۆدی حامورابی). ئەمە کۆبەندییەک بوو لە یاساکان و بڕیارە دادوەرییەکان، کە ئامانج لێیان دەرخستنی حامورابی بووە وەکو سەرمەشقێکی پاشای دادگەر، گوزارشتکردن بووە لە بنەمایەک بۆ سیستەمێکی یاسایی یەکپارچەتر لەسەرانسەری ئیمپراتۆریەتی بابلی و وانەپێدانی نەوەی ئایندە بووە لەبارەی پێناسەی دادپەروەری و ئەمەی کە پاشایەکی دادگەر چۆن ڕەفتار دەکات.

تێکستەکە بەوە دەستپێدەکات کە دەڵێت، خوداوەندەکان، ئانو، ئینلیل و ماردوک- خوداوەندە پێشەنگەکانی کۆمەڵە خواکانی میزۆپۆتامیا- حامورابییان دانا (بۆئەوەی دادگەری لە سەرزەمینەکە باڵادەست بێت، بۆ نەهێشتنی خراپەکاران، بۆ ڕێگرتن لە چەوساندنەوەی لاوازەکان). پاشان ٣٠٠ حوکم ڕیز دەکات کە بەشێوەی ئەم فۆرمیولایە دانراوە (ئەگەر شتێکی وەها ڕوبدات، ئەمە حوکمەکەیەتی). بۆ نموونە حوکمەکانی ١٩٦-٩ و ٢٠٩-١٤ تیایاندا هاتووە:

.١٩٦ئەگەر پیاوێکی باڵا چاوی پیاوێکی باڵای تر کوێر بکات، دەبێ ئەوان چاوی کوێر بکەنەوە.

.١٩٧ئەگەر ئەو ئێسقانی پیاوێکی تری باڵا بشکێنێت با ئێسقانی بشکێننەوە.

.١٩٨ئەگەر ئەو چاوی کەسێکی ئاسایی کوێر بکات یان ئێسقانی کەسێکی ئاسایی بشکێنێت ئەوا دەبێ باجەکەی لە شێوەی ٦٠ سکەی زیو بدات.

.١٩٩ئەگەر چاوی کۆیلەی پیاوێکی باڵا کوێر بکات یان ئێسقانی کۆیلەی پیاوێکی باڵا بشکێنێت، ئەوا باجەکەی دەدات و نیوەی بەهای کۆیلەکە (لە شێوەی زیو) ئەدات.

.٢٠٩ئەگەر پیاوێکی باڵا لە ژنێکی چینی باڵا بدات و بەم هۆیەوە منالەکەی لەبار ببات، ئەوا باجەکەی دەدات و دە سکەی زیو لەبەرانبەر لەباربردنەکە دەدات.

.٢١٠ئەگەر ئەو ژنە بمرێت ئەوا کچەکەی دەکوژرێتەوە.

.٢١١ئەگەر ببێتە هۆی ئەوەی ژنێکی چینی ئاسایی بە لێدان منالەکەی لەبار بچێت، ئەوا دەبێ باجەکەی بدات و پێنج سکەی زیو بدات.

.٢١٢ئەگەر ئەو ژنە بمرێت، ئەوا باجەکەی دەدات و سی سکەی زیو دەدات.

.٢١٣ئەگەر لە ژنێکی کۆیلەی پیاوێکی باڵا بدات و بەم هۆیەوە منالەکەی لەبار بچێت، ئەوا دەبێ باجەکەی بدات و دوو سکەی زیو بدات.

.٢١٤ئەگەر ئەو ژنە کۆیلەیە بمرێت، ئەوا دەبێ باجەکەی بدات و بیست سکەی زیو بدات.

پاش ڕیزبەندیکردنی حوکمەکانی، حامورابی جارێکی تر ڕایدەگەیەنێت کە ئەمانە ئەو بڕیارانەن کە حامورابی، پاشای بەتوانا، بونیادی ناون و لێرەوە سەرزەمینەکەی هاوشانی حەقیقەت و ڕێگای ڕاستی ژیان ئاراستە کردووە...من حامورابی-یم، پاشای خانەدان. من بێباک نەبووم لەبەرانبەر مرۆڤایەتیدا، کە خوداوەند ئێنلیل خستوویەتە بەر چاوەدێریم و بەڕێوەبردنیانی لەلایەن خوداوەند ماردوک-ەوە بە من بەخشراوە.

کۆدی حامورابی جەخت لەوە دەکاتەوە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی بابل ڕەگی لە پرەنسیپە گەردوونی و تاهەتاییەکانی دادگەریدا داکوتاوە، کە لەلایەن خوداکانەوە سەپێنراوە. پرەنسیپی هیرارکی گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە. بەپێی کۆدەکە، خەڵکی دابەش بوون بەسەر دوو جێندەر و سێ چیندا: خەڵکی باڵا، خەڵکی ئاسایی و کۆیلەکان. ئەندامانی هەریەک لەم جێندەرانە، بەهای جیاوازیان هەیە. ژیانی مێینەیەکی ئاسایی شایەنی سی سکەی زیوە و هی مێینەیەکی کۆیلە بایی بیست سکەی زیوە لەکاتێکدا کە چاوی نێرینەیەکی ئاسایی بایی شەست سکەی زیوە.

کۆدەکە بەهەمان شێوە هەڕەمێکی توندوتۆڵ لەناو خانەوادەکاندا بونیاد دەنێت کە بەهۆیەوە منالان کەسانی سەربەخۆ نین، بەڵکو مولکی دایک و باوکیانن. لێرەوە، ئەگەر کەسێکی باڵا کچی پیاوێکی باڵا بکوژێت، ئەوا کچی بکوژەکە سزای کوشتن دەدرێت. لەوانەیە بۆ ئێمە سەیر بێت کە بکوژەکە بەبێ سزا بمێنێتەوە کەچی کچە بێتاوانەکەی بکوژرێت، بەڵام بەڵای حامورابی و بابلییەکانەوە ئەمە تەواو دادپەروەرانە بووە. کۆدی حامورابی لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە ئەگەر ڕەعیەتەکانی پاشا هەموویان پێگەکانیان لە هەڕەمەکەدا قبوڵ کرد و بەم پێیە

ڕەفتاریان کرد، ئەوا ملیۆن دانیشتووانەکەی ئیمپراتۆریەتەکە دەتووانن بەشێوەیەکی کاریگەر هاریکاریی یەکتری بکەن. ئەو کاتە کۆمەڵگەکەیان دەتووانێت خۆراکی پێویست بۆ ئەندامەکانی بەرهەم بێنێت، بەپێی پێویستی دابەشی بکات، خۆی لەبەرانبەر دوژمناندا بپارێزێت و ڕووبەری خاکەکەی فراوان بکات بۆئەوەی سامانی زیاتر و ئاسایشی باشتر بەدی بێنێت.

نزیکەی ٣٥٠٠ ساڵ پاش مردنی حامورابی، دانیشتووانی سیانزە کۆلۆنی بریتانی لە ئەمریکای باکوور هەستیان کرد کە پاشای ئینگلتەرە بەشێوەیەکی نادادگەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات. نوێنەرەکانیان لەشاری (فیلادێلفیا) کۆ بوونەوە و لە ٤ی تەممووزی ١٧٧٦دا کۆلۆنییەکان ڕایانگەیاند کە دانیشتووانەکانیان چیتر ڕەعیەی پاشایەتی بریتانی نین. بەیاننامەی سەربەخۆییان، پەرەنسیپی دادگەریی تاهەتایی و گەردوونییان گرتەخۆ کە وەکو ئەوانەی حامورابی، لە هێزێکی ئاسمانییەوە ئیلهامەکەی گەیشتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگترین پرەنسیپ کە خوداوەندی ئەمریکی سەپاندبووی، بەشێوەیەک لە شێوەکان جیاواز بوو لەو پرەنسیپەی کە خوداکانی بابل سەپاندبوویان. بەیاننامەی سەربەخۆیی ڕایدەگەیەنێت:

ئێمە ئەم حەقیقەتانە وەکو حاشاهەڵنەگر ڕاگیر دەکەین کە، هەموو مرۆڤەکان یەکسان دروست بوون، ئەمەی کە لەلایەن خالقەکەیانەوە ماف گەلێکی نکوڵینەکراویان پێ بەخشراوە، لەنێو ئەم مافانەشدا ژیان، ئازادی و سۆراخکردنی خۆشبەختی هەیە.

وەکو کۆدی حامورابی، دۆکیومێنتی دامەزراندنی ئەمریکا بەڵێنی ئەوە دەدات کە، ئەگەر مرۆڤەکان بەپێی پرەنسیپە پیرۆزەکانی ڕەفتار بکەن، ملیۆنان کەسیان دەتووانن بەشێوەیەکی کاریگەر هاریکاری بکەن، لە

کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە و کامەراندا بە ئاشتەوایی و سەلامەتی بژین. وەکو کۆدی حامورابی، بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا تەنیا دۆکیومێنتێکی کات و شوێنی خۆی نییە- ئەمە لەلایەن نەوەکانی ئایندەشەوە قبوڵ کراوە. بۆ زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ، منالانی قوتابخانەکانی ئەمریکا لەدڵەوە خەریکی وتنەوە و فێربوونی بوون.

دوو تێکستەکە دەمانخەنە بەردەم تەنگژەیەکی ڕوون. هەم کۆدی حامورابی و هەم بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پرەنسیپی گەردوونی و تاهەتایی دادپەروەرییان ڕاگەیاندووە، بەڵام بەگوێرەی ئەمریکییەکان هەموو خەڵکی یەکسانن، کەچی بە گوێرەی بابلییەکان، خەڵکی بە بڕیار یەکسان نین. هەڵبەت لەوانەیە ئەمریکییەکان بڵێن ئەمان ڕاستن و حامورابی بەهەڵەداچووە. لەوانەبوو حامورابیش، بەشێوەیەکی سروشتی، بانگەشەی ئەوەی بکردایە کە ئەم ڕاستە و ئەمریکییەکانیش لە هەڵەدان. لە ڕاستیدا هەردووکیان لەهەڵەدان. حامورابی و باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا وێنای واقیعێکیان کردووە کە پرەنسیپە گەردوونی و نەگۆڕەکانی دادپەروەری، وەکو یەکسانی یان هیرارکی (هەڕەم) حوکمی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، تاکە شوێن کە ئەم پرەنسیپە نەگۆڕانەی تیادا هەن وێنای بەپێتی مرۆڤە هۆشمەندەکان و ئەو ئەفسانانەن کە دایدەهێنن و بۆ یەکتری دەگێڕنەوە. ئەم پرەنسیپانە حەقانیەتێکی بابەتییان نییە.

ئاسانە بۆ ئێمە قبوڵی بکەین کە دابەشبوونی خەڵکی بەسەر (باڵاکان) و (ئاساییەکان)دا داتاشراوەیەکی خەیاڵە. لەگەڵ ئەوەشدا بیرۆکەی ئەمەی کە هەموو مرۆڤەکان یەکسانن بەهەمان شێوە ئەفسانەیە. بە چ مانایەک هەموو مرۆڤەکان یەکسانن بە یەکتری؟ ئایا واقیعێکی بابەتی هەیە لە دەرەوەی وێنای مرۆڤدا، کە تیایدا ئێمە بە

ڕاستی یەکسان بین؟ ئایا هەموو مرۆڤەکان لە ڕووی بایۆلۆژییەوە یەکسانن بە یەکتری؟ با هەوڵ بدەین بەناوبانگترین دێڕی بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکا لە ڕوانگەی بایۆلۆژییەوە وەربگێڕین:

ئێمە ئەم ڕاستییانە بە حاشاهەڵنەگر لەقەڵەم دەدەین کە، هەموو مرۆڤەکان بە یەکسان دروست کراون، ئەمەی کە خالقەکەیان ماف گەلێکی نکوڵینەکراوی پێ بەخشیوون، لەوانەش ژیان، ئازادی و سۆراخکردنی خۆشبەختی.

بە گوێرەی زانستی بایۆلۆژی، خەڵکی دروست نەکراون. بەڵکو پەرەیان گرتووە. بە دڵنیاییشەوە بەشێوەیەک پەرە ناگرن کە (یەکسان) ببن. بیرۆکەی یەکسانی بەشێوەیەکی ئاڵۆزکاو لەگەڵ بیرۆکەی خەلقدا تێکئاڵاوە. ئەمریکییەکان بیرۆکەی یەکسانییان لە مەسیحییەت وەرگرتووە، کە بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە هەموو کەسێک ڕۆحێکی دەستکردی خودای هەیە، و ئەمەی کە هەموو ڕۆحەکان لەبەردەم خوادا یەکسانن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئێمە باوەڕ نەهێنین بە ئەفسانە مەسیحییەکان لەبارەی خودا، خەلق و ڕۆحەکان، هەموو خەڵک (یەکسانن) چ مانایەک دەگەیەنێت؟ پەرەگرتن لەسەر بنەمای جیاوازی، نەک یەکسانی، ڕۆنراوە. هەموو کەسێک کۆدێکی جێنەتیکی جیاواز هەڵدەگرێت و لە ساتەوەختی لەدایکبوونەوە دەکەوێتە بەر کاریگەرییە ژینگەیی جیاجیاکان. ئەمە سەردەکێشێت بۆ گەڵاڵەبوونی تایبەتمەندیی جیاواز کە چانسی زیندوومانەوەی جیاواز لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن. لێرەوە پێویستە (یەکسان دروستبوون) بۆ (پەرەگرتن بەشێوەی جیاواز) تەرجەمە بکرێت.

بە گوێرەی زانستی بایۆلۆژی، هەروەکو چۆن خەڵکی قەت دروست نەکراون، (خالق)ێکیش نییە هیچ شتێکی پێ بەخشیبن. تەنیاوتەنیا

پرۆسەیەکی کۆیرانەی پەرەگرتن هەیە، بەتاڵە لە هەموو ئامانجێک، و سەردەکێشێت بۆ لەداکیبوونی تاکەکان. دەبێ (لەلایەن خاڵقەکەیانەوە پێیان بەخشراوە) هەر تەرجەمە بکرێت بۆ (هاتوونەتە دنیاوە).

بەهەمان شێوە، شت گەلێکی وەکو مافەکان لە بایۆلۆژیادا بوونی نییە. تەنیا ئەندامەکان، تواناکان و تایبەتمەندییەکان بوونیان هەیە. بااڵندەکان لەبەر ئەوە نافڕن کە مافی فڕینیان هەیە، بەڵکو لەبەرئەوەیە کە باڵیان هەیە. ڕاستیش نییە کە ئەم ئەندام، توانا و تایبەتمەندییانە (نکوڵی نەکراو)ن. زۆرێکیان بە گۆڕانکاری بەردەوامدا ڕەت دەبن و لەوانەیە پێ بە پێی کات بە تەواوی لەدەست بچن. نەعامە بااڵندەیەکە کە توانای فڕینی لەدەستداوە. کەوایە دەبێ (مافە نکوڵی نەکراوەکان) بۆ (تایبەتمەندییە گۆڕاوەکان) تەرجەمە بکرێت.

ئەی ئەو تایبەتمەندییانە چین کە لە مرۆڤەکاندا پەرەی گرتووە؟ بە دڵنیاییەوە (ژیان)ە. ئەی (ئازادی)؟ شتێکی وەها لە بایۆلۆژیدا نییە. ڕێک وەکو یەکسانی، مافەکان و کۆمپانیا بەرپرسیارێتی سنووردارەکان، ئازادیش شتێکە کە خەڵکی دایانهێناوە و تەنیا لە خەیاڵیاندا بوونی هەیە. لە ڕوانگەی بایۆلۆژییەوە، بێ مانایە بڵێیت مرۆڤەکان لە کۆمەڵگە دیموکراتییەکاندا ئازادن، کەچی لە کۆمەڵگە دیکتاتۆرییەکاندا ئازاد نین. ئەی لەبارەی (خۆشبەختی)یەوە؟ تاوەکو ئێستا توێژینەوەی بایۆلۆژی نەیتووانیووە پێناسەیەکی ڕوون لەبارەی خۆشبەختییەوە بخاتەڕوو یان ڕێگایەک بۆ پێوانەکردنی بابەتییانەی گەاڵە بکات. کەواتە دەبێ (ژیان، ئازادی و سۆراخکردنی خۆشبەختی) بۆ (ژیان و سۆراخکردنی خۆشی) تەرجەمە بکرێن.

کەوایە ئەمەش ئەو دێڕەی بەیاننامەی سەربەخۆیی ئەمریکایە کە بۆ ڕوانگەی بایۆلۆژی تەرجەمە دەبێت:

ئێمە ئەم ڕاستییانە بە حاشاهەڵنەگر لەقەڵەم دەدەین کە، هەموو مرۆڤەکان بەشێوەی جیاواز پەرە دەگرن، ئەمەی کە بە هەندێ مافی گۆڕاوەوە لەدایک دەبن، لەوانەش ژیان و سۆراخکردنی خۆشی.

لەوانەیە لایەنگیرانی یەکسانی و مافە مرۆییەکان بەم دیڕەی بەڵگاندن تورە ببن. لەوانەیە وەڵامەکەیان ئەمە بێت (ئێمە دەزانین خەڵکی لە ڕووی بایۆلۆژییەوە یەکسان نین! بەڵام ئەگەر بڕوامان وابێت کە هەموومان لە جەوهەردا یەکسانین، ئەمە توانامان پێدەدات کۆمەڵگەیەکی جێگیر و کامەران دروست بکەین). ئێمە مشتومڕمان لەسەر ئەمە نییە. ئەمە کتومت ئەو شتەیە کە مەبەستم لێی (سیستەمی وێناکراو)ە. ئێمە باوەڕمان بە سیستەمێکی دیاریکراوە نەک لەبەرئەوەی لەڕووی بابەتییەوە ڕاستە، بەڵکو لەبەرئەوەی کە بڕواهێنان پێی توانامان دەداتێ بەشێوەیەکی کاریگەر هاریکاری بکەین و کۆمەڵگەیەکی باشتر چێ بکەین. سیستەمە وێناکراوەکان بریتی نین لە گەلەکۆمە ئەهریمەنییەکان یان سەرابە بێ کەڵکەکان. بەڵکو، ئەمانە تاکە ڕێگەن بەهۆیەوە ژمارەی زۆری مرۆڤەکان بەشێوەیەکی کاریگەر هاریکاری یەکتری بکەن. بیرت نەچێت، لەوانەیە حامورابی بە بەکارهێنانی هەمان لۆژیک بەرگری لە پرەنسیپەکەی بۆ هەڕەمێتی کردبێت: (دەزانم بااڵکان، ئاساییەکان و کۆیلەکان بەشێوەیەکی زگماک جۆری جیاوازی مرۆڤن. بەڵام ئەگەر ئێمە بڕوامان وابێ وەهان، ئەمە توانامان دەداتێ کۆمەڵگەیەکی جێگیر و کامەران چێ بکەین).

باوەڕدارە ڕاستەقینەکان

ئەگەری هەیە زیاتر لە چەند خوێنەرێک لەسەر کورسییەکانیان ڕابچڵەکێن لەکاتێکدا کە پەرەگرافەکانی پێشوو دەخوێننەوە. زۆربەمان

ئەمرۆکە ئەوەندە خوێنەوارین تاوەکو بە شێوازێکی وەها کاردانەوەمان هەبێت. ئاسانە قبوڵی بکەیت کۆدی حامورابی ئەفسانەیەکە، بەڵام ئێمە نامانەوێ گوێمان لەوە بێت مافەکانیش ئەفسانە بن. ئەگەر خەڵکی درک بەوە بکەن مافەکانی مرۆڤ تەنیا لە خەیاڵدا بوونیان هەیە، ئایا مەترسی ئەوە نییە کە کۆمەڵگاکەمان دابڕمێت؟ ڤۆلتێر لەبارەی خوداوە وتوویەتی (خوا نییە، بەڵام ئەمە بە خزمەتکارەکەم مەڵێ نەکا لە شەودا بمکوژێت). حامورابی-ش لەبارەی پرەنسیپی هەڕەمێتییەکەیەوە هەمان شتی وتووە و تۆماس جێفرسۆن-یش لەبارەی مافەکانی مرۆڤەوە هەمان شتی وتووە. مرۆڤی هۆشمەند مافی سروشتی نینە، وەکو چۆن جاڵجاڵۆکەکان، کەمتیار و شەمپانزێکان نیانە. بەڵام ئەم شتانە بە خزمەتکارەکانمان مەڵێ، نەوەک شەو بمانکوژن. ئەم ترسانە باش پاساو دراون. سیستەمێکی سروشتی، سیستەمێکی جێگیرە. ئەستەمە هێزی کێشکردنی زەوی سبەینێ بوەستێت، تەنانەت ئەگەرچی خەڵکی چیتر باوەڕی پێ نەکەن. کەچی، سیستەمێکی وێناکراو هەمیشە لە مەترسی داڕمانداید، چونکە بەندە بە ئەفسانەکان و ئەفسانەکانیش ئەو کاتە لەنێو دەچن کە خەڵکی چیتر باوەڕیان پێ نەهێنن. بۆ پارێزگاری لە سیستەمێکی وێناکراو، تەقەلای بەردەوام و سەرسەختانە زەرووری. هەندێ لەم تەقەلایانە لە شێوەی تۆندوتیژی و زۆرداریدان. سوپاکان، هێزەکانی پۆلیس، دادگاکان و زیندانەکان بێ وچان لەکاردان بۆ ناچارکردنی خەڵک تا بە گوێرەی سیستەمی وێناکراو ڕەفتار بکەن. ئەگەر بابلییەکی دێرین چاوی دراوسێکەی کوێر بکردایە، زۆرجار تۆندوتیژییەک پێویست بووە بۆ سەپاندنی یاسا (چاو لەبەرانبەر چاو). کاتێک لە ١٨٦٠دا زۆرینەی هاوڵاتییانی ئەمریکی گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە کۆیلە ئەفریقاییەکان مرۆڤن و بۆیە دەبێ مافی ئازادییان

هەبێت، جەنگێکی ناوخۆی خوێناوی لێکەوتەوە تا ویلایەتەکانی باشوور ملیاندا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ناتوانرێ سیستەمێکی وێناکراو تەنیا بە توندوتیژی بسەپێنرێت. ئەمە پێویستی بە هەندێ باوەڕداری ڕاستەقینەش هەیە. شازادە (تالیراند) کە ژیانی پیشەیی خاوی خۆی لەژێر لویسی شانزەیەمدا دەستپێکرد، دواتر خزمەتی ڕژێمە شۆڕشگێڕییەکان و ناپلیۆنییەکانی کرد و لەکاتی خۆیدا چەند جارێک وەفاداریی خۆی گۆڕیووە و کۆتایی ڕۆژگاری خۆی لە خزمەتی پاشایەتیی دووبارە بونیاتنراوە تەرخان کردووە، دواجار چەندین دەیەی ئەزموونی حکومیی خۆی بەمشێوەیە پوخت کردووەتەوە: (دەتووانیت زۆر شت بە ڕەکان بکەیت، بەڵام دانیشتن لەسەریان ناخۆشە). زۆرجار تاکە قەشەیەک کاری سەد سەرباز هەرزانتر و کاریگەرتر ئەنجام دەدات. سەرباری ئەمەش، گرنگ نییە ڕەکان چەنێک کاریگەرن، دەبێ کەسێک هەر بەکاریان بێنێت. بۆچی دەبێ سەربازان، زیندانەوانەکان، دادوەران و پۆلیس سیستەمێکی وێناکراو بەرقەرار بکەن کە باوەڕیان پێی نییە؟ لە هەموو چالاکییە دەستەجەمعییەکانی مرۆڤ، قورسترینیان بۆ ڕێکخستن بریتییە لە توندوتیژی. کە بڵێیت سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بە هێزی سەربازی بەرقەرار دەکرێت، ئەم پرسیارە دەوروژێنێت: چ شتێک سیستەمی سەربازی بەرقەرار دەکات؟ ئەستەمە سوپایەک تەنیاوتەنیا بە زۆرداری بەرقەرار بکەیت. لانی کەم دەبێ هەندێ فەرماندە و سەرباز بە ڕاستی بڕوا بە شتێک بێنن، جا خودا، شەرەف، نیشتمان، پیاوەتی یان پارە بێت.

تەنانەت سەرنجڕاکێشترین پرسیار پەیوەندی هەیە بەوانەی کە لە سەری سەرەوەی هەڕەمە کۆمەڵایەتییەکە وەستاون. بۆچی دەبێت

هیوای ئەوە بخوازن کە سیستەمێکی وێناکراو بسەپێنن ئەگەر خۆیان باوەڕی پێناکەن؟ زۆر ئاساییە بەڵگەی ئەوە بهێنیتەوە کە دەشێ دەستەبژێر لە چاوچنۆکی بەدگومانانەیەوە ئەمە بکات. لەگەڵ ئەوەشدا بەدگومانێک کە بڕوای بەهیچ شتێک نییە ڕێی تێناچێت چاوچنۆک بێت. شتێکی زۆری ناوێ پێداویستییە بایۆلۆژییە بابەتییەکانی مرۆڤە هۆشمەندەکان دابین بکەیت. پاش ئەوەی ئەم پێداویستییانە پڕ کرانەوە، دەکرێ پارەی زۆرتر لە بونیادنانی هەڕەمەکان خەرج بکرێت، ڕۆژانی پشوو لەسەرانسەری جیهاندا بەسەر ببرێت، پارە بۆ کەمپەینەکانی هەڵبژاردن دابین بکرێت، پارە بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستی دڵگیرت دابین بکەیت یان وەبەرهێنان بکەیت لە بازاڕی پشک و پارەی زیاتریش پەیدا بکەیت- کە هەمووی چالاکی گەلێکن بەدگومانێکی ڕاستەقینە تەواو بە بێمانایان دەبینێ. (دیۆجینس)ی فەیلەسوفی یۆنانی کە قوتابخانەی (بەدگومانگەرایی)ی بونیاد نا، لە بەرمیلێکدا ژیا. کاتێک هەلێکساندەری مەزن لە حاڵەتی ڕاکشان لەبەر هەتاودا سەردانی دیۆجینس-ی کرد و لێی پرسی ئاخۆ هیچی دەوێ بۆی بکات، کابرای بەدگومانگەرا لە وەڵامی وڵاتگیری گەورەدا وتی (بەڵێ شتێک هەیە دەتووانیت بۆمی بکەیت. تکایە کەمێک بچۆ بەولاوە. تۆ بەری هەتاوت لێگرتووم).

هەربۆیە بەدگومانگەراکان ئیمپراتۆریەت بونیاد نانێن و بۆیە دەشێ سیستەمێکی وێناکراو تەنیا ئەو کاتە بەرقەرار ببێ کە بەشی گەورە گەورەی دانیشتووان- و بەتایبەت بەشی گەورە گەورەی دەستەبژێر و هێزەکانی ئاسایش- بە ڕاستی بڕوایان پێی هەبێت. مەسیحییەت ٢٠٠٠ ساڵی نەدەخایاند ئەگەر زۆرینەی ئوسقوفەکان و قەشەکان نەیانتوانیبایە بڕوا بە مەسیح بێنن. دیموکراسی ئەمریکی ٢٥٠ ساڵی نەدەخایاند ئەگەر زۆرینەی سەرۆکەکان و کۆنگرێسمانەکان نەیانتووانیایە بڕوا بە مافەکانی

مرۆڤ بکەن. سیستەمی ئابووریی مۆدێرن تاکە ڕۆژێکی نەدەخایاند ئەگەر زۆرینەی وەبەرهێنەران و بانکدارەکان نەیانتوانیایە بڕوا بە سەرمایەداری بێنن.

دیوارەکانی زیندان

چۆن وا لە خەڵکی دەکەیت بڕوا بە سیستەمێکی وێناکراوی وەکو مەسیحیەت، دیموکراسی یان سەرمایەداری بێنن؟ یەکەم، تۆ قەت باوەڕت بەوە نییە کە سیستەمەکە وێناکراو بێت. تۆ هەمیشە سووریت لەسەر ئەوەی ئەو سیستەمەی کۆمەڵگەکە ڕاگیر دەکات واقیعێکی بابەتییە لەلایەن خواوەندە گەورەکانەوە یان یاساکانی سروشتەوە دروست کراوە. خەڵکی نایەکسانن، نەک لەبەرئەوەی حامورابی وەهای وتووە، بەڵکو لەبەرئەوەی (ئێنیل) و (ماردوک) فەرمانیان کردووە. خەڵکی یەکسانن، نەک لەبەرئەوەی تۆماس جێفەرسۆن وەهای تووە، بەڵکو لەبەرئەوەی خودا بەو شێوەیە دروستیکردوون. بازاڕە ئازادەکان باشترین سیستمی ئابووریں، نەک لەبەرئەوەی ئادەم سیمس وەهای وتووە، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەمانە یاسای بێ چەندوچونی سروشتن.

تۆ بەهەمان شێوە بەشێوەیەکی تەواوەتی خەڵک فێر دەکەیت. هەر لەو ساتەوە کە لەدایک دەبن، تۆ بە بەردەوامی پرەنسیپەکانی سیستەمی وێناکراویان بیر دەخەیتەوە کە لە هەموو شتێک و هەر شتێکدا دانراون. ئەمانە خراونەتە ناو حیکایەتەکان، دراماکان، تابلۆکان، گۆرانییەکان، ئێتیکێتەکان، پڕوپانگەندە سیاسییەکان، تەلارسازی، جۆرەکانی چێشت و فاشنەکان. بۆ نموونە، ئەمڕۆکە خەڵکی بڕوایان بە یەکسانی هەیە، کەوایە شتێکی باوە بۆ منالانی دەوڵەمەند کابۆ لەبەر بکەن لەکاتێکدا کە لە بنەڕەتدا پۆشاکی چینی کرێکار بووە. لە چاخەکانی ناوەڕاستدا

خەڵکی بڕوایان بە دابەشبوونەکانی چین هەبووە، بۆیە هیچ خانەدانێکی گەنج چاکەتی جوتیاری لەبەر نەکردووە. ئەو سەروەختە ناودێر کردن بە (بەڕێز) یان (خاتوو) ئیمتیازێکی دەگمەن بووە بۆ خانەدانەکان و زۆرجار بە خوێن کڕدراوەتەوە. ئەمڕۆکە هەموو دواندنێکی بەڕێزانە، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە بەرانبەر کێیە، بە (بەڕێز یان خاتوو) دەست پێدەکات.

زانستە مرۆییەکان و کۆمەڵایەتییەکان وزەی هەرە زۆری خۆیان بۆ ڕوونکردنەوەی کتومتی ئەوە تەرخان دەکەن کە چۆن سیستەمی وێناکراو دەئاخنرێتە ناو چنراوەی ژیانەوە. لەو پانتاییەی سنووردارەی لەبەردەستماندایە ئێمە دەتوانین تەنیا ڕووکارەکە هەڵکڕێنین. سێ فاکتەری سەرەکی ڕێگرن لە خەڵک لەوەی درک بەوە بکەن ئەو سیستەمەی ژیانیان ڕێکدەخات تەنیا لە وێنایاندا هەیە:

ئەلف-سیستەمی وێناکراو لە جیهانی ماددیدا ڕەگی داکوتاوە. هەرچەندە سیستەمی وێناکراو تەنیا لە ئەقڵماندا بوونی هەیە، دەشێ لەناو واقیعی ماددی دەوروبەرماندا هەبێ و تەنانەت لە ناو بەرد دا ڕەگی داکوتابێ. ئەمڕۆکە زۆربەی خۆرئاواییەکان بڕوایان بە تاکگەری هەیە. ئەوان پێیان وایە هەموو مرۆڤێک تاکەکەسە، کە نرخەکەی بەند نییە بەوە خەڵکی تر چۆن بیری لێدەکەنەوە. هەریەک لە ئێمە پڕشنگێکی درەوشاوەی ڕووناکی لەناوماندا هەیە کە بەها و مانا بە ژیانمان دەدات. لە قوتابخانە خۆرئاواییە مۆدێرنەکاندا مامۆستاکان و دایک و باوکان بۆ منالانی باس دەکەن کە ئەگەر هاوپۆلەکانیان گاڵتەیان پێ بکەن، ئەوا دەبێ گوێ نەدەنێ. تەنیا خودی خۆیان، نەک ئەوانیتر، نرخی ڕاستەقینەی خۆیان دەزانن.

لە تەلارسازیی مۆدێرندا، ئەم ئەفسانەیە لە وێنا دەردەچێت و شێوەی بەرد و چیمەنتۆ دەگرێتە خۆی. خانوویەکی مۆدێرنی نموونەیی دابەش دەبێت بەسەر کۆمەڵێک ژووری بچوکدا بۆئەوەی هەر منالێک پانتاییەکی تایبەتی هەبێت، دوور لە بینایی و ئەوپەڕی ئۆتۆنۆمی هەبێت. ئەم ژووره تایبەتە تەقریبەن بەبێ جیاوازی دەرگایەکیان هەر هەیە و لە زۆر مالدا ئەوە کردارێکی قبوڵکراوە کە منال دەرگا دابخات و لەوانەشە قفڵی بکات. تەنانەت دایک و باوکان قەدەغەیە لێیان بەبێ لەدەرگادان و داوای مۆڵەتکردن بچنە ژووروەوە. ژووروەکە بەو شێوەیەی منالەکە خۆی دەیەوێت، بە پۆستەرەکانی ئەستێرەکانی هونەر دەڕازێنرێتەوە. گۆرەوپیە پیسەکان لەسەر زەوی دەکەون. کەسێک کە لە پانتاییەکی وەهادا گەورە دەبێت، ناتوانێت جگە لە وەکو (تاکەکەس) خۆی وێنا بکات، بەهای ڕاستەقینەی لەناوەوەڕا نەک لە دەرەوەڕا سەرهەڵدەدات.

خانەدانانی چاخەکانی ناوەڕاست بڕوایان بە تاکگەرایی نەبووە. بەهای کەسێک بە شوێنەکەی لە هەڕەمی کۆمەڵایەتیدا و بەوەی کە خەڵک لەبارەیەوە وتوویەتی، دەستنیشان کراوە. ئەوەی کە پێت پێبکەنن، ڕیسواییەکی گەورە بووە. خانەدانان منالەکانیان فێر کردووە باجەکەی هەرچییەک بێت پارێزگاری لە ناوبانگی خۆیان بکەن. وەکو تاکگەرایی مۆدێرن، سیستەمی بەهای سەدەکانی ناوەڕاست لەناو بەرد و قەڵاکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا جێ هێڵراوە و دەرخراوە. قەڵاکە بە دەگمەن ژووری تایبەتی بۆ منال (یان بۆ هەر کەسێکی تر) تیا بووە. کۆڕی هەرزەکاری بارۆنێکی سەدەکانی ناوەڕاست لە نهۆمی دووەمی قەڵاکە ژووری تایبەتی نەبووە پۆستەری (ریچارد لایەنهارت) یان (پاشا ئارسەر)ی بە دیوارەکانیەوە هەڵواسێت یان دەرگایەکی هەبێت دایبخات

و نەهێلێت دایک و باوکی بێنە ژوورەوە. ئەو لە تەنیشت زۆرێک لە گەنجی تر لە هۆڵێکی گەورەدا خەوتووە. ئەو هەمیشە لە بەر چاوان بووە و دەبووایە هەمیشە ئەو شتانە ڕەچاو بکات کە ئەوانیتر دەیانبینی و دەیانوت. کەسێک کە لە هەلومەرجێکی وەهادا گەشەی کردووە بەشێوەیەکی سروشتی گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە بەهای ڕاستەقینەی مرۆڤ بە شوێنەکەی لە هەڕەمی کۆمەڵایەتی و ئەمەی کە لەبارەیەوە چی دەوترێت، دەستنیشان دەکرێت.

ب-سیستەمی وێناکراو ئارەزووەکانمان پێکدەهێنێت. زۆربەی خەڵکی هیوادار نین قبوڵی ئەوە بکەن کە ئەو سیستەمەی ژیانیان بەڕێوە دەبات خەیاڵی بێت، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو کەسێک لەناو سیستەمێکی وێناکراوی لەپێشدا هەبوودا لەدایک بووە و ئارەزووەکانی هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونەوە بە ئەفسانە زاڵەکانی ئەو سیستەمە شێوەی پێدەدرێت. لێرەوە ئارەزووە کەسییەکانمان دەبنە گرنگترین بەڕگریکاری سیستەمە وێناکراوەکە.

بۆ نموونە، دڵگیرترین ئارەزووەکانی ئەمڕۆکەی خۆرئاواییەکان کارتێکراوە بە ئەفسانە ڕۆمانسی، ناسیۆنالیستی، سەرمایەداری و هیومانیستییەکان کە ماوەی چەند سەدەیەکە هەر هەبووە. ئەو هاوڕێیانەی ئامۆژگاری دەخەنەڕوو زۆرجار بە یەکتری دەڵێن (دوای دڵت بکەوە). بەڵام دڵ سیخوڕێکی دووڕووە کە ڕێنماییەکانی لە ئەفسانە باوەکانی ڕۆژ وەردەگرێت و خودی ڕێنمایی (دوای دڵت بکەوە) لە ڕێگەی ئاوێتەیەکی ئەفسانە ڕۆمانسییەکانی سەدەی نۆزدە و ئەفسانە بەکاربەرێتییەکان (ئیستیهلاکییەکان)ی سەدەی بیست خراوەتە مێشکەوە. بۆ نموونە، کۆمپانیای کۆکاکۆلا، لە ژێر دروشمی (کۆلای

ڕێجیم، ئەوە بکە کە هەست دەکەیت باشە) کۆلای ڕێجیمی خستووەتە بازاڕەوە.

تەنانەت ئەو شتەی خەڵکی کە بەلایانەوە ئارەزووی کەسین زۆرجار بە سیستەمی وێناکراو پرۆگرام کراوە. بۆ نموونە، ئارەزووی کەسی بۆ بەسەربردنی ڕۆژێکی پشوو لە دەرەوەی وڵات. هیچ شتێکی سروشتی یان ڕوون لەمبارەیەوە نییە. شەمپانزێیەکی ئەلفای نێرینە قەت بیر لە بەکارهێنانی هێزەکەی ناکاتەوە بۆ بەسەربردنی پشوو لە سەرزەمینی باندێکی شەمپانزێی دەوروبەر. دەستەبژێری میسری دێرین سامانی خۆیان لە بونیادنانی هەرەمەکان و مۆمیاکردنی لاشەکانیان خەرج کردووە، بەڵام هیچ کامێکیان بیری لە بازاڕکردن لە بابل یان بەسەربردنی ڕۆژێکی پشوو بە خلیسکێنە لە (فینیقیا) نەکردووەتەوە. ئەمڕۆکە خەڵکی پارەیەکی زۆر لە ڕۆژەکانی پشوو لە دەرەوەی وڵات خەرج دەکەن، چونکە باوەڕداری ڕاستەقینەن بە ئەفسانەکانی بەکاربەرێتی ڕۆمانتیکی.

ڕۆمانتیسیزم پێمان دەڵێت بۆئەوەی زۆرترین کەڵک لە توانای مرۆییمان وەرگرین ئەوا دەبێ چەندەی دەکرێ ئەزموونی زۆرمان هەبێت. پێویستە خۆمان لەبەرانبەر چەندەها هەست والا بکەین، دەبێ جۆرەها پەیوەندی تاقی بکەینەوە، دەبێ جۆرەها چێشت بخۆین، دەبێ جۆری جیاوازی ستایلەکانی مۆسیقا گوێبیست ببین. یەکێک لە باشترین ڕێگاکانی کردنی هەموو ئەمانە بریتییە لە دابڕان لە ڕۆتینی ڕۆژانە، جێهێشتنی چوارچێوەی خانەواده و سەفەرکردن بۆ سەرزەمینە دوورەکان کە تیایاندا دەتووانین کەلتوور، بۆن، تام و ڕێساکانی خەڵکی تر "ئەزموون" بکەین. ئێمە چەندین جار گوێبیستی ئەفسانە

ڕۆمانسییەکان بووین لەبارەی ئەوەی کە (چۆن ئەزموونێکی نوێ چاوەکانمی کردووەتەوە و ژیانمی گۆڕیووە).

ڕۆمانتیسیزم کە هانی هەمەڕەنگی دەدات، تەواو لەگەڵ بەرخۆریدا هاوکوفە. زەماوەندی ئەم دووانە، (بازاڕی ئەزموونەکان)ی لێکەوتووەتەوە کە پیشەسازیی گەشتیاریی مۆدێرنی لەسەر بونیاد نراوە. پیشەسازیی گەشتیارێتی تیکتی گەشتی ئاسمانی و ژوورەکانی هۆتێل نافرۆشێت. بەڵکو ئەزموون دەفرۆشێت. پاریس شار نییە، نە هیندستانیش وڵاتە- ئەمانە هەردووکیان ئەزموونن، کە وادادەنرێت کڕینیان دەبێتە هۆی فراوانکردنی ئاسۆکان، بەرجەستەکردنی توانای مرۆڤ و بەختەوەرترمان دەکات. سەرەنجام، کاتێک پەیوەندیی نێوان ملیۆنێرێک و ژنەکەی بە تەنگژەیەکی سەختدا ڕەت دەبێت، ئەو گەشتێکی گرانبەهای پێدەکات بۆ پاریس. گەشتەکە وێنەدەرەوەی ئارەزوویەکی سەربەخۆیانە نییە، بەڵکو باوەڕێکی تۆکمەیە بە ئەفسانەکانی بەرخۆریی ڕۆمانسیۆ. پیاوێکی دەوڵەمەند لە میسری دێرین قەت خەونی بەوە نەبینیووە قەیرانی پەیوەندییەکەی بەوە چارەسەر بکات ژنەکەی بۆ بەسەربردنێکی ڕۆژێکی پشوو ببات بابل. لەوانەیە لەبری ئەمە، ئەو گۆڕە گرانبەهایەی بۆ بە هەڵکەندن دابێت کە هەمیشە خۆزگەی پێ خواستووە و خەونی پێوە بینیووە.

وەکو دەستەبژێری دێرینی میسر، زۆربەی خەڵکی لە زۆربەی کەلتوورەکاندا ژیانیان بۆ بونیادنانی هەڕەمەکان تەرخان کردووە. تەنیا ناوەکان، شێوەکان و قەبارەکانی ئەم هەڕەمانە لە کەلتوورێکەوە بۆ کەلتوورێکی تر دەگۆڕێت. بۆ نموونە، لەوانەیە ئەمانە شێوەی کوخێکی گەورە بە حەوزێکی مەلە و باخچەیەکی هەمیشە سەوز، یان شوقەیەکی ڕاخراوی بەرزی گرانبەها بگرێتەخۆ. خەڵکێکی کەم ئەو ئەفسانانە

دەخەنە ژێر پرسیارەوە کە دەبنە هۆی ئەوەی ئێمە هەر لەسەرەتاوە ئارەزووی هەڕەم بکەین.

ج-سیستەمی وێناکراو لەنێوان خودەکاندایە. تەنانەت ئەگەرچی من لە ڕێگەی تەقەلایەکی سوپەرمرۆییەوە سەرکەوتوو بم لە ئازادکردنی ئارەزووە کەسییەکانم لە دەست سیستەمی وێناکراو، من تەنیا یەک کەسم. بۆ گۆڕینی سیستەمی وێناکراو دەبێ ملیۆنان غەریبە ڕازی بکەم تا هاوکارم بن. چونکە سیستەمی وێناکراو سیستەمێکی خودی (زاتی) نییە تەنیا لە وێنای خۆمدا هەبێت- بەڵکو سیستەمێکی نێوان خودەکانە، لە وێنای هاوبەشی هەزاران و ملیۆنان کەسدا هەیە.

بۆ تێگەیشتن لەمە، پێویستە لە جیاوازیی نێوان (بابەتی) و (خودی) و (نێوانە خودی) تێبگەین.

دیاردەیەکی بابەتی بەشێوەیەکی جودا لە هۆشی مرۆڤ و باوەڕەکانی مرۆڤ بوونی هەیە. بۆ نموونە تیشکدان، ئەفسانە نییە. دەردراوەکانی تیشکدان زۆر پێش ئەوەی مرۆڤ بیاندۆزێتەوە ڕوویانداوە، و ئەمانە مەترسیدارن تەنانەت ئەگەرچی خەڵکیش باوەڕی پێ نەکات. (ماری کیوری) کە یەکێکە لە دۆزەرەوانی تیشکدان، لە ماوەی سااڵنی درێژی تاووتوێکردنی ماددەکانی تیشکدان نەیدەزانی دەتووانن زیان بە جەستەی بگەیەنن. لەکاتێکدا کە ئەو باوەڕی وانەبوو تیشکدان دەتووانێ بیکوژێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە نەخۆشی (ئاپلاستیک ئانێمیا) مرد، نەخۆشییەک کە بەهۆی زیاد لەڕادە کەوتنە بەر ماددەکانی تیشکدان تووش دەبیت.

خودی، شتێکە کە پەیوەست بە ئاگایی و باوەڕەکانی تاکەکەسێک بوونی هەیە. ئەگەر ئەو تاکەکەسە دیاریکراوە باوەڕەکانی بگۆڕێت ئەوا دیاردە خودییەکە نامێنێت یان دەگۆڕێت. حاڵەت زۆرە تیایدا منااڵ باوەڕ

بە هاوڕێیەکی خەیاڵی دەهێنێت کە بەڵای کەسانی تڕەوە نادیارە و نەبیستراوە. هاوڕێ خەیاڵییەکە تەنیاوتەنیا لە ئاگایی خودیی منااڵەکەدا هەیە و کاتێک منااڵەکە گەورە دەبێت و چیتر باوەڕی بەمە نامێنێت، هاوڕێ خەیاڵییەکە نامێنێ.

نێوان خودی شتێکە کە لەناو ئەو تۆڕی پەیوەندییەدا هەیە کە ئاگایی خودیی زۆرێک لە تاکەکان لێک گرێدەدات. ئەگەر تاکە کەسێک باوەڕەکانی بگۆڕێت، یان تەنانەت بمرێت، ئەوا گرنگییەکی وەهای نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر زۆربەی تاکەکانی ناو تۆڕەکە بمرن یان باوەڕەکانیان بگۆڕن، دیاردەی نێوان خودی دەگۆڕێت یان نامێنێ. دیاردەی نێوان خودی نە ساختەیی ئەهریمەنانەیە نە پەردەپۆشێکی ناچیزەیە. ئەمانە بە شێوازێکی جیاواز لە دیاردەی وەکو تێشکدان بوونیان هەیە، بەاڵم هێشتا دەشێ کاریگەرییان لەسەر جیهان گەورە بێت. زۆرێک لە گرنگترین پاڵنەرە گەورەکان مێژوو، نەتەوە خودییەکان: یاسا، پارە، خواکان و نەتەوەکان.

بۆ نموونە، پیجۆ، هاوڕێیەکی خەیاڵیی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری (پیجۆ) نییە. کۆمپانیاکە لە وێنای هاوبەشی ملیۆنان کەسدا هەیە. بەڕێوەبەری جێبەجێکارەکە لەبەرئەوە باوەڕی بە بوونی کۆمپانیاکە هەیە کە بۆردی بەڕێوەبەرانیش بەهەمان شێوە باوەڕیان پێی هەیە، وەکو چۆن پارێزەران، سکرتێرەکانی ئۆفیس، کاشێرەکانی بانک، مامەڵەکارانی ئاڵوگۆڕی پشک و مامەڵەکارانی ئۆتۆمبێل لە فەرەنساوە تا ئوستراڵیا باوەڕیان پێی هەیە. ئەگەر بەڕێوەبەری جێبەجێکار بەتەنیا لە پرێکا چیتر باوەڕ بە هەبوونی پیجۆ نەکات، ئەوا بەخێرایی لە نزیکترین نەخۆشخانەی دەروونی دەگیرسێتەوە و کەسێکیتر ئۆفیسەکەی پڕ دەکاتەوە.

بەهەمان شێوە، دۆلار، مافەکانی مرۆڤ و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە وێنای هاوبەشی ملیاردەها کەس بوونیان هەیە و هیچ تاکەکەسێک ناتووانێت بوونیان بخاتە ژێر هەڕەشەوە. ئەگەر من بە تەنیا چیتر باوەڕ بە دۆلار، مافەکانی مرۆڤ یان ئەمریکا نەکەم، هیچ گرنگ نییە. ئەم سیستەمە وێناکراوانە نێوانەخودیین، کەوایە بۆ گۆڕینیان پێویستە لەهەمان کاتدا هۆشی ملیاردەها کەس بگۆڕین، کە ئاسان نییە. گۆڕینی ژمارەیەکی وەها گەورە تەنیا دەشێ بە یارمەتی ڕێکخراوێکی ئاڵۆزی وەکو حزبێکی سیاسی، بزاڤێکی ئایدۆلۆژی یان ئایینزایەک بگۆڕدرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ بونیادنانی ڕێخراوی وەها ئاڵۆز، پێویستە قەناعەت بە ژمارەیەکی زۆری غەریبە بهێنیت هاوکاریی یەکتری بکەن. ئەمەش تەنیا ئەو کاتە ڕووەدات کە ئەم غەریبانە باوەڕ بە هەندێ ئەفسانەی هاوبەش بهێنن. سەرەنجام، بۆ گۆڕینی سیستەمی وێناکراوی ڕەگداکوتاو، سەرەتا دەبێ باوەڕ بە سیستەمێکی وێنایی بەدیل بهێنین.

بۆ نموونە، بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیجۆ پێویستە وێنای شتێکی بەهێزتر بکەین، وەکو سیستەمی یاسایی فەرەنسا. بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی یاسایی فەرەنسا پێویستە وێنای شتێکی تەنانەت بەهێزتر بکەین، وەکو دەوڵەتی فەرەنسی. ئینجا ئەگەر بمانەوێ ئەمەش هەڵوەشێنین، دەبێ وێنای شتێکی زۆر بەهێزتر بکەین. هیچ ڕێگایەکی دەرچوون لە سیستەمی وێناکراو بوونی نییە. کاتێک ئێمە دیوارەکانی زیندانمان دەڕوخێنین و بەرەو ئازادی ڕا دەکەین، لە ڕاستیدا بەرەو گۆڕەپانێکی پرۆڤەی بەرفراوانتری زیندانێکی گەورەتر ڕادەکەین.

٧

باری زیادەی یادەوەری

پەرەگرتن توانای یاریی تۆپی پێی بە مرۆڤەکان نەداوە. ڕاستە قاچی بۆ شوت لێدان بەرهەم هێناوە، باسکی داوەتێ بۆ فاوڵکردن و دەمیش بۆ جوێندان، بەڵام لەوانەیە توانای هەموو ئەم شتانەمان پرۆڤەکردن بێت لەسەر شووتی پەنالتی لەلایەن خۆمانەوە. بۆ چوونە ناو یارییەکەوە لەگەڵ ئەو غەریبانەی لەناو گۆڕەپانی قوتابخانە لە پاش نیوەڕۆیەکدا دەیانبینین، نەک تەنیا دەبێ بە هاوکاری لەگەڵ دە هاوەڵ تیم (ی لەوانەیە نەناسراو) کار بکەین، بەڵکو دەبێ بشزانین یانزە یاریزانەکەی تیمەکەی بەرانبەر بەپێی هەمان ڕێسا یاری دەکەن. گیانەوەرانی تر کە غەریبەکان دەهێننە ناو ڕووبەڕووبوونەوەیەکی سروت ئامێزەوە، زیاتر بەشێوەیەکی غەریزی ئەمە دەکەن- فەرخە سەگەکانی سەرانسەری جیهان ڕێسایان هەیە بۆ یاریی ڕەمەکی کە لەناو بۆهێڵەکانیاندا ڕەگی داکوتیووە. بەڵام هەرزەکارە مرۆڤەکان بۆهێڵیان بۆ یاریی تۆپی پێ نییە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانن لەگەڵ غەریبەدا یارییەکە بکەن چونکە هەموویان سێتێک لە بیرۆکە لەبارەی تۆپی پێوە فێر بوون. ئەم بیرۆکانە

بەتەواوی خەیاڵین، بەڵام ئەگەر هەمووان هاوبەشی پێبکەن ئەوا هەموومان دەتوانین یارییەکە بکەین.

بەشێوەیەکی بەرفراوان، هەمان شت بەسەر پاشایەتییەکان، کەنیسەکان و تۆڕەکانی بازرگانیدا بە جیاوازییەکی بچوکەوە پیادە دەبێت. ڕێساکانی تۆپی پێ تا ڕادەیەک سادە و پوختن، زیاتر وەکو ئەو ڕێسایانەن کە پێویستن بۆ هاریکاری لە باندێکی خۆراک دۆزەرەوە یان گوندێکی بچوکدا. هەر یاریزانێک دەتوانێ بە شێوەیەکی ئاسان دەرخیان بکات و لەگەڵ ئەوەشدا بواریک بۆ گۆرانییەکان، وێنەکان و لیستەکانی بازاڕکردن بهێڵێتەوە. بەڵام ئەو سیستەمە گەورانەی هاریکاری کە نەک بیست و دوو بەڵکو هەزاران یان تەنانەت ملیۆنان مرۆڤ دەگرێتەخۆ، پێویستی بە دەست و پەنجە نەرمکردن و پاشەکەوتکردنی بڕی زۆری زانیاری هەیە، زۆر زیاتر لەوەی مێشکی هەر مرۆڤێک بتوانێ بیانگرێتەخۆ و ئیشی لەسەر بکات.

ئەو کۆمەڵگا گەورانەی کە لە هەندێ توخمی تری وەکو مێرولە و هەنگدا دۆزراونەتەوە، جێگیر و هێمنن چونکە زۆربەی ئەو زانیارییەی پێویستە بۆ ڕاگیرکردنیان ئاخنراوەتە جینەکەوە. بۆنموونە کرمۆکەی هەنگێکی مێینە دەتوانێ گەشە بکات و ببێتە شاژن یان ئیشکەر پەیوەست بەوەی کە چ جۆرە خواردنێکی دەدرێتێ. دی.ئێن.ئەی — ەکەی ڕەفتارەکەی بۆ هەر ڕۆڵێک کە لە ژیاندا بەجێی دێنێت، پرۆگرام دەکات. دەشێ پورەکانی هەنگ ستەرەکتۆری کۆمەڵایەتیی ئاڵۆز بن، جۆرەها ئیشکەری جیاواز بگرنە خۆ، وەکو بەروبووم هەڵگرەوەکان، سستەرەکان و خاوێنکەرەوەکان.

بەڵام تۆڕەران تاوەکو ئێستا نەیانتووانیووە هەنگە پارێزەرەکان دیاری بکەن. هەنگەکان پێویستیان بە پارێزەر نییە، چونکە ناشێ دەستووری

پورەی هەنگ لەبیر یان پێشێل بکەن. شاژن ناپاکی بەرانبەر خاوێنکەرەوەی خۆراکەکانیان ناکەن و ئەوانیش قەت مان بۆ کرێی زۆر ناگرن.

بەڵام مرۆڤەکان هەموو کاتێک ئەو شتانە دەکەن. لەبەرئەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی مرۆڤە هۆشمەندەکان وێناکراوە، مرۆڤەکان ناتوانن تەنیا لە رێگەی چەند کۆپیکردنێکی دی.ئێن.ئەی-کەیان و گواستنەوەی بۆ وەچەکەیان زانیاریی هەستیار بۆ بەرێوەبردنی سیستەمەکە بەرقەرار بکەن. دەبێ تەقەلایەکی ئاگایانە بخرێتە گەڕ بۆ بەرقەرارکردنی یاساکان، نەریتەکان، رێوشوێنەکان، ئەگینا سیستەمی کۆمەڵایەتی بەخێرایی دادەڕمێت. بۆ نموونە، پاشا حامورابی فەرمانیدا خەڵکی دابەش ببن بەسەر بالاکان، ئاساییەکان و کۆیلەکان. بە پێچەوانەی سیستەمی چینبەندیی پورەی هەنگ، ئەمە دابەشبوونێکی سروشتی نییە- شوێنەوارێکی ئەمە لە جینی مرۆڤدا نییە. ئەگەر بابلییەکان نەیانتووانیایە ئەم (ڕاستی)یە ڕەچاو بکەن، کۆمەڵگەکەیان پەکی دەکەوت. بەهەمان شێوە، کاتێک حامورابی دی.ئێن.ئەی-کەی گواستووەتەوە بۆ وەچەکەی، حوکمەکەی لەمەڕ ئەوەی کە پیاوێکی بالای بکوژی ژنێکی ئاسایی سی سکەی زیو بدات، نەخستووەتە ناو دی.ئێن.ئەی یەکەیەوە. دەبووایە حامورابی بە ویستی خۆی وانەی یاساکانی ئیمپراتۆریەتەکەی دابداتە کوڕەکانی و کوڕەکانیشی نەوەکانی فێر بکەن.

ئیمپراتۆریەتەکان بڕی گەورەی زانیاری بەرهەم دەهێنن. دەبێ ئیمپراتۆریەتەکان لەودیو یاساکانەوە حساباتی سەفقە و باجەکان و لیستی کەرەستە سەربازییەکان و کەشتییە بازرگانییەکان و ڕۆژژمێرەکانی فێستیڤاڵەکان و سەرکەوتنەکان بپارێزن. بۆ ماوەی

ملیۆنان ساڵ، خەڵکی لە تاکە شوێنێکدا زانیارییان هەڵگرتووە- مێشکیان. بەداخەوە، مێشکی مرۆڤ ئامێرێکی باشی پاشەکەوتکردن نییە بۆ داتابەیسەکانی قەبارەی ئیمپراتۆریەتەکان، لەبەر سێ هۆکاری سەرەکی.

یەکەم، تواناکەی سنووردارە. ڕاستە، هەندێ کەس یادەوەریی سەرسوڕهێنیان هەیە و لە سەردەمە کۆنەکاندا پرۆفێشنالی یادەوەری هەبوون کە دەیانتووانی ڕووبەری جیۆگرافی هەموو پارێزگاکان و کۆدە یاساییەکانی هەموو دەوڵەتەکان لە مێشکیاندا خەزن بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، سنوورێک هەیە کە تەنانەت وەستاکانی یادەوەری ناتووانن لێی تێپەڕن. لەوانەیە پارێزەرێک لە دڵەوە کۆدێکی یاسایی (ماساشوسێتس)ی کۆن بزانێت، بەڵام وردەکاری هەموو ئەو ڕێوشوێنە یاساییانە نەزانێت کە لە دادگاییەکی جادووگەری (سالەم) بەولاوە ڕوویانداوە.

دووەم، مرۆڤەکان دەمرن و مێشکیشیان دەمرێت. هەر زانیارییەکی هەڵگیراو لە مێشکدا لە کەمتر لە سەدەیەکدا دەسڕێتەوە. بۆ ئەوەی بمێننەوە، ڕاوکەر-کۆکەرەوەکانی دێرین دەبوایە شێوە، تایبەتمەندی و ڕێسا ڕەفتارییەکانی هەزاران تۆخمی ڕووەک و ئاژەڵیان لە یاد بێت. دەبوایە لەیادیان بمێنێت کە قارچکێکی زەردی لۆچدار کە لە پاییزدا لەژێر دارەڕەشدا دەڕوێت دەشێ ژەهراوی بێت لەکاتێکدا کە هەمان شێوەی قارچک کە لە زستاندا لەژێر درەختی بەڕوودا دەڕوێت، چارەسەرێکی باشی ئازاری گەدەیە. ڕاوکەر-کۆکەرەوەکان بەهەمان شێوە دەبوایە ڕاوبۆچوونی دەیان ئەندامی باندەکەیان لەبیر بووایە. ئەگەر لوسی پێویستی بە یارمەتی ئەندامێکی باندەکەی بووایە بۆئەوەی وا بکەن (جۆن) چیتر هەراسانی نەکات، ئەوا گرنگ بوو بۆی لەیادی بێت

که هەفتەی ڕابردوو جۆن لەگەڵ ماری شەڕی بووە و لێرەوە دەکرێ ببێتە هاوپەیمانێکی تامەزرۆ. سەرەنجام، فشارەکانی پەرەگرتن مێشکی مرۆڤیان گونجاندووە تا بڕی گەورەی زانیاریی ڕووەکناسی، ئاژەڵناسی، جیۆگرافی و کۆمەڵایەتی خەزن بکات.

بەڵام کاتێک بەشێوەیەکی دیاریکراو کۆمەڵگەی ئاڵۆز لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی کشتوکاڵی دەرکەوت، جۆرێکی تەواو نوێی زانیاری گرنگی پەیدا کرد-ژمارەکان. خۆراک دۆزەرەوەکان قەت ناچار نەبوون دەست و پەنجە لەگەڵ بڕی گەورەی داتای ماتماتیکیدا نەرم بکەن. هیچ خۆراک دۆزەرەوەیەک پێویستی بەوە نەبوو ژمارەی میوەکانی هەر درەختێکی دارستانەکەی لەبیر بێت یان بیلێت. بۆیە مێشکی مرۆڤ لەگەڵ هەڵگرتن و دەکارکردنی ژمارەکاندا ڕانەهات. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ بەرقەرارکردنی مەملەکەتێکی گەورە، داتای ماتماتیکی گرنگ بوو. قەت بەس نەبوو یاسا دابنرێ و حیکایەت لەبارەی خوداوەندە پارێزگارەکان بگێڕدرێتەوە. دەبووایە یەکێکیش باج کۆ بکاتەوە. بۆ باج وەرگرتن لە سەدان هەزار کەس، زەروور بوو داتا لەبارەی داهات و مووڵکی خەڵکی، داتا لەبارەی کرێی بەدەستهاتوو، داتا لەبارەی قەرز و غەرامەکان، داتا لەبارەی داشکاندنەکان و ئاوارتن کۆ بکرێتەوە. ئەمە ملیۆنان بیت داتای زیاد کرد کە دەبووایە هەڵبگیردرێت و ئیشی لەسەر بکرێت. بەبێ ئەم توانایە، دەوڵەت قەت نەیدەزانی چ سامانێکی هەیە و دەتوانێ چ بڕە سامانێکی تر بەکاربێنێت. کاتێک ڕووبەڕووی پێویستیی دەرخکردن، بەیادهێنانەوە و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ ئەم ژمارانە بوونەوە، زۆربەی مێشکەکانی مرۆڤەکان بڕێکی زیادەیان وەرگرت یان بەخەودا چوون.

ئەم سنووربەندییەی ئەقل قەبارە و ئالۆزیی هەرەوەزییە مرۆییەکانی جڵەو کرد. کاتێک بڕێکی خەڵک و موڵک لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا سنووربەندییەکانی مێشکی مرۆڤ نەیدەتووانی ئەمە بکات، سیستەمەکە ڕووخا. بۆ ماوەی هەزاران ساڵ پاش شۆڕشی کشتوکاڵی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەک بچوک و سادە مانەوە.

یەکەمین کەسانێک بەسەر کێشەکەدا زاڵ بوون، سۆمەریە دێرینەکان بوون کە لە میزۆپۆتامیای باشوور دەژیان. لەوێ، خۆڕێکی سوتێنەر لە دەشتە قوڕینە دەوڵەمەندەکانی دەدا کە بەرووبوومی بێ سنوور و شارۆچکەی کامەرانیان بەرهەم دەهێنا. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، بڕی زانیاریی پێویستیش بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانیان زیادیکرد. لەنێوان ساڵانی ٣٥٠٠ی پێش زایین و ٣٠٠٠ی پێش زایین، هەندێ بلیمەتی سۆمەری نەناسراو سیستەمێکیان داهێنا بۆ پاشەکەوتکردن و دەکارکردنی زانیاری لە دەرەوەی مێشکیاندا، سیستەمێک کە لەسەر بنەمای نەریت بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بڕی گەورەی داتای ماتماتیکی. لێرەوە سۆمەریەکان سیستەمی کۆمەڵایەتی خۆیان لە سنووربەندییەکانی مێشکی مرۆڤ قوتار کرد، ڕێگایەکیان کردەوە بۆ دەرکەوتنی شارەکان، مەملەکەتەکان و ئیمپراتۆریەتەکان. سیستەمی ئیشپێکردنی داتای داهێنراو لەلایەن سۆمەرییەکان پێی دەوترێت (نووسین).

واژۆ. کوشیم

نووسین میتۆدێکی پاشەکەوتکردنی زانیارییە لە ڕێگەی نیشانە مادییەکانەوە. سیستەمی نووسینی سۆمەرییەکان لەڕێگەی لێکدانی دوو جۆری نیشانە ئەمەی کرد کە لەسەر پارچە قوڕەکان هەڵدەکەنران. جۆرێکی نیشانەکان گوزارشتی لە ژمارەکان دەکرد. نیشانە بۆ ١،١٠،٦٠،٦٠٠،٣٦٠٠ و ٣٦،٠٠٠ هەبوون. (سۆمەرییەکان ئاوێتەیەکی بنچینە-٦ و بنچینە-١٠یان بەکارهێنا. سیستەمی بنچینە-٦یان چەند میراتێکی گرنگی بۆ ئێمە لێکەوتۆتەوە، وەکو دابەشکردنی ڕۆژ بۆ بیست و چوار سەعات و دابەشکردنی بازنە بۆ ٣٦٠ پلە). جۆرەکەی تری نیشانەکان گوزارشت لە خەڵک، گیانەوەران، کاڵای بازرگانی، ڕووبەری جوگرافی، بەروار و هیتر دەکەن. بە لێکدانی هەردوو جۆرەکەی نیشانەکان سۆمەرییەکان توانیان داتای زۆر زیاتر لەوەی هەر مێشکێکی مرۆڤ بێتەوە یادی یان هەر زنجیرەیەکی دی.ئێن.ئەی بتووانێ بیگرێتەخۆی، پاشەکەوت بکەن.

لەم قۆناغە زووەدا، نووسین سنووردار بوو بە فاکتەکان و ژمارەکان. ڕۆمانی گەورەی سومەری، ئەگەر هەبووبێت، قەت پابەند نەبووە بە پارچە قوڕەکان. نووسین کاتی زۆری ویستووە و خەڵکی خوێنەر زۆر کەم بووە، بۆیە کەس هۆکارێکی بەدی نەکردووە بۆ ئەوەی جگە لە پاراستنی ڕیکۆردی جەوهەری بۆ شتێکی تر بەکاری بێنێت. ئەگەر ئێمە سۆراخی یەکەمین وشەکانی زیریی پێشینانی پێش ٥٠٠٠ ساڵ بکەین، ئەوا تەواو نائومێد دەبین. بۆ نموونە یەکەمین پەیامەکانی پێشینانمان ئەمەیان تیادا هاتووە (٢٩،٠٨٦ پێوانەی جۆی ٣٧ مانگ کوشیم). خوێندنەوەیەک کە بۆ ئەم ڕستەیە ڕێی تێبچێت ئەمەیە (کۆی ٢٩،٠٨٦ پێوانەی جۆ لەماوەی ٣٧ مانگدا وەرگیراوە. واژۆ. کوشیم). بەداخەوە، یەکەمین

تێکستەکانی مێژوو هیچ تێڕامانێکی فەلسەفی، شیعر، ئەفسانە، یاساکان یان سەرکەوتنە پاشایەتییەکان ناگرێتە خۆ. ئەمانە دۆکیومێنتی ئابووری کرچوکاڵ، ڕێکۆردی پارەی باج، کەڵەکەبووی قەرزەکان و خاوەندارێتیی مولکن.

تەنیا جۆرەکەی تری تێکست لەو ڕۆژگارە دێرینە ماونەتەوە و ئەمە تەنانەت کەمتر سەرنجڕاکێشە: لیستەکانی وشەکان، چەندین جار لەلایەن نووسەرەوەکانەوە وەکو پرۆڤە پێکردن کۆپی کراونەتەوە. تەنانەت ئەگەر قوتابییەکی ماندوو ویستبێتی هەندێ لە قەسیدەکانی بنووسێتەوە لەبری ئەوەی کە فاتورەیەکی فرۆش کۆپی بکات، ئەوا نەیتووانیووە ئەمە بکات. نووسینی زووی سۆمەرییەکان بەشەکی بووە نەک تێکستی تەواو. تێکستێکی تەواو سیستەمێکی نیشانە مادییەکانە کە دەتووانێ زۆر یان کەم گوزارشت لە زمانی قسەکردن بکات. بۆیە دەتووانێ هەر شتێک خەڵک بتووانێ بیڵێت دەربڕێت، بە شیعریشەوە. کەچی نووسینی بەشەکی، سیستەمێکی نیشانە مادییەکانە کە تەنیا دەتوانێت گوزارشت لە جۆری دیاریکراوی زانیاری بکات کە پەیوەندی بە بوارێکی سنووردارەی چالاکییەوە هەیە. تێکستی لاتین، هیرۆگلیفی میسریی دێرین و برەیڵ تێکستی تەواون. تۆ دەتووانیت بەکاریان بێنیت بۆ نووسینی تۆمارەکانی باج، قەسیدەکانی خۆشەویستی، کتێبەکانی مێژوو، شێوازەکانی چێشت لێنان و یاسای بزنس. کەچی، نووسینی سۆمەریی هەرە زوو، وەکو نۆتەی میوزیکی و ڕەمزە ماتماتیکییەکانی مۆدێرن، نوسراوی بەشەکین. تۆ دەتووانیت نوسراوی ماتماتیکی بۆحسابات بەکار بهێنیت، بەڵام ناتووانیت قەسیدەی خۆشەویستی پێ بنووسیت.

ئەوە نەبووە هۆی هەراسانبوونی سۆمەریەکان کە نووسینەکانیان نەگونجاو بوو بۆ نووسینی شیعر. ئەوان بۆ ئەوە دایاننەهێنا کە زمانی

قسەکردن کۆپی بکەن، بەڵکو زیاتر بۆ کردنی ئەو شتانە بوو کە زمانی قسەکردن نەیتووانی بیانگەیەنێت. هەندێ کەلتوور هەبوون، وەکو ئەوانەی (ئاندیس)ی پێش کۆڵۆمبیا کە بەدرێژایی مێژوویان تەنیا نووسینە بەشەکییەکانیان بەکار دەهێنا، نیگەران نەبوون لە سنووربەندییەکانی نووسینەکانیان و هەستیان نەدەکرد وێنەیەکی تەواوەتی پێویست بێت. نووسینی ئاندییانی زۆر جیاواز بوو لە هی هاوەڵە سۆمەرییەکەی. لە ڕاستیدا، ئەمە ئەوەندە جیاواز بوو کە زۆرێک لە خەڵکی دەیانگوت ئەمە بەهیچ شێوەیەک نووسین نییە. ئەمە لەسەر پارچە قوڕەکان یان پارچە کاغەز نەدەنووسرا. بەڵکو، لە ڕێگەی گرێدانی شریتی ڕەنگاوڕەنگەوە دەنووسرا کە پێی دەوترا (کیپو). هەر کیپوویەک لە چەند شریتێکی ڕەنگ جیاواز پێکدەهات کە لە خوری یان لۆکە دروست دەکرا. لەسەر هەر شریتێک، ژمارەیەک گرێ لە چەند شوێنێکی جیاواز دروست دەکرا. لەوانەبوو تاکە کیپو-یەک سەدان شریت و هەزاران گرێ بگرێتەخۆی. بۆ نموونە، لە ڕێگەی لێکدانی گرێ جیاوازەکان لەسەر شریتە جیاجیاکان بە ڕەنگی جیاوازەوە، مومکین بوو بڕی زۆری داتای ماتماتیکی پەیوەندیدار بە کۆکردنەوەی باج و خاوەندارێتی مووڵک تۆمار بکرێن.

بۆ ماوەی سەدان و بگرە هەزاران ساڵ، کیپووەکان جەوهەری بوون بۆ بزنسی شارەکان، مەملەکەتەکان و ئیمپراتۆریەتەکان. کیپووەکان لەژێر سێبەری ئیمپراتۆریەتی (ئینکا)دا گەیشتنە ترۆپکی بەکارهێنانی خۆیان کە حوکمی ١٠-١٢ ملیۆن خەڵکی کرد و ڕووبەری (پیرۆ)، (ئیکوادۆر) و (بۆلیڤیا) و هەروەها چەند بەشێکی (شیلی)، (ئەرجەنتین) و (کۆلۆمبیا)ی ئەمڕۆی دەگرتەوە. لە سایەی کیپودا، ئینکاییەکان تووانیان بڕی گەورەی داتا پاشەکەوت و دەکار بکەن کە بەبێ ئەمە

نەیاندەتووانی ماکینە ئیداریيە ئاڵۆزەکە بەرقەرار بکەن کە ئیمپراتۆریەتێکی بەو قەبارەیە پێویستی پێی دەبوو.

لە ڕاستیدا، کیپوکان ئەوەندە کاریگەر و ورد بوون کە سااڵنی سەرەتای دوای داگیرکردنی ئەمریکای باشوور لەاليەن ئیسپانیاوە، ئیسپانییەکان خۆیان کیپویان لە کاری ئیدارەدانی ئیمپراتۆریەتە نوێکانیان دەکار کرد. کێشەکە ئەوە بوو کە ئیسپانییەکان خۆیان نەیاندەنزانی چۆن کیپوکان تۆمار بکەن و بخوێننەوە و ناچار دەبوون پشت بە پرۆفێشناڵە لۆکاڵەکان ببەستن. فەرمانڕەوایانی نوێی کیشوەرەکە درکیان بەوە دەکرد کە ئەمە خستوونیەتە پێگەیەکی ناسکەوە- شارەزا ئەسڵییەکانی کیپو دەیانتووانی بە ئاسانی بارە زیادەکانیان بەاڕێدا ببەن و فێڵی تێدا بکەن. بۆیە کاتێک باڵادەستی ئیسپانیا تۆکمەتر ڕەگی داکوتا، کیپوکان بەاوەنران و ڕێکۆردە نوێکانی ئیمپراتۆریەتەکە بەتەواوی لە نووسین و ژمارەی التینیدا پاشەکەوت کرا. ژمارەیەکی زۆر کەمی کیپوکان لەژێر داگیرکاریی ئیسپانیدا مانەوە و زۆربەی ئەوانەی کە ماونەتەوە ناتووانرێ بخوێندرێنەوە، چونکە، بەداخەوە، هونەری خوێندنەوەی کیپوکان لەدەستچووە.

سەیروسەمەرەکانی بیرۆکراسی

دواجار میزۆپۆتامییەکان ویستی ئەوەیان الا پەیدا بوو شتی غەیری داتای ماتماتیکیی یەکڕەنگ بنووسنەوە. لەنێوان ٣٠٠٠ بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پێش زایین نیشانەی زیاتر و زیاتر خرایە سەر سیستەمی سۆمەری، پەیتا پەیتا گۆڕی بۆ نووسینی تەواوەتی کە ئەمڕۆ پێی دەوترێت بزماری. بەهاتنی ٢٥٠٠ ساڵ پێش زایین، پاشاکان نووسینی بزماریيان بەکار دەهێنا بۆ دەرکردنی فەرمان، قەشەکان بەکاریان دەهێنا بۆ تۆمارکردنی

پەیامەکان و هاوڵاتییانی ئاساییتر بەکاریان دەهێنا بۆ نووسینی نامە کەسییەکان. تەقریبەن لەهەمان سەروەختدا، میسرییەکان نووسینێکی تەواوەتیی تریان گەڵاڵەکرد کە بە هیرۆگلیفی ناسرابوو. نووسینی تەواوەتیی تر لە چین لە دەوروبەری ١٢٠٠ ساڵ پێش زایین و لە ئەمریکا ناوەڕاست ١٠٠٠-١٥٠٠ ساڵ پێش زایین گەڵاڵە کرا.

لەم سەنتەرە سەرەتاییانەوە، نووسینە تەواوەتییەکان دوور و بەشێوەیەکی بەرفراوان بڵاو بوونەوە، فۆرمی نوێ و هەمەڕەنگ و ئەرکی نوێیان گرتە ئەستۆ. خەڵکی دەستیانکرد بە نووسینی شیعر، کتێبەکانی مێژوو، ڕۆمانسیەت، دراماکان، پێشبینییەکان و کتێبی چێشتلێنان. لەگەڵ ئەوەشدا، بەشی زۆری ئەرکی نووسین بەردەوام بوو لەوەی کۆگای بڕی گەورەی داتای ماتماتیکی بێت و ئەو ئەرکە هێشتا وەکو ئیمتیازێکی نووسینی بەشەکی مایەوە. کتێبی پیرۆزی عیبری، ئیلیادی یۆنانی، ماهاباراتای هیندۆسی و تیپیتیکای بودی هەموویان ئەوەکو کاری زارەکی دەستیان پێکرد. بۆ ماوەی چەندەها نەوە، ئەمانە بەشێوەیەکی زارەکی گواستراندەوە و ئەگەرچی نووسینیش قەت دانەهاتایە هەر بە زیندوویی دەماندەوە. بەڵام تۆمارەکانی باج و بیرۆکراسییە ئاڵۆزەکان پێکەوە لەگەڵ نووسینی بەشەکیدا لەدایک بوون و تاوەکو ئەمڕۆش وەکو دووانەیەکی پێکەوەنووساو ماونەتەوە- بیر لە داتا لێڵەکانی ناو کۆمپیوتەر بکەرەوە.

لەگەڵ نووسینی شتی زیاتر و زیاتر و بەتایبەت لەکاتێکدا کە ئەرشیڤە ئیداریییەکان بەرەو بەشی گەورە گەشەیان دەکرد، کێشەی نوێ پەیدا بوون. زانیاریی هەڵگیراو لە مێشکی کەسێکدا گەڕاندنەوەی ئاسانە. مێشکم ملیاردەها بیت-ی داتا پاشەکەوت دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا من دەتووانم بەخێرایی، تەقریبەن دەستبەجێ، ناوی

پایتەختی ئیتالیا بینمەوە بیرم، دواتر دەستبەجێ ئەوە بیر خۆم بهێنمەوە کە لە ١١ی ئەیلولی ٢٠٠١دا چیم کردووە و پاشان ئەو ڕێچکەیە بیر خۆم بخەمەوە کە لە ماڵەکەمەوە بەرەو زانکۆی عیبری لە ئۆرشەلیم دەچێ. ئەمەی کە مێشک کتومت ئەمە چۆن جێبەجێ دەکات هەر تەمومژاوییە، بەڵام ئێمە هەموو ئەوەی دەیزانین ئەوەیە کە سیستەمی گەڕاندنەوە لە مێشکدا بایی پێویست سەرسوڕهێنەرە، جگە لەو کاتەی کە تیایدا هەوڵ دەدەین بیرمان بێتەوە سویچی ئۆتۆمبێلەکەمان لە کوێ داناوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، چۆن ئەو زانیارییەی لەسەر شریتەکانی کیپو یان لەسەر پارچەکانی قوڕ هەڵگیراوە دەدۆزیتەوە و دەگەڕێنیتەوە؟ ئەگەر تۆ تەنیا دە پارچە قوڕ یان سەد پارچەت هەبێت، کێشە نییە. بەڵام ئەی ئەگەر تۆ هەزارانت کەڵەکە کرد، هەروەکو ئەوەی کە یەکێک لە هاوچەرخەکانی حامورابی بەناوی پاشا زیمیریلیم-ی ماری کردی؟

بۆ ساتێک وێنای ئەوە بکە کە ساڵی ١٧٧٦ی پێش زایینە. دوو کەسی خەڵکی (ماری) لەسەر خاوەندارێتی کێڵگەی گەنم شەڕیانە. جاکۆب سوورە لەسەر ئەوەی کێڵگەکەی پێش سی ساڵ کڕیووە. ئیساو جەخت لەوە دەکاتەوە کە بۆ ماوەی سی ساڵ کێڵگەکەی بە کرێ داوەتە جاکۆب و ئێستا ماوەکە تەواو بووە و داوای دەکاتەوە. ئەوان دەیکەنە هات و هاوار لەبەرانبەر یەکتریدا و دەست دەکەن بە پاڵنانی یەکتری پێش ئەوەی درک بەوە بکەن کە دەتوانن کێشەکەیان لە ڕێگەی چوون بۆ ئەرشیفی شاهانە هەڵبڕن کە لەوێ دۆکیومێنت و فاتورەکانی فرۆشی پەیوەست بە مووڵکەکانی مەملەکەت کۆکراونەتەوە. لەگەڵ گەیشتنیان بە ئەرشیفەکە لە کاربەدەستێکەوە بۆ لای کاربەدەستێکی تر بەڕێ دەکرێن. ئەوان بەدرێژایی چەند ناوبڕێکی

خواردنەوەی چای گژوگیا چاوەڕوان دەبن، پێیان دەوترێ سبەی وەرنەوە و دواجار لەلایەن کاتبێکی بۆلەبۆلکەرەوە ڕێنمایی دەکرێن بۆ گەڕان بەدوای پارچە قوڕی پەیوەندیدار. کاتبەکە دەرگایەک دەکاتەوە و بەرەو ژوورێکی گەورە ئاراستەیان دەکات کە لە ئەرزەوە تا بنمیچ، بە هەزاران پارچە قوڕی تیادا دانراوە. سەیر نییە کاتبەکە دەم و چاوی داوە بەیەکدا. چۆن دەشێ ئەو دۆکیومێنتی پەیوەست بە نووسراوی پێش سی ساڵی کێڵگەی گەنمی مشتومڕئامێز بدۆزێتەوە؟ تەنانەت ئەگەرچی بیشیدۆزێتەوە، چۆن دەتوانێت ئەوە پشتڕاست بکاتەوە کە ئەوەی سی ساڵ لەمەوپێش دواین دۆکیومێنتی پەیوەندیدارە بەو کێڵگەیەوە؟ ئەگەر نەتوانێ بیدۆزێتەوە، ئایا ئەمە دەیسەلمێنێت کە ئیساو قەت کێڵگەکەی نەفرۆشتووە یان بەکرێی نەداوە؟ یان تەنیا ئەوەیە کە دۆکیومێنتەکە بزر بووە یان تواوەتەوە کاتێک بارانێک دزەی کردووەتە ناو ئەرشیڤەکەوە؟

بە ڕوونی، تەنیا هەڵکەندنی دۆکیومێنتێک لەسەر قوڕ بەس نییە بۆ زامنکردنی پرۆسێسکردنێکی داتای گونجاو و ورد و تەواو. ئەمە پێویستی بە میتۆدگەلێکی ڕێکخستنە، بۆ نموونە کەتەلۆگ، میتۆدەکانی بەرهەمهێنانەوەی وەکو ماکینەکانی فۆتۆکۆپی، میتۆدەکانی گەڕاندنەوەی خێرا و ورد، وەکو ئالۆگاریتیمی کۆمپیوتەر و کارمەندی وردەکاری کتێبخانە کە دەزانێ چۆن ئەم ئامێرانە بەکار بێنێت.

داهێنانی ئەم میتۆدانە سەلماندوویەتی کە زۆر قورسترە لە داهێنانی نووسین. زۆرێک لە سیستەمەکانی نووسین لەو کەلتوورانەی لە ڕووی کات و شوێنەوە دوورن لە یەکتری بەشێوەیەکی سەربەخۆ گەلاڵە کراون. هەموو دەیەیەک ئارکیۆلۆژیستەکان چەند نووسینێکی بیرچووەوەی تر دەدۆزنەوە. لەوانەیە وا دەرچێ هەندێکیان لە پارچە قوڕینەکانی سۆمەری کۆنتر بن. بەڵام زۆربەیان پرسیارئامێز دەمێننەوە،

چونکه ئەوانەی دایانهێناون نەیانتوانیووە شێوازی پێویستی کەتەلۆگکردن و گەڕاندنەوەی داتا دابهێنن. ئەوەی کە سۆمەر، هەروەها میسری فیرعەونی، چینی دێرین و ئیمپراتۆریەتی ئینکا جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئەم کەلتوورانە تەکنیکی باشی ئەرشیڤکردن، کەتەلۆگکردن و گەڕاندنەوەی تۆمارەکانی نووسینیان گەلاڵە کردووە. ئەوان بەهەمان شێوە وەبەرهێنانیان لەنووسەرەوە، کاتب، کارمەندی کتێبخانە و ژمێریاردا کردووە.

پرۆڤەیەکی نووسین لە قوتابخانەیەکی میزۆپۆتامیای دێرینەوە کە لەلایەن ئارکیۆلۆژیستەکانەوە دۆزراوەتەوە، دیمەنێکی ژیانی ئەو قوتابییانەمان لە ٤٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش پیشان دەدات:

من چوومە ژوورەوە و دانیشتم و مامۆستا پارچەکەمی خوێندەوە. ئەو وتی (شتێکی کەمە!)

ئینجا دارکاری کردم.

یەکێک لە کەسە بەرپرسەکان وتی (بۆچی بەبێ مۆڵەتی من دەمت دەکەیتەوە؟)

ئەویش دارکاری کردم.

ئەوەی کە بەرپرسە لە ڕێساکان وتی (بۆچی بەبێ مۆڵەتی من هەڵدەستیت؟)

ئەویش دارکاری کردم.

دەروازەوانەکە وتی (بۆچی بەبێ مۆڵەتی من دەچیتە دەرەوە؟) و ئەویش دارکاری کردم.

پارێزەری سوراحییە بیرەکە وتی (بۆچی بەبێ مۆڵەتی من هەندێکت خواردەوە؟)

ئەویش دارکاری کردم.

مامۆستا سۆمەرییەکە وتی (بۆچی بە ئەکەدی قسەت کردت؟[٧])
ئەویش دارکاری کردم.
مامۆستاکەم وتی (دەست و خەتت جوان نییە!).
ئەویش دارکاری کردم.

نووسەرەوە کۆنەکان نەک تەنیا خوێندنەوە و نووسین بەڵکو فێری بەکارهێنانی کەتەلۆگ، قاموس، ڕۆژژمێر، فۆرم و خشتەش بوون. ئەوان بە شێوەیەکی جیاواز لە مێشک تاووتوێی تەکنیکەکانی کەتەلۆگ کردن، گەڕاندنەوە و دەکارکردنی زانیارییان کرد. لە مێشکدا، هەموو داتایەک بەشێوەیەکی سەربەستانە لێک گرێ دەدرێتەوە. کاتێک من لەگەڵ هاوسەرەکەم دەڕۆم بۆ ئەوەی واژۆ لەسەر ڕەهنی خانووە نوێکەمان بکەین، یەکەم شوێنم بیر دەخرێتەوە کە تیایدا پێکەوە ژیاین، کە ئەمەش مانگی هەنگوینیمان لە نییوئۆرلینز بیر دەخاتەوە، ئەمەش تیمساحەکانم بیر دەخاتەوە، ئەمەش ئەژدیهاکان و ئەمیش دراماى (رینگ ئۆف نیبلونجێن)م بیر دەخاتەوە لە پڕێکا، پێش ئەوەی بزانم، خەریکی ورتە ورتی وتنەوەی ئاوازی (سیگفرید لێتمۆتیف)م بۆکاتبە سەرسوڕماوەکەی بانک. لە بیرۆکراسیدا، دەبێ شتەکان بە جیا بپارێزرێن. چەکمەجەیەک هەیە بۆ ڕەهنەکانی خانوو، دانەیەکیش بۆ بڕوانامەکانی هاوسەرگیری، سێیەمیان بۆ تۆماری باج و چوارەمیان بۆ سکاڵا یاساییەکانە. ئەگینا، چۆن دەتووانیت هیچ شتێک بدۆزیتەوە؟ ئەو شتانەی کە دەچنە ناو زیاتر لە چەکمەجەیەکەوە، وەکو دراما میوزیکییەکانی واگنەر (ئایا لەژێر ناونیشانی "مۆسیقا"، "شانۆ"دا فایلیان

---

[٧] تەنانەت پاش ئەوەی کە ئەکەدی بوو بە زمانی قسەکردن، سومەری وەکو زمانی ئیدارە مایەوە و لێرەوە زمانەکە وەکو نووسین ریکۆرد کرا. لێرەوە دەبووایە نووسەرەوە کاریگەرەکان بە سۆمەری قسە بکەن.

بکەم لەوانەیە ناونیشانێکی تەواو نوێیان بۆ گەلاڵە بکەم؟) سەرئێشەیەکی گەورەن. بۆیە کەسێک بۆ هەمیشە خەریکی زیادکردن، لابردن و ڕێکخستنەوەی فایلەکانە.

بۆئەوەی کارا بێت، خەڵکێک کە ئیش لەسەر سیستەمێکی چەکمەجەکان دەکەن دەبێ پرۆگرام بکرێنەوە بۆئەوەی چیتر وەکو مرۆڤ بیر نەکەنەوە و وەکو کاتبەکان و ژمێریارەکان بیر بکەنەوە. هەروەکو کەسێک لە سەردەمانی دێرینەوە تاوەکو ئەمڕۆش دەیزانێت، کاتبەکان و ژمێریارەکان لە بەرگێکی نامرۆییدا بیر دەکەنەوە. ئەوان وەکو کابینەی فایلکردن بیر دەکەنەوە. ئەمە خەتای ئەوان نییە. ئەگەر ئەوان بەم شێوازە بیر نەکەنەوە ئەوا چەکمەجەکانیان تێکەڵ دەبێت و ناتووانن ئەو خزمەتگوزارییە دابین بکەن کە حکومەتەکەیان، کۆمپانیاکەیان یان ڕێکخراوەکەیان پێویستیەتی. گرنگترین کاریگەریی نووسین لەسەر مێژووی مرۆڤ کتومت ئەمەیە: پەیتا پەیتا شێوازی بیرکردنەوە و دیدی مرۆڤی بۆ جیهان گۆڕیووە. لێک گرێدانەوەی سەربەستانە و بیرکردنەوەی هەمەکییانە ڕێگەیان بۆ خانەبەندی و بیرۆکراسی خۆش کردووە.

زمانی ژمارەکان

لەگەڵ تێپەڕینی سەدەکان، میتۆدە بیرۆکراتییەکانی دەکارکردنی داتا زۆر جیاوازتر-و گرنگتریش- لە شێوازی سروشتیی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان گەشەی کرد. هەنگاوێکی گرنگ کاتێکی پێش سەدەی نۆیەمی زایین نرا، کاتێک نووسینێکی بەشەکیی نوێ داهێنرا، هەنگاوێک کە دەیتووانی داتای ماتماتیکی بە کارایییەکی بێ وێنەوە پاشەکەوت و دەکار بکات. ئەم نووسینە بەشەکییە پێکهاتبوو لە دە نیشانە، گوزارشتی

لە ژمارەکان دەکرد لە ٠ ەوە تا ١٠. بەشێوەیەکی سەرلێشێوێنەر ئەم نیشانانە بە ژمارەی عەرەبی ناودێر کراون ئەگەرچی سەرەتا لەلایەن هیندۆسەکانەوە داهێنراون (تەنانەت لەمەش سەرلێشێوێنتر ئەوەیە کە عەرەبە مۆدێرنەکان ڕستێک ژمارە بەکاردێنن کە تەواو جیاواز دیارە لەوەی خوێراواییەکان). بەڵام عەرەبەکان ڕچەشکێنن، چونکە کاتێک هیندستانیان گرت، ڕووبەڕووی سیستەمەکە بوونەوە، لە سوودەکەی تێگەیشتن، بژاریان کرد و بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دواتر بە ئەوروپادا بڵاویان کردەوە. کاتێک دوایی چەند نیشانەیەکی تر خرانە سەر ژمارە عەرەبییەکان (وەکونیشانەکانی کۆکردنەوە، لێدەرکردن و چەندجارەکردن)، بنەمای ئاماژەکاریی ماتماتیکیی مۆدێرن هاتەبوون.

هەرچەندە ئەم سیستەمی نووسینە هەر نووسینی بەشەکییە، بووەتە زمانێکی زاڵی جیهان. تەقریبەن هەموو دەوڵەتەکان، کۆمپانیاکان، ڕێکخراوەکان و دامەزراوەکان- جا بە عەرەبی، هیندی، ئینگلیزی یان نەرویجی بدوێن- نووسینی ماتماتیکی بەکاردێنن بۆ ڕیکۆرد کردن و دەکارکردنی داتا. هەموو بڕە زانیارییەک کە بکرێ وەربگێڕدرێت بۆ نووسینی ماتماتیکی، بە خێرایی و کارایییەکی بێ وێنەوە پاشەکەوت دەکرێت، بڵاو دەکرێتەوە و دەکار دەکرێت.

کەسێک کە هیواداڕە کاریگەری بخاتە سەر بڕیارەکانی حکومەتەکان، ڕێکخراوەکان و کۆمپانیاکان، دەبێ فێر بێ بە زمانی ژمارە قسە بکات. شارەزایان باشترین هەوڵی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ تەرجەمەکردنی تەنانەت بیرۆکەی وەکو (هەژاری)، (بەختەوەری) و (راستگۆیی) بۆ ژمارە ("هێڵی هەژاری"، "ئاستەکانی باشبوونی زاتی"، "پلەبەندیی قەرز"). سەرانسەری ڕووبەڕەکانی مەعریفە، وەکو فیزیا و ئەندازە، هەنوکە

تەقریبەن هەموو پەیوەندییەکیان بە زمانی مرۆیی قسەکردنەوە لەدەستداوە و تەنیا بە نووسینی ماتماتیکییەوە پەیوەستن.

لەم دواییانەدا، نووسینی ماتماتیکی بووەتە هۆی دەرکەوتنی سیستەمێکی نووسینی شۆڕشگێڕانەتر، نووسینێکی دووانەیی کۆمپیوتەریزەکراوی پێکهاتوو لە تەنیا دوو نیشانە: ٠ و ١. ئەو وشانەی من ئێستا لەسەر کیبۆردەکەم تایپیان دەکەم لەناو کۆمپیوتەرەکەمدا بە ئاوێتەی جیاوازی ٠ و ١ نووسراون.

نووسین وەکو نۆکەرێکی ئاگایی مرۆڤ لەدایک بوو، بەڵام پەیتا پەیتا بووە سەرگەورەی. کۆمپیوتەرەکانمان گرفتیان هەیە لە تێگەیشتنی ئەمەی کە مرۆڤە هۆشمەندەکان چۆن دەدوێن، بیر دەکەنەوە و هەست دەکەن. بۆیە ئێمە دەرسی مرۆڤە هۆشمەندەکان دادەدەین کە چۆن بە زمانی ژمارەکان قسە بکەن، هەست بکەن و خەون ببینن کە بەڵای کۆمپیوتەرەکانەوە ڕوون و ئاسانە.

ئەمەش کۆتایی چیرۆکەکە نییە. بواری هۆشمەندیی دەستکرد بەدوای ئەوەدا وێڵە جۆرێکی نوێی هۆشمەندی دروست بکات کە تەنیاوتەنیا لەسەر بنەمای نووسینی دووانەیی کۆمپیوتەرەکان ڕۆنراوە. فیلمە زانستی-خەیاڵییەکانی وەکو (ماتریکس) و (تێرمینەیتەر) باسی ئەو ڕۆژە دەکەن کە نووسینی دووانەیی تەوقی مرۆڤایەتی فڕێ دەدات. کاتێک مرۆڤەکان هەوڵ دەدەن کۆنترۆڵی نووسینی یاخیگەرانە بەدەست بێننەوە، پەرچەکردارەکە بریتییە لە هەوڵدان بۆ ڕامالینی نەژادی مرۆڤ.

٨

دادپەروەرییەك لە مێژوودا نییە

تێگەیشتن لە مێژووی مرۆڤ لە هەزارەی پاش شۆڕشی کشتوکاڵی لەناو یەک پرسیاردا قەتیس دەبێت: مرۆڤەکان چۆن خۆیان لەناو تۆڕەکانی هاوکاری بەکۆمەڵدا ڕێکدەخەن. ئەم دوو داهێنانانە، ئەو بۆشاییانەیان پڕ کردەوە کە میراتی بایۆلۆژیمان جێی هێشتبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، بەلای زۆر کەسەوە دەرکەوتنی ئەم تۆڕانە بەرەکەتێکی گومانبەخش بوو. ئەو سیستەمە وێناکراوانەی ئەو تۆڕانەیان ڕاگیر دەکرد نە بێلایەن و نە عادیلانە بوون. ئەوان خەڵکیان بۆ گروپی دروستبکە-باوەڕبێنە دابەش کرد کە لە هەڕەمێکدا ڕێکخرابوون. ئاستە باڵاکان ئیمتیاز و هێزیان هەبوو، کەچی ئاستە نزمەکان بەدەست جیاکاری و سەرکوتگەرییەوە دەیاننااڵند. بۆ نموونە، کۆدی حامورابی سیستەمێکی بژارەیی باڵاکان، ئاساییەکان و کۆیلەکانی بونیاد نا. باڵاکان هەموو شتە باشەکانیان لە ژیاندا بەدەستهێنا. ئاساییەکان بەرماوەکەیان دەستکەوت و کۆیلەکان لێدانیان دەخوارد گەر سکاڵایان بکردایە.

سەرباری ڕاگەیاندنی یەکسانی بۆ هەمووان، سیستەمی وێناکراوی بونیادنراو لەلایەن ئەمریکییەکانەوە لە ١٧٧٦، بەهەمان شێوە

هەڕەمێکیشی بونیادنا. هەڕەمێکی لەنێوان ئەو پیاوانەدا کە سوودیان لێ بینی و ئەو ژنانەش کە بەهۆیەوە لاواز بوون، دروست کرد. هەڕەمێکی لەنێوان ئەو سپی پێستانەی ئازادییان هەبوو و ڕەشەکان و هیندییە ئەمریکییەکاندا دروست کرد کە پێیان وابوو جۆرێکی نزمترن و بۆیە هەمان مافی یەکسانی پیاوەکانیان نەبوو. زۆرێک لەوانەی کە بەیاننامەی سەربەخۆییان واژۆ کرد خاوەن کۆیلە بوون. ئەوان لەگەڵ واژۆکردنی بەیاننامەکەدا کۆیلەکانیان بەڕەڵا نەکرد، نە خۆشیان بە دووڕوو لەقەڵەمدا. لە تێڕوانینی ئەواندا، مافەکانی مرۆڤ هیچ پەیوەندییەکی نەبوو بە قوڵەڕەشەکانەوە.

سیستەمی ئەمریکی، بەهەمان شێوە هەڕەمی نێوان دەوڵەمەند و هەژاری پیرۆز کرد. زۆربەی ئەمریکییەکان لەو سەروەختەدا گرفتێکی کەمیان هەبوو لەگەڵ نایەکسانی سەرچاوەگرتوو لە مانەوەی پارەو بزنس لە دایک و باوکی دەوڵەمەندەوە بۆ منالەکانیان. لە تێڕوانینی ئەواندا، یەکسانی تەنیا بە مانای ئەوە دەهات کە هەمان ئەو یاسایانە بەسەر دەوڵەمەند و هەژاریشدا پیادە دەبوون. ئەمە هیچ پەیوەندی نەبوو بە بیمەی بێکاری، خوێندنی تێکەڵاو، یان بیمەی تەندروستی.

ئازادیش، دەلالاتی زۆر جیاوازتری لەوەی ئەمڕۆ هەبوو. لە ساڵی ١٧٧٦دا، بەو مانایە نەدەهات کە بێدەسەلاتەکان (بە دڵنیاییەوە نە ڕەشەکان و نە هیندییەکان و نە خوانەخواستە ژنانیش) دەیانتووانی دەسەڵات بەدەست بهێنن و پراوەی بکەن. تەنیاوتەنیا بەو مانایە دەهات کە دەوڵەت نەیدەتووانی، جگە لە بارودۆخی نائاسایی، مووڵکی تایبەتی هاوڵاتی زەوت بکات یان پێی بڵێت چی لێبکات. لێرەوە سیستەمی ئەمریکی هەڕەمی سامانی ڕاگیر کرد، کە هەندێ کەس پێیان وابوو لەلایەن خوداوە ڕێپێدراوە و ئەوانیتر وەکو گوزارشتێکی یاسا بێ

چەندوچونەکانی سروشت دەیانبینی. بانگەشەی ئەوە دەکرا کە، سروشت سامانی بە کەسی شایستە بەخشیووە لەکاتێکدا کە سزای تەمەڵ ئەدات.

هەموو ئەو جیاوازییانەی سەرەوە- لەنێوان کەسە ئازادەکان و کۆیلەکاندا، لەنێوان سپی پێستەکان و ڕەش پێستەکاندا، لەنێوان دەوڵەمەند و هەژاردا- لە چیرۆکەکاندا ڕەگی داکوتاوە. (هەڕەمی پیاوان و ژنان دواتر باس دەکرێت). لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە حوکمێکی ئاسنینی مێژووە کە هەموو هەڕەمێکی وێناکراو نکوڵی دەکات لە ڕیشە چیرۆکییەکانی و بانگەشەی ئەوە دەکات کە سروشتی و حەتمییە. بۆ نموونە، زۆرێک لەو خەڵکەی کە هەڕەمی کەسانی ئازاد و کۆیلەیان بە سروشتی و ڕاست بینیووە بەڵگەی ئەوەیان هێناوەتەوە کە کۆیلایەتی داهێنانێکی مرۆیی نییە. حامورابی وەکو فەرمانێکی خودایی دەیبینی. ئەرستۆ بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە کە کۆیلەکان (سروشتێکی ملکەچانە)یان هەیە کەچی خەڵکی ئازاد (سروشتێکی ئازاد)یان هەیە. پێگەیان لە کۆمەڵگەدا تەنیا وێنەدەرەوەی سروشتی ناوەوەیانە.

لەبارەی هەڕەمی نەژادییەوە پرسیار لە باڵاخوازە سپی پێستەکان بکە و تۆ ڕووبەڕووی محازەرەیەکی بەناوزانستی دەبیتەوە لەبارەی جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی نێوان نەژادەکان. لەوانەیە پێت بوترێت شتێک لە خوێنی قەوقازییەکاندا هەیە یان بۆهێڵێک هەیە کە بەشێوەیەکی سروشتی سپی پێستەکان دەکاتە مرۆڤی هۆشمەندتر، ئەخلاقیتر و ئیشکەرتر. پرسیار لە کاپیتالیستێکی سەرسەخت بکە لەبارەی هەڕەمی سامان و ڕێی تێ دەچێت پێت بوترێ ئەمە دەرەنجامێکی حەتمی جیاوازییە بابەتییەکانە. لە تێڕوانینی ئەواندا، دەوڵەمەندان پارەی زیاتریان هەیە، چونکە ئەوان بەتواناتر و شایستەترن. کەواتە نابێ کەس هەراسان بکرێت، ئەگەر

کابرای ساماندار چاودێریی تەندروستی باشتر، خوێندنی باشتر و خواردنی باشتری هەبێت. دەوڵەمەند بەشێوەیەکی زۆروزەبەند شایستەی هەموو سوودێکە کە بەدەستی دێنێت.

ئەو هیندۆسانەی پەیڕەوی لە سیستەمی کاست دەکەن بڕوایان وایە هێزە گەردوونییەکان کاستێکیان بالادەستتر کردووە لە کاستێکی تر. بە گوێرەی ئەفسانەیەکی خەلقی بەناوبانگی هیندۆسی، خواکان جیهانیان بە جەستەی بوونەوەرێکی بەرایی ڕازاندووەتەوە بەناوی (پوروسا). خۆر لە چاوی پوروسا دروستکرا، مانگ لە مێشکی پوروسا دروستکرا، براهمینەکان (قەشەکان) لە دەمی، کشاتریەکان (جەنگاوەرەکان) لە باسکەکانی، ڤایشیاکان (جوتیاران و بازرگانەکان) لە ڕانەکانی و شودراکان (کارەکەرەکان) لە قاچەکانی دروستکران. ئەم ڕوونکردنەوەیە قبوڵ بکە و جیاوازییە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی نێوان براهمینەکان و شودراکان ئەوەندەی جیاوازییەکانی نێوان خۆر و مانگ سروشتی و تاهەتاییە. چینییە کۆنەکان بڕوایان وابووە کاتێک خواوەندی مێینەی (نیو وا) مرۆڤی لە زەوی دروستکردووە، ئەرستۆکراتەکانی لە خاکی زەردی بێگەرد دروستکردووە لەکاتێکدا کە مرۆڤە ئاساییەکان لە قوڕی قاوەیی دروستکران.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە گوێرەی باشترین تێگەیشتنمان، ئەم هەڕەمانە هەمووی بەرهەمی وێنای مرۆڤن. براهمینەکان و شودراکان بە ڕاستی لەلایەن خوداکانەوە لە بەشە جیاوازەکانی جەستەی بوونەوەرێکی بەراییەوە دروست نەکراون. لەبری ئەمە، جیاوازیی نێوان دوو کاستەکە نزیکەی پێش ٣٠٠٠ ساڵ بە یاسا و ڕێسا داهێنراوەکانی مرۆڤ لە باکووری هیندستان دروستکراوە. بە پێچەوانەی ئەرستۆوە، جیاوازییەکی بایۆلۆژیی ناسراوە نییە لەنێوان کۆیلەکان و خەڵکی ئازاد دا. یاسا و ڕێسا

مرۆییەکان هەندێ خەڵکیان کردووەتە کۆیلە و ئەوانیتریان کردووەتە گەورە. لەنێوان ڕەش پێست و سپی پێستەکاندا هەندێ جیاوازیی بایۆلۆژیی بابەتی هەیە، وەکو ڕەنگی پێست و جۆری قژ، بەڵام بەڵگەیەک نییە ئەو جیاوازییانە دەربخات کە بۆ هۆشمەندی و ئەخلاق درێژ دەبنەوە.

زۆربەی خەڵکی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هەڕەمی کۆمەڵایەتییان سروشتی و دادگەرانەیە، لەکاتێکدا کە ئەوانەی کۆمەڵگاکانی تر لەسەر بنەمای ساختە و پێوەری پوچ بونیاد نراوە. خۆرئاواییە مۆدێرنەکان فێرکراون هەڕەمی نەژادی ڕیسوا بکەن. ئەوان لەبەرانبەر ئەو یاسانەدا شۆک بوون کە ڕێگرن لەوەی ڕەش پێست لە ناوچەکانی سپی پێستان بژین، یان لە قوتابخانەکانی سپی پێستان بخوێنن، یان لە نەخۆشخانەکانی سپی پێستاندا چارەسەر بکرێن. بەڵام هەڕەمی دەوڵەمەند و هەژار- کە ڕێگە دەدات خەڵکی دەوڵەمەند لە ناوچەی جودا و خۆشگوزەرانتردا بژین، لە قوتابخانەی جودا و گرانبەهاتردا بخوێنن و چارەسەری پزیشکی لە دامەزراوەی جودا و پڕ ئامێرتردا وەربگرن- بەڵای زۆرێک لە ئەمریکی و ئەوروپییەکانەوە تەواو مەعقولە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ڕاستییەکی سەلمێنراوە کە زۆربەی خەڵکی دەوڵەمەند لەبەر هۆکاری سادەی ئەمەی کە لە خانەوادەیەکی دەوڵەمەند هاتوونەتە دنیاوە دەوڵەمەندن، لەکاتێکدا کە زۆربەی خەڵکی هەژار بەدرێژایی ژیانیان بە هەژاری دەمێننەوە لەبەر هۆکاری سادەی ئەمەی کە لە خانەوادەیەکی هەژاردا لەدایک بوون.

بەداخەوە، پێدەچێ کۆمەڵگە مرۆییە ئاڵۆزەکان پێویستیان بە هەڕەمی وێناکراو و جیاکاریی نادادپەروەرانە بێت. هەڵبەت هەموو هەڕەمەکان لە ڕووی ئەخلاقییەوە هاوشێوە نین و هەندێ لە

کۆمەڵگاکان بەدەست جۆری پەرگیرانەتری جیاکارییەوە نالاندوویانە، لەگەڵ ئەوەشدا لێکۆڵەران کۆمەڵگەیەکی گەورە شک نابەن توانیبێتی بەشێوەیەکی تەواوەتی خۆی لە جیاکاری قوتار بکات. دووبارە و سێبارە، خەڵکی لە کۆمەڵگەکانیاندا لەرێگەی دابەشکردنی دانیشتووانەوە بۆ پۆلێنبەندییە وێناکراوەکانی وەکو باڵاکان، ئاساییەکان و کۆیلەکان، سپی پێستەکان و ڕەش پێستەکان، خانەدانەکان و ئاساییەکان، براهمینەکان و شودارەکان، دەوڵەمەندەکان و هەژارەکان، سیستەمیان دروستکردووە. پۆلێنبەندییەکان پەیوەندییەکانی نێوان ملیۆنان مرۆڤیان لە ڕێگەی بالاترکردنی یاساییانە، سیاسییانە یان کۆمەڵایەتییانەی هەندێ خەڵک لەبەرانبەر هەندێ خەڵکی تر، ڕێکخستووە.

هەڕەمەکان ئیشێکی گرنگ بەجێ دێنن. ئەمانە توانا بە غەریبەکان دەدەن بزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ یەکتری بکەن بەبێ ئەوەی کات و وزەی پێویست بەوەوە بە فیڕۆ بدەن بەشێوەی کەسی بناسێنرێن. لە (پیگمالیۆن)ی جۆرج بێرنارد شۆ-دا، هێنری هیگنز پێویستی بەوە نییە ئاشنایەتییەکی گەرم و گوڕ لەگەڵ ئیلیزا دولیتڵ دروست بکات بۆ ئەوەی تێبگات چۆن پەیوەندی لەگەڵ بەرقەرار بکات. تەنیا بیستنی قسەکانی، پێی دەڵێت ئەو ئەندامێکی چینی خوارەوەیە کە ئەم دەتوانێ هەرچییەک بیەوێ لەگەڵیدا بکات- بۆنموونە، بەکارهێنانی لە بەرژەوەندی خۆی تا کچێکی گوڵفرۆش وەکو شازادەیەک بخاتەڕوو. (ئیلیزا)یەکی مۆدێرن کە لەدوکانێکی گوڵفرۆشی کار دەکات پێویستی بەوەیە بزانێت چەنێک تەقەلا بخاتە گەڕ بۆ فرۆشتنی گوڵەباخ و گوڵەشمشێر بە دەیان کەس کە هەموو ڕۆژێک دێنە دوکانەکەوە. تۆ ناتوانیت بەدواداچوونێکی تێروتەسەل بۆ حەزی بۆنکردن و کیسەباخەڵی هەر تاکێک لە تاکەکان بکەیت. لەبری ئەمە، ئەو سەرەداوە

کۆمەڵایەتییەکان بەکار دەهێنێت- شێوازی جلپۆشین، تەمەنی و ئەگەر ئەو کەسە هەڵسەنگاندنی سیاسی بکات، ڕەنگی پێستەکەی. بەم شێوەیەیە کە ئەو دەستبەجێ جیاوازی دەکات لەنێوان ئەندامێکی کۆمپانیایەکی ژمێریاری کە ئەگەری هەیە پارەیەکی زۆر بە گوڵی گرانبەها بدات و کوڕێکی نامەبەر کە دەتوانێت تەنیا چەند چڵە گوڵێک بکڕێت.

بێگومان، جیاوازییەکان لە توانا سروشتییەکانیشدا ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستبوونی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەڵام ئەم جیاوازییانەی توانای سروشتی و کارەکتەر لە ڕێگەی هەڕەمە وێناکراوەکانەوە زەمینەی بۆ خۆش دەکرێت. ئەمە بە دوو ڕێگای گرنگ ڕووەدات. یەکەم و پێش هەموو شتێک، دەبێ زۆربەی تواناکان پەرەیان پێبدرێت. تەنانەت ئەگەر کەسێک بە بەهرەیەکی دیاریکراوەوە لەدایک ببێت، ئەو بەهرەیە هەر شاراوە دەبێ ئەگەر گەشەی پێنەدرێت و پراوە نەکرێت. هەموو خەڵکی هەمان چانسیان نییە بۆ پەرەپێدان و پێگەیاندنی تواناکانیان. ئەوان دەرفەتیان هەبێت و نەبێ زۆرجار پشت ئەستوورن بە شوێنیان لەناو هەڕەمی وێناکراوی کۆمەڵگەدا. هاری پۆتەر نموونەیەکی باشە. ئەو کە لە خانەوادەیەکی جادووگەر لابرا و لەلایەن ناجادووگەرە نەزانەکانەوە بەخێو کرا، دەگاتە (هۆگوارتس) بەبێ ئەوەی هیچ ئەزموونێکی لە جادوودا هەبێت. ئەو حەوت کتێبی پێویست بوو تا بتوانێت دەسەڵاتی تەواوی بەسەر هێزەکانی و زانینی توانا ناوازەکانیدا بشکێت.

دووەم، تەنانەت ئەگەرچی خەڵکی سەر بە چینی جیاواز کتومت هەمان توانا پەیدا بکەن، ئەگەری نییە هەمان ئاستی سەرکەوتنیان هەبێت چونکە ئەوان دەبێ بەپێی ڕێسای جیاواز یارییەکە بکەن. ئەگەر، لە هیندستانی ژێر حوکمی بریتانیادا، کەسێکی سەر بە چینی نزم،

براهمینێک، ئێرلەندییەکی کاسۆلیک و ئینگلیزێکی پرۆتستانت بە شێوەیەک لە شێوەکان کتومت هەمان زیرەکیی بزنسیان پەیدا بکردایە، ئەوا هەمان دەرفەتی دەوڵەمەندبوونیان نەدەبوو. گەمەی ئابووری چەکدار بوو بە سنووربەندی یاسایی و بەربەستە نەشکێنراوە ناڕەسمییەکان.

بازنەی بەدکردار

هەموو کۆمەڵگاکان لەسەر هەڕەمی وێناکراو ڕۆنراون، بەڵام مەرج نییە لەسەر هەمان هەڕەم بن. جیاوازییەکان بۆ چی بوون؟ بۆچی کۆمەڵگەی تەقلیدیی هیندستان خەڵکی بە گوێرەی کاست، کۆمەڵگەی عوسمانی بەگوێرەی ئایین و کۆمەڵگەی ئەمریکی بە گوێرەی نەژاد دابەش کرد؟ لە زۆربەی حاڵەتەکاندا هەڕەم لە دەرەنجامی ڕستێک بارودۆخی مێژوویی بەڕێکەوت سەرچاوەی گرت و پاشان بەدرێژایی چەند نەوەیەک بەردەوام بوو و بەرەوپێشچوو لەکاتێکدا کە گروپە جیاجیاکان بەرژەوەندیی شاراوەیان تیادا پەیدا کرد.

بۆ نموونە، زۆرێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە سیستەمی کاستی هیندۆس ئەو کاتە پێکهات کە خەڵکی هیندۆ-ئاری نزیکەی پێش ٣٠٠٠ ساڵ نیمچەدوورگەی هیندستانیان داگیر کرد و دانیشتووانی لۆکاڵیان خستە ژێر کۆنترۆڵەوە. داگیرکەران کۆمەڵگەیەکی بەتوێژبوویان بونیاد نا کە تیایدا-بێگومان- ئەوان پێگە سەرەکییەکانیان گرت (قەشە و جەنگاوەران) و لێگەڕان خەڵکە ڕەسەنەکە وەکو کۆیلە و بەردەست بژیت. داگیرکەران کە ژمارەیان کەم بوو، ترسیان هەبوو لە لەدەستدانی پێگە گرنگەکان و شوناسە ناوازەکانیان. بۆ ڕەواندنەوەی ئەم ترسە، ئەوان دانیشتووانیان دابەشکرد بۆ چەند کاستێک کە هەریەکەیان دەبووایە سۆراخی پیشەیەکی دیاریکراو بکات یان ڕۆڵێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا

بەجێ بێنێت. هەریەکەیان پێگەیەکی یاسایی، ئیمتیاز و ئەرکی جیاوازی هەبوو. تێکەڵاوبوونی کاستەکان- کارلێکی کۆمەڵایەتی، هاوسەرگیری و تەنانەت پێکەوە نان خواردن- قەدەغە بوو. جیاوازییەکانیش نەک تەنیا یاسایی بوون، بەڵکو بوونە بەشێکی ڕەگ داکوتیوی ئەفسانە و کرداری دینی.

فەرمانڕەواکان بەڵگەی ئەوان هێنایەوە کە سیستەمی کاست وێنەدەرەوەی واقیعێکی گەردوونیی تاهەتاییە نەک ئەوەی کە بەرەوپێشچوونێکی مێژوویی بەڕێکەوت بێت. چەمکەکانی بێگەردی و خەوشداری بڕگەی جەوهەری بوون لە ئایینی هیندۆسدا و ئەم چەمکانە قۆرخ کران بۆ تۆکمەکردنی هەڕەمی کۆمەڵایەتی. هیندۆسە خواپەرستەکان فێرکران کە دەشێ پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی کاستێکی جیاواز نەک تەنیا خودی خۆیان بەشێوەیەکی کەسی پیس بکات، بەڵکو تەواوی کۆمەڵگەش پیس بکات و بۆیە دەبێ قێزی لێ بکرێتەوە. ئەو بیرۆکانە بۆ هیندۆسەکان ناوازە نین. بەدرێژایی مێژوو، و تا ڕادەیەک لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، چەمکەکانی پیسبوون و بێگەردی ڕۆڵێکی سەرەکییان بینیووە لە سەپاندنی دابەشبوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا و لەلایەن چەندەها چینی باڵادەستەوە قۆستراوەتەوە. لەوانەیە ڕەگوریشەی لە میکانیزمەکانی مانەوەی بایۆلۆژیدا بێت کە وا لە مرۆڤەکان دەکەن هەست بە قێزکردنەوەی غەریزی بکەن بەرانبەر ئەگەری هەڵگرانی نەخۆشی، وەکو کەسانی نەخۆش و لاشەی مردوو. ئەگەر تۆ بتەوێت هەر گروپێکی مرۆیی بە دابڕاوی بهێڵیتەوە- ژنان، جولەکە، قەرەج، هاوڕەگەزباز، ڕەش پێست- باشترین ڕێگە بۆ کردنی ئەمە قەناعەتهێنانە بە هەمووان لەمەڕ ئەوەی کە ئەم کەسانە سەرچاوەی پیس بوونن.

سیستەمی کاستی هیندۆس و یاسا سەرەنجامەکانی بێگەردی، بە قوولی ڕەگیان لە کەلتووری هیندیدا داکوتا. ماوەیەکی درێژ پاش ئەوەی داگیرکاریی هیندۆ-ئاری بیرچووەوە، هیندییەکان بەردەوام بوون لە باوەڕهێنان بە سیستەمی کاست و قێزکردنەوە لە پیسبوونی سەرچاوەگرتوو لە تێکەڵاوبوونی کاستەکان. کاستەکان بێبەری نەبوون لە کەوتنەبەر گۆڕانکاری. لە ڕاستیدا، لەگەڵ تێپەڕینی کات، کاستە گەورەکان دابەشبوون بەسەر نیمچە کاستەکاندا. دواجار چوار کاستە بنچینەییەکە بوون بە ٣٠٠٠ گروپبەندی جیاواز پێیان دەوترا جاتی (بە مانای وشە واتە "لەدایکبوون"). بەڵام ئەم زۆربوونەی کاستەکان پەرەنسیپی بنچینەیی سیستەمەکەی نەگۆڕی کە مەبەست لێی ئەوە بوو هەموو کەسێک لە پلەیەکی دیاریکراودا لەدایک دەبێت و هەر پێشێلکردنێکی ڕێساکانی، کەسەکە و تەواوی کۆمەڵگە پیس دەکات. جاتی ی کەسێک، پیشەکەی، ئەو خواردنەی دەیخوات، شوێنی ژیانی و هاوەڵە ڕەواکانی بۆ هاوسەرگیری، دیاری دەکات. زۆرجار کەسێک دەتوانێت تەنیا لەناو کاستەکەیدا هاوسەرگیری بکات و منالی بەرهەم هاتوو، میراتگری ئەو پێگەیەن.

هەر کاتێک پیشەیەکی نوێ پەیدا بووایە یان گروپێکی نوێی خەڵک لە گۆڕەپانەکە دەربکەوتایە، دەبووایە ئەوان وەکو کاستێک بناسێنرانایە بۆئەوەی شوێنێکی ڕەوا لەناو کۆمەڵگەی هیندۆسیدا وەربگرن. ئەو گروپانەی نەیاندەتووانی پێزانین وەکو کاستێک بەدەست بێنن، بە مانای وشە لە دەرەوەی کاست دەبوون- لەم کۆمەڵگە بەتۆڕبووەدا، ئەوان تەنانەت نزمترین پلەیان نەدەگرت. ئەوان وەکو نزمترینەکان دەناسران. ئەوان دەبووایە بەجودا لە هەموو خەڵکانی تر بژین و بە قێزەونترین و ڕیسواترین شێوە بژێوییەک بپچڕن، وەکو ناوکۆڵکردنی تەنەکەخۆڵەکان

بۆ پارچەی سکرِاپ. تەنانەت ئەندامانی نزمترین کاست خۆیان لە تێکەڵاوبوونیان، خواردن لەگەڵیان، دەستلێدانیان و بەدڵنیاییەوە هاوسەرگیری لەگەڵیان، لادەدا. لە هیندستانی مۆدێرندا، مەسەلەکانی هاوسەرگیری و کار هێشتا بە قورسی کارتێکراون بە سیستەمی کاست، سەرباری هەموو هەوڵەکانی حکومەتی دیموکراتی هیندستان بۆ شکاندنی ئەو جیاوازییانە و قەناعەتهێنان بە هیندۆسەکان بەوەی هیچ شتێکی پیسکەر نییە لە تێکەڵاوبوونەکانی کاستەکاندا.

بێگەردیی لە ئەمریکا

بازنەیەکی بەدکرداری هاوشێوە لە ئەمریکای مۆدێرندا، درێژەی بە هەڕەمێکی نەژادی دا. لە سەدەی شانزەوە بۆ سەدەی هەژدە، وڵاتگیرانی ئەوروپی ملیۆنان کۆیلەی ئەفریقییان هاوردە کرد بۆ ئەوەی لە کانەکان و کێڵگەکانی ئەمریکا دا کار بکەن. ئەوان هاوردەکردنی کۆیلەیان لە ئەفریقاوە هەڵبژارد نەک لە ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ئاسیاوە. ئەمەش لەبەر سێ هۆکاری پەیوەست بە بارودۆخەوە. یەکەم، ئەفریقا نزیکتر بوو، بۆیە هاوردەکردنی کۆیلە لە سەنیگالەوە هەرزانتر بوو وەک لە ڤێتنام.

دووەم، لە ئەفریقا، هەنوکە بازرگانییەکی کۆیلەی پێشکەوتوو هەبوو (بەشێوەیەکی سەرەکی کۆیلەیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەناردە دەکرد) کەچی لە ئەوروپا، کۆیلایەتی زۆر دەگمەن بوو. بە ئاشکرا زۆر ئاسانتر بوو کۆیلە لە بازارێکی هەنوکەیی بکڕیت نەک لە پرێکا بازارێک دروست بکەیت.

سێیەم، لە هەمووی گرنگتر، سەوزایی ئەمریکا لە شوێنەکانی وەکو ڤیرجینیا، هایتی و برازیل تووشی ئافاتی مەلاریا و تای زەرد بوو کە لە بنەڕەتدا لە ئەفریقا سەرچاوەی گرتبوو. ئەفریقییەکان بەدرێژایی چەند

نەوەیەک تا ڕادەیەک لە ڕووی بۆهێڵی(جێنەتیکی)یەوە پارێزراو بوون لەم نەخۆشییانە، کەچی ئەورووپییەکان تەواو دەستەوستان بوون و بە لێشاو دەمردن. سەرەنجام کارێکی ژیرانەتر بوو بۆ خاوەنی کێڵگەیەکی سەوزایی کە پارەکەی لە کۆیلەی ئەفریقیدا سەرمایەگوزاری بکات نەک لە کۆیلەی ئەورووپی یان ئیشکەری گرێبەست. کەچی بەشێوەیەکی ناکۆک ئاسا، بالایی جێنەسیَی (لە سۆنگەی خۆگرییەوە) بۆ نزمی کۆمەڵایەتی تەرجەمەکرا: کتومت لەبەرئەوەی کە ئەفریقییەکان لە کەش و هەوای گەرمەسێردا بەرگەگرتر بوون لە ئەورووپییەکان، سەرەنجام بوونە کۆیلەی سەرگەورە ئەورووپییەکان! لەبەر ئەم هۆکارە بارودۆخییانە، کۆمەڵگە نوێیە خێرا گەشەکردووەکانی ئەمریکا بەرەو دابەشبوون دەچوون بەسەر کاستێکی بالادەستی ئەورووپییە سپی پێستەکان و کاستی پاشکۆی ئەفریقییە ڕەش پێستەکاندا.

بەڵام خەڵکی حەز ناکەن بڵێن کۆیلەی نەژاد یان ڕەچەڵەکێکی دیاریکراو تەنیا لەبەر ئەوە ڕادەگرن کە لە ڕووی ئابووریییەوە یارمەتیدەرە. وەکو داگیرکارە ئارییەکانی هیندستان، ئەورووپییە سپی پێستەکان لە هەردوو ئەمریکاکەدا دەیانویست نەک تەنیا لە ڕووی ئابووریییەوە سەرکەوتوو، بەڵکو وەکو خواپەرست، دادگەر و بابەتیش ببینرێن. ئەفسانە ئایینی و زانستییەکان ئاخنرانە ناو بابەتەکەوە بۆ پاساودانی ئەم دابەشبوونە. تیۆلۆژەکان بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە ئەفریقییەکان لە (هام)ی کوڕی (نوح) کەوتوونەتەوە و لەلایەن باوکییەوە نەفرەتی ئەوەی لێکرا کە وەچەکانی ببنە کۆیلە. بایۆلۆژیستەکان بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە ڕەشپێستەکان لە سپی پێستەکان کەمتر هۆشمەندن و هەستی ئەخلاقییان پێنەگەیشتووترە. دکتۆرەکان بانگەشەی ئەوەیان

دەکرد کە ڕەش پێستەکان لە پیسیدا دەژین و نەخۆشی بڵاو دەکەنەوە- بە دەربڕینێکی تر، ئەوان سەرچاوەی پیسبوونن.

ئەم ئەفسانانە لە کەلتووری ئەمریکی و بەشێوەیەکی گشتی لە کەلتووری خۆرئاواییدا ئاشنان. ئەمانە بەردەوام بوون لە دانانی کاریگەرییان تەنانەت زۆر پاش ئەوەی کە ئەو هەلومەرجەی کۆیلایەتی دروستکردبوو نەما. لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا، بریتانیای ئیمپریالی، کۆیلایەتی قەدەغە کرد و بازرگانی کۆیلایەتیی ئەتلانتیک ی وەستاند و لە دەیەکانی پاش کۆیلایەتیدا پەیتا پەیتا لە سەرانسەری کیشوەری ئەمریکادا قەدەغەکرا. جێی سەرنجە کە، ئەمە یەکەم و تاکە وەختێکی مێژوو بوو تیایدا کۆمەڵگە کۆیلەدارەکان بەشێوەیەکی خۆبەخشانە کۆیلایەتییان هەڵوەشاند. بەڵام، ئەگەرچی کۆیلەکان ئازاد کران، ئەو ئەفسانە نەژادپەرستییانەی پاساودەری کۆیلایەتی بوون، هەر مانەوە. جیاکردنەوەی نەژادەکان لە ڕێگەی یاسای نەژادپەرستانە و نەریتی کۆمەڵایەتی بەرقەرار کرا.

ئەنجامەکەش بریتی بوو لە سوڕێکی خۆسەپێنی هۆکار و دەرەنجام، بازنەیەکی بەدکردار. بۆ نموونە، ئەمریکای باشوور ڕاستەوخۆ دوای جەنگی ناوخۆ لەبەرچاو بگرە. لە ساڵی ١٨٦٥دا، هەموارکراوی سیانزەهەمی دەستووری ئەمریکی کۆیلایەتی قەدەغە کرد و هەموارکراوی چواردەهەمین دەڵێت نابێ لەسەر بنەمای نەژاد نکوڵی لە هاوڵاتێتی و پارێزگاریی یەکسانی یاسا بکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، دوو سەدەی کۆیلایەتی بەو مانایە بوو کە زۆربەی خانەوادە ڕەش پێستەکان زۆر هەژارتر و زۆر کەمتر خوێندەوار بوون لە زۆربەی خانەوادە سپی پێستەکان. کەسێکی ڕەش پێستی لەدایکبوو لە ئالاباماى ساڵی ١٨٦٥ دەرفەتی زۆر کەمتری بەدەستهێنانی خوێندنی باش و کاری داهات

بەرزی هەبوو لە چاو دراوسێ سپی پێستەکانیدا. ئەو منالانەیان کە لە ١٨٨٠کان و ١٨٩٠ەکاندا لەدایک دەبوون، بەهەمان بێبەشبوون ژیانیان دەستپێکرد- ئەوانیش، لە خانەوادەیەکی نەخوێندەواری هەژاردا لەدایک بوون.

بەڵام بێبەشبوونی ئابووری، تەواوی بەسەرهاتەکە نییە. ئالاباما مەنزڵی زۆرێک لەو سپی پێستە هەژارانەش بوو کە دەرفەتەکانی خوشک و برا هاونەژادە دەوڵەمەندەکانیان نەبوو. سەرباری ئەمەش، شۆڕشی پیشەسازی و شەپۆلەکانی کۆچبەری، ئەمریکایان کردە کۆمەڵگەیەکی لەرادەبەدەر ناجێگیر، تیایدا، رێی تێدەچوو هەژارەکان بەخێرایی دەوڵەمەند ببن. ئەگەر پارە هەموو ئەو شتە بووایە کە گرنگ بوو، دەبووایە دابەشبوونی دیاری نێوان نەژادەکان بەزوویی بزر بووایە، بەتایبەت لە رێگەی هاوسەرگیرییەوە.

بەڵام ئەوە ڕووینەدا. بە هاتنی ١٨٦٥، سپی پێستەکان و زۆرێک لە ڕەش پێستەکان، وەهایان لەقەڵەمدا کە مەسەلەکە تەنیا پەیوەندی بەوەوە هەیە ڕەش پێستەکان کەمتر هۆشمەند، تووندوتیژتر و لەرووی ئارەزووی سێکسییەوە بێ بەندوبارتر، تەمەڵتر و کەمتر گرنگی بە خاوێنی کەسی دەدەن لەچاو سپی پێستەکان. لێرەوە ئەوان بکەری تووندوتیژی، دزی، لاقەکردن و نەخۆشییەکان بوون- بەدەربڕینێکی تر، فاکتەری پیسبوون بوون. ئەگەر ڕەش پێستێکی ئالاباماییی لە ١٨٩٥دا بەشێوەیەکی پەرجوئاسا بڕوانامەی خوێندنێکی باشی بەدەست بهێنایە و داواکاری بۆ کارێکی باشی وەکو کاشێری بانک بخستایەتە ڕوو، ئەگەرەکانی قبوڵبوونی زۆر لاوازتر بوون لەچاو کاندیدێکی سپی پێست کە هەمان ئەو مەرجانەی تیادا بووایە. ئەو شەرمەزارییەی کە ڕەش

پێستەکانی، بە سروشت گوماناوی، تەمەڵ و کەمتر هۆشمەند لەقەڵەم دەدا، وەکو گەلەکۆمەکێ تەوقیان کردن.

لەوانەیە تۆ پێت وابێت خەڵکی پەیتا پەیتا تێدەگەن کە ئەم شەرمەزاریانە ئەفسانە بوون نەک حەقیقەت و ڕەش پێستەکان، پێ بە پێی تێپەڕینی کات دەیانتووانی ڕێک وەکو سپی پێستەکان خۆیان وەکو ڕکابەر، پابەندی یاسا و خاوێن بسەلمێنن. لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕوویدا- ئەم لوتبەرزییانە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا زیاتر و زیاتر ڕەگیان داکوتا. لەبەرئەوەی هەموو باشترین کارەکان سپی پێستەکان پڕیان کردبووەوە، ئاسانتر بوو باوەڕ بکەیت کە ڕەش پێستەکان بە ڕاستی نزمن. تێکڕای هەر هاوڵاتییەکی سپی پێست دەیگوت (سەیر کە، چەندە نەوەیەک تێپەڕیووە ئەوەتەی ڕەش پێستەکان ئازاد بوون، لەگەڵ ئەوەشدا تەقریبەن هیچ پرۆفیسۆرێکی ڕەش پێست، پارێزەرێکی ڕەش پێست، دکتۆری ڕەش پێست یان تەنانەت کاشێرێکی بانکی ڕەش پێست نابینیت. ئایا ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە ڕەش پێستەکان کەمتر هۆشمەند و ئیشکەرن؟) ڕەش پێستەکان کە لەم بازنە بەدکردارەدا گیریان خواردبوو، کاری فەرمانبەرێتییان پێنەدەدرا چونکە بە ناهۆشمەند لەقەڵەم دەدران و بەڵگەی نزمییان ئەوە بوو کە ڕەش پێستەکان لە پۆستەکانی کارمەندێتیدا بوونیان نییە.

بازنەی بەدکردار لەوێ کۆتایی نەهات. لەکاتێکدا کە شەرمەزاریەکانی دژە ڕەش پێستی بەهێزتر دەبوون، ئەمانە بۆ سیستەمێکی یاساکانی (جیم کرۆ) تەرجەمە دەکران کە مەبەست لێیان پاراساتنی سیستەمی نەژادی بوو. نەدەهێڵرا ڕەش پێستەکان لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بدەن، لە قوتابخانەکانی سپی پێستەکاندا بخوێنن، لە فرۆشگاکانی سپی پێستەکاندا شت بکڕن، لە ڕێستۆرانتەکانی سپی

پێستەکاندا نان بخۆن، لە هۆتێلەکانی سپی پێستەکاندا بخەون. پاساوی هەموو ئەمە بریتی بوو لەوەی ڕەش پێستەکان قێزەونن، تەمەڵ و بەکردارن، بۆیە دەبووایە سپی پێستەکان لەبەرانبەریاندا بپاریزرێن. سپی پێستەکان لە ترسی نەخۆشی نەیاندەویست لەهەمان هۆتێلی ڕەش پێستاندا بژین یان لەهەمان ڕیستۆرانتدا نان بخۆن. ئەوان نەیاندەویست منااڵەکانیان لەهەمان ئەو قوتابخانانەدا بخوێنن کە منااڵەکانی ڕەش پێستەکان تیایاندا دەیانخوێند لەترسی دڵڕەقی و کاریگەریی خراپ. ئەوان نەیاندەویست ڕەش پێستەکان لە هەڵبژاردندا دەنگ بدەن، چونکە ڕەش پێستەکان نەزان و نائەخلاقی بوون. ئەم ترسانە بەو توێژینەوانە پشتڕاستکرانەوە کە (دەیانسەلماند) ڕەش پێستەکان بە ڕاستی کەمتر خوێنەوارن، نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان لەناو ئەواندا باڵاوترن و ئاستی تاوانیان زۆر باڵاترە (توێژینەوەکان ئەو ڕاستییەیان لەبیر کرد کە ئەم (ڕاستی)یانە دەرەنجامی جیاکارییەن لەدژی ڕەش پێستەکان).

بەهاتنی نیوەی سەدەی بیستەم، لەوانەیە جیاکاری لە ویلایەتە کۆنفیدراڵەکاندا خراپتر بووبێت لەچاو دوادواکانی سەدەی نۆزدە. (کلێنۆن کینگ)ی خوێندکاری ڕەشپێست کە لە ١٩٥٨دا داواکاری پێشکەشی زانکۆی میسیسیپی کرد، بەزۆری زۆرداری فەرمان درا بە ڕەوانەکردنی بۆی نەخۆشخانەی دەروونی. دادوەری بەرپەرس حوکمی ئەوەیدا کە بە دڵنیاییەوە دەبێ کەسێکی ڕەش پێست شێت بووبێت بیر لەوە بکاتەوە دەتوانێ لە زانکۆی میسیسیپی وەرگیرێت.

هیچ شتێک خەڵکانی باشوور (و زۆرێک لەوانەی باکوور)ی ئەوەندەی پەیوەندیی سێکسی و هاوسەرگیریی نێوان ڕەش پێست و سپی پێست تورە نەدەکرد. سێکس لەنێوان نەژادەکان بووە گەورەترین تابو و هەر پێشێلکارییەک، یان گومانی پێشێلکردن، وەکو شایستەی

کوشتنی ڕاستەوخۆ و بێ چەندوچون لەقەڵەم دەدرا. (کو کلوکس کلان) کە کۆمەڵەیەکی نهێنیی باڵاخواز بوو، ڕەشەکوژیی زۆری لەو جۆرەی ئەنجام دابوو. ئەوان دەیانتووانی شتێک یان دووان لەبارەی یاساکانیی بێگەردی فێری براهمینە هیندۆسەکان بکەن.

پێ بەپێی تێپەڕینی کات، نەژادپەرستی بۆ ناو بواری کەلتووریی زۆر و زۆرتر باڵاو بووەوە. کەلتووری جوانناسیی ئەمریکی لەسەر بنەمای ستانداردی سپی پێستانەی جوانی بونیاد نرا. تایبەتمەندییە فیزیکییەکانی نەژادی سپی- بۆ نموونە پێستی ڕوون، قژی خاو و کاڵ، لوتی بچوکی هەڵگەڕاوە بۆ سەرەوە- بە جوانی لە قەڵەم دران. تایبەتمەندییە جۆرییەکانی ڕەش پێست- پێستی ڕەش، قژی ڕەش و بژ، لوتی پان- بە ناشیرین لەقەڵەم دران. ئەم لێکدانەوانە هەڕەمە وێناکراوەکەیان تەنانەت لە ئاستێکی قوواڵتری ئاگایی مرۆڤدا داچەقاند.

دەشێ ئەم بازنە بەدکردارانە بۆ ماوەی سەدەگەلێک و تەنانەت چەند هەزارەیەک بەردەوام بن، درێژە بە هەڕەمێکی وێناکراو بدەن کە لە ڕووداوێکی مێژوویی ڕێکەوتەوە هەڵتۆقیووە. زۆرجار جیاکاریی نادادپەروەرانە پێ بە پێی تێپەڕینی کات خراپتر دەبێ نەک باشتر. پارە دەچێتە لای پارە، و هەژاریش دەچێتە لای هەژاری. خوێندن دەچێتە لای خوێندن و نەزانی بۆ لای نەزانی دەچێت. دەشێ ئەوانەی جارێک لە جاران مێژوو کردنیە قوربانی، جارێکی تریش ببنەوە بە قوربانی. ئەوانەش کە مێژوو ئیمتیازی پێ بەخشین ڕێی تێ دەچێ جارێکی تر ئیمتیازیان پێ بدرێتەوە.

زۆربەی هەڕەمە کۆمەڵایەتی سیاسییەکان بنەمایەکی بایۆلۆژی یان لۆژیکییان کەمە- ئەمانە هیچ نین جگە لە درێژکراوەی ڕووداوی ڕێککەوتی پشت ئەستوور بە ئەفسانەکان. ئەمە هۆکارێکی باشە بۆ

توێژینەوەی مێژوو. ئەگەر دابەشبوون بۆ ڕەش پێست و سپی پێست یان براهمینەکان و شودراکان لە واقعیەتە بایۆلۆژییەکاندا ڕەگی داکوتابێت- واتە، ئەگەر براهمینەکان بە ڕاستی مێشکی باشتریان هەبووبێت لە شودراکان- بایۆلۆژی بەسە بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگەی مرۆیی. لەبەرئەوەی جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی نێوان گروپە جیاوازەکانی مرۆڤە هۆشمەندەکان لە ڕاستیدا هیچ نییە، بایۆلۆژی ناتوانێت وردەکارییەکانی کۆمەڵگەی هیندی یان دایناميکە نەژادییەکانی ئەمریکا ڕوون بکاتەوە. ئێمە تەنیا دەتوانین لە ڕێگەی تاووتوێکردنی ئەو ڕووداوانە، بارودۆخانە و پەیوەندییانەی هێز کە وەهمی وێناکانیان وەرچەرخاندووە بۆ ستەرەکتۆری کۆمەڵایەتیی دڵڕەقانە-و زۆر واقیعی- لەو دیاردانە تێبگەین.

ئەوی نێرینە و ئەوی مێینە

کۆمەڵگە جیاوازەکان جۆری جیاوازی هەڕەمە وێناکراوەکان پیادە دەکەن. نەژاد بۆ ئەمریکییە مۆدێرنەکان زۆر گرنگە بەڵام تا ڕادەیەک بێ بایەخە بە بەراورد بۆ موسڵمانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست. کاست لە سەدەکانی ناوەڕاستی هیندستاندا بابەتی ژیان و مردن بوو، کەچی لە ئەوروپای مۆدێرندا بە کردار بوونی نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەڕەمێک گرنگییەگی گەورەی هەبووە لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییە ناسراوەکاندا: ئەویش هەڕەمی جێندەرە. خەڵکی لە هەموو شوێنێک خۆیان دابەش کردووە بۆ پیاوان و ژنان. تەقریبەن لە هەموو شوێنێکیش پیاوان مامەڵەی باشتریان لەگەڵدا دەکرێ، لانی کەم لە سەروەختی شۆڕشی کشتوکاڵییەوە.

هەندێ لە کۆنترین تێکستە چینییەکان بریتین لە ئینسقانەکانی زانیاریی کە دەگەڕێنەوە بۆ ١٢٠٠ ساڵ پێش زایین، بەکار هاتوون بۆ

پێشبینیکردنی ئایندە. لەسەر یەکێکیان ئەمە هەڵکەنراوە: (ئایا دووگیانییەکەی خاتوو هاو، بەختدار دەبێ؟) وەڵامەکەش نوسراوە: (ئەگەر منالەکە لە ڕۆژی دینگ لەدایکبوو، بەختدار دەبێ. ئەگەر لە ڕۆژی جێنگ لەدایک بوو، ئەوا ئەگەر و نەگەرە). لەگەڵ ئەوەشدا، خاتوو هاو منالەکەی لە ڕۆژی جیایین دەهاتە دنیاوە. تێکستەکە بە تێبینییەکی نابەدڵانە کۆتایی دێت: (پاش سێ هەفتە و یەک ڕۆژ، لە ڕۆژی جیایین دا، منالەکە لەدایک بوو. بەختدار نەبوو. کچ بوو). زیاتر لە ٣٠٠٠ هەزار ساڵ دواتر، کاتێک چین-ی کۆمەنیست سیاسەتی (یەک منالّ)ی پیادە کرد، زۆرێک لە خانەوادە چینییەکان بەردەوام بوون لەوەی پێیان وابێت لەدایکبوونی کچ نەگبەتییە. دایکان و باوکان ناوبەناو دەستبەرداری کۆرپە کچەکانیان دەبوون یان دەیانکوشتن بۆئەوەی هەوڵێکیتر بدەن بۆ خستنەوەی منالێکی کوڕ.

لە زۆرێک لە کۆمەڵگاکاندا ژنان هەروا بە سادەیی مولکی پیاوان، زۆر جار باوکانیان، مێردەکانیان و براکانیانن. لاقەکردن، لە زۆرێک لە سیستەمە یاساییەکاندا، دەکەوێتە ژێر حوکمی پێشێلکردنی مولک- بە دەربڕینێکی تر، قوربانییەکە ئەو ژنە نییە کە لاقەکراوە، بەڵکو ئەو نێرینەیەیە کە خاوەنیەتی. بەهۆی ئەم حاڵەتەوە، چارەسەری یاسایی بریتی بوو لە گواستنەوەی خاوەندارێتی- دەبووایە لاقەکەرەکە نرخی زاوایەک بداتە باوک یان برای ژنەکە و لێرەوە دەبووە مولکی لاقەکەرەکە. کتێبی ئینجیل فەرمان دەکات کە "ئەگەر پیاوێک بە پاکیزەیەک ئاشنا ببێت کە قسەی هاوسەرگیری لەسەر نەکراوە، و لەخشتەی ببات و درۆی لەگەڵ بکات و بدۆزرێنەوە، ئەوا ئەو پیاوەی لەگەڵیدا خەوتووە پەنجا سکەی زیو دەداتە باوکی ژنە گەنجەکە و

ژنەکەش دەبێتە هاوسەری) (دیوترۆنۆمی ٢٢:٢٨-٩). عیبرییە کۆنەکان ئەمەیان بە ڕێکخستنێکی مەعقوڵ لەقەڵەم داوە.

لاقەکردنی ژنێک کە هی هیچ پیاوێک نەبووە بەهیچ شێوەیەک بەتاوان لەقەڵەم نەدراوە، وەکو چۆن هەڵگرتنەوەی پارەیەکی بزر بوو لە شەقامێکی قەرەباڵغ بە دزی لەقەڵەم نادرێت. ئەگەر مێردێکیش لاقەی ژنەکەی خۆی بکات، تاوانی ئەنجام نەداوە. لە ڕاستیدا بیرۆکەی ئەمەی کە مێردێک دەیتووانی لاقەی ژنەکەی بکات قسەیەکی ناکۆک بووە. مێردبوون بە واتای ئەوە هاتووە کە دەسەڵاتی تەواوەتیت هەبێت بەسەر لایەنی سێکسی ژنەکەتدا. وتنی ئەمەی کە مێردێک (لاقە)ی ژنەکەی کردووە ئەوەندەی وتنی ئەمەی کە پیاوێک کیسەباخەڵەکەی خۆی دزیووە، نالۆژیکی بووە. بیرکردنەوەیەکی وەها سنووردار نەبووە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆن. تەنانەت لە ساڵی ٢٠٠٦یش هێشتا پەنجا و سێ وڵات هەبوون تیایاندا مێرد لەبەرانبەر لاقەکردنی ژنەکەیدا دادگایی نەدەکرا. تەنانەت لە ئەڵمانیا، یاساکانی لاقەکردن تا ١٩٩٧یش هەموار نەکرابوون و تەنیا لەو ساڵەدا خانەبەندییەکی یاساییان بۆ لاقەکردنی هاوسەرێتی دانا.

ئایا دابەشبوون بەسەر پیاوان و ژناندا بەرهەمی وێنایە، وەکو سیستەمی کاست لە هیندستان و سیستەمی نەژادی لە ئەمریکا، یان دابەشبوونێکی سروشتییە کە ڕەگوڕیشەی بایۆلۆژیی قووڵی هەیە؟ و ئەگەر لە ڕاستیدا ئەم دابەشبوونە سروشتی بێت، بەهەمان شێوە ڕوونکردنەوەی بایۆلۆژی هەن بۆ ئەو ئەفزەلیەتەی دراوە بە پیاوان لە بەرانبەر ژناندا؟.

هەندێ لە جیاوازییە کەلتووری، یاسایی و سیاسییەکانی نێوان پیاوان و ژنان ڕەنگدەرەوەی جیاوازییە بایۆلۆژییە ئاشکراکانی نێوان

ڕەگەزەکانە. منالّخستنەوە هەمیشە کاری ژنان بووە، چونکە پیاوان منالّدانیان نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، لە دەوری ئەم ناوکە جیهانییە ڕەقەدا، هەر کۆمەڵگەیەک تویژاڵ لەدوای تویژاڵی ڕیسا و بیرۆکەی کەلتووری تێ ئالّاندووە کە پەیوەندییەکی وەهای بە بایۆلۆژییەوە نییە. کۆمەڵگاکان چەندەها تایبەتمەندی دەبەخشنە نێرینەیی و مێینەیی، کە بەشی هەرە زۆریان بنەمای بایۆلۆژیی بەهێزیان نییە.

بۆ نموونە، لە ئەسینای دیموکراتی سەدەی پێنجەمی پێش زایینداً، تاکێک کە منالّدانی هەبوو پێگەی یاسایی سەربەخۆی نەبوو و قەدەغە بوو بۆی لە ئەنجومەنە گشتییەکاندا بەشداری بکات یان ببێتە دادوەر. چەند حاڵەتێکی کەمی لێ لاچێت، تاکێکی وەها نەیدەتوانی سوود لە خوێندنێکی باش وەرگرێت، نە دەشیتووانی بچێتە ناو بزنس یان وتار و وتوێژی فەلسەفییەوە. هیچ کام لە سەرکردە سیاسییەکانی ئەسینا، هیچ کام لە فەیلەسوفە مەزنەکانی، وتاربێژەکانی، هونەرمەندەکانی یان بازرگانەکانی، منالّدانیان نەبووە. ئایا هەبوونی منالّدان کەس، لە ڕووی بایۆلۆژییەوە، کەم و کورت دەکات بۆ پیشەکان؟ ئەسینایی کۆنەکان ئەم بیروباوەڕەیان هەبووە. ئەسینایی مۆدێرنەکان لەگەڵ ئەم بیروبۆچوونەدا ناکۆکن. لە ئەسینای ئەمڕۆدا ژنان دەنگ دەدەن، هەڵدەبژێردرێن بۆ پۆستە گشتییەکان، وتار دەدەن، هەموو شتێک هەر لە خشڵەوە تا بینایە و سۆفتوێر دیزاین دەکەن و دەچنە زانکۆ. منالّدانەکانیان ڕێگر نییە لەوەی هەر کارێک لەو کارانە بکەن و وەکو پیاوانیش سەرکەوتوو بن. ڕاستە، ئەوان هێشتا لە سیاسەت و بزنسدا لە خوارەوەن- تەنیا ١٢%ی ئەندامانی پەرلەمانی یۆنان ژنن. بەڵام بەربەستێکی یاسایی نییە بۆ بەشداریان لە سیاسەتدا و زۆربەی یۆنانییە مۆدێرنەکان پێیان وایە زۆر ئاساییە ژن لە حکومەتدا خزمەت بکات.

زۆرێک لە یۆنانییە مۆدێرنەکان بەهەمان شێوە پێیان وایە بەشێکی پیاوبوون ئەوەیە لە ڕووی سێکسییەوە تەنیا بەلای ژنەوە سەرنجڕاکێش بێت، و پەیوەندیی سێکسیت تەنیاوتەنیا لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەردا بێت. ئەوان ئەمە وەکو هەڵوێستگیرییەکی کەلتووری نابینن، بەڵکو وەکو واقعیەتێکی بایۆلۆژی دەیبینن- پەیوەندییەکانی نێوان دوو کەسی ڕەگەز جیاواز سروشتییە و لەنێوان دوو کەسی هەمان ڕەگەز ناسروشتییە. لەگەڵ ئەوەشدا، دایکە سروشت ڕێگر نییە لەوەی پیاوان لە ڕووی سێکسییەوە بەلای یەکتریدا بەکێش ببن. ئەوە تەنیا دایکە مرۆڤەکانن لە هەندێ کەلتووری دیاریکراودا بەرهەڵستی ئەم جۆرە پەیوەندییەن. وڕگرتنەکانی دایک، حەتمیەتێکی بایۆلۆژی نییە. ژمارەیەکی بەرچاوی کەلتووری مرۆییەکان پەیوەندییە هاوڕەگەزبازییەکانیان نەک تەنیا بە ڕەوا بەڵکو تەنانەت لەرووی کۆمەڵایەتییەوە بونیادنەر بینیووە، یۆنانی کۆنیش بەرچاوترین نموونەیە. (ئیلیاد) باسی ئەوە ناکات کە (زێتیس) هیچ بەرهەڵستییەکی هەبووبێت لەبەرانبەر ئەوەی کە (ئەخیل)ی کوڕی پەیوەندی هەبێت لەگەڵ (پاترۆکلوس)دا. شاژنە (ئۆلیمپیاس)ی (ماگدۆن) یەکێک بوو لە ژنە هەرە تورە و زۆردارەکانی جیهانی دێرین و تەنانەت (پاشا فیلیپ)ی مێردی خۆی بە کوشتندا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هیچ خۆی تێکنەدا کاتێک (ئالگزاندەری مەزن)ی کوڕی، (هێفاستیۆن)ی خۆشەویستی بۆ نانی ئێوارە هێنایە ماڵەوە.

ئێمە چۆن دەتووانین ئەو شتەی لە ڕووی بایۆلۆژییەوە دیاریکراوە لەو شتە جیا بکەینەوە کە خەڵکی هەوڵ دەدەن لە ڕێگەی ئەفسانە بایۆلۆژییەکانەوە پاساوی دەدەن؟ مەزندەیەکی باش ئەمەیە (بایۆلۆژی توانا ئەدات، کەلتوور ڕێگە دەگرێ). بایۆلۆژی ئامادەیە بەرگەی چەندەها ئەگەر بگرێت. ئەوە کەلتووری خەڵکی ناچار دەکات درک بە هەندێ

ئەگەر بکەن و کەچی ڕێگری هەندێکیتر بکەن. بایۆلۆژی توانا دەداتە ژنان منالیان ببێ- هەندێ کەلتوور ژنان ناچار دەکەن درک بەم ئەگەرە بکەن. بایۆلۆژی توانا دەداتە پیاوان پەیوەندیی سۆزییان لەگەڵ یەکتریدا هەبێ- هەندێ کەلتوور ڕێگرییان لێدەکەن لەوەی درک بەم ئەگەرە بکەن.

کەلتوور دەڵێت ئەو شتە قەدەغە دەکەم کە ناسروشتییە. بەڵام لە ڕوانگەی بایۆلۆژییەوە، هیچ شتێک ناسروشتی نییە. وەکو پێناسە، هەرچییەکیش ڕێی تێ بچێت سروشتییە. ڕەفتارێکی بە ڕاستی ناسروشتی، ڕەفتارێک کە ڕووبەڕووی یاساکانی سروشت دەوەستێتەوە، بوونی نییە، کەواتە پێویستی بە قەدەغەکردن نییە. هیچ کەلتوورێک نەپرژاوەتە سەر ئەوەی ڕێگر بێت لە پیاوان تا سەوزەگی بەرهەم بهێنن، ڕێگر بێت لە ژنان خێراتر لە ڕووناکی ڕابکەن، یان ئەمەی کە ئەلیکترۆنە نێگەتیڤەکان بەلای یەکتریدا بەکێش ببن.

لە ڕاستیدا، چەمکەکانمان، (سروشتی) و (ناسروشتی) لە بایۆلۆژیا وەرنەگیراون، بەڵکو لە تیۆلۆژیای مەسیحیەت وەرگیراون. مانای تیۆلۆژییانەی (سروشتی)، لەگەڵ نیازەکانی ئەو خودایەدا گونجاوە کە سروشتی خولقاندووە. ئایینناسە مەسیحییەکان دەیانگوت خودا جەستەی مرۆڤی دروستکردووە، مەبەستی بووە هەر پەلێک و ئەندامێک مەبەستێکی دیاریکراو بەجێ بێنێت. ئەگەر ئێمە پەلەکان و ئۆرگانەکانمان بۆ ئەو مەبەستەی خودا ویستوویەتی بەکاربێنین، ئەوا ئەمە چالاکییەکی سروشتییە. ئەگەر بەشێوەیەکی جیاواز لە نیازی خودا بەکاریان بێنین ئەوا ناسروشتییە. بەڵام پەرەگرتن هیچ مەبەستێکی نییە. ئەندامەکان بۆ مەبەستێک پەرەیان گرتووە و شێوازی بەکارهێنانیان لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە. تاکە ئەندامێک نییە لە

جەستەی مرۆڤدا تەنیا ئەو کارە بکات کە هاوتاکەی پێش سەدان ملیۆن ساڵ کردوویەتی. ئەندامەکان پەرەدەگرن بۆ بەجێگەیاندنی کردارێکی دیاریکراو، بەڵام هەر کە هاتنە بوون، دەکرێ بۆ بەکارهێنانی تریش بگونجێنرێن. بۆ نموونە، دەمەکان، بۆ ئەوە دروستبوون کە سەرەتاییترین زیندەوەرە فرەخانەکان پێویستیان بە ڕێگەیەک بوو بۆ وەرگرتنی مادە خۆراکییەکان بۆ ناو جەستەکانیان. ئێمە هێشتا دەم بۆ ئەو مەبەستە بەکاردێنین، بەڵام بەهەمان شێوە بۆ ماچکردن، قسەکردن و ئەگەر ڕامبۆ بین، بۆ ڕاکێشانی قفڵی نارنجۆکیش بەکاری دێنین. ئایا ئەم بەکارهێنانانە ناسروشتین تەنیا لەبەرئەوەی پێشینانی کرم ئاسامان ٦٠٠ ملیۆن ساڵ لەمەوبەر ئەم شتانەیان بە دەمیان نەکردووە؟

بەهەمان شێوە، پەلەکان لەپڕێکدا لەو شکۆمەندییەی جوڵەی هەواییاندا دەرنەکەوتن. پەلەکان لەو ئەندامانەوە گەشەیان کردووە کە بۆ مەبەستی تر بەکارهاتوون. بە پێی تیۆرەیەک لە تیۆرەکان، باڵەکانی مێروو ملیۆنان ساڵ بە گەشەی کاوەخۆدا تێپەڕیووە سەرەتا دەرچووی بچوکی جەستە بوون و بۆ فڕین نەشیاوبوون. ئەو مێروانەی ئەستووراییان هەیە ڕوویەکی پانتریان هەبووە لەوانەی ئەستووراییان نییە و ئەمە توانای پێداون خۆرەتاوی زیاتر هەڵمژن و زیاتر گەرم ببنەوە. لە پرۆسەیەکی پەرەگرتنی خاو دا، ئەم گەرمکەرە خۆرەتاوییانە گەورە و گەورەتر بوون. هەمان ستەرەکتۆر کە باش بووە بۆ ئەوپەڕی هەڵمژینی خۆرەتاو- ناوچەیەکی ڕووکاری زۆر، کێشێکی کەم- بە ڕێکەوت کەمێک بەرزبوونەوەی پێبەخشیوون کاتێک ڕایانکردووە و بازیانداوە. ئەوانەیان کە دەرچووی گەورەتری جەستەیان هەبووە توانیوویانە دوورتر ڕابکەن و باز بدەن. هەندێ لە مێرووەکان دەستیانکردووە بە بەکارهێنانی ئەو شتانە بۆ دەرپەڕین و لەوێوە هەنگاوێکی بچوک مابووە بۆ ئەو باڵانەی

بەهۆیانەوە مێرووەکە بەهەوادا بفڕێت. ئەگەر جارێکی تر مێشوولەیەک لە گوێچکەتدا گیزە گیزی کرد، بە ڕەفتار ناسروشتی تۆمەتباری بکە. ئەگەر ڕەفتارێکی باشی نواند و ڕازی بوو بەوەی خودا پێی داوە، ئەوا باڵەکانی تەنیا وەکو پانێڵی خۆرەتاوی بەکار دەهێنێت.

هەمان جۆری فرەبەکارهێنان بۆ ڕەفتار و ئەندامە سێکسییەکان ڕاستە. سەرەتا سێکس بۆ وەچەخستنەوە و یەکتربەکێشکردن بۆ هەڵسەنگاندنی گونجاویی هاوکوفێک، پەرەی گرتووە. بەڵام زۆرێک لە گیانەوەران ئێستا هەردووکی بۆ چەندەها مەبەستی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن کە پەیوەندییەکی وەهای نییە بە خستنەوەی کۆپیی خۆیان. بۆ نموونە، شەمپانزێکان سێکس بۆ تۆکمەکردنی هاوپەیمانێتییە سیاسییەکان، بونیادنانی ئینتیما و کپکردنەوەی ناکۆکییەکان بەکاردێنن. ئایا ئەمە ناسروشتییە؟.

سێکس و جێندەر

کەواتە هیچ واتایەکی نییە بڵێین کرداری سروشتی ژنان بریتییە لە منداڵ خستنەوە یان هۆمۆسێکسوالیتی ناسروشتییە. زۆربەی ئەو یاسا، ڕێسا، ماف و ئەرکانەی پێناسەی پیاوەتی و ژنێتی دەکەن، وێنەدەرەوەی وێنای مرۆڤن نەک واقیعی بایۆلۆژی.

لە ڕووی بایۆلۆژییەوە، مرۆڤەکان دابەش بوون بەسەر نێرینەکان و مێینەکاندا. مرۆڤێکی هۆشمەندی نێرینە ئەوەیە کە کرۆمۆسۆمێکی X و کرۆمۆسۆمێکی Y هەیە. مێینە ئەوەیە کە دووX ی هەیە. بەڵام (پیاو) و (ژن) وتەزای کۆمەڵایەتین نەک بایۆلۆژی. لەکاتێکدا کە زۆرینەی هەرە زۆری کەیسەکان لە زۆربەی کۆمەڵگە مرۆییەکاندا پیاوان نێرینەن و ژنان مێینەن، زاراوە کۆمەڵایەتییەکان واتاگەلێک هەڵدەگرن کە

پەیوەندییەکی لاوازی بە زاراوە بایۆلۆژییەکانەوە هەیە. پیاو مرۆڤێکی هۆشمەند نییە کە تایبەتمەندیی بایۆلۆژیی دیاریکراوی هەبن وەکو کرۆمۆسۆمی XY ، گون و هۆرمۆنێکی زۆری تێتستڕۆن. بەڵکو، ئەو دەکەوێتە خانەیەکی دیاریکراو لە سیستەمی مرۆیی وێناکراوی کۆمەڵگەکەیدا. ئەفسانەکانی کەلتوورەکەی، ڕۆڵ (وەکو چوونە ناو سیاسەتەوە)، ماف(وەکو دەنگدان) و ئەرک (خزمەتی سەربازی)ی نێرینەی ناوازەی پێدەبەخشن. بەهەمان شێوە، ژن مرۆڤێکی هۆشمەند نییە بە دوو کرمۆسۆمیX ەوە، منالدانێک و هۆرمۆنێکی زۆری ئۆستڕۆجینەوە. بەڵکو، ئەو ئەندامێکی مێینەی سیستەمێکی مرۆیی وێناکراوە. ئەفسانەکانی کۆمەڵگەکەی، ڕۆڵ(بەخێوکردنی منال)، مافەکان (پارستن لە بەرانبەر توندوتیژی) و ئەرک (ملکەچی بۆ مێردەکەی)ی مێینەی ناوازەی پێدەبەخشن. لەبەرئەوەی ئەفسانەکان، نەک بایۆلۆژیا، پێناسەی ڕۆڵەکان، مافەکان و ئەرکەکانی پیاوان و ژنان دەکەن، مانای (پیاوەتی) و (ژنێتی) بەشێوەیەکی بەرچاو لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر گۆڕاوە.

بۆئەوەی شتەکان ئاڵۆزتر نەکەن، زۆرجار لێکۆڵەران جیاوازی دەکەن لەنێوان (سێکس) کە وتەزایەکی بایۆلۆژییە و (جێندەر) کە وتەزایەکی کەلتوورییە. سێکس لەنێوان نێرینەکان و مێینەکاندا دابەش دەبێت و تایبەتمەندییەکانی ئەم دابەشبوونە بابەتین و بەدرێژایی مێژوو هەروا ماوەتەوە. جێندەر بەسەر پیاوان و ژناندا (و هەندێ کەلتوور وتەزای تر دەخەنەڕوو) دابەش دەبێت. بەناو تایبەتمەندییە (نێرنەیی) و (مێینەیی)یەکان نێوانە خودیین و بە گۆڕانکاری بەردەوامدا ڕەت دەبن. بۆ نموونە، جیاوازیی زۆر قوول هەن لە ڕەفتار، ئارەزووەکان، پۆشاک و

تەنانەت لەش و لاری چاوەڕێکراو لە ژنانی ئەسینای کلاسیک و ژنانی ئەسینای مۆدێرندا.

سێکس گەمەی منالە، بەڵام جێندەر مەسەلەیەکی جددییە. ئەمەی کە ئەندامێکی ڕەگەزی نێرینە بیت ئاسانترین شتە لە جیهاندا. تەنیا پێویستت بەوەیە بە کرۆمۆسۆمێکی X و کرۆمۆسۆمێکی Y لەدایک ببیت. بوون بە مێینەش ئاسانە. جوتێک کرۆمۆسۆمی Xئەمە دەکات. کەچی، بوون بە پیاو یان ژن زۆر ئاڵۆزە و پێویستی بە ئیش لەسەرکردن هەیە. لەبەرئەوەی زۆربەی تایبەتمەندییە نێرینەیی و مێینەییەکان کەلتوورییەن نەک بایۆلۆژی، هیچ کۆمەڵگەیەک بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی هەموو نێرینەیەک بە پیاو یان هەموو مێینەیەک بە ژن ناودێر ناکات. نە ئەم ناونیشانانەش ئیمتیازگەلێکن پشتیان پێ ببەسترێ کە بەدەست هێنران. پێویستە نێرینەکان بە درێژایی ژیانیان، هەر لە بێشکەوە تا گۆڕ، لە زنجیرەیەک سروت و کردارا بە بەردەوامی نێرینەیی خۆیان بسەلمێنن. کاری ژنیش قەت تەواو نابێت- پێویستە ئەو بە بەردەوامی قەناعەت بە خۆی و ئەوانیتر بکات کە بایی پێویست مێینەیە.

سەرکەوتن گرەنتی نییە. نێرینەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو لە ترسێکی بەردەوامی لەدەستدانی بانگەشەی پیاوەتییاندا دەژین. بەدرێژایی مێژوو، نێرینەکان ئارەزوومەند بوون سەرکێشی بکەن و تەنانەت ژیانیان بکەنە قوربانی، تەنیا بۆئەوەی خەڵکی بڵێن (بە ڕاستی پیاوە!)

چ شتێکی پیاوان نەوەندە باشە؟

لانی کەم لە سەروەختی شۆڕشی کشتوکاڵییەوە، زۆربەی کۆمەڵگە مرۆییەکان کۆمەڵگەی باوکسالاری بوون کە پیاوانیان زیاتر لە ژنان

نرخاندووه. گرنگ نییه کۆمەڵگە (پیاو) و (ژن)ی چۆن پێناسە کردووە، پیاوبوون هەمیشە باشتر بووە. کۆمەڵگە باوکسالارییەکان پیاوان فێری ئەوە دەکەن بە شێوازێکی نێرینەییانە بیر بکەنەوە و ڕەفتار بکەن و ژنانیش بەشێوازێکی مێینەیی بیر بکەنەوە و ڕەفتار بکەن و سزای هەر کەسێکی داوە ئەو سنووورانە ببەزێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی یەکسان پاداشتی ئەوانەی بەزاندووە کە پەیڕەوییان لەو ڕێسایە کردووە. ئەو تایبەتمەندییانەی بە نێرینەیی لەقەڵەم دراون بەهادارتر بوون لەوانەی بە مێینەیی لەقەڵەم دراون و ئەندامانی کۆمەڵگەیەک کە نموونەیی مێینەییان تێدایە کەمتر بەدەست دێنن لەوانەی کە نوێنەری نموونەی نێرنەیین. سامانی کەم لە تەندروستی و پەروەردەی ژناندا سەرمایەگوزاری دەکرێت، ئەوان دەرفەتی ئابووریان کەمترە، دەسەڵاتی سیاسییان کەمتر و ئازادیی جوڵانەوەیان کەمترە. جێندەر پێشبڕکێیەکە تیایدا هەندێ لە ڕاکەران تەنیا پێشبڕکێ بۆ میدالی برۆنز دەکەن.

راستە، چەند ژنێک خۆیان گەیاندووەتە پێگەی ئەلفا، وەکو کلێۆپاترای میسر، ئیمپراتۆرە (وو زێتیان)ی چین (٧٠٠ی زایین) و ئێلیزابێسی یەکەمی ئینگلتەرە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان حاڵەتی ناوازەن کە ڕێساکە دەسەلمێنن. بەدرێژایی حوکمی چل و پێنج ساڵەی ئێلیزابێس، هەموو ئەندامانی پەرلەمان پیاو بوون، هەموو ئەفسەرانی هێزی دەریایی شاهانە پیاو بوون، هەموو دادوەران و پارێزەران پیاو بوون، هەموو ئوسقوفەکان و سەرپەرشتیارەکانیان پیاو بوون، هەموو تیۆلۆژەکان و قەشەکان پیاو بوون، هەموو دکتۆرەکان و نەشتەرگەرەکان پیاو بوون، هەموو خوێندکار و پرۆفیسۆرەکان لە هەموو زانکۆ و کۆلێژەکاندا پیاو بوون، هەموو پارێزگارەکان و بەڕێوەبەری ناوچەکان پیاو

بوون و تەقریبەن هەموو نووسەر، تەلارساز، شاعیر، فەیلەسوف، شێوەکار، مۆسیقار و زاناکان پیاو بوون.

باوکسالاری تەقریبەن لە هەموو کۆمەڵگە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکاندا ڕێسایەک بووە. ئەمە بەشێوەیەکی سەرسەختانە بەرگەی هەڵبەز و دابەزی سیاسی، شۆرشە کۆمەڵایەتییەکان و وەرچەرخانە ئابووریيەکانی گرتووە. بۆ نموونە میسر، بەدرێژایی سەدە گەلێک چەند جارێک داگیر کراوە. ئاشووریەکان، فارسەکان، مەگدۆنییەکان، ڕۆمانەکان، عەرەبەکان، مەملوکەکان، تورکەکان و بریتانییەکان داگیریان کردووە- و کۆمەڵگاکەی هەر بە باوکسالاری ماوەتەوە. میسر بە یاسای فیرعەونی، یاسای یۆنانی، یاسای ڕۆمانی، یاسای موسڵمان، یاسای عوسمانی و یاسای بریتانی بەڕێوە براوە- و هەمووشیان جیاکارییان لەدژی ئەو خەڵکە کردووە کە (پیاوی ڕاستەقینە) نەبوون.

لەبەرئەوەی باوکسالاری زۆر جیهانییە، ناتوانێت بەرهەمی بازنەی بەدکردار بێت کە بە ڕووداوی ڕێکەوت دەستپێکردووە. بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەوە جێی تێبینییە کە تەنانەت پێش ١٤٩٢، زۆربەی کۆمەڵگاکان هەم لە ئەمریکا و هەم لە ئەفرۆ-ئاسیا باوکسالاری بوون، تەنانەت ئەگەرچی بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لە دەرەوەی پەیوەندییدا بوون. ئەگەر باوکسالاری لە ئەفرۆ-ئاسیا سەرچاوەگرتووی ڕووداوێکی بە ڕێکەوت بووبێت، بۆچی ئازتێکەکان و ئینکاکان باوکسالاری بوون؟ ئەگەرێکی زۆر هەیە کە ئەگەرچی پێناسەی کتومتی (پیاو) و (ژن) لەنێوان کەلتوورەکاندا دەگۆڕێ، هۆکارێکی بایۆلۆژیی جیهانی هەیە کە بۆچی تەقریبەن هەموو کەلتوورەکان پیاوەتییان بەسەر ژنێتیدا

نرخاندووە. ئێمە نازانین ئەم هۆکارە چییە. تیۆرەگەلێکی زۆر هەن، هیچیشیان قەناعەتهێن نین.

هێزی ماسولکە

باوترین تیۆرە ئاماژە بەو فاکتە دەکات کە پیاوان لە ژنان بەهێزترن و ئەمەی کە ئەوان هێزی فیزیکی زیاتریان بەکارهێناوە بۆ ناچارکردنی ژنان بۆ ملکەچکردن. وێنەیەکی ئاڵۆزتری ئەم بانگەشەیە دەڵێت بەهێزییان ڕێگە بە پیاوان دەدات مۆنۆپۆڵی ئەو ئەرکانە بکەن کە پێویستیان بە ئیشی دەستی قورس هەیە، وەکو کێڵان و دروێنە. ئەمە کۆنترۆڵی بەرهەمهێنانی خۆراکیان پێ دەبەخشێت، کە ئەمەش توانای سیاسییان دەداتێ.

ئەم جەختکردنەوەیە لە هێزی ماسولکەیی، دوو کێشەی هەیە. یەکەم، وتنی ئەمەی کە پیاوان بەهێزترن لە ژنان تەنیا بەشێوەیەکی تێکڕایی و تەنیا پەیوەند بە هەندێ جۆری بەهێزی ڕاستە. ژنان بەشێوەیەکی گشتی لە پیاوان بەرەنگارترن بەرانبەر برسێتی، نەخۆشی و داهێزران. هەروەها زۆر ژن هەن کە دەتووانن خێراتر ڕابکەن و کێشی قورستر بەرز بکەنەوە. سەرباری ئەمەش، و کێشەی گەورەتری ئەم تیۆرەیە ئەوەیە کە، ژنان بەدرێژایی مێژوو بەشێوەیەکی سەرەکی لەو کارانە کراونەتە دەرەوە کە پێویستیان بە تەقەلای جەستەیی کەم هەیە (وەکو قەشەیی، یاسا و سیاسەت)، کەچی چوونەتە ناو ئیشی سەختی دەستییەوە لە کێڵگەکان، کاردەستی و مااڵداریدا. ئەگەر هێزی کۆمەاڵیەتی ڕاستەوخۆ بە گوێرەی هێز و وزەی جەستەیی دابەش بووایە، ئەوا دەبووایە ژنان زۆر زیاتریان لێ دەست بکەوتایە.

تەنانەت لەوەش گرنگتر، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە لەنێوان بەهێزیی جەستەیی و هێزی کۆمەڵایەتی لەناو مرۆڤەکاندا. خەڵکی لە شەستەکانی تەمەنیاندا زۆرجار بەسەر خەڵکێکی تەمەن بیست ساڵیدا پراوەی دەسەڵات دەکەن، ئەگەرچی تەمەنەکانی بیست و شتێک زۆر بەهێزترن لەوانەی لێیان بەتەمەنترن. خاوەن کێڵگەیەکی ئاسایی لە ئالاباما لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا لەلایەن هەر کۆیلەیەک کە کێڵگەی پەمۆکەی دەکێڵا بە چەند چرکەیەک ئەدرا بە زەویدا. شەڕە مشتەکۆڵە نەدەبووە هۆی هەڵبژاردنی فیرعەونەکانی میسر یان پاپا کاسۆلیکەکان. لە کۆمەڵگە خۆراک دۆزەرەوەکاندا، باڵادەستی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی بەند بووە بەوەی کەسەکە باشترین لێهاتوویی کۆمەڵایەتی هەبێت نەک زۆرترین ماسولکەی بەرجەستەبوو. لە تاوانی ڕێکخراودا، مەرج نییە سەرۆکی گەورە بەهێزترین پیاو بێت. ئەو زۆرجار پیاوێکی پیرترە کە بە دەگمەن مشتەکۆڵەکانی خۆی بەکاردێنێت، ئەو پیاوانی گەنجتر و باریکتر دەگلێنێتە ناو کارە پیسەکانی. کابرایەک کە پێی وایە ڕێگای زاڵبوون بەسەر سەندیکادا ئەوەیە ڕێبەرەکە بدەی بە زەویدا، ڕێی تێناچێ ئەوەندە درێژ بژیت کە لە هەڵەکەیەوە فێر بێت. تەنانەت لەناو شەمپانزێکاندا، نێرینەی ئەلفا لە ڕێگەی بونیادنانی هاوپەیمانێتیەکی جێگیر لەگەڵ نێرینەکان و مێینەکانی تردا پێگەکەی بەدەست دەهێنێت، نەک لە ڕێگەی تووندوتیژیی گەمژانەوە.

لە ڕاستیدا، مێژووی مرۆڤ دەریدەخات کە زۆرجار پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان هێزی فیزیکی و هێزی کۆمەڵایەتیدا. لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، ئەوە چینە نزمترەکانن کە ئیشی دەستی ئەنجام دەدەن. لەوانەیە ئەمە وێنەدەرەوەی پێگەی مرۆڤە هۆشمەندەکان بێت لە زنجیرەی خۆراکیدا. ئەگەر هەموو ئەو شتەی حسابە تەنیاوتەنیا توانای

فیزیکی بووایە، مرۆڤە هۆشمەندەکان خۆیان لە پلیکانەیەکی ناوەڕاستی پەیژەکەدا دەبینییەوە. بەڵام توانا ئەقڵی و کۆمەڵایەتییەکانیان لە سەری سەرەوەیان داناون. هەر بۆیە تەنیا ئەوە سروشتییە کە زنجیرەی هێز لەناو توخمەکاندا بەهەمان شێوە بەهۆی توانا ئەقڵی و کۆمەڵایەتییەکانیش دیاری بکرێت نەک تەنیا هێز تووندوتیژانە. بۆیە قورسە باوەڕ بکەیت کە کاریگەرترین و جێگیرترین هەڕەمی کۆمەڵایەتی لە مێژوودا بەشێوەیەکی فیزیکی لەسەر توانای پیاوان بونیاد نراوە بۆ ملکەچپێکردنی ژنان.

پۆخڵەواتی کۆمەڵگە

تیۆرەیەکی تر ڕوونی دەکاتەوە کە بااڵدەستی نێرینەیی، سەرچاوەگرتووی شەڕانگێزییە نەک بەهێزی. ملیۆنان ساڵی پەرەگرتن پیاوانی زۆر تووندوتیژتر کردووە لە ژنان. تیۆرەکە دەڵێت، تا ئەو جێیەی کە ڕق، چاوچنۆکی و خراپ بەکاربردن لە گۆڕێیە، ژنان دەتووانن ڕکابەرێتی پیاوان بکەن، بەڵام کە هەلومەرجەکە قورس بوو، ئەوا پیاوان ئارەزوومەندی چوونە ناو تووندوتیژیی فیزیکین. هەربۆیە بەدرێژایی مێژوو، جەنگ ئیمتیازێکی نێرینەیی بووە.

لە سەردەمانی جەنگدا، دەسەاڵتی پیاوان لە هێزە چەکدارەکاندا وایلێکردوون گەورەی کۆمەڵگەی مەدەنیش بن. پاشان ئەوان کۆنترۆڵیان لە کۆمەڵگە مەدەنییەکاندا بەکارهێنا بۆ ئەنجامدانی جەنگی زیاد و زیاتر و چەندەی ژمارەی جەنگەکان زیاتر بووبێت، کۆنترۆڵی پیاوان بەسەر کۆمەڵگەدا زیاتر بووە. ئەم ئەڵقە زانیارییە هەم بەربڵاویی جەنگەکان و هەم بەربڵاویی باوکسالاری ڕوون دەکاتەوە.

توێژینەوەکانی ئەم دواییەی سیستەمەکانی هۆرمۆنی و درکیی پیاوان و ژنان ئەو گریمانەیە بەهێز دەکات کە لە ڕاستیدا پیاوان مەیلی شەڕانگێزانەتر و توندوتیژانەتریان هەیە و بۆیە، بەشێوەیەکی تێکڕایی، باشتر گونجاون بۆ خزمەتکردن وەکو سەربازی ئاسایی. لەگەڵ ئەوەشدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی سەربازانی ئاسایی هەموویان پیاوانن، ئایا ئەمە بەو مانایەیە ئەوانەی جەنگ بەڕێوە دەبەن و بەروبوومەکەی دەچنەوە بەهەمان شێوە پیاوانن؟ ئەمە پوچە. ئەمە وەکو ئەوە وایە بڵێیت لەبەرئەوەی ئەو کۆیلانەی کشتیاریی کێڵگەکانی پەمۆ دەکەن ڕەش پێستن، خاوەن کێڵگەکانیش ڕەش پێستن. وەکو چۆن هێزێکی کاری ڕەش پێست دەشێ لەلایەن دەستەیەکی بەڕێوەبردنی سپی پێستەوە کۆنترۆڵ بکرێت، بۆچی ناکرێ کۆمەڵەیەکی نێرینە لەلایەن کۆمەڵەیەکی مێینەوە یان لانی کەم حکومەتێکی نیوە مێینەوە کۆنترۆڵ بکرێت؟ لە ڕاستیدا، بەدرێژایی مێژوو، لە چەندەها کۆمەڵگەدا ئەفسەرە پلە بەرزەکان لە پلەیەکی ئاساییەوە نەگەیشتوونەتە ئەو پلەیە. ئەریستۆکراتەکان، دەوڵەمەندەکان و خوێنەوارەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پلەی ئەفسەرییان پێ بەخشراوە و قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سلکەکەدا خزمەتیان نەکردووە.

کاتێک دوقی وێلینگتۆن، دوژمنی سەرسەختی ناپلیۆن، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا لە سوپای بریتانیدا ناونووس کرا، دەستبەجێ کرایە ئەفسەر. ئەو هیچ بیری لە سەربازە ئاساییەکانی ژێر دەستی نەکردبووەوە. ئەو لە ماوەی جەنگەکانی دژی فەرەنسادا بۆ هاوەڵێکی ئەریستۆکراتی نوسیبووی: (ئێمە پۆخڵەواتی سەر زەویمان وەکو سەربازی ئاسایی لە خزمەتدا داناوە). ئەم سەربازە ئاساییانە زۆرجار لەناو هەژارترین خەڵکدا ناونووس دەکران، یان لەناو کەمینە ئەتنییەکاندا

(وەکو کاسۆلیکە ئیرلەندییەکان). ئەوان دەرفەتیان لە بەرزبوونەوە بە پلەکانی سەربازیدا زۆر لاواز بوو. پلە بەرزەکان تەرخان کرابوون بۆ دوقەکان، شازادەکان و پاشاکان. بەڵام بۆچی تەنیا بۆ دوقە پیاوەکان، نەک بۆ دوقە ژنەکانیش؟.

ئیمپراتۆریەتی فەرەنسی لە ئەفریقا بە ئارەق و خوێنی سەنیگالییەکان، جەزائیرییەکان و پیاوانی چینی کرێکاری فەرەنسی بونیاد نرا و بەرگری لێکرا. رێژەی فەرەنسییە خانەدانەکان لەناو پلە ئاساییەکاندا نزیکی سفر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا رێژەی فەرەنسییە خانەدانەکان لەناو ئەو دەستەبژێرەی رێبەرایەتی سوپای فەرەنسی کرد، حوکمی ئیمپراتۆریەتەکەی کرد و بەروبوومەکەی چنیەوە، زۆر بەرز بوو. بۆچی تەنیا پیاوانی فەرەنسی و ژنانی فەرەنسی نا؟.

لە چین نەریتێکی درێژی پاشکۆکردنی سوپا هەبوو بۆ بیرۆکراسی، بۆیە زۆرجار ئەو چینییە ڕەسەنانەی قەت شمشێریان بەدەستەوە نەگرتبوو جەنگەکانیان بەڕێوە دەبرد. وتەیەکی چینی باو بوو کە دەیگوت (تۆ ئاسنی باش بە دروستکردنی بزمار بەفیڕۆ نادەیت). مەبەست لەم وتەیە ئەوە بوو کە خەڵکی بەراستی لێهاتوو دەچنە ناو بیرۆکراسی مەدەنی، نەک سوپا. کەوایە بۆچی ئەو هەموو پیاوە چینییانە؟.

مرۆڤ ناتوانێت بەشێوەیەکی مەعقول بەڵگەی ئەوە بهێنێتەوە کە لاوازیی فیزیکی یان نزمی ئاستەکانی تێستۆرۆن ڕێگرە لەوەی ژنان ببنە چینیی ڕەسەن، جەنەرال و سیاسیی سەرکەتوو. بۆ بەڕێوەبردنی جەنگ، بە دڵنیاییەوە پێویستت بە وزە دەبێت، بەڵام دڕی و بەهێزیی جەستەیی زۆر نا. جەنگەکان بریتی نین لە لێکدانەکانی ناو بارەکان. بەڵکو پڕۆژەی زۆر ئاڵۆزن کە پێویستیان بە ئاستێکی لە ڕادەبەدەری ڕێکخستن،

هاریکاری و هێورکردنەوە هەیە. توانای بەرقەرارکردنی ئاشتی لە وڵاتدا، بەدەستهێنانی هاوپەیمانێتی لە دەرەوەی وڵات و تێگەیشتن لەوەی چی لە مێشکی خەڵکانی تردا دەگوزەرێ (بەتایبەت دوژمنانت) زۆرجار کلیلی سەرکەوتنە. لێرەوە شەڕانگێزێکی درێندە، خراپترین بژاردەیە بۆ بەڕێوەبردنی جەنگ. کەسێکی وا باشترە هاوکار بێت کە بزانێت چۆن هێور بکاتەوە، چۆن هەل بقۆزێتەوە و شتەکان لە ڕوانگەی جیاوازە ببینێت. ئەمە ئەو شتانەن کە لە بونیادنەرانی ئیمپراتۆریەتەکاندا هەبوون. ئۆگەستوس کە لەڕووی سەربازییەوە بێ توانا بوو سەرکەوتوو بوو لە بونیادنانی ڕژێمێکی ئیمپریالی جێگیر، بەدەستهێنانی شتێک کە هەم جولیەس قەیسەر و هەم ئەلێگزاندەری مەزن بەدەستیان نەهێنا ئەگەرچی جەنەرالی باشتر بوون. هەردوو سەرسامە هاوچەرخەکەی و مێژوونووسانی مۆدێرن زۆرجار ئەم تایبەتمەندییە دەگەڕێننەوە بۆ فەزیلەتی نەرم و نیانی.

زۆرجار ژنان وا نموونەیان لەسەر دەهێنرێتەوە کە هەل قۆزەرەوە و هێورکەرەوەی باشترن لە پیاوان و بە توانای باڵایان بەناوبانگن بۆ بینینی شتەکان لە ڕوانگەی ئەوانیترەوە. ئەگەر حەقیقەتێک لەم نموونەهێنانەوەیەدا هەبێت، ئەوا دەبووایە ژنان ببوونایەتە بونیادنەری ئیمپراتۆری و سیاسەتمەداری نایاب و کاری پیسیان لە شەڕگەکاندا بۆ نێرینە پڕ لە تێتسترۆن بەڵام ئەقڵ سادەکان جێ هێشتایە. سەرباری ئەفسانە باوەکانیش، ئەمە بە دەگمەن لە جیهانی واقیعیدا ڕوویداوە. بەهیچ شێوەیەک ڕوون نییە بۆچی وایە.

بۆهێڵە باوکسالارییەکان

جۆری سێیەمی ڕوونکردنەوەی بایۆلۆژی گرنگییەکی کەمتر دەدات بە هێزی زۆردارانە و توندوتیژی و دەڵێت بەدرێژایی ملیۆنان ساڵی پەرەگرتن، پیاوان و ژنان، ستراتیژی جیاوازی زیندوومانەوە و وەچەخستنەوەیان پەیدا کردووە. لەکاتێکدا کە پیاوان لەدژی یەکتری کێبڕکێیان کردووە بۆ دەرفەتی دووگیانکردنی ژنانی پێگەیشتوو، هەڵەکانی تاکێک بۆ وەچەخستنەوە لە هەمووی زیاتر بەند بووە بە توانای بۆ کاریگەرتر بوون و بەزاندنی پیاوانی تر. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، ئەو بۆهێڵانەی نێرینەیی کە گەیشتوونەتە نەوەی دواتر، هی پیاوانێک بوون کە چاوچنۆکتر، شەڕانگێزتر و لێهاتووتر بوون.

لەلایەکی ترەوە، ژن کێشەی نەبووە لە دۆزینەوەی پیاوێکی ئارەزوومەند بۆ دووگیانکردنی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ویستبێتی منداڵەکانی، نەوەی بۆ بخەنەوە، پێویستی بەوە بووە بۆ ماوەی نۆ مانگی سەخت لە منداڵدانەکەیدا هەڵیانگرێت و بۆ ماوەی ساڵانێک خۆراکیان بداتێ. لەو ماوەیەدا، ئەو دەرفەت گەلێکی کەمتری هەبووە بۆ بەدەستهێنانی خۆراک و پێویستی بە یارمەتییەکی زۆر هەبووە. ئەو پێویستی بە پیاو بووە. بۆئەوەی زیندوومانەوەی خۆی و منداڵەکانی زامن بکات، ژنەکە بژاردەیەکی نەبووە مەگەر ئەوەی ڕازی بێت بە هەر مەرجێک کە پیاوەکە داینراوە بۆئەوەی لای بمێنێتەوە و هەندێ لە بارە قورسەکەی بۆ سوک بکات. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، ئەو بۆهێڵە مێینەییانەی گەیشتوونەتە نەوەی دواتر، هی ئەو ژنانە بوون کە چاودێری ملکەچ بوون. ئەو ژنانەی کاتێکی زۆریان لە شەڕکردن بۆ

دەسەڵات بەسەر بردووە، هیچ لەو بۆهێڵە بەهێزانەیان بۆ نەوەکانی ئایندە جێ نەهێشتووە.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی کە دەیزانین، ئەمەیە کە لەماوەی سەدەی ڕابردوودا، ڕۆڵی جێندەر بە شۆڕشێکی گەورەدا تێپەڕیووە. لەمڕۆدا کۆمەڵگەی زۆر و زۆرتر نەک تەنیا پێگەی یاسایی، مافی سیاسی و دەرفەتی ئابووریی یەکسان دەدەنە پیاوان و ژنان، بەڵکو بەهەمان شێوە بە تەواوی چاو بە بە بنەڕەتیترین چەمکەکانی جێندەر و سێکسوالیتیدا دەخشێننەوە. هەرچەندە کەلێنی جێندەر هێشتا گرنگە، ڕووداوەکان بە خێراییەکی بێ وێنە تێدەپەڕن. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بیرۆکەی پێدانی مافەکانی دەنگدان بە ژنان لە ئەمریکا بەشێوەیەکی گشتی بە مایەی تووڕەیی بینراوە، ئاسۆی دانانی مێینە بە وەزیر یان دادوەری باڵای دادگا پوچ و بێ مانا بووە، کەچی هاوڕەگەزبازی تابوویەکی وەها گەورە بووە کە نەکراوە بەشێوەیەکی ئاشکراش قسەی لەسەر بکرێت. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا مافەکانی دەنگدانی ژنان بە ئاسایی لەقەڵەمدران، وەزیری مێینە بە زەحمەت هۆکاری ناڕەزایەتی بووە، و لە ٢٠١٣دا پێنج دادوەری دادگای باڵا کە سیانیان ژن بوون، لە بەرژەوەندی بەیاساییکردنی هاوسەرگیری هاوڕەگەز بڕیاریاندا (و دەنگیان بەسەر ناڕەزاییەکانی چوار دادوەری نێرینەدا زاڵ بوو).

سێ گۆڕانکاریی دراماتیکی کتومت ئەو شتەن کە وا دەکەن مێژووی جێندەر سەر لێ شێوێن بێت. ئەگەر، وەکو چۆن ئەمڕۆ بە ڕوونی پیشان دەدرێت، سیستەمی باوکسالاری لەسەر بنەمای ئەفسانە بێ بنەماکان بونیاد بنرایە نەک فاکتە بایۆلۆژییەکان، جیهانێتی و جێگیریی ئەم سیستەمە چ مانایەکی دەبوو.

بەشی سێیەم

یەکگرتنی مرۆڤەکان

٩

تیری مێژوو

پاش شۆڕشی کشتوکاڵی، کۆمەڵگە مرۆییەکان تەنانەت گەورەتر و ئاڵۆزتر بوون، لەگەڵیشیدا ئەو بونیادە وێناکراوانەی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕاگیر دەکرد بەهەمان شێوە ئاڵۆزتر بوون. تەقریبەن هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونەوە، چیرۆک و ئەفسانەکان مرۆڤیان لەسەر ئەوە ڕاهێنا بە هەندێ شێوازی دیاریکراو بیر بکەنەوە، بە گوێرەی هەندێ ستانداردی دیاریکراو ڕەفتار بکەن، هەندێ شتی دیاریکراویان بوێت و پەیڕەوی هەندێ ڕێسای دیاریکراو بکەن. ئەوان لێرەوە غەریزەی دەسکردیان پەیدا کرد کە توانای بە ملیۆنان غەریبە ئەدا بەشێوەیەکی کاریگەر هاریکاری یەکتری بکەن. ئەم تۆڕەی غەریزە دەستکردەکان پێی دەوترێت کەلتوور.

لە ماوەی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، لێکۆڵەران دەیانگوت هەموو کەلتوورێک تەواو و هارمۆنییە، جەوهەرێکی نەگۆڕ لەخۆ دەگرێت کە بۆ هەموو کاتێ پێناسەی کردووە. هەر گروپێکی مرۆیی، جیهانبینی، سیستەمی کۆمەڵایەتی، یاسایی و سیاسی خۆی هەبوو کە وەکو گەڕی هەسارەکان بە دەوری خۆردا بێ گرفت بەرێوە دەچوو. بەپێی ئەم

تێڕوانینه، ئەو کەلتوورانەی بۆ ئامرازەکانی خۆیان جێ دەهێڵرێن، ناگۆڕێن. ئەمانە هەر بەهەمان ڕێتم و بەهەمان ئاراستە ڕێ دەکەن. تەنیا هێزێکی دەکار کراو لە دەرەوەڕا، دەتووانێت بیانگۆڕێت. لێرەوە، مرۆڤناسەکان، مێژوونووسەکان و سیاسییەکان (کەلتووری ساموایی) یان (کەلتووری تاسمانی)یان وەها ئاماژە پێکردووە کە زۆر لەمێژەوە هەمان باوەڕ، ڕێسا و بەها گوزارشتیان لە ساموا‌کان و تاسمانییەکان کردووە.

ئەمڕۆکە، زۆربەی لێکۆڵەرانی کەلتوور گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە پێچەوانەکەی ڕاستە. هەموو کەلتوورێک باوەڕ، ڕێسا و بەهای جۆریی خۆی هەیە، بەڵام ئەمانە لە گۆڕانی بەردەوامدان. لەوانەیە کەلتوور لە بەرانبەر گۆڕانکارییەکانی ناو ژینگەکەی یان لە ڕێگەی کارلێکی کەلتووەکانی دراوسێدا خۆی وەربچەرخێنێت. بەڵام لەوانەیە کەلتوور بەهەمان شێوە بەهۆی داینامیکەکانی نێوخۆییەوە بە حاڵەتی گواستنەوەدا ڕەت ببێت. تەنانەت کەلتوورێکی تەواو دابڕاو کە لە ژینگەیەکی لە ڕووی ئیکۆلۆژییەوە جێگیردا بوونی هەیە، ناتووانێ خۆی لە گۆڕان لابدات. بە پێچەوانەی یاساکانی فیزیاوە، کە دوورن لە ناجێگیری، هەر سیستەمێکی دەستکردی مرۆڤ، پڕە لە دژیەکی ناوەکی. کەلتووەکان بە بەردەوامی لەهەوڵدان تا ئەم دژیەکییانە نەهێڵن و ئەم پرۆسەیە ئاگری گۆڕان خۆش دەکات.

بۆ نموونە، لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا خانەدانەکان باوەڕیان بە مەسیحیەت و جوامێریش هەبوو. خانەدانێکی ئاسایی لە بەیانیدا دەچووە کەنیسە و گوێی لە قەشە دەگرت لەکاتێکدا کە باسی ژیانی قەدیسەکان دەکرد. قەشەکە دەیگوت (پوچی پوچێتییەکان. هەمووی پوچییە. سامان، شەهوەت و شەرەف فریوی مەترسیدارن. پێویستە تۆ بەسەریاندا بەرز بیتەوە و شوێنپێی مەسیح هەڵگریت. وەکو ئەو هێمن

بە، خۆت لە تۆندوتیژی و دەست بڵاوی لادە و ئەگەر هێرشت کرایە سەر- لاڕوومەتەکەی ترت ڕاگرە). خانەدانەکە کە بە میزاجێکی هێورەوە دەگەڕایە ماڵەوە، باشترین ئاوریشمی خۆی لەبەر دەکرد و دەچووە خوانێکی قەڵای لۆردەکەی. لەوێ شەراب وەکو ئاو دەردەقولی، گۆرانیبێژەکە گۆرانی بەسەر (لانسێلۆت) و (گینێڤیەر)دا هەڵدەگوت و میوانەکان نوکتەی قۆڕ و حیکایەتەکانی جەنگیان دەگێڕایەوە. بارۆنەکان دەیانگوت (باشترە بمریت نەک بە شەرمەزارییەوە بمریت. ئەگەر کەسێک شەرەفت بخاتەژێر پرسیارەوە، تەنیا خوێن دەتوانێت ئیهانەکە بسڕێتەوە. ئینجا چەنێک باشترە کە دوژمنانت لەبەردەمتا ڕا بکەن و کچە جوانەکانیان لەبەر پێکانتا بلەرزن؟).

دژیەکییەکە قەت بە تەواوی چارەسەر نەبوو. بەڵام لەکاتێکدا کە خانەدانەکان، پیاوانی ئایینی و کەسە ئاساییەکان ڕووبەڕووی بوونەوە، کەلتوورەکەیان گۆڕا. هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی بووە هۆی بەرهەمهێنانی هێرشە خاچپەرستییەکان. لە هێرشەکاندا، سوارچەکەکان دەیانتووانی توانای سەربازی و باوەڕی ئایینییان لە چرکەساتێکدا پیشان بدەن. هەر ئەم دژیەکییە، سیستەمەکانی سوارچاکەکانی پەرستگە و سوارچاکەکانی قەدیس یۆحەنای بەرهەم هێنا کە هەوڵیاندا ئایدیاڵەکانی مەسیحییەت و جوامێری، تۆندتر لێک گرێ بدەن. هەر ئەمە بەهەمان شێوە بەرپرس بوو لە بەشێکی زۆری هونەر و ئەدەبی سەردەمەکانی ناوەڕاست، وەکو حیکایەتەکانی پاشا ئارسەر و (هۆڵی گرەیل). قەڵای مەزنی کامێلۆت چی بوو جگە لە هەوڵێک بۆ سەلماندنی ئەمەی کە سوارچاکێکی باش دەتووانێت و دەبێ مەسیحییەکی باش بێت و ئەمەی کە مەسیحییە باشەکان دەتووانن باشترین سوارچاک بن؟.

نموونەیەکی تر بریتییە لە سیستەمی سیاسی مۆدێرن. لە سەروەختی شۆڕشی فەرەنسییەوە، خەڵکی لە سەرانسەری جیهان پەیتا پەیتا هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایەی یەکسانی و ئازادیی تاکەکەسی بە بەهای ڕیشەیی لەقەڵەم بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، دوو بەهاکە ناکۆکن لەگەڵ یەکتریدا. یەکسانی تەنیا دەکرێ لە ڕێگەی بەربەستکردنی ئازادییەکانی ئەوانەی دەوڵەمەندن زامن بکرێت. زامنکردنی ئەمەی کە هەموو تاکێک ئازاد بێت لە کردنی ئەو شتەی ئاواتەخوازێتی، بەشێوەیەکی حەتمی یەکسانی زامدار دەکات. دەکرێ تەواوی مێژووی سیاسیی جیهان لە ١٧٨٩وە وەکو زنجیرەیەک لە هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی ئەم دژیەکییە ببینرێت.

هەرکەسێک ڕۆمانێکی چارلز دیکنزی خوێندبێتەوە دەزانێت ڕژێمە لیبراڵەکانی سەدەی نۆزدەی ئەوروپا ئەوڵەویەت دەدەنە ئازادیی تاکەکەسی ئەگەرچی بە مانای هەڵدانی خانەوادە هەژارە مایەپوچەکان بێت بۆ ناو زیندان و بێ دەرەتانکردنی منالی بێ دایک و باوک بێت بۆ چوونە قوتابخانە بە مەبەستی گیرفان بڕین. هەر کەسێک ڕۆمانێکی ئالێگزاندەر سۆلجنستین-ی خوێنبێتەوە دەزانێ چۆن ئایدیالی یەکسانیخوازی کۆمەنیستی، دیکتاتۆری زۆرداری بەرهەم هێناون کە هەوڵیانداوە هەموو لایەنێکی ژیانی ڕۆژانە کۆنترۆڵ بکەن.

سیاسەتی هاوچەرخی ئەمریکیش بەدەوری ئەم دژیەکییەدا دەسوڕێتەوە. دیموکراتەکان کۆمەڵگەیەکی یەکسانتریان دەوێت، ئەگەرچی ئەمە بە مانای بەرزکردنەوەی باج بێت بۆ دابینکردنی پارەی پرۆگرامەکانی یارمەتیدانی هەژاران، بەتەمەنەکان و نەساغەکان. بەڵام ئەمە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ئازادیی تاکەکان بۆ خەرجکردنی پارەکانیان بەو شێوەیەی کە دەیانەوێت. بۆچی دەبێ حکومەت ناچارم

بکات بیمەی تەندروستی بکرم ئەگەر وام پێ باشتر بێت پارەکە بەکار بێنم بۆ داخڵکردنی منداڵەکانم لە کۆڵێژ؟ لەلایەکی ترەوە، کۆماریيەکان دەیانەوێ ئاستی ئازادیی تاکەکەسی بەرز بکەنەوە، ئەگەرچی ئەمە بە مانای فراوانکردنی کەلێنی نێوان هەژار و دەوڵەمەند بێت و بەو مانایە بێت کە زۆرێک لە ئەمریکییەکان نەتوانن پارەی چاودێریی تەندروستی بدەن.

وەکو چۆن کەلتووری سەدەکانی ناوەڕاست جوامێری لەگەڵ مەسیحییەتدا نەگونجاند، جیهانی مۆدێرنیش ناتوانێت ئازادی و یەکسانی پێکەوە بگونجێنێ. بەڵام ئەمە کێماسی نییە. ئەم دژیەکییانە بەشێکی جیانەبووەوەی هەموو کەلتوورێکی مرۆیین. لە ڕاستیدا، ئەمانە ماکینەکانی کەلتوورن، بەرپرسن لە ئەفرێنەرێتی و داینامیزمی توخمەکەمان. وەکو چۆن کاتێک دوو نۆتەی مۆسیقی ناکۆک پێکەوە عەزف دەکرێن پارچەیەکی میوزیکی بەرەوپێش پاڵ ئەنرێ، بەهەمان شێوە ناکۆکی نێوان بیرۆکە و بەهاکانمان ناچارمان دەکەن بیر بکەینەوە، هەڵسەنگێنینەوە و ڕەخنە بگرین. جێگیری، گۆڕەپانی ئەقڵە وشکەکانە.

ئەگەر شڵەژانەکان، ناکۆکییەکان و تەنگژە چارەسەر نەکراوەکان بەهاراتی هەموو کەلتوورێکن، دەبێ مرۆڤی سەر بە هەر کەلتوورێکی دیاریکراو بیروباوەڕی ناکۆکی هەبێت و پڕ بێ لە بەها ناکۆکەکان. هەر ئەم تایبەتمەندییە جەوهەرییەی هەر کەلتوورێکە کە تەنانەت ناویشی هەیە: ناهەماهەنگی درکی. ناهەماهەنگی درکی، زۆرجار بە شکستێکی دەروونی مرۆڤ دادەنرێ. لە ڕاستیدا، ئەمە سەرمایەیەکی زیندووە. ئەگەر خەڵکی نەیانتوانیایە بیروباوەڕ و بەهای دژیەکیان هەبێت، لەوانەبوو ئەستەم بووایە کەلتوورێکی مرۆیی بونیاد بنرایە و بەرقەرار بکرایە.

بۆ نموونە، ئەگەر بڵێین، مەسیحییەک بە ڕاستی دەیەوێ لەو موسڵمانانە تێبگات کە دەچنە ئەو مزگەوتەی خوار جادە، پێویست ناکات سۆراخی ڕستێک بەها بکات کە هەموو موسڵمانێک دەستی پێوە گرتووە. لەبری ئەمە، دەبێ سۆراخی تەنگژەی نێو کەلتووری موسڵمان بکات، ئەو شوێنانەی تیایاندا ڕێساکان لەناکۆکیدان و ستانداردەکان بەریەک دەکەون. ڕێک لەو شوێنەدایە موسڵمانان لەنێوان دوو زەروورەتدا کە تۆ باشتر تێیان دەگەیت پەت پەتێن دەکەن.

سەتەلایتی سیخوڕی

کەلتووری مرۆییەکان لە گۆڕانێکی بەردەوامدان. ئایا ئەم گۆڕانە تەواو ڕەمەکییە یان ڕێسایەکی تەواوی هەیە؟ بەدەربڕینێکی تر، ئایا مێژوو ئاراستەی هەیە؟.

وەڵامەکە بەڵێیە. بەدرێژایی چەندین هەزارە، کەلتووری بچوک و سادەکان پەیتا پەیتا لەناو شارستانیەتە گەورەتر و ئاڵۆزترەکان ئاوێتە دەبن، بۆیە جیهان ژمارەیەک مێگاکەلتووری کەم و کەمتر لەخۆ دەگرێ کە هەریەکەیان گەورەتر و ئاڵۆزترە. بێگومان ئەمە گشتاندنێکی زۆر کرچوکاڵە و تەنیا لە ئاستێکی تێکڕاییدا ڕاستە. لە ئاستی تێکڕاییدا، پێدەچێت بۆ هەر گروپێک لە کەلتووریەکان کە لەناو مێگاکەلتوورێکدا ئاوێتە دەبێت مێگاکەلتوورێک هەبێت کە پارچە پارچە دەبێت. ئیمپراتۆریەتی مەنگۆلی فراوان بوو بۆ دەستگرتن بەسەر پانتاییەکی فراوانی ئاسیا و چەند بەشێکی ئەوروپادا، کەچی پارچە پارچە بوو. مەسیحییەت ملیۆنان کەسی وەرگەڕاند کەچی لەهەمان کاتدا بەسەر چەندەها تایەفەدا دابەش بوو. زمانی لاتین بەناو ئەوروپای خۆرئاوا و ناوەڕاستدا بڵاو بووەوە، پاشان هەڵوەشا بۆ دیالێکتە لۆکاڵەکان کە

ئەمانەش خۆیان دواجار بوونە زمانی نەتەوەیی. بەڵام ئەم پارچەپارچەبوونانە، پێچەوانەبوونەوەی کاتین لە ڕەوگەیەکی نەوەستاودا بەرەو یەکێتی.

تێگەیشتن لە ئاراستەی مێژوو بە ڕاستی پەیوەندی بە دیدگاوە هەیە. کاتێک ئێمە، وەکو دە وتریێ، بە چاوی باڵندە دەڕوانینە مێژوو، کە بەرەوپێشچوونەکان لە سۆنگەی چەندین دەیە و سەدە دەپشکنێت، قورسە بڵێیت ئاخۆ مێژوو بە ئاراستەی یەکگرتن یان پەرتەوازە بوون دەجوڵێت. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ تێگەیشتن لە پرۆسە دوورمەوداکان، دیدگای چاوی باڵندە کورتبینانەیە. وا باشترە ئێمە لەبری ئەمە پەیڕەویی سەتەلایتی سیخوڕیی گەردوونی بکەین کە هەزارەکان نەک سەدەکان دەپشکنێت. لەم ڕوانگەیەوە تەواو ڕوون دەبێتەوە کە مێژوو بێ وچان بەرەو یەکێتی دەجوڵێت. پارچەپارچەبوونی مەسیحییەت و دارمانی ئیمپراتۆریەتی مەنگۆلی تەنیا تاسەی شارێنی مێژوون.

***

باشترین ڕێگە بۆ پەیبردن بە ئاراستەی گشتیی مێژوو بریتییە لە هەژمارکردنی ژمارەی جیهانە مرۆییە جیاجیاکان کە لە هەر ساتەوەختێکی سەر هەسارەی زەوی پێکەوەژیاون. ئەمڕۆکە، ئێمە ڕاهاتووین لەسەر بیرکردنەوەی لەبارەی تەواوی هەسارەکە وەکو تاکە یەکەیەک، بەڵام لە ڕاستیدا بۆ زۆرترین بەشی مێژوو، زەوی کاکێشانێکی تەواوی جیهانە مرۆییە جیاجیاکان بووە.

تاسمانیا لەبەرچاو بگرە کە دوورگەیەکی مام ناوەندی باشووری ئوسترالیایە. ئەم دوورگەیە ١٠،٠٠٠ ساڵ پێش زایین پارچەیەکی دابڕاو بوو لە خاکی سەرەکی ئوسترالیا لەکاتێکدا کۆتایی چاخی سەهۆڵین بووە هۆی دابەزینی ئاستی دەریا. چەند هەزار ڕاوکەر کۆکەرەوەیەک لەسەر

دوورگەکە بەجێمان و پەیوەندییان بە هیچ مرۆڤێکی ترەوە نەما تاوەکو گەیشتنی ئەوروپییەکان لە سەدەی نۆزدەدا. بۆ ماوەی ١٢٠،٠٠٠ ساڵ، کەسی تر نەیدەزانی کە تاسمانییەکان لەوێن و ئەوانیش نەیاندەزانی جیهان کەسی تری تیایە. ئەوان خۆیان جەنگ، ململانێی سیاسی و ناجێگیری کۆمەڵایەتی و بەرەوپێشچوونی کەلتوورییان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، لەو جێیەوە کە پەیوەندی بە ئیمپراتۆرەکانی چین یان فەرمانڕەوایانی میزۆپۆتامیاوە هەبوو، تاسمانیاش دەیتووانی بێ کێشە لە سەر مانگەکانی هورمز (ژوپیتەر) بووایە. تاسمانییەکان لە جیهانێکی خۆیاندا ژیاون.

ئەمریکا و ئەوروپاش لەبەشی هەرە زۆری مێژوویاندا جیهانی لێکجودا بوون. لە ٣٧٨ زایینداا، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، (ڤالێنس) لەلایەن (گۆتەکان) لە شەڕی (ئادریانۆپل) بەزێنرا و کوژرا. لەهەمان ساڵدا، پاشا (چاک تۆک ئیچاک)ی (تیکال) لەلایەن سوپای (تیۆتیهواکان) بەزێنرا و کوژرا. (تیکال دەوڵەت شارێکی مایایی گرنگ بوو، کەچی تیۆتیهواکان ئەو سەروەختە گەورەترین شاری ئەمریکا بوو بە تەقریبەن ٢٥٠،٠٠٠ دانیشتووانەوە- بەهەمان گەورەیی (ڕۆم)ی هاوچەرخییەوە). بەهیچ شێوەیەک پەیوەندییەک نەبوو لەنێوان شکستی ڕۆم و سەرهەڵدانی تیۆتیهواکان-دا. لەوانەیە ڕۆم-یش بکەوتایەتە سەر مارس، تیۆتیهواکان-یش لەسەر ڤینۆس بووایە.

چەند جیهانی مرۆیی جیاواز لەسەر زەوی پێکەوە ژیاون؟ دەوروبەری ١٠،٠٠٠ی پێش زایین هەسارەکەمان چەندەها هەزاری لەو جیهانانە لە خۆگرتووە. بەهاتنی ٢٠٠٠ی پێش زایین، ژمارەیان کەمبووەتەوە بۆ سەدان، یان ئەوپەڕی چەند هەزارێک. بە هاتنی ١٤٥٠ی زایین، ژمارەیان تەنانەت زۆر زیاتریش دابەزیبوو. لەو سەروەختەدا، ڕێک پێش سەردەمی

جیهانگەڕییەکانی ئەوروپییەکان، زەوی هێشتا ژمارەیەکی بەرچاوی جیهانی چکۆلەی وەکو تاسمانیای تێدابوو. بەڵام نزیکی ٩٠%ی مرۆڤەکان لە تاکە مێگا جیهانێکدا دەژیان: جیهانی ئەفرۆ ئاسیا. زۆربەی ئاسیا، زۆربەی ئەوروپا و زۆربەی ئەفریقا (بە چەند پارچەیەکی گەورەی ئەفریقای بیابانیشەوە) هەنوکە بە ڕایەڵی کەلتووری، سیاسی و ئابووریییەوە بەسترابوونەوە.

بەشی زۆری ١ لەسەر ١٠ی پاشماوەی دانیشتووانی مرۆیی جیهان بەسەر چوار جیهانی تا ڕادەیەک گەورە لە ڕووی قەبارە و ئاڵۆزی، دابەش ببوون:

١- جیهانی میزۆ-ئەمریکی، کە زۆربەی ئەمریکای ناوەڕاست و چەند بەشێکی ئەمریکای باکووری دەگرتەوە.

٢- جیهانی ئاندیان، کە زۆربەی خۆرئاوای ئەمریکای باشووری دەگرتەوە.

٣- جیهانی ئوسترالی، کە کیشوەری ئوسترالی دەگرتەوە.

٤- جیهانی ئۆقیانووسی، کە زۆربەی دوورگەکانی باشووری خۆرئاوای ئۆقیانووسی هێمنی دەگرتەوە، لە هاوای-یەوە بۆ نییوزیلەندە.

بەدرێژایی ٣٠٠ ساڵی دواتر، زەبەلاحی ئەفرۆ-ئاسیایی هەموو جیهانەکانی تری هەڵلوشی. جیهانی میزۆ-ئەمریکایی لە ١٥٢١دا قوت دا کاتێک ئیسپانییەکان ئیمپراتۆریەتی ئازتێک-یان داگیر کرد. لە هەمان کاتدا هەر ئەم زەبەلاحە، پاش گەڕی دەوراندەوری (فێردیناند ماجەلان) بە جیهاندا یەکەم قەپی خۆی لە جیهانی ئۆقیانووسی گرت و پاش ئەمە، بەزوویی داگیرکردنەکەی کامڵ کرد. جیهانی ئاندی لە ١٥٣٢دا دارما، کاتێک داگیرکەرانێ ئیسپانی ئیمپراتۆریەتی ئینکایان تێکشکاند. یەکەم ئەوروپی لە ساڵی ١٦٠٦دا لە کیشوەری ئوسترالیا گیرسایەوە و

ئەو جیهانە خاوێنە کۆتایی هات کاتێک کۆلۆنیالی بریتانی لە ١٧٨٨دا بەجدی دەستیپێکرد. پانزە ساڵ دواتر، بریتانییەکان یەکەم ئۆردوگایان لە تاسمانیا بونیاد نا و لێرەوە دواییین جیهانی مرۆیی سەربەخۆیان خستە ناو قەڵەمڕەو یان نفوزی ئەفرۆ-ئاسیایی.

چەند سەدەیەکی خایاند تا زەبەلاحی ئەفرۆ-ئاسیایی هەموو ئەوەی قوتیدابوو هەرسی کرد، بەڵام پرۆسەکە گەڕانەوەی نەبوو. ئەمڕۆکە تەقریبەن هەموو مرۆڤەکان لە هەمان سیستەمی جیۆ-سیاسیدا هاوبەشن (تەواوی هەسارەکە دابەش بووە بەسەر ئەو دەوڵەتانەی لەڕووی نێودەوڵەتییەوە پێزانراون)، هەمان سیستەمی ئابووری (هێزەکانی بازاڕی سەرمایەداری تەنانەت گۆشەگیرترین سوچەکانی جیهان پێکدەهێنن)، هەمان سیستەمی یاسایی (مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتی لە هەموو شوێنێک کردارین، لانی کەم لەڕووی تیۆرییەوە) و هەمان سیستەمی زانستی (شارەزایان لە ئێران، ئیسرائیل، ئوسترالیا و ئەرجەنتین کتومت هەمان تێڕوانینیان لەبارەی ستروکتۆری ئەتۆمەکان یان چارەسەری سیل هەیە).

تاکە کەلتووری جیهانی، یەکڕەنگ نییە. وەکو چۆن پێکهاتەیەکی ئۆرگانی چەندەها ئۆرگان و خانەی جیاواز دەگرێتەخۆ، تاکە کەلتوورە جیهانییەکەی ئێمەش هەر لە مامەڵەکارانی پشک لە نییویۆرک تا شوانەکانی ئەفغانستان چەندەها جۆری جیاوازی ستایڵی ژیان و خەڵک دەگرنە خۆ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان هەموویان توند بەیەکەوە گرێدراون و بە چەندەها شێوازی تر کاریگەری دەخەنە سەر یەکتری. ئەوان هێشتا مشتومڕ و شەڕ دەکەن، بەڵام لە مشتومڕیاندا هەمان چەمک و لە شەڕکردندا هەمان چەک بەکاردێنن. (پێکدادانی شارستانیەتەکان)ی ڕاستەقینە، وەکو دیالۆگی پەندئامێزی کەڕەکانە. کەس ناتووانێت بزانێ

ئەویتر چی دەڵێت. ئەمڕۆکە کاتێک ئێران و ئەمریکا شمشێر لە یەکتری بەرز دەکەنەوە، هەردووکیان بە زمانی دەوڵەتە نەتەوەییەکان، ئابووریی سەرمایەدارییەکان، مافە نێودەوڵەتییەکان و فیزیای ناوکی دەدوێن.

ئێمە هێشتا لەبارەی کەلتووری (ڕەسەنەکان) زۆر دەڵێین، بەڵام ئەگەر مەبەستمان لە (ڕەسەن) شتێکە کە سەربەخۆ گەشەی کردووە و لەو نەریتە دێرینانە پێکدێت کە سەربەستن لە کاریگەرییە دەرەکییەکان، ئەوا هیچ کەلتوورێکی ڕەسەن لەسەر ڕووی زەوی جێ نەماوە. بەدرێژایی چەند سەدەی ڕابردوو، هەموو کەلتووری کان بەهۆی شەپۆلی کاریگەرییە جیهانییەکان تەقریبەن لەودیو سنووری ناسینەوە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

یەکێک لە هەرە سەرنجڕاکێشترین نموونەکانی بەجیهانیبوون بریتییە لە چێشتی (ئەتنی). ئێمە لە ڕێستۆرانتێکی ئیتاڵیدا چاوەڕێی ئەوە دەکەین سپاگێتی لەناو سۆسی تەماتە بێتە بەردەممان ، لە ڕێستۆرانتە پۆلەندی و ئێرلەندییەکاندا بڕێکی زۆر پەتاتە ببینین، لە ڕێستۆرانتێکی ئەرجەنتینیدا دەتووانین لەناو چەندەها جۆری گۆشتی مانگادا هەڵبژێرین، لە ڕێستۆرانتێکی هیندیدا بیبەری تون دەئاخنرێتە ناو تەقریبەن هەموو شتێک و لە هەر کافێیەک لە کافێکانی سویسرا خواردنەوەی باو بریتییە لە شوکوڵاتەی گەرم لەژێر بارستەیەک لە کەفی کرێمیدا. بەڵام هیچ کام لەم خواردنانە، خواردنی ڕەسەنی ئەو وڵاتانە نین. تەماتە، بیبەری تون و کاکاو هەمووی لە بنەڕەتدا مەکسیکین، ئەمانە تەنیا پاش ئەوەی ئیسپانییەکان مەکسیکیان داگیر کرد گەیشتنە ئەوروپا و ئاسیا. جولیەس قەیسەر و دانتێ ئالیگیەری قەت چەتاڵیان بەر سپاگێتی بەتەماتە نەکەوتووە (تەنانەت ئەو سەروەختە چەتاڵ دانەهاتبوو)، ویلیام تێڵ، قەت تامی شۆکۆلاتەی نەکردووە و بودا قەت

بیبەری بە خواردنەکەی وەرنەکردووە. ٤٠٠ ساڵ نابێت پەتاتە گەیشتووەتە پۆڵەندە و ئێرلەندە. تاکە جۆرە گۆشتێک کە دەتتووانی لە ساڵی ١٤٩٢ لە ئەرجەنتین دەستت بکەوێت لە گیانەوەری لاما بوو.

فیلمەکانی هۆڵیوود وێنەی هیندیە سوورەکانیان وەکو ئەسپسواری ئازا پیشان داوە کە بوێرانە واگۆنەکانی تازەگەیشتووانی ئەورووپا دەهاژۆن بۆ پارێزگاریکردن لە داب و نەریتی پێشینانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ئەسپ سوارە ئەمریکییە ڕەسەنانە، بەرگریکاری کەلتوورێکی ڕەسەنی دێرین نەبوون. بەڵکو، ئەوان بەرهەمی شۆڕشێکی سیاسی و سەربازیی گەورە بوون کە دەشتەکانی خۆرئاوای ئەمریکای باکووری لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەدا ڕامالّی، دەرەنجامێکی گەیشتنی ئەسپە ئەوروپییەکان بوون. لە ساڵی ١٤٩٢دا ئەمریکا ئەسپی لێ نەبوون. کەلتووری سەدەی نۆزدەی (سیۆ) و (ئاپاچی)ی زۆر تایبەتمەندیی سەرنجڕاکێشی هەن، بەڵام کەلتوورێکی مۆدێرن بوو- ئەنجامێکی هێزە جیهانییەکان- زۆر زیاتر لەوەی ڕەسەن بێت.

ڕوئیای جیهانی

لە ڕوانگەیەکی کردارییەوە، گرنگترین قۆناغ لە پرۆسەی یەکگرتندا لە چەند سەدەی ڕابردوودا ڕوویدا، کاتێک ئیمپراتۆریەتەکان گەشەیان کرد و بازرگانی تۆندوتۆڵ بوو. تۆندوتۆڵترین ڕایەڵەکان لەنێوان خەڵکانی ئەفرۆ-ئاسیا، ئەمریکا، ئوستراڵیا و ئۆقیانووسدا پێکهات. لەمڕووەوە، بیبەری تونی مەکسیکی خۆی گەیاندە ناو خواردنی هیندی و گاڕانی ئیسپانی دەستیکرد بە لەوەڕکردن لە ئەرجەنتین. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕوانگەیەکی ئایدۆلۆژییەوە، بەرەوپێشچوونێکی گرنگتر لە ماوەی هەزارەی یەکەمی پێش زایینداً ڕوویدا، کاتێک بیرۆکەی سیستەمێکی گەردوونی

ڕەگی داکوتا. بۆ ماوەی هەزاران ساڵی پێشتر، مێژوو بە هێواشی بەرەو یەکێتییەکی جیهانی دەجوڵا، بەڵام بیرۆکەی سیستەمێکی گەردوونی کە حوکمی تەواوی جیهان بکات هێشتا بەڵای زۆربەی خەڵکییەوە نامۆ بوو.

مرۆڤە هۆشمەندەکان پەرەیان گرت بۆ ئەو ئاستەی کە بڵێن خەڵکی دابەش دەبن بەسەر ئێمە و ئەواندا. (ئێمە) هەر ئەو گروپەی دەوروبەرت بوو، جا تۆ هەرکەسێک بوویتایە و (ئەوان) هەموو ئەوانیتر بوون. لە ڕاستیدا، هیچ گیانەوەرێکی کۆمەڵایەتی قەت بە بەرژەوەندییەکانی تەواوی ئەو توخمانە ئاراستە نەکراوە کە ئەم بەشێکە لێیان. هیچ شەمپانزێیەک باکی بە بەرژەوەندییەکانی توخمی شەمپانزێکان نییە، هیچ لولپێچێک تاڵە مویەک بۆ کۆمەڵی جیهانیی لولپێچەکان بەرز ناکاتەوە، هیچ شێرێکی نێرینەی ئەلفا هەوڵ ناخاتەگەڕ بۆ بوون بە پاشای هەموو شێرەکان و لە دەروازەی هیچ پورەیەکی هەنگدا دروشمی (هەنگە ئیشکەرەکانی جیهان یەکگرن!) بەرز نەکراوەتەوە.

بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی درکدا، مرۆڤە هۆشمەندەکان لەم ڕووەوە جیاواز و جیاوازتر بوون. خەڵکی دەستیانکرد بە هاریکاریی ئاسایی لەگەڵ غەریبەکاندا وەکو (برا) یان (هاوڕێ). لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم برایەتییە گەردوونی نەبوو. لە شوێنێکدا لە دۆڵێکی تر، یان لەودیو چیاکانەوە، دەتتووانی هێشتا هەست بە (ئەوان) بکەیت. کاتێک یەکەم فیرعەون، مینا، میسری لە دەوروبەری ٣٠٠٠ی پێش زایین یەکخست، بەڵای میسرییەکانەوە ڕوون بوو کە میسر سنوورێکی هەیە و لەودیو سنوورەکەوە (بەربەرییەکانن). بەربەرییەکان نامۆ و هەڕەشەئامێز بوون و تەنیا لەو جێیەوە جێی بایەخ بوون کە ئەو خاک یان سامانە سروشتییەیان هەبووایە کە میسرییەکان دەیانویست. هەموو ئەو

سیستەمە وێناکراوەی خەڵکی دروستیان دەکرد بۆ فەرامۆشکردنی بەشێکی بەرجەستەی مرۆڤایەتی بوو.

یەکەم هەزارەی پێش زایین، سەرهەڵدانی سێ سیستەمی گەردوونی ئەگەری بەخۆیەوە بینی کە باوەڕدارەکانی دەیانتووانی بۆ یەکەمین جار وەکو تاکە یەکەیەک کە ڕستێک یاسا حوکمی دەکات وێنای تەواوی جیهان و تەواوی نەژادی مرۆیی بکەن. هەموو کەسێک (ئێمە) بوو، لانی کەم بە ئەگەرێکی بەهێز وەها بوو.

بازرگانەکان، داگیرکاران و پەیامبەران یەکەمین کەسانێک بوون کە لە دابەشبوونی دوانەیی لەمێژینەی (ئێمە لەبەرانبەر ئەوان) پەرینەوە و پێشبینیی ئیحتیمالیی یەکبوونی مرۆڤایەتییان کرد. بەلای بازرگانەکانەوە، سەرانسەری جیهان تاکە بازارێک بوو و هەموو مرۆڤەکان گونجاو بوون بۆ بوون بە کڕیار. ئەوان هەوڵیاندا سیستەمێکی ئابووری بونیاد بنێن کە لە هەموو شوێنێک، بەسەر هەموواندا پیادە دەبوو. بۆ داگیرکارەکان، تەواوی جیهان تاکە ئیمپراتۆریەتێک بوو و هەموو مرۆڤەکان گونجاوبوون بۆ بوون بە ڕەعیە و بۆ پێغەمبەران، سەرانسەری جیهان هەڵگری تاکە حەقیقەتێک بوو و هەموو مرۆڤەکان گونجاو بوون بۆ بوون بە باوەڕدار. ئەوانیش هەوڵیاندا سیستەمێک بونیاد بنێن کە لە هەموو شوێنێک بەسەر هەموواندا پیادە دەبوو.

لەماوەی سێ هەزارەی دواییدا، خەڵکی هەوڵی تامەزرۆیانەی زۆر و زۆرتریان دا بۆ درککردن بەو ڕوئیا جیهانییە. سێ بەشەکەی دوایی ئەم کتێبە قسە لەسەر ئەوە دەکات کە چۆن پارە، ئیمپراتۆریەتەکان، ئایینە گەردوونییەکان بڵاو بوونەوە و چۆن بناغەی جیهانی یەکگرتووی ئەمڕۆیان دانا. ئێمە بە بەسەرهاتی گەورەترین وڵاتگیری مێژوو دەست پێدەکەین، وڵاتگیرێک کە خاوەنی ئەوپەڕی ئۆقرەگرتن و نەرمییە و

لێرەوە خەڵکی دەگۆڕێ بۆ شوێنکەوتەی سەرسەخت. وڵاتگیرەکە پارەیە. ئەو خەڵکەی باوەڕیان بەهەمان خودا نییە یان پەیڕەوی لە هەمان پاشا ناکەن ئەوا زیاد لە سنوور ئارەزوومەندن هەمان پارە بەکاربێنن. ئوسامە بن لادن لەگەڵ ئەو کینەیەش کە بەرانبەر کەلتووری ئەمریکا، سیاسەتی ئەمریکا و ئایینی ئەمریکا هەیبوو، زۆر کەیفی بە دۆلاری ئەمریکی دەکات. چۆن پارە لەو شوێنە سەرکەوتوو بوو کە پاشاکان و خواکان تیایدا شکستیان هێنا؟.

١٠

بۆنی پارە

لە ساڵی ١٥١٩دا (هێرنان کۆرتێ) و سەربازەکانی، مەکسیک و لەوێوە جیهانی مرۆیی دابڕاویان داگیر کرد. ئازتێک-ەکان، وەکو چۆن ئەو خەڵکەی لەوێ دەژیان خۆیان بەم ناوە ناودێر کردبوو، بەخێرایی تێبینی ئەوەیان کرد غەریبەکان بایەخێکی زیاد لەسنوور بە کانزایەکی زەردی دیاریکراو دەدەن. لە ڕاستیدا، قەت لە باسکردنی نەدەوەستان. خەڵکە ڕەسەنەکە ئاڵتونیان بەلاوە نامۆ نەبوو- کارکردن تیایدا جوان و ئاسان بوو، بۆیە لەسەر دروستکردنی خشڵ و پەیکەر ڕاهاتبوون و ناوبەناو تۆزی ئاڵتونیان وەکو ئامرازی ئاڵوگۆڕ بەکار دەهێنا. بەڵام کاتێک ئازتێک-یەک دەیویست شتێک بکڕێت، بەشێوەیەکی گشتی لەبری پارە دەنکی کاکاو یان تۆپە قوماشیان ئەدا. بەمشێوەیە خوگرتنی ئیسپانییەکان بە ئاڵتونەوە قابیلی ڕوونکردنەوە نەبوو. چ شتێکی ئەو کانزایە گرنگ بوو کە نەدەخورا، نەدەخورایەوە، نەدەچنرا و زۆر لەوە نەرمتر بوو کە بۆ دروستکردنی ئامێر یان چەک بەکار بهێنرێت؟ کاتێک خەڵکە ڕەسەنەکە پرسیاریان لە (کۆرتێ) کرد ئاخۆ بۆچی ئیسپانییەکان سۆزێکی وەها زۆریان بۆ ئاڵتون هەیە، سەربازەکە لە وەڵامدا وتی (چونکە من و

هاوەڵەکانم بەدەست نەخۆشی دڵەوە دەناڵێنین کە تەنیا دەکرێ بە ئاڵتون چارەسەر بکرێت).

لە ڕاستیدا لە جیهانی ئەفرۆ-ئاسیاییدا کە ئیسپانییەکانی لێوە هاتوون، خوگرتن بە ئاڵتونەوە پەتا ئاسا بوو. تەنانەت شەرانگێزترین دوژمنەکان چاویان بڕیبووە هەمان کانزای زەردی بێ کەڵک. سێ سەدە پێش داگیرکردنی مەکسیک، پێشینانی (کۆرتێ) و سوپاکەی جەنگێکی خوێناویی ئایینیان لەدژی مەملەکەتە موسڵمانەکان لە ئەندەلوس و باکووری ئەفریقیا دەستپێکرد. شوێنکەوتووانی عیسا و شوێنکەوتووانی اللە یەکتریان بە هەزاران کوشت، کێڵگە و باخیان وێران کرد و شارە کامەرانەکانیان کردە پاشەواری خۆڵەمێش- هەمووشی بۆ شکۆمەندیی بەرزتری عیسا یان اللە.

لەکاتێکدا کە مەسیحییەکان پەیتا پەیتا زاڵتر دەبوون، سەرکەوتنەکانیان نەک تەنیا بە وێرانکردنی مزگەوتەکان و بونیادنانی کەنیسەکان، بەڵکو بەهەمان شێوە بە دەرکردنی سکەی ئاڵتون و زیوی نوێ کە نیشانەی خاچ و سوپاسکردنی خوا بۆ یارمەتییەکەی لە شەڕ دژی بێباوەڕانی لەسەر بوو، گەیاندە لوتکە. لەگەڵ ئەوەشدا، هاوشانی دراوە نوێکە، سەرکەوتووان سکەیەکی نوێیان داهێنا بەناوی (میلارێس) کە مێسجێکی تا ڕادەیەک جیاوازی لەسەر بوو. ئەم سکە چوارگۆشەییانە کە لەلایەن وڵاتگیرانی مەسیحی دروستکرابوون، پڕ بوون لە نووسینی عەرەبی: (هیچ خوایەک نییە جگە لە اللە، محەمەد پێغەمبەری اللە یە). تەنانەت ئوسقوفی کاسۆلیکی (مێلگێل) و (ئاگدە) ئەم کۆپییە ئیماندارانەیەی سکەی موسڵمانیان دەرکرد و مەسیحییە لەخوا ترسەکان بە شادییەوە بەکاریان هێنان.

پێکەوەهەڵکردن لە دیوەکەی تری گردەکەش گەشەی کرد. بازرگانە موسڵمانەکان لە ئەفریقای باکوور بە بەکارهێنانی سکەی مەسیحی وەکو (فلۆرین)ی فلۆرەنسایی، (دوکات)ی ڤینسیایی و (گیگلیاتۆ)ی ناپلیۆنی بزنسیان ئەنجامدا. تەنانەت فەرمانڕەوایانی موسڵمان کە لەدژی مەسیحیی بێباوەڕ بانگەوازیان دەکرد، دڵخۆش بوون بە وەرگرتنی باج بەشێوەی سکە، کە وێنەی عیسا و دایکە پاکیزەکەی لەسەر بوو.

ئەمە بە چەندە؟

راوکەر-کۆکەرەوەکان پارەیان نەبوو. هەر باندێک، تەقریبەن هەموو ئەو شتەی پێویستی بوو، لە گۆشتەوە بۆ دەرمان، لە پێڵاوەوە بۆ جادووگەری، کۆی دەکردەوە و بەرهەمی دەهێنا. لەوانەیە ئەندامانی جیاوازی باند پسپۆڕییان لە کرداری جیاجیا هەبووبێت، بەڵام لە ڕێگەی ئابووریی‌یەکی چاکەکردن و ئەرکەوە، کاڵا و خزمەتگوزارییان ئاڵوگۆڕ دەکرد. پارچە گۆشتێک کە بەبەلاش دەبەخشرا، گریمانەی ئەوەی لەگەڵدا بوو پاداشتی لەبەرانبەردا هەبێ- بۆ نموونە، کۆمەکی پزیشکیی بەلاش. باندەکە لە ڕووی ئابووریی‌یەوە سەربەخۆ بوو، هەندێ کەرەستەی دەگمەن کە لە ئاستی لۆکاڵدا دەست نەدەکەوت- گوێچکەماسی، بۆیەی تۆز، شوشەی بورکانی- دەبووایە لە غەریبەکانەوە بەدەست بهێنرێت. لەوانەبوو زۆرجار ئەمە لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی شمەک بێت: (ئێمە گوێچکەماسی جوانت دەدەینێ و ئێوەش بەردە ئەستێمان دەدەنێ).

لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی کشتوکاڵیدا شتێکی کەم لەوە گۆڕانی بەسەرداهات. زۆربەی خەڵکی بەردەوام بوون لە ژیان لە کۆمەڵە بچوک و گەرم و گوڕەکاندا. زیاتر وەکو باندێکی ڕاوکەر-کۆکەرەوە، هەر گوندێک یەکەیەکی ئابووریی خۆژێن بوو کە بە ئەرک و چاکەی

دوولایەنە هاوشانی ئاڵوگۆڕی شمەکی سنووردار لەگەڵ بێگانەدا بەرقەرار ببوو. لەوانەبوو گوندێک بەشێوەیەکی دیاریکراو لێهاتوو بووایە لە دروستکردنی پێڵاو، یەکێکی تر لە دابینکردنی چاودێریی پزیشکی، بۆیە دێهاتییەکان دەیانزانی ڕوو بکەنە کوێ کاتێک پێیان پەتی بوو یان نەخۆش بوون. بەڵام دێهاتییەکان بچوک و ئابووریيەکانیان سنووردار بوو، بۆیە ڕێی تێناچێ پێڵاوساز یان دکتۆری جێگیر هەبووبێ.

سەرهەڵدانی شارەکان و مەملەکەتەکان و باشبوون لە ژێرخانی گواستنەوەدا دەرفەتی نوێی بۆ بەتایبەتمەندبوون هێنایە کایەوە. شارە زۆر چڕەکان دەرفەتی کاری تەواوکاتیان نەک تەنیا بۆ دکتۆر و پێڵاوسازانی پرۆفێشنال بەڵکو بۆ دارتاش، قەشە، سەرباز و پارێزەریش دابین کرد. ئەو گوندانەی ناوبانگیان بۆ بەرهەمهێنانی شەرابی باش، زەیتوون یان سیرامیکی باش پەیدا کرد، بۆیان دەرکەوت ئەمە دەیهێنێ کاتەکەیانی بەشێوەیەکی دیاریکراو بۆ تایبەتمەندبوون لە بەرهەمێک و بازرگانی پێوە کردنی لەگەڵ خەڵکێکی تر لەبەرانبەر کاڵای تردا تەرخان بکەن. ئەمە مانایەکی زۆری هەبوو، کەش و هەوا و خاکەکان جیاوازییان هەیە، کەوایە بۆچی شەرابی پاشخانەکەی خۆت بخۆیتەوە لەکاتێکدا کە دەتوانیت چەندەها جۆر لە شوێنێک بکڕیت کە خاک و کەش و هەواکەی زۆر گونجاوترە بۆ ڕەز؟ ئەگەر قوڕی پاشخانەکەی تۆ دەفری بەهێزتر و جوانتری لێ دروست ببێ، ئەوا دەتوانیت ئاڵوگۆڕێک بکەیت. سەرباری ئەمەش، بازرگانانی تایبەتمەندی شەراب و گۆزەگەری، چ جای دکتۆر و پارێزەر، دەتوانن لە بەرژەوەندیی هەموان پەرە بە شارەزایەتییەکانیان بدەن. بەڵام بەتایبەتمەندبوون کێشەیەکی دروست کرد- چۆن ئاڵوگۆڕی کاڵاکان لەنێوان پسپۆڕەکاندا بەڕێوە دەبەیت؟.

ئابووریيەکی چاکە و ئەرک کار ناکات کاتێک ژمارەیەکی زۆری بێگانەکان هەوڵی هاریکاری دەدەن. ئەمە شتێکە بۆ دابینکردنی کۆمەکی بەلاش بۆ خوشکێک یان دراوسێیەک، شتێکی تەواو جیاوازە لە گرنگیدان بەو بێگانانەی کە دەشێ قەت پاداشتی چاکە نەدەنەوە. دەشێ کەسێک لە ئاڵوگۆڕی شمەک پاشەکشێ بکات. بەڵام ئاڵوگۆڕی شمەک تەنیا کاتێک کاریگەرە کە ئاڵوگۆڕەکە مەودایەکی سنووردار هەبێت. ناکرێ لەسەر بنەمای ئابووریەکی ئاڵۆز بێت.

بۆ تێگەیشتن لە سنووربەندییەکانی ئاڵوگۆڕی شمەک، وێنای ئەوە بکە کە تۆ لە دێهاتێکدا باخێکی سێوت هەیە کە ناسکترین و شیرینترین سێو لە سەرانسەری ناوچەکە بەرهەم دێنێت. تۆ ئەوەندە سەرسەختانە لە باخەکەتدا ئیش دەکەیت کە پێڵاوەکەت دەدرێت. بۆیە تۆ جڵەوی کەر و عەرەبانەکەت دەکەیتەوە و بەرەو بازاڕی شارۆچکەکە کە بە تەنیشت ڕووبارێکەوەیە دەکەوێتە ڕێ. دراوسێکەت پێی وتووێت کە پێڵاوسازێکی لە کۆتایی بەشی خوارەوەی بازاڕەکە جوتێک پوتی تۆکمەی بۆ دروستکردووە کە پێنج وەرز لەپێی دابووە. تۆ دوکانی پێڵاوسازەکە دەدۆزیتەوە و پێشنیاری ئاڵوگۆڕێک دەکەیت، سێو لە تۆ و جوتێک پێڵاو لەو.

پێڵاوسازەکە ڕازیایە. دەبێ داوای چەند سێو بکات لەبری پارەکە؟ ئەو هەموو ڕۆژێک ڕووبەڕووی دەیان مشتەری دەبێتەوە کە ژمارەیەکی کەمیان گونیە سێویان بەدەستەوەیە لەکاتێکدا کە ئەوانیتر گەنم، بزن یان قوماشیان پێیە- هەمووشیان جۆرایەتییان فەرقی هەیە. ئینجا هەندێکی تریان شارەزایەتی خۆیان لە گەیاندنی پەیام بە پاشا یان چاککردنەوەی پشت ئێشە دەخەنەڕوو. دواییین جار کە پێڵاوسازەکە پێڵاوی بە سێو گۆڕینەوە پێش سێ مانگ بوو و ئەو سەروەختە داوای

سێ گونیە سێوی کردبوو. یان چوار گونیە بوو؟ بەڵام بیری لێکردەوە، ئەو سێوانە ترش بوون و هی ناو دۆڵ بوون، نەک هی گردەکان. لەلایەکی ترەوە، لەو حاڵەتەی پێشوودا، سێوەکان لەبەرانبەر پێڵاوی بچوکی ژناندا بوون. ئەم کابرایە داوای پوتی پیاوان دەکات. سەرباری ئەمەش، لەم هەفتانەی دواییدا نەخۆشییەک دای لە ڕانێکی سەرانسەری ناوچەکە و پێستە بەرەو کەمبوونەوە دەچێت. دەباغەکان بەرەبەرە داوای بڕە پێڵاوی تەواوکراوی زۆرتر دەکەن لەبەرانبەر هەمان بڕی چەرمدا. ئەی نابێ ئەمە لەبەرچاو بگیردرێت؟.

لە ئابووریی ئاڵوگۆڕی شمەکدا، دەبێت هەموو ڕۆژێک پێڵاوسازەکە و باخەوانی سێو سەرلەنوێ فێری نرخی ڕێژەیی دەیان شمەک ببنەوە. ئەگەر سەد شمەکی جیاجیا لە بازاڕدا ئاڵوگۆڕ کرا، ئەوا دەبێ کڕیارەکان و فرۆشیارەکان نرخەکانی ئاڵوگۆڕی ٤،٩٥٠ شمەک بزانن. ئەگەر ١٠٠٠ شمەکی جیاوازیش ئاڵوگۆڕ کرا، ئەوا دەبێ کڕیارەکان و فرۆشیارەکان دەست و پەنجە لەگەڵ ٤٩٩،٥٠٠ نرخی جیاوازی ئاڵوگۆڕدا نەرم بکەن! چۆن سەری لێدەردەکەیت؟.

ئەمە خراپتریش دەبێت. تەنانەت ئەگەر تۆ بشتووانیت مەزەندەی ئەوە بکەیت کە چەند سێو یەکسانە بە جوتێک پێڵاو ، ئاڵوگۆڕی شمەک هەمیشە مومکین نییە و ئەگەر لەو ساتەدا ئەو شتەی بە ڕاستی دەیەوێت تەڵاق بێت؟ ڕاستە، جوتیارەکە دەتوانێت سۆراخی پارێزەرێک بکات کە حەزی لە سێوە و مامەڵەیەکی سێ لایەنە دەکات. بەڵام ئەی ئەگەر پارێزەرەکە تێر بێت لە سێو و پێویستی بە قژ تاشینێک بێت؟

هەندێ لە کۆمەڵگاکان هەوڵیاندا لە ڕێگەی بونیادنانی سیستەمێکی ناوەندیی ئاڵوگۆڕی شمەک ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن. ئەم سیستەمە بەرهەمەکانی لە باخەوانە تایبەتمەندەکان و بەرهەمهێنەرەکانی کۆ

دەکردەوە و بەسەر ئەوانەی کە پێویستیان بوو دابەشی دەکرد. گەورەترین و بەناوبانگترین تاقیکردنەوەی لەو جۆرە لە یەکێتی سۆڤیەت جێبەجێکرا و بەشێوەیەکی خەمناک شکستی هێنا. (هەمووان بە گوێرەی تواناکانیان کار دەکەن و بە گوێرەی پێداویستییەکانیان وەردەگرن) لە کردارداً گۆڕا بۆ (هەمووان ئەوەندەی بتووانن کەم کار دەکەن و ئەوەندەی بتووانن زۆر بەدەست دەهێنن). تاقیکردنەوە مام ناوەندتر و سەرکەوتووترەکان لە حاڵەتی تردا ئەنجام دران، بۆ نموونە لە ئیمپراتۆریەتی ئینکا دا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی کۆمەڵگاکان ڕێگایەکی ئاسانتریان بۆ پێکبەستنەوەی ژمارەی زۆری شارەزاکان دۆزییەوە- ئەوان پارەیان داهێنا.

قاوغ و جگەرە

پارە چەند جارێک لە چەند شوێنێک دروستکراوە. پەیدابوونی پەیوەندی نەبووە بە هەنگاونانە تەکنۆلۆژییەکان- ئەمە تەنیا شۆڕشێکی ئەقڵی بوو. ئەمە بریتی بوو لە دروستبوونی واقیعێکی نێوان-خودی کە تەنیا لە وێنای هاوبەشی خەڵکدا هەیە.

پارە بریتی نییە لە سکە و دراوی کاغەز. پارە هەر شتێکە کە خەڵکی ئارەزوومەندن بەکاری بێنن بۆئەوەی بەشێوەیەکی سیستەماتیکی نوێنەرایەتی بەهای شتەکانی تر بکەن بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی کالا و خزمەتگوزاری. پارە توانا بە خەڵکی دەدات تا بەخێرایی و بە ئاسانی بەراوردی بەهای شمەکە جیاوازەکان بکەن (وەکو سێو، پێڵاو و تەڵاق)، بۆ ئاڵوگۆڕی ئاسانی شتێک بە شتێکی تر و پاشەکەوتکردنی سامان بەشێوەیەکی گونجاو. گەلێک جۆری پارە هەبوون. ئاشناترینیان سکەیە، کە ئامرازێکی ستاندەریزە بووی کانزای

چاپکراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پارە زۆر پێش داهێنانی سکە هەبووە و کەلتوورەکان بە بەکارهێنانی شتی تری وەکو دراوی وەکو قاوغ، گاڕان، پێستە، خوێ، دانەوێلە، مورو، قوماش و کاغەزی پەیمانبەخش گەشەیان کردووە. قاوغە دەریاییەکان بۆ نزیکەی ٤٠٠٠ ساڵ وەکو پارە لەسەرانسەری ئەفریقا، باشووری ئاسیا، خۆرهەڵاتی ئاسیا و ئۆقیانووسیا بەکار هێنراون. لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لە ئوگاندای بریتانیدا هێشتا دەکرا باج بە قاوغی دەریایی بدرێت.

لە زیندانە مۆدێرنەکان و کامپەکانی زیندانییانی جەنگ، زۆرجار جگەرە وەکو پارە بەکارهاتووە. تەنانەت لەوانەیە زیندانییانی جگەرەنەکێش ئارەزوومەند بووبن جگەرە لەبری پارە قبوڵ بکەن و بەهای هەموو کاڵاکان و خزمەتگوزاری بە جگەرە حساب بکەن. ڕزگاربوویەکی ئاشڤێتز باسی دراوی جگەرەی کردووە لە کەمپەکەدا: (ئێمە دراوی خۆمان هەبوو کە کەس پرسیاری لە بەهاکەی نەبوو: جگەرە. نرخی هەموو برگەیەک بە جگەرە دەربڕدرابوو...لە سەروەختە (ئاسایی)یەکاندا، واتە، کاتێک پاڵێوراوانی ژوورەکانی غاز بەهەنگاوی ئاسایی دەچوونە ناوەوە، سەمونێک بایی دوانزە جگەرە بوو، پاکێتێکی کەرەی گیایی٣٠٠ گرامی بایی ٣٠ جگەرە بوو، سەعاتێکی دەستی، بایی هەشتا بۆ دووسەد جگەرە بوو، لیترێک کحول بایی ٤٠٠ جگەرە بوو.

لە ڕاستیدا، تەنانەت سکەکان و دراوە کاغەزییەکانی ئەمڕۆش فۆرمێکی دەگمەنی پارەن. لە ساڵی ٢٠٠٦دا، کۆی گشتی پارە لە جیهان نزیکەی ٦٠ تریلیۆن دۆلار بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، کۆی گشتی سکە و دراوە کاغەزییەکان لە ٦ تریلیۆن کەمتر بوو. زیاتر لە ٩٠%ی هەموو پارە- زیاتر لە ٥٠ تریلیۆن دۆلاری ناو حسابەکانمان- تەنیا لەناو سێرڤەری کۆمپیوتەرەکاندایە. بەم پێیە، زۆربەی سەفقە بزنسییەکان بە

جۆلانی داتای ئەلکترۆنی لە فایلێکی کۆمپیوتەرییەوە بۆ یەکێکی تر جێبەجێ دەکرێت، بەبێ ئاڵوگۆڕی پارەی کاش. بۆ نموونە، تەنیا تاوانکارێک لە ڕێگەی جانتایەکی پڕ لە پارەی دراوی کاغەز خانوویەک دەکڕێت. تا ئەو جێیەی کە خەڵکی ئارەزوومەندن لەبەرانبەر داتای ئەلکترۆنیدا بازرگانی بە کاڵا و خزمەتگوزارییەوە بکەن، ئەمە لە سکە درەوشاوەکان و دراوە کاغەزییە ڕەقەکان باشترە- سوکترە، کەمتر شوێن دەگرێ و سۆراخکردنی ئاسانترە.

بۆ نموونە، بۆئەوەی سیستەمە بازرگانییەکان کار بکەن، جۆرێک پارە زەروورە. لە ئابووری پارەدا، پێڵاوسازێک تەنیا پێویستی بە زانینی نرخە جیاجیاکانی پێڵاوەکان هەیە- پێویست ناکات نرخەکانی ئاڵوگۆڕی نێوان پێڵاو و سێو یان بزن دەرخ بکات. پارە بە هەمان شێوە شارەزایانی سێو ئازاد دەکات لە گەڕان بەدوای پێڵاوسازەکاندا، چونکە هەمووان هەمیشە پارەیان دەوێت. لەوانەیە ئەمە بنەڕەتیترین تایبەتمەندییەکەی بێت. هەمووان هەمیشە پارەیان دەوێت چونکە هەموو کەسێکی تر هەمیشە پارەی دەوێت، ئەمەش بەو مانایەیە کە پارە لەبەرانبەر هەرشتێک کە دەتەوێ یان پێویستتە بەکار بێنیت. پێڵاوسازەکە هەمیشە خۆشحاڵە پارەکەت لێ وەربگرێت، چونکە گرنگ نییە بە ڕاستی چی دەوێت-سێو، بزن یان تەلاق- دەتووانێ بە پارە بەدەستیان بێنێت.

بەمشێوەیە پارە ئامرازێکی گەردوونییە بۆ ئاڵوگۆڕ کە توانا دەداتە خەڵکی تەقریبەن هەموو شتێک بگۆڕنەوە تەقریبەن بە هەموو شتێک تر. هێزی جەستەیی دەگۆڕدرێت بۆ هۆشمەندی کاتێک سەربازێکی خزمەت تەواوبوو مانگانەی سەربازییەکەی دەداتە کرێی خوێندنی کۆلێژەکەی. زەوی دەگۆڕدرێت بۆ وەفاداری کاتێک بارۆنێک مولک دەفرۆشێت بۆ بەخێوکردنی کارەکەرەکانی. تەندروستی دەگۆڕدرێت بۆ

دادگەری کاتێک پزیشکێک پارەکانی بەکاردێنێت بۆ بەکرێگرتنی پارێزەرێک- بۆ بەرتیلدانی دادوەرێک. تەنانەت دەکرێ سێکس بگۆڕدرێت بۆ تەوبەکردن، وەکو چۆن سۆزانییەکانی سەدەی پانزە ئەمەیان کرد کاتێک بۆ پارە لەگەڵ پیاواندا خەوتن، ئەمانیش لەلایەن خۆیانەوە لێخۆشبوونیان لە کەنیسەی کاسۆلیکی دەکرێوە.

جۆرە نموونەییەکانی پارە توانا بە خەڵکی دەدات نەک تەنیا شتێک بگۆڕن بۆ شتێکی تر بەڵکو سامانیش پاشەکەوت بکەن. زۆر شتی بەنرخ هەیە هەڵناگیردرێت- وەکو کات و جوانی. هەندێ شت هەیە تەنیا دەکرێ بۆ کاتێکی کورتخایەن هەڵبگیردرێن، وەکو میوەی شیلک. شتی تر هەن کە تەمەن درێژترن، بەڵام پانتاییەکی زۆر دەگرن و شوێنی گرانبەها و چاودێرییان پێویستە. بۆ نموونە دەکرێ دانەوێڵە بۆ ساڵانێک هەڵبگیردرێت، بەڵام بۆ کردنی ئەمە دەبێ مەخزەنی گەورە بونیاد بنێیت و لەبەرانبەر جرج، مشکە کوێر، ئاو و ئاگر و دز بپارێزرێت. پارە، جا کاغەز بێت، بیت-ی کۆمپیوتەری بێت یان قاوغی دەریایی، ئەم کێشانە چارەسەر دەکات. قاوغە دەریاییەکان نارژێن، جرجەکان پێیان ناخورێ، دەتووانن بەرگەی ئاگر بگرن و قەبارەیان گونجاوە بۆ خستنە ناو قاسە.

بۆ بەکارهێنانی سامان بەس نییە هەڵیگریت. زۆرجار ئەمە پێویستی بە گواستنەوە هەیە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر. هەندێ فۆرمی سامان، وەکو مووڵک، بەهیچ شێوەیەک ناگوازرێتەوە. کاڵاکانی وەکو گەنم و برنج دەکرێ بگوازرێنەوە بەڵام بە زەحمەت. وێنای جوتیارێکی دەوڵەمەند بکە کە لە سەرزەمینێکی بێ پارە دەژیت و دواتر بەرەو پارێزگایەکی دوور دەست کۆچ دەکات. سامانەکەی بەشێوەیەکی سەرەکی پێکدێت لەخانووەکەی و ڕووەکی برنج. جوتیارەکە ناتووانێت خانووەکەی یان ڕووەکەکان لەگەڵ خۆیدا ببات. ئەو لەوانەیە بە چەند

تەنێک برنج ئاڵوگۆڕیان بکات، بەڵام گواستنەوەی ئەو هەموو برنجە زۆر قورس و گرانبەها دەبێت. پارە ئەم کێشانە چارەسەر دەکات. جوتیارەکە دەتووانێت مولکەکەی لەبەرانبەر گونیەیەک قاوغی دەریایی بگۆڕێتەوە کە دەتووانێ بۆ هەر کوێیەک بچێت بە ئاسانی ببات.

لەبەرئەوەی دەکرێ پارە بگۆڕدرێتەوە، هەڵگیرێت و و بە ئاسانی و هەرزانی بگوازرێتەوە، کاریگەرییەکی گرنگی هەبووە لە سەرهەڵدانی تۆڕە بازرگانییە ئاڵۆزەکان و بازارە داینامیکەکان. بەبێ پارە، بازاڕ و تۆڕە بازرگانیەکان لە قەبارەیان، ئاڵۆزی و داینامیکیەتیاندا زۆر بە سنووردارى دەمانەوە.

پارە چۆن کار دەکات؟

قاوغە دەریاییەکان و دۆلارەکان تەنیا لە وێنای هاوبەشی ئێمەدا بەهایان هەیە. بەهایان لە ستروکتۆری کیمیایی قاوغەکان و کاغەز یان ڕەنگیان، یان شێوەیاندا نییە. بەدەربڕینێکی تر، پارە واقعیەتێکی مادی نییە- چەمکێکی سایکۆلۆژییە. ئەمە بە گۆڕینی مادە بۆ ئەقڵ کار دەکات. بەڵام بۆچی سەرکەوتوو دەبێت؟ بۆچی دەبێ کەسێک ئامادە بێت شەتڵێکی بەپیتی برنج بە چەند قاوغێکی دەریایی بێکەڵک ئاڵوگۆڕ بکات؟ بۆچی تۆ ئامادەیت چەند هەمبەرگرێک ڕادەست بکەیت، بیمەی تەندروستی بفرۆشیت یان سێ منداڵی عەجول چاودێری بکەیت کاتێک هەموو ئەوەی لە بەرانبەر تەقەلاکانت بەدەستی دێنیت بریتییە لە چەند پارچە کاغەزێکی ڕەنگاوڕەنگ؟.

خەڵکی ئامادەن ئەم شتانە بکەن کاتێک متمانە بە وەهمەکانی وێنای دەستەجەمعییان دەکەن. متمانە کەرەستەی خاوە کە هەموو جۆرەکانی پارەی لێ دروست دەکرێت. کاتێک جوتیارێکی دەوڵەمەند

هەموو مومتەلەکاتی خۆی لەبەرانبەر گونییەیەک قاوغی دەریایی فڕۆشت و لەگەڵیاندا چووە ناوچەیەکی تر، متمانەی وابووە کە لەگەڵ گەیشتنی بە مەنزڵ، خەڵکی تر ئامادەییان تیا دەبێ برنج، خانوو و کێڵگەیان لەبەرانبەر چەند قاوغێکدا پێ بفرۆشن. بەم پێیە، پارە سیستەمێکی متمانەی دوولایەنەیە و سیستەمێکی متمانەی دوولایەنەی ئاساییش نییە: پارە جیهانیترین و کاراترین متمانەی دوولایەنەیە تاوەکو ئێستا هێنرابێتە کایەوە.

ئەوەی کە ئەم متمانەیەی دروستکردووە، تۆڕێکی زۆر ئاڵۆز و دوورمەودای پەیوەندیە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان بووە. بۆچی بڕوام بە قاوغە دەریاییەکان یان سکەی ئاڵتون یان دۆلار هەیە؟ لەبەرئەوەی دراوسێکەم بڕوای پێیان هەیە. ئینجا دراوسێکەشم لەبەر ئەوە بڕوای پێی هەیە چونکە من بڕوام پێی هەیە. ئێمەش هەموومان لەبەرئەوە بڕوامان پێی هەیە چونکە پاشاکەمان بڕوای پێی هەیە و بەشێوەی باج داوای دەکات، و لەبەرئەوەی قەشەکەمان بڕوای پێی هەیە و بەشێوەی یەک لەسەر دەی خێری ساڵانە داوای دەکات. دراوێکی دۆلاری بەدەستەوە بگرە و بە وڕیاییەوە لێی بڕوانە. تۆ بۆت دەردەکەوێت کە تەنیا پارچە کاغەزێکی ڕەنگاوڕەنگە بە واژۆیەکی وەزیری گەنجینە لەلایەکەوە و دروشمی (متمانەمان بە خودایە) لەلایەکی ترەوە. ئێمە پارەدان بە دۆلار قبوڵ دەکەین چونکە متمانەمان بە خودا و بە وەزیری گەنجینە هەیە. ڕۆڵی گرنگی متمانە ڕوونی دەکاتەوە کە بۆچی سیستەمە داراییەکان ئەوەندە توندوتۆڵ بەستراون بە سیستەمە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژییەکانمان، بۆچی قەیرانە داراییەکان زۆرجار بەرەوپێشچوونە سیاسییەکان هۆکارین و بۆچی دەشێ بازاڕی پشک

پەیوەست بە هەستی بازرگانان بەرانبەر بەیانییەکی دیاریکراو هەڵبەز و دابەز بکات.

لە سەرەتاوە، کاتێک یەکەم وێنەکانی پارە دروستکران، خەڵکی ئەم جۆرە متمانانەیان نەبوو، بۆیە پێویست بوو ئەو شتانە وەکو (پارە) پێناسە بکرێن کە بەهایەکی خۆیی ڕاستەقینەیان هەبوو. یەکەم پارەی زانراوی مێژوو کە پارەی (جۆ)ی سومەرییە- نموونەیەکی باشە. ئەمە لەدەوروبەری ٣٠٠٠ی پێش زایین لە سومەر دەرکەوت، هەر لەهەمان وەخت و شوێن و هەمان بارودۆخیشدا کە نووسین تیایدا سەریهەڵدا. هەروەکو چۆن نووسین بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی تۆکمەکردنی چالاکییە ئیداریەکان پەیدا بوو، بەهەمان شێوەش پارەی جۆ بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی تۆکمەکردنی چالاکییە ئابووریەکان پەیدا بوو.

پارەی جۆ هەر جۆ بوو- بڕی جێگیری دانەوێڵەی جۆ وەکو پێوانەیەکی گەردوونی بەکارهێنران بۆ هەڵسەنگاندن و ئاڵوگۆڕی هەموو کاڵا و خزمەتگوزارییەکی تر. باوترین پێوانە سیلا بوو کە تەقریبەن هاوتای یەک لیتر بوو. دەفرە ستاندەرایز کراوەکان، کە هەریەکەیان سیلایەکی دەگرتەخۆ، بەکۆمەڵ بەرهەم دەهێنران بۆئەوەی هەرکاتێک خەڵکی پێویستی بە کڕین یان فرۆشتنی هەر شتێک بووایە پێوانەکردنی بڕی پێویستی جۆ ئاسان بووایە. موچەش بە سیلای جۆ دیاریدەکرا و دەدرا. ئیشکەرێکی نێرینە مانگی شەست سیلای وەردەگرت، ئیشکەرێکی مێینە سی سیلای وەردەگرت. دەشیا وەستایەک لەنێوان ١٢٠٠ بۆ ٥٠٠٠ سیلا وەربگرێت. ڕێی تێنەدەچوو تەنانەت لەبرسامردووترین وەستا مانگانە ٥٠٠٠ لیتر جۆ بخوات، بەڵام دەیتووانی ئەو سیلایانەی

نەیدەخوارد بەکاریان بێنێت بۆ کڕینی هەموو جۆرە کاڵایەک- ڕۆن، بزن، کۆیلە و هەر شتێکی تر کە بۆ خواردن بشێت سەرەڕای جۆ.

ئەگەرچی جۆ بەهایەکی خۆیی هەیە، ئاسان نەبوو قەناعەت بە خەڵکی بێنیت وەکو پارە بەکاری بێنن نەک بە تەنیا وەکو هەر کاڵایەکی تر. بۆ تێگەیشتن لەوەی بۆچی وابوو، تەنیا بیر لەوە بکەوە چی ڕوویدەدا ئەگەر تۆ گونیەیەکی پڕ لە جۆت ببردایەتە سەنتەرێکی شۆپینگی ناوچەکەت و هەوڵت بدایە شێرتێک یان پیتزایەک بکڕیت. دوور نەبوو ئاسایشت بۆ بانگ بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، تا ڕادەیەک وا ئاسانتر بوو وەکو یەکەم جۆری پارە متمانە بە جۆ بکەیت، چونکە جۆ بەهایەکی بایۆلۆژی هەیە. مرۆڤەکان دەتووانن بیخۆن. لەلایەکی ترەوە، قورس بوو جۆ بگوازیتەوە و هەڵیگریت. هەنگاونانی ڕاستەقینە لە مێژووی دراودا ئەو کاتە ڕوویدا کە خەڵکی متمانەیان بەو پارەیە پەیدا کرد کە بەهای خۆیی نەبوو، بەڵام هەڵگرتن و گواستنەوەی ئاسانتر بوو. پارەیەکی وەها لە میزۆپۆتامیای دێرین لە ناوەڕاستەکانی هەزارەی سێیەمی پێش زایین ڕوویدا. ئەمە سکەی زیوین بوو.

ئەم سکە زیوینە دراو نەبوو، بەڵکو ٨,٣٤ گرام زیو بوو. کاتێک کۆدی حامورابی ڕایگەیاند گەر پیاوێکی باڵا ژنێکی کۆیلە بکوژێت ئەوا دەبێ بیست سکەی زیو بداتە خاوەنەکەی، بەو مانایە بوو کە دەبووایە ١٦٦ گرامی زیو، نەک بیست سکە، بدات. زۆربەی زاراوە دراوییەکان لە کتێبی پیرۆزی (پەیمانی کۆن)دا لە فۆرمی زیودا هاتوون نەک پارەی کانزایی. براکانی یوسف، یوسفیان بە بە بیست سکەی زیو بە ئیسماعیلییەکان فرۆشت، یان بڵێین بە ١٦٦ گرام زیو فرۆشتیان (هەمان نرخی ژنە کۆیلەکە- دواجار ئەو گەنج بوو).

به پێچەوانەی سیلای جۆ، سکەی زیو بەهای خۆیی نەبوو. تۆ ناتووانیت زیو بخۆیت، بخۆیتەوە یان بیکەیتە جل و لەبەری بکەیت و بۆ دروستکردنی ئامێرە بەکەڵکەکانیش زۆر نەرمە- گاسن و شمشێری زیو تەقریبەن وەکو ئەوانەی لە پەڕەی ئەلەمنیۆم دروست دەکرێن، خێرا هەڵدەوەرن. کاتێک ئەمانە بۆ هەر شتێک بەکاربهێنرێن، زیو و زێڕ دەکرێنە خشڵ، تاج و سیمبۆلی تری پێگە و پایە- کالای خۆشگوزەرانی کە ئەندامانی کەلتوورێکی دیاریکراو دەیشوبهێنن بە پایەی کۆمەڵایەتی بەرز. بەهاکەیان تەنیاوتەنیا کەلتوورییە.

قورساییەکانی کانزای بەنرخ دواجار ڕێگەی بۆ سکەی کانزایی خۆش کرد. یەکەمین سکەکان لەمێژوودا لە دەوروبەری ٦٤٠ی پێش زایین لەلایەن پاشا ئەلیات-ی لیدیا لە خۆرئاوای ئەنەدۆڵ بەرهەم هێنران. ئەم سکانە کێشێکی ستاندەرایزە بووی ئاڵتون یان زیویان هەبوو و بە نیشانەیەکی ناسینەوە بەرهەم دەهێنران. نیشانەکە گوزارشت بوو لە دوو شت. یەکەم، پیشانی دەدا کە سکەکە چەنێک کانزای بەنرخی تێدایە. دووەم، ئەو دەسەڵاتەی سکەکەی دەرکردبوو و ناوەڕۆکەکەی زامن کردبوو، دەناساند. تەقریبەن هەموو ئەو سکانەی ئەمڕۆ بەکار دێن سەرچاوەگرتووی سکەکانی (لیدیا)ن.

سکەکان دوو باشەی گرنگیان هەبوون لەبەرانبەر پارچە کانزای بێ نیشانەدا. یەکەم، ئەوەی دووەمیان دەبووایە لە هەموو سەفقەیەکدا بکێشرێت، دووەم، کێشانی پارچەکە بەس نەبوو. کابرای پێڵاوساز چۆن بزانێ ئەو پارچە زیوینەی من بۆ پوتەکانم دایدەنێم بە ڕاستی لە زیوی بێگەرد دروستکراون و قورقوشمی ڕووپۆشکراو بە زیو نییە؟ سکەکان یارمەتیدەرن بۆ چارەسەری کێشەکە. نیشانەی دانراو لەسەریان گەواهیدەرە بۆ بەهای کتومتیان، بۆیە پێڵاوسازەکە پێویستی بەوە نابێت

تەرازوویەک لەسەر سنوقەکەی دابنێت. لەوەش گرنگتر، نیشانەی سەر سکەکە واژۆی دەسەلاتێکی سیاسییە کە زامنی بەهای سکەکە دەکات.

شێوە و قەبارەی نیشانەکە بەدرێژایی مێژوو گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا هاتووە، بەڵام پەیامەکە هەمیشە هەمان شت بووە: (من، پاشای مەزنی فڵان و فیسار، بەڵێنی کەسیی خۆمت دەدەمێ کە ئەم پارچە کانزایە کتومت پێنج گرام ئاڵتونە. ئەگەر کەسێک بوێرێ تەزویری بکات، ئەوا مانای ئەوەیە واژۆی من تەزویر دەکات، کە ئەمەش زیان گەیاندن دەبێ بە ناوبانگم. من سزایەکی تووندی تاوانێکی وەها ئەدەم). هەربۆیە پارە تەزویرکردن هەمیشە بە تاوانێکی زۆر گەورەتر لە کردارەکانی تری فێڵکردن دانراوە. تەزویرکردن تەنیا فێڵکردن نییە- ئەمە پێشێلکردنی سەروەرییە، کردارێکی ئاژاوەیە لەدژی دەسەلات، ئیمتیازات و خودی پاشا. زاراوە یاساییەکە لیس-ماجێستی (پێشێلکردنی شکۆ)یە و بەگشتی سزای ئەشکەنجە و مەرگی بەدواوە بوو. تا ئەو جێیەی کە خەڵکی متمانەیان بە دەسەلات و ڕاستگۆیی پاشا دەکرد، متمانەیان بە سکەکانیشی دەکرد. ئەوانەی تەواو غەریبە بوون بە ئاسانی هاوڕا بوون لەسەر بەهای سکەی دیناریۆسی ڕۆمانی، چونکە متمانەیان بە دەسەلات و ڕاستگۆیی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی هەبوو، کە ناو و وێنەی لەسەر داتاشرابوو.

پاشان، هێزی ئیمپراتۆر لەسەر دیناریۆس بەند بوو. تەنیا بیر لەوە بکەرەوە کە بەرقەرارکردنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی بەبێ سکە چەنێک قورس ئەبوو — ئەگەر پێویست بووایە ئیمپراتۆرەکە باج بەرز بکاتەوە و موچە بە جۆ و گەنم بدات. ئەستەم دەبوو باجی جۆ لە سوریا کۆ بکەیتەوە، پارەکان بگوازیتەوە بۆ گەنجینەی ناوەندی لە ڕۆم و جارێکی تر بیگوازیتەوە بۆ بریتانیا بۆئەوەی پارەی لەشکرەکان لەوێ بدەیت.

بەهەمان شێوە بەرقەرارکردنی ئیمپراتۆریەتەکە قورس دەبوو ئەگەر دانیشتووانی شاری ڕۆم بڕوایان بە سکەی ئاڵتون هەبووایە، بەڵام دانیشتووانەکە ئەم باوەڕەی ڕەت بکردایەتەوە، لەبری ئەمە متمانەی بە قاوغە دەریاییەکان، موروو عاجەکان یان تۆپە قوماش هەبووایە.

جادووی ئاڵتون

متمانە بە سکەکانی ڕۆم ئەوەندە بەهێز بوو کە تەنانەت لە دەرەوەی سنووورەکانی ئیمپراتۆریەت، خەڵکی دڵخۆش بوون بە وەرگرتنی پارە بە دیناریۆس. لە یەکەم سەدەی زایینداً، سکە ڕۆمانییەکان ئامرازێکی قبوڵکراوی ئاڵوگۆڕ بوون لە بازاڕەکانی هیندستان، ئەگەرچی نزیکترین لەشکری ڕۆمانی، هەزاران کیلۆمەتر دوور بوو. هیندییەکان بڕوایەکی ئەوەندە بەهێزیان بە دیناریۆس و وێنەی ئیمپراتۆر هەبوو کە کاتێک فەرمانڕەوایانی لۆکاڵ سکەی تایبەت بەخۆیان لێدا، لاساییەکی زۆری دیناریۆسیان کردەوە. (دیناریۆس) بووە ناوی گشتی سکەکان. خەلیفە موسڵمانەکان ئەم ناوەیان کردە عەرەبی و (دینار)یان چاپ کرد. دینار هێشتا ناوی ڕەسمی دراوەکەیە لە ئوردن، عیراق، سڕیا، مەکدۆنیا، تونس و ژمارەیەک وڵاتی تر.

لەکاتێکدا کە سکەی لیدیایی لە مێدیترانەوە بەرەو ئۆقیانووسی هیندی بڵاو دەبووەوە، چین سیستەمێکی تا ڕادەیەک جیاوازی گەڵاڵە کرد، ئەمەش لەسەر بنەمای سکەی برۆنزی و پارچەی زیو و ئاڵتونی نیشانەنەکراو. لەگەڵ ئەوەشدا، دوو سیستەمە دراوییەکە ئەوەندە خاڵی هاوبەشیان هەبوو (بەتایبەت پشت بەستن ئاڵتون و زیو) کە پەیوەندیی دراویی و بازرگانیی نزیک لەنێوان زۆنی چینی و زۆنی لیدیاییدا بەرقەرار بوو. داگیرکار و بازرگانە موسڵمان و ئەوروپییەکان پەیتا پەیتا سیستەمی

لیدیایی و جادووی ئالتونیان به گۆشه دووره‌کانی زەویدا بڵاو کردەوە. به هاتنی سەردەمی مۆدێرنی درەنگ، سەرانسەری جیهان تاکه زۆنێکی دراوی بوو که لەپێشدا به ئالتون و دواتر زیو پشتبەستوو بوو و دواتر بەند بوو به چەند دراوێکی متمانەداری وەکو پاوەندی بریتانی و دۆلاری ئەمریکی.

دەرکەوتنی تاکه زۆنی نەتەوەبڕ و کەلتووربڕ زەمینەی بۆ یەکگرتنی ئەفرۆ-ئاسیایی و دواجار زەمینەی بۆ سەرانسەری جیهان خۆش کرد تا ببێته تاکه فەزایەکی ئابووری و سیاسی. خەڵکی بەردەوام بوون له قسەکردن به زمانی لێکحاڵینەبوو، پەیڕەویکردن له فەرمانڕەوای جیاواز و پەرستنی خودای جیاواز، بەڵام هەمووان باوەڕیان به ئالتون و زیو و سکەی ئالتون و سکەی زیو هەبوو. بەبێ ئەم باوەڕە هاوبەشە، تۆڕە بازرگانییە جیهانییەکان تەقریبەن ئەستەم دەبوون. ئەو ئالتون و زیوەی داگیرکارانی سەدەی شانزە له ئەمریکا دۆزییانەوە توانای به بازرگانە ئەوروپییەکاندا تا ئاوریشم، سیرامیکی پۆرسێلەین و بەهارات له خۆرهەڵاتی ئاسیا بکڕن و لێرەوە ماشێنی گەشەی ئابووری له ئەوروپا و خۆرهەڵاتی ئاسیا بخەنە جوڵە. زۆربەی ئەو ئالتون و زیوەی له مەکسیک و ئاندیس دەرهێنرا له دەستی ئەوروپییەکان خزا و مالی خۆی لەناو جزدانی ئاوریشمی چینی و کارگەکانی پۆرسێلەیندا دۆزییەوە. چی بەسەر ئابووریی جیهانیدا دەهات ئەگەر چینییەکان تووشی هەمان ئەو (نەخۆشییەی دڵ) نەبوونایە که (کۆرتێی)یەکان و هاوەڵەکانیان تووشی بوون-و پارەیان بەشێوەی ئالتون و زیو ڕەت بکردایەتەوە؟.

لەگەڵ ئەوەشدا بۆچی دەبێت چینییەکان، هیندییەکان، موسڵمانەکان و ئیسپانییەکان- که سەر به کەلتووری زۆر جیاواز بوون و

نەیاندەتووانی لەسەر زۆربەی شتەکان کۆک بن- لەگەڵ ئەوەشدا لەبارەی ئاڵتونەوە هاوڕان؟ بۆچی ئەوە ڕووینەدا کە ئیسپانییەکان باوەڕیان بە ئاڵتون بێت، لەکاتێکدا کە موسڵمانەکان باوەڕیان بە جۆ، هیندییەکان باوەڕیان بە قاوغی دەریایی و چینییەکان باوەڕیان بە ئاوریشم بووە؟ ئابووریناسەکان وەڵامێکی حازربەدەستیان هەیە. هەر کە بازرگانی دوو ڕووبەرەکە بەیەکترییەوە گرێ بدات، هێزەکانی دابینکردن و داوا، نرخەکانی کاڵا گوازراوەکان یەکسان دەکەن. بۆئەوەی تێبگەین بۆچی، کەیسێکی گریمانەیی لەبەرچاو بگرە. وایدابنێ کاتێک بازرگانیی ئاسایی لەنێوان هیندستان و مێدیترانەدا کرایەوە، هیندییەکان بایەخیان بە ئاڵتون نەدەدا، بۆیە تەقریبەن بێ بەها بوو. بەڵام لە مێدیترانە، ئاڵتون سیمبۆلێکی پێگە و پایە بوو کە چاوی زۆر لەسەر بوو، لەمڕووەوە بەهاکەی بەرز بوو. دواتر چی ڕوویدەدا؟.

ئەو بازرگانانە لەنێوان هیندستان و مێدیترانەدا دەهاتن و دەچوون تێبینی جیاوازییان لە بەهای ئاڵتوندا دەکرد. ئەوان بۆئەوەی قازانج بکەن، لە هیندستان ئاڵتونیان بە هەرزان دەکڕی و لە مێدیترانە بە گران دەیانفرۆشتەوە. داواکاری بۆ ئاڵتون لە هیندستان تەواو بەرز دەبووەوە، بەهەمان شێوە بەهاکەشی. لە هەمان کاتدا، مێدیترانەییەکان لێشاوێک لە ئاڵتونیان ئەزموون دەکرد و سەرەنجام بەهاکەی دادەبەزی. لە ماوەیەکی کورتدا، بەهای ئاڵتون لە هیندستان و مێدیترانەدا هاوتا دەبوو. تەنیا ئەمەی کە خەڵکی مێدیتەرانە باوەڕیان بە ئاڵتون بهێنایە، دەبووە هۆی ئەوەی کە هیندییەکانیش باوەڕی پێ بێنن. تەنانەت ئەگەرچی هیندییەکان هێشتا بەکارهێنانێکی ڕاستەقینەیان بۆ ئاڵتون نەبووایە، تەنیا ئەمەی کە خەڵکی مێدیترانە ویستیان لەسەر بوو، بەس بوو بۆئەوەی هیندییەکانیش بەهای پێ بدەن.

بەهەمان شێوە، حەقیقەتی ئەمەی کە کەسێکی تر بڕوای بە قاوغە دەریاییەکان، دۆلار یان داتای ئەلکترۆنی هەیە بەسە بۆ بەهێزکردنی باوەڕی خۆمان پێی، تەنانەت ئەگەرچی ئەو کەسە لەلایەن ئێمەوە جێی ڕق بێت، قێزەون یان سوک تەماشا بکرێت. ئەو مەسیحی و موسڵمانانەی کە نەیاندەتووانی لەسەر باوەڕە دینییەکان کۆک بن، لەسەر باوەڕبوون بە دراو کۆک بوون، چونکە لەکاتێکدا کە دین داوامان لێدەکات باوەڕ بە شتێک بێنین، پارە داوامان لێدەکات باوەڕ بەوە بێنین کە خەڵکی تر باوەڕی بە شتێک هەیە.

بۆ ماوەی هەزاران ساڵ، فەیلەسوفان، بیرمەندان و پێغەمبەران ناوی پارەیان زڕاندووە و بە ڕەگی هەموو خراپەکانیان ناودێر کردووە. ئەگەر بڵێین ئەمە وەهاشە، پارە بەهەمان شێوە ترۆپکی پێکەوەهەڵکردنی مرۆڤە. پارە لە زمان، دەوڵەت، یاساکان، کۆدە کەلتوورییەکان، باوەڕە ئاینییەکان و خووە کۆمەڵایەتییەکان ئەقڵی کراوەترە. پارە تاکە سیستەمی متمانەیە لەلایەن مرۆڤەکانەوە دروست کرابێت کە دەتووانێت تەقریبەن هەر کەلێنێکی کەلتووری پڕ بکاتەوە و لەسەر بنەمای ئایین، ڕەگەز، نەژاد، تەمەن یان ڕوانگەی سێکسی، جیاکاری ناکات. لەسایەی پارەدا، تەنانەت ئەو کەسانەی یەکتریش ناناسن و متمانە بە یەکتری ناکەن دەتووانن بەشێوەیەکی کاریگەر هاریکاری یەکتری بکەن.

نرخی پارە

پارە لەسەر دوو بنەمای گەردوونی بونیاد نراوە:

ئەلف-گۆڕینەوەی جیهانی: چونکە پارە کیمیاگەرێکە، دەتووانیت زەوی بگۆڕیت بۆ وەفاداری، دادپەروەری بگۆڕیت بۆ تەندروستی و توندوتیژی بگۆڕیت بۆ مەعریفە.

ب-متمانەی جیهانی: چونکە پارە نێوانکارێکە، هەموو دوو کەسێک دەتووانن لەسەر هەر پرۆژەیەک هاریکاری یەکتری بن.

ئەم پرەنسیپانە توانای بە ملیۆنان کەسی غەریبە داوە بەشێوەیەکی کاریگەر لە بازرگانی و پیشەسازیدا هاریکاری یەکتری بن. بەڵام ئەم پرەنسیپە بە ڕوالەت نەرم و نیانانە دیوێکی تاریکیشیان هەیە. کاتێک هەموو شتێک قابیلی گۆڕینەوە بێت و کاتێک متمانە بەندە بە سکە و قاوغی دەریایی نەناسراوە، ئەمە نەریتە لۆکاڵەکان، پەیوەندییە گەرم و گوڕ و بەها مرۆییەکان وێران دەکات و بە یاسا سارد‌ەکانی دابینکردن و داوا شوێنیان پڕ دەکاتەوە.

کۆمەڵگە و خانەوادە مرۆییەکان هەمیشە لەسەر بنەمای باوەڕ بووە بە شتە (بێ نرخەکان)، وەکو شەرەف، وەفاداری، ئەخلاق و خۆشەویستی. ئەم شتانە دەکەونە دەرەوەی قەڵەمڕەوی بازاڕ و نابێت بە پارە بفرۆشرێن یان بکڕدرێن. تەنانەت ئەگەر بازاڕ نرخێکی باش بخاتەڕوو، هەندێ شت هەیە نادرێن. نابێ دایک و باوکان منداڵەکانیان بکەنە کۆیلە، مەسیحییەکی ئیماندار نابێ گوناهی کوشندە بکات، سوارچاکێکی وەفادار نابێت ناپاکی لە لۆردەکەی بکات، زەوییە خێڵەکییەکانی پێشینان نابێ بە بیانییەکان بفرۆشرێن.

پارە هەمیشە هەوڵیداوە ئەو بەربەستانە ببڕێت، وەکو ئەو ئاوەی بەناو درزەکانی بەنداوێکدا ڕەت دەبێت. دایکان و باوکان بچوک کراونەتەوە بۆ ئەو ئاستەی کە منداڵەکانیان بکەنە کۆیلە بۆ کڕینی خۆراک بۆ ئەوانیتر. مەسیحییە ئیمانداڕەکان خەڵکیان کوشتووە، فریوداوە و شتیان دزیووە- دواتر دەستکەوتەکانیان بەکارهێناوە بۆ کڕینی لێبووردن لە کەنیسە. سوارچاکەکان وەلائیان بەرانبەر بەرزترین داواکاری هەڕاج کردووە، لەکاتێکدا کە وەفاداریی شوێنکەوتووانی خۆیان بە پارەی کاش مسۆگەر

کردووە. زەوییە خێڵەکییەکان بە بیانییەکانی لایەکی تری جیهان فرۆشراون بۆ کڕینی تیکتیک بۆ چوونەناو ئابووریی جیهانی.

پارە تەنانەت دیوێکی تاریکتری هەیە. لەبەرئەوەی هەرچەندە پارە متمانەی جیهانی لەنێوان غەریبەکاندا بونیاد دەنێت، ئەم متمانەیە نەک لە مرۆڤەکان، کالاکان یان شتە پیرۆزەکاندا، بەڵکو لە خودی پارە و ئەو سیستەمە ناکەسییانەی پاڵپشتی دەکەن، سەرمایەگوزاری دەکرێت. ئێمە متمانە بە غەریبە، یان دراوسێیەکەی تەنیشتمان ناکەین- ئێمە متمانە بەو پارەیە دەکەین کە پێیانە. ئەگەر ئەوان پارەیان لێ ببڕێت، ئەوا متمانەمان نامێنێت. لەکاتێکدا کە پارە بەنداوەکانی کۆمەڵ، ئایین و دەوڵەت دادەڕمێنێت، جیهان لە مەترسی ئەوەدایە ببێتە بازاڕێکی گەورەی بێ دڵ.

لەمڕووەوە، مێژووی ئابووریی مرۆڤایەتی بریتییە لەسەمایەکی ناسک. خەڵکی پشت بە پارە دەبەستن بۆ زەمینەسازیی هاوکاری لەگەڵ غەریبەکاندا، بەڵام ئەوان ترسیان لەوە هەیە ئەمە بەها مرۆییەکان و پەیوەندییە گەرم و گوڕەکان دابڕزێنێت. خەڵکی بە دەستێکیان بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە ئەو بەنداوانەی کۆمەڵ وێران دەکەن کە لەمێژە جوڵەی پارە و بازرگانییان کۆنترۆڵ کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، بە دەستەکەی تر بەنداوی تر بونیاد دەنێن بۆ پاراستنی کۆمەڵگە، ئایین و ژینگە لە کەوتنە بەر دەست هێزەکانی بازاڕ.

ئەمڕۆکە باوە باوەڕ بەوە بهێنیت کە بازاڕ هەمیشە زاڵە و ئەو بەنداوانەی لەلایەن پاشاکان، قەشەکان و کۆمەڵگەکان قوتیان کردوونەتەوە چیتر ناتووانن بەرگەی تەوژمەکانی پارە بگرن. ئەمە ساویلکانەیە. جەنگاوەرە دڵڕەقەکان، توندڕەوە دینییەکان، هاوڵاتییە پەرۆشەکان بەردەوام هەوڵیانداوە بازرگانە چاوچنۆکەکان سزا بدەن، و

تەنانەت شێوە بە بازاڕ بدەنەوە. هەربۆیە ئەستەمە وەکو پرۆسەیەکی ئابووریی بێگەرد لە یەکپارچەبوونی مرۆڤایەتی تێبگەیت. بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن هەزاران کەلتووری دابڕاو پێ بە پێی تێپەڕینی کات تۆپەڵ بوون بۆ پێکهێنانی گوندی جیهانیی ئەمڕۆ، دەبێ ڕۆڵی ئاڵتون و زیو لەبەرچاو بگرین، بەڵام ناتوانین چاوپۆشی لە یەکسانیی ڕۆڵی گرنگی ستیل بکەین.

١١

رونیا ئیمپریالییەکان

رۆمە دێرینەکان لەسەر شکستخواردن ڕاهاتبوون. وەکو فەرمانڕەوایانی ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی مێژوو، ڕێی تێدەچوو ئەوانیش شەڕ لەدوای شەڕ بدۆڕێنن بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەنگ ببەنەوە. ئیمپراتۆریەتێک کە نەتوانێ بەرگەی زەڕبە بگرێ و پایەدار بمێنێتەوە لە ڕاستیدا ئیمپراتۆریەت نییە. لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت ڕۆمانەکانیش بەلایانەوە قورس بوو ئەو هەواڵانە هەرس بکەن کە لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی پێش زایین لە باکووری نیمچە دوورگەی (ئیبریا)وە دەگەیشتن. شارۆچکەیەکی شاخاویی سادە بەناوی (نومانسیا) کە (کێلت)ەکان ڕەسەنەکانی تیادا نیشتەجێ بوون، ئازایەتی ئەوەیان تیابوو کە لە جڵەوی ڕۆمان قوتار بن. ڕۆم لەو سەروەختەدا گەورەی سەرتاپای حەوزی مێدیتەرانە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئیمپراتۆریەتەکانی سلوکی و مەگدۆنی، دەوڵەت شارە خاوەن شانازییەکانی یۆنانیان کردە پاشکۆ و قرتاجەیان کردە سوتەک. نومانسییەکان هیچیان لا نەبوو جگە لە خۆشەویستییەکی چڕوپڕ بۆ ئازادی و خاکە سەختەکەیان. لەگەڵ

ئەوەشدا، ئەوان لەشکر لەدوای لەشکریان ناچار کرد سەریان شۆڕ بکەن و پاشەکشێ بکەن.

دواجار، لە ساڵی ١٣٤ی پێش زایین، ڕۆم ئۆقرەی نەما. ئەنجومەنی پیران بڕیاریدا (سیپیۆ ئامیلیانوس)ی ژەنەرالی بەرجەستەی ڕۆم و ئەو کەسەی قرتاج-ی تەخت کرد ڕەوانە بکات بۆ هەڵکوتانە سەر نومانسییەکان. ئەو، سوپایەکی گەورەی زیاتر لە ٣٠،٠٠٠ کەسی خرایە بەردەست. سیپیۆ کە ڕێزی لە ڕۆحییەتی جەنگ و شارەزایەتی جەنگی نومانسییەکان دەگرت، وای پێ باش بوو سەربازەکانی لە شەڕێکی ناپێویستدا بەکوشت نەدات. لەبری ئەمە، چواردەوری نومانسیای بەربەست کرد و پەیوەندی شارۆچکەکەی لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بلۆک کرد. برسیکردن بۆ ئەو کاریگەر بوو. پاش زیاتر لە ساڵێک، پاشەکەوتی خۆراک تەواو بوو. کاتێک نومانسییەکان درکیان بەوە کرد کە هەموو هیوایەک لەدەستچووە، شارۆچکەکەی خۆیان سوتاند و بە گوێرەی گێڕانەوە ڕۆمانییەکان، زۆربەیان خۆیان کوشت بۆئەوەی نەبنە کۆیلەی ڕۆمانی.

دواتر نومانسیا بووە ڕەمزی سەربەخۆیی و بوێریی ئیسپانی. (میگێل دو سێرڤانتێس)ی نووسەری (دۆن کیخۆتە) تراژیدیایەکی نوسی بەناوی (گەمارۆی نومانسیا) کە بە وێرانکردنی شارۆچکەکە، بەڵام بەهەمان شێوە بە ڕوئیایەکی مەزنایەتی ئایندەی ئیسپانیاش کۆتایی دێت. شاعیرەکان هۆنراوەی پیاهەڵگوتنیان بۆ بەرگریکارانی سەرسەختی هۆنییەوە و نیگارکێشان وێنەی شکۆمەندانەی گەمارۆکەیان لەسەر کانڤاس نەخشاند. لە ساڵی ١٨٨٢دا، پاشەوارەکەی وەکو مۆنومێنتێکی نیشتمانی ڕاگەیەنرا و بووە شوێنێکی پیرۆز بۆ نیشتمانپەروەرە ئیسپانییەکان. لە ساڵانی ١٩٥٠کان و ١٩٦٠ەکاندا باوترین کتێبە

کۆمیدییەکان لەبارەی سوپەرمان و سپایدەرمان نەبوون- بەڵکو باسی سەرکێشییەکانی ئێل جەباتۆ یان دەکرد کە پاڵەوانێکی خەیاڵیی (ئیبریایی) بوو لەدژی سەرکوتگەرانی ڕۆمانی دەجەنگا. نومانسییە دێرینەکان تاوەکو ئەمڕۆش سەرمەشقی پاڵەوانێتی و نیشتمانپەروەرێتین، نموونەن بۆ خەڵکانی گەنجی وڵات.

لەگەڵ ئەوەشدا، نیشتمانپەروەرە ئیسپانییەکان بە زمانی ئیسپانی ستایشی نومانسییەکان دەکەن- زمانێکی ڕۆمانسی کە لە زمانی سیپیۆی لاتینەوە ماوەتەوە. نومانسییەکان ئێستا بە زمانی مردوو و ونبووی کێڵتی دەدوێن. سێرڤانتیس (گەمارۆی نومانسیا)ی بە زمانی لاتینی نووسی و شانۆییەکە شوێن پێی مۆدێلە هونەرییەکانی یۆنان-ڕۆمان هەڵدەگرێت. نومانسیا هۆڵی شانۆی لێ نەبوون. ئەو نیشتمانپەروەرە ئیسپانییانەی سەرسامن بە پاڵەوانێتی نومانسیایی، بەهەمان شێوە وەفادار دەبن بەرانبەر کەنیسەی کاسۆلیکیی ڕۆمانی، کەنیسەیەک کە ڕێبەرەکەی هێشتا لە ڕۆم نیشتەجێیە و خوداکەی وای پێ باشترە بە شێوازی لاتین موخاتەبە بکرێت. بەهەمان شێوە، یاسای ئیسپانی مۆدێرن لە یاسای ڕۆمانەوە دێت، سیاسەتی ئیسپانی لەسەر بناغە ڕۆمانییەکان بونیاد نراوە و چێشت و تەلارسازی ئیسپانی قەرزێکی زۆر گەورەتری میراتی ڕۆمانەکانی لەسەرە بە بەراورد بەوانەی کێڵتەکانی ئیبریا. لە ڕاستیدا هیچ شتێک جگە لە پاشەوار لە نومانسییەکان نەماوەتەوە. تەنانەت بەسەرهاتەکەشی تەنیا لەسایەی نووسینەکانی میژوونووسە ڕۆمانەکان بە ئێمە گەیشتووە. ئەمەش بە تام و زەوقی تەماشاکەرانی ڕۆمانی نووسراوە کە خۆشییان لە حیکایەتەکانی بەربەرییە ئازادیخوازەکانی دەبینی. سەرکەوتنی ڕۆم بەسەر نومانسییەکاندا ئەوەندە کامڵ بوو کە سەرکەوتووان یادەوەریی شکست خواردووەکانیان هەڵگرت.

ئەمە بەسەرهاتێک نییە لەو جۆرەی کە خوازیارین. ئێمە حەز دەکەین ببینین لاوازەکان دەیبەنەوە. بەڵام مێژوو دادپەروەری تیادا نییە. زۆربەی کەلتورەکانی ڕابردوو زوو یان درەنگ بوونەتە نێچیری سوپاکانی ئیمپراتۆریەتێکی دڵڕەق، کە ڕەوانەی نادیاری کردوون. ئیمپراتۆریەتەکانیش سەرەنجام دەکەون، بەڵام میراتی دەوڵەمەند و بەرگەگر لەدوای خۆیان جێ دەهێڵن. تەقریبەن هەموو خەڵکی لە سەدەی بیستوویەکەمدا وەچەی ئیمپراتۆریەتێک لە ئیمپراتۆریەتەکانن.

ئیمپراتۆریەت چییە؟

ئیمپراتۆریەت سیستەمێکی سیاسییە کە دوو تایبەتمەندی هەیە. یەکەم، بۆئەوەی بۆ ئەو تایتڵە بشێیت دەبێ حوکمی ژمارەیەکی گرنگی گەلانی جیاجیا بکەیت کە هەریەکەیان خاوەنی شوناسێکی کەلتووریی جیاواز و سەرزەمینێکی جیاوازە. کتومت چەند گەل؟ دوو یان سیان بەس نییە. بیست یان سی زۆرە. سنووری ئیمپراتۆری لە شوێنێکی نێوان ئەم دووانەدایە.

دووەم، ئیمپراتۆریەتەکان بە سنووری کشۆک و شەهیەیەکی بێ سنوور دەناسرێنەوە. ئەوان دەتووان نەتەوە و سەرزەمینی زۆر و زۆرتر قوت بدەن بەبێ ئەوەی شوناس یان ستەرەکتۆری بنچینەیی بگۆڕن. دەوڵەتی بریتانیی ئەمڕۆکە سنووری تا ڕادەیەک ڕوونی هەن کە ناتووانرێ ببەزێنرێ بەبێ گۆڕینی شوناس و ستەرەکتۆری بنەڕەتی دەوڵەتەکە. پێش سەدەیەک، تەقریبەن هەر شوێنێک لە شوێنەکانی سەر ڕووی زەوی دەیتووانی ببێتە بەشێک لە ئیمپراتۆریەتی بریتانی.

فرەڕەنگی کەلتووری و کشۆکی ناوچەیی نەک تەنیا تایبەتمەندیی ناوازەی دایە ئیمپراتۆریەتەکان، بەڵکو بەهەمان شێوە ڕۆڵی سەرەکی

پێدان لە مێژوودا. لە سایەی ئەم دوو کارەکتەرەدا بوو کە ئیمپراتۆریەتەکان تووانیان گروپە ئەتنییە هەمەڕەنگەکان و زۆنە ژینگەییەکان لەژێر تاکە چەترێکی سیاسیدا یەکبخەن، لێرەوە بڕگەی گەورە و گەورەتری توخمە مرۆییەکان و هی هەسارەی زەوی یەکبخەن.

دەبێ جەخت لەوە بکەینەوە کە ئیمپراتۆریەت تەنیاوتەنیا بە هەمەڕەنگییە کەلتوورییەکەی و سنووورە کشۆکەکانی پێناسە دەکرێت نەک بە ڕەگوریشەکانی، فۆرمی حکومەتەکەی، پانتایی سەرزەمینەکەی، یان قەبارەی دانیشتوانەکەی. ئیمپراتۆریەت پێویستی بەوە نییە لە داگیرکردنێکی سەربازییەوە سەرهەڵبدات. ئیمپراتۆریەتی ئەسینایی، وەکو کۆمەڵێکی خۆبەخش ژیانی خۆی دەستپێکرد و ئیمپراتۆریەتی (هابسبێرگ) لە حاڵەتی هاوسەرێتییەوە دەستیپێکرد کە شرێتێکی هاوپەیمانێتی زیرەکانەی هاوسەرێتی پێکیهێنابوو. ناشبێ ئیمپراتۆریەتێک لەلایەن ئیمپراتۆریەتێکی تاکڕەوەوە حوکم بکرێت. ئیمپراتۆریەتی بریتانی، گەورەترین ئیمپراتۆریەت لە مێژوودا، دیموکراسی حوکمی دەکرد. ئیمپراتۆریەتە دیموکراتی (یان لانی کەم کۆمارییەکان)یەکان ئیمپراتۆریەتی هۆڵەندی، فەرەنسی، بەلجیکی و ئەمریکی و هەروەها ئیمپراتۆریەتە پێش مۆدێرنەکانی نۆڤگۆرۆد، ڕۆم، قرتاج و ئەسینای گرتووەتەوە.

قەبارەش بە ڕاستی گرنگ نیە. ئیمپراتۆریەتەکان دەشێ لاواز بن. ئیمپراتۆریەتی ئەسینایی لەوپەڕی توانای خۆیدا لە قەبارە و دانیشتووواندا زۆر بچوکتر بوو لە یۆنانی ئەمڕۆ. ئیمپراتۆریەتی ئازتێک لە مەکسیکی ئەمڕۆ بچوکتر بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان ئیمپراتۆریەت بوون، لەکاتێکدا کە یۆنانی مۆدێرن و مەکسیکی مۆدێرن ئیمپراتۆریەت نین، چونکە ئەوەی پێشوویان پەیتا پەیتا دەیان و بگرە سەدان شێوازی

حوکمرانی جیاوازی گرتە بەر کەچی ئەوەی دواتریان ئەمەی نەکردووە. ئەسینایییەکان بەسەر زیاتر لە سەد دەوڵەت شاری سەربەخۆی پێشوودا حوکمیان دەکرد کەچی ئیمپراتۆریەتی ئازتێکی، ئەگەر بتووانین متمانە بە ڕێکۆردەکانی باج وەرگرتنی بکەین، حوکمی ٣٧١ هۆز و گەلی جیاوازی کردووە.

چۆن مومکین بوو ئاوێتەیەکی مرۆیی وەها بگوشرێتە ناو سەرزەمینی دەوڵەتێکی مۆدێرنی سادە؟ ئەمە مومکین بوو چونکە لە ڕابردوودا گەلانی زۆر جیاوازتر هەبوون لە جیهاندا، کە هەریەکەیان دانیشتووانێکی بچوکتری هەبوو و خاکێکی کەمتری گرتبوو لەچاو ئەو خەڵکەی ئەمڕۆ. خاکی نێوان مێدیتەرانە و ڕووباری ئوردن، کە ئەمڕۆ لە ململانێدایە بۆ تێرکردنی تامەزرۆییەکانی دوو گەل، لە سەردەمی کتێبی پیرۆزدا بە ئاسانی دەیان نەتەوە، خێڵ، مەملەکەتە ناچیزەکان و دەوڵەت شارەکانی تیادا جێ بووەتەوە.

ئیمراتۆریەتەکان یەکێک بوون لە هۆکارە سەرەکییەکان بۆ کەمبوونەوەی بەرچاو لە هەمەڕەنگی مرۆییدا. باگردێنی ئیمپراتۆری پەیتاپەیتا تایبەتمەندییە ناوازەکانی چەندەها گەل (ی وەکو نومانسییەکان)ی شاردەوە و گروپی نوێ و گەورەتری لێ پێکهێنان.

ئیمپراتۆریەتە خراپەکان

لە سەردەمی ئێمەدا، لە وشەکاری جوێنی سیاسیدا (ئیمپریالیست) لە پلەی دووەمی (فاشیست)دا دێت. ڕەخنەی هاوچەرخی ئیمپراتۆریەتەکان بەشێوەکی باو دوو فۆرم دەگرێتە خۆی:

١- ئیمپراتۆریەتەکان کاریگەر نین. لە دوورمەودادا، ئەستەمە بەشێوەیەکی کاریگەر بەسەر ژمارەیەکی گەورەی گەلانی داگیرکراودا حوکم بکەیت.

٢- تەنانەت ئەگەر ئەمەش مومکین بێ، نابێ بکرێ، چونکە ئیمپراتۆریەتەکان ماکینەی ئەهریمەنانەی وێرانکردن و قڕخکردنن. هەموو گەلێک مافی چارەنووسی هەیە و نابێ پاشکۆی حوکمڕانی ئەویتر بێت.

لە ڕوانگەیەکی مێژوویییەوە، خاڵی یەکەم تەواو بێ مانایە و خاڵی دووەم بە قوواڵی پرکێشەیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە ئیمپراتۆریەت بۆ ماوەی ٢٥٠٠ ساڵی ڕابردوو، باوترین فۆرمی ڕێکخراوی سیاسی بووە لە جیهاندا. زۆربەی مرۆڤەکان لەماوەی دوو هەزارە و نیوی ڕابردوودا لە ئیمپراتۆریەتەکاندا ژیاون. ئیمپراتۆریەت بەهەمان شێوە فۆرمێکی جێگیری حکومەت بووە. زۆربەی ئیمپراتۆریەتەکان بەڵایانەوە تەواو ئاسان بووە یاخیگەرییەکان دابمرکێننەوە. بە گشتی، ئەوان تەنیا بە داگیرکاریی دەرەکی یان بە درزێکی نێوخۆیی لەناو نوخبەی حوکمڕاندا سەرنگون دەبن. بە پێچەوانەوە، گەلانی داگیرکراو ڕێکۆردێکی باشی خۆ ڕزگارکردنیان نییە لەدەست باری قورسی ئیمپرایالی. زۆربەیان بۆ ماوەی سەدان ساڵ وەکو پاشکۆ مانەوە. بەشێوەیەکی گشتی، ئەمانە بە هێواشی لەڵایەن ئیمپراتۆریەتە داگیرکەرەکەوە هەرس کران تا ئەو کاتەی کە تایبەتمەندییە جیاوازەکانیان سڕایەوە.

بۆ نموونە، کاتێک ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی خۆرئاوا لە ساڵی ٤٧٦ی زایین پرژایە سەر داگیرکردنی هۆزە ئەڵمانییەکان، نومانسییەکان، ئارڤێرینی، هێڵڤێسیان، سامنیەکان، لوسیتانیەکان، ئومبریەکان،

ئیترۆسکانەکان و سەدان گەلی لەبیرکراوی تر کە پێش چەند سەدەیەک ڕۆمانەکان داگیریان کردن، بەو شێوەیەی کە (یونس) لە ورگی ماسییە گەورەکە هاتە دەرەوە، لە کەلاکە هەناو دەرهاتووەکانی ئیمپراتۆریەتەکانەوە سەریان هەڵنەدا. هیچیان نەمانەوە. وەچەی بایۆلۆژی ئەو خەڵکەی خۆیان وەکو ئەندامانی ئەو نەتەوانە ناساندبوو کە بە زمانی خۆیان دەدوان، خوداکانی خۆیان دەپەرست و ئەفسانەکانی خۆیان دەگێڕایەوە و ئێستا وەکو ڕۆمانەکان پەرستشیان دەکرد، بیریان دەکردەوە و دەدوان.

لە زۆر حاڵەتدا، وێرانبوونی ئیمپراتۆریەتێک بە زەحمەت بە واتای سەربەخۆیی دەهات بۆ گەلە ڕەعیەکان. لەبری ئەمە، ئیمپراتۆریەتێکی نوێ هەنگاوی نایە ناو ئەو بۆشاییەی ئەو کاتە دروست بوو کە کۆنەکە دارما یان پاشەکشێی کرد. ئەمە لە هیچ شوێنێک ئەوەندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوون نەبووە. کۆمەڵە سیاسییەکەی ناوچەکە- کە باڵانسێکی دەسەڵاتە لەنێوان چەند کیانێکی سیاسی سەربەخۆ کە سنووری کەم یان زۆر جێگیریان هەیە- تەقریبەن لە ماوەی ئەو چەند هەزارەیەی ڕابردوودا وێنەی نەبووە. دواییین جار کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بارودۆخێکی وەها ئەزموون کرد لە سەدەی هەشتەمی پێش زاییندا بوو- تەقریبەن ٣٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر! لە سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ئاشووریی نوێوە لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین تاوەکو ڕووخانی ئیمپراتۆریەتەکانی بریتانی و فەرەنسی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمی زایینداا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە دەستەکانی ئیمپراتۆریەتێکەوە کەوتووەتە ناو دەستی ئیمپراتۆریەتێکی تر، وەکو دارەدەستێکی ناو یاریی ڕاکردن. لەگەڵ هاتنی ئەو کاتەش کە بریتانییەکان و فەرەنسییەکان دواجار دارەکەیان لەدەست بەربووەوە، ئارامییەکان، ئامۆنییەکان،

فینیقییەکان، فلستییەکان، موابییەکان، ئیدۆمییەکان و گەلانی تر کە لەلایەن ئاشوورییەکانەوە داگیر کرابوون لەمێژبوو بزر ببوون.

راستە، جووەکانی ئەمڕۆ، ئەرمەنییەکان و جۆرجییەکان بانگەشەی تا ڕادەیەک عادیلانەی ئەوە دەکەن کە ئەوان وەچەی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی دێرینن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمانە تەنیا هەندێ حاڵەتی ئاوارتەیین کە ڕێساکە دەسەلمێنن و تەنانەت ئەم بانگەشانەش بەشێوەیەک لە شێوەکان زیادەڕەوییان تیا کراوە. لەگەڵ ئەمەشدا، نەوتراوە کە کرداری سیاسی، ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی جووە مۆدێرنەکان، بۆ نموونە، لەو ئیمپراتۆریەتانەوە ماونەتەوە کە ئەمان لە ماوەی دوو هەزارەی ڕابردوودا لەژێر سێبەریاندا ژیاون نەک لە نەریتەکانی مەملەکەتی دێرینی یەهودی. ئەگەر پاشا داود لە پەرستگەیەکی ئەرتۆدۆکسی ئۆرشەلیمی ئەمڕۆ دەربکەوتایە، ئەوا تەواو سەری دەسوڕما لە تێبینیکردنی ئەمەی کە خەڵکی پۆشاکی خۆرهەلاتی ئەوروپایان لەبەردایە، بە شێوەزارێکی ئەڵمانی (یدیش) دەدوێن و و مشتومڕی بێسنوور دەکەن لەبارەی مانای تێکستی بابلی (تەلمود). لە یەهودی دێرینداً نە پەرستگا، نە چەند بەرگێکی تەلمود، نە تەنانەت چەند ڕۆڵەیەکی تەورات هەبوون.

زۆرجار بونیادنان و بەرقەرارکردنی ئیمپراتۆریەتێک پێویستی بە کوشتنی دڕندانەی دانیشتووانێکی زۆر و سەرکوتکردنی دڵڕەقانەی هەموو ئەوانە بووە کە جێ ماون. ئامرازگەلی ئیمپریالیی ستاندارد بریتی بووە لە جەنگەکان، بەکۆیلەکردن، سنووورداش کردن و جینۆساید. کاتێک ڕۆمانەکان لە ٨٣ی زاییندا سکۆتلەندەیان داگیرکرد، ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی توندی کالدۆنییەکانی لۆکاڵ بوونەوە و کاردانەوەیان بریتی بوو لە وێرانکردنی وڵات. لە وەڵامی پێشنیارەکانی ئاشتیی

ڕۆمانەکاندا، (کالگاکوس) ڕۆمانەکانی بە (درندەکانی جیهان) ناودێر کرد و وتی (بۆئەوەی تاڵان و برۆ و کوشتار ئەنجام بدەن، ناوی درۆینەی ئیمپراتۆر لەخۆیان دەنێن، بیابانێک دەخولقێنن و پێی دەڵێن ئاشتی).

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بەو مانایە نییە کە ئیمپراتۆریەتەکان لە سەرەنجامدا هیچ شتێکی بەهادار جێناهێڵن. ڕەنگکردنی هەموو ئیمپراتۆریەتەکان بە ڕەش و نکوڵیکردن لە هەموو میراتە ئیمپریالییەکان بە مانای ڕەفزکردنی بەشی زۆری کەلتووری مرۆییە. دەستەبژێرە ئیمپریالییەکان قازانجەکانی داگیرکردنیان بەکاردەهێنا بۆ دابینکردنی دارایی سوپا و قەڵاکان و بگرە فەلسەفە، هونەر، دادپەروەری و خێرات. بوونی بەشێکی گرنگی دەستکەوتی کەلتووریی مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە بۆ بەکاربردنی دانیشتووانە داگیرکراوەکان. ئەو قازانج و کامەرانییەی کە لەلایەن ئیمپریالیزمی ڕۆمانییەوە هێنرا، گەنجینە و ئامرازی بیرکردنەوە و نووسینی بۆ سیسرۆ، سێنێکا و قەدیس ئۆگەستین دابین کرد. تاج مەحەل بونیاد نەدەنرا بەبێ سامانی کەڵەکەبوو بە بەکاربردنی ڕەعیەتە هیندییەکان لەلایەن مەغۆلەوە و قازانجەکانی ئیمپراتۆریەتی هابسبێرگ لە حوکمکردنی سلاڤییەکانەوە، و ناوچە زمان هەنگاری و ڕۆمانییەکان موچەکانی (هایدن) و پاداشتەکانی (مۆزارت)یان دابین دەکرد. هیچ نووسەرێکی کالدۆنی وتارەکەی (کالگاکوس)ی نەپاراست بۆ وەچەکانی دوایی. ئێمە بەهۆی (تاسیتوس)ی مێژوونووسی ڕۆمانییەوە زانیاریمان لەمبارەیەوە پەیدا کردووە. لە ڕاستیدا، لەوانەیە تاسیتوس هەڵیبەستبێت. زۆربەی لێکۆڵەرانی ئەمڕۆ کۆکن لەسەر ئەوەی (تاسیتوس) نەک تەنیا وتارەکەی هەڵبەستووە بەڵکو کارەکتەری (کالگاکوس)ی سەرکردەی کالدۆنی داهێناوە بۆئەوەی ببێتە زمانحاڵێک

بۆ بیرکردنەوەی ئەو و ڕۆمانەکانی چینی سەرەوە لەبارەی وڵاتەکەی خۆیانەوە.

تەنانەت ئەگەر ئێمە بڕوانینە سەروو نوخبەی کەلتووری و هونەری باڵا، و لەبری ئەمە تەرکیز بخەینە سەر جیهانی خەڵکی ئاسایی، ئەوا میراتە ئیمپریالییەکان لە زۆرینەی کەلتوورە مۆدێرنەکاندا بەدی دەکەین. ئەمڕۆکە زۆربەمان بەو زمانە ئیمپریالییە دەدوێین، بیر دەکەینەوە و خەو دەبینین کە بە شمشێر بەسەر پێشینانماندا سەپێنراوە. زۆربەی خەڵکانی خۆرهەڵاتی ئاسیا بە زمانی ئیمپراتۆریەتی (هان) قسە دەکەن و خەو دەبینن. گرنگ نییە بنەچەیان چییە، تەقریبەن هەموو دانیشتووانی دوو کیشوەرەکەی ئەمریکا، لە نیمچە دوورگەی (بارۆ)ی ئالاسکاوە تا گەرووەکانی (ماجەلان)، بە یەکێک لە چوار زمانە ئیمپریالییەکان دەدوێن: ئیسپانی، پورتوگالی، فەرەنسی یان ئینگلیزی. میسرییەکانی ئەمڕۆ بە زمانی عەرەبی دەدوێن، وەکو عەرەب بیر لە خۆیان دەکەنەوە و لە دڵەوە هاوسۆزییان هەیە لەگەڵ ئەو ئیمپراتۆریەتە عەرەبەی لە سەدەی حەوتەمدا میسری داگیر کرد و بە مشتەکۆڵەی ئاسنین ڕاپەڕینە چەندبارەبووەوەکانی دامرکاندەوە کە لەدژی حوکمەکەی سەریانهەڵدا. نزیکەی ١٠ ملیۆن (زولو) لە ئەفریقای باشوور هاوسۆزییان هەیە بۆ چاخی زولوی شکۆمەندی لە سەدەی نۆزدەدا، ئەگەرچی زۆربەیان لەو هۆزانە کەوتوونەتەوە کە لەدژی ئیمپراتۆریەتی زولو جەنگاون و تەنیا لە ڕێگەی هێرشە سەربازییە خوێناوییەکانەوە ئاخنراونەتە ناو ئەم ئیمپراتۆریەتەوە.

نەمە بۆ چاکەی خۆتە

یەکەم ئیمپراتۆریەت کە زانیاریی دڵنیامان لەبارەیەوە هەیە، ئیمپراتۆریەتی ئەکەدیی (سارگۆن)ی مەزن بووە لە (٢٢٥٠ی پێش زایین)دا. سارگۆن ژیانی پیشەیی خۆی وەکو پاشای (کیش) دەستپێکرد کە دەوڵەت شارێکی بچوک بوو لە میزۆپۆتامیا. لەماوەی چەند دەیەیەکدا ئەو توانی نەک تەنیا هەموو دەوڵەت شارەکانی تری میزۆپۆتامیا داگیر بکات، بەڵکو بەهەمان شێوە سەرزەمینە گەورەکانی دەرەوەی چەقی میزۆپۆتامیاش داگیر بکات. سارگۆن شانازی بەوەوە دەکرد کە سەرانسەری جیهانی داگیرکردووە. لە ڕاستیدا، باڵادەستییەکەی لە کەندراوی فارسەوە درێژ دەبووەوە بۆ مێدیتەرانە و بەشی هەرە زۆری سوریا و عیراقی ئەمڕۆی دەگرتەخۆ، هاوشانی چەند پارچەیەکی تورکیا و ئێرانی مۆدێرن.

پاش مردنی بونیادنەرەکەی، ئیمپراتۆریەتی ئەکەدی زۆری نەخایاند، بەڵام سارگۆن ڕۆڵێکی ئیمپریالی لەدوای خۆی جێهێشت کە بە دەگمەن هەبوون خاوەندارێتی نەکەن. بۆ ماوەی ١٧٠٠ ساڵی دواتر، پاشاکانی ئاشوورییەکان، بابلییەکان و هیتییەکان سارگۆنیان وەکو سەرمەشقێک وێنا کرد و شانازی ئەوەیان دەکرد کە ئەمانیش سەرانسەری جیهانیان داگیر کردووە. ئینجا، لە دەوروبەری ٥٥٠ پێش زایین، کوروشی مەزنی فارس بە شانازییەکی زۆرترەوە هاتە گۆڕەپانەکە.

پاشاکانی ئاشور هەمیشە هەر پاشای ئاشوور بوون. تەنانەت ئەو کاتەی بانگەشەی حوکمی تەواوی جیهانیان دەکرد، ڕوون بوو کە ئەوان بۆ شکۆمەندیی مەزنتری ئاشوور ئەمە دەکەن و لەمبارەیەوە پەشیمان نین. لەلایەکی ترەوە، کوروش نەک تەنیا بانگەشەی حوکمڕانی تەواوی

جیهانی دەکرد، بەڵکو دەیگوت ئەمە لەپێناو هەموو خەڵکدا دەکات. فارسەکان دەیانگوت (ئێمە بۆ چاکەی خۆتان داگیرتان دەکەین). کوروش دەیویست ئەو گەلانەی کردبوونی بە ڕەعیەت خۆشیان بوێت و خۆیان بە خۆشبەخت لەقەڵەم بدەن لەبەرانبەر ئەوەی کە ڕەعیەتی فارسن. بەناوبانگترین نموونەی تەقەلا داهێنەرییەکانی کوروش بۆ بەدەستهێنانی ستایشی نەتەوەیەک کە لەژێر سێبەری ئیمپراتۆریەتەکەیدا دەژیا، فەرمانی بوو بۆئەوەی کە ئاوارە جولەکەکان لە بابل ڕێگەیان بدرێ بگەڕێنەوە زێدی یەهودییان و پەرستگای خۆیان بونیاد بنێن. ئەو تەنانەت کۆمەکی دارایی شی کردن. کوروش خۆی بە پاشایەکی فارس نەبینی کە بەسەر جوولەکەدا حوکم دەکات — ئەو بەهەمان شێوە پاشای جووەکان و لێرەوە بەرپرس بوو لە خۆشگوزەرانییان.

گریمانەی حوکمکردنی سەرانسەری جیهان لە چاکەی هەموو دانیشتوان، جێی سەرسوڕمان بوو. پەرەگرتن، وەکو گیانەوەرە کۆمەڵایەتییەکانی تر، مرۆڤە هۆشمەندەکانی کرد بە زیندەوەرێکی لە بێگانەترس. مرۆڤە هۆشمەندەکان بەشێوەیەکی غەریزی مرۆڤایەتی دابەش دەکەن بۆ (ئێمە) و (ئەوان). ئێمە خەڵکانێکی وەکو تۆ و منین، کە لە زمانمان، ئایینمان و نەریتەکانماندا هاوبەشن. ئێمە هەموومان لە یەکتری بەرپرسین، بەڵام لەوان بەرپرس نین. ئێمە هەمیشە لەوان جیاواز بووین و قەرزاری هیچ شتێکیان نین. ئێمە نامانەوێ هیچ کامێکیان لەسەر خاکی خۆمان ببینین و هیچ باکمان نییە بەوەی لەسەر خاکەکەیان چی ڕووەدات. ئەوان تەنانەت بە ئەستەم مرۆڤیشن. بە زمانی گەلی (دینکا)ی سودان، (دینکا) هەر بە مانای (خەڵک) دێت. ئەو خەڵکانەی (دینکا) نین، خەڵکیش نین. دوژمنە دزێوەکانی

دینکاییەکان بریتین لە (نوێر). لە زمانی (نوێر)دا، وشەی نوێر بە چ مانایەک دێت؟ بە مانای (خەڵکی ڕەسەن) دێت. هەزاران کیلۆمەتر لە بیابانەکانی سودانەوە، لە سەرزەمینە بەستەڵەکەکانی ئالاسکا و باکووری خۆرئاوای سیبریا، (یوپیک)ەکان دەژین. (یوپیک) بە زمانی یوپیکی بە چ مانایەک دێت؟ بەمانای (خەڵکی ڕاستەقینە) دێت.

بە پێچەوانەی ئەم ناوازەییە، ئایدۆلۆژیای ئیمپریالی لە کوروشەوە بەولا، گشتگیر و هەمەگیر بوو. تەنانەت ئەگەرچی زۆرجار جەختی لە جیاوازییە نەژادی و کەلتوورییەکان لەنێوان فەرمانڕەوایان و فەرمانڕەوایەتیکراواندا کردووەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دانی ناوە بە یەکێتیی بنچینەیی سەرانسەری جیهان، واتە هەبوونی ڕستێک پرەنسیپ کە حوکمی هەموو شوێنەکان و کاتەکان دەکەن و بەرپرسیارێتی دوولایەنەی هەموو مرۆڤەکان. مرۆڤایەتی وەکو خانەوادەیەکی گەورە بینراوە : ئیمتیازاتی دایک و باوکان هاوتایە لەگەڵ بەرپرسیارێتی بۆ خۆشگوزەرانی منااڵن.

ئەم ڕوئیا ئیمپریالییە لە کوروش و فارسەکانەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەسکەندەری مەزن و لەوەوە بۆ پاشا هێڵنیستییەکان، ئیمپراتۆریەتەکانی ڕۆمان، خەلیفەکانی موسڵمانان، سیلسیلە هیندییەکان و دواجار تەنانەت بۆ سەرۆکەکانی سۆڤیەت و سەرۆکەکانی ئەمریکاش. ئەم ڕوئیا ئیمپریالییە بەبەزەییانەیە بوونی ئیمپراتۆریەتەکانی پاساو داوە و نەک تەنیا تەقەلاکانی گەلانی ڕەعیەی بۆ یاخیبوون ڕەتکردووەتەوە، بەڵکو بەهەمان شێوە تەقەلاکانی گەلانی سەربەخۆش بۆ بەرەنگاریکردنی فراوانبوونی ئیمپریالی.

هاوشێوەی ئەم ڕوئیا ئیمپریالییانە بە شێوەیەکی جودا لە مۆدێلی فارسی لە ناوچەکانی تری جیهان دەرکەوتن، بۆ نموونە لە ئەمریکای

ناوەڕاست، لە ناوچەی ئاندیس و لە چین. بە گوێرەی تیۆرەی سیاسیی تەقلیدیی چینی، ئاسمان (تیان) سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتێکی شەرعییە لەسەر زەوی. ئاسمان شایستەترین کەس یان خێزان هەڵدەبژێرێت و دەسەڵاتی ئاسمانی دەداتێ. پاشان ئەم خێزانە، حوکمی هەموو ئەوەی لەژێر ئاسمانە (تیانزیا) دەکات لە بەرژەوەندی هەموو دانیشتووانەکەی. لێرەوە، دەسەڵاتێکی شەرعی — لەرووی پێناسەوە- جیهانییە. ئەگەر فەرمانڕەوایەک دەسەڵاتی ئاسمان ی نەبێت، ئەوا شەرعیەتی حوکمکردنی تەنانەت تاکە شارێکیشی نییە. ئەگەر فەرمانڕەوایەک دەسەڵاتەکەی هەبێت، ئەوا ناچارە دادپەروەری و هارمۆنی بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بکاتەوە. ناکرێ دەسەڵاتی ئاسمان لە یەک کاتدا بدرێتە چەند کاندیدێک و سەرەنجام مرۆڤ ناتوانێت ڕەوایەتی بدات بە بوونی زیاتر لە دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

یەکەم ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی چینی یەکخراو (کین شی هوانجی)، شانازی ئەوەی دەکرد کە (لە تەواوی شەش ئاقارەکە "ی جیهاندا" هەموو شتێک هی ئیمپراتۆرە...لە هەر کوێیەک شوێنپێی مرۆڤ هەبێت، کەسێک نییە نەبووبێتە ڕەعیە "ی ئیمپراتۆر"...بەزەییەکەی تەنانەت دەگاتە گا و ئەسپەکان. کەسێک نییە کە سوود نەبینێت. هەموو کەسێک لەژێر بنمیچەکەیدا سەلامەتە). لەمڕووەوە، لە بیرکردنەوەی سیاسیی چینی و هەروەها یادەوەریی میژوویی چینیدا، ماوە ئیمپریالییەکان وەکو چاخی ئاڵتونیی سیستەم و دادپەروەری بینراون. بە پێچەوانەی تێڕوانینی خۆرئاوایی مۆدێرن کە جیهانێکی دادپەروەر لە دەوڵەتە نەتەوە جیاجیاکان پێکدێت، لەچین سەروەختەکانی پارچەپارچەبوون بە سەردەمانی تاریکی ئاژاوە و نادادپەروەری بینراوە. ئەم بۆچوونە، گوزارشتی قوولی بۆ میژووی چین

هەبووە. هەر جارێک کە ئیمپراتۆریەتێک داڕووخاوە، تیۆرەی سیاسیی باڵادەست هانی هێزەکانی داوە ڕوو نەکەنە پێکهێنانی میرنشینی سەربەخۆ، بەڵکو هەوڵی یەکگرتن بدەن. زوو یان درەنگ، ئەم هەوڵانە هەمیشە سەرکەوتوو بوون.

کاتێک ئەوان دەبنە ئێمە

ئیمپراتۆریەتەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیووە لە پێکەوەلکاندنی کەلتوورە بچوکەکان بۆئەوەی ببنە چەند کەلتوورێکی گەورە. بیرۆکەکان، خەڵک، کاڵاکان و تەکنۆلۆژیا زۆر ئاسانتر لەناو سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتێکدا بڵاو دەبنەوە لەچاو ئەوەی لە ناوچەیەکی پارچەپارچەبوودا بڵاو دەبنەوە. زۆرجار، ئەوە ئیمپراتۆریەتەکان خۆیان بوون کە بە ئەنقەست بیرۆکە، دامەزراوە، نەریت و ڕێسایان بڵاو کردووەتەوە. هۆکارێک لە هۆکارەکان بۆ ئاسانترکردنی ژیان بووە بۆ خۆیان. قورسە حوکمی ئیمپراتۆریەتێک بکەیت کە تیایدا هەموو ناوچەیەکی بچوک ڕستێک یاسای خۆی، فۆرمی نووسینی خۆی، زمانی خۆی و پارەی خۆی هەیە. بەستانداردکردن، گەشەپێدەری ئیمپراتۆریەتەکان بووە.

دووەم هۆکاری بەهەمان ئاست گرنگ لەمەڕ ئەوەی کە بۆچی ئیمپراتۆریەتەکان بەشێوەیەکی چالاک کەلتوورێکی باویان بڵاو کردووەتەوە، بۆ بەدەستهێنانی ڕەوایەتی بووە. لانی کەم لە ڕۆژانی کوروش و (کین شی هوانجی)دا، ئیمپراتۆریەتەکان کردارەکانی خۆیان- جا بونیادنانی ڕێگە بووبێت یان خوێنڕێژی- وەکو پێویستییەک بۆ بڵاوکردنەوەی کەلتووری باڵا پاساو داوە کە بەهۆیەوە داگیرکراوەکان سوودی زیاتریان بینیووە لە داگیرکارەکان.

هەندێ جار سوودەکان بەرچاو بوون- سەپاندنی یاسا، پلاندانانی ئاوەدانی، بەستانداردکردنی کێش و پێوانە- و هەندێ جار جێی پرسیار بووە- باج، ناونووسی سەربازی، پەرستنی ئیمپراتۆر. بەڵام زۆربەی دەستەبژێرە ئیمپریالییەکان باوەڕیان وابووە کە ئەوان کاریان بۆ خۆشگوزەرانی هەموو دانیشتووانی ئیمپراتۆریەتەکان کردووە. چینی باڵادەستی چین وەکو بەربەری نەگبەت کە دەبێ ئیمپراتۆریەت سوودی کەلتوورییان پێ بگەیەنێ مامەڵەیان لەگەڵ دراوسێیانی وڵاتەکەیان و ڕەعیەتە بیانییەکان کردووە. دەسەڵاتی ئاسمان دراوە بە ئیمپراتۆر نەک بۆئەوەی جیهان بەکاربێت بەڵکو بۆئەوەی مرۆڤایەتی فێر بکات. ڕۆمانەکانیش بەوە پاساویان بۆ باڵادەستییەکەیان هێناوەتەوە کە ئاشتی، دادپەروەری و پاکێتی بۆ بەربەرییەکان دابین دەکەن. ئەڵمانییە شاخاوییەکان و گاڵاییە بۆیەکراوەکان لە پیسی و نەزانیدا ژیاون تا ئەو کاتەی کە ڕۆمانەکان بە یاسا دەستەمۆیان کردوون، لە گەرماوە گشتییەکاندا پاکیان کردوونەتەوە و بە فەلسەفە چاکیان کردوون. ئیمپراتۆریەتی مۆری، لە سەدەی سێیەمی پێش زایینیدا کردی بە کاری خۆی کە وانەکانی بودا بە جیهانێکی نەزاندا بڵاو بکاتەوە. خەلیفەکانی موسڵمانان دەسەڵاتێکی ئاسمانییان وەرگرت بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی پێغەمبەر، ئەگەر بکرێ بە ئاشتیانە، بەڵام ئەگەر پێویست بوو بە شمشێر. ئیمپراتۆریەتەکانی ئیسپانی و پورتوگالی، ڕایانگەیاند ئەوە سامان نەبوو لە (ئیندیس) و (ئەمریکا) سۆراخیان دەکرد، بەڵکو وەرگەڕاندن بوو بۆ ئیمانی ڕاستەقینە. خۆر هەرگیز بەسەر کاری بریتانیدا بۆ دوانەی پەیامی لیبرالیزم و بازرگانی ئازاد ئاوا نەبوو. سۆڤیەتییەکان هەستیان بە ئەرکێک کرد لەسەر شانیان بۆ زەمینەسازیی ڕێکردنێکی مێژوویی نەپساوە لە کەپیتالیزمەوە بەرەو

دیکتاتۆریەتی یۆتۆپیایی پرۆلیتاریا. زۆرێک لە ئەمریکییەکان لەمڕۆدا جەخت لەوە دەکەنەوە کە حکومەتەکەیان ئەرکێکی ئەخلاقی لەسەر شانە بۆئەوەی قازانجەکانی دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بۆ جێهانی سێیەم بهێنن، تەنانەت ئەگەرچی ئەم کاڵایانە بە موشەکی کروز و ئێف-١٦ش بگەیەنرێن.

ئەو ئایدیا کەلتوورییانەی لەلایەن ئیمپراتۆریەتەوە بڵاو بوونەوە بەدەگمەن دروستکراوی دەستەبژێری حوکمڕان بوون. لەبەرئەوەی ڕوئیای ئیمپریالی گەردوونی و گشتگیرە، تا ڕادەیەک ئاسان بوو بۆ دەستەبژێرە ئیمپریالییەکان ئایدیا، ڕێسا و نەریت لەهەرکوێیەک بەدی بکەن پەیڕەوی بکەن، نەک ئەوەی بەشێوەیەکی توندڕەوانە دەست بە نەریتێکی وشکەوە بگرن. لەکاتێکدا کە هەندێ لە ئیمپراتۆریەتەکان سۆراخی پاککردنەوەی کەلتووڕەکانیان و گەڕانەوە بۆ ئەو شتەیان دەکرد کە پێیان وابوو ڕەگوڕیشەیانن، ئیمپراتۆریەتەکان لە بەشی هەرە زۆریدا هۆکاری ئەو شارستانیەتە هەمەڕەنگە بوون کە لە گەڵە ڕەعیەکانیانەوە هەڵیانمژی. کەلتووری ئیمپریالی ڕۆم چەندەی ڕۆمانی بوو ئەوەندەش یۆنانی بوو. کەلتووری عەبباسی ئیمپریالی، بەشێکی فارسی بوو، بەشێکی یۆنانی بوو، بەشێکی عەرەبی بوو. کەلتووری مەنگۆلیی ئیمپریالی، لاساییکراوەیەکی چینی بوو. لە ئەمریکای ئیمپریالیدا، سەرۆکێکی ئەمریکی بە خوێن کینیایی، دەتوانێت پیتزای ئیتاڵی بخوات لەکاتێکدا کە تەماشای (لۆرێنسی عەرەب)ی فیلمی دڵخوازی دەکات کە داستانێکی بریتانییە لەبارەی یاخیگەریی عەرەبی لەدژی تورکان.

ئەم مەنجەڵە توێنەڕەوەیەی کەلتووڕەکان پرۆسەی ئاوێتەبوونی کەلتووری بۆ داگیرکراوەکان ئاسانتر نەکردووە. لەوانەیە شارستانیەتی

ئیمپریالی چەندەها کاریگەریی گەلانی داگیرکراوی جیاوازی هەڵمژیبێت، بەڵام تێکەڵە دەرەنجامەکە هێشتا بۆ زۆرینەی هەر زۆر، نامۆیە. پرۆسەی ئاوێتەبوون زۆرجار ئازاربەخش و بریندارکەر بووە. ئاسان نییە دەستبەرداری نەریتێکی لۆکاڵی ئاشنا و خۆشەویست بیت، وەکو چۆن سەخت و نارەحەتکەرە لە کەلتوورێکی نوێ تێبگەیت و پەیڕەوی بکەیت. لەوەش خراپتر، تەنانەت کاتێک گەلانی ڕەعیەت سەرکەوتوو بوونایە لە پەیڕەوکردنی کەلتووری ئیمپریالی، چەند دەیەیەکی پێدەچوو ئەگەر نەڵێین چەند سەدەیەک، تاوەکو دەستەبژێری ئیمپریالی ئەوانی وەکو بەشێک لە (ئێمە) قبوڵ دەکرد. چەند نەوەیەک لەنێوان داگیرکردن و قبوڵکرندا فەرامۆش دەکران. ئەوان هەنوکە کەلتووری لۆکاڵیی خۆشەویستیان لەدەستچووبوو، بەڵام ڕێگەیان پێنەدەدرا بەشداریەکی یەکسان بکەن لە جیهانی ئیمپریالیدا. بە پێچەوانەوە، کەلتوورە پەیڕەوکراوەکەیان بەردەوام دەبوو لەوەی وەکو بەربەری بیانبینێت. وێنای کەسێکی (ئیبریایی) بکە کە لە سەدەیەک پاش ڕووخانی نومانسیا ژیاوە. ئەو بە دیالێکتە ڕەسەنەکەی خۆی کە کێڵتی-یە لەگەڵ دایک و باوکیدا دەدوێت، بەڵام زمانی لاتینیش بەبێ کەموکوڕی فێر بووە هەرچەندە کەمێک لەهجەکەی خۆی پێوە دیارە، چونکە پێویستی بە ئەنجامدانی بزنسەکەی و مامەڵەکردنە لەگەڵ دەسەڵاتدا. ئەو دەخزێتە ناو خووی ژنەکەی بۆ گڵۆپەکانی ڕازاندنەوە، بەڵام هەست بە شەرم دەکات لەوەی کە ژنەکەی، وەکو ژنەکانی تری گەڕەک، ئەم پاشماوەیەی کێڵتی هێشتا لەقسەکردنیدا ماوە- ئەو زیاتر حەزی دەکرد وای لێبکات سادەییەکی پاک و خاوێنی وەکو ئەو خشڵەی ژنی حاکمی ڕۆم بەخۆیەوە دەخست پەیڕەو بکات. ئەم خۆی شێرتی ڕۆمانی لەبەر دەکات، و لەسایەی سەرکەوتنیدا وەکو بازرگانێکی

گاران، بەشێکیشی بەهۆی شارەزایەتییەکەی لە وردەکارییەکانی یاسای بازرگانیی ڕۆم، توانیوویەتی ڤێلایەکی ستایلی ڕۆمانی بونیاد بنێت. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەگەرچی ئەو دەتوانێت کتێبی سێیەمی ڤێرجیل، (جیۆرجیک) لە دڵەوە هەمووی بڵێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆمانەکان وەها مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن کە شێوە بەربەرییە. ئەو بە ناکامییەوە درک بەوە دەکات کە هەرگیز مەوعیدێکی حکومەت، یان شوێنێکی باش لە هۆڵە شانۆییە کراوەکە بەدەست ناهێنێت.

لە دوادواکانی سەدەی نۆزدەدا، زۆرێک لە هیندییە خوێندەوارەکان، هەمان وانەیان لەلایەن گەورە بریتانییەکانیانەوە پێدرا. شتێکی بەناوبانگ هەیە باسی هیندییەکی بێ وچان دەکات کە لە وردەکاریی زمانی ئینگلیزیدا وەستایەتی پەیدا کردووە، هەندێ وانەی لە سەمای ستایلی خۆرئاواییدا خوێندووە و تەنانەت لەسەر خواردن بە چەقۆ و چەتاڵ ڕاهاتووە، لە کۆلێژی زانکۆیی لەندەن یاسای خوێندووە و بووەتە پارێزەر. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پیاوە گەنجەی یاسا، کە خۆی لە قات و ڕیباتدا ڕازاندووەتەوە، لە ئەفریقای باشووری کۆلۆنی بریتانی، لە شەمەنەفەرێکەوە هەڵدەدرێتە خوارەوە بەهۆی ئەوەی زۆر سوورە لەسەر سەفەر کردن بەشێوەی کلاسی نمرە یەک لەبری ملدان بۆ کلاسی نمرە سێ کە قەرار وابوو پیاوانی (پێست ناسپی)ی وەکو ئەوی تیا بن. ئەو ناوی (مۆهانداس کاراماچاند گاندی) بوو.

لە هەندێ حاڵەتدا، دواجار پرۆسەی بەکەلتوورکردن و ئاوێتەکردن بەربەستەکانی نێوان تازەهاتووان و دەستەبژێری کۆنی شکاند. داگیرکراوەکان چیتر ئیمپراتۆریەتیان وەکو سیستەمێکی بێگانەی داگیرکردن نەبینی و داگیرکارانیش ڕەعیەکانیان بە یەکسان لەگەڵ خۆیان بینی. فەرمانڕەوایان و فەرمانڕەوایی کراوان وەکویەک (ئەوان)

یان وەکو (ئیمە) بینی. دواجار هەموو ڕەعیەکانی ڕۆم، پاش چەند سەدەیەک لە حوکمی ئیمپریالی، مافی هاوڵاتیبوونی ڕۆمانیان پێدرا. نارۆمانەکان دەستیانکرد بە گرتنی پلە بالاکان لەناو ئەفسەرەکانی لەشکرە ڕۆمانەکاندا و لەناو ئەنجومەنی پیراندا دامەزران. لە ساڵی ٤٨ی زایینداا، ئیمپراتۆر (کلۆدیەس) چەند کەسایەتییەکی بەرجەستەی (گاڵی) لە ئەنجومەنی پیران دامەزراند کە لە وتارێکیدا لەبارەیانەوە وتبووی (ئەوان لە ڕێگەی نەریتەکان، کەلتوور و پەیوەندییەکانی خێزانییەوە لەگەڵ خۆماندا ئاوێتە بوون). سیناتۆرە دەست ڕۆیشتووەکان نارەزایەتیی خۆیان دەربڕی لە بەرانبەر دانانی ئەم دوژمنانەی پێشوو لەناو چەقی سیستەمی سیاسیی ڕۆمانیدا. کلۆدیەس ڕاستییەکی تاڵی بیر خستنەوە. زۆربەی خانەوادە سیناتۆرییەکانی خۆیان لەو هۆزە ئیتاڵییانە کەوتبوونەوە کە جارێک لەجاران لەدژی ڕۆم جەنگابوون و دواتر مافی هاوڵاتیبوونی ڕۆمانیان پێبەخشرابوو. لە ڕاستیدا، ئیمپراتۆر، بیری خستنەوە کە، خانەوادەکەی ئەمیش، لە ڕەچەڵەکی (سابین)ەکانە.

لە ماوەی دووەم سەدەی زایینداا، ڕۆم حوکمی ڕیزێک ئیمپراتۆری کرد کە لە (ئیبێریا) لەدایک ببوون و لانی کەم چەند دڵۆپێک خوێنی ئیبێرییەکانی لۆکاڵ لە دەماریاندا هەبوو. باوەڕ وایە کە حکومەتداریی (تراجان)، (هادریان)، (ئەنتۆنینیوس پیوس) و (مارکوس ئۆریلیەس) بەشێوەیەکی گشتی چاخی ئاڵتونی ئیمپراتۆریەتەکە پێکبێنن. پاشان، هەموو بۆماوە ئەتنییەکان وێڵ کراون. ئیمپراتۆر سێپتیمیوس سیڤێروس (١٩٣-٢١١) لە وەچەی خانەوادەیەکی پونیقی لیبی بوو. (ئێلاگابالوس) (٢١٨-٢٢) سووری بوو. ئیمپراتۆر فیلیپ (٢٤٤-٩) لە قسە و باساندا بە (فیلیپی عەرەب) ناوی دەهێنرا. هاوڵاتییە نوێکانی ئیمپراتۆریەت کەلتووری ئیمپراتۆریی ڕۆمانییان بە جۆشێکی وەهاوە پەیڕەو دەکرد کە،

بۆ ماوەی چەند سەدەیەک و تەنانەت هەزارەیەک پاش دارمانی خودی ئیمپراتۆریەتەکە، بەردەوام بوون لە قسەکردن بە زمانی ئیمپراتۆریەتەکە، باوەڕبوون بەو خودایەی مەسیح کە ئیمپراتۆریەتەکە لە یەکێک لە پارێزگا (لێڤانتین)ەکانەوە پەیڕەوی کردبوو، و پەیڕەوێکردن لە یاساکانی ئیمپراتۆریەتەکە.

پرۆسەیەکی هاوشێوە لە ئیمپراتۆریەتی عەرەبیدا ڕووید‌ا. کاتێک لە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی زایینداا بونیاد نرا، لەسەر دابەشبوونی تونڈی نێوان دەستەبژێری عەرەب-موسڵمان و میسری، سوری، ئێرانی و بەربەرە (کە نەعەرەب و نە موسڵمان بوون) پاشکۆکان بناغەی گرتبوو. زۆرێک لە ڕەعیەکانی ئیمپراتۆریەتەکە پەیتا پەیتا ڕوویانکردە دینی موسڵمان، زمانی عەرەبی و کەلتووری ئیمپریالیی هەمەڕەنگ. دەستەبژێری کۆنی عەرەب بە چاوێکی دوژمنکارانەوە ڕوانییانە ئەم بێگانە پێگەیشتووانە و ترسی ئەوەیان هەبوو پێگە و شوناسی ناوازەی خۆیان لەدەست بدەن. وەرگەڕاوە نائومێدەکان هاواریان بۆ پشکێکی یەکسان دەکرد لەناو ئیمپراتۆریەت لە جیهانی ئیسلامدا. دواجار ئەوان بە ئامانجی خۆیان گەیشتن. میسرییەکان، سوورییەکان و میزۆپۆتامییەکان پەیتا پەیتا زیاتر وەکو (عەرەب) بینران. عەرەبەکانیش بە نۆرە خۆیان-جا چ عەرەبی ڕەسەنی عەرەبستان یان عەرەبی تازە پەیدابوو لە میسر و سوریاوە- پەیتا پەیتا کەوتنە ژێر ڕکێفی موسڵمانە ناعەرەبەکان، بەتایبەت ئێرانییەکان، تورکەکان و بەربەرەکان. سەرکەوتنی گەورەی پڕۆژەی ئیمپریالی عەرەبی ئەوە بوو کە ئەو کەلتوورە ئیمپریالییەی دروستیکرد لە ناخی دڵەوە لەلایەن ئەو خەڵکە بێشوماری‌ەی ناعەرەبەوە پەیڕەو کرا کە بەردەوام بوون لە ڕاگیرکردنی ، بەرەوپێشبردنی و بڵاو

کردنەوەی- تەنانەت پاش ئەوەی ئیمپراتۆریەتە بنچینەییەکە داڕما و عەرەبەکان وەکو گروپێکی ئەتنی، بالادەستی خۆیان لەدەستدا.

لە چین، سەرکەوتنی پرۆژەی ئیمپریالی تەنانەت چڕوپڕتر بوو. بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠٠٠ ساڵ، چەندەها گروپی کەلتووری و ئەتنی جیاجیا کە سەرەتا پێیان دەوترا بەربەری، بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە لەناو کەلتووری چینیی ئیمپریالیدا ئاوێتە بوون و بوونە هان چاینیس (بەناوی ئیمپراتۆریەتی هان-ەوە کە لە ٢٠٦ی پێش زایینەوە تا ٢٢٠ی زایین حوکمی چینی کرد). دەستکەوتی سەرەنجامی ئیمپراتۆریەتی چینی ئەوەیە کە هێشتا زیندووە و دەبزوێت، لەگەڵ ئەوەشدا قورسە وەکو ئیمپراتۆریەتێک بیبینیت جگە لە حاڵەتی ناوچە پەراوێزەکانی وەکو (تیبت) و (خینجیانگ)دا نەبێت. زیاتر لە ٩٠%ی دانیشتووانی چین خۆیان و لەلایەن ئەوانیتریشەوە وەکو (هان) دەبینرێن.

ئێمە دەتووانین بەهەمان شێوە لە پرۆسەی لە کۆلۆنیالیزە داماڵینی ئەو چەند دەیەی ڕابردوو تێبگەین. لەماوەی سەردەمی مۆدێرندا ئەوروپییەکان بەشی زۆری جیهانیان لەژێر ڕووپۆشی بڵاوکردنەوەی کەلتووری خۆرئاوایی بالا، داگیر کرد. ئەوان ئەوەندە سەرکەوتوو بوون کە ملیاردەها کەس پەیتاپەیتا چەند بەشێکی گرنگی ئەو کەلتوورەیان پەیڕەو کرد. هیندییەکان، ئەفریقییەکان، عەرەبەکان، چینییەکان و ماوریییەکان فێری فەرەنسی، ئینگلیزی و ئیسپانی بوون. ئەوان دەستیانکرد بە باوەڕهێنان بە مافە مرۆییەکان و پەرەنسیپی چارەی خۆنووسین و ئەوان ئایدۆلۆژییە خۆرئاواییەکانی وەکو لیبرالیزم، کەپیتالیزم، کۆمیونیزم، فێمینیزم و ناسیۆنالیزمیان پەیڕەو کرد.

سوڕی ئیمپریالی

لەماوەی سەدەی بیستەمدا، ئەو گروپە لۆکاڵانەی بەهاکانی خۆرئاوایان پەیڕەو کردبوو، هەر لەژێر ناوی ئەم بەهایانەوە داوای یەکسانییان دەکرد لەگەڵ داگیرکەرە ئەوروپییەکانیاندا. زۆرێک لە ململانێ دژەکۆلۆنیالەکان لەژێر دروشمی چارەنی خۆنووسین، سۆسیالیزم و مافەکانی مرۆڤ، کە هەموویان میراتی خۆرئاوایی بوون، جارِ دران. وەکو چۆن میسرییەکان، ئێرانییەکان و تورکەکان ئەو کەلتوورە ئیمپریالییەیان پەیڕەو کرد و مومارەسە کرد کە لە داگیرکەرە عەرەبە بنچینەییەکانەوە بۆیان مابووەوە، بەهەمان شێوە هیندییەکان، ئەفریقییەکان و چینییەکانی ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری کەلتووری ئیمپریالیی دەرەبەگە خۆرئاواییەکانی پێشوویان قبوڵکردووە، لەکاتێکدا کە دەیانەوێ بە گوێرەی پێداویستی و نەریتەکانیان لەقاڵبیان بدەن.

کابرای باش و کابرای خراپ، لە مێژوودا

شتێکی فریودەرە ڕێک و ڕەوان مێژوو دابەش بکەین بەسەر کابرا باشەکان و کابرا خراپەکاندا و هەموو ئیمپراتۆریەتەکان بخەینە خانەی کابرا باشەکانەوە. بەشی هەرە زۆری ئیمپراتۆریەتەکان لەسەر خوێن بونیاد نراون و هێزی خۆیان لە ڕێگەی سەرکوتکردن و جەنگەوە بەرقەرار کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی هەرە زۆری کەلتوورەکانی ئەمڕۆ، لەسەر بنەمای میراتە ئیمپریالییەکان بونیاد نراون. ئەگەر ئیمپراتۆریەتەکان هەر بە پێناسە خراپ بن، ئەمە لەبارەی ئێمەوە چی دەڵێ؟.

قوتابخانەی فیکر و بزاڤی سیاسی هەن کە دەیانەوێ کەلتووری مرۆیی لە ئیمپریالیزم دابماڵن و ئەو شتەی لەبەر بهێڵنەوە کە پێیان

وایە شارستانیەتێکی ڕەسەن و پاکە و گوناهی بەر نەکەوتووە. ئەم ئایدۆلۆژییانە لە باشترین حاڵەتدا ساویلکەن، لە خراپترین حاڵەتیشدا نمایشێکی ناڕاستگۆیانەن بۆ ناسیۆنالیزمی کرچوکاڵ و دەمارگیری. لەوانەیە تۆ بەڵگەی ئەوە بخەیتەڕوو کە هەندێ لەو کەلتوورە هەمەڕەنگانەی لە بەرەبەیانی مێژووی تۆمارکراو سەریانهەڵداوە پاک و بێبەری بوون لە گوناە و بەریەککەوتن لەگەڵ کۆمەڵگەکانی تردا. بەڵام هیچ کەلتوورێک نییە لەو وەسەروەختەوە بتووانێ بەشێوەیەکی مەعقول بانگەشەیەکی وەها بکات، بەدڵنیاییەوە هیچ کەلتوورێکی وەهاش ئێستا لەسەر ڕووی زەوی نییە. هەموو کەلتوورە مرۆییەکان لانی کەم بەشێوەیەکی بەشەکی، میراتی ئیمپراتۆریەتەکان و شارستانیەتە ئیمپریالییەکانن و هیچ نەشتەرگەرییەکی ئەکادیمی یان سیاسی ناتووانێت میراتە ئیمپریالییەکان ببڕێت بەبێ کوشتنی نەخۆشەکە.

بۆ نموونە بیر لە پەیوەندیی خۆشەویستی-ڕق بکەرەوە لەنێوان کۆماری هیندیی سەربەخۆی ئەمڕۆ و ڕاج (پاشا)ی بریتانی. داگیرکردنی هیندستان لەلایەن بریتانیاوە، مەرگی ملیۆنان هیندی لێ کەوتەوە و بەڕپرس بوو لە بەکاربردن و ڕیسوایی بەردەوامی زیاتر لە سەدان ملیۆن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێک لە هیندییەکان بە تامەزرۆیی کەسانێکی وەرگەڕاوەوە، بیرۆکە خۆرئاواییەکانی وەکو چارەی خۆنووسین و مافە مرۆییەکانیان پەیڕەو کرد و ترسیان لێ نیشت کاتێک بریتانییەکان ڕەتیانکردەوە لەسەر بەهاکانی خۆیان بمێننەوە یا وەکو ڕەعیە بریتانییەکانی مافی یەکسانیان پێ بدەن یان سەربەخۆییان پێ ببەخشن.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەوڵەتی هیندستانی مۆدێرن منالی ئیمپراتۆریەتی بریتانییە. بریتانییەکان دانیشتووانی نیمچەکیشوەرەکەیان کوشت،

بریندار کرد و چەوساندەوە، بەڵام لەهەمان کاتیشدا تێکەڵەیەکی مەملەکەت، میرنشین و هۆزە ناکۆکە سەرلێشێواوەکانیان یەکخست و هیند ئاگاییەکی نەتەوەیی هاوبەش و وڵاتێکی لێکەوتەوە کە زۆر یان کەم وەکو یەکەیەکی سیاسی ئیشی کرد. ئەوان بناغەکانی سیستەمی دادوەریی هیندییان بونیاد نا، سترەکتۆرە ئیدارییەکەیان دروستکرد و تۆڕی هێڵی شەمەنەفەریان دروستکرد کە گرنگ بوو بۆ یەکپارچەیی ئابووری. هیندستانی سەربەخۆ دیموکراسی خۆرئاوایی، لە بەرگە بریتانییەکەیدا، وەکو فۆرمی حوکمڕانییەکەی پەیڕەو کرد. ئینگلیزی هێشتا زمانی باوی نیمچە کیشوەرەکەیە، زمانێکی بێلایەن کە خەڵکی ڕەسەنی هیند، تامیل و مالیالامی دەتوانن بەکاری بێنن بۆ پەیوەندیکردن. هیندییەکان یاریزانی کریکێت و چایی خۆری تامەزرۆن و هەم یارییەکە و هەم خواردنەوەکەش، میراتی بریتانین. داچاندنی چایی بازرگانی لە هیندستان، تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بوونی نەبوو، کاتێک لەلایەن کۆمپانیای هیندی خۆرهەڵات-ی بریتانی خرایەڕوو. ئەوە (ساحێب)ە بریتانییە دەسترۆیشتووەکان بوون کە نەریتی چایی خواردنەوەیان لە سەرانسەری نیمچەکیشوەرەکەدا بڵاو کردەوە.

ئەمڕۆکە چەنێک لە هیندییەکان دەیانەوێ دەنگ بۆ خۆقوتارکردن بدەن لە دیموکراسی، زمانی ئینگلیزی و تۆڕی هێڵی ئاسن، سیستەمی یاسایی، یاریی کریکێت و چایی، بەو پاساوەی کە ئەمانە میراتی ئیمپریالین؟ ئەگەر دەنگیشیان دا، ئایا خودی کرداری دەنگدانەکە بۆ بڕیاردان لەسەر پرسەکە، قەرزاربارەکانیان بەرانبەر دەرەبەگەکانی پێشوویان دەردەخات؟.

تەنانەت ئەگەر ئێمە بەتەواوی دەستبەرداری میراتی ئیمپراتۆریەتێکی دڵڕەق بین بە هیوای بونیادنانەوە و پارێزگاریکردن لە کەلتووری (ڕەسەن)ەکان کە پێش ئەوان هەبوون، ئەوا بە هەموو ئەگەرێک بەرگری لەهیچ ناکەین جگە لە میراتی ئیمپراتۆریەتێکی کۆنتر کە هیچی وەها کەمتر دڵڕەق نییە. ئەوانەی کە ڕقیان لە شێواندنی کەلتووری هیندییە لەلایەن ڕاج-ی بریتانییەوە، بێ مەبەست پیرۆزی دەبەخشن بە میراتی ئیمپراتۆریەتی مەغۆل و سەڵتەنەتی داگیرکەری دەلهی. هەرکەسێکیش هەوڵ بدات (کەلتووری هیندی ڕەسەن) لە کاریگەرییە بێگانەکانی ئەم ئیمپراتۆریەتە موسڵمانانە ڕزگار بکات ئەوا پیرۆزی دەدات بە میراتەکانی ئیمپراتۆریەتی گوپتایی، ئیمپراتۆریەتی کوشان و ئیمپراتۆریەتی مۆریا. ئەگەر ناسیۆنالیستێکی توندڕەوی هیندۆس هەموو ئەو خانووانەی وێران بکردایە کە پاش داگیرکارە بریتانییەکان مابوونەوە، وەکو وێستگەی شەمەنەفەری سەرەکیی مومبای، ئەی بەرانبەر ئەو ستەرەکتۆرانە چی دەکرد کە داگیرکارانی موسڵمانی هیندی پاش خۆیان جێیان هێشتبوو، وەکو تاج مەحەل؟.

بە ڕاستی کەس نازانێت چۆن ئەم پرسیارە درکاوییەی بۆماوەی کەلتووری حەل بکات. هەر ڕێچکەیەک بیگرینە بەر، یەکەم هەنگاو بریتییە لەوەی بە ئاڵۆزکاویی تەنگژەکە بزانین و ئەوە قبوڵ بکەین کە دابەشکردنی ڕابردوو بەسەر کابرا چاکەکان و کابرا خراپەکان بەهیچ کوێیەکمان ناگەیەنێت. هەڵبەت مەگەر ئەوەی کە ئارەزوومەند بین بەوەی قبوڵی بکەین ئێمە زۆرجار دوای کابرای خراپ دەکەوین.

ئیمپراتۆریەتە جیهانییە نوێکە

لە ٢٠٠ی پێش زایینەوە، زۆربەی مرۆڤەکان لە ئیمپراتۆریەتەکاندا ژیاون. ئەگەری هەیە لە ئایندەشدا، زۆربەی مرۆڤەکان لە ئیمپراتۆریەتێکدا بژین. بەڵام ئەمجارە ئیمپراتۆریەتەکە بە ڕاستی، جیهانی دەبێت. دەشێ ڕوئیای ئیمپراتۆریی زاڵبوون بەسەر سەرانسەری جیهاندا مومکین بێت.

لەکاتێکدا کە سەدەی بیست و یەک لە گوزەردایە، ناسیۆنالیزم بە خێرایی لە خزاندایە. خەڵکی زیاتر و زیاتر باوەڕ بەوە دێنن کە هەموو مرۆڤایەتی، سەرچاوەی ڕەوای دەسەڵاتی سیاسییە نەک ئەندامانی نەتەوەیەکی دیاریکراو و دەبێ پارێزگاریی لە مافە مرۆییەکان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی سەرتاپای توخمی مرۆڤ تیشکی ڕێنیشاندەری سیاسەت بێت. ئەگەر وایە، هەبوونی نزیکەی ٢٠٠ دەوڵەتی سەربەخۆ تەگەرەیە نەک یارمەتیدەر. لەبەرئەوەی سویدییەکان، ئیندۆنیزییەکان و نەیجرییەکان شایستەی هەمان مافی مرۆڤن، ئایا ئاسانتر نابێت بۆ تاکە حکومەتێکی جیهانی تا پارێزگارییان لێ بکات؟.

سەرهەڵدانی کێشە لە ناوەرۆکدا جیهانییەکان، وەکو تووانەوەی تەپکە بەفرینەکان، لەو شەرعیەتە کەم دەکاتەوە کە بۆ دەوڵەت نەتەوە سەربەخۆکان ماوەتەوە. دەسەڵاتی ئاسمان-ی چینی، لەلایەن ئاسمانەوە

بەخشرا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی مرۆڤ. دەسەڵاتی ئاسمان-ی مۆدێرن، لەلایەن مرۆڤەکانەوە دەدرێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ئاسمان، وەکو کونی چینی ئۆزۆن و کەڵەکەبوونی غازاتی گەرمیدەر. دەشێ ڕەنگی ئیمپراتۆریەتی جیهانی، سەوز بێت.

هەروەکو چۆن لە ساڵی ٢٠١٤دا، جیهان هێشتا لە ڕووی سیاسییەوە پارچە پارچەیە، بەڵام دەوڵەتان بەخێرایی، سەربەخۆیی خۆیان لەدەست دەدەن. هیچ کامێکیان بە ڕاستی ناتوانێت سیاسەتی ئابووریی سەربەخۆیانەی خۆی ڕاپەڕێنێت، جارێ جەنگ بدات بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێ، یان تەنانەت کاروباری ناوخۆیی خۆی بەڕێوە ببات بەوشێوەیەی کە بۆی دەگونجێت. دەوڵەتان پەیتا پەیتا زیاتر بە ڕووی بەماکینەکردنی بازاڕە جیهانییەکان، هاتنەناوی کۆمپانیا و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و بەرانبەر سەرپەرشتیارێتی ڕای گشتیی جیهانی و سیستەمی دادوەریی نێودەوڵەتی، دەکرێنەوە. دەوڵەتان ناچارن خۆیان لەگەڵ ستاندارده جیهانییەکانی ڕەفتاری دارایی، سیاسەتی ژینگەیی و دادگەریدا بگونجێنن. تەوژمی تەواو بەهێزی سەرمایە، هێزی کار و زانیاری، بە چاوپۆشیکردن لە سنوورەکان و بۆچوونەکانی دەوڵەتان، جیهان وەردەچەرخێنن و شێوەی پێ دەدەن.

ئەو ئیمپراتۆریەتە جیهانییەی لەبەرچاوی ئێمە فۆرمەلە دەبێت لەلایەن هیچ دەوڵەتێکی دیاریکراو یان گروپێکی ئەتنی دیاریکراوەوە بەڕێوە نابرێ. هەروەکو ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیی لەناوچوو، لەلایەن دەستەبژێرێکی فرە ئەتنی بەڕێوە دەبرێت و لەلایەن کەلتوورێکی هاوبەش و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە ئاراستە دەکرێت. لە سەرانسەری جیهاندا، کاروەگەڕخەر، ئەندازیار، پارێزەر، لێکۆڵەر و بەڕێوەبەران بانگ دەکرێن بۆ پەیوەندیکردن بە ئیمپراتۆریەتەکەوە. ئەوان دەبێ تێفکرن

لەوەی ئاخۆ وەڵامی بانگەوازی ئیمپراتۆریەتەکە بدەنەوە یاخود لەگەڵ دەوڵەتەکەیان و خەڵکەکەیان وەفادار بمێننەوە. ژمارەیەکی زۆر و زۆرتر ئیمپراتۆریەتەکە هەڵدەبژێرن.

١٢

یاسای ئایین

لە بازاڕی سەدەکانی ناوەڕاستی سەمەرقەند، شارێک کە لە ناوەڕاستی دەشتی ئاسیا بونیاد نرابوو، بازرگانانی سوری دەستیان بە ئاوریشمی بێگەردی چینیدا هێنا، خێڵەکییە توندوتیژەکانی پانتاییە سەوزەکان دواییـن پۆلە کۆیلەیان لە خۆرئاوای دوورەوە هێنا و دوکاندارەکان سکەی ئاڵتونیی درەوشاوەیان دەخستە ناو گیرفانیانەوە کە نووسینی نامۆ و وێنەی پاشای نەناسراویان لەسەر بوو. لێرە، لە یەکێک لە یەکتربڕە هەرە گەورەکانی سەردەمەکە لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، باکوور و باشووردا، یەکگرتنی مرۆڤایەتی، فاکتێکی ڕۆژانە بوو. مومکین بوو هەمان پرۆسە لە کردارِدا تێبینی بکرێت، کاتێک سوپای (کوبلەی خان) لە ساڵی ١٢٨١دا هاتە دەست بۆ داگیرکردنی ژاپۆن. سوارچاکەکانی مەنگۆل بە پەستەک و کوڵکەوە شانیان لە شانی سەربازانی پیادەڕۆی چینی بە کڵاوی حەیزەرانییەوە دەخشاند، کۆرییە سەرخۆشە خۆبەخشەکان دەهاتنە ناو شەڕەوە لەدژی دەریاوانانی دەریای باشووری چین، ئەندازیارانی ئاسیای ناوەند بە واق وڕماوییەوە گوێیان لە

حیکایەتە درێژەکانی سەرکێشە ئەوروپییەکان دەگرت و هەمووان ملیان بۆ فەرمانی تاکە ئیمپراتۆرێەتێک کەچ دەکرد.

لەهەمان کاتدا، لە دەوروبەری کەعبەی پیرۆز لە مەککە، یەکگرتنی مرۆیی بە ئامرازی تر لە بەرەوپێشچووندا بوو. ئەگەر لە ساڵی ١٣٠٠دا تۆ حاجییەک بوویتایە بەرەو مەککە، بەدەوری پیرۆزترین مەزارگەی ئیسلامدا بسوڕایتایەوە، ئەوا لەوانەبوو خۆت لە تەک گروپێک لە خەڵکانی میزۆپۆتامیدا ببینیایەتەوە کە ڕۆبی درێژیان لەبەردایە، چاوەکانیان پڕە لە گەشانەوە و دەمیان بەهۆی وتنەوەی نەوەدونۆ ناوەکەی خودا بەردەوام لە جوڵەدایە. لەوانەیە ڕێک لە پێشتەوە سەرەک هۆزێکی بە ساڵاچووی تورکی پانتاییە سەوزەکانی ئاسیا ببینیت کە بە گۆچانێکەوە خۆی گرتووەتەوە و بە تێڕامانێکی قووڵەوە دەست بە ڕیشیدا بێنێت. لەلایەکەوە، گروپێک موسڵمانی ڕەش پێستی وڵاتی مالی ببینیت کە خشڵەکانی بەریان دەدرەوشێتەوە. لە دووریشەوە بۆنی قەنەفڵە، زەردەچەوە، هێل و خوێی دەریا بکەیت کە لە برایانی هیندییەوە دێت یان لەوانەشە لە بەهاراتی ڕازئامێزی دوورگەکانی ئەوپەڕی خۆرهەڵاتەوە بێت.

ئەمڕۆکە، زۆرجار ئایین بە سەرچاوەی جیاکاری، ناکۆکی و پارچەپارچەبوون دادەنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئایین، شانبەشانی پارە و ئیمپراتۆریەت، سێیەمین ئامرازی گەورەی یەکخستنی مرۆڤایەتییە. لەبەرئەوەی هەموو هەڕەم و سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان وێناکراون، هەموویان ناسکن و چەندەی کۆمەڵگاکە گەورەتر بێت، ئەوەندەش ناسکترە. ڕۆڵی مێژوویی گرنگی ئایین ئەوە بووە شەرعیەتی سوپەرمرۆڤ بداتە ئەم سترەکتۆرە ناسکانە. ئایینەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە یاساکانمان دەرەنجامی گۆڕانی میزاجی مرۆڤ

نین، بەڵکو لەلایەن دەسەڵاتێکی ڕەها و باڵا ئاراستە کراون. ئەمە یارمەتیدەرە بۆ دانانی لانی کەم هەندێ یاسای بنەڕەتی لەودیو تەحەدییەوە و لێرەوە زامنکردنی سەقامگیری کۆمەڵایەتی.

لێرەوە دەکرێ ئایین وەها پێناسە بکرێت کە سیستەمێکی بەها و ڕێسا مرۆییەکانە لەسەر بنەمای باوەڕ بە سیستەمێکی سوپەرمرۆڤ بونیاد نراوە. ئەمە دوو پێوەری جودا دەگرێتەوە:

-١ئایینەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سیستەمێکی سوپەرمرۆڤ هەیە کە بەرهەمی حەز یان ڕێککەوتنەکانی مرۆڤ نییە. تۆپی پێی پرۆفێشنال، ئایین نییە، چونکە سەرباری یاسا، مەراسیم و زۆرجار سروتە سەیروسەمەرەکانی، هەموو دەزانن مرۆڤەکان خۆیان تۆپی پێیان داهێناوە و لەوانەیە (فیفا) لە هەر ساتێک لە ساتەکاندا قەبارەی گۆڵ فراوان بکات یان ڕێسای ئۆفساید هەڵوەشێنێتەوە.

-٢لەسەر بنەمای سیستەمی سوپەرمرۆڤ، ئایین ئەو ڕێسا و بەهایانە بونیاد دەنێت کە بەلایەوە بێ چەندوچونن. ئەمڕۆکە زۆرێک لە خۆرئاواییەکان باوەڕیان بە خێوەکان، پەری و دۆنادۆن هەیە، بەڵام ئەم بیروباوەڕانە سەرچاوەی پێوەرە ئەخلاقی و ڕەفتارییەکان نین. بە کورتی، ئەمانە ئایین پێکناهێنن.

سەرباری توانایان بۆ شەرعیەتدان بە سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییە بەرفراوانەکان، هەموو ئایینەکان ئەم توانایەیان دەکار نەکردووە. بۆ یەکگرتن لەژێر چەتری پانتاییەکی بەرفراوانی خاک کە گروپە مرۆییە جیاجیاکان تیایدا نیشتەجێ بووبن، دەبێ ئایین دوو تایبەتمەندیی تریشی هەبێت. یەکەم، دەبێ سیستەمێکی سوپەرمرۆڤی گەردوونی پەیڕەو بکات کە هەمیشە و لە هەموو شوێنێک ڕاستە. بە دەربڕینێکی تر، دەبێ گەردوونی و تەبشیری بێت.

ناسراوترین ئایینەکان لە مێژوودا، وەکو ئیسلام و بودی، گەردوونی و تەبشیرین. سەرەنجام، خەڵکی باوەڕ بەوە دێنن کە هەموو ئایینەکان وەکو ئەمانن. لە ڕاستیدا، زۆرینەی ئایینە دێرینەکان لۆکاڵ و سنووربەند بوون. شوێنکەوتووانیان باوەڕیان بە خوداوەند و ڕۆحە لۆکاڵەکان هێناوە و کەیفیان لەوە نەبووە تەواوی نەژادی مرۆیی وەرگەڕێنن. ئەوەندەی ئێمە دەیزانین، ئایینە گەردوونی و تەبشیرییەکان تەنیا لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینداا دەستیانکرد بە دەرکەوتن. سەرهەڵدانیان یەکێکە لە شۆڕشە هەرە گرنگەکان لە مێژوودا و ئەم شۆڕشە هاوبەشییەکی گەورەی کردووە لە یەکگرتنی مرۆڤ، ڕێک وەکو سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتە گەردوونییەکان و پارەی گەردوونی.

دەمکوتکردنی بەرخەکان

کاتێک ئەنیمیزم (گیان گەرایی) سیستەمی باوەڕی زاڵ بوو، دەبووایە ڕێسا و بەها مرۆییەکان ڕوانگە و بەرژەوەندییەکانی چەندەها بوونەوەری وەکو ئاژەڵان، ڕووەکەکان، پەری و خێوەکان لەبەرچاو بگرن. بۆ نموونە، لەوانەبوو باندێکی خۆراک دۆزەرەوە لە دۆڵی (گانجیس) ڕێسایەکی بونیاد بنایە بۆ قەدەغەکردنی بڕینەوەی دار هەنجیرێکی گەورە لە خەڵک، نەکا ڕۆحی دار هەنجیرەکە تووڕە بێت و تۆڵە بکاتەوە. لەوانەیە باندێکی خۆراک دۆزەرەوەی تر کە لە دۆڵی (ئندوس) دەژیت، ڕێگری بکردایە لەوەی کە خەڵکی ڕێوییە کلک سپییەکان ڕاو بکەن، چونکە جارێکیان ڕێوی کلک سپی شوێنی بەردە بۆرکانی گرانبەهای پیشانی پیرەژنێکی ژیر داوە.

ئەم ئایینانە لە ڕوانگەیاندا، لە جەختکردنەوەیان لە تایبەتمەندییە ناوازەکانی شوێنە دیاریکراوەکان، کەش و هەوا و دیاردەکان، زۆر لۆکاڵ

بوون. زۆربەی خۆراک دۆزەرەوەکان تەواوی ژیانیان لە ڕووبەڕێکی کەمتر لە هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشەدا بەسەر بردووە. بۆئەوەی زیندوو بمێننەوە، دانیشتووانی دۆڵێکی دیاریکراو پێویستی بەوە بووە لەو سیستەمەی سوپەرمرۆڤ تێبگات کە دۆڵەکەیان ڕێکخستووە و بەم پێیە ڕەفتاریان ڕێکبخەن. بێ فایدە بووە هەوڵ بدەیت دانیشتووانی دۆڵێکی دوورەدەست قەناعەت پێ بێنیت تا پەیڕەوی لە هەمان ڕێسا بکەن. خەڵکی (ئندوس) خۆیان بەوەوە ماندوو نەکردووە نێردەی تەبشیری بنێرن بۆ (گانجیس) تا قەناعەت بە خەڵکی لۆکاڵەکە بهێنن ڕێوی کلک سپی ڕاو نەکەن.

پێدەچێ شۆڕشی کشتوکاڵی، شۆڕشی ئایینی بەدوادا هاتبێت. ڕاوکەر-کۆکەرەوەکان سۆراخی ئاژەڵ و ڕووەکە کێوییەکانیان کردووە، کە مومکینە لە ڕووی پێگەوە بە هاوتا لەگەڵ مرۆڤە هۆشمەندەکان بینرابن. ڕاستی ئەمەی کە مرۆڤ مەڕی ڕاو کردووە، مەڕی لەڕووی پێگەوە لە مرۆڤ نزمتر نەکردووەتەوە، هەروەکو چۆن ڕاستی ئەمەی کە پڵنگەکان مرۆڤیان ڕاو کردووە مرۆڤی لە پڵنگ نزمتر نەکردووەتەوە. بوونەوەرەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا کردووە و دانوستانیان لەسەر ئەو ڕێسایانە کردووە کە کۆنترۆڵی خووی هاوبەشیان کردوون. بە پێچەوانەوە، جوتیاران خاوەنی ئاژەڵان و ڕووەکەکان بوون و ڕکێفیان کردوون و بە زەحمەت دابەزیوونەتە ئەو ئاستەی دانوستان لەسەر شتەکانیان بکەن. لەمڕووەوە، یەکەم کاریگەریی دینیی شۆڕشی کشتوکاڵی، گۆڕینی ڕووەک و ئاژەڵ بووە لە ئەندامانی یەکسانی میزگردێکی ڕۆحییەوە بۆ مووڵک.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە کێشەیەکی گەورەی دروستکردووە. لەوانەیە جوتیاران ئارەزووی کۆنترۆڵی ڕەهایان کردبێت بەسەر ڕانەمەڕەکەیاندا،

بەڵام بە باشی زانیوویانە کە کۆنترۆڵیان سنووردارە. لەوانەیە ئەوان توانیبێتیان مەڕەکان لەناو پەرژینەکاندا بەند بکەن، بەرانەکان بخەسێنن و بەشێوەی دڵخواز پەزێک بهێنێتە دنیاوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیاندەتووانی زامنی ئەوە بکەن کە کاوڕەکان وەچە دەخەنەوە و بەرخی تەندروست دەهێننە دنیاوە، نە دەشیانتووانی ڕێگر بن لە پەیدا بوونی پەتای کوشندە. کەواتە چۆن پارێزگاری بکرێت لە توانای زانی ڕانەمەڕەکان؟

تیۆرەیەکی پێشەنگ لەبارەی بنەچەی خواکان، بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە خواکان بەهۆی دۆزینەوەی چارەسەری ئەم کێشەیە گرنگی پەیدا کردووە. خواکان، بۆ نموونە خودای پیتاندن، خودای ئاسمان و خودای دەرمان هاتوونەتە پێشەوە کاتێک ڕووەکەکان و ئاژەڵان توانای قسەکردنیان لەدەستداوە و ڕۆڵی سەرەکیی خوداکان ناوبژیوانی بووە لەنێوان مرۆڤەکان و ئاژەڵ و ڕووەکە لاڵەکاندا. لە ڕاستیدا بەشی هەرە زۆری ئەفسانەی دێرین، گرێبەستێکی یاسایی بووە تیایدا مرۆڤەکان بەڵێنی خۆتەرخانکردنی تاهەتاییان داوە بە خواکان لەبەرانبەر دەستڕۆشتن بەسەر ڕووەک و ئاژەڵاندا- بەشەکانی سەرەتای کتێبی (سفری تەکوین)ی تەورات نموونەیەکی بەرچاون. بۆ ماوەی هەزاران ساڵ پاش شۆڕشی کشتوکاڵی، سروتی ئایینی بەشێوەیەکی سەرەکی لە قوربانیکردنی بەرخ، شەراب و کێک بۆ هێزە ئاسمانییەکان لەلایەن مرۆڤ، پێکهات. کە ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بەڵێنی زۆروزەبەندیی بەروبووم و ئاژەڵی تەندروستیان دەدا.

شۆڕشی کشتوکاڵی لە سەرەتاوە کاریگەرییەکی بچوکتری هەبوو لەسەر پێگەی ئەندامانی تری سیستەمی ئەنیمیزم، وەکو بەردەکان، کانییەکان، تارماییەکان و دێوەزمەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمانە زۆر بە هێمنی پێگەیان لە بەرژەوەندی خودا نوێکان لەدەستدا. تا ئەو جێیەی

که خەڵکی تەواوی ژیانیان لەناو پانتاییە سنووردارەکانی چەند سەد کیلۆمەترێکی چوارگۆشەدا بەسەر دەبرد، دەکرا زۆربەی پێداویستییەکانیان لەلایەن ڕۆحە لۆکاڵەکانەوە تێر بکرێت. بەڵام هەر کە مەملەکەت و تۆڕە بازرگانییەکان فراوان بوون، خەڵکی پێویستیان بە پەیوەندیکردن بوو بەو کیانانەی کە هێز و دەسەڵاتیان مەملەکەتێکی تەواو یان سەرانسەری حەوزێکی بازرگانی دەگرتەوە.

هەوڵدان بۆ تێرکردنی ئەو پێداویستییانە سەری کێشا بۆ دەرکەوتنی ئایینە فرە خواکان. ئەم ئایینانە وا لە جیهان تێگەیشتن کە لەلایەن گروپێک خودای بەهێزەوە کۆنترۆڵ کرابێت، وەکو خوداوەندی پیتاندن، خواوەندی باران و خوای جەنگ. مرۆڤەکان دەیانتووانی هانا بۆ ئەو خوایانە بەرن و لەوانە بوو خواکان، ئەگەر ئیمان و قوربانییان پێ ببەخشرایە، ڕازی بن بە باراندنی باران، ڕەخساندنی سەرکەوتن و بەخشینی تەندروستی.

بە پەیدابوونی فرەخوایی، ئەنیمیزم بەتەواوی بزر نەبوو. دێوەزمەکان، پەریپەکان، خێوەکان، کانیە پیرۆزەکان و درەختە پیرۆزەکان هەر وەکو پارچەیەکی دانەبڕاو لەهەموو ئایینە فرەخواکان مانەوە. ئەم ڕۆحانە زۆر کەمتر گرنگ بوون لە خوداوەندە گەورەکان، بەڵام لەبەر پێداویستییە زۆرەکانی خەڵکی ئاسایی، ئەوان بایی پێویست باش بوون. لەکاتێکدا کە پاشا لە شارە پایتەختەکەیدا دەیان بەرانی قەڵەوی کردە قوربانیی خوای گەورەی جەنگ و نزای کرد بۆ سەرکەوتن بەسەر بەربەرییەکاندا، جوتیاری ناو کوختەکە، مۆمێکی بۆ پەریی درەختی هەنجیرەکە دادەگیرساند و نزای دەکرد تا یارمەتیدەر بێت بۆ چاکبوونەوەی کوڕە نەخۆشەکەی.

لەگەڵ ئەوەشدا، گەورەترین کاریگەریی پەیدابوونی خودا گەورەکان لەسەر مەڕ یان دێوەکان نەبوو، بەڵکو لەسەر پێگەی مرۆڤە هۆشمەندەکان بوو. ئەنیمیستەکان (گیان گەراکان) پێیان وابوو مرۆڤەکان تەنیا یەکێکن لە زیندەوەرە زۆرەکانی دانیشتووی جیهان. نزاکانمان، قوربانییەکانمان، گوناهەکانمان و کرداڕە باشەکانمان چارەنووسی تەواوی سیستەمە ژینگەییەکەی دیاریکرد. دەشێ لافاوێکی کارەساتبار ملیاردەها مێروولە، کوللە، کیسەڵ، مامز، زەرافە و فیل ڕامالێت تەنیا لەبەرئەوەی چەند مرۆڤێکی گەمژە بوونەتەهۆی تورەبوونی خواکان. لێرەوە فرەخوایی نەک تەنیا پێگەی خواکانی بەرز کردەوە، بەڵکو هی مرۆڤایەتیشی بەرز کردەوە. ئەندامانی کەمتر بەختەوەری سیستەمی کۆنی ئەنیمیزم، گرنگییان لەدەستدا و بوونە دیکۆری زیادە یان بێدەنگ لە درامای گەورەی پەیوەندییەکانی مرۆڤ لەگەڵ خوادا.

سوودەکانی بتپەرستی

دوو هەزار ساڵی مێشک شتنی یەکتاپەرستی بووەتەهۆی ئەوەی زۆربەی خۆرئاواییەکان فرەخوایی بە بتپەرستییەکی نەزانانە و منالانە لەقەڵەم بدەن. ئەمە نموونەیەکی نادادپەروەرانەیە. بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی ناوەوەی فرەخوایی، پێویستە درک بەو بیرۆکە سەنتەرییە بکەین کە باوەڕ بە چەند خوایەک، بەهێز دەکات.

مەرج نییە فرەخوایی، بوونی تاکە هێزێک یان تاکە یاسایەک بخاتە بەر مشتومڕ کە حوکمی تەواوی گەردوون دەکات. لە ڕاستیدا، زۆربەی ئایینە فرەخوا و تەنانەت ئایینە ئەنیمیستەکان جەختیان لەو هێزە باڵایە کردووەتەوە کە لە پشت هەموو خواکان، دێوەکان و بەردە پیرۆزەکانەوەیە. لە فرەخوایەتی یۆنانی کلاسیکدا، زیۆس، هێرا، ئاپۆلۆ و

هاوەڵەکانیان، پاشکۆی هێزێکی هەمەگیر و باڵادەست بوون-چارەنووس(مۆیرا، ئانانکا). خواوەندە سکەندەنافیەکانیش لەژێر ڕکێفی چارەنووسدا بوون کە دواجار دەکەوتنە بەر زەبری ڕانارۆک (زەردەپەڕی خواکان). لە ئایینی فرەخودایی یۆروبای خۆرئاوای ئەفریقا، هەموو خواکان لە ئۆلۆدومێر ی خودای باڵا لەدایک بوون و هەر بە پاشکۆی ئەویش مانەوە. لە فرەئایینی هیندۆسیدا، تاکە پرەنسیپێک، واتە (ئاتمان)، بەسەر چەندەها خودا و ڕۆح، مرۆڤایەتی و جیهانی بایۆلۆژی و فیزیکیدا باڵادەستە. ئاتمان جەوهەری تاهەتایی یان ڕۆحی سەرتاپای گەردوون و هەروەها هی هەموو تاکێک و هەموو دیاردەیەکە.

قوڵبینیی بنەڕەتیی فرەخوایی، کە لە یەکتاپەرستی جیای دەکاتەوە، ئەوەیە کە هێزی باڵای فەرمانڕەوای جیهان بەتاڵە لە بەرژەوەندییەکان و لایەنگیرییەکان و بۆیە باکی بە ئارەزووەکان، پەرۆشییەکان و خەمەکانی مرۆڤ نییە. بێ فایدەیە بۆ سەرکەوتن لە جەنگدا، بۆ تەندروستی و بۆ باران داوا لەم هێزە بکەیت، چونکە لە ڕوانگە هەمەگیرەکەیەوە، هیچ جیاوازییەکی نییە ئاخۆ مەملەکەتێک بباتەوە یان بدۆڕێنێت، شارێک گەشە بکات یان بپوکێتەوە، کەسێکی دیاریکراو چاک بێتەوە یان بمرێت. یۆنانییەکان هیچ قوربانییەکیان بۆ چارەنووس نەکرد و هیندۆسەکان هیچ پەرستگایەکیان لەسەر (ئاتمان) بونیاد نەنا.

تاکە هۆکار بۆ نزیککەوتنەوە لە هێزی باڵای گەردوون، دەستبەرداربوونە لە هەموو ئارەزووەکان و گرتنەخۆی خراپەیە هاوشانی چاکە- لەئامێزگرتنی تەنانەت شکست، هەژاری، نەخۆشی و مەرگ. لەمڕووەوە، هەندێ لە هیندۆسەکان، کە بە سادوس یان سانیاسیس ناسراون، ژیانی خۆیان تەرخان دەکەن بۆ یەکگرتن لەگەڵ ئاتمان و لێرەوە ڕۆشن دەبنەوە. ئەوان لە کۆششدان بۆ بینینی جیهان لە

ڕوانگەی ئەم پرەنسیپە بنچینەییەوە، بۆ درککردن بەوەی لە ڕوانگە تاهەتاییەکەیەوە، هەموو ترس و ئارەزووە مادییەکان بێ مانا و دیاردەی پەراوێزین.

لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی هیندۆسەکان (سادوس) نین. ئەوان لەناو قووڵایی گۆماوی نیگەرانە مادییەکاندا نغرۆ بوون، لە شوێنێکدا کە ئاتمان ئەوەندە یارمەتیدەر نییە. بۆ وەرگرتنی یارمەتی لەم بابەتانەدا، هیندۆسەکان لە خوداکان نزیک دەکەونەوە بەو شێوەیەی هەریەکەیان بەشێک لە هێزی هەیە. کتومت هەر لەبەر ئەوەش کە هێزەکانیان بەشەکییە نەک هەمەگیر. خودای وەکو (گانێشا)، (لاکشمی) و (ساراسواتی) ئارەزوو و لایەنگیریان هەیە. بۆیە مرۆڤەکان دەتوانن ڕێککەوتن لەگەڵ هێزە بەشەکییەکاندا بکەن و پشت بە یارمەتییان ببەستن بۆ بردنەوەی جەنگەکان و چاکبوونەوە لە نەخۆشی. حەتمەن زۆر هێزی قەبارە بچوکتریش هەن، چونکە هەر کە دەستت کرد بە چوونە ناو هێزێکی هەمەگیری پرەنسیپێکی باڵا، ئەوا بەشێوەیەکی حەتمی سەرەنجامەکەی هەبوونی زیاتر لە خوداوەندێکە. لێرەوە فرەیی خودا هەیە.

قوڵبینی فرەخوایی، پێکەوەهەڵکردنی ئایینە کاریگەرەکانی لێدەکەوێتەوە. لەبەرئەوەی فرەخوایی گەراکان باوەڕیان بە هێزێکی باڵا و تەواو بێباک و لەلایەکی ترەوە بە چەندەها هێزی بچوک و بێلایەن هەیە، قورس نییە بۆ ئیماندارەکانی خودایەک کە هەبوون و کارایی خوداکانی تر قبوڵ بکەن. فرەخواییگەری لە خۆیدا کراوەیە و بەدەگمەن (بێباوەڕان) و (لادینەکان) هەراسان دەکات.

تەنانەت کاتێک فرەئایین گەراکان ئیمپراتۆریەتە مەزنەکانیان داگیر کرد، هەوڵیان نەدا ڕەعیەکانیان وەرگێڕن. میسرییەکان، ڕۆمانەکان و

ئازتێکەکان، تەبشیرییەکانیان نەنارد بۆ سەرزەمینە بێگانەکان بۆ بڵاوکردنەوەی پەرستنی (ئۆسیریس)، (ژوپیتەر) یان هویتزیلۆپۆچتلی (خوای سەرەکی ئازتێک) و ئەوانیش بەدڵنیاییەوە سوپایان نەخستەکار بۆ ئەو مەبەستە. گەلانی ڕەعیە لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتەکاندا چاوەڕێی ئەوەیان لێدەکرا ڕێز لە خواکان و سروتەکانی ئیمپراتۆریەتەکان بگرن، چونکە ئەم خوا و سروتانە ئیمپراتۆریەتەکەیان دەپاراست و شەرعیەتیان پێدەدا. لەگەڵ ئەوەشدا داوایان لێنەدەکرا سروت و خواکانی لۆکاڵیان واز لێبێنن. لە ئیمپراتۆریەتی ئازتێکدا، گەلانی ڕەعیە ناچار بوون پەرستگا بۆ هویتزیلۆپۆچتلی بونیاد بنێن، بەڵام ئەم پەرستگایانە لە ڕیزی ئەو خودا لۆکاڵانە بونیاد نران، نەک لە شوێنیان. لە زۆر حاڵەتدا خودی دەستەبژێری ئیمپریالی، ڕووی دەکردە خوا و سروتەکانی خەڵکی ڕەعیە. ڕۆمانەکان بە دڵخۆشییەوە (سیبێل)ی خودای مێینەی ئاسیایی و (ئیسیس)ی خودای مێینەی میسرییان لە شوێنگەکانی خۆیان دانا.

تاکە خودا کە لەمێژبوو ڕۆمانەکان ڕەتیان کردبووەوە لەگەڵیدا هەڵبکەن، خودای یەکتاپەرستانە و (وەرگەڕان خواز)ی مەسیحییەکان بوو. ئیمپراتۆریەتی ڕۆم داوای لە مەسیحییەکان نەدەکرد واز لە بیروباوەڕ و سروتەکانیان بێنن، بەڵام چاوەڕێی دەکرد ڕێز لە خواوەندە پارێزەرەکانی ئیمپراتۆریەت و لاهوتی ئیمپراتۆر بگرن. ئەمە وەکو ڕاگەیاندنی وەفاداریی سیاسی بینرا. کاتێک مەسیحییەکان بە جۆش و خرۆشەوە ئەمەیان ڕەفز کردەوە، و بەردەوامبوون لە ڕەتکردنەوەی هەموو هەوڵەکانیان بۆ ڕێککەوتن، ڕۆمەکان کاردانەوەیان بریتی بوو لە هەراسانکردنی ئەوەی کە ژەکو لایەنێکی لەڕووی سیاسییەوە یاخی لێی تێگەیشتبوون. تەنانەت ئەمەش بەنابەدڵی ئەنجام دەدرا. لە ماوەی ٣٠٠

سالّدا، له لەخاچدانی عیساوە تا وەرگەڕانی ئیمپراتۆر قوستەنتین، ئیمپراتۆرە ڕۆمە فرەخواگەراکان، لە چوار جار زیاتر مەسحییەکانیان هەراسان نەکردووە. پارێزگار و بەڕێوەبەرە ئیدارییە لۆکاڵەکان لەلایەن خودی خۆیانەوە بوونەتە هۆکاری هەندێ زەبروزەنگی دژە مەسیحی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئێمە قوربانییەکانی هەموو ئەم هەراسانکردنانە لێکبدەین، ئەوا دەردەکەوێت کە لەم سێ سەدەیەدا، ڕۆمە فرەخواگەراکان زیاتر لە چەند هەزار مەسیحییەکیان نەکوشتووە، کەچی، بەدرێژایی ١،٥٠٠ ساڵی دواتر مەسیحییەکان بە ملیۆنان مەسیحیی تریان کوشتووە بۆ بەرگریکردن لە تەفسیری تا ڕادەیەک جیاوازی ئایینی خۆشەویستی و سۆز.

جەنگە ئایینییەکانی نێوان کاسۆلیکەکان و پرۆتستانتەکان کە ئەوروپای لە سەدەی شانزە و حەڤدەدا ڕاماڵی بەشێوەیەکی دیاریکراو بەدناون. هەموو ئەوانەی تێوەگلابوون، لاهوتی مەسیح و پەیامی سۆز و خۆشەویستییەکەیان قبوڵکردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوان ناکۆک بوون لەبارەی سروشتی ئەم خۆشەویستییە. پرۆتستانەکان باوەڕیان وابوو کە خۆشەویستی ئاسمان ئەوەندە گەورەیە کە خودا لە جەستەدا بەرجەستە بووەتەوە و ڕێگەی بە خۆیداوە تا ئازار و لەخاچ بدرێت، و لێرەوە گوناهی بنچینەیی قەرەبوو بکاتەوە و دەروازەکانی ئاسمان بە ڕووی هەموو ئەوانەدا بکاتەوە کە ئیمانیان پێ هێناوە. کاسۆلیکەکان جەختیان لەوە کردەوە کە ئیمان، لەکاتێکدا کە جەوهەرییە، بەڵام بەس نییە. بۆ چوونە بەهەشت، دەبووایە باوەڕداران لە سروتەکانی کەنیسەدا بەشداری بکەن و کرداری باش ئەنجام بدەن. پرۆتستانەکان ئەمەیان ڕەتکردەوە بەو بەڵگەیەی کە ئەم ئاڵوگۆڕە مەزنایەتی و خۆشەویستی خودا بچوک دەکاتەوە. هەر کەسێک پێی وابێت چوونە بەهەشت بەندە بە کردارە

باشەکانیەوە، ئەوا گرنگیی خۆی گەورە دەکات و گوزارشت لەوە دەکات کە ئیشی مەسیح لەسەر خاچ و خۆشەویستی خودا بۆ مرۆڤایەتی، بەس نین.

ئەم مشتومڕە تیۆلۆژییانە ئەوەندە تووندوتیژ کەوتنەوە کە لەماوەی سەدەکانی شانزە و حەڤدەدا، کاسۆلیک و پرۆتستانەکان بە سەدان هەزار لەیەکتریان کوشت. لە ٢٣ی ئۆگەستی ١٥٧٢دا، ئەو کاسۆلیکە فەرەنسییانەی جەختیان لە گرنگیی کرداری باشەکان کردەوە، هێرشیان کردە سەر ئەو کۆمەڵگا پرۆتستانە فەرەنسییانەی ڕۆشناییان دەخستە سەر خۆشەویستی خودا بۆ مرۆڤایەتی. لەم هێرشەدا، (کۆمەڵکوژییەکەی ڕۆژی سەینت بارتۆلۆمو)، لەماوەی کەمتر لە بیست و چوار سەعاتدا لەنێوان ٥٠٠٠ بۆ ١٠،٠٠٠ پرۆتستانت لەنێوبران. کاتێک پاپای ڕۆم لە فەرەنساوە گوێبیستی هەواڵەکە بوو، ئەوەندە دڵخۆش بوو کە مەراسیمی نزای ڕێکخست بۆ ئاهەنگ پێوەگێڕانی بۆنەکە و (جیۆگیۆ ڤاساری) ڕاسپارد تا یەکێک لە ژووڕەکانی ڤاتیکان بە نیگاری کۆمەڵکوژییەکە برازێنێتەوە (هەنوکە ژووڕەکە والایە بە ڕووی سەردانکەراندا). ژمارەی ئەو مەسیحییانەی لەسەر دەستی هاوتا مەسیحییەکانیان لەو بیست و چوار سەعاتەدا کوژران زیاتر بوو لەو ژمارەیەی کە لەسەردەستی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی فرەخواگەرا بەدرێژایی هەبوونی، کوژران.

خودا یەکە

پێ بە پێی تێپەڕینی کات، هەندێ لە شوێنکەوتووانی خودا فرەگەراکان ئەوەندە هۆگری خودای دیاریکراویان بوون کە لە ڕوانگەی بنچینەیی فرەخواگەریی دوور کەوتنەوە. ئەوان دەستیانکرد بە باوەڕهێنان بەوەی خواکەیان، تاکە خوایە و ئەمەی کە لە ڕاستیدا ئەو

هێزی باڵای گەردوونە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەهەمان کاتدا ئەوان بەردەوام بوون لە بینینی ئەو وەکو خاوەنی بەرژەوەندییەکان و لایەنگیرییەکان و باوەڕیان وابوو کە ئەوان دەتووانن ڕێککەوتنی لەگەڵدا بکەن. لێرەوە، ئایینی یەکتاپەرستی هاتنە بوون کە شوێنکەوتووانیان داوایان لە هێزی باڵای گەردوون دەکرد یارمەتییان بدات لە چاکبوونەوەیان لە نەخۆشی، بردنەوەی یانسیب و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە جەنگدا.

یەکەم ئایینی یەکتاپەرستی کە بەلای ئێمەوە زانراوە، لە میسر لە ساڵی ٣٥٠ی پێش زایین دەرکەوت کاتێک فیرعەون ئەخناتوون ڕایگەیاند، یەکێک لە خوداوەندە لاوەکییەکانی کۆمەڵە خواوەندی میسر، خوداوەند ئاتون، لە ڕاستیدا هێزی باڵای فەرمانڕەوای گەردوونە. ئەخناتون پەرستنی ئاتونی کردە ئایینی ڕەسمی و هەوڵیدا پشکنین بۆ پەرستنی هەموو خواکانی تر بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، شۆڕشە دینییەکەی ئەو سەرکەوتوو نەبوو. پاش مردنی، پەرستنی ئاتون لە بەرژەوەندی کۆمەڵە کۆنەکە وازی لێهێنرا.

فرەخواگەری بەردەوام بوو لە خستنەوەی ئایینی یەکتاپەرستی لێرە و لەوێ، بەڵام هەر بە شێوەی پەراوێزی مانەوە، بەشێکیشی لەبەرئەوەی کە نەیانتووانی پەیامی گەردوونی خۆیان هەرس بکەن. بۆ نموونە، یەهودیەت بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە کە هێزی باڵای گەردوون بەرژەوەندی و لایەنگیری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، بەرژەوەندییە سەرەکییەکەی لە نەتەوە بچوکەکەی جولەکە و خاکی نادیاری ئیسرائیلدایە. یەهودیەت هیچی وەهای نەبوو پێشکەشی نەتەوەکانی تری بکات و لە سەرانسەری هەبوونیدا ئایینێکی تەبشیری نەبووە. دەکرێ ئەم قۆناغە بە قۆناغی (یەکتاپەرستی لۆکاڵ) ناودێر بکرێت.

هەنگاونانی گەورە لە مەسیحییەتەوە هات. ئەم دینە وەکو تایەفەیەکی دابڕاوی جولەکە دەستیپێکرد کە خوازیاری قەناعەتپێهێنانی جولەکە بوو بەوەی عیسای نەسرانی، فریادڕەسی لەمێژینە چاوەڕوانکراویانە. لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێک لە یەکەمین سەرکردەکانی تایەفەکە، پۆل تاسروس، بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کە ئەگەر هێزی باڵای گەردوون بەرژەوەندی هەبن و لایەنگیری بکات، و ئەگەر ئەو خەمی ئەوەی بێت تا خۆی لە جەستەدا بەرجەستە بکاتەوە بۆئەوەی لەسەر خاچ بمرێت لەپێناو ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیدا، ئەوا ئەمە شتێکە دەبێ هەمووان، نەک تەنیا جولەکە، لەبارەیەوە بیبیستن. لێرەوە ئەمە پێویست بوو بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی باش- ئینجیل- لەبارەی عیسا لە سەرانسەری جیهاندا.

بەڵگاندنەکەی پۆل بنەمایەکی بەپێتیان گرت. مەسیحییەکان دەستیانکرد بە ڕێکخستنی چالاکیی تەبشیری بەربڵاو کە ئامانجەکەی، هەموو مرۆڤایەتی بوو. لە یەکێک لە گۆڕانکارییەکانیدا، ئەم تایەفە جولەکە دابڕاوە بەسەر ئیمپراتۆریەتی بەتوانای ڕۆمدا باڵادەست بوو.

سەرکەوتنی مەسیحییەت بووە مۆدێلێک بۆ ئایینێکی یەکتاپەرستی تر کە لە سەدەی حەوتەم لە نیمچە دوورگەی عەرەبیدا دەرکەوت- ئیسلام. وەکو مەسیحییەت، ئیسلامیش وەکو تایەفەیەکی بچوک لە سوچێکی لاتەریکی جیهاندا دەرکەوت، بەڵام لە ڕێکەوتێکی نامۆتر و خێراتری مێژوویدا تووانی بیابانەکانی عەرەبستان ببڕێت و ئیمپراتۆرییەتێکی بەرفراوان بگرێت هەر لە ئۆقیانووسی ئەتلانتیکەوە تا هیندستان. لەمڕووەوە، ئایدیا یەکتاپەرستییەکە ڕۆڵێکی سەنتەری بینی لە مێژووی جیهاندا.

یەکتاپەرستەکان زۆر توندڕەوتر و تەبشیریتر دەرچوون بە بەراورد بە فرەخواگەراکان. ئایینێک کە دان بە شەرعیەتی دینەکانی تردا دەنێت، دەلالەت لەوە دەکات کە یا ئەوەتا خوداکەی هێزی بااڵدەستی گەردوونە، یان ئەوەتا تەنیا بەشێکی حەقیقەتە گەردوونییەکەی لە خودا وەرگرتووە. لەبەرئەوەی یەکتاپەرستەکان زۆرجار باوەڕیان وابووە کە ئەوان خاوەنی پەیامی تەواوەتی تاکە خودان، ناچار بوون هەموو ئایینەکانی تر بێنرخ بکەن. بەدرێژایی دوو هەزارەی ڕابردوو، یەکتاپەرستەکان بەردەوام هەوڵیانداوە لە ڕێگەی تووندوتیژانە تەفروتوناکردنی هەموو پێشبڕکێیەک، دەستی خۆیان بەهێز بکەن.

ئەمەش کاریگەر بوو. لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینداا، یەکتاپەرست بە کەمی بەدیدەکران لە جیهاندا. لە دەوروبەری ٥٠٠ی زایینداا، یەکێک لە گەورەترین ئیمپراتۆریەتەکانی جیهان-ئیمپراتۆریەتی ڕۆمان- کیانی مەسیحی بوو و تەبشیرییەکان سەرقاڵ بوون بە باڵوکردنەوەی مەسیحییەت بۆ بەشەکانی تری ئەوروپا، ئاسیا و ئەفریقا. بە هاتنی کۆتایی هەزارەی یەکەمی زایین، زۆربەی خەڵکی لە ئەوروپا، خۆرئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقا یەکتاپەرست بوون و ئیمپراتۆریەتەکانی ئۆقیانووسی ئەتڵەس تا هیمالایا بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە تاکە خودایەکی مەزن حوکمیان دەکات. بە هاتنی سەرەتاکانی سەدەی شانزە، یەکتاپەرستی زۆربەی ئەفرۆ-ئاسیای گرتەوە، جگە لە خۆرهەاڵتی ئاسیا و چەند ناوچەکانی باشووری ئەفریقا و دەستیکرد بە کشان بەرەو چەند الیەکی باشووری ئەفریقا، ئەمریکا و ئۆقیانووس. ئەمڕۆکە زۆربەی خەڵکی دەرەوەی خۆرهەاڵتی ئاسیا پەیڕەوی لە ئایینێک لە ئایینە یەکتاپەرستەکان دەکەن و سیستەمی سیاسیی جیهانی لەسەر بناغە یەکتاپەرستەکان بونیاد نراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا وەکو چۆن ئەنیمیزم بەردەوام بووە لە مانەوە لەناو فرەخواگەراییدا، بەهەمان شێوە فرەخواگەری لەناو یەکتاپەرستیشدا زیندوو مایەوە. لە تیۆرەدا، هەر کە کەسێک باوەڕی بەوە هەبێ کە هێزی باڵای گەردوون بەرژەوەندی و لایەنگیری هەیە، پەرستنی هێزە بچوکەکان کەڵکی چییە؟ کێ دەیەوێ لە بیرۆکراتێکی پلە نزم نزیک بکەوێتەوە کاتێک ئۆفیسی سەرۆک بە ڕووتدا کراوەیە؟ لە ڕاستیدا، تیۆلۆژیای یەکتاپەرستی نکوڵی لە هەبوونی هەموو خواکان دەکات جگە لە خودای باڵا و ئاگر و کبریت دەکات بەسەر هەر یەکێکدا کە دەوێرێ بیانپەرستێت.

لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە درزێک هەبووە لەنێوان تیۆرە تیۆلۆژییەکان و واقعیەتە مێژوویییەکان. زۆربەی خەڵکی بەلایانەوە قورس بووە بەشێوەیەکی تەواو بیرۆکەی یەکتاپەرستی هەرس بکەن. ئەوان بەردەوام بوون لە دابەشکردنی جیهان بەسەر (ئێمە) و (ئەوان)دا و بینینی هێزی باڵای گەردوون بە دووڕەدەست و بێگانە بۆ پێداویستییە دنیاییەکانیان. ئایینە یەکتاپەرستەکان بە شاگەشکەییەوە لە دەرگای پێشەوەڕا خوداکانیان کردە دەرەوە، کەچی لە پەنجەرەوە هێنایانەوە ژوورەوە. بۆ نموونە، مەسیحییەت، کۆمەڵە قەدیسەکانی خۆی هێنایە کایەوە، کە ڕێبازیان جیاوازییەکەی کەم بوو لەوانەی خوداکانی فرەخواگەرایی.

هەروەکو چۆن خوداوەند ژوپیتەر بەرگری لە ڕۆم و هوینزیلۆپۆچتلی کرد، پارێزگاری لە ئیمپراتۆریەتی ئازتێک کرد، بۆیە هەموو مەملەکەتێکی مەسیحی قەدیسێکی سەرگەورەی هەبوو یارمەتی دەدا زاڵ بێت بەسەر تەگەرەکاندا و جەنگەکان ببانەوە. ئینگلتەرە لەلایەن سەینت جۆرج دەپارێزرا، سکۆتلەندە لەلایەن سەینت ئەندرو دەپارێزرا، هەنگاریا لەلایەن ستیفن و فەرەنسا سەینت مارتن-یان هەبوو. شار و

شارۆچکەکان، پیشەکان و تەنانەت نەخۆشییەکان- هەریەکەیان قەدیسی خۆیانیان هەبوو. شاری (میلان) سەینت ئامبرۆس-ی هەبوو، لەکاتێکدا کە سەینت مارک چاودێری ڤینیسیای دەکرد. سەینت فلۆریان پارێزگاری لە دوکەڵکێش پاککەرەوەکان دەکرد کەچی سەینت ماتێیۆ یارمەتی باج کۆکەرەوەکانی دەدا لەکاتی نارەحەتییاندا. ئەگەر تۆ بەدەست سەرئێشەوە بتنالاندایە، ئەوا دەبووایە لە سەینت ئاگاسیۆس نزا بکەیت، بەڵام ئەگەر دان ئێشەت هەبووایە، ئەوا سەینت پاپۆڵۆنیا چاودێرێکی باشتر دەبوو.

قەدیسە مەسیحییەکان، تەنیا خودا فرەخواگەراکانیان نەدەنووساند. بەڵکو زۆرجار ئەوان هەر ئەم خودایانە بوون لە ڕووپۆشدا. بۆ نموونە، خواوەندی مێینەی سەرەکی ئێرلەندەی کێلتی، لە پێش هاتنی مەسیحیەت، (بریجید) بوو. کاتێک ئێرلەندە بەمەسیحی کرا، بریجیدیش تەعمید کرا. ئەو بووە سەینت بریجیت، کە تاوەکو ئەمڕۆش ڕێزلێنراوترین قەدیسە لە ئێرلەندەی کاسۆلیکدا.

شەڕی چاکە و خراپە

فرەخواگەرایی نەک تەنیا ئایینە یەکتاپەرستەکان، بەڵکو دوانەپەرستەکانیشی هێنایەکایەوە. ئایینە دوانەییەکان، بوونی دوو هێزی ناکۆک پەیڕەو دەکەن: چاکە و خراپە. بە پێچەوانەی یەکتاپەرستییەوە، دوانەگەرایی باوەڕی وایە کە خراپە هێزێکی سەربەخۆیە، نە لەلایەن خودای چاکە دەخولقێنرێت و نە پاشکۆشیەتی. دوانەگەرایی، ڕوونی دەکاتەوە کە تەواوی گەردوون شەڕگەیەکە لەنێوان ئەم دوو هێزەدا و ئەمەی کە هەر شتێک کە لەم جیهانەدا ڕووەدات بەشێکە لەم ململانێیە.

دوانەگەرایی جیهانبینییەکی زۆر سەرنجراکێشە، چونکە وەڵامێکی کورت و سادەیە بۆ کێشەی بەناوبانگی خراپە، یەکێکە لە نیگەرانییە هەرە بنەڕەتییەکانی بیری مرۆیی. (بۆچی خراپە لە جیهاندا بوونی هەیە؟ بۆچی ئێش هەیە؟ بۆچی شتی خراپ بەسەر خەڵکی باش دێت؟ دەبێ یەکتاپەرستەکان پراوەی جیمناستیکی فیکری بکەن بۆئەوەی ڕوونی بکەنەوە چۆن خودایەکی تەواو باشی پڕ ماریفەت و هێز، ڕێگە بەو هەموو ئێشە دەدات لە جیهاندا. ڕوونکردنەوەیەکی باڵاو ئەوەیە کە ئەمە شێوازی خودایە بۆ ڕێگەدان بە ئیرادەی سەربەستی مرۆڤ. لەو شوێنەی کە خراپەی لێ نییە، مرۆڤەکان نەیاندەتووانی لەنێوان چاکە و خراپەدا یەکێکیان هەڵبژێرن و لێرەوە ئیرادەی سەربەست بوونی نەدەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە وەڵامێکی ئاڵۆزە کە دەستبەجێ زنجیرەیەک پرسیاری نوێ دەوروژێنێت. ئازادی ئیرادە هەمیشە ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدات خراپە هەڵبژێرن. لە ڕاستیدا زۆر کەس خراپە هەڵدەبژێرن و بە گوێرەی گێڕانەوەی یەکتاپەرستێکی ستاندارد، دەبێ ئەم هەڵبژاردنە سزای خوایی بەدواوە بێت. ئەگەر خوا لە پێشدا زانی کە کەسێکی دیاریکراو ئیرادە سەربەستەکەی بۆ هەڵبژاردنی خراپە بەکار دێنێت، و سەرەنجام لەبەرانبەر ئەمەدا بە عەزابی تاهەتایی دۆزەخ سزا دەدرێت، بۆچی خوا دروستیکرد؟ تیۆلۆژەکان چەندەها کتێبیان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانە نوسیووە. هەندێ کەس وەڵامەکانیان بە باوەڕهێن دەبینن. هەندێکیش نا. ئەوەی کە جێ نکوڵی نەکردنە، ئەوەیە کە یەکتاپەرستەکان کێشەیەکی گەورەیان هەیە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیەی خراپەدا.

بەڵای دوانەگەراکانەوە ڕوونکردنەوەی خراپە ئاسانە. شتە خراپەکان تەنانەت لە بەرژەوەندی خەڵکدا ڕووەدەن، چونکە جیهان یەکلایەنە

لەلایەن خودایەکی باشەوە بەڕێوە نابرێت. هێزێکی خراپەی سەربەخۆ هەیە لە جیهاندا بەڕەلایە. هێزە خراپەکە شتی خراپ ئەنجام دەدات.

دوانەگەراییش کێشە و گرفتی خۆی هەیە. لەکاتی چارەسەرکردنی کێشەی خراپەدا، کێشەی سیستەم دروست دەبێ. ئەگەر جیهان لەلایەن تاکە خودایەک دروست کرابێت، ئاشکرایە کە شوێنێکی بە سیستەم و ڕێکوپێکە کە تیایدا هەموو شتێک پەیڕەوی لە هەمان یاساگەل دەکات. بەلام ئەگەر چاکە و خراپە شەڕ بۆ کۆنترۆلکردنی جیهان بکەن، کێ یاساگەلی زاڵ بەسەر جەنگی گەردوونیدا بەرقەرار دەکات؟ دەشێ دوو دەوڵەتی ڕکابەر لەدژی یەکتری بجەنگن چونکە هەردووکیان پەیڕەوی لەهەمان یاساگەلی گەردوونی دەکەن. دەشێ موشەکێکی دەرچوو لە پاکستانەوە ئامانج گەلێک لە پاکستان بپکێت چونکە هێزی کێشکردن لە هەردوو وڵاتدا بەهەمان شێواز کار دەکات. کاتێک چاکە و خراپە دەجەنگن، پەیڕەوی لە کام یاسا باوانە دەکەن و کێ ئەم یاسایانەی سەپاندووە؟.

بۆیە، یەکتاپەرستی، سیستەم ڕوون دەکاتەوە، بەلام لەلایەن خراپەوە تەمومژاوی کراوە. دوالیزم خراپە ڕوون دەکاتەوە، بەلام لەلایەن سیستەمەوە لێڵ کراوە. یەک شێوازی لۆژیکی هەیە بۆ چارەسەرکردنی مەتەڵەکە: بەڵگاندنی ئەمەی کە یەک خودای بەتوانا هەیە کە گەردوونی خولقاندووە- و ئەو خراپەکاریشە. بەلام کەس لە مێژوودا بوێری ئەوەی نەبووە باوەڕێکی لەو جۆرەی هەبێت.

ئایینە دوانەگەراکان بۆ ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ گەشەیان کردووە. لەکاتێکی نێوان ١٥٠٠ی پێش زایین و ١٠٠٠ی پێش زایین، پەیامبەرێک بەناو زەردەشت لە شوێنێک لە شوێنەکانی ئاسیای ناوەند دا چالاک بوو. بیروباوەڕی ئەو لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوێزرایەوە تا ئەو کاتەی

که تەقریبەن بووە گرنگترینی ئایینە دوانەگەراکان- زەردەشتیزم. زەردەشتییەکان جیهانیان وەکو شەڕێکی گەردوونی دەبینی لەنێوان خودای چاکە (ئاهورا مازدا) و خودای خراپە (ئانگرا ماینیو). دەبووایە مرۆڤەکان لەم شەڕەدا یارمەتی خودای چاکە بدەن. زەردەشتیزم لەماوەی ئیمپراتۆریەتی فارسیی هەخامەنشیدا(٥٥٠-٣٣٠ی پێش زایین) ئایینێکی گرنگ بوو و دواتر بووە ئایینی ڕەسمی ئیمپراتۆریەتی فارسیی ساسانی (٢٢٤-٦٥١ی زایین). ئەم ئایینە کاریگەری خستە سەر تەقریبەن هەموو ئایینە یەک لەدوای یەکەکانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەند و ئیلهامبەخشی ژمارەیەک ئایینی دوانەگەرای تر بوو، وەکو گنۆستیسیزم و مانیزم.

لەماوەی سەدەی سێیەم و چوارەمی زایینداا، بیروباوەڕی مانی لە چینەوە بۆ باکووری ئەفریقا بڵاو بووەوە و بۆ ساتێک وا دەرکەوت کە شکست بە مەسیحییەت دەهێنێت بۆ باڵادەستبوون لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمدا. لەگەڵ ئەوەشدا، مانیزم بووەهۆی ئەوەی ڕۆم ڕۆحی خۆی بە مەسیحییەکان ببەخشێت، موسڵمانە یەکتاپەرستەکان لەناو ئیمپراتۆریەتی ساسانیی زەردەشتیدا تەشەنەیان کرد و شەپۆلی دوانەگەرایی کز بوو. ئەمڕۆکە تەنیا مشتێک لە کۆمەڵگە دوانەگەراکان لە هیندستان و خۆرهەلاتی ناوەڕاستدا زیندوو ماونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا، شەپۆلی بەرزبووەوەی یەکتاپەرستی بە ڕاستی نەبووەهۆی ڕامالینی دوانەگەرایی. یەکتاپەرستی جولەکە، مەسیحی و موسڵمان چەندەها کردار و باوەڕی دوانەگەراییان هەڵمژی و لە ڕاستیدا هەندێ لە هەرە بنچینەییترین بیرۆکەکانی ئەو شتەی پێی دەڵێین (یەکتاپەرستی گەرایی) لە بنەچە و ڕۆحدا دوانەگەران. چەندەها مەسیحی، موسڵمان و جولەکە باوەڕیان بە هێزی خراپەی بەهێز هەیە-

هەروەکو ئەوەیان کە مەسیحییەکان پێی دەڵێن دێڤڵ یان شەیتان- کە دەتووانێت سەربەخۆ ڕەفتار بکات، لەدژی خودای چاکە شەڕ بکات و بەبێ مۆڵەتی خودا ئاژاوە بنێتەوە.

یەکتاپەرستێک چۆن دەتووانێت پەیڕەوی لە باوەڕێکی دوانەگەرای وەها بکات (کە لە هیچ شوێنێکی کتێبی عهد عتیق دا نەهاتووە)؟ لە ڕووی لۆژیکییەوە، ئەمە ئەستەمە. یان ئەوەتا تۆ باوەڕت بە تاکە خودایەکی بەتوانا هەیە یان ئەوەتا باوەڕت بە دوو هێزی لێکدژ هەیە کە هیچیان بەتوانا نین. لەگەڵ ئەوەشدا، مرۆڤەکان توانایەکی بێ وێنەیان هەیە لە باوەڕبوون بە لێکدژییەکاندا. لەبەرئەوە نابێ جێی سەرسوڕمان بێت کە ملیۆنان مەسیحی، موسڵمان و جولەکەی خواپەرست لە یەک کاتدا باوەڕ بە خودایەکی بەتوانا و ئەهریمەنێکی سەربەخۆ دێنن. چەندەها مەسحیی، موسڵمان و جولەکە تا ئەو سنوورە ڕۆیشتوون کە وێنای ئەوە بکەن تەنانەت خودای چاکە پێویستی بە یارمەتی ئێمە هەیە لە ململانێیدا لەدژی ئەهریمەن، کە بۆ نموونە بۆتە هۆی بزواندنی بانگەوازی جیهاد و هێرشی خاچپەرستی.

چەمکێکی دوالیستی سەرەکیی تر، بەتایبەت لە گنۆستیسیزم و مانیزمدا، جیاوازیی توندی نێوان جەستە و ڕۆح، نێوان مادە و جەوهەر بوو. گنۆستیکەکان و مانییەکان بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە خودای چاکە ڕۆحی دروستکردووە، کەچی مادە و جەستەکان دروستکراوی خودای خراپەن. بە گوێرەی ئەم تێڕوانینە، مرۆڤ گوزارشتە لە شەڕگەیەک لەنێوان ڕۆحی چاکەکار و جەستەی خراپەکار. لە ڕوانگەی یەکتاپەرستییەوە، ئەمە بێ مانایە- ئەم جیاوازییە تونديەی نێوان جەستە و ڕۆح، یان مادە و جەوهەر بۆچی؟ و بۆچی مشتومڕ لەسەر ئەوە بکەیت

که جەسته و مادە خراپەکارن؟ دواجار هەموو شتێک لەلایەن هەمان خودای چاکەوە دروستکراوە. بەڵام یەکتاپەرستەکان ناتووانن نەکەونە ژێر زاڵیتیی دژیەکە دوانەییەکان، کتومت لەبەرئەوەش کە ئەوان یارمەتیدەریان بوون لە موخاتەبەکردنی کێشەی خراپەدا. بۆیە دواجار ئەم دژیەکییانە بوونە بناغەی بیری موسڵمان و مەسیحی. باوەڕبوون بە بەهەشت (قەڵەمڕەوی خودای چاکە) و دۆزەخ (قەڵەمڕەوی خودای خراپە) لە بنەڕەتدا دوالیستی (دوانەگەرایی) بوون. لە کتێبی پەیمانی کۆن (عهد عتیق) دا، هیچ شوێنەوارێکی ئەم باوەڕە بوونی نییە کە بەهەمان شێوە قەت بانگەشەی ئەوە ناکات کە ڕۆحەکانی خەڵک پاش مردنی جەستەش هەر زیندوو دەمێننەوە.

لە ڕاستیدا، یەکتاپەرستی گەرایی، بەو شێوەیەی کە لە مێژوودا گەلاڵە بووە، ڕەنگاڵەیەکی میراتەکانی یەکتاپەرستێتی، دوانەگەرایی، فرەخواییگەری و گیانگەراییە کە لەژێر تاکە چەترێکی ئاسمانیدا تێکئاڵاون. تێکڕای هەر مەسیحییەک باوەڕی بە خودای یەکتاپەرستگەرا هەیە. بەڵام بەهەمان شێوە باوەڕی بە ئەهریمەنی دوانەگەرا، قەدیسە فراخواگەراکان و خێوە گیان گەراکانیش هەیە. لێکۆڵەرانی ئایین ناوێکیان بۆ ئەم پابەندییە هاوکاتەی ئایدیا جیاواز و تەنانەت لێکدژەکان و ئاوێتەی سروشت و کردارەکان هەیە کە لە سەرچاوەی جیاوازەوە وەرگیراون. ئەمە پێی دەوترێت سینکرێتیزم (ئاوێتەگەرایی). لە ڕاستیدا دەشێ ئاوێتەگەرایی تاکە جیهانی مەزنی ئایین بێت.

یاسای سروشت

هەموو ئەو ئایینانەی کە ئێمە تاوەکو ئێستا باسمان کردوون یەک تایبەتمەندیی گرنگیان هەیە: هەموویان تەرکیز دەخەنە سەر باوەڕ بوون

به خوداکان و کیانه سەروو-سروشتییەکانی تر. ئەمە بەڵای خۆرئاواییەکانەوە ڕوون دیارە کە بەشێوەیەکی سەرەکی ئاشنان بە بیروباوەڕە یەکتاپەرستی و فرەخواییگەراکان. لەگەڵ ئەوەشدا، مێژووی ئایینیی جیهان، کورت نابێتەوە بۆ مێژووی خوداکان، لەماوەی یەکەم هەزارەی پێش زایینداً، جۆرێکی نوێی سەرتاپایی ئایینەکان دەستیکرد بە بڵاو بوونەوە بەناو ئەفرۆ-ئاسیادا. تازەهاتووەکان، وەکو (جاینیزم) و (بودیزم) لە هیندستان، (داویزم) و (کونفۆشیزم) لە چین، و ڕواقی (ستۆیسیزم)، (سینیسیزم) و (ئیپیکوریزم) لە حەوزی مێدیتەرانە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیان چاوپۆشیکردن بوو لە خوداکان.

ئەم بیروباوەڕانە جەختیان لەوە دەکردەوە کە سیستەمی سوپەرمرۆڤی حوکمڕانی جیهان، بەرهەمی یاسا سروشتییەکانە نەک ئیرادەی ئاسمان. هەندێ لەم ئایینانەی یاسای سروشت بەردەوام بوون لە پاڵپشتیکردنی هەبوونی خوداکان، بەڵام خواکانی ئەوان کەمتر لە مرۆڤەکان، ئاژەڵان و ڕووەکەکان نەدەکەوتنە بەر یاساکانی سروشت. خواکان ئارەزوومەندێتیان بۆ سیستەمی ژینگەیی هەبوو، ڕێک وەکوچۆن فیلەکان و ژیژکەکان هەیانبوو، بەڵام نەیاندەتووانی لە فیلەکان زیاتر یاساکانی سروشت بگۆڕن. نموونەیەکی دیار بریتییە لە بودیزم، کە گرنگترین ئایینی یاسای سروشتیی دێرینە و هێشتا یەکێکە لە دینە هەرە گەورەکان.

فیگەری سەنتەریی بودیزم خودا نییە بەڵکو مرۆڤێکە بەناوی سیدارتا گۆتاما. بە گوێرەی نەریتی بودی، گۆتاما میراتگری مەملەکەتێکی بچوکی هیمالایایە لە دەوروبەری ٥٠٠ی پێش زایین. میرە گەنجەکە بەشێوەیەکی قووڵ کارتێکراو بوو بەو ئێشەی دەوری تەنیبوو. ئەو دەیبینی کە چۆن پیاوان و ژنان، منداڵان و پیر، هەموویان نەک تەنیا

دەکەونەبەر کارەساتی ناوبەناوی وەکو جەنگ و ئافات، بەڵکو بەدەست شڵەژان، ناکامی و نائومێدیشەوە دەنالێنن، هەمووشی پێدەچێ بەشێکی دانەبڕاوی هەلومەرجی مرۆڤ بێت. خەڵکی سۆراخی سامان و دەسەڵات دەکەن، مەعریفەت و مۆڵک بەدەست دێنێت، کوڕ و کچ دەخەنەوە و خانوو و شوێن بونیاد دەنێن. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگ نییە چی بەدەست دێنن، ئەوان قەت ناگەنە قەناعەت. ئەوانەی لە هەژاریدا دەژین خەون بە دەوڵەمەندییەوە دەبینن. ئەوانەی ملیۆنیان هەیە، دوو ملیۆنیان دەوێ. ئەوانەی دوو ملیۆنیان هەیە، ١٠ ملیۆنیان دەوێ. تەنانەت دەوڵەمەندان و بەناوبانگەکان بەدەگمەن قەناعەتیان دێت. ئەوانیش لەژێر باری نیگەرانی و گرفتی بێوچان دان، تا ئەو کاتەی کە نەخۆشی، پیری و مەرگ دەیانگەیەنێتە کۆتایی تاڵ. هەموو ئەو شتەی کەسێک کەڵەکەی کردووە، وەکو دوکەڵ بە با دەچێت. ژیان کێبڕکێیەکی پوچی جرجەکانە. بەڵام چۆن لێی ڕابکەیت؟.

لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا، گۆتاما لە نیوەی شەودا لە کۆشکەکەی دەرچوو، خێزان و مومتەلەکاتی بەجێ هێشت. ئەو وەکو وێڵگەڕێکی بێ ماڵ بە سەرانسەری باکووری هیندستاندا گەشتی کردووە و بەدوای ڕێگایەکی قوتار بوون لە ئێش گەڕاوە. ئەو سەردانی پەرستگەکانی کرد و لەبەردەم گوروکان دانیشت بەڵام هیچ شتێک بەتەواوی ئازادی نەکرد- بێ قەناعەتییەک هەمیشە بوونی هەبوو. ئەو نائومێد نەبوو. سوور بوو لەسەر ئەوەی خودی خۆی لە ئێش بکۆڵێتەوە تا ئەو کاتەی کە شێوازێکی بۆ ئازادبوونی تەواوەتی دۆزییەوە. ئەو شەش ساڵی لە قوڵڕامان لە جەوهەر، هۆکارەکان و چارەسەرەکانی ئێشی مرۆڤ بەسەر برد. لە کۆتاییدا درکی بەوە کرد کە ئێش لە نەگبەتی،

نادادپەروەری کۆمەڵایەتی یان لە ویستی خودایی ناکەوێتەوە، بەڵکو لە ڕێسا ڕەفتارییەکانی ئەقڵی مرۆڤ دەکەوێتەوە.

قوڵبینی گۆتاما ئەوە بوو کە، گرنگ نییە ئەقڵ ئەزموونی چی دەکات، زۆرجار لە سۆنگەی حەزەوە کاردانەوەی دەبێ و حەزیش بڕیتییە لە قەناعەت نەهاتن.

کاتێک ئەقڵ شتێکی ناخۆش ئەزموون دەکات، حەزێکی قوواڵی بۆ قوتاربوون هەیە لە هەراسانبوون. کاتێک ئەقڵ شتێکی خۆش ئەزموون دەکات، حەزی قوواڵی هەیە بۆ ئەوەی چێژ و خۆشی بمێنێتەوە و چڕ بێتەوە. بۆیە، ئەقڵ هەمیشە بێ قەناعەت و بێ ئۆقرەیە. ئەمەش زۆر ڕوونە کاتێک ئێمە شتە ناخۆشەکانی وەکو ئازار ئەزموون دەکەین. تا ئەو جێیەی ئازار بەردەوامی هەیە، ئێمە نارازین و هەموو ئەوەی لە تواناماندایە دەیکەین بۆئەوەی خۆی لێ لادەین. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەو کاتەی شتە خۆشەکان ئەزموون دەکەین، قەت بەقەناعەت نین. ئێمە یا ئەوەتا دەترسین خۆشییەکە نەمێنێ، یان ئەوەتا هیوای ئەوەمان هەیە بتەوتر و چڕتر بێتەوە. خەڵکی بۆ ماوەی ساڵانێک خەون بە دۆزینەوەی خۆشەویستییەوە دەبینن، بەڵام کە دەیدۆزنەوە بە دەگمەن قەناعەت و ڕەزایەتیان تێر دەبێ. هەندێ کەس شڵەژانی ئەوەیان لا دروست دەبێ کە هاوەڵەکەیان بەجێیان بهێڵێت، ئەوانیتر هەست دەکەن کە نەگەیشتوونەتە شایستەیی خۆیان و دەکرا کەسێکی باشتر بدۆزنەوە. هەموشمان خەڵکانێک دەناسین کە هەردووکیان ئەنجام دەدەن.

خودا گەورەکان دەتوانن بارانمان بۆ بنێرن، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانن دادپەروەری و چاودێری تەندروستیمان بۆ دابین بکەن و ڕێکەوتە بەخت بەخشەکان دەتوانن بمانکەن بە ملیۆنێر،

بەڵام هیچ کام لەمانە ناتوانن ڕێسا ئەقڵییە بنچینەییەکانمان بگۆڕن. لەمڕووەوە، تەنانەت گەورەترین پاشاکان دەکەونە شڵەژانەوە، بە بەردەوامی لە خەفەت و ئێش ڕادەکەن، تاهەتایە سۆراخی چێژ و خۆشیی زۆرتر دەکەن.

گۆتاما بۆی دەرکەوت کە ڕێگایەک هەیە بۆ دەرچوون لەم بازنە خراپەکارە. ئەگەر، کاتێک ئەقڵ شتێکی خۆش یان ناخۆش ئەزموون دەکات، شتەکان وەکو خۆی تێبگات ئەوا هیچ ئێشێک نابێت. ئەگەر تۆ خەم ئەزموون بکەیت بەبێ حەزی قووڵ بۆ ڕەوینەوەی خەم، ئەوا بەردەوام دەبیت لە هەستکردن بە خەم بەڵام ئێشی لێ نابینیت. بە ڕاستی دەشێ لە خەمدا دەوڵەمەندی هەبێ. ئەگەر تۆ خۆشی ئەزموون بکەیت بەبێ هەبوونی حەزی قووڵ لەمەڕ ئەوەی کە خۆشییەکە دڕێژە بکێشێت، ئەوا بەردەوام هەست بە خۆشی دەکەیت بەبێ ئەوەی ئارامیت لەدەست بدەیت.

بەڵام چۆن وا لە مێشک دەکەیت شتەکان وەکو خۆی قبوڵ بکات، بەبێ حەزی قووڵ؟ خەم وەکو خەم، خۆشی وەکو خۆشی، ئازار وەکو ئازار قبوڵ بکات؟ گۆتاما کۆمەڵێک تەکنیکی قوڵڕامانی گەڵاڵە کرد کە مێشک ڕادەهێنن واقیع وەکو خۆی ئەزموون بکات، بەبێ حەزکردن. ئەم کردارانە مێشک ڕادەهێنن هەموو هۆشی خۆی بخاتە سەر پرسێک، (ئێستا چی ئەزموون دەکەم؟) لەبری (حەزم دەکرد چی ئەزموون بکەم؟) قورسە ئەم حاڵەتەی ئاگایی بەدەست بێنێت، بەڵام مەحاڵ نییە.

گۆتاما ئەم تەکنیکانەی قوڵڕامانی لە ڕستێک ڕێسای ئێتیکیدا بونیاد نا بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ خەڵک تا تەرکیز بکەنە سەر ئەزموونی واقیعی و خۆیان لە کەوتنە ناو داوی حەز و خەیاڵپڵاوی لابدەن. ئەو شوێنکەتووەکانی فێر کرد خۆ لە کوشتن، سێکسی بەڕەڵا و دزی بەدوور

بگرن، چونکه ئەم کردارانە حەتمەن ئاگری حەز دەبزوێنن (بۆ دەسەلات، بۆ چێژی سۆزی، یان سامان). کاتێک ئاگرەکان بەتەواوی کوژانەوە، حەز حاڵەتێکی قەناعەتی تەواوەتی و ئارامی شوێنی دەگرێتەوە کە پێی دەوترێت (نیرڤانا) (مانا وشەییەکەی بریتییە لە کوژاندنەوەی ئاگر). ئەوانەی کە گەیشتوونەتە پلەی نیرڤانا بەتەواوی لە هەموو ئێشێک ڕزگاریان بووە. ئەوان بەوپەڕی ڕوونییەکەیەوە واقیع ئەزموون دەکەن، بەدەر لە هەموو فەنتازیا و وەهمێک. لەکاتێکدا کە ئەگەرێکی زۆر هەیە هێشتا ڕووبەڕووی ناخۆشی و ئازار ببنەوە، ئەم ئەزموونانە نابنە هۆی نەگبەتی. کەسێک کە حەز ناکات، ناکرێ ئێش ئەزموون بکات.

بە گوێرەی نەریتی بودیزم، گۆتاما خۆی گەیشتبووە پلەی نیرڤانا و لە ئێش بەتەواوی دەرباز ببوو. لەمڕووەوە، ئەو وەکو (بودا) ناسرابوو کە بە مانای (ڕۆشنبووەوە) دێت. بودا پاشماوەی ژیانی بەوە بەسەر برد کە دۆزینەوەکانی بۆ ئەوانیتر ڕوون بکاتەوە بۆئەوەی هەموو ئەوانیتریش لە ئێش ڕزگاریان بێت. ئەو هەموو وانەکانی لە یاسایەکدا لەقاڵبدا: ئێش لە حەزی قوواڵەوە سەرچاوە دەگرێت، تاکە ڕێگە بۆ ڕزگاربوون لە ئێش ئەوەیە لە حەز بەتەواوی ڕزگار بیت و تاکە ڕێگە بۆ ڕزگاربوون لە حەز ڕاهێنانی ئەقڵە بۆ ئەزموونکردنی واقیع بەو شێوەیەی کە هەیە.

ئەم یاسایە، کە بە دارما یان داما ناسراوە، لەلایەن بوددییەکانەوە بە یاسایەکی گەردوونیی سروشت دەبینرێ. ئەمەی کە (ئێش لە حەزەوە سەرچاوە دەگرێت) هەمیشە و لە هەموو شوێنێک ڕاستە، وەکو چۆن لە فیزیای مۆدێرندا بارستە جارانی هێزی کێشکردن یەکسانە بە کێش، بوددییەکان ئەو کەسانەن کە باوەڕیان بەم یاسایە هەیە و دەیکەنە چەقی چالاکییەکانیان. لەلایەکی ترەوە، باوەڕبوون بە خوداکان گرنگییەکی لاوەکی هەیە بۆیان. یەکەم پرەنسیپی ئایینە یەکتاپەرستییەکان ئەمەیە:

(خوا هەیە. چی لە من دەوێت؟) یەکەم پرەنسیپی بودیزم ئەمەیە (ئێش هەیە. چۆن لێی ڕابکەم؟).

بودیزم نکوڵی لە بوونی خوداکان ناکات- ئەوان وەکو بوونەوەری بەهێز وەسف کراون کە دەتووانن باران ببارێنن و سەرکەوتن ببەخشن- بەڵام ئەوان کاریگەرییان لەسەر ئەو یاسایە نییە کە دەڵێت ئێش لە حەزەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەگەر ئەقڵی کەسێک ئازاد بێت لە هەموو حەزێک، ئەوا هیچ خوایەک ناتووانێت نەگبەتی بکات. بە پێچەوانەشەوە، ئەگەر حەز و چێژی لە ئەقڵی کەسێکدا سەر هەڵبدات ئەوا هەموو خوداکانی گەردوون ناتووانن لە ئێش ڕزگاری بکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕێک وەکو ئایینە یەکتاپەرستییەکان، ئایینەکانی یاسای سروشتی پێش مۆدێرنیش، بۆ نموونە بودیزم، قەت خۆیان لە پەرستنی خودا دەرباز ناکەن. بودیزم بە خەڵکی وتووە کە ئامانجی کۆتایی ڕزگاربوونی تەواوەتی لە ئێش بکەنە ئامانج نەک وێستگەکانی سەر ڕێگاکە کە بریتین لە کامەرانی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی. هەرچۆنێک بێت، ٩٩%ی بودیستەکان نەگەیشتوونەتە نێرڤانا و تەنانەت ئەگەر لە ئایندەیەکی نزیکدا هیوای ئەوەشیان خواستبێت، زۆربەی ژیانی هەنوکەییان بۆ سۆراخکردنی دەستکەوتە دنیاییەکان تەرخان کردووە. بۆیە بەردەوام بوون لە پەرستنی خودا جیاجیاکان، وەکو خواکانی هیندۆس لە هیندستان، خوداکانی بۆن لە تیبت، و خواکانی شینتۆ لە ژاپۆن.

سەرباری ئەمەش، لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، تایەفە بودییەکان کۆمەڵە بتی بودا و بوداسف-یان هێنایە کایەوە. ئەمانە مرۆڤ و نامرۆڤن کە توانای بەدەستهێنانی ڕزگاربوونی تەواویان لە ئێش هەیە بەڵام لە میهرەبانییانەوە بەم ڕزگاربوونەدا ڕەت دەبن، بۆئەوەی یارمەتی چەندەها

بوونەوەر بدەن کە هێشتا لە بازنەی نەگبەتیدا گیریان خواردووە. لەبری پەرستنی خواکان، زۆرێ لە بودیستەکان دەستیانکرد بە پەرستنی ئەم بوونەوەرە ڕۆشنبووەوانە، داوای یارمەتییان لێکردن نەک تەنیا لە گەیشتن بە نیرڤانا بەڵکو لە مامەڵەکردنیش لەگەڵ کێشە دنیاییەکان. لەمڕووەوە ئێمە گەلێک بودا و بوداسیف لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی ئاسیا بەدی دەکەین کە کاتی خۆیان بە باراندن، وەستاندنی ئافات و تەنانەت بردنەوەی جەنگە خوێناوییەکان بەسەر دەبەن- لەبەرانبەر نزاکاندا، گوڵی ڕەنگاوڕەنگ، بۆنی بوخورد و دیاریی برنج و نوقڵیان بۆ دادەنرێ.

پەرستنی مرۆڤ

زۆرجار ٣٠٠ ساڵی ڕابردوو وەکو سەردەمی عەلمانیەتی ڕووبەگەشە لەقەڵەم دراوە کە تیایدا ئایینەکان پەیتاپەیتا زیاتر گرنگیی خۆیان لەدەستداوە. ئەگەر ئێمە قسە لەسەر ئایینە باوەڕدارەکان بکەین، ئەمە بەشی هەرە زۆری ڕاستە. بەڵام ئەگەر ئایینەکانی یاسای سروشت لەبەرچاو بگرین، ئەوا مۆدێرنێتە سەردەمی جۆش و خرۆشێکی چڕی ئایینی، تەقەلای تەبشیریی بێ وێنە و خوێناویترین جەنگەکانی ئایینە لە مێژوودا. سەردەمی ئایین سەرهەڵدانی ژمارەیەک ئایینی یاسای سروشتی بەخۆوە بینیووە، وەکو لیبرالیزم، کۆمۆنیزم، کاپیتالیزم، ناسیۆنالیزم و نازیزم. ئەم بیروباوەڕانە حەز ناکەن بە ئایین ناودێر بکرێن و خۆیان بە ئایدۆلۆژیا ناو دەبەن. بەڵام ئەمە تەنیا پراوەیەکی مانایە. ئەگەر ئایین سیستەمێکی ڕێسا و بەها مرۆییەکان بێت کە لەسەر بنەمای باوەڕ بە سیستەمی سوپەرمرۆڤ بونیاد نراوە، ئەوا کۆمەنیزمی سۆڤیەت بە بەراورد بە ئیسلام لە ئایین کەمتر نییە.

هەڵبەت ئیسلام لە کۆمەنیزم جیاوازە، چونکە ئیسلام ئەو سیستەمەی سوپەرمرۆڤ کە حوکمی جیهان دەکات بە بەرجەستەبووی خودایەکی خالقی بەتوانا دەبینێت، لەکاتێکدا کە کۆمەنیزمی سۆڤێت باوەڕی بە خوداکان نەبوو. بەڵام بودیزمیش دانپیانانێکی لابەلای بە خوداکان هەیە و لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە بەشێوەیەکی ئاسایی وەکو ئایینێک لەقەڵەمی دەدەین. وەکو بودیستەکان، کۆمەنیستەکانیش بڕوایان بە سیستەمێکی سوپەرمرۆڤی یاسا سروشتییە بێ چەند وچونەکان هەیە کە ڕێنوێنی کردارەکانی مرۆڤ دەکەن. لەکاتێکدا کە بودییەکان بڕوایان وایە یاسای سروشت لەلایەن سیدارتا گۆتاما دۆزراوەتەوە، کۆمەنیستەکان پێیان وایە یاسای سروشت لەلایەن کارل مارکس، فرێدریک ئەنگڵس و ڤیلادیمێر ئلیچ لێنین دۆزراوەتەوە. هاوشێوەبوون لێرەدا کۆتایی نایەت. وەکو ئایینەکانی تر، کۆمەنیزمیش تێکستی پیرۆزی خۆی و کتێبی پیرۆزی خۆی هەیە، وەکو (سەرمایە)ی مارکس کە پێشگۆیی ئەوەی دەکرد مێژوو بەزوویی کۆتایی دێت و سەرکەوتنی حەتمی پرۆلیتاریای بەدواوە دەبێت. کۆمەنیزم ڕۆژانی پشوو و فێستیڤاڵی خۆی هەبوون، وەکو ١ی ئایار و سااوەگەڕی شۆڕشی ئۆکتۆبەر. ئایینناسیان هەبوو کە لە دیالێکتە مارکسییەکان شارەزا بوو و هەموو یەکەیەک لە سوپای سۆڤیەتدا پێش نوێژێکی هەبوو پێی دەوترا کۆمیسەر کە چاودێریی خواپەرستی سەربازان و ئەفسەرانی دەکرد. کۆمەنیزم شەهید، جەنگی پیرۆز و زەندەقەیان هەبوو، وەکو ترۆتسکیزم. کۆمەنیزمی سۆڤێت ئایینێکی تووندڕەو و تەبشیری بوو. کۆمەنیستێکی دڵسۆز نەدەکرا مەسیحی یان بودی بێت و چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرا پەیامی مارکس و لینین. بڵاو بکاتەوە ئەگەرچی بەهۆیەوە سەریشی لەسەر دابنێ.

لەوانەیە هەندێ لە خوێنەران هەست بە نائاسودەیی بکەن لەبەرانبەر ئەم شێوازەی بەڵگاندن. ئەگەر ئەمە وات لێدەکات هەست بەباشتربوون بکەیت، تۆ ئازادیت لەوەی بەردەوامبیت لە ناو هێنانی کۆمەنیزم بە ئایدۆلۆژیا نەک ئایین. هیچ جیاوازی نییە. ئێمە دەتوانین بیروباوەڕەکان بەسەر ئایینە خودایییەکان و ئایدۆلۆژیا بێ خوداکان کە پێیان وایە لەسەر یاسای سروشتی بونیادنراون، دابەش بکەین. بەڵام ئەو کاتە، دەبێ لانی کەم تایفە بودی، داوی و ڕواقییەکان وەکو ئایدۆلۆژیا خانەبەندی بکەین نەک ئایین. بەپێچەوانەوە، دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە باوەڕبوون بە خوداکان لەناو زۆرێک لە ئایدۆلۆژیا مۆدێرنەکاندا بوونی هەیە و ئەمەی کە هەندێکیان، لە هەمووشیان بەرچاوتر لیبرالیزم، بەبێ ئەم باوەڕە مانایەکی کەمی هەیە.

***

ئەستەم دەبێ تۆمارژمێری مێژووی هەموو بیروباوەڕە مۆدێرنەکان بکەیت، بەتایبەت لەبەرئەوەی کە سنووری ڕوون نین لەنێوانیاندا. ئەوانە لە یەکتاپەرستی و بودیزمی باو کەمتر ئاوێتە نین. وەکو چۆن بوودییەک دەتوانێت خوداوەندی هیندۆس بپەرستێت و وەکو چۆن یەکتاپەرستێک دەتوانێت باوەڕی بە هەبوونی شەیتان هەبێت، بەهەمان شێوە ئەمریکییەکی ئاسایی ئەمڕۆکە لەیەک کاتدا ناسیۆنالیستە (باوەڕی بە نەتەوەی ئەمریکی هەیە و باوەڕی بەوە هەیە کە ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە لە مێژوودا)، کاپیتالیستێکی بازاڕی ئازادە (باوەڕی وایە کە پێشبڕکێی کراوە و سۆراخکردنی بەرژەوەندیی خۆیی باشترین ڕێگان بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەی کامەران) و لیبراڵ هیومانیستە (باوەڕی وایە کە مرۆڤەکان لەلایەن خالقەکەیانەوە هەندێ مافی نکوڵی نەکراویان پێ بەخشراوە). ناسیۆنالیزم لە بەشی ١٨دا باس دەکرێت. کاپیتالیزم- کە

سەرکەوتووترینی ئایینە مۆدێرنەکانە- بەشێکی تەواوی بۆ تایبەت دەکرێت، واتە بەشی ١٦، کە سروت و باوەڕە بنچینەییەکانی ڕوون دەکاتەوە. لە لاپەڕەکانی دواتری ئەم بەشەدا باسی ئایینە مرۆڤدۆستییەکان دەکەم.

ئایینە باوەڕدارەکان تەرکیز دەکەنە سەر پەرستنی خوداکان. ئایینە هیومانیستییەکان مرۆڤایەتی دەپەرستن، یان دروستتر بڵێین، مرۆڤە هۆشمەندەکان دەپەرستن. هیومانیزم باوەڕی وایە کە مرۆڤە هۆشمەندەکان سروشتێکی ناوازە و پیرۆزیان هەیە کە لە بنەڕەتدا جیاوازە لە سروشتی هەموو گیانەوەرانی تر و هەموو دیاردەکانی تر. مرۆڤدۆستەکان بڕوایان وایە کە سروشتی ناوازەی مرۆڤی هۆشمەند گرنگترین شتە لە جیهاندا و مانای هەموو شتێک کە لە گەردووندا ڕووەدات، دیاری دەکات. چاکەی باڵا، چاکەی مرۆڤە هۆشمەندەکانە. بەشەکەی تری جیهان و هەموو بوونەوەرانی تر تەنیاوتەنیا لەبەر خاتری ئەم توخمە بوونیان هەیە.

هەموو هیومانیستەکان مرۆڤایەتی دەپەرستن، بەڵام لەسەر پێناسەکەی کۆک نین. هیومانیزم بەسەر سێ ڕێبازی ڕکابەردا دابەش بووە کە لەسەر پێناسەی کتومتی خودا ناکۆکن. ئەمڕۆکە، گرنگترین ڕێبازی هیومانیستی بریتییە لە لیبراڵ هیومانیزم کە بڕوای وایە "مرۆڤایەتی"، تایبەتمەندیی تاکە مرۆڤەکانە و لێرەوە ئازادیی تاکەکان پیرۆزە. بەپێی لێبراڵەکان، سروشتی پیرۆزی مرۆڤایەتی لەناو هەر تاکێک لە تاکەکانی مرۆڤە هۆشمەندەکاندایە. کرۆکی ناوەوەی تاکە مرۆڤەکان مانا بە جیهان دەبەخشێت و سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتی ئیتیکی و سیاسییە. ئەگەر ئێمە ڕووبەڕووی تەنگژەی ئیتیکی یان سیاسی بینەوە، ئەوا دەبێ بڕوانینە ناوەوەمان و گوێ بۆ ناوەوەمان

هەڵخەین- دەنگی مرۆڤایەتی. کۆڵەکە سەرەکییەکانی هیومانیزمی لیبراڵ بە نیازی پارێزگاریکردنە لە ئازادیی ئەم دەنگەی ناوەوە لەبەرانبەر دەستێوەردان یان زیانەکان. ئەم کۆڵەکانە بەتێکڕا بە(مافەکانی مرۆڤ) ناسراون.

هەرلەبەر ئەمەیە کە، بۆ نموونە لیبراڵەکان دژی ئەشکەنجە و سزای مەرگن. لە ئەوروپای مۆدێرنی زووەدا، باوەڕ وابوو کە بکوژان سیستەمی گەردوونی پێشێل و ناسەقامگیر دەکەن. بۆ هێنانەوەی گەردوون بۆ ناو هاوسەنگی، پێویستە تاوانکار ئەشکەنجە بدرێت و بە ئاشکرا لەسێدارە بدرێت بۆئەوەی هەمووان ببینن کە سیستەم بونیاد دەنرێتەوە. ئامادەبوون بۆ بینینی لەسێدارەدانە قێزەونەکان سەرگەرمییەکی دڵخواز بوون بۆ لەندەنی و پاریسییەکان لە سەردەمی شەکسپیر و مۆلێردا. لە ئەوروپای ئەمڕۆدا، کوشتن وەکو پێشێلکردنی سروشتی پیرۆزی مرۆڤایەتی دەبینرێت. بۆ گەڕاندنەوەی سیستەم، ئەوروپییەکانی ئەمڕۆکە تاوانکاران ئەشکەنجە و لە سێدارە نادەن. لەبری ئەمە، بەو شتەی کە پێی دەڵێن مرۆییانەترین شێوازی مومکین سزای بکوژ دەدەن، و لێرەوە پارێزگاری لە بونیادنانەوەی پیرۆزیی مرۆڤیش دەکەن. بە ڕێزگرتن لە سروشتی مرۆڤی بکوژ، هەمووان پیرۆزیی مرۆڤایەتیان دێتەوە بیر، سیستەمێک دەگەڕێنرێتەوە. بە بەرگریکردن لە بکوژ، ئێمە ئەو هەڵەیە ڕاست دەکەینەوە کە بکوژەکە کردوویەتی.

تەنانەت ئەگەرچی هیومانیزمی لیبراڵ پیرۆزیی دەبەخشێتە مرۆڤەکان، نکوڵی لە بوونی خودا ناکات و لە ڕاستیدا لەسەر بیروباوەڕە یەکتاپەرستییەکان بونیاد نراوە. باوەڕی لیبراڵی بە سروشتی ئازاد و پیرۆزی هەر یەک لە تاکەکان میراتی ڕاستەوخۆی باوەڕبوونی مەسیحیی نەریتییە بە ڕۆحە تاکەکەسییە ئازاد و ئەبەدییەکان. بەبێ هانابردن بۆ

ڕۆحە تاهەتاییەکان و خودایەکی خالق، بەشێوەیەکی شەرمەزارکەر قورس دەبێت بۆ لیبرالەکان تا ڕوونی بکەنەوە چ شتێک تایبەتە لەبارەی تاکەکانەوە.

ڕێبازێکی گرنگی تر بریتییە لە هیومانیزمی سۆسیالیست. سۆسیالیست باوەڕی وایە کە مرۆڤایەتی (بەکۆمەڵ)ە نەک (تاکەکەسی). ئەوان توخمی مرۆڤی هۆشمەند بە پیرۆز دادەنێن بەڵام نەک وەکو دەنگێکی ناوەکیی هەر تاکێک لە تاکەکان بەڵکو بەشێوەی هەمەکی. لەکاتێکدا کە هیومانیزمی لیبراڵ ئەوەندەی بۆی بکرێ سۆراخی ئازادی دەکات بۆ مرۆڤە تاکەکان، سۆسیالیست هیومانیزم سۆراخی یەکسانی دەکات لەنێوان هەموو مرۆڤەکاندا. بە گوێرەی سۆسیالیستەکان، نایەکسانی خراپترین کفرە لەدژی پیرۆزیی مرۆڤایەتی، چونکە ئیمتیاز دەداتە تایبەتمەندییە پەراوێزییەکانی مرۆڤەکان لەبەرانبەر جەوهەری گەردوونییاندا. بۆ نموونە، کاتێک دەوڵەمەند بەسەر هەژاردا ئیمتیازی پێدەدرێت، بەو مانایەیە کە ئێمە زیاتر لە جەوهەری گەردوونیی هەموو مرۆڤەکان بەها دەدەینە پارە، کە بۆ دەوڵەمەند و هەژار هەمان شتە.

وەکو هیومانیزمی لیبراڵ، هیومانیزمی سۆسیالیست لەسەر بنەما یەکتاپەرستییەکان بونیاد نراوە. ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت هەموو مرۆڤەکان یەکسانن، وێنەیەکی تازەکراوەی باوەڕی یەکتاپەرستییە کە دەڵێت هەموو گیانەکان لەبەردەم خوادا یەکسانن. تاکە ڕێبازی هیومانیستی کە بە ڕاستی لە یەکتاپەرستی نەریتی دابڕاوە بریتییە لە هیومانیزمی شۆڕشگێڕانە کە نوێنەرە هەرە سەرەکییەکەی بریتییە لە نازییەکان. ئەوەی کە نازییەکانی لە ڕێبازە هیومانیستییەکانی تر جیا دەکردەوە پێناسەیەکی جیاوازی (مرۆڤایەتی) بوو، پێناسەیەک کە بەقوڵی

کاریگەر بوو بە تیۆرەی پەرەگرتن. بە پێچەوانەی هیومانیستەکانی تر‌ەوە، نازییەکان بڕوایان وابوو کە مرۆڤایەتی شتێکی گەردوونی و ئەبەدی نییە، بەڵکو توخمێکی گۆڕاوە کە دەتوانێت بە گەشەی کاوەخۆدا تێپەڕێت یان بەرەو داڕووخان بچێت. مرۆڤ دەتوانێت پەرەبگرێت بەرەو بوون بە سوپەرمرۆڤ، یان دابڕمێت و ببێتە نیمچە مرۆڤ.

ئارەزووی گەورەی نازییەکان ئەوە بوو پارێزگاری لە مرۆڤایەتی بکەن بۆئەوەی نەکەوێتە دۆخی دارمانەوە و هانی پەرەگرتنی پێشکەوتنخوازانەی بدەن. هەربۆیە نازییەکان دەیانگوت دەبووایە نەژادی ئاری، کە پێشکەوتووترین فۆرمی مرۆڤایەتییە، پارێزگاری لێبکرێت و گەشەی پێبدرێت لەکاتێکدا کە جۆرە نزمەکانی مرۆڤەکان، وەکو جولەکە، قەرەج، هاوڕەگەزباز و دەروون نەخۆشەکان سنووربەند و تەنانەت قڕ بکرێن. نازییەکان ڕوونیان کردەوە کە مرۆڤی هۆشمەند خۆی ئەو کاتە دەرکەوت کە دانیشتووانێکی (باڵا)ی مرۆڤە دێرینەکان پەرەیان گرت، لەکاتێکدا کە دانیشتووانە (نزمەکان)ی وەکو نیاندەرتاڵەکان قڕیان تێکەوت. ئەم دانیشتووانە جیاجیایانە لە نەژادی جیاواز زیاتر نەبوون، بەڵام بەدرێژایی ڕێگاکانی پەرەگرتنیان سەربەخۆیانە گەشەیان کرد. دەشێ ئەمە جارێکی تر ڕووبداتەوە. بە گوێرەی نازییەکان، مرۆڤە هۆشمەندەکان هەنوکە بەسەر ژمارەیەک نەژادی جیاوازدا دابەش بوون، هەریەکەشیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە. یەکێک لەم نەژادانە، نەژادی ئاری، پاکترین تایبەتمەندی هەبوو- ئەقڵانیەت، جوانی، ڕاستگۆیی، شایستەیی. بۆیە نەژادی ئاری ئەوەی لەباردا بوو تا مرۆڤ بکاتە سوپەرمرۆڤ. نەژادەکانی تر، وەکو جولەکە و ڕەش پێست، نیاندەرتاڵەکانی ئەمڕۆن، خاوەنی تایبەتمەندییە نزمەکانن.

ئەگەر ئەوان ڕێگەیان بدرێت وەچە بخەنەوە و بەتایبەت لەگەڵ ئارییەکاندا هاوسەرگیری بکەن، ئەوا هەموو دانیشتووانی مرۆیی خەوشدار دەکەن و مرۆڤە هۆشمەندەکان بەرەو قڕبوون ئاراستە دەکەن.

بایۆلۆژیستەکان لەو وەختەوە تیۆرەی نەژادی نازییان گەلاڵە کردووە. بەشێوەیەکی دیاریکراو، توێژینەوەی جێنەتیکیی ئەنجامدراو لە ساڵی ١٩٤٥دا پیشانیداوە کە جیاوازییەکانی نێوان سیلسیلە مرۆییە جیاجیاکان زۆر بچوکترە لەوەی کە نازییەکان پیشانیان داوە. بەڵام ئەم ئەنجامگیرییانە تا ڕادەیەک نوێن. بەلەبەرچاوگرتنی حاڵەتی مەعریفەی زانستیی ١٩٣٣، باوەڕە نازییەکان سنوور دەبەزێنن. هەبوونی نەژادی مرۆیی جیاواز، باڵایی نەژادی سپی و پێویستیی پاراستن و پەرەپێدانی ئەم نەژادە باڵایە بەشێوەیەکی فراوان لە بیروباوەڕی زۆربەی دەستەبژێرانی خۆرئاواییدا هەبوو. لێکۆڵەرانی زۆرێک لە زانکۆ خۆرئاواییە بەرجەستەکان، بە بەکارهێنانی میتۆدی زانستیی ئەرتەدۆکسیی ئەمڕۆ، چەندەها توێژینەوەیان باڵاو کردەوە کە وا پیشانی دەدا ئەندامانی نەژادی سپی هۆشمەندترن، ئەخلاقیتر و شارەزاترن لە ئەفریقییەکان یان هیندییەکان. سیاسییەکان لە واشنتۆن، لەندەن، کانبێرا، بە بەڵگەنەویست پیشانیاندا کە کاری ئەمانە تا ڕێگر بن لە خەوش تێکەوتنی نەژادی سپی، بۆ نموونە لە ڕێگەی سنووردارکردنی کۆچکردن لە چین یان تەنانەت ئیتاڵیاوە بۆ وڵاتانی (ئاری)ی وەکو ئەمریکا و ئوسترالیا.

تەنیا لەبەرئەوەی توێژینەوەی زانستی نوێ باڵاو کرایەوە هەڵوێستەکان بە ئاسانی نەگۆڕان. بەرەوپێشچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ماکینەی زۆر بەهێزتر بوون لە گۆڕان. بەم مانایە، هێتلەر نەک تەنیا گۆڕی خۆی بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی گۆڕی

نەژادپەرستیشی هەڵکەند. کاتێک ئەو دووەم جەنگی جیهانی جارڕدا، دۆزمنانی ناچار کرد جیاوازیی ڕوون بکەن لەنێوان (ئێمە) و (ئەوان)دا. پاشان، بەشێوەیەکی دیاریکراو لەبەرئەوەی ئایدۆلۆژیای نازی زۆر نەژادپەرستانە بوو، نەژادپەرستی لە خۆرئاوا بەدناو کرا. بەڵام گۆڕان کاتی ویست. باڵادەستیی سپی پێست لە سیاسەتی ئەمریکادا لانی کەم تاوەکو ١٩٦٠کان وەکو ئادیۆلۆژیایەکی سەرەکی مایەوە. سیاسەتی سپی پێستی ئوسترالی کە کۆچکردنی خەڵکی ناسپی بۆ ئوسترالیا سنووردار کرد تاوەکو ١٩٧٣ زاڵ بوو. ئوسترالییە ڕەسەنەکان تاوەکو ١٩٦٠کان مافی سیاسی یەکسانیان وەرنەگرت و زۆربەیان دەنگدانیان لە هەڵبژاردندا لێ قەدەغە کرا، چونکە ئەوان بە کەم و کورت و لێرەوە نەگونجاو بۆ هاوڵاتیبوون لەقەڵەم دران.

نازییەکان ڕقیان لە مرۆڤایەتی نەبوو. ئەوان لەدژی هیومانیزمی لیبراڵ، مافەکانی مرۆڤ و کۆمەنیزم شەڕیان دەکرد کتومتیش لەبەرئەوەی ئەوان بە مرۆڤایەتی سەرسام بوون و باوەڕیان بە توانای مەزنی توخمی مرۆڤ هەبوو. بەڵام بە پەیڕەوکردنی لۆژیکی پەرەگرتنی داروینی، بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە دەبێ هەڵبژاردنی سروشتی ڕێگەی بدرێ بژاری تاکەکەسە کەموکورتەکان بکات و ڕێگە بدات تەنیا ئەوانەی ڕێکوپێکترینن زیندوو بمێننەوە و وەچە بخەنەوە. لە ڕێگەی یارمەتیدانی لاوازەکان، لیبرالیزم و کۆمەنیزم نەک تەنیا ڕێگەیاندا بە زیندوومانەوەی تاکە کەم و کورتەکان، بەڵکو لە ڕاستیدا دەرفەتیان پێدان تا وەچە بخەنەوە و لێرەوە بنکۆڵی هەڵبژاردنی سروشتی بکەن. لە جیهانێکی وەهادا، بێگومان ڕێکوپێکترین مرۆڤەکان بەشێوەیەکی حەتمی لە دەریایەکی مرۆڤە کەم و کورتە بێ خاسیەتەکاندا نقوم دەبن.

مرۆڤایەتی لەگەڵ تێپەڕینی هەر نەوەیەکدا کەمتر و کەمتر ڕێک و پێک دەبێ- کە ئەمەش دەبێتە هۆی قڕبوونی.

کتێبێکی بایۆلۆژی ئەڵمانیی ١٩٤٢ لە بەشی (یاساکانی سروشت و مرۆڤایەتی) ڕوونی دەکاتەوە کە یاسای باڵای سروشت ئەوەیە کە هەموو بوونەوەرەکان لە ململانێیەکی بێ وچان بۆ زیندوومانەوەدا گیریان خواردووە. پاش وەسفکردنی ئەمەی کە چۆن ڕووەکەکان ململانێ دەکەن بۆ خاک، چۆن سیسرکەکان لە ململانێدان بۆ دۆزینەوەی هاوکوف و هیتر، کتێبەکە دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە:

شەڕ بۆ هەبوون قورس و سەختگیرە، بەڵام تاکە ڕێگەیە بۆ بەرقەراربوونی ژیان. ئەم ململانێیە هەموو ئەو شتە بنبڕ دەکات کە بۆ ژیان نەگونجاوە و هەموو ئەو شتە هەڵدەبژێرێت کە دەتوانێ زیندوو بمێنێتەوە...ئەم یاسا سروشتییانە نکوڵی لێنەکراون. بوونەوەرە زیندووەکان ئەمانە لە ڕێگەی زیندوومانەوەیان پیشان دەدەن. ئەمانە سەرسەختن. ئەوانەی کە بەرەنگارییان دەکەن، بەر ڕامااڵین دەکەون. بایۆلۆژی نەک تەنیا گیانەوەر و ڕووەک بەڵکو بۆمان باسی ئەو یاسایانەش دەکات کە دەبێ لە ژیاندا پەیڕەوییان بکەین و ئیرادەمان بۆ ژیان و شەڕ بە گوێرەی ئەم یاسایانە تۆکمە دەکات. مانای ژیان بریتییە لە ململانێ. ئەو کەسەی کە لەدژی ئەم یاسایانە گوناە دەکات ئاگادار بکەرەوە.

ئینجا دێتە سەر وتەیەکی (خەباتی من)ی هیتلەر: (ئەو کەسەی هەوڵ دەدات لەدژی لۆژیکی ئاسنینی سروشت بجەنگێت لێرەوە لەدژی ئەو پەرەنسیپانە دەجەنگێت کە پێویستە سوپاسیان بکات بۆ ژیانی وەکو مرۆڤێک. شەڕکردن لەدژی سروشت واتە ڕەخساندنی وێرانکردنی ژیان(.

لە بەرەبەیانی هەزارەی سێیەمدا، ئایندەی ئەو هیومانیزمەی لە گەشەی کاوەخۆدایە ڕوون نییە. شەست ساڵ پاش کۆتایی جەنگ لەدژی هیتلەر، گرێدانەوەی هیومانیزم بە پەرەگرتن و پشتگیریی بەکارهێنانی میتۆدە بایۆلۆژییەکان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مرۆڤە هۆشمەندەکان تابو بوو. بەڵام ئەمڕۆکە ئەم جۆرە پڕۆژانە مۆدیان پەیدا کردووەتەوە. کەس باسی لەنێوبردنی نەژادە سوکەکان یان خەڵک نزمەکان ناکات، بەڵام زۆر کەس لە بەکارهێنانی مەعریفەی زیادبوومان لەمەڕ بایۆلۆژیای مرۆڤ بۆ دروستکردنی سوپەرمرۆڤەکان تێدەفکرێت.

لەهەمان کاتدا، کەلێنێکی گەورە لەنێوان بیروباوەڕی هیومانیزمی لیبراڵ و دواییین ئەنجامگیرییەکانی زانستەکانی ژیان دەکرێتەوە، کەلێنێک کە ناتووانین چیتر فەرامۆشی بکەین. سیستەمە سیاسی و داداوەرییە لیبراڵەکانمان لەسەر ئەو باوەڕە بونیاد نراون کە هەموو تاکێک سروشتێکی ناوەکی پیرۆزی هەیە، دابەش نابێت و کپ ناکرێت کە مانا بە جیهان دەبەخشێت و سەرچاوەی هەموو دەسەلاتێکی ئیتیکی و سیاسییە. ئەمە بەرجەستەبوونی باوەڕی مەسیحی نەریتییە لە ڕۆحێکی تاهەتایی و ئازاد دا کە لەناو هەر تاکێک لە تاکەکاندا هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدرێژایی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو، زانستەکانی ژیان بەتەواوەتی ئەم باوەڕەیان لاواز کردووە. ئەو زانستەی تاووتوێی کردارەکانی ناوەوەی ئۆرگانیزمی مرۆڤ دەکات، هیچ ڕۆحێکی لەوێدا نەدۆزیووەتەوە. ئەوان پەیتا پەیتا زیاتر بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە ڕەفتاری مرۆیی لەلایەن هۆرمۆنەکان، جینەکان و گەیەنەرە دەمارییەکان دیاری دەکرێت نەک ئیرادەی ئازاد- واتە هەمان ئەو هێزانەی کە ڕەفتاری شەمپانزییەکان، گورگەکان و مێرووەکان دیاری دەکەن. سیستەمە دادوەری و سیاسییەکانمان بەشێوەیەکی بەرچاو هەوڵ دەدەن ئەو دۆزینەوە

پرگرفتانه بخەنە ژێر بەڕەوە. بەڵام بە ڕاشکاوییەوە بیڵێین، تا چەندێک دەتووانین ئەو دیوارە بەرقەرار بکەین کە بەشەکانی بایۆلۆژی لە بەشەکانی یاسا و زانستی سیاسی جیا دەکاتەوە؟.

١٣

نهێنی سەرکەوتن

دواجار بازرگانی، ئیمپراتۆریەتەکان و ئایینە گەردوونییەکان تەقریبەن هەموو مرۆڤێکی هۆشمەندی سەر هەموو کیشوەرێکیان هێنایە ناو ئەو جیهانەی ئێمە ئەمڕۆکە تیایدا دەژین. مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئەم پرۆسەیەی فراوانبوون و یەکبوون ڕاستەهێڵی بوو یان پچڕانی تیا نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر بڕوانینە وێنە گەورەکە، لەوانەیە گواستنەوە لە زۆر کەلتووری بچوکەوە بۆ چەند کەلتوورێکی گەورە و دواجار بۆ تاکە کۆمەڵگەیەکی جیهانی، ئەنجامێکی حەتمی داینامیکیەتی میژووی مرۆڤ بووبێت.

بەڵام ئەمەی کە بڵێین کۆمەڵگەی جیهانی، حەتمییە، ڕێک بەو مانایە نییە کە بڵێین دەبووایە کۆتا ئەنجام جۆرێکی دیاریکراوی ئەو کۆمەڵگە جیهانیە بێت کە ئێستا هەمانە. ئێمە بە دڵنیاییەوە دەتووانین وێنای دەرەنجامەکانی تر بکەین. بۆچی ئەمڕۆکە ئینگلیزی زۆر بەربڵاوە، بەڵام دانیمارکی نا؟ بۆچی نزیکەی دوو ملیارد مەسیحی و ١,٢٥ ملیارد موسڵمان هەن، بەڵام تەنیا ١٥٠،٠٠٠ زەردەشتی و مانی هەن؟ ئەگەر ئێمە بتووانین لە سۆنگەی کاتەوە بگەڕێینەوە دواوە، بۆ ١٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر و

جارێکی تر، کات لەدوای کات جوڵە بخەینەوە بەر پرۆسەکە، ئایا هەمیشە دەتووانین سەرهەڵدانی یەکتاپەرستی و ئاوابوونی دوانەگەرایی ببینین؟.

ئێمە ناتووانین تاقیکردنەوەیەکی وەها بکەین، بۆیە بە ڕاستی نازانین. بەڵام پشکنینی دوو تایبەتمەندیی چارەنووسسازی مێژوو دەتوانێت هەندێ سەرەداومان بداتێ.

١- بەهەڵەداچوونی تێگەیشتن

هەموو خاڵێک لە مێژوودا یەکتبڕێکە. تاکە ڕێگەیەکی تەی کراو ڕابردوو دەگەیەنێتە ئێستا، بەڵام چەندەها ڕێچکە بەرەو ئایندە ڕێ دەکەن. هەندێ لەم ڕێچکانە فراوانترن، نەرمتر و باشتر نیشانەکراون و لێرەوە ئەگەری هەیە بگیرێنە بەر، بەڵام هەندێ جار مێژوو- یان ئەو کەسانەی مێژوو دروست دەکەن- ئاراستەی پێشبینی نەکراو دەگرێتەبەر.

لە سەرەتای سەدەی چوارەمی زایینداا، ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی ڕووبەڕووی ئاسۆیەکی فراوانی ئەگەرە دینییەکان بووەوە. دوور نەبوو لە فرەخواگەرایی نەریتی و هەمەڕەنگدا گیر بخوات. بەڵام لەوانەبوو ئیمپراتۆرەکەی، واتە قوستەنتین، بە ئاوڕدانەوە لە سەدەی پارچەپارچەبووی جەنگی ناوخۆ، بیری لەوە بکردایەتەوە کە تاکە ئایینێک بە ڕێبازێکی ڕوونەوە دەتووانێ یارمەتیدەر بێت بۆ یەکخستنی قەڵەمڕەوە لەڕووی ئەخلاقییەوە هەمەڕەنگەکەی. ئەو دەیتووانی چەند بیروباوەڕێکی هاوچەرخ هەڵبژێرێت بۆئەوەی ببێتە ئایینە نەتەوەییەکەی- مانیزم، مترایییزم، بیروباوەڕی ئیزیز یان سیبێل، زەردەشتیزم، یەهودیەت و تەنانەت بودیزم، هەموو ئەمانە بژاردەی بەردەست بوون. بۆچی عیسای

هەڵبژارد؟ ئایا شتێک هەبوو لە تیۆلۆژیای مەسیحیدا کە بەشێوەیەکی کەسی بەلایەوە سەرنجڕاکێش بوو، یان بڵێین لایەنێکی دینەکە کە وایلێدەکرد پێی وابێت ئاسانترە بۆ ئامانجەکانی؟ ئایا ئەزموونی دینی هەبوو، یان هەندێ لە ڕاوێژکارەکانی پێشنیاری ئەوەیان کرد کە مەسیحییەکان بەشێوەیەکی خێرا شوێنکەتوو پەیدا دەکەن و وا باشترە خۆیان هەڵدەنە ناو ئەو واگۆنەوە؟ مێژوونووسەکان دەتوانن پێشگۆیی بکەن، بەڵام ناتوانن وەڵامێکی یەکلاییکەرەوە بخەنەڕوو. ئەوان دەتوانن وەسفی ئەوە بکەن کە بۆچی ئەم ئەگەرە دیاریکراوە پەی پێبراوە.

جیاوازی چییە لەنێوان وەسفکردنی (چۆن) و ڕوونکردنەوەی (بۆچی)دا؟ وەسفکردنی (چۆن) واتە هێنانەوەبەرچاوی ڕووداوگەلێکی دیاریکراو کە لە خاڵێکەوە گەیشتووەتە خاڵێکی تر. ڕوونکردنەوەی (بۆچی) واتە دۆزینەوەی پەیوەندییە هۆکارییەکانی پەیوەست بە ڕووداوی ئەم زنجیرە ڕووداوە دیاریکراوە لەگەڵ ئاوارتنی هەموو ڕووداوەکانی تر.

لە ڕاستیدا هەندێ لە لێکۆڵەران ڕوونکردنەوەی حەتمی خوازانەی ڕووداوەکان دەخەنەڕوو، وەکو سەرهەڵدانی مەسیحییەت. ئەوان هەوڵدەدەن مێژووی مرۆڤ کەم بکەنەوە بۆ کرداری بایۆلۆژییەکان، ئیکۆلۆژییەکان یان هێزە ئابووریییەکان. ئەوان بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە شتێک لەبارەی جیۆگرافی، جینەتیک یان ئابووریی مێدیتەرانەی ڕۆمانی هەبووە کە سەرهەڵدانی ئایینی یەکتاپەرستی کردووەتە شتێکی حەتمی. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆربەی مێژوونووسان بەگومان دەبن لەبارەی ئەم تیۆرە حەتمیخوازانەوە. ئەمە یەکێکە لە نیشانە جیاکەرەوەکانی مێژوو وەکو ڕشتەیەکی ئەکادیمی- چەندەی ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراو باشتر بناسیت، ئەوەندە ڕوونکردنەوەی ئەمەی کە بۆچی شتەکان بەشێوازێک لە شێوازەکان ڕوویانداوە قورستر دەبێت. ئەوانەی

که تەنیا مەعریفەیەکی ڕووکەشیان هەیە لەبارەی ماوەیەکی دیاریکراوەوە، تەنیا تەرکیز دەخەنە سەر ئەو ئەگەرەی کە بۆ دواجار پەی پێببراوە. ئەوان چیرۆکێکی ڕێکخراو بۆ ڕوونکردنەوەیەکی بۆچوون ئامێز دەخەنەڕوو لەبارەی ئەمەی کە بۆچی ئەو دەرەنجامە حەتمی بوو. ئەو کەسانەی کە زانیاریی قوواڵتریان هەیە لەبارەی ماوەکەوە زانیاریی قوواڵتریان هەیە، باشتر بەئاگان لەو ڕێگایانەی نەگیراونەتەبەر.

لە ڕاستیدا، ئەو کەسانەی زانیاریی باشتریان لەبارەی ماوەکەوە هەبوو- ئەوانەی کە لەو سەروەختەدا زیندوو بوون- لە هەمووان زیاتر بێ ئاگا بوون. بەڵای تێکڕای هەر ڕۆمانییەکەوە لە سەردەمی قوستەنتینییەدا، ئایندە تەمومژاوی بوو. ئەوە ڕێسایەکی ئاسنینی مێژووە کە ئەو شتەی بە تەماشاکردن حەتمی دیارە، لەو سەروەختەدا زۆر تەماوی بووە. ئەمرۆکەش جیاواز نییە. ئایا ئێمە لە دەرەوەی قەیرانی ئابووریداین، یان خراپتریش بەڕێوەیە؟ ئایا چین بەردەوام دەبێت لەگەشەکردن تا ئەو کاتەی دەبێتە زلهێزی پێشەنگ؟ ئایا ئەمریکا هەژمونی خۆی لەدەست دەدات؟ ئایا هەڵکشانی فەندەمێنتالیزمی یەکتاپەرستی، شەپۆلی ئایندەیە یان گێژەڵوکەیەکی کەم بایەخە؟ ئایا ئێمە بەرەو کارەساتی ژینگەیی یان بەهەشتی تەکنۆلۆژیا هەنگاو دەنێین؟ بەڵگاندنی باش هەن بۆ هەموو ئەم دەرەنجامانە بخرێنە ڕوو، بەڵام ئەستەمە بە دڵنیاییەوە بزانیت. لەماوەی چەند دەیەیەکدا، خەڵکی ئاوڕ دەدەنەوە و پێیان وادەبێ کە وەڵامەکانی هەموو ئەم پرسیارانە ڕوون بوون.

بەشێوەیەکی دیاریکراو گرنگە پەنجە بخەینە سەر ئەو ڕاستییەی کە، ئەو ئەگەرانەی بەڵای هاوچەرخەکانەوە ئەستەم دیارن زۆرجار پەییان

پێ دەبرێت. کاتێک قوستەنتین لەساڵی ٣٠٦دا تاجی خستە سەر، مەسیحییەت شتێک لە تایەفەیەکی لاتەریکی خۆرهەڵاتی زیاتر بوو. ئەگەر ئەو وەختە پێشنیاری ئەوەت بکردایە کە خەریکە دەبێتە ئایینێکی دەوڵەتی ڕۆم، ئەوا لە ژووورەکەدا بە دەنگی بەرز پێت پێدەکەنین ڕێک بەو شێوەیەی کە ئەمڕۆکە بڵێیت بە هاتنی ساڵی ٢٠٥٠ (هاری کریشنا) دەبێتە ئایینی دەوڵەتی ئەمریکا. لە ئۆکتۆبەری ١٩١٣دا، بەلشەڤیکەکان پێرۆگی ڕادیکاڵی ڕووسی بچوک بوون. هیچ کەسێکی مەعقول پێشبینی ئەوەی نەدەکرد تەنیا لەماوەی چوار ساڵدا بەسەر وڵاتەکەدا زاڵ دەبن. لە ٦٠٠ی زایینداا، بیرۆکەی ئەمەی کە باندێکی عەرەبی بیابانننشین بەزوویی پانتاییەکی درێژبووەوە لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە بۆ هیندستان داگیر دەکەن تەنانەت زۆر نابەجێ بوو. لە ڕاستیدا، ئەگەر سوپای بیزەنتی بیتوانیایە بەرپەرچی هێرشە سەرەتاییەکە بداتەوە، لەوانەبوو ئیسلام هەر وەکو بیروباوەڕێکی تەماوی بمایەتەوە و تەنیا چەند کەسێکی خاوەن زانیاری لێی بەئاگا بوونایە. ئەو کاتە لێکۆڵەران کارێکی ئاسانیان دەبوو لە ڕوونکردنەوەی ئەمەی کە بۆچی دینێکی بونیادنراو لەسەر سروشی هاتوو بۆ بازرگانێکی تەمەن ناوەندی مەککەیی هەرگیز بڕەوی نەسەند.

مەسەلەکە ئەوە نییە کە هەموو شتێک مومکینە. هێزە جیۆگرافی، ئابووری و بایۆلۆژییەکان تەگەرە دروست دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تەگەرانە بوارێکی فراوان بۆ بەرەوپێشچوونە سەرسوڕهێنەکان دەڕەخسێنن، کە پێناچێ هیچ یاسایەکی حەتمی خوازانە جڵەوی بکەن.

ئەم ئەنجامگیرییە خەڵکێکی زۆر نائومێد دەکات کە پێیان باشترە مێژوو حەتمی بێت. حەتمیەت زۆر سەرنجڕاکێشە چونکە گوزارشت لەوە دەکات کە جیهانی ئێمە و باوەڕەکانمان بەرهەمی سروشتی و حەتمی

مێژووە. شتێکی سروشتی و حەتمییە کە ئێمە لە دەوڵەتە نەتەوەییەکاندا دەژین، لەسەر بنەما سەرمایەدارییەکان ئابووریمان ڕێکدەخەین و بەگوڕ و تینەوە باوەڕمان بە مافەکانی مرۆڤ هەیە. داننان بەوەی کە مێژوو حەتمی خوازانە نییە، داننانە بەوەی تەنیا ڕێککەوتێکە کە زۆربەی خەڵکی لەمڕۆدا باوەڕیان بە ناسیۆنالیزم، کەپیتالیزم و مافەکانی مرۆڤ هەیە.

مێژوو ناتووانێ بەشێوەی حەتمیگەرایانە ڕوون بکرێتەوە و ناکرێ پێشبینی بکرێ چونکە پشێوییە. هێزگەلێکی زۆر لە کایەکەدان و کارلێکەکانیان ئەوەندە ئاڵۆزە کە گۆڕانی تەواو بچوک لە توانای هێزەکان و شێوازی کارلێککردنیاندا، جیاوازیی گەورە لە دەرەنجامەکاندا بەرهەم دەهێنن. نەک تەنیا ئەمەش، بەڵکو مێژوو ئەو شتەیە کە پێی دەوترێت سیستەمی پەشێویی (ئاستی دوو). سیستەمە پەشێوییەکان بە دوو شێوەن. پەشێویی ئاستی یەک ئەو پەشێوییەیە کە پەرچەکرداری بۆ ئەو پێشبینییانە نییە کە بۆی دەکرێن. بۆ نموونە، کەش و هەوا، سیستەمێکی پەشێویی ئاستی یەکە. بیرکردنەوە چەندەها فاکتەر کاری تێدەکەن، ئێمە دەتووانین ئەو مۆدێلانەی کۆمپیوتەر بونیاد بنێین کە ژمارەیەکی زۆر و زۆرتری کۆمپیوتەر بگرێتەخۆی و پێشبینی کەش و هەوای باش و باشتر بەرهەم بهێنین.

ئاستی دووەمی پەشێوی، ئەو پەشێوییەیە کە پەرچەکرداری بۆ پێشبینییەکانی هەیە و بۆیە قەت ناکرێ بە کتومتی پێشبینی بکرێت. بۆ نموونە، باوەڕەکان سیستەمی پەشێویی ئاستی دوون. چی ڕوودەدات ئەگەر ئێمە پرۆگرامێکی کۆمپیوتەر گەلاڵە بکەین کە بە ڕێژەی ١٠٠% نرخی نەوتی سبەینێ پێشبینی دەکات؟ نرخی نەوت دەستبەجێ پەرچەکرداری بۆ پێشبینییەکە دەبێت کە سەرەنجام ناتووانێ بەدی

بێت. ئەگەر نرخی هەنوکەیی نەوت ٩٠ دۆلار بێت بۆ هەر بەرمیلێک و پرۆگرامە کۆمپیوتەرییە دروستەکە پێشبینی ئەوە بکات کە سبەی ١٠٠ دۆلار دەبێت، ئەوا بازرگانان بەپەلە پەل دەست دەکەن بە کڕینی نەوت بۆئەوەی بتووانن قازانجێک لە نرخی بەرزبووەوەی پێشبینیکراو بچننەوە. سەرەنجام، نرخەکە لەمڕۆدا بەرز دەبێتەوە بۆ ١٠٠ دۆلار نەک سبەینێ. ئینجا سبەی چی ڕووەدات؟ کەس نازانێت.

سیاسەتیش سیستەمی پەشێویی ئاست دووە. زۆر کەس ڕەخنە لە سۆفیەت ناسەکان دەگرێت لەبەرانبەر نەتوانینی پێشبینیکردنی شۆڕشەکانی ١٩٨٩ و شارەزایانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەرکۆنە دەکەن لەبەرانبەر پێشبینی نەکردنی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیی ٢٠١١. ئەمە دادپەروەرانە نییە. هەر بە پێناسەش، شۆڕشەکان پێشبینیکراو نین. شۆڕشێکی پێشبینیکراو قەت سەرهەڵنادات.

بۆچی نا؟ وێنای ئەوە بکە کە ساڵی ٢٠١٠یە و هەندێ لە زانایانی سیاسی بلیمەت کە لەگەڵ بلیمەتێکی کۆمپیوتەردا دەست لەناو دەستن ئالیگۆریتمێکی ڕاست و دروستیان گەڵاڵە کردووە کە، خراوەتە ناو پرۆگرامێکی سەرنجڕاکێشەوە دەشێ وەکو پێشبینیکەرێکی شۆڕش بازاڕبڕەوی بۆ بکرێت. ئەوان خزمەتگوزارییەکەی خۆیان دەخەنە بەردەم سەرۆک حوسنی موبارەکی میسر و لەبەرانبەر پارەیەکی چەوردا، بە موبارەک دەڵێن، بەگوێرەی پێشبینییەکانیان، لە ساڵی دواتردا بە دڵنیاییەوە شۆڕشێک لە میسر سەرهەڵدەدات. کاردانەوەی موبارەک چۆن دەبێت؟ بە زۆرترین ئەگەر، ئەو دەستبەجێ باجەکان کەم دەکاتەوە، ملیاردەها دۆلار بەشێوەی هاوکاری دەداتە هاوڵاتیان- و بەهەمان شێوە، وەکو وریاییەک، هێزی پۆلیسی نهێنی بەهێز دەکات. ڕیوشوێنە وریاییەکان کاریگەر دەبن. ساڵەکە دێت و دەڕوا، و ئەی لەوە،

شۆرش ڕووینەدا. موبارەک داوای پارەکەی دەکاتەوە. ئەو هاوار دەکات بەسەر زاناکاندا و دەڵێت (ئالیگۆرتیمەکەتان بێ نرخە!) (دواجار دەمتووانی کۆشکێکی تر دروست بکەم لەبری ئەوەی ئەو هەموو پارەیە تەخشان و پەخشان بکەم!) زاناکان داکۆکی لەخۆیان دەکەن و دەڵێن: (بەڵام هۆکاری ئەمەی شۆرش ڕووینەدا ئەوە بوو کە ئێمە پێشبینیمان کرد). موبارەک لەکاتێکدا کە دەیەوێ بەڵگاندنەکەی خۆی بۆ دەمکوتکردنیان بەهێز بکات دەڵێت (ئەو پێغەمبەرانەی پێشبینی بۆ شتانێک دەکەن کە ڕوونادەن؟ من دەمتووانی دە دوانزەیەکی وەها لە بازاڕی قاهیرە هەڵگرم و دینارێکیش نەدەم).

کەوایە بۆچی تاووتوێی مێژوو بکرێت؟ بەپێچەوانەی فیزیا یان ئابووریيەوە، مێژوو ئامرازێک نییە بۆ ئەنجامدانی پێشبینیی دەقاودەق. ئێمە تاووتوێی مێژوو دەکەین نەک بۆ زانینی ئایندە بەڵکو بۆ فراوانکردنی ئاسۆکانمان، بۆ تێگەیشتن لەوەی بارودۆخی ئێستامان نە سروشتییە و نە حەتمییە، و ئەمەی کە ئێمە سەرەنجام زۆر ئەگەری زیاترمان لەوەی وێنای دەکەین لەبەردەمدایە. بۆ نموونە تاووتوێکردنی ئەمەی کە چۆن بااڵدەستبوونی ئەورووپییەکان بەسەر ئەفریقییەکاندا توانای پێداین درک بەوە بکەین کە هیچ شتێکی سروشتی یان حەتمی نییە لەبارەی هەڕەمی نەژادییەوە و ئەمەی کە دەشێ جیهان بەشێوازێکی تەواو جیاواز ڕێک بخرێت.

٢- کلیۆی کوێر

ئێمە ناتووانین ئەو بژاردانە ڕوون بکەینەوە کە مێژوو دەیخاتە بەردەممان، بەڵام دەتووانین .شتێکی زۆر گرنگی لەبارەوە بڵێین: بڕیارەکانی مێژوو لە بەرژەوەندیی مرۆڤەکان نادرێن. بەدڵنیاییەوە

بەڵگەیەک نییە پیشانی بدات گوزەرانی مرۆڤ بەشێوەیەکی حەتمی باش ببێت لەکاتێکدا کە مێژوو بەرەوپێش دەچێ. بەڵگەیەک نییە لەمەڕ ئەوەی ئەو کەلتوورانەی بەکەڵکن بۆ مرۆڤەکان بەشێوەیەکی بێ چەندوچون سەرکەوتوو بن و بڵاو ببنەوە، لەکاتێکدا کە کەلتووری کەمتر بەکەڵکەکان بزر ببن. بەڵگەیەک نییە لەمەڕ ئەوەی کە مەسیحییەت بەکەڵکتر بووبێت لە مانیزم، یان ئەمەی کە ئیمپراتۆریەتی عەرەب بەکەڵکتر بووبێت لەوەی ساسانییەکان یان فارسەکان.

بەڵگەیەک نییە لەمەڕ ئەوەی کە مێژوو لە بەرژەوەندی مرۆڤەکان کار بکات، چونکە ئێمە تەرازوویەکی بابەتیمان نییە کە بەهۆیەوە کەڵکێکی وەها پێوانە بکەین. کەلتووری جیاجیاکان بەشێوەیەکی جیاواز پێناسەی کەڵک دەکەن و ئێمە قایشمەترێکمان بەدەستەوە نییە بەهۆیەوە حوکمیان بەسەردا بدەین. بێگومان سەرکەوتووان هەمیشە بڕوایان وایە کە پێناسەکەی ئەوان ڕاستترە. بەڵام بۆچی دەبێت ئێمە باوەڕ بە سەرکەوتووان بکەین؟ مەسیحییەکان بڕوایان وایە کە سەرکەوتنی مەسیحییەت بەسەر مانیزمدا کەڵکی بۆ مرۆڤایەتی هەبوو، بەڵام ئەگەر ئێمە جیهانبینی جیهانی مەسیحی قبوڵ نەکەین ئەوا هۆکارێک نییە بۆ کۆک بوون لەگەڵیاندا. موسڵمانان بڕوایان وایە کەوتنی ئیمپراتۆریەتی ساسانی بەدەستی موسڵمانان کەڵکی بۆ مرۆڤایەتی هەبوو. بەڵام ئەم کەڵکانە ئەو کاتە حاشاهەڵنەگرن کە ئێمە جیهانبینی موسڵمان قبوڵ بکەین. لەوانەیە ڕاست بێ کە ئێمە حاڵمان باشتر بووایە ئەگەر مەسیحییەت و ئیسلام بیر چوانایەتەوە یان شکستیان پێ بهێنرایە.

ژمارەیەکی زیاتر و زیاتر لە لێکۆڵەران کەلتووریەکان بە جۆرێک لە ئاوسان یان مشەخۆری ئەقڵی دەبینن، کە مرۆڤەکان خانەخوێ بێ

ئاگاکەن. مشەخۆرە ئۆرگانییەکان، وەکو ڤایرۆسەکان، لەناو جەستەی خانەخوێکانیاندا دەژین. ئەوانە چەند جارە زیاد دەکەن و لە خانەخوێکەوە بۆ خانەخوێیەکی تر بڵاو دەبنەوە، لەسەر خانەخوێکان دەلەوەڕین، لاوازیان دەکەن و هەندێ جار تەنانەت دەیانکوژن. تا ئەو جێیەی کە خانەخوێکان ئەوەندە زۆر دەژین کە مشەخۆرەکە بگوازنەوە، مشەخۆرەکە باکی بە هەلومەرجی خانەخوێکەی نییە. هەر بەمشێوەیە، بیرۆکە کەلتوورییەکان لەناو ئەقڵەکانی مرۆڤەکاندا دەژین. ئەوانە چەندجارە دەبن و لە خانەخوێکەوە بۆ خانەخوێیەکی تر بڵاو دەبنەوە، ناوبەناو خانەخوێکان لاواز دەکەن و هەندێجار تەنانەت دەیانکوژن. بیرۆکەیەکی کەلتووری- وەکو باوەڕبوون بە بەهەشتی مەسیح لە سەروو هەورەکان یان بەهەشتی کۆمەنیستی لەسەر زەوی- دەتوانێت مرۆڤێک ناچار بکات ژیانی خۆی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو ئایدیایە تەرخان بکات ئەگەرچی باجەکەی مردنی خۆیشی بێت. بەپێی ئەم بۆچوونە، کەلتووەکان گەلەکۆمەکێ نین لەلایەن هەندێ کەسەوە ئامادەکرابن بۆئەوەی ئەوانیتر بەکار ببەن (بەو شێوەیەی کە مارکسیستەکان بیری لێ دەکەنەوە). بەڵکو، کەلتووەکان مشەخۆری ئەقڵین کە بەشێوەی رێکەوت سەرهەڵدەدەن و لێرەوە هەموو ئەو خەڵکەی تووشی دەکەن، بەکار دەبەن.

ئەم بۆچوونە هەندێ جار پێی دەوترێت مێمێتیکس (زانستی پەرەگرتنی ڕۆشنبیری). ئەمە وای بۆ دەچێت کە، وەکو چۆن پەرەگرتنی ئۆرگانی لەسەر بنەمای لەبەرگرتنەوەی یەکە زانیارییە ئۆرگانییەکانە پێی دەوترێت (جینەکان)، بەهەمان شێوە پەرەگرتنی کەلتووری لەسەر بنەمای لەبەرگرتنەوەی یەکە زانیارییە کەلتوورییەکانە پێیان دەوترێت (مێمس). کولتووەرە سەرکەوتووەکان ئەوانەن کە

لێهاتوون لە بەرهەمهێنانەوەی مێمەکانیان، بەدەر لە مەسەلەی تێچوون و کەڵکەکانی خانەخوێ مرۆڤەکانیان.

زۆربەی لێکۆڵەرانی زانستە مرۆییەکان مێمێتیکس ڕیسوا دەکەن و وەکو هەوڵێکی هەرزە دەیبینن بۆ ڕوونکردنەوەی پرۆسە کەلتوورییەکان لە ڕێگەی پێکچووواندنە بایۆلۆژییە کرچ و کاڵەکان. بەڵام زۆرێک لەم لێکۆڵەرانە باوەڕیان بە جمکەکەی مێمێتیکس هەیە- پۆست مۆدێرنیزم. بیرمەندانی پۆست مۆدێرنیزم لەبارەی گوتارەکان دەدوێن نەک مێمەکان وەکو خشتی بونیادنەری کەلتوور. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانیش کەلتووورەکان وەها دەبینن کە بەبێ کەمترین لەبەرچاوگرتنی چاکەی مرۆڤایەتی بڕەو بەخۆیان دەدەن. بۆ نموونە، بیرمەندانی پۆست مۆدێرنیست، ناسیۆنالیزم وەکو بەڵایەکی کوشندە وەسف دەکەن کە بە درێژایی سەدەکانی نۆزدە و بیست لە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بووەوە و جەنگەکان، سەرکوتگەری، ڕق و جینۆسایدی لێکەوتەوە. ئەو ساتەی خەڵکی لە وڵاتێکدا تووشی بوون، ئەگەری هەبوو ئەوانەی وڵاتی دراوسێش تووشی ڤایرۆسەکە بن. ڤایرۆسی ناسیۆنالیستی خۆی وەکو کەڵک بەخشێک بۆ مرۆڤەکان نووواند، ئەگەرچی بەشێوەیەکی سەرەکی تەنیا بۆ خودی خۆی سوودبەخش بوو.

هەمان ئەو بەڵگاندنانە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا باون، لەژێر چەتری تیۆرەی گەمەدا. تیۆرەی گەمە ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن لە سیستەمەکانی فرە یاریکەردا، ئەو ڕێسایانەی دید و ڕەفتار کە زیان بە هەموو یاریکەرەکان دەگەیەنن لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگ دادەکوتن و بڵاو دەبنەوە. کیبڕکێی چەک نموونەیەکی ناسراوە. زۆرێک لە کێبڕکێکانی چەک هەموو ئەوانە مایەپوچ دەکەن کە تیایدا بەشداری دەکەن، بەبێ ئەوەی بە ڕاستی بااڵنسی هێز بگۆڕن. کاتێک پاکستان فڕۆکەی

پێشکەوتوو دەکرێت، هیندستان بەهەمان شێوە پەرچەکرداری دەبێت. کاتێک هیندستان بۆمبی ناوکی بەرهەم دێنێت، پاکستانیش هەمان ڕێگە دەگرێتە بەر. کاتێک پاکستان هێزی دەریایی خۆی فراوان دەکات، هیندستانیش وا دەکات. لەوانەیە لە کۆتایی پرۆسەکەدا، باڵانسی هێز تا ڕادەیەکی زۆر وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ملیاردەها دۆلار کە دەکرا لە پەروەردە یان تەندروستیدا سەرمایەگوزاری بکرێت، لە چەک خەرج دەکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دایناميکی کێبڕکێی چەک بەرەنگاریکردنی قورسە. (کێبڕکێی چەک) ڕێسایەکی ڕەفتارییە کە وەکو ڤایرۆسێک خۆی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بڵاو دەکاتەوە، زیان بەهەمووان دەگەیەنێ بەڵام لە ژێر پێوەری شۆڕشگێڕانەی زیندوومانەوە و بەرهەمهێنانەوەدا کەڵک بە خۆی دەگەیەنێت. (بیرت نەچێ کە کێبڕکێی چەک، وەکو بۆهێڵ، ئاگایی نییە- بەشێوەیەکی ئاگایانە سۆراخی زیندوومانەوە و بەرهەمهێنانەوە ناکات. بڵاو بوونەوەکەی، ئەنجامێکی نیاز نەکراوی دایناميکێکی بەهێزە).

گرنگ نییە تۆ چۆن ناوی دەنێیت- تیۆرەی گەمە، پۆست مۆدێرنیزم یان مێمێتیکس- دایناميکەکانی مێژوو بەرەو پەرەدان بە باشبوونی مرۆڤ ئاراستە ناکرێن. بنەمایەک نییە بۆئەوەی پێمان وابێت مەرجە سەرکەوتووترین کەلتوورەکان لە مێژوودا باشترین بن بۆ مرۆڤە هۆشمەندەکان. وەکو پەرەگرتن، مێژوو گوێ بە خۆشبەختی تاکە تاکی ئۆرگانیزمەکان نادات. زۆرجار تاکەتاکی مرۆڤەکانیش، لەلایەن خۆیانەوە، زۆر نەزانتر و لاوازترن لەوەی کاریگەری بخەنە سەر ڕەوگەی مێژوو لە بەرژەوەندی خۆیان.

مێژوو لە یەکتربڕێکەوە بەرەو یەکتربڕێکی تر بەرەوپێش دەچێ، لەبەر هۆکارێکی ڕازئامێز یەکەم جار ئەم ڕێچکەیە و پاشان ئەوەیتریان

هەڵدەبژێرێت. لە دەوروبەری ١٥٠٠ی زایینداا، مێژوو چارەنووسسازترین هەڵبژاردنی خۆی ئەنجامدا، کە نەک هەر چارەنووسی مرۆڤایەتی، بەڵکو دەشێ چارەنووسی هەموو ژیانی لەسەر زەوی گۆڕیبێت. ئێمە پێی دەڵێین شۆڕشی زانستی. ئەم شۆڕشە لە خۆرئاوای ئەوروپا، نیمچەدوورگەیەکی فراوان لەلای خۆرئاوای ئەفرۆ-ئاسیا دەستیپێکرد کە تا ئەو کاتە ڕۆڵێکی گرنگی لە مێژوودا نەدەگێڕا. بۆچی لە چاو هەموو شوێنێک شۆرشی زانستی لەوێ دەستیپێکرد نەک لە چین و هیندستان؟ بۆچی لەناوەڕاستی هەزارەی دووەمی زایین دەستیپێکرد نەک لە دوو سەدە پێشتر یان سێ سەدە دواتر؟ ئێمە نازانین. لێکۆڵەران چەندەها تیۆرەیان خستووەتەڕوو، بەڵام هیچ کامێکیان بەدیاریکراوی قەناعەتهێن نییە.

مێژوو ئاسۆیەکی بەرفراوانی ئەگەرەکانی هەیە، و زۆرێک لە ئەگەرەکان قەت پەیبان پێ نەبراوە. جێی درکپێکردنە وێنا بکەیت کە مێژوو نەوە لەدوای نەوە بەردەوام دەبوو بەبێ ئەوەی بە شۆڕشی زانستیدا ڕەت ببێتەوە، وەکو چۆن جێی درک پێکردنە وێنای مێژوویەک بەبێ مەسیحییەت، بەبێ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی و بەبێ سکەی ئالتونی بکەیت.

بەشی چوارەم

شۆڕشی زانستی

١٤

دۆزینەوەی نەزانی

با بڵێین، ئەگەر جوتیارێکی ئیسپانی لە ١٠٠٠ی زایینداا خەوی پیا بکەوتایە و ٥٠٠ ساڵ دواتر لە دەنگەدەنگی دەریاوانانی کریستۆف کۆلەمبەس لە خەو هەڵبسایە کە لەسەر کەشتییەکانی (نینا)، (پینتا) و (سانتا ماریا) بوون، ئەوا جیهان بەلایەوە تەواو ئاشنا دەبوو. سەرباری گۆڕانکاریی زۆر لە تەکنۆلۆژیا، شێواز و سنوورە سیاسییەکاندا، ئەم (ریپ ڤان وینکل)ەی سەدەکانی ناوەڕاست هەستی بە نامۆیی نەدەکرد. بەڵام ئەگەر یەکێک لە دەریاوانەکانی کۆلەمبس کەوتبایەتە ناو هەمان خەوەوە و بە زەنگی ئایفۆنێکی سەدەی بیست و یەک بێدار بووایەتەوە، ئەوا جیهانێکی بێ ڕادە نامۆی دەبینی. لەوانە بوو پرسیار لە خۆی بکات و بڵێت: (ئەمە بەهەشتە؟) (یان ئاخۆ ئەبێ دۆزەخ بێت؟).

٥٠٠ساڵی دوایی، گەشەیەکی دیاردەیی و بێ پێشینەی لە توانای مرۆڤدا بەخۆوە بینیووە. لە ساڵی ١٥٠٠دا، لە سەرانسەری جیهاندا نزیکەی ٥٠٠ ملیۆن مرۆڤی هۆشمەند هەبوون. ئەمڕۆکە ٧ ملیارد هەن. کۆی بەهای کاڵا و خزمەتگوزاریی بەرهەم هێنراو لەلایەن مرۆڤەوە لە ساڵی ١٥٠٠دا بە مەزندە ٢٥٠ ملیارد دۆلار بووە بە دۆلاری ئەمڕۆ.

ئەمڕۆکە، بەهای ساڵێکی بەرهەمهێنانی مرۆیی نزیکە لە ٦٠ تریلیۆن. لە ساڵی ١٥٠٠دا، مرۆڤایەتی نزیکەی ١٣ تریلیۆن کالۆری وزەی لە ڕۆژێکدا قوت داوە. ئەمڕۆکە، ئێمە ١,٥٠٠ تریلیۆن کالۆری لە ڕۆژێکدا قوت دەدەین. (جارێکی تر سەیری ئەو ژمارانە بکەرەوە- دانیشتوانی مرۆیی چوار قات زیادی کردووە، بەرهەمهێنان ٢٤٠ جار و قوتدانی وزە ١١٥ جار زیادی کردووە).

وایدابنێ تاکە کەشتییەکی جەنگیی مۆدێرن دەگوازرێتەوە بۆ سەردەمی کۆلەمبەس. لەماوەی چەند چرکەیەکدا (نینا)، (پینتا) و (سانتا ماریا) وێران بکات و پاشان هێزە دەریاییەکانی هەر یەک لە هێزە جیهانییەکانی ئەو کاتە نقوم بکات بەبێ ئەوەی خەوشێکی بەر بکەوێ. پێنج کەشتی بارهەڵگری مۆدێرن دەیانتووانی هەموو باری هەڵگیراو لەلایەن هەموو کەشتییە بازرگانییەکانی جیهان بگرنە خۆ. کۆمپیوتەرێکی مۆدێرن بە ئاسانی دەیتووانی هەموو وشە و ژمارەیەکی ناو هەموو دەفتەرنامە و لولدراوەکانی ناو هەموو تاکە کتێبخانەیەکی سەدەکانی ناوەڕاست پاشەکەوت بکات و بواری زیادەش بهێڵێتەوە. هەر بانکێکی گەورەی ئەمڕۆ پارەیەکی زۆر زیاتر لە کۆی هەموو مەملەکەتەکانی جیهانی پێش مۆدێرن لەخۆ دەگرێت.

لە ساڵی ١٥٠٠دا، چەند شارێکی کەم زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ دانیشتووانیان هەبوو. زۆربەی بینایەکان لە قور، تەختە و قامیش دروست دەکران، بینایەیەکی سێ نهۆمی، باڵەخانەیەکی بەئاسماناچوو بوو. شەقامەکان شوێنەواری هاتوچۆیان تیادا بەرجەستە ببوو، لە هاویندا تۆزاوی و لە زستاندا قوڕاوی بوون، بەردەوام پیادەڕەو، ئەسپ و بزن، مریشک و چەند عارەبانەیەکیان پیادا دەڕۆیشت. ژاوەژاوی هەرە باوی شوێنە ئاوەدانەکان، هی مرۆڤ و گیانەوەران بوو و ناوبەناویش دەنگی چەکوش و مشار

دەهات. لە خۆرئاوابووندا، دیمەنی شار ڕەش هەڵدەگەڕا و تەنیا چەند مۆمێک یان مەشخەڵێک لە تاریکاییدا دەتروسکانەوە. ئەگەر دانیشتوویەکی شارێکی وەها، تۆکیۆ، نیویۆرک یان مۆمبای مۆدێرنی ببینیایە چی دەگوت؟.

پێش سەدەی شانزە، هیچ مرۆڤێک دەورانەوری زەوی نەکردبوو. ئەمە لە ساڵی ١٥٢٢دا گۆڕانی بەسەردا هات، کاتێک ماجەلان پاش گەشتێکی ٧٢،٠٠٠ کیلۆمەتری گەڕایەوە بۆ ئیسپانیا. سێ ساڵی خەیاند و تەقریبەن ژیانی هەموو گروپەکە بە فەتارەت چوو بە ماجەلانیشەوە. لە ساڵی ١٨٧٣دا، (ژول ڤێرن) تووانی وێنای ئەوە بکات کە (فیلس فۆگ)ی سەرکێشی بریتانیش دەشێ بتووانێ لە هەشتا ڕۆژدا دەورانەوری جیهان بکات. ئەمڕۆکە هەر کەسێک کە داهاتێکی چینی ناوەندی هەبێت دەتووانێ بە سەلامەتی و ئاسانی و بە چل و هەشت سەعات دەورانەوری جیهان بکات.

لە ساڵی ١٥٠٠دا، مرۆڤەکان لە سە ڕووی زەوی بەسترابوونەوە. ئەوان دەیانتووانی تاوەر بونیاد بنێن و بە شاخاندا هەڵگەڕێن، بەڵام ئاسمان تایبەت بوو بە باڵندەکان، فریشتەکان و خوداوەندەکان. لە ٢٠ی تەممووزی ١٩٦٩دا، مرۆڤەکان لەسەر مانگ نیشتنەوە. ئەمە تەنیا دەسکەوتێکی میژوویی نەبوو، بەڵکو کارێکی شۆڕشگێڕانە و تەنانەت گەردوونی بوو. لەماوەی ٤ ملیارد ساڵی پەرەگرتندا، هیچ زیندەوەرێک تەنانەت نەیتووانی فەزای زەویش جێ بهێڵێت و بەدڵنیاییشەوە هیچ کامێکیان شوێنەوارێکی لەسەر مانگ جێ نەهێشت.

لە بەشی هەرە زۆری میژوودا، مرۆڤەکان هیچیان لەبارەی ٩٩,٩٩%ی زیندەوەرەکانی سەر هەسارەکە نەدەزانی- لەوانەش، مایکرۆ ئۆرگانیزمەکان. ئەمە لەبەر ئەوە نەبوو کە جێی خەمی ئێمە نەبوو. هەر

یەک لە ئیمە ملیاردەها زیندەوەری تاک خانەییمان لەناودا هەیە و هەروا بە بەلاش بوونیان نییە. ئەمانە باشترین هاوڕێ و سەرسەختترین دوژمنمانن. هەندێکیان خواردنەکانمان هەرس دەکەن و هەناومان پاک دەکەنەوە، لەکاتێکدا کە ئەوانەیتر دەبنە هۆی نەخۆشی و پەتا. لەگەڵ ئەوەشدا هەر لە ساڵی ١٦٧٤دا چاوی مرۆڤ مایکرۆئۆرگانیزمێکی بینی، کاتێک (ئەنتۆن ڤان لیبوێنهۆک) لە مایکرۆسکۆپە لەماڵ دروستکراوەکەی ورد بووەوە و وردە وردە تەواوی جیهانی بوونەوەرە بچکۆلەکانی بینی کە لە دلۆپێک ئاودا دەبزوان. لەماوەی ٣٠٠ ساڵی دواتردا، مرۆڤەکان بە ژمارەیەکی زۆری توخمە مایکرۆسکۆپییەکان ئاشنا بوون. ئیمە توانیوومانە زۆربەی ئەو کوشندەترین نەخۆشییانەی دەیخەنەوە کۆنترۆڵ بکەین و مایکرۆئۆرگانیزمەکانمان لە خزمەتی پیشەسازیی دەرماندا ڕێکبخ کردووە. ئەمڕۆکە ئیمە ئەندازەکاریی بەکتریا دەکەین بۆ بەرهەمهێنانی دەرمانەکان، دروستکردنی زیندە سوتەمەنی و کوشتنی مشەخۆرەکان. بەڵام جێ سەرنجترین و گرنگترین ساتی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوو لە ٥:٢٩:٤٥ ، ١٦ی تەممووزی ١٩٤٥دا بوو. ڕێک لەو چرکەیەدا، زاناکانی ئەمریکا یەکەمین بۆمبی ئەتۆمییان لە (ئالامۆگۆردۆ-نییو مەکسیکۆ) تەقاندەوە. لەو ساتە بەدوا، مرۆڤایەتی توانای نەک تەنیا گۆڕینی ڕەوگەی میژوو، بەڵکو کۆتایی پێهێنانیشی هەبوو.

ئەو پرۆسە میژوونییەی کە ئالامۆگۆردۆ و چوونە سەر مانگی لێکەوتەوە پێی دەوترێت شۆڕشی زانستی. لەماوەی ئەم شۆڕشەدا، مرۆڤایەتی لە ڕێگەی سەرمایەگوزاریی سەرچاوەکان لە توێژینەوەی زانستیدا چەندەها هێزی نوێی بەدەستهێناوە. ئەمە شۆڕشێکە چونکە، تاوەکو نزیکی ١٥٠٠ ی زایین، مرۆڤەکان گومانیان هەبوو لە بەدەستهێنانی توانای پزیشکی، سەربازی و ئابووری. لەکاتێکدا کە

حکومەت و پشتیوانە دەوڵەمەندەکان پارەیان بۆ پەروەردە و سکۆلارشیپ دابین کرد، ئامانجەکە بەشێوەیەکی گشتی بۆ پاراستنی توانا هەبووەکان بوو نەک بەدەستهێنانی توانای نوێ. فەرمانڕەوایەکی پێش مۆدێرن بەشێوەیەکی ئاسایی پارەی دەدایە قەشەکان، فەیلەسوفەکان و شاعیرەکان بەو هیوایەی شەرعیەت بدەنە حوکمڕانییەکەی و سیستەمی کۆمەڵایەتی بەرقەرار ببێت. ئەو پێشبینی ئەوەی لێ نەدەکردن دەرمانی نوێ بدۆزنەوە، چەکی نوێ دابهێنن یان هانی گەشەی ئابووری بدەن.

لەماوەی پێنج سەدەی ڕابردوودا، مرۆڤەکان پەیتا پەیتا زیاتر گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە لە ڕێگەی وەبەرهێنان لە تویژینەوەی زانستیدا دەتووانن توانای خۆیان زیاد بکەن. ئەمە تەنیا باوەڕێکی کوێرانە نەبوو- بەڵکو بەردەوام لە سۆنگەی ئەزموونییەوە دەسەلمێنرا. چەندەی بەڵگەی زیاتر بەرجەستە دەبوون، ئەوەندەش زیاتر خەڵکانی دەوڵەمەند و حکومەت ئارەزوومەند دەبوون پارەی زیاتر بخەنە ناو بواری زانستەوە. ئێمە بەبێ وەبەرهێنانێکی وەها قەت نەماندەتووانی بچینە سەر مانگ، ئەندازەکاریی مایکرۆئۆرگانزیمەکان بکەین و ئەتۆم دابەش بکەین. بۆ نموونە، حکومەتی ئەمریکی لەم چەند دەیەی دواییدا ملیاردەها دۆلاری بۆ تویژینەوەی فیزیای ناوکی تەرخان کرد. ئەو زانیارییەی بەهۆی ئەم تویژینەوەیەوە بەرهەم هات بونیادنانی وێستگەکانی وزەی ناوکی مسۆگەر کرد کە کارەبای هەرزان بۆ پیشەسازییەکانی ئەمریکا دابین دەکات، واتە ئەو پیشەسازییانەی کە باج دەدەنە حکومەتی ئەمریکی و ئەمیش لای خۆیەوە بەکاری دەهێنێتەوە بۆ دابینکردنی دارایی زیاتر بۆ تویژینەوەی فیزیای ناووکی.

بۆچی مرۆڤە مۆدێرنەکان باوەڕێکی پەیتا پەیتا زیادبوویان پەیداکرد بە توانای بەدەستهێنانی وزە نوێکان لە ڕێگەی تویژینەوەوە؟ چ شتێک

ڕایەڵی نێوان زانست، سیاسەت و ئابووری خولقاند؟ ئەم بەشە باسی سروشتی ناوازەی زانستی مۆدێرن دەکات بۆئەوەی بەشێک لە وەڵام بخاتەڕوو. دوو بەشی دواتر پێکهاتنی هاوپەیمانێتی نێوان زانست، ئیمپراتۆریەتەکانی ئەوروپا و ئابووریی کەپیتالیزم دەپشکنێت.

ئیگنۆراموس

مرۆڤەکان، لانی کەم لە سەروەختی شۆڕشی درکەوە سۆراخی ئەوەیان کردووە لە گەردوون تێبگەن. پێشینانی ئێمە کات و تەقەلایەکی زۆر بۆ هەوڵدان لە دۆزینەوەی ڕێساگەلی زاڵ بەسەر جیهانی سروشتیدا دەخەنەگەڕ. بەڵام زانستی مۆدێرن جیاوازە لە هەموو نەریتەکانی پێشووی زانین لە سێ ڕێگای گرنگدا:

ئەلف-ئامادەیی بۆ پێزانینی نەزانی. زانستی مۆدێرن لەسەر بنەمای زاراوەی ئیگنۆراموس " ئێمە نازانین" بونیاد نراوە. ئەمە وایدادەنێت کە ئێمە هەموو شتێ نازانین. تەنانەت لەوەش هەستیارتر، ئەو شتانەش کە پێمان وایە دەیانزانین، دەشێ هەڵە دەرچن لەکاتێکدا کە زانینی زیاتر بەدەست دێنین. هیچ چەمکێک، بیرۆکەیەک یان تیۆرەیەک پیرۆز و لەودیو تەحەدییەوە نییە.

ب.ناوەندێتی چاودێریکردن و ماتماتیک. بە پێزانینی نەزانییەکەی، زانستی مۆدێرن خوازیارە زانینی نوێ بەدەست بێنێت. ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی چاودێرییەکان و پاشان بەکارهێنانی ئامرازە ماتماتیکییەکان بۆ بەستنەوەی ئەم چاودێرییانە بە تیۆرە گشتگیرەکانەوە.

ج-بەردەستخستنی هێزە نوێکان. زانستی مۆدێرن ئاسودە نییە بە دروستکردنی تیۆرەکان. ئەم تیۆرانە بەکار دەهێنێت بۆ بەدەستهێنانی

هێزە نوێکان و بەشێوەیەکی دیاریکراو بۆ گەڵاڵەکردنی تەکنۆلۆژیا نوێکان.

شۆڕشی زانستی شۆڕشێکی زانین نەبووە. لە سەروو هەموویەوە شۆڕشێکی نەزانی بووە. ئەو دۆزینەوە گەورەیەی کە بووە هۆی شۆڕشی زانستی، ئەو دۆزینەوەیە بوو کە مرۆڤەکان وەڵامەکانی پرسیارە هەرە گرنگەکانی نازانن.

نەریتە پێش مۆدێرنەکانی زانین، وەکو ئیسلام، مەسیحییەت، بودیزم و کۆنفۆشیزم جەختیان لەوە کردووەتەوە کە هەموو ئەو شتەی گرنگە بۆ زانین لەبارەی جیهان هەنوکە زانراوە. خواوەندە مەزنەکان، یان یەک خودای بەتوانا، یان خەڵکی ژیری ڕابردوو ژیریی گشتگیریان هەبووە کە لە دەقەکان و نەریتە زارەکییەکاندا دەریانخستووە. مرۆڤە ئاساییەکان لە ڕێگەی چوونە ناو ئەم نەریت و تێکستە دێرینانە و تێگەیشتن لێیان بەشێوەیەکی ڕێک و پێک ماریفەتیان بەدەست هێنا. شتێکی باوەڕنەکراو بوو کە ئینجیل، قورئان یان ڤیداس ڕازێکی گرنگیان تیا نەبوو لەبارەی گەردوونەوە- ڕازێک کە ڕێی تێدەچوو لەلایەن بوونەوەرە بە گۆشت و خوێنەکان بدۆزرێتەوە.

نەریتە دێرینەکانی زانین تەنیا دانیان بە دوو جۆر نەزانیدا داناوە. یەکەم، لەوانەیە تاکێک لەبارەی شتێکی گرنگەوە نەزان بێت. بۆ بەدەستهێنانی زانینی پێویست، هەموو ئەوەی پێویستی بوو پرسیارکردن بوو لە کەسێکی ژیرتر. دۆزینەوەی شتێک کە کەس نەیدەزانی، پێویست نەبوو. بۆ نموونە، ئەگەر جوتیارێک لە گوندێکی یۆرکشایەری سەدەی سیانزەدا ویستبێتی بزانێ چۆن نەژادی مرۆڤ سەرچاوەی گرتووە، ئەوا وایداناوە کە نەریتی مەسیحی وەڵامی یەکلاکەرەوەی پێیە. هەموو ئەوەی دەبووایە بیکات، پرسیارکردن بوو لە قەشەیەکی لۆکاڵ.

دووەم، دەشێ سەرتاپای نەریتێک، هیچ لەبارەی شتە ناگرنگەکان نەزانێت. وەکو پێناسە، هەرچییەک خواوەندە گەورەکان یان خەڵکی ژێری ڕابردوو خەمیان نەبوو بە ئێمەی بڵێن، ناگرنگ بوو. بۆ نموونە، ئەگەر جوتیارەکەمان لە یۆرکشایەر ویستی بزانێ چۆن جالجالۆکەکان تۆڕەکەیان دەچنن، بێ فایدە بوو لە قەشە بپرسێت، چونکە لە هیچ تێکستێکی پیرۆزی مەسیحیدا هیچ وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارە نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بەو مانایە نەبوو کە مەسیحییەت کەم و کورتە. بەڵکو، ئەمە بەو مانایە بوو کە تێگەیشتن لەوەی جالجالۆکەکان چۆن تۆڕەکانیان دەچنن گرنگ نەبوو. دواجار، خودا بەتەواوەتی دەزانێ جالجالۆکەکان چۆن ئەمە دەکەن. ئەگەر ئەمە زانیارییەکی گرنگ بێت، پێویست بێ بۆ کامەرانی و ڕزگاریی مرۆڤ، خودا لە ئینجیلدا ڕوونکردنەوەیەکی گشتگیری دەخستەڕوو.

مەسیحییەت ڕێگری لە خەڵکی نەکرد تاووتوێی جالجالۆکەکان بکەن. بەڵام دەبووایە لێکۆڵەرانی جالجالۆکەکان- ئەگەر لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا هەبووبن- ڕۆڵی پەراوێزییان لە کۆمەڵگە و ناپەیوەندیی دۆزینەوەکانیان بە حەقیقەتە ئەبەدییەکانی مەسیحییەت قبوڵ بکەن. گرنگ نییە لێکۆڵەرێک چی لەبارەی جالجالۆکەکان، پەپولەکان چۆلەکەکان دەدۆزێتەوە، ئەو زانیارییە تەقریبەن پوچ بوو لەکاتێکدا کە هیچی لە حەقیقەتە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگە، سیاسەت و ئابووری تێدا نەبوو.

لە ڕاستیدا، شتەکان قەت بەو سادەییە نەبوون. لە هەموو سەردەمێکدا، تەنانەت دیندارترین و پارێزکارترینیان، ئەو خەڵکانە هەبوون کە دەیانگوت شتی گرنگی وەها هەن کە تەواوی نەریتەکەیان لێیان بێ ئاگایە. لەگەڵ ئەوەشدا، زۆرجار ئەم خەڵکانە پەراوێز دەخران

یان دەچەوسێنرانەوە- یان ئەوەتا نەریتێکی نوێیان بونیاد دەنا و دەستیان دەکرد بە بەڵگاندن لەمەڕ ئەوەی کە هەموو شتەی هەیە دەیزانن. بۆ نموونە، پێغەمبەر موحەمەد عەرەبەکانی مەحکوم کرد بە ژین لە نەزانیدا لەمەڕ حەقیقەتی خودایی و بەم شێوازە پیشەی ئایینی خۆی دەستپێکرد. لەگەڵ ئەوەشدا موحەمەد خۆی زۆر بەخێرایی دەستیکرد بە بەڵگاندن لەبارەی ئەمەی کە ئەو تەواوی حەقیقەتەکە دەزانێ و شوێنکەوتووانی بە (خاتم الانبیا) ناودێریان کرد. لەم ڕووەوە، هیچ دەرخستنێک لەودیو ئەوانەی بە موحەمەد درابوون پێویست نەبوو.

زانستی ئەمڕۆ نەریتێکی ناوازەی زانینە، بەو ڕادەیەی کە بە کراوەیی دان بە نەزانیی بەکۆمەڵ دا دەنێت لەمەڕ گرنگترین پرسیارەکان. داروین قەت نەیگوت (من کۆتایی بایۆلۆژیستەکانم) و ئەمەی کە هەموو مەتەڵی ژیانی بۆ جارێک و تاهەتایە حەل کردووە. پاش سەدەگەلێک لە تۆژینەوەی زانستیی بەرفراوان، بایۆلۆژیستەکان دان بەوە دادەنێن کە ئەوان هێشتا هیچ ڕوونکردنەوەیەکی باشیان نییە لەمەڕ ئەوەی کە چۆن مێشک ئاگایی بەرهەم دێنێت. فیزیاناسەکان دان بەوە دادەنێن کە نازانن چی بووەتە هۆی تەقینەوە گەورەکە، یان ئەمەی کە چۆن میکانیکی کوانتەم لەگەڵ تیۆرەی ڕێژەگەرایی گشتی بگونجێنن.

لە حاڵەتەکانی تردا، تیۆرە زانستییە کێبڕکێکارەکان لەسەر بنەمای بەڵگەی نوێی بەردەوام، گەرم و گوڕ مشتومڕیان کرد. نموونەیەکی دیار مشتومڕی پەیوەست بەوەیە کە چۆن بە باشترین شێوە ئابووری بەڕێوە ببرێت. هەرچەندە دەشێ ئابووریناسەکان لێرە و لەوێ بانگەشەی ئەوە بکەن کە میتۆدەکەیان باشترینە، ئەرتەدۆکسیەت لەگەڵ هەر قەیرانێکی دارایی و بڵقێکی ئاڵوگۆڕی پشک، گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەوە

بەشێوەیەکی گشتی هاوڕایی لەسەرە کە دوا قسە لەسەر ئابووری هێشتا نەوتراوە.

لە حاڵەتی تریشدا، هەندێ تیۆرە بە بەڵگەی بەردەست ئەوەندە بە مکوڕی پاڵپشتی دەکرێن کە هەموو بەدیلەکان لەمێژەوە خراونەتە لاوە. ئەم تیۆرانە بە ڕاست و دروست قبوڵ کراون- لەگەڵ ئەوەشدا هەمووان ڕازین لەسەر ئەوەی کە ئەگەر بەڵگەی نوێی هاودژ لەگەڵ تیۆرەکە دەربکەوتنایە، دەبووایە چاوی پێدا بخشێنرایەتەوە یان هەڵبوەشایەتەوە. نموونەی باشی ئەمانەش بریتین لە تیۆرەی (تەکتۆنیکی پەڕەیی) و تیۆرەی (پەرەگرتن).

ئامادەیی داننان بە نەزانی، زانستی مۆدێرینی لە هەر نەریتێکی پێشووی زانین دایناميکتر، کشۆکتر و فراوانتر کردووە. ئەمە بەشێوەیەکی بەرچاو توانامانی بۆ تێگەیشتن لە چۆنێتی کارکردنی جیهان و توانامان بۆ داهێنانی تەکنۆلۆژیای نوێ فراوان کردووە. بەڵام ئەمە ڕووبەڕووی کێشەیەکی جدیی وەهامان دەکاتەوە کە پێویست نەبوو زۆربەی پێشینانمان دەست و پەنجەی لەگەڵدا نەرم بکەن. گریمانەی هەنوکەییمان لەمەڕ ئەوەی کە هەموو شتێک نازانین و ئەمەی کە تەنانەت ئەو زانینەی هەشمانە ناجێگیرە، درێژ دەبێتەوە بۆ ئەو ئەفسانە هاوبەشانەی کە توانا بە ملیۆنان غەریبە دەدەن کە بەشێوەیەکی کاریگەر هاریکاریی یەکتری بکەن.

ئەگەر بەڵگەکە پیشانی بدات کە زۆرێک لەو ئەفسانانە جێی گومانن، چۆن دەتووانین کۆمەڵگە بە جێگیری بهێڵینەوە؟ کۆمەڵگاکانمان، وڵاتەکانمان و سیستەمی نێودەوڵەتی چۆن کار دەکەن؟.

هەموو هەوڵە مۆدێرنەکان بۆ سەقامگیرکردنی سیستەمی سۆسیۆسیاسی بژاردەیەکیان لەبەردەمدا نەبووە جگە لە پشت بەستن بە یەکێک لە دوو میتۆدی نازانستی:

ئەلف-وەرگرتنی تیۆرەیەکی زانستی و لەبەرانبەر کردە زانستییە باوەکاندا، ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئەمە دوا حەقیقەتی ڕەها و کۆتاییە. ئەمە میتۆدێک بوو لەلایەن نازییەکان (کە پێیان وابوو سیاسەتە نەژادییەکانیان ئەنجامگیریی فاکتە بایۆلۆژییەکانن) و کۆمەنیستەکان (کە پێیان وابوو مارکس و لینین حەقیقەتی ئابووریی پوچەڵنەکراویان لایە) بەکار دەهات.

ب-بەلاوەنانی زانست و ژیان بە گوێرەی حەقیقەتێکی نازانستی ڕەها. ئەمە ستراتیژییەکی هیومانیزمی لیبراڵ بووە، کە لەسەر باوەڕێکی دۆگم بە شایستەیی و مافە ناوازەکانی مرۆڤەکان بونیاد نراوە- باوەڕێک کە بەشێوەیەکی شەرمەزارکەر خاڵی هاوبەشی کەمی هەیە لەگەڵ تۆڕێنەوەی زانستیی مرۆڤە هۆشمەندەکاندا.

بەڵام نابێ ئەمە سەرمان بسوڕمێنێت. تەنانەت دەبێ خودی زانست پشت بە باوەڕە ئایینی و ئایدۆلۆژییەکان ببەستێت بۆ پاساودان و دابینکردنی پارەی تۆڕێنەوەکەی.

لەگەڵ ئەوەشدا کەلتووری مۆدێرن ئامادەیی تیا بووە تا ئاستێکی زۆر بەرزتر لە هەر کەلتوورێکی پێشوو نەزانی لەئامێز بگرێت. یەکێک لەو شتانەی بۆ سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی ئاسان کردووە بەرقەرار بن، بڵاو بوونەوەی تەقریبەن باوەڕێکی ئایینییە بە تەکنۆلۆژیا و بە میتۆدەکانی تۆڕێنەوەی زانستی کە تا ڕادەیەک شوێنی باوەڕبوون بە حەقیقەتە ڕەهاکانی گرتووەتەوە.

دۆگمای زانستی

زانستی مۆدێرن دۆگمای نییە. لەگەڵ ئەوەشدا کرۆکێکی هاوبەشی میتۆدەکانی تۆێژینەوەی هەیە کە هەموویان لەسەر کۆکردنەوەی چاودێرییە ئەزموونییەکان بونیاد نراون- واتە ئەوانەی کە دەتووانین بە لانی کەمەوە بە هەستێک لە هەستەکانمان چاودێرییان بکەین- و بە ئامرازی ماتماتیکی پێکەوەیان دابنێین.

خەڵکی بەدرێژایی مێژوو چاودێریی ئەزموونییان کۆ کردووەتەوە، بەڵام گرنگیی ئەم چاودێرییانە زۆرجار سنووردار بووە. بۆچی سەرچاوەی گرانبەها بە بەدەستهێنانی چاودێرییە نوێکان بەفیڕۆ بدرێت لەکاتێکدا کە هەموو ئەو وەڵامانەمان هەن کە پێویستمانن؟ بەڵام کە خەڵکی مۆدێرن دانیان بەوەدانا کە وەڵامی هەندێ پرسیاری گرنگ نازانن، بە پێویستیان زانی بەدوای مەعریفەی تەواو نوێدا بگەڕێن. سەرەنجام تۆێژینەوەی نوێی بااڵدەست، کێماسی مەعریفەی کۆنی بە حاشەهەڵنەگر بینی. لەبری تاووتوێکردنی نەریتە کۆنەکان، ئێستا جەخت لە چاودێری و پشکنینە نوێکان دەکرێتەوە. کاتێک چاودێری هەنوکەیی لەگەڵ نەریتی ڕابردوودا بەر یەک دەکەوێت، ئەوا ئەولەویەت بە چاودێرییەکە دەدەین. بێگومان ئەو فیزیاناسانەی پەلکەزێڕینەی کاکێشانی دوور شی دەکەنەوە، ئەو ئارکیۆلۆژیستانەی پاشەواری شاری (سەردەمی برۆنز) و ئەو زانا سیاسییانەی تاووتوێی سەرهەڵدانی کەپیتاڵیزم دەکەن، چاوپۆشی لە نەریت ناکەن. ئەوان بە تاووتوێکردنی ئەو شتانە دەست پێدەکەن کە خەڵکی ڕابردوو وتوویانە و نوسیوویانە. بەڵام لە یەکەم سااڵنەوە لە کۆلێژ، فیزیاناس، ئارکیۆلۆژیست و زانا سیاسییە

کاریگەرەکان فێر دەکرێن کە ئەرکیانە بچنە سەروو ئەو شتانەی ئەنیشتاین، هێنریش شیلمان و ماکس وێبەر زانیویانە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەبوونی چاودێریی زۆرتر بە مانای زانین نایەت. بۆ تێگەیشتن لە گەردوون، دەبێ ئێمە چاودێرییەکان پێکەوە ببەستینەوە و بیانکەینە تیۆرەی گشتگیر. نەریتەکانی زوو، زۆرجار تیۆرەکانیان لە سۆنگەی چیرۆکەوە دارشتووە. زانستی مۆدێرن ماتماتیک بەکاردێنێت.

پرسیار، هێڵکاری و مەزەندەی زۆر کەم لە ئینجیل، قورئان، ڤیداس و کتێبەکانی کونفشیوسدا هاتوون. کاتێک تێکستە پیرۆز و ئەفسانە نەریتییەکان یاسا گشتییەکانیان دارشت، ئەمانە بەشێوەی گێڕانەوە پێشکەش کران نەک لە فۆرمی ماتماتیکیدا. لێرەوە پەرەسێپێکی بنەڕەتیی ئایینی مانی جەختی لەوە کردەوە کە جیهان شەڕگەیەکە لەنێوان چاکە و خراپەدا. هێزێکی خراپە مادەی دروستکرد لەکاتێکدا کە هێزێکی چاکە جەوهەری دروست کرد. مرۆڤەکان لەنێوان ئەم دوو هێزەدا گرفتار بوون و دەبووایە چاکە بەسەر خراپەدا قبوڵ بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، پەیامبەر مانی هیچ هەوڵی نەدا بۆ خستنەڕووی فۆرمیولای ماتماتیکی کە بکرێ بەکاربهێنرێ بۆ پێشبینیکردنی هەڵبژاردنە مرۆییەکان لە ڕێگەی دەربڕینی بڕی توانای هەریەک لەم هێزانە. ئەو هەرگیز حساباتی ئەوەی نەکرد کە (ئەو هێزەی کار لەسەر مرۆڤ دەکات یەکسانە بە گوڕی ڕۆحەکەی زەڕبی بارستەی جەستەی).

ئەمە کتومت ئەو شتەیە کە زاناکان سۆراخی بەرجەستە کردنی دەکەن. لە ساڵی ١٦٨٧دا، ئیزاک نیوتن (پەرەسێپە ماتماتیکییەکانی فەلسەفەی سروشت)ی بڵاو کردەوە کە بە دڵنیاییەوە گرنگترین کتێب بوو لە مێژووی مۆدێرندا. نیوتن تیۆرەیەکی گشتی لەمەڕ جوڵە و گۆڕان خستەڕوو. مەزنایەتی تیۆرەکەی نیوتن لە توانایدا بوو بۆ ڕوونکردنەوە و

پێشبینیکردنی جوڵەی هەموو تەنەکان لە گەردووندا، هەر لە سێوە کەوتووەکان تا ئەستێرە کشاوەکان، ئەمەش بە بەکارهێنانی سێ یاسای ماتماتیکیی زۆر سادە.

لەمڕووەوە، هەر کەسێک کە هیواخواز بوو لە جوڵەی تۆپێک یان هەسارەیەک تێبگات و پێشبینی بکات، ئەوا دەبووایە پێوانەی بارستە، ئاراستە و گوڕی تەنەکە و ئەو هێزانەی کاری لەسەر دەکەن، وەربگرێت. بە دانانی ئەم ژمارانە لەناو هاوکێشەکانی نیوتن-دا، دەکرا ئایندەی شوێنی تەنەکە پێشبینی بکرێت. ئەمە وەکو جادوو کاریگەر بوو. تەنیا لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی نۆزدەدا زاناکان بۆیان دەرکەوت کە هەندێ لە چاودێرییەکان لەگەڵ یاساکانی نیوتن ناگونجێن و ئەمەش شۆڕشی تری لە فیزیادا لێکەوتەوە- تیۆرەی ڕێژەیی و میکانیکی کوانتەم.

نیوتن پیشانیدا کتێبی سروشت بە زمانی ماتماتیک دەنووسرێت. هەندێ لە بەشەکان (بۆ نموونە) دەبنە هاوکێشەی ڕێک و ڕوون، بەڵام ئەو لێکۆڵەرانەی هەوڵیاندا بایۆلۆژی، ئابووری و سایکۆلۆژیا بچوک بکەنەوە بۆ هاوکێشە نیوتنییە بێگەردەکان، بۆیان دەرکەوتووە ئەم بوارانە ئاستێکی ئاڵۆزییان تیادایە کە ویستێکی وەها پوچەڵ دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بەو مانایە نەبوو کە دەستبەرداری ماتماتیک بوون. بەدرێژایی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوو لقێکی نوێی ماتماتیک گەلاڵە بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ لایەنە ئاڵۆزتر‌ەکانی واقیع: ئامار.

لە ساڵی ١٧٤٤دا، دوو پیاوی ئایینیی ئایینزای (پرێسبیتێریان) لە سکۆتڵەندە، ئالێکساندەر وێبستەر و ڕۆبەرت والاس، بڕیاریندا سنوقێکی بیمەی تەمەن دابنێن بۆ دابینکردنی پارەی خانەنشینیی بێوەژنان و منالانی بێ باوکی پیاوانی ئایینی. ئەوان پێشنیاریان کرد هەریەک لە

ئەندامانی کەنیسەی پرێسبیتێریان برێکی کەم لە پارەی داهاتەکەی بخاتە ناو سندوقەکەوە. ئەگەر ئەندامێک لەو ئەندامانە بمردایە ئەوا بێوەژنەکەی بەشێک لە پارەی سندوقەکەی پێ دەگەیشت. ئەمەش دەبووەهۆی ئەوەی کە ئەو ژنە بەدرێژایی پاشماوەی ژیانی بە ئاسودەیی بژیت. بەڵام بۆ دیاریکردنی ئەمەی کە دەبووایە ئەندامەکان چەنێک پارە بدەن بۆئەوەی سندوقەکە ئەوەنە پارەی تیا بێت تا ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت، دەبووایە وێبستەر و والاس بتووانن پێشبینی ئەوە بکەن کە لە ساڵێکدا چەند ئەندام دەمرن، چەند بێوەژن و منداڵ لەپاش خۆیان بەجێ دێڵن و بێوەژنەکان چەند ساڵ لە مێردەکانیان زیاتر دەژین.

تێبینی ئەو شتە بکە کە دوو پیاوەکەی کەنیسە نەیانکرد. نزایان لە خوا نەکرد وەڵامەکە دەربخات. نە لە تێکستە پیرۆزەکان و یان بەرهەمەکانی ئایینناسە کۆنەکاندا بۆ وەڵامێک گەڕان. ئەوان نەچوونە ناو مشتومڕە فەلسەفییە ئەبستراکتەکان. لەبەرئەوەی سکۆتلەندی بوون، لە جۆری پراکتیکی بوون. بۆیە ئەوان پەیوەندییان بە پرۆفیسۆرێکی ماتماتیکی زانکۆی (ئێدنبەرە)ەوە کرد بەناوی (کۆلن ماکلۆرین). هەرسێکیان داتایان لەسەر تەمەنی مردنی خەڵکەکە کۆ کردەوە و ئەمانەیان بەکارهێنا بۆ هەژمارکردنی ژمارەی ئەو ئەندامانەی کەنیسەکە کە ئەگەری هەبوو لە هەر ساڵێک لە ساڵەکاندا بمرن.

کاری ئەوان لەسەر ژمارەیەک لە بەرەوپێشچوونی ئەم دواییە لەبوارەکانی ئامار و ئەگەرەکاندا بونیاد نرابوو. یەکێک لەمانە یاسای ژمارە گەورەکان ی (جاکۆب بێرنۆلی) بوو. بێرنۆلی ئەو یاسایەی بەکۆد کردبوو کە، لەکاتێکدا دەشێ قورس بێ بەدڵنیاییەوە پێشبینی تاکە ڕووداوێک بکەیت، وەکو مردنی کەسێکی دیاریکراو، مومکینە تەقریبەن بە دەقاودەقییەوە پێشبینی تێکڕای دەرەنجامی زۆرێک لە ڕووداوە

هاوشێوەکان بکەیت. واتە، لەکاتێکدا کە (ماکلۆرین) نەیدەتووانی ماتماتیک بەکاربێنێت بۆ پێشبینی ئەوەی کە ئاخۆ وێبستەر و والاس سالّی دواتر دەمرن، دەیتووانی داتای پێویست بخاتەڕوو، تەقریبەن بە دڵنیاییەوە بە وێبستەر و والاس بڵێت چەند ئەندامی پرێسبیتێریان لە سکۆتلەندە لە سالّی دواتردا دەمرن. خۆشبەختانە ئەوان داتای ئامادەکراویان کەوتبووە بەردەست کە دەیانتووانی بەکاری بێنن. خشتە ئامارگیرەکان کە پەنجا سالّ پێشتر لەلایەن (ئەدمۆند هالی)یەوە بڵاو کرابوونەوە بەشێوەیەکی دیاریکراو بەکەڵک بوون. هالی ڕێکۆردەکانی ١،٢٣٨ لەدایکبوون و ١،١٧٤ مردنی شیکردبووەوە کە لە شاری (برێسلاو)ی ئەڵمانیا وەریگرتبوو. خشتەکانی هالی ئاسانی کردبوو کە، بۆ نموونە، بزانیت کەسێکی بیست سالّی چانسی ١:١٠٠ی مردنی هەیە لە سالێکی دیاریکراودا، بەڵام کەسێکی پەنجا سالّی چانسەکەی ١:٣٩یە.

بە ئیشکردن لەسەر ئەم ژمارانە، وێبستەر و والاس گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە، بەشێوەیەکی تێکڕا، ٩٣٠ ئەندامی پرێسبیتێری سکۆتلەندی لە هەر ساتێکی دیاریکراودا لە ژیاندا دەبن و تێکڕای بیست و حەوت ئەندام لە هەر سالێکدا دەمرن، کە هەژدەیان بێوەژنیان لەپاش بەجێ دەمێنێت. پێنج لەوانە کە بێوەژنیان لەپاش بەجێ نەدەما، منالّیان لەپاش بەجێ دەما و دوو لەوانەی بێوەژنیان لەپاش بەجێ دەما، بەهەمان شێوە منالّی هاوسەرگیریی پێشوویان لەپاش بەجێ دەما کە هێشتا نەگەیشتبوونە تەمەنی شانزە سالّی. ئەوان هەژماری زیاتریان کرد لەمەڕ ئەوەی کە ئەگەری هەیە چەنێک کات تێپەڕێت پێش ئەوەی بێوەژنەکە بمرێت یان هاوسەرگیری بکاتەوە (لە هەردوو ڕووداوەکەدا پارەی خانەنشینییەکە ڕادەگیرا). ئەم ژمارانە توانایان بە وێبستەر و والاس دەدا تا ئەوە دیاری بکەن ئەو ئەندامانەی پەیوەندییان بە

سنوقەکەوە دەکرد چەنێک پارە بدەن بۆئەوەی پارەی خۆشەویستەکانیان دابین بکەن. بە بەخشینی ٢ پاوەند و ١٢ شیلینگ و ٢ پێنس لە ساڵێکدا، ئەندامێ دەیتووانی زامنی ئەوە بکات بێوەژنەکەی لانی کەم ١٠ پاوەند لە ساڵێکدا وەردەگرێت- کە لەو ڕۆژگارەدا بڕەپارەیەکی زۆر بوو. ئەگەر پێی وابووایە ئەم بڕە بەس نییە، ئەوا دەیتووانی پارەی زیاتر بدات، ٦ پاوەند و ١١ شیلینگ و ٣ پێنس لە ساڵێکدا- کە ئەمەیان بڕەپارەیەکی چاکی ٢٥ پاوەند لە ساڵێکدای بۆ بێوەژنەکەی مسۆگەر دەکرد.

بە گوێرەی مەزەندەکانیان، بەهاتنی ساڵی ١٧٦٥، سنوقی دابینکردنی پارە بۆ بێوەژنان و منااڵی ئەندامانی کەنیسەی سکۆتلەندە سەرمایەیەکی دەبوو بە بڕی ٥٨،٣٤٨ پاوەند. مەزەندەکانیان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن دروست و دەقاودەق دەرچوو. کاتێک ئەو ساڵە هات، سەرمایەی سنوقەکە گەیشتە ٥٨،٣٤٧ پاوەند- ١ پاوەند کەمتر لە پێشبینییەکەا ئەمە تەنانەت باشتر بوو لە پێشبینییەکانی (هاباکوک)، (جێرمیا) یان (سەینت جۆن). ئەمڕۆکە، سنوقی وێبستەر و والاس کە بە (بێوەژنانی سکۆتلەندی) ناسراوە، یەکێکە لە گەورەترین کۆمپانیاکانی خانەنشینی و بیمە لە جیهاندا. ئەم کۆمپانیایە کە موڵکەکەی بە ١٠٠ ملیارد پاوەند دەخەمڵێنرێت، نەک تەنیا تەئمینی بێوەژنانی سکۆتلەندی، بەڵکو تەئمینی هەر کەسێک دەکات کە ئامادەیی تیایە پەیڕەونامەکانی بکرێت.

لەوانەیە ئەو خەمڵاندنانەی لەلایەن ئەو دوو پیاوە ئایینیە سکۆتلەندییە بەکارهێناون بووبێتنە بناغەی نەک تەنیا زانستی ئامارگیری بەڵکو هی زانستی دیمۆگرافیش (کەلەلایەن پیاوێکی ئایینی تری ئەنگلیکانی بەناوی ڕۆبەرت مالتوس بونیاد نرا). دیمۆگرافی بە

نۆرەی خۆی بەردێکی بناغە بوو کە چارلز داروین (کە تەقریبەن بووە ئایینداریێکی ئەنگلیکانی) تیۆرەی (پەرەگرتن)ی خۆی دارشت. لەکاتێکدا کە هیچ هاوکێشەیەک نییە پێشبینی بکات کام جۆرە زیندەوەرە لەژێر ڕستێک هەلومەرجی دیاریکراودا پەرە دەگرێت، بۆهێل ناسەکان خەملاندنە ئەگەرییەکان بەکار دێنن بۆ ژماردنی ئەگەری ئەمەی کە گۆڕانێکی بۆهێلیی دیاریکراو لەناو دانیشتووانێکی دیاریکراودا بڵاو دەبێتەوە. هەمان ئەو مۆدێلە ئەگەرییانە بوونەتە سەنتەری ئابووریناسی، کۆمەڵناسی، دەروونناسی، زانستی سیاسی و زانستی کۆمەڵایەتی و سروشتی تر. تەنانەت دواجار فیزیا هاوکێشە کلاسیکییەکانی نیوتنی خستە سەر ئەگەرەکانی میکانیکی کوانتەم.

ئێمە تەنیا پێویستمان بەوەیە سەرنج بدەینە مێژووی پەروەردە بۆئەوەی بۆمان دەرکەوێت ئەم پرۆسەیە چەنێک دوور ئێمەی بردووە. بەدرێژایی بەشی زۆری مێژوو، ماتماتیک بوارێکی لاتەریکە کە تەنانەت خەڵکی خوێندەواریش بە دەگمەن بەشێوەی جدی تاووتوێیان کردووە. لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، لۆژیک، ڕێزمان و بەلاغەت کرۆکی پەروەردەییان پێکهێنا، لەکاتێکدا کە وانە وتنەوەی ماتماتیک بەدەگمەن چووەتە ئەودیو جەبر و تەنەئەندازە. کەس تاووتوێی ئاماری نەکرد. پایەی مشتومڕنەکراوی هەموو زانستەکان تیۆلۆژی بوو.

ئەمڕۆکە، ژمارەیەکی کەمی خوێندکاران بەلاغەت دەخوێنن، لۆژیک سنووردارە بە بەشەکانی فەلسەفە و تیۆلۆژی سنووردارە بە سیمیناڕەکان. بەڵام خوێندکاری زۆر و زۆرتر هان دەدرێن- یان ناچار دەکرێن- ماتماتیک بخوێنن. جوڵانێکی بەرەنگاری نەکراو هەیە بەرەو زانستە دەقاودەقەکان- بە (دەقاودەق) پێناسە دەکرێن بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازە ماتماتیکییەکان. تەنانەت ئەو بوارانەی خوێندن کە

بەشێوەیەکی نەریتی بەشێک بوون لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، وەکو تۆژینەوەی زمانی مرۆڤ (زمانەوانی) و دەروونی مرۆڤ(دەروونناسی)، پەیتا پەیتا زیاتر پشت ئەستوور دەبێ بە ماتماتیک و سۆراخی ئەوە دەکەن کە خۆیان وەکو زانستە دەقاودەقەکان بخەنەڕوو. کۆرسەکانی ئامار ئێستا بەشێکن لە پێداویستی بنچینەیی نەک تەنیا لە فیزیا و بایۆلۆژیادا بەڵکو بەهەمان شێوە لە کۆمەڵناسی، دەروونناسی، ئابووریناسی و زانستی سیاسیدا.

لە کەتەلۆگی کۆرسی بەشی سایکۆلۆژیدا لە زانکۆکەی من، یەکەم کۆرسی داواکراو لە مەنهەجدا بریتییە لە (ناساندنێکی ئامار و ئەفسانە لە تۆژینەوەی سایکۆلۆژیدا). دەبێ خوێندکارانی ساڵی دووەمی سایکۆلۆژیا (میتۆدە ئاماریییەکان لە تۆژینەوەی سایکۆلۆژیدا) وەربگرن. کۆنفوشیوس، بودا، عیسا و موحەمەد سەریان دەسوڕما ئەگەر پێت بوتنایە کە بۆئەوەی لە ئەقڵی مرۆڤ تێبگەیت و نەخۆشییەکەی چارەسەر بکەیت، ئەوا دەبێ یەکەم جار تاووتوێی ئامار بکەیت.

مەعریفەت دەسەڵات

زۆربەی خەڵکی کاتێکی سەخت بە هەرسکردنی زانستی مۆدێرن بەسەر دەبەن چونکە زمانە ماتماتیکییەکەی قورسە بۆ مێشکمان و زۆرجار ئەنجامگیرییەکەی هاودژە لەگەڵ ئەقڵیەتی باودا. لە ٧ ملیارد کەس لە جیهاندا، چەند کەس بە ڕاستی لە میکانیکی کوانتەم، بایۆلۆژیای خانە یان ماکرۆئیکۆنۆمیکس تێدەگەن؟ لەگەڵ ئەوەشدا زانست شکۆیەکی گەورەی هەیە بەهۆی ئەو هێزە نوێیانەی پێمانی دەبەخشێت. لەوانە نییە سەرۆکەکان و ژەنەرااڵەکان لە فیزیای ناوکی

تێبگەن، بەڵام تێگەیشتنێکی باشیان هەیە لەوەی کە دەشێ بۆمبی ئەتۆمی چی بکات.

لە ساڵی ١٦٢٠دا، (فرانسیس بەیکن) مانیفێستۆیەکی زانستی بڵاو کردەوە بەناوی (ئامێری نوێ). تیایدا وتبووی "مەعریفەت دەسەڵاتە". تێستی ڕاستەقینەی (مەعریفەت) ئەوە نییە ئاخۆ ڕاستە یان نا، بەڵکو ئەوەیە ئاخۆ هێزمان دەداتێ یان نا. زۆرجار زاناکان وایدادەنێن کە هیچ تیۆرەیەک ١٠٠% ڕاست نییە. سەرەنجام، حەقیقەت تێستێکی لاوازە بۆ مەعریفە. تێستی ڕاستەقینە بەکارهێنانە. تیۆرەیەک کە توانامان دەداتێ شتی نوێ بکەین، بریتییە لە مەعریفە.

بەدرێژایی چەند سەدەیەک، زانست زۆر ئامرازی نوێی پێداوین. هەندێکیان ئامرازی ئەقڵین، وەکو ئەوانەی کە پێشبینی ئاستەکانی مردن و گەشەی ئابووری دەکەن. تەنانەت لەوەش گرنگتر، ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیان. ئەو پەیوەندییەی لەنێوان زانست و تەکنۆلۆژیا دانراوە ئەوەندە بەهێزە کە ئەمڕۆکە خەڵکی هەردووکیان لێ تێکەڵ دەبێ. ئێمە زۆرجار پێمان وایە ئەستەمە تەکنۆلۆژیای نوێ بهێنیتە کایەوە بەبێ تۆێژینەوەی زانستی و ئەمەی کە کەڵکێکی کەم لە تۆێژینەوەدا هەیە ئەگەر تەکنۆلۆژیای نوێی لێ نەکەوێتەوە.

لە ڕاستیدا، پەیوەندیی نێوان زانست و تەکنۆلۆژیا دیاردەیەکی زۆر تازەیە. پێش ١٥٠٠، زانست و تەکنۆلۆژیا بواری تەواو جودا بوون لە یەکدی. کاتێک بەیکن لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەدا ئەو دوانەی پێک گرێدایەوە، بوو بە ئایدیایەی شۆڕشگێڕانە. لەماوەی سەدەی حەڤدە و هەژدەدا ئەم پەیوەندییە تووندوتۆڵ بوو، بەڵام تەنیا لە سەدەی نۆزدەدا گرێیەکە بەسترا. تەنانەت لە ١٨٠٠دا، زۆربەی ئەو فەرمانڕەوایانەی خوازیاری سوپایەکی بەهێز بوون و زۆرێک لەو بزنسمانە گەورانەی

بزنسێکی گەورەیان دەویست، بەڵایانەوە ئاسایی بوو پارەی تۆژینەوە بۆ فیزیا، بایۆلۆژی یان ئابووری دابین بکەن.

مەبەستم نییە بڵێم ئەم ڕێسایە هەڵاوارتنی تێدا نییە. مێژوونووسێکی باش دەتوانێت نموونەی هاوشێوە بۆ هەموو شتێک بدۆزێتەوە. بەڵام مێژوونووسێکی باشتریش دەزانێ کاتێک ئەم نموونانە هیچ نین جگە لە دەم تێوەردان کە وێنە گەورەکە ڕووپۆش دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی، زۆربەی بزنسمان و فەرمانڕەوایانی پێش مۆدێرن پارەی تۆژنەوەیان لەبارەی سروشتی گەردوون دابین نەکردووە بۆئەوەی تەکنۆلۆژیای نوێ گەڵاڵە بکرێت و زۆربەی بیرمەندان هەوڵیان نەداوە ئەنجامگیری و دۆزینەوەکانیان لە ئامێری تەکنۆلۆژیدابەرجەستە بکەن. فەرمانڕەوایان پارەی ئەو دامەزراوە پەروەردەییانەیان دابین کردووە کە دەسەڵاتیان ئەوە بووە مەعریفەی نەریتی بڵاو بکەنەوە بە مەبەستی پشتیوانی سیستەمە هەبووەکە.

لێرەوە و لەوێ خەڵکی تەکنۆلۆژیای نوێیان گەڵاڵە دەکرد، بەڵام ئەمانە زۆرجار لەلایەن پیشگەرانی نەخوێنەوار و بە هەوڵدان و هەڵەکردن دروست دەکرا، نەک لەلایەن ئەو لێکۆڵەرانەی کە سۆراخی تۆژینەوەی سیستەماتیکی زانستییان دەکرد. دروستکەرانی داشقە، ساڵ لەدوای ساڵ هەمان داشقەیان لە هەمان کەرەستە دروست دەکرد. ئەوان ڕێژەیەک لە قازانجی ساڵانەیان نەدەخستە لاوە بۆئەوەی تۆژینەوە لە مۆدێلە نوێکانی داشقەدا بکەن و ئەم مۆدێلە نوێیانە بهێننە کایەوە. دیزاینی داشقە ناوبەناو باشبوونی بەخۆیەوە دەبینی، بەڵام زۆرجار لە سایەی شارەزایەتی دارتاشێکی لۆکاڵ بوو کە قەت پێی نەنابووە ناو زانکۆ و تەنانەت نەیدەزانی بشخوێنێتەوە.

ئەمە هەم بۆ کەرتی گشتی و هەم بۆ کەرتی تایبەتیش ڕاست بوو. لەکاتێکدا کە دەوڵەتە مۆدێرنەکان بانگی زاناکانیان دەکەن تا چارەسەر بۆ تەقریبەن هەر بوارێک لە بوارەکانی سیاسەتی نیشتمانی دابین بکەن، هەر لە وزەوە تا تەندروستی و پاشەڕۆ فرێدان، مەملەکەتە دێرینەکان بە دەگمەن ئەمەیان دەکرد. جیاوازیی نێوان ئەوسا و ئێستا بەشی زۆری لە چەکدا بەرجەستە بووە. کاتێک سەرۆکی ماوە بەرەو کۆتایی چوو، دوایت ئایزنهاوەر لە ساڵی ١٩٦١دا لەمەڕ هێزی ڕوولەگەشەی بونیادی سەربازی-پیشەسازی هۆشداریدا، بەشێکی هاوکێشەکەی فەرامۆش کرد. ئەو دەبووایە هۆشداری بدایەتە وڵاتەکەی لەمەڕ بونیادی سەربازی-پیشەسازی-زانستی، چونکە جەنگەکانی ئەمڕۆ، بەرهەمی زانستین. هێزە سەربازییەکانی جیهان بەشێکی گەورەی بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆژی و توێژینەوەی زانستیی مرۆڤایەتی ئاسان دەکەن، پارە بۆ دابین دەکەن و ئاراستە دەکەن.

کاتێک یەکەم جەنگی جیهانی شۆڕ بووەوە بۆ جەنگی خەندەقێکی ناکۆتا، هەردوو لا بانگی زاناکانیان کرد بۆ شکاندنی بنبەستەکە و ڕزگارکردنی وڵات. پیاوانی سپی پۆش وەڵامی بانگەوازەکەیان دایەوە و لە تاقیگەکانیانەوە ڕێزێکی بەردەوامی چەکە سەرسوڕهێنەکانیان خستە ئیش: فڕۆکەی شەڕکەر، گازی ژەهراوی، تانک، ژێردەریایی و شەست تیری کاراتر، تۆپخانە، تفەنگ و بۆمب.

زانست لە دووەم جەنگی جیهانیدا ڕۆڵێکی گەورەتری بینی. بە هاتنی کۆتاییەکانی ١٩٤٤، ئەڵمانیا جەنگی لەدەست دەدا و شکست حەتمی بوو. ساڵێک پێشتر، هاوپەیمانانی ئەڵمانیا، ئیتاڵییەکان، موسۆلۆنییان لەسەر حوکم لابردبوو و تەسلیمی هاوپەیمانان ببوون. بەڵام ئەڵمانیا بەردەوام بوو لە شەڕ، ئەگەرچی سوپاکانی بریتانیا، ئەمریکا

و سۆڤێت نزیک دەبوونەوە. هۆکارێکی ئەمەی کە مەدەنییەکان و سەربازانی ئەڵمانی پێیان وابوو هەموو شتێک لەدەست نەچووە، ئەوە بوو کە بڕوایان وابوو .زاناکانی ئەڵمانیا خەریکی پێچەوانەکردنەوەی ڕەوگەکەن لە ڕێگەی بەناو چەکە پەرجوئاساکانی وەکو ڕۆکێتی ڤی-٢ و فڕۆکەی جێت.

لەکاتێکدا کە ئەڵمانیەکان ئیشیان لەسەر ڕۆکێت و جێتەکان دەکرد، پڕۆژەی (مانهاتن)ی ئەمریکی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە بۆمبی ئەتۆمی هێنایە کایەوە. بە هاتنی ئابی ١٩٤٥، واتە ئەو کاتەی کە بۆمبەکە ئامادە بوو، ئەڵمانیا هەنوکە تەسلیم ببوو، بەڵام ژاپۆن لە شەڕ بەردەوام بوو. هێزەکانی ئەمریکا پرژانە سەر داگیرکردنی دوورگەکانی خاکەکەی. ژاپۆنییەکان سوێندیان خوارد بەرەنگاریی داگیرکردنەکە بکەن و تا مردن بجەنگن و هەموو هۆکارێک هەبوو بۆئەوەی پێت وابێت ئەم هەڕەشەیە هەروا لەخۆوە نییە. ژەنەرالە ئەمریکییەکان بە سەرۆک (هاری ئیس ترومەن)یان وت داگیرکردنی ژاپۆن گیان سپاردنی ملیۆنان سەربازی ئەمریکی لێدەکەوێتەوە و جەنگەکە دەکەوێتە ناو ساڵی ١٩٤٦یش. ترومەن بڕیاریدا بۆمبە نوێکە بەکار بێنێت. پاش دوو هەفتە و هاویشتنی دوو بۆمبی ئەتۆم، ژاپۆن بێ مەرج تەسلیم بوو و جەنگ کۆتایی هات.

بەڵام زانست هەر پەیوەندی بە چەکی شەڕانگێزانەوە نییە. بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگیش لە سیستەمی بەرگریدا دەبینێ. ئەمڕۆکە زۆرێک لە ئەمریکییەکان بڕوایان وایە چارەسەری تیرۆر تەکنۆلۆژییە نەک سیاسی. پێیان وایە تەنیا چەند ملیۆنێکی تر بۆ پیشەسازی نانوتەکنۆلۆژی تەرخان بکە و ئیتر ئەمریکا دەتوانێت مێشی سیخوڕی دەستکرد بنێرێتە ناو هەموو ئەشکەوتێکی ئەفغانی، حەشارگەیەکی یەمەنی و کەمپە کاتییەکانی ئەفریقای باکوور. هەر کە ئەمە کرا، ئەوا میراتگرانی

ئوسامە بن لادن ناتووانن کوپێک قاوە دروست بکەن بەبێ ئەوەی مێشێکی سیخوڕی سی ئای ئەی ئەم زانیاریيە گرنگە بگوازێتەوە بۆ سەرکردایەتی لە (لانگلی). چەند ملیۆنێکی تر بۆ توێژینەوەی مێشک تەرخان بکە و دەکرێ هەموو فڕۆکەخانەیەک سکانەری (ئێف ئێم ئار ئای)ی پێشکەوتووی بۆ دابین بکرێت کە دەتووانێ دەستبەجێ بیرکردنەوەی تۆرە و کینەئامێز لەناو مێشکی خەڵکدا بناسێتەوە. ئایا ئەمە بە ڕاستی کاریگەر دەبێ؟ کێ چووزانێ. کارێکی ژیرانەیە مێشی دەستکرد و سکانەری بیر خوێنەرەوە دروست بکەیت؟ مەرج نییە. با بڵێین وا دەبێت، لەکاتێکدا تۆ ئەم دێڕانە دەخوێنیتەوە، وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ملیۆنان دۆلار بۆ نانۆتەکنۆلۆژیا و تاقیگەکانی مێشک دەگوازێتەوە بۆ ئیشکردن لەسەر ئەم ئایدیایانە و هیتری لەم جۆرە.

ئەم فرچک گرتنە بە تەکنۆلۆژیای سەربازییەوە- لە تانکەوە بۆ بۆمبە ئەتۆمییەکان و تا مێشی سیخوڕ- بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر دیاردەیەکی تازەیە. تاوەکو سەدەی نۆزدە، زۆرینەی هەرە زۆری شۆڕشە سەربازییەکان بەرهەمی ڕێکخراوەیی بوون نەک گۆڕانی تەکنۆلۆژی. کاتێک شارستانییەتە نامۆکان بۆ یەکەم جار بەیەکتری ئاشنا بوون، هەندێ جار کەڵێنە تەکنۆلۆژییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان دەبینی. بەڵام تەنانەت لە هەر کەیسێک لە کەیسەکاندا، کەسانێکی کەم بیریان لەوە کردەوە کەڵێنی وەها دروست بکەن یان فراوان بکەن. بەهۆی جادووی تەکنۆلۆژییەوە زۆربەی ئیمپراتۆریەتەکان سەریان هەڵنەدا و فەرمانڕەواکانیان زۆر لە چاککردنی تەکنۆلۆژیا تێنەفکرین. بەهۆی تیر و کەوانی باڵاترەوە عەرەبەکان شکستیان بە ئیمپراتۆریەتی ساسانی نەهێنا، سەلجوقەکان توانای تەکنۆلۆژییان نەدەگەیشتەوە بیزەنتییەکان و مەنگۆلەکان بە یارمەتی چەکی نوێی زیرەکانە چینیان داگیر نەکرد. لە

ڕاستیدا، له هەموو ئەم کەیسانەدا شکستخووارددووەکان سوپای باڵاتر و تەکنۆلۆژیای مەدەنییان نەبوو.

بەشێوەیەکی دیاریکراو سوپای ڕۆم نموونەیەکی باشە. ئەم سوپایە لە ڕۆژگاری خۆیدا باشترین بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، لە سۆنگەی تەکنۆلۆژییەوە، ڕۆم توانای بەسەر قرتاجە، مەگدۆنیا یان ئیمپراتۆریەتی سەلجوقیدا نەبوو. تواناکەی کەوتبووە سەر ڕێکخستنی کارا، دیسپلینی ئاسنین و یەدەکی هێزی مرۆیی گەورە. سوپای ڕۆم قەت تووێژینەوەیەک و بەشێکی گەشەپێدانی بونیاد نەنا و چەکەکانی بە درێژایی چەند سەدەیەک کەم یان زۆر هەروەک خۆی مانەوە. ئەگەر لەشکرەکانی (سیپیۆ ئایمیلیانوس)- ئەو ژەنەرالەی لە سەدەی دووەمی زایینداا قرتاجەی تەخت کرد و نومانسییەکانی بەزاند- لە پرێکدا ٥٠٠ ساڵ دواتر و لە سەردەمی قوستەنتینی گەورەدا دەربکەوتایە، ئەوا (سیپیۆ) چانسێکی باشی شکستپێهێنانی قوستەنتینی دەبوو. ئێستا وێنای ئەوە بکە چی بەسەر ژنەرالێکی چەند سەدەیەک پێشتر دەهات- با بڵێین ناپلیۆن- ئەگەر ئەو، سەربازەکانی لەدژی لیوایەکی زرێپۆشی مۆدێرن ئاراستە بکردایە. ناپلیۆن تاکتیکییەکی لێهاتوو بوو و پیاوەکانی پرۆفێشناڵی بێ وێنە بوون، بەڵام شارەزایەتییەکانیان لە بەرانبەر چەک و تەقەمەنی مۆدێرندا بێ کەڵک دەبوو.

هەروەکو ڕۆم، لە چینی دێرینیشدا: زۆربەی جەنەرال و فەیلەسوفەکان پێیان وا نەبوو ئەرکیان بریتی بێت لە هێنانەکایەی چەکی نوێ. گرنگترین داهێنان لە میژووی چیندا بریتی بوو لە باروتی چەک. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندەی ئاگادار بین، باروتی چەک بەشێوەیەکی ڕێکەوت و لەلایەن کیمیاگەرێکی (سەر بە ئایینزای تاویزم) داهێنرا کە بەدوای ئەلیکسیری نەمریدا دەگەڕا. ڕووداوە

پەیوەندیدارەکانی باروتی چەک وردەکاری زیاتریشی تێدایە. لەوانەیە کەسێک پێی وابووایە کە کیمیاگەرە تاویستەکان ببوونایەتە گەورەی جیهان. لە ڕاستیدا، چینییەکان تێکەڵە نوێکەیان بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ دروستکردنی تراقە بەکاردەهێنا. تەنانەت ئەو کاتەش کە ئیمپراتۆریەتی (سۆنگ) لەبەرانبەر داگیرکاری مەنگۆلدا دارما، هیچ ئیمپراتۆریەتێک پڕۆژەیەکی مانهاتن ی سەدەکانی ناوەڕاستی بونیاد نەنا بۆئەوەی لە ڕێگەی چەکێکی قیامەتی، ئیمپراتۆریەتەکە ڕزگار بکات. تەنیا لە سەدەی پانزەدا- نزیکەی ٦٠٠ ساڵ پاش داهێنانی باروت- تۆپخانەکان بوونە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە لە شەڕگەکانی ئەفرۆ-ئاسیادا. بۆچی ئەوەندەی پێچوو تا توانای کوشندەی ئەم مادەیە لە بواری سەربازیدا خرایە کار؟ چونکە لەو سەروەختەدا وا دیار بوو کە نە پاشاکان، نە لێکۆڵەرەکان، و نە بازرگانەکان بیریان بۆ ئەوە نەچێت کە تەکنۆلۆژیای سەربازیی نوێ بتووانێت ڕزگاریان بکات یان دەوڵەمەندیان بکات.

لە سەدەی پانزەهەم و شانزەهەمدا بارودۆخەکە گۆڕا بەڵام ٢٠٠ ساڵێکی تر تێپەڕی تا زۆربەی فەرمانڕەوایان بایەخیان بە دابینکردنی پارەدا بۆ توێژینەوە و گەشەپێدانی چەکی نوێ. هێشتا لۆجیستیک و ستراتیژ نەک تەکنۆلۆژیا کاریگەری زۆر گەورەیان لەسەر دەرەنجامی جەنگەکان هەبوو. ماکینەی سەربازیی ناپلیۆن کە سوپاکانی هێزە ئەوروپییەکانی لە ئاوستێلیتز (١٨٠٥) تێکشکاند کەم یان زۆر هەمان ئەو چەکانەی پێبوو کە سوپای لویسی شانزەهەم بەکاری هێنابوو. خودی ناپلیۆن، سەرباری ئەوەی کە عەدەد تۆپ بوو، بایەخێکی کەمی بە چەکی نوێ دەدا، تەنانەت ئەگەرچی زاناکان و داهێنەران هەوڵیاندا

ڕازی بکەن بە دابینکردنی پارە بۆ گەشەپێدانی ماکینە فڕیووەکان، ژیردەریایی و ڕۆکێت.

زانست، پیشەسازی و تەکنۆلۆژیای سەربازی تەنیا لەگەڵ هاتنەکایەی سیستەمی کاپیتالیستی و شۆڕشی پیشەسازی بەیەکداچوون. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کە ئەم پەیوەندییە ڕیشەی داکوتا، جیهانی بەخێرایی وەرچەرخاند.

خەیاڵی پێشکەوتن

تاوەکو شۆڕشی زانستی، زۆربەی کەلتوورە مرۆییەکان باوەڕیان بە پێشکەوتن نەبوو. ئەوان پێیان وابوو چاخی زێڕین ئەوەتا لە ڕابردوودا و جیهان چەقی بەستووە، ئەگەر نەڵێین بەرەو خراپی دەچێت. دەشێ دەستگرتنی سنووربەند بە ژیریی چاخەکانی ڕابردووەوە سەردەمە باشە کۆنەکان بگەڕێنێتەوە و دەشێ زیرەکی مرۆڤ بەشێوەیەکی درکپێکراو ئەم لایەن یان ئەو لایەنی ژیانی ڕۆژانە چاک بکات. لەگەڵ ئەوەشدا، بە شتێکی ئەستەم دادەنرا کە شارەزایەتی مرۆڤ کێشە بنەڕەتییەکانی جیهان کۆنترۆڵ بکات. ئەگەر تەنانەت موحەمەد، عیسا، بودا و کۆنفۆشیوس- کە هەموو ئەو شتەی هەبوو دەیانزانی- نەیاندەتووانی کۆتایی بە وشکی، نەخۆشی، هەژاری و جەنگ بهێنن لە جیهاندا، چۆن چاوەڕێی ئەوە لە ئێمە دەکرێت؟.

زۆرێک لە دینەکان بڕوایان وایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مەسیح دەردەکەوێت و کۆتایی بە هەموو جەنگەکان، وشکی و تەنانەت خودی مەرگ دەهێنێت. بەڵام بیرۆکەی ئەمەی کە مرۆڤایەتی دەیتووانی لە ڕێگەی دۆزینەوەی مەعریفەی نوێ و داهێنانی ئامرازی نوێ ئەمە بکات، گەمژانە بوو- لوتبەرزانە بوو. چیرۆکی تاوەری بابڵ، چیرۆکی ئیکاروس،

چیرۆکی غولام و چەندەها ئەفسانەی تر بە خەڵکیان وت کە هەر هەوڵێک بۆ بڕینی سنووربەندییەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی حەتمی سەر دەکێشێت بۆ نائومێدی و کارەسات.

کاتێک کەلتووری مۆدێرن دانی بەوەدا نا کە زۆر شتی گرنگ هەن کە هێشتا نایزانێ و کاتێک داننان بە نەزانی لەگەڵ ئەو ئایدیایە جوتێنرا کە دەڵێت دۆزینەوە زانستییەکان دەتوانن هێزی نوێمان بدەنێ، خەڵکی دەستیانکرد بە گومانکردن لە مومکین بوونی پێشکەوتنی ڕاستەقینە. لەکاتێکدا کە زانست دەستیکرد بە چارەسەرکردنی کێشە لەدوای کێشەی چارەسەرنەکراو، زۆر کەس گەیشتنە ئەو قەناعەتەی کە مرۆڤایەتی دەتوانێت هەر کێشەیەک لە کێشەکان لەرێگەی بەدەستهێنان و پیادەکردنی زانینی نوێ کۆنترۆڵ بکات. هەژاری، نەخۆشی، وشکی، پیری و خودی مەرگ چارەنووسی حەتمی مرۆڤایەتی نەبوون. ئەمانە تەنیا بەرهەمی نەزانیمان بوون.

نموونەیەکی بەناوبانگ بریتییە لە هەورەتریشقە. زۆرێک لە کەلتوورەکان بڕوایان وابوو کە هەورە تریشقە بریتییە لە چەکوشی خودای تۆرە، کە بۆ سزادانی گوناهباران بووە. لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا، لە یەکێک لە تاقیکردنەوە هەرە ستایشکراوەکان لە مێژووی زانستیدا، بێنجامین فرانکلین لەکاتی زریانێکی پڕ هەورەتریشقەدا کۆلارەیەکی هەڵدایە ئاسمان بۆ تاقیکردنەوەی ئەو گریمانەیەی کە هەورە تریشقە تەنیا تەوژمێکی کارەباییە. چاودێرییە ئەزموونییەکانی فرانکلین، هاوشانی مەعریفەکەی لەمەڕ تایبەتمەندییەکانی وزەی کارەبا، توانای پێدا تا کارەباگیر دابهێنێت و جادووی خواکان ئاشکرا بکات.

هەژاری، کەیسێکی تره. زۆرێک لە کەلتوورەکان هەژارییان وەکو بەشێکی حەتمی ئەم جیهانە ناتەواوە پێشان داوە. بەپێی کتێبی (عهد

جدید)، بەماوەیەکی کورت پێش لەخاچدانەکە، ژنێک عیسای بە ڕۆنێکی گرانبەهای ٣٠٠ دیناری چەور کردووە. شوێنکەوتووانی عیسا ژنەکەیان سەرکۆنە کرد لەبەرانبەر بەفیڕۆدانی ئەو پارە زۆرە لەبری ئەوەی بیداتە هەژاران، بەڵام عیسا بەرگری لێکرد و وتی (هەژاران هەمیشە لەگەڵتا دەبن و تۆ دەتوانیت هەر کاتێک بتەوێ یارمەتییان بدەیت. بەڵام منت هەمیشە لەگەڵ نابێ). ئەمڕۆکە خەڵکێکی کەم و کەمتر، و ژمارەیەکی کەم و کەمتری مەسیحی، لەسەر ئەم بابەتە لەگەڵ عیسادا هاوڕان. هەژاری پەیتا پەیتا زیاتر وەکو کێشەیەکی تەکنیکی دەبینرێ کە قابیلی دەستێوەردانە. ژیری باو دەڵێت سیاسەتەکانی بونیاد نراو لەسەر دواپین ئەنجامگیرییەکان لە کشتوکاڵ ناسی، ئابووریناسی، پزیشکی و کۆمەڵناسیدا دەتوانن هەژاری بنبڕ بکەن.

لە ڕاستیشدا، زۆر بەشی جیهان هەنوکە لە خراپترین فۆرمەکانی بێبەشبوون ڕزگار کراوە. بەدرێژایی مێژوو، کۆمەڵگاکان بەدەست دوو جۆری هەژاریەوە نالاندوویانە: هەژاری کۆمەڵایەتی، کە دەرفەتی بەردەم ئەوانیتر لە هەندێ کەس دەستێنێتەوە، و هەژاری بایۆلۆژی، کە ژیانی تاکەکەسان دەخاتە مەترسییەوە بەهۆی نەبوونی خۆراک و پەناگەوە. لەوانەیە هەژاری کۆمەڵایەتی قەت ڕیشەکێش نەکرێت، بەڵام لە زۆر وڵاتی سەرانسەری جیهاندا هەژاری بایۆلۆژی شتێکی ڕابردووە.

تاوەکو ئەم دواییەدا، زۆربەی خەڵکی زۆر لە سنووری هەژاریی بایۆلۆژی نزیک کەوتوونەتەوە، سنوورێک کە لە خواریەوە، مرۆڤ ئەوەندە کاڵۆری لێ کەم دەبێ بەرگەی ماوەیەکی درێژی ژیان نەگرێ. تەنانەت هەڵە و نەگبەتی بە ئاسانی دەتوانێ خەڵکی بەرەو ژێر ئەو هێڵە و بەرەو لەبرسامردن ببات. کارەساتە سروشتییەکان و بەڵا دەستکردەکانی مرۆڤ زۆرجار سەرتاپای دانیشتووانیان بەرەو هەڵدێر بردووە و بوونەتە هۆی

مردنی ملیۆنان کەس. ئەمڕۆکە زۆربەی دانیشتووانی جیهان تۆڕێکی پارێزگاری کۆمەڵایەتی دەیانگرێتەوە. تاکەکان لەبەرانبەر نەگبەتی و لە ڕێگەی بیمە، ئاسایشی کۆمەلایەتی حکومەتی و چەندەها ڕێکخراوی لۆکاڵ و نێودەوڵەتی پارێزگارییان لێدەکرێت. کاتێک کارەسات لە سەرانسەری ناوچەیەک دەدات، زۆرجار تەقەلای بۆژاندنەوەی جیهانی سەرکەوتوون لە ڕێگریکردن لە خراپتربوونی بارودۆخەکە. هێشتاش خەڵکی بەدەست چەندەها ڕیسوایی و نەخۆشی پەیوەست بە هەژاری دەنالێنن، بەڵام لە زۆربەی وڵاتاندا کەس لە برسا نامرێت. لە ڕاستیدا، لە زۆر کۆمەڵگەدا خەڵکێکی زۆرتر لە مەترسی مردندان بەهۆی قەڵەوی نەک برسێتی.

پرۆژەی گەلگامێش

لە هەموو کێشە بە ڕوالەت چارەسەرنەکراوەکانی مرۆڤایەتی، یەکێک لەو کێشانە لەهەموویان هەراسانکەرتر و گرنگتر و سەرنجڕاکێشترە: کێشەی خودی مردن. پێش سەرەتاکانی سەردەمی مۆدێرن، زۆربەی ئایین و ئایدۆلۆژیاکان بە شتێکی حاشاهەڵنەگریان دەبینی کە مەرگ چارەنووسی حەتمی ئێمەیە. سەرباری ئەمەش، زۆربەی دینەکان مەرگیان کردە سەرچاوەی سەرەکی مانا لە ژیاندا. هەوڵ بدە وێنای ئیسلام، مەسیحییەت یان ئایینی میسری کۆن بکەیت لە جیهانێکدا بەبێ مردن. ئەم بیروباوەڕە ئەوەی فێری خەڵک کرد کە دەبێ خۆیان لەگەڵ مردندا بگونجێنن و هیوایان بە ژیانی ئەودیو هەبێت، نەک ئەوەی کە بەسەر مەرگدا زاڵ بن و لێرە لەسەر زەوی بۆ تاهەتایە بژین. باشترین ئەقڵ قاڵ بوو بە پێدانی مانا بە مەرگ، نەک هەوڵدان بۆ ڕاکردن لێی.

ئەمە بیرۆکەی کۆنترین ئەفسانە بوو کە بۆمان مایەوە- ئەفسانەی گەلگامێشی سومەری کۆن. پاڵەوانەکەی بریتییە لە بەهێزترین و بەتواناترین پیاو لە جیهاندا، پاشا گەلگامێشی ئوروک، کە دەیتووانی هەر کەسێک لە شەڕدا ببەزێنێت. ڕۆژێک لە ڕۆژان، باشترین هاوڕێی گەلگامێش، ئەنکیدۆ، مرد. گەلگامێش لای لاشەکەوە دانیشت و بۆ چەندەها ڕۆژ چاودێری کرد، تا ئەو کاتەی کە بینی کرمێک لە لوتی هاوڕێکەی دێتە دەرەوە. لەو ساتەدا گەلگامێش ترسێکی گەورە بەرۆکی گرت و مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە خۆی قەت نامرێت. ئەو بەشێوەیەک لە شێوەکان ڕێگەیەک بۆ بەزاندنی مەرگ دەدۆزێتەوە. پاشان گەلگامێش گەشتێکی بەرەو کۆتایی گەردوون گرتەبەر، شێری کوشتن، ڕووبەڕووی پیاوە دوپشک ئاساکان بووەوە و خۆی گەیاندە جیهانی ژیرەوە. لەوێ زەبەلاحە بەردینەکانی ئورشانابی و بەلەمەوانەکەی ڕووباری مردووی تێکشکاند و ئوتناپیشتیم-ی دۆزییەوە کە دوایین پاشماوەی لافاوە بەراییەکە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، گەلگامێش لە گەشتەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو. ئەو بەدەستی بەتاڵەوە گەڕایەوە ماڵەوە، وەکو پێشووش مەرگی لەپێش بوو، بەڵام ژیرییەکی نوێی بەدەستهێنا. گەلگامێش فێری ئەوە ببوو کە، کاتێک خوداکان مرۆڤیان دروستکرد، مەرگیان کردە چارەنووسی حەتمی و دەبێ مرۆڤ فێری ئەوە بێت لەگەڵیدا هەڵکات.

موریدانی پێشکەوتن ئەم تێڕوانینە شکستگەرایانەیە ئاڵوگۆڕ ناکەن. بەڵای پیاوانی زانستەوە، مەرگ چارەنووسی حەتمی مرۆڤ نییە، بەڵکو تەنیا کێشەیەکی تەکنیکییە. خەڵکی نەک لەبەر ئەوەی خواکان فەرمانیان کردووە بەڵکو بەهۆی چەندەها خەڵەلی تەکنیکییەوە دەمرن- جەڵتەی دڵ، شێرپەنجە، ئاوسان. هەر کێشەیەکی تەکنیکیش

چارەسەرێکی تەکنیکی هەیە. ئەگەر دڵ تێکچوو، دەکرێ بە ئامێرێکی بزوێنەر ڕێکبخرێت یان دڵێکی نوێی بخرێتە شوێنی. ئەگەر شێرپەنجە ڕوویدا، دەکرێ بە دەرمان یان تیشک لەنێو ببرێت. ئەگەر زۆربوونی بەکتریا ڕووبدات، دەکرێ بە ئەنتی بایۆتیک کۆنترۆڵ بکرێت. ڕاستە لە ئێستادا ناتووانین هەموو کێشە تەکنیکییەکان چارەسەر بکەین. بەڵام ئیشیان لەسەر دەکەین. باشترین ئەقڵەکانمان لە هەوڵی بەخشینی مانا بە مەرگ کات بەفیڕۆ نادەن. لەبری ئەمە، سەرقاڵن بە لێکۆڵینەوە لەو سیستەمە فزیۆلۆژییە، هۆرمۆنییە و بۆهێلییەی کە بەرپرسن لە نەخۆشی و پیری. ئەوان دەرمانی نوێ، چارەسەری شۆڕشگێڕانە و ئۆرگانی دەستکرد گەلاڵە دەکەن کە ژیانمان درێژ دەکەنەوە و لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان خودی مەرگیش ببەزێنێت.

تاوەکو ئەم دواییە، گوێت لە زاناکان یان هەر کەسێکی تر نەدەبوو وەها بە ڕاشکاوانە قسە بکەن. ئەوان بە مکوڕییەوە دەیانگوت (شکست بە مەرگ بێنیت؟ قسەی پوچ! ئێمە تەنیا هەوڵ دەدەین شێرپەنجە، سیل و زەهایمەر چارەسەر بکەین). خەڵکی خۆیان لە پرسی مەرگ لادەدا چونکە ئامانجەکە وەهم ئامێز بوو. بۆچی پێشبینی نامەعقول بهێنیتە کایەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە ئێستا لە خاڵێکداین کە تیایدا دەتووانین لەبارەیەوە ڕاشکاو بین. پرۆژەی سەرەکی شۆڕشی زانستی بریتییە لەوەی ژیانی تاهەتایی بدەیتە مرۆڤایەتی. تەنانەت ئەگەرچی کوشتنی مەرگ ئامانجێکی دوورەدەست دیار بێت، ئێمە هەنوکە ئەو شتانەمان بەدەست هێناوە کە پێش چەند سەدەیەک وێنانەکراو بوون. لە ساڵی ١١٩٩، پاشا (ریچاردی لایەنهارت) تیرێک بە شانی چەپی کەوت. ئەمڕۆکە ئێمە دەمانگوت تووشی برینێکی لاوەکی بووە. بەڵام لە ساڵی ١١٩٩، لە غیابی ئەنتی بایۆتیک و میتۆدەکانی پاککردنەوە، ئەم

برینه بچوکەی گۆشت دەئاوسا و گانگرین دروست دەبوو. تاکە ڕێگە بۆ وەستاندنی بڵاوبوونەوەی گانگرین لە سەدەی دوانزەی ئەوروپادا بڕینەوەی پەلەکە بوو، کە ئەستەم بوو کاتێک ئاوسانەکە لە شاندا بوو. گانگرینەکە بە جەستەی لایانهارتدا بڵاو بووەوە و کەس نەیتووانی یارمەتی پاشا بدات. ئەو پاش دوو هەفتە بە ئێشێکی زۆرەوە گیانی سپارد.

هەر لە سەدەی نۆزدەدا، باشترین دکتۆرەکان هێشتا نەیاندەزانی چۆن ڕێگر بن لە ئاوسان و وەستاندنی ڕزینی شانەکان. لە نەخۆشخانە گەڕۆکەکاندا، دکتۆرەکان لە ترسی گانگرین بەشێوەیەکی ڕۆتینی دەست و قاچی ئەو سەربازانەیان دەبڕیەوە کە تەنانەت تووشی برینێکی بچوک دەبوون لە پەلەکاندا. ئەم پەل بڕینەوانە، هەروەها هەموو ڕێوشوێنە پزیشکییەکانی تر (وەکو دان دەرهێنان)، بەبێ بەنج ئەنجام دەدران. یەکەم بەنج- ئیسەر، کلۆرۆفۆرم و مۆرفین- لە پزیشکیی خۆرئاواییدا، تەنیا لە ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەدا خرایە بەکارهێنان. پێش داهاتنی کلۆرۆفۆرم، دەبووایە چوار سەرباز هاوەڵێکی برینداریان بگرن لەکاتێکدا کە دکتۆرەکە پەلە بریندارەکەی دەبڕییەوە. لە بەرەبەیانی پاش شەڕی وەتەرلۆ (١٨١٥)، تەپۆلکەیەک لە باسک و قاچی بڕاوە لە نزیک نەخۆشخانە گەڕۆکەکان دەبینران. لەو ڕۆژگارەدا، ئەو دارتاش و قەسابانەی کە بۆ سوپا ناونوس دەکران زۆرجار دەنێردران بۆ ناو گروپە پزیشکییەکان، چونکە نەشتەرگەری پێویستی بە شتێک زیاتر لە ئاشنایەتی لەگەڵ چەقۆ و مشار هەبوو.

دوو سەدە پاش وەتەرلۆ، شتەکان بێ ڕادە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. حەب، دەرزی و نەشتەرگەریی ئاڵۆز لە چەندەها نەخۆشی ڕزگارمان دەکەن کە جارێک لە جاران مەرگێکی حەتمییان بەدواوە بوو. ئەمانە

بەهەمان شێوە لە چەندەها ئازار و ناڕەحەتی ڕۆژانە دەمانپارێزن کە خەڵکی پێش مۆدێرن هەروا بە بەشێک لە ژیان دەیانبینین. تێکڕای تەمەن لە نزیکەی بیست و پێنج ساڵەوە بۆ چل ساڵ، بۆ شەست و حەوت ساڵ لە سەرانسەری جیهاندا و بۆ نزیکی هەشتا ساڵ لە جیهانی پێشکەوتوو، بازیدا.

هەرچی پەیوەندی بە بواری مردنی منالانەوە هەیە، مەرگ بەشێوەیەکی بەرچاو پاشەکشێی کردووە. تاوەکو سەدەی بیستەم، لەنێوان چواریەک بۆ سێ یەکی منالانی کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان قەت نەدەگەیشتنە قۆناغی پێگەیشتوویی. زۆربەیان تووشی نەخۆشییەکانی منالی دەبوون، وەکو دیفتێریا، سوورێژە و دڕکە و مێکوتە. لە سەدەی حەڤدەی ئینگلتەرەدا، ١٥٠ لە ١٠٠٠ کۆرپە لەماوەی یەکەم ساڵیاندا دەمردن و یەک لە سەر سێی هەموو منالان پێش ئەوەی بگەنە پانزە ساڵی دەمردن. ئەمڕۆکە، تەنیا پێنج لە ١٠٠٠ کۆرپەی ئینگلیز لەماوەی یەکەم ساڵی تەمەنیاندا دەمرن و تەنیا ٧ لە ١٠٠٠ پێش تەمەنی پانزە ساڵی دەمرن.

ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی بەلاوەنانی ئامار و گێڕانەوەی هەندێ چیرۆک لە کاریگەری ئەم ژمارانە تێبگەین. نموونەیەکی باش، خانەوادەی پاشا ئێدواردی یەکەمی ئینگلتەرە (١٢٣٧-١٣٠٧) و شازنە ئیلینۆر (١٢٤١-٩٠)ی هاوسەریەتی. منالەکانیان لە باشترین هەلومەرج و دەوڵەمەندترین ژینگەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا بوون. ئەوان لە کۆشکەکاندا دەژیان، چەندەی خواردنیان حەز لێ بووایە دەیانخوارد، بڕێکی زۆر پۆشاکی گەرم و ئاگردانی داگیرساو، خاوێنترین ئاو، سوپایەک لە کارەکەر و باشترین دکتۆریان هەبوو. سەرچاوەکان دەڵێن شازنە ئیلینۆر لەنێوان ١٢٥٥ بۆ ١٢٨٤، شانزە منالی بووە کە:

١- کچێکی نەناسراو، لە ساڵی ١٢٥٥ لەدایک بووە، لەگەڵ لەدایکبووندا مردووە.

٢- کچێک بەناوی کاسرین، یان لە تەمەنی یەک ساڵی یان لە تەمەنی سێ ساڵیدا مردووە.

٣- کچێک بەناوی جوان، لە تەمەنی شەش مانگیدا مردووە.

٤- کوڕێک بەناوی جۆن، لەتەمەنی پێنج ساڵیدا مردووە.

٥- کوڕێک بەناوی هێنری، لە تەمەنی شەش ساڵیدا مردووە.

٦- کچێک بەناوی ئێلینور، لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا مردووە.

٧- کچێکی نەناسراو کە لە تەمەنی پێنج مانگیدا مردووە.

٨- کچێک بەناوی جوان لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا مردووە.

٩- کوڕێک بەناوی ئالفۆنسۆ کە لەتەمەنی ١٠ ساڵیدا مردووە.

١٠- کچێک بەناوی مارگارێت کە لە تەمەنی پەنجا و هەشت ساڵیدا مردووە.

١١- کچێک بەناوی بێرێنگێریا کە لە تەمەنی دوو ساڵیدا مردووە.

١٢- کچێکی نەناسراو کە بەماوەیەکی کورت پاش لەدایکبوون مردووە.

١٣- کچێک بەناوی ماری کە لە تەمەنی پەنجاوسێ ساڵیدا مردووە.

١٤- کوڕێکی نەناسراو کە بەماوەیەکی کورت پاش لەدایکبوون مردووە.

١٥- کچێک بەناوی ئێلیزابێس، کە لە تەمەنی سی و چوار ساڵیدا مردووە.

١٦- کوڕێک بەناوی ئێدوارد.

گەنجترینی منالەکان، ئێدوارد، یەکەمینی منالەکان بوو کە لە ساڵانی مەترسیداری منالێتیدا زیندوو مایەوە و لە سەروەختی مردنی

باوکیدا تاجی پاشایەتی ئینگلیزی وەکو پاشا ئێدواردی دووەم خستە سەر. بە دەربڕینێکی تر، ئێلینۆر شانزە جار هەوڵی داوە تا بنەڕەتیترین ئەرکی شاژنێکی ئینگلیز ڕاپەڕێنێت- بۆ دابینکردنی میراتگرێکی نێرینە بۆ مێردەکەی. دەبێ دایکی ئێدواردی دووەم ژنێکی خاوەن ئەوپەڕی تەحەمول و توانا بووبێت. بەڵام ئەو ژنەی ئێدوارد کردی بە هاوسەری خۆی، واتە ئێلیزابێسی فەرەنسا، وەها دەرنەچوو. ئەو، ئێدواردی لە تەمەنی چل و سێ ساڵیدا بە کوشتندا.

بەپێی باشترین زانیاریمان، ئێلینۆر و ئێدواردی یەکەم، جوتێکی تەندروست بوون و هیچ نەخۆشییەکی بۆماوەییان بۆ منداڵەکانیان نەگواستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دە لە شانزە منداڵ- ٦٢%- لەماوەی منالیدا مردن. تەنیا شەشیان لەسەروو تەمەنی یانزە ساڵی ژیان و تەنیا سیانیان-واتە ١٨%- لەسەروو تەمەنی چل ساڵی ژیان. سەرەڕای ئەم منداڵ خستنەوانە، ڕێی تێدەچێت ئێلینۆر چەند سکێکیشی هەبووبێت کە لەباری چووبن. بەشێوەیەکی تێکڕایی، ئێدوارد و ئێلینۆر هەر سێ ساڵ جارێک منداڵێکیان مردووە، ١٠ منداڵ یەک لەدوای یەک. تەقریبەن ئەستەمە دایک و باوکێکی ئەمڕۆ وێنای لەدەستچوونێکی وەها بکەن.

پرۆژەی گەلگامێش- گەڕان بەدوای نەمریدا- چەنێکی پێدەچوو تا تەواو دەبوو؟ سەد ساڵ؟ پێنج سەد ساڵ؟ هەزار ساڵ؟ کاتێک ئێمە بیر خۆمانی دەخەینەوە کە لە ساڵی ١٩٠٠چەنێک کەمان لەبارەی جەستەی مرۆڤ زانیووە و تەنیا لە سەدەیەکدا چەنێک مەعریفەمان بەدەست هێناوە، هۆکارێک بۆ گەشبینی هەیە. ئەندازیارانی بۆهێڵ بەم دواییانە توانییان تەمەنی کرمی (کاینۆرهابیتیس ئیلیگانس) دووقات زیاد بکەن. ئایا دەتووانن بۆ مرۆڤی هۆشمەندیش هەمان شت بکەن؟ شارەزایانی نانۆ تەکنۆلۆژی سیستەمێکی بەرگری دەستکرد پەرەپێدەدەن کە لە ملیۆنان

نانۆ ڕۆبۆت پێکهاتووه، که له جەستەماندا جێگیر دەکرێن، دەماری خوێنی گیراو دەکەنەوە، لەدژی ڤایرۆس و بەکتریا دەجەنگن، خانە شێرپەنجەییەکان بنبڕ دەکەن و تەنانەت پرۆسەی بەساڵاچوون پێچەوانە دەکەنەوە. چەند لێکۆڵەرێکی جددی دەڵێن بەهاتنی ٢٠٥٠، هەندێ لە مرۆڤەکان دەبنە دژەمەرگ (نەک نەمر، چونکە دەشێ بەهۆی ڕووداوێک لە ڕووداوەکان هەر بمرن، بەڵام دژەمەرگ دەبن، واتە لە نەبوونی ڕووداوێکی کوشندەدا دەشێ ژیانیان بێسنوور درێژ بێتەوە).

ئەمەی کە پرۆژەی گەلگامێش سەرکەوتوو بێت یان نا، لە ڕوانگەی مێژوونووسییەوە سەرسوڕهێنە ببینین کە زۆربەی ئایدۆلۆژیا و ئایینەکانی درەنگانی سەردەمی مۆدێرن هەنوکە مەرگ و ئەودیوی ژیانیان لە هاوکێشەکە هێناوەتە دەرەوە. تاوەکو سەدەی هەژدە، ئایینەکان مەرگ و دەرەنجامەکەیان کردبووە چەقی مانای ژیان. لە سەدەی هەژدەوە، ئایینەکان و ئایدۆلۆژیاکانی وەکو لیبرالیزم، سۆسیالیزم و فێمینیزم چیتر بایەخیان بە پاش ژیان نەدا. پاش ئەوەی کۆمەنیستێک دەمرێت، چی بەسەردێت؟ کاپیتالیستێک چی بەسەر دێت؟ بێ کەڵکە لە نووسینەکانی مارکس، ئادەم سمیس یان سیمۆن دی بۆڤوار دا بۆ وەڵامەکە بگەڕێیت. تاکە ئایدۆلۆژیای مۆدێرن کە هێشتا ڕۆڵێکی سەنتەری بە مەرگ دەدات ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم لە ساتە شاعیرانە و نائومێدەکانیدا بەڵێنی ئەوە دەدات هەر کەسێک لەپێناو نەتەوەدا بمرێت ئەوا تاهەتایە لە یادەوەرییە دەستەجەمعییەکەیدا دەمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم بەڵێنە ئەوەندە تەماوییە کە تەنانەت ناسیۆنالیستەکانیش بە ڕاستی نازانن چی لێ هەڵێنجن.

باوکە فریودەرەی زانست

ئێمە لە سەردەمێکی تەکنیکیدا دەژین. زۆر کەس قەناعەتی هاتووە بەوەی کە زانست و تەکنۆلۆژیا وەڵامەکانی هەموو کێشەکانی پێیە. دەبێ ئێمە ڕێگە بە زاناکان و تەکنیکییەکان بدەین لە کارەکەیان بەردەوام بن و ئەوان بەهەشت لەسەر زەوی دروست دەکەن. بەڵام زانست پڕۆژەیەک نییە کە لەسەر فڕۆکەیەکی ئەخلاقی یان ڕۆحیی بااڵ ڕووبدات کە بەسەر هەموو چالاکییە مرۆییەکانی تردا بێت. وەکو هەموو بەشەکانی تری کەلتوور، ئەمە لەڕێگەی بەرژەوەندییە ئابووری، سیاسی و ئایینییەکانەوە پێکدێت.

زانست شتێکی زۆر گرانبەهایە. گەڕانێکی بایۆلۆژی بەدوای تێگەیشتن لە سیستەمی بەرگری مرۆڤ پێویستی بە تاقیگە، تیوبەکانی پشکنین، مەوادی کیمیایی و مایکرۆسکۆپی ئەلەکترۆنی هەیە، یاریدەدەری تاقیگە، کارەباچی، وەستا و خاوێنکەرەوە ئەوە هەر هیچ. ئابووریناسێک کە دەیەوێ مۆدێلی بازاڕەکانی ئەوراقی قەرز لەبەر بگرێتەوە، ئەوا دەبێ چەند کۆمپیوتەرێک بکڕێت، چەند داتا بانکێکی گەورە دابنێت و پڕۆگرامی ئاڵۆزی پڕۆسێسکردنی داتا بونیاد بنێت. ئارکیۆلۆژیستێک کە هیواداره لە ڕەفتاری ڕاوکەر-کۆکەرەوە کۆنەکان تێبگات دەبێ بەرەو سەرزەمینە دوورەکان بڕوات، پاشەواره دێرینەکان کۆڵێن بکات و بەروار بۆ ئێسقانی بەبەردبوو و کەلوپەل دابنێت. هەموو ئەمانە پارەیان تێدەچێت.

لەماوەی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوودا زانستی مۆدێرن شتی سەیروسەمەرەی بەدەست هێناوە، ئەمەش بەشی زۆری بەهۆی ئامادەیی حکومەتەکان، کۆمپانیاکان، دامەزراوەکان و پارەبەخشە تایبەتەکانەوەیە بۆ

ئاراستەکردنی ملیاردەها دۆلار بۆ توێژینەوەی زانستی. ئەم ملیاردەها دۆلارە شتێکی زۆرتریان کردووە بۆ زانیاری خستنەڕوو لەمەڕ گەردوون، هەسارە و کەتەلۆگ گردنی مەملەکەتی ئاژەڵ بە بەراورد بەوەی گالیلۆ و کۆڵەمبەس و چارلس داروین کردیان. ئەگەر ئەم بلیمەتانە قەت لەدایک نەبوونایە، ئەوا لەوانەبوو قوڵبینییەکانیان لەلایەن ئەوانیترەوە گەڵاڵە بکرایە. بەڵام ئەگەر پارەدابینکردنێکی ڕێک وپێک نەبووایە ئەوا هیچ لێهاتوویەکی فیکری ئەمەی قەرەبوو نەدەکردەوە. بۆ نموونە، ئەگەر داروین قەت لەدایک نەبووایە، ئەوا ئەمڕۆکە تیۆرەی پەرەگرتنمان دەبەستەوە بە (ئەلفرێد ڕوسێل والاس) کە لە ڕێگەی (هەڵبژاردنی سروشتی) و بەشێوەیەکی جودا لە چارلز داروین و چەند سااێک دوای ئەو، بیرۆکەی پەرەگرتن ی گەڵاڵەکرد. بەڵام ئەگەر هێزە ئەوروپییەکان پارەیان بۆ توێژینەوەی جوگرافی، ئاژەڵناسی و ڕووەکناسی لەسەرانسەری جیهان دابین نەکردایە، ئەوا نە داروین و نە والاس داتای ئەزموونیی پێویستیان نەدەبوو بۆ گەڵاڵەکردنی تیۆرەی پەرەگرتن. ئەگەری هەیە ئەوان تەنانەت هەوڵیشیان نەدایە.

بۆچی ملیاردەها دۆلار لە چەکمەجەکانی حکومەت و کۆمپانیاوە هەڵڕژایە ناو تاقیگەکان و زانکۆکان؟ لە بازنە ئەکادیمییەکاندا، زۆر کەس ئەوەندە ساویلکەن کە بڕوا بە زانستی بێگەرد دەکەن. ئەوان بڕوایان وایە کە حکومەت و کۆمپانیا بەشێوەیەکی خاکەڕایانە پارەیان دەدەنێ بۆئەوەی سۆراخی هەر پڕۆژەیەکی توێژینەوە بکەن کە ئارەزوومەندییان دەجوڵێنێت. بەڵام ئەمە بە زەحمەت گوزارشت دەکات لە واقعیەتەکانی پارە دابینکردن بۆ زانست.

زۆربەی توێژینەوە زانستییەکان لەبەرئەوە پارەیان بۆ دابین دەکرێت چونکە کەسێک بڕوایە وای دەتووانێت یارمەتیدەر بێ بۆ بەدەستهێنانی

ئامانجێکی سیاسی، ئابووری یان ئایینی. بۆ نموونە، لە سەدەی شانزەدا، پاشاکان و خاوەن بانکەکان بڕی زۆر لە سەرچاوەیان بۆ پارەدابینکردن بۆ گەشتە جیۆگرافیەکان بە سەرانسەری جیهاندا ئاراستە کرد بەڵام فلسێکیان بۆ تووێژینەوەی سایکۆلۆژی منداڵ نەخستەڕوو. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو کە پاشاکان و خاوەن بانکەکان پێیان وابوو دۆزینەوەی مەعریفەی جیۆگرافی توانایان دەداتێ سەرزەمینی نوێ داگیر بکەن و ئیمپراتۆریەتی بازرگانی بونیاد بنێن، لەکاتێکدا کە نەیاندەتووانی هیچ قازانجێک لە تێگەیشتن لە سایکۆلۆژیای منداڵ بەدی بکەن.

لە ١٩٤٠ەکاندا، حکومەتەکانی ئەمریکا و سۆڤێت بڕێکی زۆر لە سەرچاوەکانیان بۆ تووێژینەوەی فیزیای ناوکی ئاراستە کرد نەک ئارکیۆلۆژیای بن ئاو. ئەوان پێیان وابوو تاووتوێکردنی فیزیای ناوکی توانایان دەداتێ چەکی ناوکی گەلاڵە بکەن لەکاتێکدا کە ئارکیۆلۆژیای بن ئاو ڕێی تێ ناچێت ببێتە هۆی بردنەوەی جەنگ. زاناکان خۆیان هەمیشە بەئاگا نین لەو بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری و ئایینییانەی لێشاوی پارە کۆنترۆڵ دەکەن ، لە ڕاستیدا زۆرێک لە زاناکان هەر لەبەر خاتری سۆراخکردنی فیکری دەیکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، زاناکان تەنیا بەشێوەیەکی دەگمەن ئەجێندای زانستی دەسەپێنن.

تەنانەت ئەگەر ئێمە ویستمان پارە بۆ زانستی بێگەرد و بەدەر لە بەرژەوەندییە سیاسی، ئابووری و ئایینییەکان دابین بکەین، لەوانەیە ئەستەم بێت. دواجار سەرچاوەکانمان سنووردارن. داوا لە کۆنگرێسمانێک بکە چەند ملیۆن دۆلارێکی تر بۆ دامەزراوەی زانستی نەتەوەیی تەرخان بکات بۆ تووێژینەوەی بنچینەیی و ئەو پاساو دێنێتەوە و پرسیار دەکات ئاخۆ باشتر نابێ پارەکە بخرێتە پێناو ڕاهێنانی مامۆستا یان بڕینی زیادەی باج لەسەر کارگەیەکی گرفتار لە ناوچەکەی. بۆ

ئاراستەکردنی سەرچاوەی سنووردار پێویستە وەڵامی پرسیارێکی وەها بدەینەوە (چ شتێک گرنگترە؟) و (چ شتێک باشە؟) و ئەمانە پرسیاری زانستی نین. زانست دەتوانێ ڕوونی بکاتەوە چ شتێک لە جیهاندا بوونی هەیە، شتەکان چۆن کار دەکەن و چ شتێک دەشێ لە ئایندەدا هەبێ. لە سۆنگەی پێناسەوە، زانست هیچ ڕواڵەتکارییەکی نییە بەرانبەر زانینی ئەمەی کە دەبێ لە ئایندەدا چی هەبێ. تەنیا ئایینەکان و ئایدۆلۆژییەکان وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە دەدەنەوە.

ئەم نادڵنیاییە لەبەرچاو بگرە: دوو بایۆلۆژیست لەهەمان بەش، هەمان شارەزایەتی پیشەییان هەیە، هەردووکیان داواکارییان خستووەتە ڕوو بۆ کۆمەکێکی یەک ملیۆن دۆلاری بۆ دابینکردنی پارە بۆ پڕۆژەکانی توێژینەوەیان. پرۆفیسۆر (سلوگۆرن) دەیەوێ تاووتوێی نەخۆشییەک بکات کە تووشی گوانەکانی مانگا دەبێت و بە ڕێژەی ١٠% بەرهەمی شیریان کەم دەکاتەوە. پرۆفێسۆر سپراوت دەیەوێ تاووتوێی ئەوە بکات ئاخۆ مانگاکان لە ڕووی دەروونییەوە ئازار دەچێژن کە لە گۆلکەکانیان جیا بکرێنەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە بڕە پارەکە سنووردارە و ئەستەمە پارە بۆ هەردوو پڕۆژەکە دابین بکرێ، دەبێ کامیان پارەکە وەرگرێت؟.

ئەم پرسیارە وەڵامی زانستی نییە. تەنیا وەڵامی سیاسی، ئابووری و ئایینی بۆ هەیە. لە جیهانی ئەمڕۆدا، ئاشکرایە کە (سلوگۆرن) چانسێکی باشتری هەیە لە بەدەستهێنانی پارەدا. نەک لەبەرئەوەی نەخۆشی گوان لەڕووی زانستییەوە جێ سەرنجترە لە دەروونی مانگا، بەڵکو لەبەرئەوەی پیشەسازیی شیرەمەنی، کە سوود لە توێژینەوەکە وەردەگرێت، کاریگەری سیاسی و ئابووریی زیاتری لەسەر لۆبیی مافەکانی ئاژەڵ هەیە.

لەوانەیە لە کۆمەڵگەیەکی هیندۆسی بەرتەسکدا، کە تیایدا مانگاکان پیرۆزن، یان لە کۆمەڵگەیەکدا کە پابەندە بە مافەکانی ئاژەڵەوە، پرۆفیسۆر سپراوت چانسێکی زیاتری هەبووایە. بەڵام تا ئەو جێیەی کە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژیت کە گرنگی دەدات بە لایەنی بازرگانیی شیر و تەندروستی هاوڵاتییە مرۆڤەکانی نەک هەستەکانی مانگا، ئەوا باشترە بە ڕەشنووسی توێژینەوەکەیدا بچێتەوە بۆئەوەی ئەو گریمانانە لەبەرچاو بگرێت. بۆ نموونە، دەشێ بنووسێت (خەمۆکێ سەردەکێشێت بۆ کەمبوونەوەی بەرهەمی شیر. ئەگەر ئێمە لە جیهانی دەروونیی مانگاکانی شیر تێبگەین، ئەوا دەتووانین دەرمانێکی دەروونی گەڵاڵە بکەین کە میزاجیان چاک دەکات و لێرەوە بەرهەمهێنانی شیر بۆ سەروو ١٠% بەرز بکاتەوە. من وایدەخەملێنم کە بازارێکی جیهانیی ساڵانەی ٢٥٠ ملیۆن دۆلار هەبێت بۆ دەرمانەکانی چارەسەری دەروونی مەڕومااڵت).

زانست ناتووانێت ئەولەویەتەکانی خۆی دابنێت. زانست بەهەمان شێوە ناتووانێت ئەوە دەستنیشان بکات کە چی لە دۆزینەوەکانی بکات. بۆ نموونە، لە ڕوانگەیەکی زانستی بێگەردەوە، ڕوون نییە ئاخۆ ئێمە دەبێ چی لە تێگەیشتنی زیادبوومان بکەین لە زانستی بۆهێڵ. ئایا دەبێ ئەم مەعریفەیە بەکاربهێنین بۆ چارەسەرکردنی شێرپەنجە، نەژادی سوپەرمرۆڤێکی لەڕووی بۆهێڵییەوە ئەندازەکراو دروست بکەین، یان ئەندازەکاری ئەو مانگا شیردەرانە بکەین کە گوانیان سوپەر سایزە؟ ڕوونە کە حکومەتێکی لیبراڵ، حکومەتێکی کۆمەنیست، حکومەتێکی نازی و کۆمپانیایەکی بزنسی کاپیتالیست هەمان دۆزینەوەی زانستی بۆ چەندەها مەبەستی تەواو جیاواز بەکار دەهێنێت و هۆکارێکی زانستی نییە بۆ پەسەندکردنی بەکارهێنانێک بەسەر بەکارهێنانێکی تردا.

بە کورتی، توێژینەوەی زانستی دەتووانێت تەنیا بە هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئایینێک یان ئایدۆلۆژیایەک گەشە بکات. ئایدۆلۆژیا پاساوی تێچوونەکانی توێژینەوەکە دەدات. لەبەرانبەردا، ئایدۆلۆژیاکە کاریگەری دەخاتە سەر ئەجێندا زانستییەکە و ئەوە دەستنیشان دەکات چی لە دۆزینەوەکان بکرێت. لەم ڕووەوە، بۆئەوەی لەوە تێبگەین چۆن مرۆڤایەتی گەیشتووەتە (ئالامۆگۆردۆ) و مانگ- نەک هەندێ ئامانجی بەدیلی تر- بەس نییە هەژماری دەستکەوتەکانی فیزیاناسەکان، بایۆلۆژیستەکان و سۆسیۆلۆژیستەکان بکەین. ئێمە دەبێ ئەو هێزە ئایدۆلۆژی، سیاسی و ئابووریانە لەبەرچاو بگرین کە فیزیا، بایۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیایان پێکهێناوە، بەو ئاراستەیەدا ئاراستەیان کردوون نەک ئاراستەی تر.

دوو هێز بەشێوەیەکی دیاریکراو شایستەی سەرنجی ئێمەن: ئیمپریالیزم و کەپیتالیزم. سوڕی کارلێک لەنێوان زانست، ئیمپراتۆریەت و سەرمایەدا بەشێوەیەکی دڵنیا بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ ماکینەی سەرەکی مێژوو بووە. بەشەکانی دواتر کارکردنەکانی ئەمە ماکینەیە شی دەکاتەوە. یەکەم ئێمە دەڕوانینە ئەمەی کە چۆن جوت تۆربینەکەی زانست و ئیمپراتۆریەت بەیەکەوە پەیوەند بوون و ئینجا بۆمان دەردەکەوێ کە هەردووکیان بەستراونەتەوە بە پەمپی پارەی کەپیتالیزم.

١٥

هاوسەرگیریی زانست و ئیمپراتۆریەت

خۆر چەنێک لە زەوییەوە دوورە؟ ئەمە پرسیارێکە کە زۆرێک لە هەسارەناسەکانی سەرەتای سەردەمی مۆدێرنی سەرلێشێواندووە، بەتایبەت پاش ئەوەی کۆپەرنیکوس بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کە خۆر، نەک زەوی، لە چەقی گەردوونداید. ژمارەیەک هەسارەناس و ماتماتیک ناس هەوڵیاندا دووراییەکە بژمێرن، بەڵام میتۆدەکانیان ئەنجام گەلی تەواو جیاوازیان دابین کرد. ئامرازێکی جێ متمانەی پێوانەکردنەکە بۆ دواجار لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەدا پێشنیار کرا. هەموو چەند ساڵ جارێک، هەسارەی ڤینۆس ڕاستەوخۆ بەنێوان خۆر و زەویدا ڕەت دەبێت. دووراییی ڕەتبوونەکە دەگۆڕێت کاتێک لە خاڵە جیاوازەکانی دووراییەوە لەسەر ڕووی زەوی لێی دەڕوانرێت، ئەمەش بەهۆی جیاوازییە زۆر بچوکەکان لەو گۆشەیەدا کە چاودێرەکە لێیەوە سەیر دەکات. ئەگەر چەند چاودێرییەکی هەمان ڕەتبوون لە کیشوەری جیاجیاوە ئەنجام دران، ئەوا سێگۆشەزانی هەموو ئەو شتەیە کە پێویستە بۆ ژمارەنی دووراییی کتومت لە خۆرەوە.

هەسارەناسەکان پێشبینی ئەوەیان کرد کە ڕەتبوونەکانی دواتری ڤینۆس لە ١٧٦١ و ١٧٦٩دا ڕووەدات. بۆیە چەند تیمێک لە ئەوروپاوە نێردرانە چوار سوچی جیهان بۆئەوەی ئەوەندەی بکرێ لە خاڵی جیاجیاوە چاودێریی ڕەتبوونەکان بکەن. زاناکانی ١٧٦١ لە سیبێریا، ئەمریکای باکوور، ماداگەشکەر و ئەفریقای باشوور چاودێریی ڕەتبوونەکەیان کرد. لەکاتێکدا کە لە ١٧٦٩ ڕەتبوونەکە نزیک بووەوە، کۆڕی زانستی ئەوروپی تەقەلایەکی گەورەی خستەگەڕ و زاناکان تا باکووری کەنەدا و کالیفۆرنیا ڕۆیشتن (کە ئەو کاتە دەشت بوو). کۆمەڵگەی شاهانەی لەندەن بۆ پەرەپێدانی زانینی سروشتی، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەمە بەس نییە. بۆ بەدەستهێنانی کتومتترین ئەنجامەکان، زەروور بوو هەسارەناسێک ڕەوانەی باشووری خۆرئاوای ئۆقیانووسی ئارام بکرێت.

کۆمەڵگەی شاهانە سوور بوو لەسەر ئەوەی هەسارەناسێکی بەرجەستە بەناوی (چارلز گرین) بنێرێتە (تاهیتی) و نە هەوڵ و نە پارەی خستەگەڕ. بەڵام، لەبەرئەوەی پارەی گەشتێکی وەها گرانبەهای دابین دەکرد، مانایەکی نەبوو تەنیا یەک چاودێریی هەسارەناسانە ئەنجام بدرێت. بۆیە (گرین) هاوڕێ لەگەڵ تیمێکی پێکهاتوو لە هەشت زانای تری ڕشتەی جیاجیا، بە سەرۆکایەتی (جۆزێف بانکس) و (دانێل سۆلاندەر)ی ڕووەکناس کەوتنە ڕێ. تیمەکە بەهەمان شێوە هونەرمەندی تێدا بوون کە ڕاسپێردرابوون بۆ بەرهەمهێنانی هێڵکاری سەرزەمین، ڕووەک، ئاژەڵ و خەڵکانی نوێ کە زاناکان گومانیان نەبوو لەوەی بەدییان دەکەن. دەوڵەمەند بە پێشکەوتووترین ئامێر کە بانکس و کۆمەڵی شاهانە لە توانایاندا بوو بیکڕن، گەشتە زانستییەکە خرایە ژێر

فەرمانی کاپتەین جەیمز کوک، دەریاوانێکی بەئەزموون و ئەتنۆگرافەر و جیۆگرافیزانێکی لێهاتوو.

تیمەکە ساڵی ١٧٦٨ لە ئینگلتەرە دەرچوو، لە ساڵی ١٧٦٩ لە (تاهیتی)یەوە چاودێریی ڕەتبوونی ڤینۆسی کرد، لە ژمارەیەک دوورگەی ئۆقیانووسی هێمن گەڕا، سەردانی ئوستراڵیا و نیوزیلەندەی کرد و لە ساڵی ١٧٧١دا گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرە. ئەمە بڕێکی گەورەی داتای هەسارەناسی، جیۆگرافی، میترۆلۆژی، ڕووەکناسی، ئاژەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژی هێنایەوە. ئەنجامگیرییەکانیشی، هاوبەشییەکی گەورە بوون بۆ ژمارەیەک بوار، بە چەندەها حیکایەتی سەرسوڕهێن لەبارەی باشووری ئۆقیانووسی هێمن، وێنای ئەوروپییەکانی بزواند و ئیلهامبەخشی نەوەکانی دواتری سروشت ناس و هەسارەناسەکان بوو.

یەکێک لەو بوارانەی کە لە تیمەکەی (کوک) سوودمەند بوو، بواری پزیشکی بوو. لەو سەروەختەدا، ئەو کەشتییانەی بەرەو وشکانییە دوورەکان دەکەوتنە ڕێ، زانیان کە زیاتر لە نیوەی ئەندامانی گروپەکەیان لە گەشتەکەدا دەمرن. نەیارەکان، خەڵکە ڕەسەنە توڕەکان، کەشتییە جەنگییەکانی دوژمن یان بیرکردنی ماڵەوە نەبوون. بەڵکو نەخۆشییەکی ڕازئامێز بوو بەناوی (سکورڤی). ئەو کەسانەی کە تووشی دەبوون بێتاقەت و داهێزراو دەبوون و پوک و شانەکانی تری لەشیان خوێنی لێ دەهات. لەگەڵ بەرەوپێشچوونی نەخۆشییەکەدا، دانەکانیان دەکەوت، تامێسکیان لێ دەهات و تایان لێدەهات، تووشی زەردوویی دەبوون و کۆنترۆڵی پەلەکانیان لەدەست دەدا. لەنێوان سەدەی شانزە و سەدەی هەژدەدا، بەپێی خەملاندن سکورڤی گیانی نزیکەی ٢ ملیۆن دەریاوانی کردووەتە قوربانی. کەس نەیدەزانی چ هۆکارێکی لە پشتەوەیە و چەنێک دەرمان بەکاربهێنرایە بێ کەڵک بوو، دەریاوانەکان بەردەوام بە

لێشاو دەمردن. خاڵی وەرچەرخان لە ساڵی ١٧٤٧دا بوو، کاتێک پزیشکی بریتانی (جەیمز لیند)، تاقیکردنەوەیەکی کۆنترۆڵکراوی لەسەر ئەو دەریاوانانەی بەدەست نەخۆشییەکەوە دەیاننااڵند ئەنجام دا. ئەو بە چەند گروپێک جیای کردنەوە و چارەسەری جیاوازی دایە هەریەک لە گروپەکان. یەکێک لە گروپەکان پێی وترا میوەی مزر بخوات کە دەرمانێکی فۆلکلۆری بوو بۆ سکورڤی. نەخۆشەکانی ئەم گروپە دەستبەجێ چاک بوونەوە. (لیند) نەیدەزانی میوەی مزر چی تێدایە کە جەستەی نەخۆشەکان تیایاندا نەبوو، بەاڵم ئێستا دەزانین کە ئەوە ڤیتامین سی بووە. ئەو سەروەختە ژەمە ئاساییەکانی سەر کەشتی بەشێوەیەکی بەرچاو لەو خواردنانەی کەم بوو کە ئەم مادە جەوهەرییەیان تێدا بوو. لە گەشتە دەریاییە درێژەکاندا، زۆرجار دەریاوانان تەنیا بسکیت و گۆشت گای وشک کراوەیان دەخوارد و میوە و سەوزەیان تەقریبەن هەر نەدەخوارد.

هێزی دەریایی شاهانە تاقیکردنەوەکانی (لیند)ی نەچووە ئەقڵەوە، بەاڵم جەیمز کوک باوەڕی کرد. ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی بیسەلمێنێت دکتۆر ڕاست دەکات. ئەو بەڵەمەکەی پڕ کرد لە بڕی گەورەی کەلەرمی ترشێنراو و داوای لە دەریاوانان کرد لەگەڵ گەیشتنی تیمەکەدا بڕێکی زۆر لە میوە و سەوزەی تازە بخۆن. کوک یەک دەریاوانیشی تووشی سکورڤی نەبوو. لە دەیەکانی دواتردا، هەموو هێزە دەریاوانەکان بەرنامەی خۆراکیی (کوک)یان پەیڕەو کرد و ژیانی چەندەها دەریاوان و گەشتیار ڕزگار کرا.

لەگەڵ ئەوەشدا، تیمەکەی کوک ئەنجامێکی تری بێ زیانتری هەبوو. کوک تەنیا دەریاوان و جیۆگرافەرێکی بەئەزموون نەبوو، بەڵکو بەهەمان شێوە ئەفسەرێکی دەریاییش بوو. کۆمەڵی شاهانە پارەی

بەشێکی گەورەی خەرجییەکانی تیمەکەی دابین کرد، بەڵام کەشتییەکە خۆی لەلایەن هێزی دەریایی شاهانە دابین کرا. هێزە دەریاییەکە بەهەمان شێوە خەرجیی هەشتاوپێنج دەریاوان و مارینزی چەکداری دابین کرد و کەشتییەکەی پڕ کرد لە تەقەمەنی، تفەنگی فتیلەیی، باروت و چەکی تر. بەشی زۆری ئەو زانیارییەی لەلایەن تیمەکەوە کۆکرایەوە کە بەشێوەیەکی دیاریکراو زانیاریی هەسارەناسی، جیۆگرافی، میترۆلۆژی و ئەنترۆپۆلۆژی بوو، بەهای سیاسی و سەربازی بەرچاوی هەبوو. دۆزینەوەی چارەسەرێکی کاریگەر بۆ سکورڤی بەشێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵی هەبوو بۆئەوەی بریتانیا ئۆقیانوسەکانی جیهان کۆنترۆڵ بکات و بتوانێت سوپا ڕەوانەی دیوەکەی تری جیهان بکات. کوک جەختی لە خاوەندارێتی زۆرێک لەو دوورگە و سەرزەمینانە کرد کە ئەم (دۆزیبوونیەوە)، لەهەمووشی زیاتر ئوسترالیا. تیمەکەی کوک بناغەی بۆ گرتنی باشووری خۆرئاوای ئۆقیانووسی هێمن، ئوسترالیا، تاسمانیا و نیوزیلاند، بۆ نیشتەجێکردنی ملیۆنان ئەوروپی لە کۆلۆنییە نوێکان و تێکشکاندنی کەلتووری ڕەسەنەکان و زۆربەی دانیشتووانە ڕەسەنەکان لەلایەن بریتانیا، دانا.

لە سەدەی پاش گەشتەکەی (کوک)، بەپێترین زەوییەکانی ئوسترالیا و نیوزیلاند لەلایەن نیشتەجێبووانی ئەوروپی لە دانیشتووانی پێشوویان سەندران. دانیشتووانی ڕەسەن بە ڕێژەی ٩٠% کەمبوونەوە و زیندووماوەکان کەوتنەبەر سەرکوتگەریی نەژادیی ڕژێمێکی سەرسەخت. بەلای ئوسترالیە ڕەسەنەکان و ماوریەکانی نیوزیلەندەوە، گەشتەکەی کوک سەرەتای کارەساتێک بوو کە شوێنەوارەکەی قەت چاک نەبووەوە.

تەنانەت خراپترین چارەنووس بەسەر ڕەسەنەکانی تاسمانیادا هات. ئەوان کە بۆ ماوەی ١٠،٠٠٠ ساڵ لە گۆشەگیرییەکی بێ وێنەدا بوون،

لەماوەی سەدەیەکی گەیشتنی کوک دا، بەتەواوی ڕامااڵران. نیشتەجێبووانی ئەوروپی سەرەتا لە دەوڵەمەنترین بەشەکانی دوورگەکە دەرپەڕێنران و پاشان تەنانەت خۆیان گەیاندە دەشتە پاشماوەکان، ڕاویان نان و بەشێوەیەکی سیستەماتیکی کوشتیانن. ئەو چەند کەسەی کە زیندوو مابوونەوە خرانە ناو کەمپی زۆرەملێی ئایینی، کە لەوێ تەبشیرییە نیازپاک بەاڵم کەلله پوتەکان هەوڵیاندا بە شێوازی جیهانی مۆدێرن وانەیان پێ بڵێن. تاسمانییەکان فێری خوێندنەوە، نووسین و مەسیحییەت و (شارەزایەتی بەرهەمهێن)ی جۆراوجۆر کران، وەکو دروونی جل و جوتیاری. بەاڵم ئەوان ڕەتیاندەکردەوە فێر ببن. ئەوان تەنانەت تووشی خەمۆکێی زیاتر بوون، لە منااڵ خستنەوە وەستان و ئارەزوویان بۆ ژیان نەما و تاکە ڕێچکەی ڕاکردنیان لە جیهانی مۆدێرنی زانست و پێشکەوتن هەڵبژارد-مەرگ.

بەداخەوە، زانست و پێشکەوتن بەرەو ئەودیو ژیان بەدوایاندا وێڵ بوون. الشەکانی دواییین تاسمانییەکان بەناوی زانستەوە لەاڵیەن ئەنترۆپۆلۆژیستەکان و پارێزەرانی مۆزەخانە ڕکێف کران. ئەوان پارچەپارچە کران، کێشران و پێوانە کران، لە وتارە تێروتەسەلەکاندا شیکرانەوە. کەلله سەر و پەیکەرەکان لە کۆبەندییە ئەنترۆپۆلۆژییەکان و لە مۆزەخانەکاندا نمایش کران. تەنیا لە ساڵی ١٩٧٦دا، مۆزەخانەی تاسمانی دەستبەرداری پەیکەری (تروگانینی)ی دواییین تاسمانیی ڕەسەن بوو کە سەد ساڵ پێشتر مردبوو. کۆڵێژی نەشتەرگەرانی شاهانەی ئینگلیز تاوەکو ساڵی ٢٠٠٢ چەند نموونەیەکی پێستەکەی و قژەکەی گێڕایەوە.

ئایا کەشتییەکەی کوک تیمێکی زانستی بوو کە هێزی سەربازی دەپپاراست یان تیمێکی سەربازی بوو کە چەند زانایەکیان لەگەڵدا

دانرابوو؟ ئەمە وەکو ئەوە وایە بپرسیت ئاخۆ تەنکی بەنزینەکەت نیوەی بەتاڵە یان نیوەی پڕە. هەردووکی بوو. شۆڕشی زانستی و ئیمپریالیزمی مۆدێرن جیا نەدەکرانەوە. خەڵکی وەکو کاپتن جەیمز کوک و جۆزێف بانکسی ڕووەکناس بە زەحمەت دەیانتووانی زانست لە ئیمپراتۆریەت جیا بکەنەوە. بەهەمان شێوە (تروگانینی)ی بەدبەختیش نەیتووانی.

بۆچی ئەورووپا؟

حەقیقەتی ئەمەی کە خەڵکی لە دوورگەیەکی گەورەی باکووری ئەتڵانتیکەوە دوورگەیەکی گەورەی باشووری ئوستراڵیای داگیر کرد، یەکێکە لە ڕووداوە هەرە سەیرەکانی مێژوو. بەماوەیەکی کەم پێش گەشتەکەی کوک، دوورگە بریتانییەکان و خۆرئاوای ئەورووپا بە گشتی هیچ نەبوون جگە لە شوێنانی لاتەریکی دوورەدەستی جیهانی مێدیتەرانە. شتی گرنگی کەم لەوێ ڕوویاندا. تەنانەت ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی- تاکە ئیمپراتۆریەتی پێش مۆدێرنی گرنگ- بەشی زۆری سامانەکەی لە ناوچەکانی باکووری ئەفریقا، بەڵکان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕاکێشا. ناوچەکانی خۆرئاوای ئەورووپای ڕۆم، شوێنانی بێ پیتی خۆرئاوا بوون، کە جگەلە کانزا و کۆیلە هیچیان لەباردا نەبوو. باکووری ئەورووپا ئەوەندە چۆڵ و بەربەری بوو کە تەنانەت شایستەی داگیر کردن نەبوو.

تەنیا لە کۆتایی سەدەی پانزەدا، ئەورووپا بووە شوێنگەی پێشکەوتنی سەربازی، سیاسی، ئابووریی و کەلتووریی گرنگ. لەنێوان ١٥٠٠ بۆ ١٧٥٠دا، خۆرئاوای ئەورووپا تین و توانی بەدەستهێنا و بووە گەورەی (جیهانی دەرەوە)، واتە دوو کیشوەرەکەی ئەمریکا و ئۆقیانووسەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەورووپا نەدەگەیشتەوە زلهێزەکانی ئاسیا. ئەورووپییەکان

پرژانە سەر داگیرکردنی ئەمریکا و بەدەستهێنانی باڵادەستی لە دەریا، بەشێوەیەکی سەرەکیش چونکە هێزە ئاسیاییەکان بایەخێکی کەمیان پێدا. سەردەمی مۆدێرنی زوو سەردەمێکی ئاڵتونی بوو بۆ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە هیندستان و سیلسیلە چینییەکانی (مینگ) و (کین). ئەوان ڕووبەرەکانی خۆیان بەشێوەیەکی بەرچاو فراوان کرد و گەشەسەندنێکی دیمۆگرافی و ئابووریی بێ وێنەیان بەخۆوە بینی. لە ساڵی ١٧٧٥، ئاسیا ٨٠%ی ئابووریی جیهانی پێکدەهێنا. ئابووریەکانی هیندستان و چین پێکەوە دوو لەسەر سێی بەرهەمهێنانی جیهانییان پێکدەهێنا. لەبەرانبەردا، ئەوروپا کورتەبنەیەکی ئابووری بوو.

سەنتەری جیهانیی هێز تەنیا لە نێوان ١٧٥٠ و ١٨٥٠ دا کەوتە دەست ئەوروپا، کاتێک ئەوروپییەکان لە زنجیرەیەک جەنگدا هێزە ئاسیاییەکانیان ڕیسوا کرد و چەند ناوچەیەکی گەورەی ئاسیایان داگیرکرد. بە هاتنی ١٩٠٠، ئەوروپییەکان بەشێوەیەکی تۆندۆڵ ئابووریی جیهان و بەشی زۆری خاکەکەیان کەوتە دەست. لە ساڵی ١٩٥٠دا خۆرئاوای ئەوروپا و ئەمریکا پێکەوە یەکسان بوون بە زیاتر لە نیوەی بەرهەمهێنانی جیهانی، لەکاتێکدا کە بەشی چین بۆ ٥% کەم ببووەوە. لەژێر چەتری ئەوروپیدا سیستەمێکی جیهانیی نوێ و کەلتووری جیهانی سەریهەڵدا. ئەمڕۆکە هەموو مرۆڤەکان، بە ڕادەیەکی زیاتر لەوەی کە خۆیان ویستی دان پێدانانیان هەیە، لە پۆشاک، بیرکردنەوە و تامکردندا ئەوروپین. دەشێ ئەوان بەشێوەیەکی تۆند دژە ئەوروپی بن لە بەلاغەتدا، بەڵام تەقریبەن هەموو کەسێکی سەر زەوی لە چاوەکانی ئەوروپاوە سیاسەت، پزیشکی، جەنگ و ئابووری دەبینێت و گوێ لەو مۆسیقایە دەگرێت کە بە مۆدی ئەوروپی نوسراوە و بە زمانە ئەوروپییەکان نووسراوە. تەنانەت ئابووریی چینی ڕوولەگەشەی ئەمڕۆ، کە

دەشێ بەزوویی بالادەستی جیهانی بەدەست بێنێتەوە، لەسەر بنەمای مۆدێلی ئەورووپیی بەرهەمهێنان و دارایی بونیاد نراوە.

چۆن خەڵکانی ئەم بەشە بێ هەستەی ئیوراسیا لە سوچی دابڕاوی جیهان دەپچڕێن و سەرتاپای جیهان دەگرن؟ زۆرجار بەشی زۆری چاکەی ئەمە دەگەڕێنرێتەوە بۆ زاناکانی ئەوروپا. شتێکی پرسیارهەڵنەگرە کە لە ١٨٥٠ بەدواوە بالادەستی ئەوروپی تا ڕادەیەکی زۆر بەند بووە بە بونیادی سەربازی-پیشەسازی-زانستی و جادووی تەکنۆلۆژی. هەموو ئیمپراتۆریەتەکانی درەنگانی سەردەمی مۆدێرن بە هیوای چنینەوەی تازەگەرییە تەکنۆلۆژییەکان ئیشیان لە توێژینەوەی زانستیدا کردووە و زۆرێک لە زانایان بەشی زۆری کاتەکەیان بە کارکردن لەسەر چەک، دەرمان و ماکینە بۆ گەورە ئیمپراڵییەکانیان بەسەر بردووە. وتەیەکی باو لەناو سەربازە ئەورووپییەکاندا کە ڕووبەڕووی دوژمنە ئەفریقییەکان دەبوونەوە ئەمە بوو (چ دەبێ با ببێ، ئێمە شەست تیرمان هەیە و ئەوان نییانە). تەکنۆلۆژییە مەدەنییەکان گرنگییەکی کەمتریان نەبوو. خواردنی لەقوتونراو سەربازەکانیان تێر دەکرد، سکەی شەمەنەفەر و کەشتییە هەڵمییەکان سەربازان و پێداویستییەکانیان دەگواستەوە، لەکاتێکدا کە باری نوێی دەرمان چارەسەری سەربازەکان، دەریاوانان و ئەندازیارانی لۆکۆموتیڤەکانی دەکرد. ئەم بەرەوپێشچوونە لۆجیستیانە، بەبەراورد بە شەست تیر، ڕۆڵێکی گرنگتریان لە گرتنی ئەفریقا لەلایەن ئەوروپا بینی.

بەڵام پێش ١٨٥٠ وەها نەبوو. بونیادی سەربازی-پیشەسازی-زانستی هێشتا ساوا بوو، بەروبومی تەکنۆلۆژیی شۆڕشی زانستی پێنەگەیشتبوو و کەڵێنی تەکنۆلۆژی نێوان هێزە ئەوروپی، ئاسیایی و ئەفریقییەکان بچوک بوو. لە ساڵی ١٧٧٠دا، جەیمس کوک بەدڵنیاییەوە

تەکنۆلۆژیایەکی زۆر باشتری لە هی خەڵکە ڕەسەنەکانی ئوسترالیا هەبوو، بەڵام بەهەمان شێوە چینی و عوسمانییەکانیش. کەوایە بۆچی ئوسترالیا لەلایەن جەیمز کوک سۆراخ کرا و داگیر کرا نەک لەلایەن کاپتن (وان ژێنگس) یان کاپتن (حسێن پاشا)؟ لەوەش گرنگتر، ئەگەر لە ساڵی ١٧٧٠دا ئەوروپییەکان توانای تەکنۆلۆژییان لە موسڵمانان، هیندییەکان و چینییەکان زیاتر نەبووایە، چۆن دەیانتووانی لە سەدەی دواتردا کەلێنێکی وەها لەنێوان خۆیان و بەشەکەی تری جیهاندا بکەنەوە؟.

بۆچی بونیادی سەربازی-پیشەسازی-زانستی لە ئەوروپا شکۆفەی کرد نەک لە هیندستان؟ کاتێک بریتانیا بەرەوپێش بازیدا، بۆچی فەرەنسا، ئەڵمانیا و ئەمریکا بەخێرای شوێنی کەوتن، لەکاتێکدا کە چین بەجێما؟ کاتێک کەلێنی نێوان وڵاتە پیشەسازی و ناپیشەسازییەکان بووە فاکتەرێکی ئابووری و سیاسی ڕوون، بۆچی ڕوسیا، ئیتاڵیا و نەمسا سەرکەوتوو بوون لە پڕ کردنەوەی، کەچی فارس، میسر و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی شکستیان هێنا؟ دواجار، تەکنۆلۆژیای یەکەم شەپۆلی پیشەسازی تا ڕادەیەک سادە بوو. ئایا ئەوەندە سەخت بوو بۆ چینییەکان یان عوسمانییەکان کە ئەندازەکاریی ماکینەی هەڵم بکەن، شەست تیر دروست بکەن و سکەی شەمەنەفەر بونیاد بنێن؟.

یەکەمین هێڵی ئاسنینی بازرگانی کە بۆ بزنس کرایەوە لە ساڵی ١٨٣٠دا بوو لە بریتانیا. بە هاتنی ١٨٥٠دا، وڵاتە خۆرئاواییەکان تەقریبەن ٤٠،٠٠٠ کیلۆمەتر هێڵی ئاسنیان بەسەردا ڕاکێشرا- بەڵام لە سەرانسەری ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتیندا، تەنیا ٤،٠٠٠ کیلۆمەتر ڕێڕەو هەبوو. لە ساڵی ١٨٨٠دا، خۆرئاوا شانازی بە زیاتر لە ٣٥٠،٠٠٠ کیلۆمەتری هێڵی ئاسنەوە دەکرد، کەچی لە بەشەکانی تری جیهاندا تەنیا ٣٥،٠٠٠

کیلۆمەتری هێڵی شەمەنەفەر هەبوو (و زۆربەی ئەمانە لەلایەن بریتانییەکان لە هیندستان بونیاد نرا). یەکەم سکەی شەمەنەفەر لە چین تەنیا لە ١٨٧٦دا کرایەوە. ئەمە بیست و پێنج کیلۆمەتر درێژ بوو و لەلایەن ئەورووپییەکان بونیاد نرا- حکومەتی چینی سالّی دواتر وێرانی کرد. لە سالّی ١٨٨٠دا، ئیمپراتۆریەتی چینی ئیشی لەسەر تاکە هێڵێکی شەمەنەفەریش نەکرد. یەکەم هێڵی شەمەنەفەر لە فارس تەنیا لە ١٨٨٨دا بونیاد نرا و تارانی بە شوێنێکی پیرۆزی موسڵمانەوە بەستەوە کە دەکەوتە ١٠ کیلۆمەتری باشووری پایتەخت. ئەمە لەلایەن کۆمپانیای بەلجیکییەوە بونیاد نرا و خرایە کار. لەسالّی ١٩٥٠دا، کۆی تۆڕی شەمەنەفەری فارس هێشتا ٢،٥٠٠ کیلۆمەترێک دەبوو، لە وڵاتێکدا کە حەوت ئەوەندەی قەبارەی بریتانیا دەبوو.

چینییەکان و فارسەکان لە داهێنانی تەکنۆلۆژیی وەکو ماکینەی هەڵمینیان کەم نەبوو (کە دەکرێ بە ئاسانی کۆپی بکرێتەوە و بکرێدرێت). ئەوان بەها، ئەفسانە، دەزگای دادوەری و ستڕەکتۆری کۆمەڵایەتی-سیاسییان نەبوو کە چەند سەدەیەکی پێچوو تا لە خۆرئاوا دروست بوون و پێگەیشتن و نەدەکرا کۆپی بکرێن و بەخێرایی بەناوخۆیی بکرێن. فەرەنسا و ئەمریکا بەخێرایی شوێنپێی بریتانیایان هەڵگرت چونکە فەرەنسی و ئەمریکییەکان هەنوکە لە گرنگترین ئەفسانە و ستڕەکتۆری کۆمەڵایەتیی بریتانیادا هاوبەش بوون. چینییەکان و فارسەکان نەیانتووانی بەخێرایی خۆیانیان پێ بگەیەننەوە چونکە ئەوان بەشێوەیەکی جیاواز کۆمەڵگاکانیان ڕێکخست.

ئەم ڕوونکردنەوەیە تیشکێکی نوێ دەخاتە سەر ماوەی نێوان ١٥٠٠ بۆ ١٨٥٠. لەماوەی ئەم سەدەیەدا ئەورووپا هیچ توانایەکی تەکنۆلۆژی، سیاسی یان سەربازی لەبەرانبەر هێزە ئاسیاییەکاندا نەبوو، لەگەڵ

ئەوەشدا، کیشوەرەکە لە ساڵی ١٨٥٠دا ئیمکانیەتێکی ناوازەی بونیاد نا کە گرنگییەکەی لەپرێکا ڕوون بوو. یەکسانی ڕواڵەتییانەی نێوان ئەورووپا و چین و جیهانی موسڵمان لە ساڵی ١٧٥٠دا سەراب بوو. وێنای دوو وەستا بکە، هەریەکەیان سەرقاڵە بە بونیادنانی تاوەری بەرزەوە. وەستایەک تەختە و خشتی قوڕ بەکاردێنێت، کەچی ئەویتر ستیل و کۆنکریت بەکار دێنێت. لە سەرەتادا پێناچێ جیاوازییەکی وەها لەنێوان ئەم دوو میتۆدەدا هەبێت، چونکە هەردوو تاوەرەکە بەهەمان ڕیتم بەرز دەکرێنەوە و دەگەنە هەمان بەرزی. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر کە سنوورە هەستیارەکە بڕدرا، تاوەرە تەختە و قوڕەکە ناتووانێ ڕابوەستێ و دادەڕمێت، کەچێ تاوەرە ستیل و کۆنکریتەکە تا چاو بڕ بکات نهۆم بە نهۆم بەرز دەبێتەوە.

لە سەردەمی مۆدێرنەی زووەدا ئەورووپا چ توانایەکی پەیدا کرد کە وایکرد بەسەر جیهانی مۆدێرنی درەنگدا زاڵ ببێت؟ بۆ ئەم پرسیارە دوو وەڵامی تەواوکەر هەن: زانستی مۆدێرن و کەپیتالیزم. ئەورووپییەکان ڕاهاتبوون لەسەر ئەوەی بە شێوازێکی زانستی و کەپیتالیستی بیر بکەنەوە و ڕەفتار بکەن تەنانەت پێش ئەوەی هیچ توانایەکی تەکنۆلۆژی پەیدا بکەن. کاتێک هەڵکشانی تەکنۆلۆژی دەستیپێکرد، ئەورووپییەکان توانییان زۆر باشتر لە هەرکەسێکی تر جڵەوی بکەن. بۆیە ئەستەمە ڕێکەوت بێ کە زانست و کەپیتالیزم گرنگترین میراتێک پێکبێنن کە ئیمپریالیزم سپاردەی جیهانی پۆست ئەورووپیی سەدەی بیست و یەکی کردووە. ئەورووپا و ئەورووپییەکان چیتر حوکمی جیهان ناکەن، بەڵام زانست و سەرمایە بەشێوەیەکی بەهێزتر لەگەشەدان. سەرکەوتنەکانی کەپیتالیزم لە بەشی دواتردا دەپشکنرێن. ئەم بەشە تەرخانە بۆ چیرۆکی خۆشەویستیی نێوان ئیمپریالیزمی ئەورووپی و زانستی مۆدێرن.

نەقڵیەتی وڵاتگیری

زانستی مۆدێرن لە ئیمپراتۆریەتە ئەوروپییەکاندا و لەسایەی ئەواندا گەشەی کرد. ڕشتەکە بە ئاشکرا و بەشێوەیەکی بەرچاو قەرزاربارى نەریتە زانستییە دێرینەکانە، وەکو ئەوانەی یۆنانی کلاسیک، چین، هیندستان و ئیسلام، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندییە ناوازەکەی تەنیا لە سەرەتاکانی ماوەی مۆدێرندا و شانبەشانی فراوانبوونی ئیمپریالیی ئیسپانیا، پورتوگال، بریتانیا، فەرەنسا، ڕوسیا و هۆڵەندە دەستی بە شکڵگرتن کرد. لەماوەی مۆدێرنی سەرەتادا، چینییەکان، موسڵمانەکان، ئەمریکییە ڕەسەنەکان و پۆلینیزییەکان بەردەوام بوون لە هاوبەشیکردنی گرنگ لە شۆڕشی زانستیدا. قوڵبینییەکانی ئابووریناسە موسڵمانەکان لەلایەن ئادەم سمیس و کارل مارکس تاووتوێکران، ئەو چارەسەرانەی کە دکتۆرە ئەمریکییە ڕەسەنەکان پێشەنگی بوون، کەوتنە ناو تێکستە پزیشکییەکانی ئینگلیز و داتای کۆکراوە لەلایەن لێکۆڵەرە پۆلینیزییەکان گۆڕانی ڕادیکاڵانەی بەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای خۆرئاوادا هێنا. بەڵام تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەم، ئەو خەڵکەی ئەم چەندەها دۆزینەوە زانستییەی کۆبەند کرد و لە پرۆسەکەدا ڕشتە زانستییەکانی پێکهێنا، دەستەبژێرانی فیکریی ئیمپراتۆریەتە ئەوروپییە جیهانییەکان بوون. خۆرهەڵاتی دوور و جیهانی ئیسلامی ئەقڵی هۆشمەند و سۆراخکەری وەکو ئەوانەی ئەوروپای بەرهەم هێنا. لەگەڵ ئەوەشدا، لەنێوان ١٥٠٠ و ١٩٥٠دا ئەوان هیچ شتێکی وەهایان بەرهەم نەهێنا کە تەنانەت لە فیزیای نیوتن یان بایۆلۆژیای داروین نزیک بێتەوە.

ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەوروپییەکان بۆهێڵێکی ناوازەیان بۆ زانست هەبێت، یان ئەوان بۆ تاهەتایە بەسەر توێژینەوەی فیزیا و بایۆلۆژیادا زاڵ

ببن. هەروەکو چۆن ئیسلام وەکو مۆنۆپۆلییەکی عەرەب دەستیپێکرد بەلام دواتر تورک و فارس تیایدا زاڵ بوون، زانستی مۆدێرنیش وەکو تایبەتمەندییەکی ئەوروپی دەستیپێکرد بەلام ئەمڕۆکە دەبێتە پرۆژەیەکی فرە ئەتنی.

چ شتێک ڕایەڵی مێژوویی نێوان زانستی مۆدێرن و ئیمپریالیزمی ئەوروپی دروستکرد؟ تەکنۆلۆژیا فاکتەرێکی گرنگ بوو لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا، بەلام لە سەردەمی مۆدێرنی زووداً، گرنگییەکی سنووردارای هەبوو. فاکتەری سەرەکی ئەوە بوو کە ڕووەکناسێکی گەڕۆک بەدوای ڕووەک و ئەفسەرێکی دەریایی گەڕۆک بەدوای کۆلۆنیدا، هەمان ئەقڵیەتیان هەبوو. زانا و وڵاتگیر هەردووکیان بە دانان بە نەزانی، دەستیانپێکرد- ئەوان هەردووکیان وتیان (نازانم چی لەوێ هەیە). ئەوان هەردووکیان هەستیان بە ناچاری کرد بۆ چوونە دەرەوە و دۆزینەوەی نوێ. هەردووکیشیان هیوادار بوون بەدەستهێنانی مەعریفەی نوێ لەم ڕێگەیەوە بیانکاتە گەورەی جیهان.

ئیمپریالیزمی ئەوروپی بەتەواوی پێچەوانەی هەموو پرۆژە ئیمپریالییەکانی تر بوو لە مێژوودا. گەڕیدەکانی پێشووی ئیمپراتۆریەت وایان دادەنا کە ئەوان هەنوکە لە جیهان تێگەیشتوون. وڵاتگیری تەنیا ڕوانگەیانی بۆ جیهان بڵاو کردەوە و خستە کار. بۆ نموونە، عەرەبەکان میسر، ئیسپانیا یان هیندستانیان نەگرت بۆئەوەی شتێک بدۆزنەوە کە نایزانن. ڕۆمانەکان، مەنگۆلەکان و ئازتێکەکان چاوبرسیانە لە گەڕان بەدوای دەسەڵات و سامانداً- نەک مەعریفە- سەرزەمینی نوێیان گرت. لەبەرانبەردا، ئیمپریالیستە ئەوروپییەکان بەرەو وشکانییە دوورەکان دەرچوون بەو هیوایەی مەعریفەی نوێ شانبەشانی زەوی نوێ بەدەست بێنن.

جەیمز کوک یەکەم سۆراخکەر نەبوو بەم شێوازە بیر بکاتەوە. گەشتیارە دەریاییە پورتوگالییەکان و ئیسپانییەکانی سەدەی پانزەهەم و شانزەهەم هەنوکە ئەم بیرکردنەوەیان هەبوو. (شازادە هێنری)ی گەڕیدە و (ڤاسکۆ دا گاما) سۆراخی کەناراوەکانی ئەفریقایان کرد و لەکاتێکدا کە ئەمەیان دەکرد، کۆنترۆڵی دوورگەکان و بەندەرەکانیان گرتە دەست. کریستۆفەر کۆلۆمبەس ئەمریکا (ی دۆزییەوە) و دەستبەجێ سەروەریی بەسەر سەرزەمینە نوێکاندا بۆ پاشاکانی ئیسپانیا ڕاگەیاند. فێردیناند ماجەلان ڕێگایەکی بەدەوری جیهاندا دۆزییەوە و لەهەمان کاتدا بناغەی بۆ گرتنی فلیپین لەلایەن ئیسپانیا دانا.

لەگەڵ تێپەڕینی کات، گرتنی مەعریفە و خاک زیاتر و زیاتر بەیەکداچوون. لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدەدا، تەقریبەن هەموو ئەو گەشتە سەربازییە گرنگانەی لە ئەوروپاوە بەرەو سەرزەمینە دوورەکان کران، زانایان لەگەڵدا بوون کە نەک بۆ شەڕ بەڵکو بۆ دۆزینەوە زانستیەکان دەردەچوون. کاتێک ناپلیۆن لە ساڵی ١٧٩٨ میسری داگیر کرد، ١٦٥ لێکۆڵەری لەگەڵ خۆیدا برد. بێجگە لە شتی تر، ئەوان ڕشتەیەکی تەواو نوێیان بونیاد نا بەناوی میسرناسی و هاوبەشی گەورەیان کرد لە تۆێژینەوەی ئایین، زمانناسی و ڕووەکناسیدا.

لە ساڵی ١٨٣١دا، هێزی دەریایی شاهانە کەشتی (ئەیچ ئێم ئێس بیگڵ)ی نارد بۆ زانیاری پەیداکردن لەبارەی کەناراوەکانی باشووری ئەمریکا، دوورگەکانی فالکلاندس و دوورگەکانی گالاپاگۆس. هێزی دەریایی پێویستی بەم مەعریفەیە بوو بۆئەوەی لە حاڵەتی شەڕدا باشتر ئامادە بێت. کاپتنی کەشتییەکە، کە زانایەکی هەرزە بوو بڕیاریدا جیۆلۆجیستێک بۆ تیمەکە زیاد بکات بۆ تۆێژینەوەی ئەو پێکهاتە جیۆلۆجییانەی لەوانەبوو لە ڕێگە تووشی ببن. پاش ئەوەی چەند

جیۆلۆجیستێک بانگهێشتەکەیان ڕەت کردەوە، کاپتن پێشنیاری کارێکی خستە بەردەم خریجێکی تەمەن بیست و دوو ساڵی کامبریج بەناوی چارلز داروین. داروین خوێندی بۆئەوەی ببێتە قەشەیەکی ئەنجلیکانی بەڵام زۆر بایەخی بە جیۆلۆجی و زانستە سروشتییەکان دەدا نەک کتێبی پیرۆز. ئەو دەرفەتەکەی قۆستەوە و بەشی دواتری دەبێتە مێژوو. کاپتنەکە کاتی خۆی لە گەشتە دەریاییەکەدا بە کێشانی نەخشە سەربازییەکان بەسەر برد لەکاتێکدا کە داروین داتای ئەزموونی کۆ دەکردەوە و ئەو قوڵبینییانەی دارشت کە دواجار دەبوونە تیۆرەی پەرەگرتن.

لە ٢٠ی تەممووزی ١٩٦٩دا، نەیل ئارمسترۆنگ و بوز ئالدرین لەسەر ڕووی مانگ نیشتنەوە. لەو مانگانەدا کە لە گەشتەکەیان نزیک دەبووەوە، هەسارەناسەکانی ئاپۆلۆ١١ لە چۆلەوانییەکی دابڕاوی شێوە مانگ لە خۆرئاوای ئەمریکادا مەشقیان کرد. ناوچەکە شوێنگەی ژمارەیەک کۆمەڵگای ئەمریکییە ڕەسەنەکانە و چیرۆکێک-یان ئەفسانەیەک- هەیە کە باسی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان هەسارەناسەکان و یەکێک لە خەڵکانی ناوچەکە دەکات.

رۆژێکیان لەکاتێکدا کە ئەوان لە مەشقدا بوون، هەسارەناسەکان دەمیان تەقی بە دەمی ئەمریکییەکی ڕەسەندا. کابرا لێیانی پرسی ئاخۆ لەوێ چی دەکەن. ئەوان لە وەڵامدا وتیان بەشێکن لە تیمێکی توێژینەوە کە پاش ماوەیەکی کورت بەرەو سەر مانگ دەکەونە ڕێ. کاتێک پیرەپیاو گوێی لەمە بوو بۆ چەند ساتێک بێدەنگ بوو و پاشان پرسیاری لە هەسارەناسەکان کرد ئاخۆ دەتووانن چاکەیەکی لەگەڵدا بکەن.

ئەوان پرسیان (چیت دەوێت؟).

پیرە پیاو وتی (باشە، خەڵکی هۆزەکەی من بڕوایان وایە کە ڕۆحە پیرۆزەکان لەسەر مانگ دەژین. من بیر لەوە دەکەمەوە ئاخۆ دەتووانن پەیامێکی گرنگیان لە خەڵکەکەی منەوە پێ بگەیەنن).

هەسارەناسەکان وتیان (پەیامەکە چییە؟).

پیاوەکە شتێکی بە زمانە خێڵەکییەکەی شتێکی دەربڕی و ئینجا داوای لە هەسارەناسەکان کرد چەند جارێک بیڵێنەوە تا ئەو کاتەی بە دروستی لەبەری دەکەن.

هەسارەناسەکان پرسیان (ئەمە بە مانای چی دێت؟).

وتی (ئۆە، من ناتووانم پێتانی بڵێم. ئەمە ڕازێکە کە تەنیا هۆزەکەمان و ڕۆحەکانی سەر مانگ دەبێ بیزانن).

کاتێک گەڕانەوە بنکەکانیان، هەسارەناسەکان گەڕان و گەڕان تا ئەو کاتەی کەسێکیان دۆزییەوە کە دەیتووانی بە زمانی خێڵەکە بدوێت و داوایان لێکرد پەیامە نهێنییەکە وەرگێڕێت. کاتێک ئەو شتەیان گوتەوە کە لەبەریان کردبوو، وەرگێڕەکە قاقا پێکەنی. کاتێک ئەو هێمن بووەوە، هەسارەناسەکە پرسی ئاخۆ چ مانایەک دەگەیەنێ. کابرا ڕوونی کردەوە کە ئەو ڕستەیەی وەها بە دروستی لەبەریان کردووە، ئەمەیە (بڕوا بە تاقە وشەیەک نەکەن کە ئەم خەڵکانە پێتانی دەڵێن. ئەمانە هاتوون سەرزەمینەکەتان زەوت بکەن).

نەخشە بەتاڵەکان

ئەقڵیەتی (سۆراخ بکە و بگرە) بەشێوەیەکی جوان بە بەرەوپێشچوونی نەخشەکانی جیهان شرۆڤە کراوە. زۆرێک لە کەلتوورەکان زۆر پێش سەردەمی مۆدێرن نەخشەی جیهانیان کێشاوە. بەشێوەیەکی ڕوون، هیچ کام لەوانە بەراستی سەرانسەری جیهانیان

نەزانیووە. هیچ کەلتوورێکی ئەفرۆ-ئەفریقی لەبارەی ئەمریکاوە نەیزانیووە، هیچ کەلتوورێکی ئەمریکیش لەبارەی ئەفرۆ-ئاسیای نەزانیووە. بەڵام ڕووبەرە نەزانراوەکان جێ دەهێڵران، یان بە دێوی خەیاڵی و شتی سەیروسەمەرە پڕ دەکرانەوە. ئەم نەخشانە نەخشەی بەتاڵیان تێدا نەبوو. ئەوان بۆچوونێکیان لەمەڕ ئاشنایەتییان بە سەرانسەری جیهان دەدا بەدەستەوە.

لەماوەی سەدەکانی پانزە و شانزەدا، ئەوروپییەکان دەستیانکرد بە کێشانی نەخشەکانی جیهان بە بۆشاییەکی زۆرەوە- ئەمە نیشانەیەکی پێشکەوتنی ئەقڵی زانستی و پاڵنەری ئیمپریالیی ئەوروپی بوو. نەخشە بەتاڵەکان هەنگاونانی سایکۆلۆژی و ئایدۆلۆژی بوون، پێزانینی ڕوون بوون بەوەی ئەوروپییەکان بێ ئاگا بوون لە بەشە گەورەکانی جیهان.

خاڵی چارەنووسساز لە ١٤٩٢دا بوو کاتێک کریستۆفەر کۆلەمبەس لە ئیسپانیاوە بەرەو خۆرئاوا کەوتەڕێ و بەدوای ڕێچکەیەکی نوێدا گەڕا بەرەو خۆرهەڵاتی ئاسیا. کۆلەمبەس هێشتا باوەڕی بە نەخشە جیهانییە (کامل)ە کۆنەکان هەبوو. بە بەکارهێنانی ئەمانە، کۆلەمبەس وای بۆچوو کە ژاپۆن کەوتبێتە نزیکەی ٧٠٠٠ کیلۆمەتری خۆرئاوای ئیسپانیا. لە ڕاستیدا، ٢٠،٠٠٠ کیلۆمەتر و کیشوەرێکی تەواو نەزانراو، خۆرهەڵاتی ئاسیا لە ئیسپانیا جیا دەکاتەوە. لە ١٢ی تشرینی یەکەمی ١٤٩٢دا، لە دەوروبەری سەعات ٢ی بەیانی، تیمەکەی کۆلەمبەس ڕووبەڕووی کیشوەرێکی نەزانراو بووەوە. (جوان ڕۆدریگێز بێرمێجۆ) کە لە سەر کەشتی (پینتا)ەوە تەماشای دەکرد، دوورگەیەکی بەدی کرد کە ئێمە ئێستا پێی دەڵێین (باهاماس) و هاواری کرد (وشکانی! وشکانی!).

کۆلەمبەس بڕوای وابوو کە گەیشتووەتە دوورگەیەکی بچوکی کەناری خۆرهەڵاتی ئاسیا. ئەو خەڵکەی لەوێ بینی بە (هیندییەکان)

ناودێری کردن چونکه پێی وابوو له (ئیندیس) گیرساوەتەوە- واتە ئەوەی که ئێمە ئێستا بە (ئیندیس)ی خۆرهەڵات یان کۆمەڵە دوورگەکانی ئیندۆنیزیا ناوی دەبەین. کۆڵەمبەس بەدرێژایی ژیانی هەر لەسەر ئەم هەڵەیە مایەوە. بیرۆکەی ئەمەی کە ئەو کیشوەرێکی تەواو نەزانراوی دۆزیووەتەوە بەڵای ئەم و زۆر کەسی سەردەمی ئەو باوەڕنەکراو بوو. بۆ ماوەی هەزاران ساڵ، نەک تەنیا گەورەترین بیرمەندان و لێکۆڵەران بەڵکو تێکستە پیرۆزە بەهەڵەدانەچووەکانیش تەنیا ئەورووپا، ئەفریقا و ئاسیایان دەناسی. ئایا ئەوان هەموویان بەهەڵەداچووبوون؟ ئایا ئینجیل بێ ئاگا بوو لە نیوەی جیهان؟ وەکو ئەوە وایە کە لە ساڵی ١٩٦٩دا، لە ڕێگەیدا بەڕەو مانگ، ئاپۆلۆ ١١ خۆی بکێشایە بە مانگێکی نەزانراو کە بەدەوری زەویدا دەسوڕێتەوە و هەموو چاودێرییەکانی پێشوو نەیانتوانیبێت بەدی بکەن. لە ڕەتکردنەوەی داننان بە نەزانیدا، کۆڵەمبەس هێشتا پیاوێکی سەدەکانی ناوەڕاست بوو. ئەو قەناعەتی وابوو کە تەواوی جیهان دەزانێت و تەنانەت دۆزینەوە گرنگەکەی نەبووە هۆی ئەوەی وایلێبکات قەناعەت بە پێچەوانەکەی بکات.

یەکەم مرۆڤی مۆدێرن (ئامێریگۆ ڤێسپوچی)ی دەریاوانی ئیتالی بوو کە لە نێوان ساڵانی ١٤٩٩-١٥٠٤دا بەشداری لە چەند گەشتێک کرد بۆ ئەمریکا. لەنێوان ١٥٠٢ و ١٥٠٤دا، دوو تێکست کە وەسفی ئەم گەشتانەیان دەکرد لە ئەورووپا بڵاو کرانەوە. ئەمانە وا لەقەڵەم دران کە هی ڤێسپوچی بن. ئەم تێکستانە بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە سەرزەمینە دۆزراوەکانی کۆڵەمبەس کۆمەڵە دوورگەیەکی کەناراوی خۆرهەڵاتی ئاسیا نین، بەڵکو کیشوەرێکی تەواوی نەزانراوە بەڵای کتێبە پیرۆزەکان، جیۆگرافەر و ئەورووپییە هاوچەرخەکانەوە. لە ساڵی ١٥٠٧دا،

نەخشەسازێکی بەناوبانگ بەناوی (مارتین والدسیمولەر) نەخەشەیەکی تازەکراوەی جیهانی بڵاو کردەوە، یەکەم نەخشە ئەو شوێنە پیشان بدات کە تیایدا ئەو کەشتیانەی بەرەو خۆرئاوای ئەوروپا دەڕۆیشتن وەکو کیشوەرێکی جیاواز تیایدا گیرسانەوە. والدسیمولەر کە نەخشەکەی کێشابوو دەبووایە ناوێکی پێبدات. بەهۆی ئەوەی (بەنادروستی) بڕوای وابوو کە ئامێریگۆ ڤێسپوچی ئەو کەسە بووە کە دۆزیوویەتەوە، والدسیمولەر لەسەر ناوی ئەو، کیشوەرەکەی ناونا (ئەمێریکا). نەخشەکەی والدسیمولەر زۆر باوی سەند و لەلایەن زۆر جۆگرافەری تریەوە کۆپی کرا و ناوی ئەو سەرزەمینەی دایناببوو بڵاو بووەوە. دادپەروەرییەکی شاعیرانە لەو ڕاستییەدا هەیە کە چارەکێکی جیهان و دووان لە حەوت کیشوەرەکەی، بەناوی ئیتالیاکی کەم ناسراو کراون کە تاکە ناوبانگی ئەوەیە کە ئازایەتی ئەوەی هەبووە بڵێت (ئێمە نازانین .(

دۆزینەوەی ئەمریکا ڕووداوێکی بناغەیی شۆڕشی زانستی بوو. ئەمە نەک تەنیا ئەوروپییەکانی فێر کرد کە چاودێرییە هەنوکەییەکان لەبەرانبەر نەریتە کۆنەکاندا پەسەند بکەن، بەڵکو ئارەزووی گرتنی ئەمریکاش ئەوروپییەکانی ناچار کرد بەخێرایی بێ وێنە بەدوای مەعریفەی نوێدا بگەڕێن. ئەگەر ئەوان بە ڕاستی بیانویستایە سەرزەمینی نوێی فراوان کۆنترۆڵ بکەن، ئەوا دەبووایە بڕی گەورەی داتای نوێ لەبارەی جیۆگرافی، کەش و هەوا، ڕووەک، گیانەوەران، زمانەکان، کەلتووورەکان و مێژووی کیشوەرە نوێکە کۆ بکەنەوە. تێکستە پیرۆزەکانی مەسیحیەت، کتێبە کۆنەکانی جیۆگرافی و نەریتە زارەکییە دێرینەکان کەڵکێکی کەمیان هەبوو.

لێرەوە، نەک تەنیا جیۆگرافەرە ئەوروپییەکان، بەڵکو لێکۆڵەرە ئەوروپییەکانیش لە تەقریبەن هەموو بوارەکانی مەعریفەدا دەستیانکرد بە

کێشانی بۆشاییگەلێک بۆ پڕکردنەوە. ئەوان ئیتر دانیان نا بەوەی کە تیۆرەکانیان کامڵ نییە و شتی گرنگ هەن کە نەیانزانیووە.

ئەورووپییەکان وا بەرەو بۆشاییەکانی سەر نەخشەکە بەکێش بوون وەک بڵێی موگناتیسن و دەستبەجێ دەستیانکرد بە پڕکردنەوەیان. لەماوەی سەدەی پانزە و شانزەدا، تیمە ئەورووپییەکان دەوراندەوری ئەفریقایان کرد، ئەمریکایان دۆزییەوە، لە ئۆقیانووسی هێمن و ئۆقیانووسی هیند پەڕینەوە و لەسەرانسەری جیهاندا تۆڕێک بنکە و کۆڵۆنۆییان دروستکرد. ئەوان یەکەمین ئیمپراتۆریەتی بەراستی جیهانییان بونیاد نا و یەکەم تۆڕی بازرگانیی جیهانییان پێکهێنا. گەشتە ئیمپریالییە ئەورووپییەکان مێژووی جیهانیان وەرچەرخاند: لە زنجیرەیەک مێژووی کەلتوور و گەلانی دابڕاوەوە کردیان بە مێژووی تاکە کۆمەڵگەیەکی مرۆیی یەکپارچە.

ئەم گەشتە ئەورووپییە (بدۆزەرەوە-و-بگرە)انە، زۆر ئاشنان بەلای ئێمەوە و ئەوە فەرامۆش دەکەین کە چەنێک سەرووئاساییین. هیچ شتێک لەمانە قەت پێشتر ڕووینەدابوو. هەڵمەتە دووڕەکانی وڵاتگیری، کاری سروشتی نین. بەدرێژایی مێژوو، زۆربەی کۆمەڵگاکان ئەوەندە سەرقاڵ بوون بە شەڕە لۆکاڵەکان و ململانێ ناوچەییەکانەوە کە قەت بیریان لە سۆراخکردن و گرتنی سەرزەمینە دووڕەکان نەکردبووەوە. زۆربەی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان کۆنترۆڵیان تەنیا بەسەر ناوچە نزیکەکانی خۆیاندا درێژ دەکردەوە- ئەوان تەنیا لەبەرئەوەی ناوچەکانیان هەر لە فراوانبووندا بوو دەگەیشتنە سەرزەمینە لاتەریکەکان. لەم ڕووەوە، ڕۆمانەکان (ئێتروریا)یان گرت بۆئەوەی بەرگری لە ڕۆم بکەن (٣٥٠-٣٠٠ پێش زایین). پاشان ئەوان دۆڵی (پۆ)یان گرت بۆئەوەی بەرگری لە (ئێتروریا) بکەن. دواتر ئەوان (پرۆڤینس)یان گرت بۆ بەرگری لە دۆڵی

(پۆ) (١٢٠ پێش زایین)، گۆل-یان گرت بۆ بەرگری لە پرۆڤینس (٥٠ی پێش زایین) و بریتانیایان گرت بۆ بەرگری لە گۆل (٥٠ی زایین). ئەوان ٤٠٠ ساڵیان پێچوو تا لە ڕۆمەوە گەیشتنە لەندەن. لە ساڵی ٣٥٠ی پێش زایینداء هیچ ڕۆمانێک ئەقڵی بۆ ئەوە نەدەچوو ڕاستەوخۆ بەرەو بریتانیا سەوڵ لێبدات و بیگرێت.

ناوبەناو فەرمانڕەوایەک یان سەرکێشێکی تامەزرۆ هەڵمەتێکی دوور مەودای وڵاتگیری دەگرتە بەر، بەڵام ئەم هەڵمەتانە زۆرجار ڕێڕەوە ئیمپریالییەکان یان بازرگانەکانیان دەگرتەبەر. بۆ نموونە، هەڵمەتەکانی ئاڵێگزاندەری مەزن نەبووە هۆی بونیادنانی ئیمپراتۆریەتێکی نوێ، بەڵکو بووەهۆی سەرنگونکردنی ئیمپراتۆریەتە هەبووەکە- واتە هی فارس. نزیکترین نموونەکانی ئیمپراتۆریەتە مۆدێرنەکان، ئیمپراتۆریەتە دەریاییە دێرینەکانی ئەسینا و قرتاجە، و ئیمپراتۆریەتی دەریایی ماجاپاهیت بوون کە جڵەوی بەشی زۆری ئیندۆنیزیایان لە سەدەی چواردەدا لەدەست بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت ئەم ئیمپراتۆریەتانە بە دەگمەن بەرەو دەریا نەزانراوەکان سەرکێشییان دەکرد- گەر بە سەرکێشییە جیهانییەکانی ئەوروپییە مۆدێرنەکان بەراورد بکرێن قۆرخکردنە دەریاییەکانیان پرۆسەی لۆکاڵ بوون.

زۆرێک لە لێکۆڵەران بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە گەشتە ئاوییەکانی (ئەدمیراڵ ژێنگ هی)ی سیلسیلەی (مینگ)ی چینی پێش گەشتە ئاوییەکانی ئەوروپا بۆ دۆزینەوە، کەوتووە. لەنێوان ١٤٠٥ و ١٤٣٣دا، ژێنگ ڕێبەرایەتی حەوت ڕەوە کەشتیی جەنگی کردووە لە چینەوە بەرەو دووراییەکانی ئۆقیانووسی هیند. گەورەترینیان پێکهاتبوو لە نزیکەی ٣٠٠ کەشتی و نزیکەی ٣٠،٠٠٠ کەسی هەڵگرتبوو. ئەوان سەردانی ئیندۆنیزیاء سریلانکاء هیندستان، کەنداوی فارس، دەریای سوور و خۆرهەڵاتی

ئەفریقایان کرد. کەشتییە چینییەکان لە (جیددە)ی بەندەری سەرەکیی حیجاز و لە (مالیندی)ی کەناراوی کینیا لەنگەریان گرت. ڕەوە کەشتی کۆلەمبەس ی ١٤٩٢- پێکهاتبوو لە سێ کەشتی بچوک کە ١٢٠ دەریاوانی تێدابوو- وەکو سێ مێشوولە وەهابوون بە بەراورد بە ڕەوە ئەژدیهاکەی (ژێنگ هی).

لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی بەرچاو هەبوو. (ژێنگ هی) سۆراخی ئۆقیانووسەکانی دەکرد و یارمەتی فەرمانڕەوایانی لایەنگیری چینی دەدا، بەڵام هەوڵی نەدا ئەو وڵاتانەی سەردانیان دەکات بیانگرێت یان داگیریان بکات. سەرباری ئەمەش، گەشتەکانی ژێنگ هی، قووڵ ڕەگیان لە سیاسەت و کەلتووری چینیدا دانەکوتیبوو. کاتێک دەستەی حوکمڕان لە بێجینگ لە ساڵانی ١٤٣٠دا گۆڕانی بەسەردا هات، دەرەبەگە نوێکان دەستبەجێ ئۆپەراسیۆنەکەیان کۆتایی پێهێنا. ڕەوە کەشتییە گەورەکە هەڵوەشێنرا، مەعریفەی تەکنیکی و جیۆگرافیی زۆر لەدەستچوو و هیچ سۆراخکەرێکی بەرجەستەی وەها جارێکی تر لە بەندەری چین-ەوە دەرنەچووەوە. فەرمانڕەوایانی چینی لە سەدەکانی دواتردا، وەکو زۆربەی فەرمانڕەوایانی سەدەکانی پێشوو، بەرژەوەندی و چاوتێبڕینەکانی خۆیان سنووردار کرد بە ناوچەکانی دەوروبەری مەملەکەتی ناوەڕاست.

گەشتەکانی ژێنگ هی سەلماندی کە ئەوروپا توانایەکی تەکنۆلۆژیی دیاری نەبووە. ئەو شتەی کە ئەوروپییەکانی کردە ناوازە، چاوتێبڕینی بێ سنووریان بوو بۆ سۆراخکردن و وڵاتگیری. هەرچەندە دەشێ ڕۆمانەکان هەنوکە توانایان هەبووبێت، قەت هەوڵیان نەدا هیندستان یان سکەندەناڤیا بگرن، فارسەکان قەت هەوڵیان نەدا مەداگەشقەر یان ئیسپانیا بگرن و چینییەکان قەت هەوڵیان نەدا ئیندۆنیزیا یان ئەفریقا

بگرن. زۆربەی فەرمانڕەوایانی چینی تەنانەت ژاپۆنی نزیکیان واز لێهێنا. ئەمەش هیچ شتێکی سەیری تیا نەبوو. سەیرییەکە ئەوەیە کە ئەوروپییە مۆدێرنەکانی زوو، تایەکیان لێهات کە پاڵی نان بەرەو سەرزەمینە دوورەدەستە تەواو نەزانراوە پڕ لە کەلتوورە غەریبەکان، هەنگاویان نایە کەنارەکانیان و دەستبەجێ ڕایانگەیاند (من هەموو ئەم زەوییانە دەکەمە مولکی پاشاکەم!).

داگیرکردن لە بۆشایی دەرەوەڕا

لە دەوروبەری ١٥١٧دا، کۆلۆنیستە ئیسپانییەکان لە دوورگەکانی کاریبی بەرەبەرە دەنگۆی تەمومژاوییان لەبارەی ئیمپراتۆریەتێکی بەهێز لە شوێنێکی سەنتەری خاکی مەکسیکدا بیست. تەنیا چوار ساڵ دواتر، پایتەختی ئازتێک پاشەوارێک بوو، ئیمپراتۆریەتی ئازتێک شتێک بوو لە ڕابردوو و هێرنان کۆرتێس زاڵ بوو بەسەر ئیمپراتۆریەتێکی نوێی ئیسپانی لە مەکسیک.

ئیسپانییەکان لەوە نەوەستان کە پیرۆزبایی لەخۆیان بکەن یان تەنانەت هەناسەی شادی هەڵنەکێشن. ئەوان دەستبەجێ ئۆپەراسیۆنەکانی سۆراخ بکە و بگرەیان لە هەموو لایەکەوە دەستپێکرد. فەرمانڕەوایانی پێشووی ئەمریکای ناوەڕاست- ئازتێکەکان، تۆلتێکەکان، مایاکان- بەدرێژایی ٢٠٠٠ ساڵ بە زەحمەت زانیوویانە کە ئەمریکای باشوور بوونی هەیە، و قەت هیچ هەوڵێکیان نەدا بیکەنە پاشکۆ. لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەیەکی کەمتر لە ١٠ ساڵی گرتنی مەکسیکۆ لەلایەن ئیسپانیاوە، فرانسیسکۆ پیزارۆ ئیمپراتۆریەتی ئینکای لە ئەمریکای باشوور دۆزیبووەوە و لە ساڵی ١٥٣٢دا گرتبووی.

ئەگەر ئازتێکەکان و ئینکاکان کەمێک زیاتر ئارەزوومەند بوونایە بەرانبەر دەوروبەریان- و ئەگەر بیانزانیایە ئیسپانییەکان چییان لە ناوچەکانی هاوسێیان کردووە- ئەوا لەوانەبوو جدیتر و سەرکەوتووانەتر بەرەنگاریی وڵاتگیریی ئیسپانیایان بکردایە. لەو ساڵانەدا کە یەکەم گەشتی کۆڵەمبەس بۆ ئەمریکا (١٤٩٢) لە نیشتەجێبوونی کۆرتێس لە مەکسیکۆ (١٥١٩)، جیا دەکاتەوە، ئیسپانییەکان زۆربەی دوورگەکانی کاریبییان گرت و زنجیرەیەک کۆڵۆنیی نوێیان بونیاد نا. بۆ خەڵکە ڕەسەنە بەپاشکۆکراوەکان، ئەم کۆڵۆنییانە دۆزەخ بوون لەسەر زەوی. ئەوان لەلایەن کۆڵۆنیستە بێ ویژدان و چاوچنۆکەکان بە زەبری ئاگر و ئاسن سەرکوت دەکران کە بەکۆیلەیان دەکردن و لە کانەکان و کێڵگەکاندا دەیانخستنە بەر کار، هەر کەسێک بچوکترین بەرەنگاری بکردایە ئەوا دەیانکوشت. زۆربەی دانیشتووانی ڕەسەن بەزوویی مردن، چ بەهۆی هەلومەرجی سەختی کارکردن یان بەهۆی بڵابوونەوەی ئەو نەخۆشییانەی کە بە کەشتییەکانی وڵاتگیرەکان گوێزرانەوە. لەماوەی بیست ساڵدا، تەقریبەن سەرتاپای دانیشتووانی کاریبی ڕەسەن ڕامالران. کۆڵۆنیستە ئیسپانییەکان دەستیانکرد بە هاوردەکردنی کۆیلە ئەفریقییەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە.

ئەم کۆمەڵکوژییە لە دەروازەی ئیمپراتۆریەتی ئازتێک ڕوویدا، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک کۆرتێس لە کەناری خۆرهەلاتی ئیمپراتۆریەتەکە گیرسایەوە، ئازتێکەکان هیچیان لەبارەوە نەدەزانی. هاتنی ئیسپانییەکان هاوشێوە بوو لەگەڵ داگیرکارییەکی بوونەوەرە غەریبەکان لە فەزای دەرەوەڕا. ئازتێکەکان قەناعەتی ئەوەیان لابوو کە سەرتاپای جیهان دەناسن و حوکمی بەشی هەرە زۆری دەکەن. بەڵای ئەوانەوە قابیلی وێنا کردن نەبوو کە دەرەوەی قەڵەمڕەوەکەیان شتێکی وەکو

ئیسپانییەکان بوونیان هەبێت. کاتێک کۆرتێس و پیاوەکانی لە کەناراوە خۆرەتاوییەکانی ئەمرۆی (ڤێرا کروز) گیرسانەوە، یەکەم جار بوو ئازتێکەکان ڕووبەڕووی خەڵکانی تەواو نەزانراو ببنەوە.

ئازتێکەکان نەیاندەزانی کاردانەوەیان چۆن بێت. ئەوان گرفتیان هەبوو لە بڕیاردان لەوەی کە ئەم غەریبانە کێن. بەپێچەوانەی هەموو مرۆڤە ناسراوەکان، غەریبەکان پێستیان سپی بوو. هەروەها مووی دەم و چاویان زۆر بوو. هەندێکیان موویان لە ڕەنگی خۆر بوو. ئەوان بۆگەنیان لێدەهات. (پاک و خاوێنی خەڵکە ڕەسەنەکە باشتر بوو لە پاک و خاوێنی ئیسپانییەکان. کاتێک ئیسپانییەکان بۆ یەکەم جار گەیشتنە مەکسیک، خەڵکانێکی ڕەسەن کە بوخوردانیان بەدەستەوە بوو ڕاسپێردران بۆ هاوەڵیکردنیان بۆ هەر کوێیەک کە بچن. ئیسپانییەکان پێیان وابوو ئەمە نیشانەی شەرەفێکی خودایییە. ئێمە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانەوە دەزانین کە ئەوان بەرگەی بۆنی تازەهاتووانیان نەگرتووە.

کەلتووریی مادیی غەریبەکان تەنانەت سەرسوڕهێنەرتر بوو. ئەوان بە کەشتی گەورە گەورە هاتن، واتە ئەوانەی کە ئازتێکەکان قەت وێنایان نەکردبوو، چ جای ئەوەی بینیبێتیان. ئەوان سواری پشتی ئاژەڵی گەورە و تۆقێنەر دەبوون، کە وەکو با گیڤەیان دەهات. ئەوان دەیانتووانی هەورەتریشقە و زریان لە چیلکەی ئاسنی درەوشاوە بەرهەم بێنن. ئەوان شمشێری بریقاوەی درێژ و زرێی نەبڕدراویان پێبوو کە لەبەرانبەریدا، شمشێری تەختە و ڕمی بەردینی خەڵکە ڕەسەنەکە بێکەڵک بوو.

هەندێ لە ئازتێکەکان پێیان وابوو دەبێ ئەمانە خودا بن. ئەوانیتر بەڵگەی ئەوەیان دەهێنایەوە کە دێوەزمەن، یان تارمایی مردووەکانن یان جادووگەری بەهێزن. لەبری تەرکیز خستنە سەر هەموو ئەو هێزانەی

لەبەردەستیانە و ڕامالینی ئیسپانییەکان، ئازتیکەکان وتوێژیان کرد، کاتیان بەفیڕۆدا و دانوستانیان کرد. ئەوان هیچ هۆکارێکیان نەبینی لەپەلەکردندا. دواجار، کۆرتێس لە ٥٥٠ ئیسپانی زیاتر لەگەڵدا نەبوو. ٥٥٠ کەس دەیتوانی چی لە ئیمپراتۆریەتێکی ملیۆنان کەسی بکات؟.

کۆرتێس بەهەمان شێوە هیچی لەبارەی ئازتێکەکان نەدەزانی، بەڵام ئەو و پیاوەکانی هەندێ توانای گرنگتریان هەبوو لەبەرانبەر نەیارەکانیاندا. لەکاتێکدا کە ئازتێکەکان هیچ ئەزموونێکیان نەبوو بۆ ئامادەبوون بۆ گەیشتنی ئەم بێگانە سەیر و بۆگەنیووانە، ئیسپانییەکان دەیانزای ئەم زەوییە پڕە لە قەڵەمڕەوە مرۆییە نەزانراوەکان و کەس شارەزایەتیی زیاتری لە داگیرکردنی سەرزەمینە نامۆکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخانە نەبوو کە ئەوان بەتەواوی لێی بێ ئاگا بوون. بۆ وڵاتگیرێکی ئەوروپیی مۆدێرن، وەکو زانایەکی مۆدێرنی ئەوروپی، بازدان بۆ ناو نەزانراو شادیبەخش بوو.

بۆیە کاتێک کۆرتێس لە ساڵی ١٥١٩دا لە کەنارە خۆرەتاوەکە لەنگەری گرت، دووڵ نەبوو لە هەنگاونان. وەکو غەریبەیەکی چیرۆکی زانستی کە لە دەفرە فڕیووەکەی دابەزێت، بە لۆکاڵییە سەرسوڕماوەکانی ڕاگەیاند: (ئێمە بە ئاشتی هاتووین. بەڕەو لای سەرکردەکەتان ڕێنماییمان بکەن). کۆرتێس ڕوونی کردەوە کە ئەم نوێنەری پاشای گەورەی ئیسپانیایە و داوای دیداری دیپلۆماتیک دەکات لەگەڵ فەرمانڕەوای ئازتێکدا کە ناوی (مۆنتێزومای دووەم)ە. (ئەمە درۆیەکی بێ شەرمانە بوو. کۆرتێس تیمێکی سەربەخۆی لە سەرکێشە چاوچنۆکەکان پێکهێنابوو. پاشای ئیسپانیا قەت هیچی نە لەبارەی کۆرتێس و نە لەبارەی ئازتێکەکان نەبیستبوو). کۆترێس ڕێنمایی، خواردن و هەندێ کۆمەکی سەربازی لەلایەن دوژمنانی لۆکاڵی

ئازتێکەوە خرایە بەردەم. پاشان ئەو بەرەو پایتەختی ئازتێک، شاری گەورەی تێنۆشتیتلان کەوتەڕێ.

ئازتێکەکان ڕێگەیان بە غەریبەکان دا تا ڕێک بەرەو پایتەختەکە بکەونەڕێ، ئینجا بەڕێزەوە سەرکردەی غەریبەکانیان بەرەو ئیمپراتۆر مۆنتیزوما برد. لە ناوەڕاستی دیدارەکەدا، کۆرتێس ئاماژەیەکی دا و ئیسپانییە چەکدار بە ئامێرە ستیلەکان پاسەوانەکانی مۆنتیزومایان خەڵتانی خوێن کرد (کە تەنیا کوتکی تەختە و تیغی بەردینیان بەدەستەوە بوو). میوانی ڕێزلێنراو خانەخوێکەی بەند کرد.

کۆرتێس ئێستا لە بارودۆخێکی ناسکدا بوو. ئەو ئیمپراتۆری دەستگیر کردبوو، بەڵام دەیان هەزار کەسی لە جەنگاوەرانی دوژمنی تورە، ملیۆنان مەدەنیی شەڕانگێز و سەرتاپای کیشوەرێکی لەدەور بوو کە بەشێوەیەکی کرداری هیچی لەبارەوە نەدەزانی. ئەو تەنیا چەند چەکدارێکی ئیسپانی لەدەور بوو و نزیکترین هێزی پاڵپشت لە کوبا بوون، کە ١٥٠٠ کیلۆمەتر دوور بوو.

کۆرتێس مۆنتیزومای لە قەڵا بەند کرد، وای پیشاندا کە پاشا هەر ئازادە و دەسەڵاتی بەدەستە و وەک بڵێی (نێردەی ئیسپانیا) لە میوانێک زیاتر نییە. ئیمپراتۆریەتی ئازتێک کیانێکی لەرادەبەدەر بەسەنتەربوو بوو و ئەم بارودۆخە بێ پێشینەیە ئیفلیجی کردبوو. مۆنتیزوما بەردەوام بوو لە ڕەفتارکردن وەک بڵێی حوکمی ئیمپراتۆریەتەکە دەکات و دەستەبژێری ئازتێک بەردەوام بوون لە پەیڕەویکردن لێی کە بەو مانایە بوو ئەوان پەیڕەوی لە کۆرتێس دەکەن. ئەم بارودۆخە بۆ چەند مانگێک بەردەوام بوو کە تیایدا کۆرتێس بەدواداچوونی لەگەڵ مۆنتیزوما و هاوەڵانی کرد، وەرگێڕی لە چەندەها زمانی لۆکاڵدا ڕاهێنان و تیمی ئیسپانی بچوکی ڕەوانەی هەموو ئاقارێک کرد بۆئەوەی ئاشنای

ئیمپراتۆریەتی ئازتێک و چەندەها هۆز، خەڵک و شار بێ کە حوکمی دەکردن.

دەستەبژێری ئازتێک دواجار لە کۆرتێس و مۆنتێزوما هەڵگەڕایەوە، ئیمپراتۆریەتێکی نوێی هەڵبژارد و ئیسپانییەکانی لە تێنۆشتیتلان دەرپەڕاند. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێستا ئیتر چەندەها درز لە بینایەی ئیمپراتۆریدا دروست ببوو. کۆرتێس ئەو زانیارییەی کە بەدەستیهێنابوو بەکاریهێنا بۆ فراوانترکردنی درزەکان و قڵیشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتەکە لەناوەوەڕا. ئەو قەناعەتی بە زۆرێک لە خەڵکانی ڕەعیەی ئیمپراتۆریەتەکە هێنا بۆئەوەی لەدژی دەستەبژێری حوکمڕانی ئازتێک بێنە پاڵی. خەڵکانی ڕەعیە، زۆر خراپ حاڵی بوون. ئەوان ڕقیان لە ئازتێکەکان دەبووەوە، بەڵام هیچیان لەبارەی ئیسپانیا یان جینۆسایدی کاریبی نەدەزانی. ئەوان وایاندانا کە بە یارمەتی ئیسپانییەکان دەتووانن تەوقی ئازتێک لابببەن. بیرۆکەی ئەمەی کە ئیسپانییەکان بااڵدەست دەبن قەت نەچووبووە مێشکیانەوە. ئەوان دڵنیا بوو لەوەی ئەگەر کۆرتێس و چەند سەد کەسێک لە داروودەستەکەی هەر گرفتێک بنێنەوە ئەوا بە ئاسانی دەتووانن بەسەریاندا زاڵ بن. خەڵکانی یاخی، سوپایەکیان لە دەیان هەزار سەربازی لۆکاڵ بۆ کۆرتێس دابین کرد و بە یارمەتی ئەمە، کۆرتێس گەمارۆی تێنۆشتیتلان-یدا و شارەکەی گرت.

لەم قۆناغەدا، دانیشتووان و سەربازانی ئیسپانیی زیاتر و زیاتر دەگەیشتنە مەکسیک، هەندێکیان لە کوبا و ئەوانیتر لە ئیسپانیاوە دەهاتن. کاتێک خەڵکانی لۆکاڵ درکیان بەوە کرد چی ڕووەدات، درەنگ ببوو. لەماوەی سەدەیەک لە نیشتەجێبوون لە (ڤێرا کروز)، دانیشتووانی ڕەسەنی ئەمریکاکان بەرێژەی ٩٠% کەم ببوونەوە، بەشی زۆریشی بەهۆی ئەو نەخۆشییە نائاشنایانە بوو کە داگیرکەرەکان لەگەڵ

خۆیاندا هێنابوویانە ئەمریکا. ئەوانەی زیندوو مابوونەوە خۆیان لەژێر چەپۆکی ڕژێمێکی چلێس و نەژادپەرستدا بینییەوە کە زۆر لەوەی ئازتێکەکان خراپتر بوو.

دە ساڵ پاش نیشتەجێبوونی کۆرتێس لە مەکسیک، پیزارۆ گەیشتە وشکانی ئیمپراتۆریەتی ئینکا. ئەو سەربازانی کەمتر لە کۆرتێسی لەگەڵدا بوون- تیمەکەی ئەو تەنیا ١٦٨ کەس بوون! لەگەڵ ئەوەشدا، پیزارۆ کەڵکی لە هەموو ئەو زانیاری و ئەزموونە وەرگرت کە لە داگیرکردنەکانی پێشوو بەدەستیهێنابوو. کەچی، ئینکا هیچیان لەبارەی چارەنووسی ئازتێکەکانەوە نەزانیبوو. پیزارۆ بیرۆکەکەی لە کۆرتیس قۆپی کرد. ئەو خۆی وەکو نێردەی ئاشتیخوازی پاشای ئیسپانیا ڕاگەیاند، بانگی (ئاتاهوالپا)ی فەرمانڕەوای ئینکای کرد بۆ دیداری دیپلۆماتی و پاشان ڕفاندی. پیزارۆ لەوە زیاتر ڕۆیشت تا بە یارمەتی هاوپەیمانە لۆکاڵەکان ئیمپراتۆریەتە ئیفلیجبووەکەی گرت. ئەگەر خەڵکە ڕەعیەکەی ئیمپراتۆریەتی ئینکا بە چارەنووسی دانیشتووانی مەکسیکی بزانیایە، ئەوا ڕیشی خۆیان نەدەدایە دەستی داگیرکەرەکان. بەڵام ئێستا نەیاندەزانی.

خەڵکانی ڕەسەنی ئەمریکا تاکە کەسانێک نەبوون باجی گەورە لەبەرانبەر ڕوانگەی بەرتەسکیان بدەن. ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی ئاسیا- عوسمانییەکان، سەفەوییەکان، مەغۆل و چینییەکان- زۆر بەخێرایی بیستیان کە ئەوروپییەکان شتێکی گەورەیان دۆزیووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان ئارەزوومەندییەکی کەمیان بەرانبەر ئەو دۆزینەوانە پیشاندا. ئەوان بەردەوام بوون لەباوەڕبوون بەوەی جیهان بەدەوری ئاسیادا دەخولێتەوە و هیچ هەوڵێکیان نەدا تا لە کۆنترۆڵکردنی ئەمریکا یان ڕێڕەوە ئۆقیانووسییە نوێکانی ئەتلانتیک و هێمن ڕکابەریی ئەوروپییەکان بکەن. تەنانەت مەملەکەتە ئەوروپییە لاوازەکانی وەکو

سکۆتلاند و دانیمارک چەند تیمێکی سۆراخکردن و گرتنیان ڕەوانەی ئەمریکا کرد، بەڵام هیچ تیمێک لە تیمەکانی سۆراخکردن و گرتن لە جیهانی ئیسلامی، هیندستان یان چینەوە ڕەوانە نەکرا. یەکەمین هێزی نائەوروپی کە هەوڵیدا تیمێکی سەربازی ڕەوانەی ئەمریکا بکات، ژاپۆن بوو. ئەمەش لە حوزەیرانی ١٩٤٢دا بوو، کاتێک تیمێکی ژاپۆنی کیسکا و ئاتووی گرت، کە دوو دوورگەی کەناراوی ئالاسکا بوون و لە پرۆسەکەدا دە سەربازی ئەمریکی و سەگێکیان دەستبەسەر کرد. ژاپۆنییەکان قەت لە خاکی سەرەکی وڵاتەکە نزیک نەکەوتنەوە.

قورسە بڵێیت عوسمانییەکان یان چینییەکان زۆر دوورەدەست بوون، یان ئەمەی کە ئامرازی تەکنۆلۆژی، ئابووری، سەربازییان نەبوو. دەبووایە ئەو سەرچاوانەی لە ساڵی ١٤٢٠ەکان (ژێنگ هی) بەرەو خۆرهەڵاتی ئەفریقا برد بەس بوونایە بۆ گەیشتنە ئەمریکا. چینییەکان هیچ ئارەزوومەند نەبوون. یەکەم نەخشەی جیهانیی چینییەکان کە ئەمەریکا پیشان بدات تاوەکو ١٦٠٢ بڵاو نەکرایەوە- و پاشان لەلایەن ئەوروپییەکی تەبشیرییەوە بڵاو کرایەوە!.

بۆ ماوەی ٣٠٠ ساڵ، ئەوروپییەکان بالادەستییەکی بێ چەندوچونیان لە ئەمریکا و ئۆقیانووسیا، لە ئەتلانتیک و هێمن هەبوو. تاکە ململانێ لەو ناوچانەدا لەنێوان هێزە ئەوروپییە جیاجیاکاندا بوو. سامان و سەرچاوەی کۆکراوە لەلایەن ئەوروپییەکانەوە بۆ دواجار توانای پێدان ئاسیاش داگیر بکەن، ئیمپراتۆریەتەکانی ببەزێنن و لەنێو خۆیاندا دابەشی بکەن. کاتێک عوسمانییەکان، فارسەکان، هیندییەکان و چینییەکان بێدار بوونەوە و سەرنجیاندا، درەنگ ببوو.

تەنیا لە سەدەی بیستەمدا کەلتوورە نائەوروپییەکان ڕوئیایەکی بە ڕاستی جیهانییان پەیڕەو کرد. ئەمە یەکێک بوو لە فاکتەرە گرنگەکانی

دارمانی هەژمونی ئەوروپا. بەمشێوەیە لە جەنگی سەربەخۆیی جەزائیردا (١٩٥٤-١٩٦٢)، گەریلا جەزائیرییەکان سوپای فەرەنسییان بەزاند ئەگەرچی توانای ژمارەیی، تەکنۆلۆژی و ئابووری زیاتر بوو. جەزائیرییەکان سەرکەوتن چونکە تۆڕێکی جیهانی دژە کۆلۆنیالی پشتگیری دەکرد و زانییان چۆن لە بەرژەوەندیی خۆیان جڵەوی میدیای جیهان و- هەروەها تەنانەت ڕای گشتی فەرەنسیش- بکەن. ئەو شکستەی ڤێتنامی باکووری بچوک بەسەر زەبەلاحی ئەمریکیدا هێنای لەسەر بنەمای ستراتیژی هاوشێوە بوو. ئەم هێزە گەریلاییانە پیشانیاندا کە ئەگەر ململانێیەکی لۆکاڵ بووە دۆزێکی جیهانی تەنانەت زلهێزەکانیش شکستیان پێ دەهێنرێت. جێی بایەخە لەوە وردبینەوە کە چی بەسەر مۆنتێزوما دەهات ئەگەر بیتوانیایە ڕای گشتی لە ئیسپانیا بقۆزێتەوە و کۆمەک لە ڕکابەرەکانی ئیسپانیا بەدەست بێنێت- واتە پۆرتوگال، فەرەنسا یان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

جاڵجاڵۆکە و تێکستە پیرۆزە بیرچووەوەکان

زانستی مۆدێرن و ئیمپراتۆریەتەکان بەو هەستە بێوچانە بزووان کە دەشێ شتێکی گرنگ لەودیو ئاسۆوە چاوەڕوان بێ- شتێک کە ئەوان باشتر بوون لە سۆراخکردن و وەستایەتی تیایدا. لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندیی نێوان زانست و ئیمپراتۆریەت قوولتر بووەوە. نەک هەر بزواندن، بەڵکو بەهەمان شێوە کردارەکانی بونیادنەرانی ئیمپراتۆریەت لەگەڵ ئەوانەی زاناکان تێکەڵ بوون. بۆ ئەوروپییە مۆدێرنەکان، بونیادنانی ئیمپراتۆریەتێک پڕۆژەیەکی زانستی بوو، لەکاتێکدا کە بونیادنانی ڕشتەیەکی زانستیٚ پڕۆژەیەکی ئیمپریالی بوو.

کاتێک موسڵمانەکان هیندستانیان گرت، ئەوان ئارکیۆلۆجیستەکانیان لەگەڵ خۆیان نەهێنا بۆئەوەی بەشێوەیەکی سیستەماتیکی تاووتوێی خاکی هیندستان بکەن، یان ئاژەڵناسەکان بێنن تا توێژینەوە لە کۆمەڵەی گیانەوەرانی هیندستان بکەن. کاتێک بریتانییەکان هیندستانیان گرت، هەموو ئەم شتانەیان کرد. لە ١٠ی نیسانی ١٨٠٢دا ڕووپێوی گەورە ی هیندستان دەستیپێکرد. ئەمە شەست ساڵی خایاند. بە یارمەتی دەیان هەزار ئیشکەر، لێکۆڵەر و ڕێنوێنی ڕەسەنی وڵاتەکە، بریتانیا بە وریاییەوە نەخشەی تەواوی هیندستانی کێشا، سنوورەکانی نیشانە کرد، پێوانەی دووریییەکانی کرد و تەنانەت بۆ یەکەم جار بەرزایی کتومتی شاخی ئێڤریست و لوتکەکانی تری هیمالایای پێوا. بریتانییەکان سۆراخی سەرچاوە سەربازییەکانی پارێزگاکانی هیندستان و شوێنی کانە ئاڵتونەکانیان کرد، بەڵام ئەوان بەهەمان شێوە خۆیان تووشی گرفتی کۆکردنەوەی زانیاری کرد لەبارەی جاڵجاڵۆکەی دەگمەنی هیندی، پەپوولەی ڕەنگاورەنگیان کەتەلۆگ کرد، و بەدوای بنچینەکانی زمانە هیندییە لەناوچووەکاندا چوون و شوێنەوارە بیرچووەوە دێرینەکانیان هەڵکەند.

مۆهێنجۆ-دارۆ یەکێک بوو لە شارە سەرەکییەکانی شارستانیەتی دۆڵی ئیندوس کە لە هەزارەی سێیەمی پێش زایین گەشەی کرد و لە دەوروبەری ١٩٠٠ ی پێش زایین وێران بوو. هیچ کام لە فەرمانڕەوا هیندییەکانی پێش بریتانیا- نە مۆریاکان، نە گوپتاکان، نە سوڵتانەکانی دەلهی، نە موغالە مەزنەکان- سەرنجی دووەمیان نەدابووە شوێنەوارەکان. بەڵام ڕووپێویی ئارکیۆلۆژیی بریتانی لە ساڵی ١٩٢٢ لە شوێنەوارەکە وردبووەوە. پاشان تیمێکی بریتانی هەڵیکۆڵی و یەکەمین شارستانیەتی مەزنی بریتانیای دۆزییەوە کە هیچ هیندییەک لێی بەئاگا نەبوو.

نموونەیەکی دیاری تری خۆهەڵقورتاندنی زانستیی بریتانی بریتی بوو لە والاکردنی نووسینی بزماری. ئەمە بەدرێژایی ٣٠٠٠ ساڵ نووسینی سەرەکی بەکارهاتوو بوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام لەوانەیە دواییین کەس کە تووانیبێتی بیخوێنێتەوە، لە سەرەتاکانی یەکەمین هەزارەی زایینداا مردبێ. لەو وەختەوە، دانیشتووانی ناوچەکە ناوبەناو ڕووبەڕووی نووسینی بزماری لەسەر مۆنۆمێنتەکان، بەردی یادگاری، پاشەواری دێرین و گۆزە شکاوەکان بوونەتەوە. بەڵام نەیانتوانیووە هێڵە گۆشەییە سەیرەکان بخوێننەوە و ئەوەندەی ئاگادار بین قەتیش هەوڵیان نەداوە. لە ساڵی ١٦١٨دا نووسینی بزماری کەوتە بەر سەرنجی ئەوروپییەکان کاتێک باڵیۆزی ئیسپانی لە فارس چووە دیدەنی پاشەواڕە دێرینەکانی پێرپۆلیس کە لەوێ ئەو نووسینانەی بینی کە کەس نەیتووانیبوو بۆی ڕوون بکاتەوە. هەواڵی نووسینە نەزانراوەکان لەناو خوێنەوار و زانیاریخوازە ئەوروپییەکاندا بڵاو بووەوە. لە ساڵی ١٦٥٧دا لێکۆڵەرانی ئەوروپی یەکەمین تێکستی نوسراوی پێرسپۆلیسیان بڵاو کردەوە. ئەمە نووسراوی زۆر و زۆرتری بەدوادا هات و بۆ نزیکەی دوو سەدە، لێکۆڵەران لە خۆڕئاوا هەوڵیاندا والای بکەن. هیچ کام لە هەوڵەکانیش سەرکەوتوو نەبوون.

لە ١٨٣٠یەکاندا، ئەفسەرێکی بریتانی بەناوی (هێنری ڕۆلینسن) نێردرایە فارس بۆ یارمەتیدانی شا تاوەکو بە ستایڵی ئەوروپی مەشق بە سوپاکەی بکات. ڕۆلینسن لە کاتە بەتاڵەکەیدا بە سەرانسەری جیهاندا گەشتی کرد و ڕۆژێکیان لەلایەن ڕێنوێنە لۆکاڵەکانەوە بەرەو لێوارێکی چیاکانی زاگرۆس بردرا و نوسراوی گەورەی (بێستون)ی پیشاندرا. ئەم نوسراوە کە پانزە مەتر بەرز و بیست و پێنج مەتر فراوان بوو، بە فەرمانی پاشا داریوشی یەکەم لە کاتێکی دەوروبەری ٥٠٠ی پێش زایین

لەسەر ڕووی لێوارێک هەڵکەنرابوو. ئەمە بە خەتی بزماری و بە سێ زمان نوسرابوو: فارسی کۆن، ئیلامی و بابلی. نوسینەکە بەڵای دانیشتووانی لۆکاڵەوە زۆر ئاشنا بوو، بەڵام کەس نەیدەزانی بیخوێنێتەوە. ڕۆلینسن گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە ئەگەر بتووانێت نووسینەکە والا بکات ئەوا ئەم و لێکۆڵەرانی تریش دەتووانن ژمارەیەکی زۆر لەو تێکست و نووسینانە بخوێننەوە کە لەو وەختەدا لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دۆزرابوونەوە و دەروازەیەک بوون بۆ ناو جیهانی دێرین و لەبیرچووەوە.

یەکەم هەنگاو لە والاکردنی ڕێنوسەکەدا بەرهەمهێنانی نووسراوێکی دەقاودەق بوو کە دەکرا بنێردرێتەوە بۆ ئەوروپا. ڕۆلینسن بۆ ئەم کارە بەرەنگاریی مردنی کرد، بەسەر لێوارە لێژەکەدا سەرکەوت بۆئەوەی نووسراوە نامۆکە لەبەر بگرێتەوە. ئەو چەند کەسێکی لۆکاڵی بەکرێ گرت تا یارمەتی بدەن، لەهەمووشی بەرچاوتر کوڕێکی کورد کە خۆی گەیاندە بەشە دەست پێ نەگەیشتووەکانی لێوارەکە بۆئەوەی بەشی سەرەوەی نووسینەکە لەبەر بگرێتەوە. لە ساڵی ١٨٤٧دا، پرۆژەکە تەواو بوو و کۆپییەکی دەقاودەقی تەواو نێردرایە ئەوروپا.

ڕۆلینسن لەوێوە نەوەستا. وەکو ئەفسەرێکی سوپا، ئەرکی سەربازی و سیاسی لەئەستۆ بوو، بەڵام هەر کاتێکی بەتاڵی هەبووایە لە نووسینە نهێنییەکەوە ڕادەما. ئەو میتۆد لەدوای میتۆدی تاقیکردەوە و دواجار بەشە فارسییەکە کۆنەکەی نووسراوەکەی والاکرد. ئەمە ئاسانترین بوو، چونکە فارسیەکە کۆنەکە ئەوەندە لە فارسیە مۆدێرنەکە جیاواز نەبوو کە ڕۆلینسۆن باش دەیزانی. تێگەیشتنێک لە بەشە فارسییە کۆنەکە ئەو کلیلەی دایە کە پێویستی بوو بۆ والاکردنی ڕازەکانی بەشە ئیلامی و بابلییەکە. دەرگا گەورەکە کرایەوە و چەند دەنگێکی دێرینی زیندوو

هاتنه دەرەوە- بازاڕی گەرم و گوڕی سومەریەکان، ڕاگەیاندنەکانی پاشا ئاشوریەکان، مشتومڕەکانی بیرۆکراتە بابلیەکان. بەبێ تەقەلای ئیمپریالیستە ئەوروپییە مۆدێرنەکانی وەکو ڕۆلینسن، ئێمە هیچی وەهامان لەبارەی چارەنووسی ئیمپراتۆریەتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی دێرین نەدەزانی.

لێکۆڵەرێکی ئیمپریالیستی بەرجەستەی تر، ویلیام جۆنس بوو. جۆنس لە ئەیلولی ١٧٨٣دا گەیشتە هیندستان بۆئەوەی وەکو دادوەرێک لە دادگای باڵای بەنگال خزمەت بکات. ئەو ئەوەندە کارتێکراو بوو بە سەیروسەمەرەکانی هیندستان کە لەماوەی کەمتر لە شەش مانگی گەیشتنیدا کۆمەڵگای ئاسیایی بونیاد نا. ئەم ڕێکخراوە ئەکادیمییە تەرخان بوو بۆ توێژینەوە لە کەلتوورەکان، مێژووەکان و کۆمەڵگاکانی ئاسیا و بەتایبەت ئەوانەی هیندستان. لەماوەی دوو ساڵدا، جۆنس چاودێرییەکانی لەمەڕ زمانی سانسکریتی بڵاو کردەوە، کە پێشەنگی زانستی زمانەوانیی بەراوردکارانە بوو.

لە بڵاوکراوەکانیدا، جۆنس خاڵی هاوشێوەی سەرسوڕهێنی لەنێوان سانسکریت، زمانێکی هیندیی دێرین کە بووە زمانی پیرۆزی سروتی هیندۆسی، و زمانەکانی یۆنان و لاتین و هەروەها هاوشێوەی لەنێوان هەموو ئەم زمانانە و گۆتی، کێلتی، فارسی کۆن، ئەڵمانی، فەرەنسی و ئینگلیزیدا بڵاو کردەوە. لەمڕووەوە، لە سانسکریتیدا، مەزەر (واتە دایک) بریتییە لە ماتار، لە لاتینیدا بریتییە لە ماتێر و لە کێلتی کۆندا مازیر-. جۆنس وایدادەنا کە هەموو ئەم زمانانە بنەچەیەکی هاوبەشیان هەیە کە لە پێشینەیەکی دێرینی بیرچووەوە هاتوون. لەم ڕووەوە ئەو یەکەم کەس بوو ئەو شتە بناسێتەوە کە هەواتر پێی دەوترا خانەوادەی زمانە هیندۆ-ئەوروپییەکان.

توێژینەوەکەی جۆنس بناغەیەکی گرنگ بوو نەک تەنیا بەهۆی گرینمانە بوێرانە (و دەقاوەدەقەکەی)، بەڵکو بەهەمان شێوە بەهۆی ئەو ئەفسانە ڕێکوپێکەی گەڵاڵەی کردبوو بۆ بەراوردکردنی زمانەکان. ئەمە لەلایەن لێکۆڵەرانی تەوە پەیڕەو کرا، کە توانای پێدان بەشێوەیەکی سیستەماتیک تاووتوێی پەیدابوونی هەموو زمانەکانی جیهان بکەن.

زمانەوانەکان پشتگیریی ئیمپریالیی تامەزرۆیانەیان وەرگرت. ئیمپراتۆریەتەکان بڕوایان وابوو کە بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر حوکم بکەن، پێویستە زمانەکان و کەلتوورەکانی ڕەعیەکانیان بزانن. قەرار وابوو ئەو ئەفسەرە بریتانییانەی دەگەنە هیندستان سێ ساڵ لە کۆلێژی کەلکەتا بەسەر ببەن کە لەوێ شانبەشانی کەلتوورەکانی یۆنانی و لاتینی، و تامیل و بەنگالی و هیندوستانی، یاسای هیندۆسی و موسڵمانیان دەخوێند، هەروەها ماتماتیک، ئابووری و جیوگرافیشیان دەخوێند. توێژینەوەی زمانەوانی، یارمەتییەکی بەنرخی دابین کرد بۆ تێگەیشتن لە بونیاد و ڕێزمانی زمانە لۆکاڵەکان.

لە سایەی کاری خەڵکانی وەکو ویلیام جۆنس و هێنری ڕۆلینسن، وڵاتگیرانی ئەوروپی ئیمپراتۆریەتەکانیان بەباشی ناسی. لە ڕاستیدا باشتر لە هەر وڵاتگیرێکی پێشوو، تەنانەت خودی دانیشتووانە ڕەسەنەکەش. مەعریفەی باڵای ئەوان کاریگەریی کرداریی ڕوونی هەبوو. بەبێ مەعریفەیەکی وەها، ڕێی تێناچێت ژمارەیەکی بچوکی بریتانییەکان بیانتوانیایە بۆ ماوەی دوو سەدە حوکمی سەدان ملیۆن هیندی بکەن، سەرکوتیان بکەن و بەکاریان ببەن. بەدرێژایی سەدەکانی نۆزدە و بیست، کەمتر لە ٥٠٠٠ کاربەدەستی بریتانی، نزیکەی ٤٠،٠٠٠ -٧٠،٠٠٠ سەربازی بریتانی و لەوانەیە ١٠٠،٠٠٠ خاوەن بزنس، کەسانی ئاسایی، ژن

و منالیان بەس بوون بۆ گرتن و حوکم کردن بەسەر ٣٠٠ ملیۆن هیندیدا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم کاریگەرییە کردارییانە تاکە هۆکار نەبوون بۆئەوەی کە بۆچی ئیمپراتۆریەتەکان پارەی تۆپژینەوەی زمانەوانی، ڕووەکناسی، جیۆگرافی و مێژوویان دابین کرد. ئەو شتەی گرنگییەکەی لەمە کەمتر نەبوو، ئەوە بوو کە زانست پاساوی ئایدۆلۆژی دایە ئیمپراتۆریەتەکان. ئەوروپیە مۆدێرنەکان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە بەدەستهێنانی مەعریفەی نوێ هەمیشە باشە. ڕاستی ئەمەی کە ئیمپراتۆریەتەکان ڕەوگەیەکی بەردەوامی مەعریفەی نوێیان بەرهەم هێنا، کردنی بە پڕۆژەی پێشکەوتوخوازانە و پۆزەتیڤ. تەنانەت ئەمڕۆکەش، مێژووەکانی زانستەکانی وەکو جیۆگرافی، ئارکیۆلۆژی و ڕووەکناسی ناتووانن خۆیان لە قەرزداربارییە بەرانبەر ئیمپراتۆریەتە ئەوروپییەکان لابدەن، ئەگەرچی بەشێوەی ناراستەوخۆش بووبێت. مێژووی ڕووەکناسی شتێکی وەهای لەبارەی چەوسانەوەی ئوسترالیە ڕەسەنەکان پێ نییە، بەڵام زۆرجار هەندێ قسەیان بۆ جەیمز کۆک و جۆزیف بانکس پێیە.

سەرباری ئەمەش، مەعریفەی کۆکراوە لەلایەن ئیمپراتۆریەتەکانەوە لانی کەم لە تیۆرەدا ئەستەمی کرد سوود بە دانیشتووانی داگیرکراو بگەیەنرێت و کەڵکی "پێشکەوتن"یان پێ ببەخشرێت- دەرمان و پەروەردەیان بۆ دابین بکرێت، سکەی شەمەنەفەر و کەنالیان بۆ بونیاد بنرێت، دادپەروەری و کامەرانییان بۆ بهێنرێتە کایەوە. ئیمپریالیستەکان بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە ئیمپراتۆریەتەکانیان پڕۆژەی گەورەی بەکاربردن نین بڵکو پڕۆژەی خاکەڕاییانەن لەپێناو نەژادە نائەوروپییەکاندا خراونەتەگەڕ- بە قسەی ڕودیارد کیپلینگ، (قورسایی سەر شانی کابرای سپی پێست):

قورسایی سەر شانی کابرای سپی پێست هەڵگرە-
باشترین وەچە بهێنەرە کایەوە
کورەکانت ڕەوانەی تاراوگە بکە
خزمەتکردنی پێداویستییەکانی کۆیلەکانت
لە کۆت و زنجیری قورسدا چاوەڕێ بوون
لە ملی خەڵک و کێوی
خەڵکە تازە گیراوە بەدمیزاجەکانت
نیوە ئەهریمەن و نیوە منالەکانت

بێگومان، زۆرجار فاکتەکان ئەم ئەفسانەیەیان بە درۆ خستووەتەوە. بریتانییەکان بەنگالیان لە ساڵی ١٧٦٤ گرت کە دەوڵەمەندترین پارێزگای هیندستان بوو. فەرمانڕەوا نوێکان بایەخێکی وەهایان بەهیچ نەدا جگە لە خۆدەوڵەمەندکردنیان. ئەوان سیاسەتێکی کارەساتئامێزی ئابووریان پەیڕەو کرد کە چەند ساڵێک دواتر قات و قڕیی گەورەی بەنگالی لێکەوتەوە. ئەمە لە ساڵی ١٧٦٩دا دەستی پێکرد، لە ساڵی ١٧٧٠دا گەیشتە ئاستە کارەساتئامێزەکان و تاوەکو ١٧٧٣ درێژەی کێشا. نزیکەی ١٠ ملیۆن بەنگالی، یەک لەسەر سێی دانیشتووانی پارێزگاکە، لە کارەساتەکەدا مردن.

لە ڕاستیدا، نە حیکایەتی سەرکوتکردن و بەکاربردن، نە ئەوەی "قورسایی سەر شانی کابرای سپی پێست" بەتەواوی لەگەڵ فاکتەکاندا دێنەوە. ئیمپراتۆریەتە ئەوروپییەکان لەسەر ئاستێکی وەها فراوان شت گەلێکی زۆر جیاوازیان کرد کە تۆ دەتوانیت چەندەها نموونە بدۆزیتەوە بۆ پشتگیریی هەر شتێک بتەوێ لەبارەیانەوە بڵێیت. تۆ پێت وایە ئەم ئیمپراتۆریەتانە خراپەی وەهایان ئەنجام داوە کە مەرگ، سەرکوتگەری و

نادادپەروەری بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو دەکاتەوە؟ ئەوا دەتووانیت ئینسایکلۆپیدیایەک لە تاوانەکانیان پڕ بکەیتەوە. تۆ دەتەوێ بەڵگەی ئەوە بهێنیتەوە کە ئەوان لە ڕاستیدا هەلومەرجی ڕەعیەکانیان بە داوودەرمانی نوێ، هەلومەرجی ئابووریی باشتر و ئاسایشی زیاتر، چاک کردووە؟ ئەوا دەتووانیت ئینسایکلۆپیدیایەکی تر لە دەستکەوتەکانیان پڕ بکەیتەوە. بەهۆی هاوکاریی نزیکیان لەگەڵ زانست، ئەم ئیمپراتۆریەتانە هێزێکی زۆریان خستەگەڕ و بە ڕادەیەک جیهانیان گۆڕی کە بەو ساناییە نەکرێ بەباش یان خراپ ناودێر بکرێن. ئەوان جیهانیان بەو شێوەیەی کە دەزانین دروست کرد، بەو ئایدۆلۆژیایانەشەوە کە ئێمە بەکاریان دێنین بۆئەوەی حوکمیان لەسەر بدەین.

بەڵام زانست بەهەمان شێوە لەلایەن ئیمپریالیستەکانەوە تا سنوورە خراپەکان بەکارهێنرا. بایۆلۆژیستەکان، ئەنترۆپۆلۆژیستەکان و تەنانەت زمانەوانەکان بەڵگەی زانستییان دابین کرد لەمەڕ ئەوەی کە ئەوروپییەکان بەسەر هەموو نەژادەکانی تردا بااڵترن و سەرەنجام ماف (ئەگەر نەڵێین ئەرک)ی ئەوەیان هەیە بەسەریاندا حوکم بکەن. پاش ئەوەی ویلیام جۆنس بەڵگەی ئەوەی هێنایەوە کە هەموو زمانە هیندۆ-ئەوروپییەکان لە تاکە زمانێکی دێرینەوە سەرچاوەی گرتووە، زۆرێک لە لێکۆڵەران تامەزرۆی دۆزینەوەی قسەکەرانی ئەو زمانە بوون. ئەوان تێبینی ئەوەیان کرد کە قسەکەرانی سەرەتای سانسکریتی، کە پێش ٣٠٠٠ ساڵ لە ئاسیای ناوەڕاستەوە هیندستانیان داگیرکردبوو، خۆیان بە ئاریا ناودێر کردبوو. قسەکەرانی سەرەتای زمانی فارسی خۆیان بە ئایریا ناودێر کردبوو. سەرەنجام لێکۆڵەرانی ئەوروپی وایاندانا ئەو خەڵکەی بەو زمانە سەرەتاییە قسەیان دەکرد کە هەم سانسکریتی و هەم فارسی (هەروەها یۆنانی، لاتینی، گۆتی و کێلتی) لێکەوتەوە دەبێ خۆیان بە

ئاریایی ناوزەند کردبێت. ئایا دەبێ ڕێکەوت بووبێت ئەوانەی شارستانیەتە مەزنەکانی هیندستان، فارس، یۆنان و ڕۆمیان بونیاد نابێت ئاریایی بووبن؟.

پاشان، لێکۆڵەرانی بریتانیایی، فەرەنسایی و ئەڵمانی، تیۆرەی زمانەوانییان لەبارەی ئاریاییە پڕکۆششەکان لە تیۆرەی داروینی لەبارەی هەڵبژاردنی سروشتی ماڕە کرد و وتیان ئاریاییەکان تەنیا گروپێکی زمانەوانی نین بەڵکو کیانێکی بایۆلۆژین- نەژادێکن. نەک تەنیا هەر نەژادێکیش، بەڵکو نەژادێکی گەورەی مرۆڤە سوپەر-ئەقڵانی، سەرسەخت، چاوشین، قژ زەرد و باڵابەرز کە لەناو تەمی باکوور سەریانهەڵدا بۆئەوەی لە سەرانسەری جیهاندا بناغەکانی کەلتوور دانێین. جێی داخە کە ئەو ئاریاییانەی کە هیندستان و فارسیان داگیر کرد، هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئەو خەڵکە ڕەسەنە لۆکاڵە کرد کە لەو سەرزەمینانە دۆزییاننەوە و ڕوخساری کاڵ و قژی زەردیان لەدەستدا و لەگەڵیشیا ئەقڵانیەت و تەقەلایان ڕۆیی. شارستانیەتەکانی هیندستان و فارس سەرەنجام ئاوابوون. لەلایەکی ترەوە، لە ئە وروپا، ئاریاییەکان بێگەردیی نەژادییان پاراست. هەربۆیە ئەوروپییەکان پرژابوونە سەر گرتنی جیهان و هەربۆیە گونجاوبوون بۆ حوکمکردنی- بەو مەرجەی حەزەریان بکردایە لە تێکەڵبوون لەگەڵ نەژادە نزمەکاندا.

ئەم تیۆرە نەژادخوازانە، بۆ ماوەی چەند دەیەیەک بەرجەستە و بەڕێز بوون، لەناو زاناکان و سیاسییەکانیشدا ببوونە مایەی ڕق. خەڵکی بەردەوامن لەوەی ململانێ لەدژی نەژادپەرستی بکەن بەبێ ئەوەی تێبینی ئەوە بکەن کە شەڕگەکە وەرچەرخاوە و ئەمەی کە شوێنی نەژادپەرستی لە ئایدۆلۆژیای ئیمپریالیدا (کەلتوورگەرایی) شوێنی گرتووەتەوە. وشەیەکی وەها بوونی نییە، بەڵام خەریکە دادێت. لەناو

دەستەبژێرانی ئەمڕۆدا، بڕواکان لەمەڕ شایستەییەکانی گروپە مرۆییە جیاجیاکان تەقریبەن هەمیشە لە سۆنگەی جیاوازییە میژوویییەکانەوە لەنێوان کەلتوورەکاندا دەربڕدراون نەک جیاوازییە بایۆلۆژییەکان لەنێوان نەژادەکاندا. ئێمە چیتر ناڵێین (لە خوێنیاندایە)، دەڵێین (لە کەلتووریاندایە).

لەم ڕووەوە، ئەو حزبە ڕاستڕەوە ئەوروپییانەی دژایەتی کۆچی موسڵمانان دەکەن زۆرجار وریایی ئەوە وەردەگرن کە خۆیان لە زاراوەی نەژادی لا بدەن. هەر کە وتارنووسانی (مارین لو پێن) بیانوتایە سەرکردەی بەرەی نیشتمانی دەچێتە سەر تەلەڤزیۆن بۆئەوەی ڕایبگەیەنێت (ئێمە نامانەوێ ئەم ساماییە نزمانە خوێنی ئارییمان پیس بکەن و شارستانیەتی ئاریمان تێکبدەن) ئەوا ڕێنمایی دەکران. لەبری ئەمە، بەرەی نیشتمانی فەرەنسی، پارتی هۆڵەندی بۆ ئازادی، هاوپەیمانێتی بۆ ئایندەی نەمسا و هاوشێوەکانیان، بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە کەلتووری خۆرئاوایی، بەو شێوەیەی کە لەئەوروپا پەرەی سەندووە، نوێنەرایەتی بەها دیموکراتییەکان، هەڵکردن و یەکسانیی ڕەگەزی دەکات، کەچی کەلتووری موسڵمان کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست پەرەی سەندووە، نوێنەرایەتی سیاسەتی هیرارکی، توندڕەوی و دژەمێینەیی دەکات. لەبەرئەوەی دوو کەلتوورەکە ئەوەندە جیاوازن و لەبەرئەوەی زۆرێک لە کۆچبەرە موسڵمانەکان نائارەزوومەندن (و لەوانەیە نەتوانن) بەها خۆرئاواییەکان پەیڕەو بکەن، ئەوا نابێ ڕێگەیان بدرێت بێنە ناوەوە نەکا شەڕ بنێنەوە و لیبرالیزم و دیموکراسی ئەوروپی بسڕنەوە.

ئەو مشتومڕە کەلتوورگەرایانە بە تۆڕینەوە زانستییەکان لە بوارەکانی زانستە مرۆییەکان و زانستە کۆمەلایەتییەکان کە ڕۆشنایی دەخەنە سەر

بەناو پێکدادانی شارستانییەتەکان و جیاوازییە ڕیشەییەکانی نێوان کەلتوورە جیاوازەکان، دەوڵەمەند دەکرێن. هەموو میژووناس و ئەنترۆپۆلۆژیستەکان ئەم تیۆرییانە قبوڵ ناکەن نە پشتگیریی بەکارهێنانی سیاسیشیان دەکەن. بەڵام لەکاتێکدا کە بایۆلۆژیستەکانی ئەمڕۆ بەڵایانەوە ئاسانترە نکوڵی لە نەژادپەرستی بکەن و تەنیا ڕوونی بکەنەوە کە جیاوازییە بایۆلۆژییەکانی نێوان دانیشتووانی مرۆیی ئەمڕۆکە پوچن، بۆ میژوونووسەکان و مرۆڤناسەکان قورسترە نکوڵی لە کەلتوورگەرایی بکەن. دواجار، ئەگەر جیاوازییەکانی نێوان کەلتوورە مرۆییەکان پوچ بێت، بۆچی دەبێ پارە بدەینە میژوونووسەکان و مرۆڤناسەکان تا تاووتوێیان بکەن؟.

زاناکان مەعریفەی کرداری، پاساوی ئایدۆلۆژی و ئامرازی تەکنۆلۆژییان بۆ پڕۆژەی ئیمپریالی دابین کردووە. بەبێ ئەم هاوبەشیکردنە، تەواو جێگەی پرسیارە ئاخۆ ئەوروپییەکان دەیانتووانی جیهان بگرن. وڵاتگیران لەرێگەی دابینکردنی زانیاری و پارێزگاری بۆ زاناکان چاکەیان دایەوە، پشتیوانی هەموو جۆرە پڕۆژەیەکی نامۆ و سەرنجڕاکێشیان کرد و ڕێگای بیرکردنەوەی زانستییان گەیاندە گۆشە دوورەکانی زەوی. بەبێ پشتیوانی ئیمپریالی، جێی گومانە ئاخۆ زانستی مۆدێرن ئەوەندە دوور دەڕۆیشت. ڕشتەی زانستی زۆر هەن کە ژیانیان بە خزمەتکردنی گەشەپێدانی ئیمپریالی دەستپێنەکردووە و بەشێکی گەورەی دۆزینەوەکانیان، کۆبەندییەکان، بینایەکان و زەمالەکانیان قەرزاربارێ یارمەتیی بەخشندانەی سوپایەک لە ئەفسەران، کاپتنی دەریاوانی و فەرمانڕەوایانی ئیمپریالی نین.

ئاشکرایە ئەمە تەواوی چیرۆکەکە نییە. زانست لەلایەن دامەزراوەکانی تڕەوە پشتیوانی کرا نەک تەنیا ئیمپراتۆریەتەکان.

ئیمپراتۆریەتە ئەوروپییەکانیش لەسایەی چەند فاکتەرێک نەک زانست سەریانهەڵدا. لەپشت سەرهەڵدانی تیشک ئاسای زانست و ئیمپراتۆریەت بەتایبەت هێزێکی گرنگ هەیە: کەپیتالیزم. ئەگەر ئەو بزنسمانانە نەبوونایە کە سۆراخی پەیداکردنی پارەیان دەکرد، کۆلەمبەس نەدەگەیشتە ئەمریکا، جەیمز کوک نەدەگەیشتە ئوسترالیا و نێل ئارمسترۆنگ قەت پێی نەدەنایە سەر ڕووی مانگ.

١٦

بیروباوەڕی سەرمایەداری

پارە شتێکی جەوهەری بووە هەم بۆ بونیادنانی ئیمپراتۆریەتەکان و هەم بۆ برەودان بە زانست. بەڵام ئایا پارە ئامانجی سەرەنجامی ئەم کارانەیە، یان لەوانەیە پێویستییەکی مەترسیدار بێت؟.

ئاسان نییە درک بە ڕۆڵی ئابووریناسی بکەیت لە مێژووی مۆدێرندا. چەندەها بەرگە کتێب لەبارەی ئەوەوە نوسراون کە چۆن پارە دەوڵەتانێکی بونیادناوەوە و وێران کردووە، ئاسۆی نوێی کردوونەتەوە و ملیۆنان کەسی بە کۆیلە کردووە، ویلەکانی پیشەسازی خستووەتەگەڕ، سەدان توخمی بەقڕکردنداوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ تێگەیشتن لە مێژووی ئابووریی مۆدێرن، بە ڕاستی پێویستە لە تاکە وشەیەک تێبگەیت. وشەکەش بریتییە لە گەشەسەندن. لە خۆشی و ناخۆشیدا، لە نەخۆشی و تەندروستیدا، ئابووریی مۆدێرن وەکو هەرزەکارێکی پڕاوپڕ لە هۆرمۆن لە گەشەدا بووە. هەر شتێک بەر دەمی بکەوێت دەیخوات و چەند ئینچێک خێراتر لەوەی بتووانیت بیژمێریت زیاد دەکات.

لە بەشی هەرە زۆری مێژوودا ئابووری هەر بە قەبارەی خۆی مایەوە. بەڵێ، بەرهەمهێنانی جیهانی زیادیکرد، بەڵام ئەمە بەشی زۆری بەهۆی

فراوانبوونی دیمۆگرافی و نیشتەجێبوون بوو لە سەرزەمینە نوێکان. بەرهەمهێنانی تاکەکەسی هەر بە جێگیری مایەوە. بەڵام هەموو ئەوە لە سەردەمی مۆدێرندا گۆڕا. لە ساڵی ١٥٠٠دا، بەرهەمهێنانی جیهانیی کاڵاکان و خزمەتگوزارییەکان یەکسان بوو بە نزیکەی ٢٥٠ ملیارد دۆلار، ئەمڕۆکە نزیکەی ٦٠ تریلیۆن دۆلارە. لەوەش گرنگتر، لە ساڵی ١٥٠٠دا، بەرهەمهێنانی تاکەکەسیی ساڵانە نزیکەی ٥٥٠ دۆلار بوو لەکاتێکدا کە ئەمڕۆکە هەر پیاوێک، ژنێک و منداڵێک تێکڕا ٨،٨٠٠ دۆلاری ساڵانە بەرهەم دەهێنێت، چ شتێک دەبێتە هۆی ئەم گەشەسەندنە کاریگەرە؟.

ئابووری بەشێوەیەکی بەدناو بابەتێکی ئاڵۆزە. بۆ ئەوەی شتەکان ئاسانتر بکەین، با وێنای نموونەیەکی سادە بکەین.

ساموێل گریدی کە دارایی ناسێکی لێهاتووە، لە (ئێل دۆرادۆ)ی کالیفۆرنیا بانکێک بونیاد دەنێت.

ئەی.ئەی.ستۆن، قۆنتەراتچییەکی سەرکەوتوو لە ئێل دۆرادۆ، یەکەم کاری گەورە تەواو دەکات، پارەی کاشی نزیک لە ملیۆنێک دۆلار وەردەگرێت. ئەو، پارەکە دەخاتە حسابی بەڕێز گریدی. ئێستا بانکەکە ١ ملیۆن دۆلار سەرمایەی هەیە.

لەهەمان کاتدا، جەین مکدۆنەت کە شێفێکی بەئەزموون بەڵام بێ پارەی (ئێل دۆرادۆ)یە، پێی وایە دەرفەتێکی بزنس بەدی دەکات- شوێنێکی هەویرکاری باش لە شارەکەیاندا نییە. بەڵام پارەیەکی پێویستی خۆی نییە تا دوکانێکی ڕێکوپێک دابنێ کە پڕ بێت لە فڕن، سینک، چەقۆ و مەنجەڵ. ئەو دەچێتە بانکەکە، پلانی بزنسەکەی پێشکەشی گریدی دەکات و قایلی دەکات لەمەڕ ئەوەی کە ئەمە وەبەرهێنانی شایستەی پێوەیە. ئەو قەرزێکی ١ ملیۆن دۆلاری دەردەکات لە ڕێگەی دانانی ئەو بڕە پارەیە لە حسابەکەیدا.

ئێستا مەکدۆنەت، ستۆن-ی قۆنتەراتچی دادەمەزرێنێت بۆ بونیادنان و گەشەپێدانی هەویرکارییەکەی. نرخەکەی ١،٠٠٠،٠٠٠ دۆلارە.

کاتێک ئەم پارەی دەداتێ، بە چەکێک کە لە حسابەکەی ڕاکێشاوە، ستۆن لە بانکی گریدی-دا لە حسابەکەیدا دایدەنێت.

کەوایە ستۆن چەنێک پارە لە حسابی بانکەکەیدا دادەنێت؟ ڕاستە، ٢ ملیۆن دۆلار. بە ڕاستی، چەنێک پارەی کاش لە سنوقی بانکەکەدا دانراوە؟ بەڵێ، ١ ملیۆن دۆلار. مەسەلەکە لێرەدا ناوەستێ. هەروەکو چۆن قۆنتەراتچییەکان ڕاهاتوون لەسەری، دوو مانگ دوای کارەکەی، ستۆن بە مەکدۆنەت دەڵێت، بەهۆی کێشە و خەرجیی چاوەڕوانەکراوەوە، فاتورەی بونیادنانی هەویرکارییەکە بە ڕاستی ٢ ملیۆن دۆلار دەبێت. خاتوو مەکدۆنەت دڵخۆش نییە، بەڵام بە زەحمەت دەتووانێت کارەکە لەناوەڕاستیدا بەردات. بۆیە سەردانێکی تری بانک دەکات، بەڕێز گریدی ڕازی دەکات بۆئەوەی قەرزێکی تری بداتێ و ئەو ملیۆنێکی تر دەخاتە ناو حسابەکەیەوە. ئەو، پارەکە حەوالەی حسابی قۆنتەراتچییەکە دەکات.

ئێستا ستۆن چەنێک پارەی لە حسابەکەیدا هەیە؟ ئەو ٣ ملیۆن دۆلاری هەیە. بەڵام چەنێک پارە بە ڕاستی لەناو بانکەکەدا هەیە؟ هێشتا ملیۆنێک هەیە. لە ڕاستیدا، واتە ئەو ١ ملیۆن دۆلارەی کە هەر لە بانکەکەدا هەبووە.

یاسای هەنوکەیی بانکی ئەمریکی ڕێگە بەبانکەکە دەدات حەوت جاری تر ئەم پراوەیە چەندبارە بکاتەوە. دواجار قۆنتەراتچییەکە ١٠ ملیۆن دۆلاری لە حسابەکەیدا دەبێت، ئەگەرچی بانکەکە هێشتا ١ ملیۆن دۆلاری لە قاسەکانیدا هەیە. بانکەکان ڕێگە پێدراون ١٠ دۆلار قەرز بدەن بۆ هەر دۆلارێک کە بە ڕاستی هەیانە کە بەو مانایەیە

٩٠%ی هەموو ئەو پارەیەی لە حسابە بانکییەکانماندا هەیە لە شێوەی ڕاستەقینەی پارەی کاغەز و ئاسندا نییە. ئەگەر هەموو بانکدارەکان لە بانکی بارکلەیس لەپڕێکدا داوای پارەکەیان بکەن، بارکلەیس دەستبەجێ دادەڕمێت (مەگەر ئەوەی کە حکومەت بێتە ناوەوە بۆ ڕزگارکردنی). هەمان شت بۆ لۆیدس، بانکی دوچ، سیتی بانک و هەموو بانکەکانی تری جیهان ڕاستە.

ئەمە لە گەمەی پۆنزی دەچێت، وا نییە؟ بەڵام ئەگەر ئەمە تەڵەکە بێت، ئەوا تەواوی ئابووریی مۆدێرن تەڵەکەیە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەمە فریودان نییە، بەڵکو تایبەتمەندییەکی توانا سەرنجڕاکێشەکانی وێنای مرۆڤە. ئەو شتەی کە توانا دەداتە بانکەکان- و سەراپای ئابووری- بۆ مانەوە و گەشەکردن، متمانەمانە بە ئایندە. ئەم متمانەیە تاکە پاڵپشتە بۆ بەشی هەرە زۆری پارە لە جیهاندا.

لە نموونەی هەویرکارییەکەدا، جیاوازیی نێوان حسابی قۆنتەراتچییەکە و ئەو برە پارەیەی بە ڕاستی لە بانکەکەدا هەیە بریتییە لە هەویرکارییەکەی خاتوو مەکدۆنەت. بەڕێز گریدی پارەی بانکەکەی خستووەتە ناو مووڵکەکە، بەو متمانەیەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان قازانجی پێوە دەبێت. هەویرکارییەکە هێشتا سەمونێکیشی بەرهەم نەهێناوە، بەڵام مەکدۆنەت و گریدی چاوەڕێی ئەوە دەکەن ساڵێکی تر ڕۆژانە هەزاران سەمون، کێک، شەکلەمە بە قازانجێکی باش بفرۆشێت. ئەو کاتە خاتوو مەکدۆنەت دەتوانێت قەرزەکەی بە فائیدەوە بداتەوە. ئەگەر لەو خاڵەدا بەڕێز ستۆن بڕیاریدا پاشەکەوتەکەی بکشێنێتەوە، ئەوا گریدی دەتوانێت پارەی کاشەکەی هەبێ. لێرەوە، تەواوی پڕۆژەکە لەسەر بنەمای متمانە بە ئایندەیەکی خەیاڵی بونیاد نراوە- ئەو متمانەیەی کاروەگەڕخەر و بانکدارەکە بە هەویرکاریی خەونەکانیان

هەیانە، شانبەشانی متمانەی قۆنتەراتچییەکەیە بە ئایندەی چارەسەریی بانکەکە.

ئیمە هەنوکە بینیوومانە کە پارە شتێکی سەرسوڕهێنە چونکە دەتووانێت نوێنەرایەتی چەندەها کەرەستە بکات و تەقریبەن هەر شتێک بگۆڕێت بۆ هەر شتێکی تر. لەگەڵ ئەوەشدا، پێش سەردەمی مۆدێرن ئەم توانایە سنووردار بوو. لە زۆربەی کەیسەکاندا، پارە دەتووانێت نوێنەرایەتی ئەو شتانە بکات و ئەو شتانە بگۆڕێت کە بە ڕاستی لە ئێستادا بوونیان هەیە. ئەمە سنووربەندییەکی تۆندی لەسەر گەشەسەندن دانا، چونکە دابینکردنی دارایی بۆ پڕۆژە نوێکان زۆر قورس کرد.

جارێکی تر پڕۆژەی هەویرکارییەکەمان لەبەرچاو بگرەوە. ئایا مەکدۆنەت دەیتووانی بونیاتی بنێت ئەگەر پارە بیتووانیایە تەنیا نوێنەرایەتی کەرەستە بەرجەستەکان بکات؟ نەخێر. لە ئێستادا، ئەو خەونی زۆری هەن، بەڵام سەرچاوەی بەرجەستەی نین. تاکە ڕێگە کە بتوانێت شوێنگەی هەویرکارییەکەی بکاتەوە ئەوەیە قۆنتەراتچییەک بدۆزێتەوە کە ئامادەیی ئەوەی تێدایە ئەمڕۆ کار بکات و پاش چەند ساڵێک کە هەویرکارییەکە کەوتە ئیش و پارە پەیداکردن، حەقەکەی وەرگرێت. بەداخەوە، ئەم قۆنتەراتچییانە دەگمەنن. بۆیە کاروەگەڕەخەڕەکەمان دەست و پێی بەستراون. بەبێ هەویرکارییەکە، ناتووانێت کێک دروست بکات. بەبێ کێک ناتووانێت پارە پەیدا بکات. بەبێ پارە، ناتووانێت قۆنتەراتچییەک بگرێت. بەبێ قۆنتەراتچییەک، شوێنگەی هەویرکاری نییە.

مرۆڤایەتی بۆ ماوەی هەزاران ساڵ لە تەڵەزگەکەی خۆیدا گیری خواردبوو. سەرەنجام، ئابووریەکان بە چەقبەستوویی مابوونەوە. ڕێگای

چوونەدەرەوە لە تەڵەزگەکە تەنیا لەسەردەمی مۆدێرندا دۆزرایەوە، واتە لەگەڵ دەرکەوتنی سیستەمێکی بونیادنراو لەسەر متمانە بە ئایندە. تیایدا، خەڵکی ڕازیبوون بە نوێنەرایەتیکردنی کاڵا خەیاڵییەکان- ئەو کاڵایانەی کە لە ئێستادا بونیان نییە- بە جۆرێکی تایبەتی پارە کە پێیان دەوت "کرێدیت[٨]". کرێدیت تواناماں دەداتێ ئێستا لەسەر حسابی ئایندە بونیاد بنێین. ئەمە لەسەر بنەمای ئەو گریمانەیە بونیاد نراوە کە سەرچاوەکانی ئایندەمان زۆروزەبەندتر دەبن لە سەرچاوەکانی ئێستامان. چەندەها دەرفەتی نوێ و سەیروسەمەرە واڵا دەبن ئەگەر ئێمە بتووانین بە بەکارهێنانی داهاتی ئایندە شتەکان لە ئێستادا بونیاد بنێین.

ئەگەر کرێدیت شتێکی وەها بێ وێنەیە، بۆچی کەس پێشتر بیری لێ نەدەکردەوە؟ بێگومان بیریان لێکردووەتەوە. ئامادەکارییەکانی کرێدیت بەشێوەیەک لە شێوەکان لە هەموو کەلتوورەکاندا ناسراوە، لانی کەم دەگەڕێتەوە بۆ سومەری دێرین. کێشە لە سەردەمانی زوو ئەوە نەبوو کە کەس بیرۆکەی ئەوەی نەبووە یان نەیزانیووە چۆن بەکاری بێنێت. بەڵکو ئەوە بووە کە خەڵکی بەدەگمەن وێستوویانە کرێدیت بەو شێوەیە فراوان بکەن چونکە متمانەیان نەبووە بەوەی ئایندە باشتر بێت لە ئێستا. ئەوان بەشێوەیەکی گشتی بڕوایان وابووە کە سەردەمانی ڕابردوو باشتر بوون لە سەردەمی ئەمان و ئایندەش خراپتر دەبێت، یان لەباشترین حاڵەتدا هەروەکو خۆی دەبێت. بە دەربڕینێکی ئابووری، ئەوان بڕوایان وابووە کە کۆی بڕی سامان سنووردارە، ئەگەر نەڵێین بەرەو ئاوابوون دەچێ. بۆیە خەڵکی بە گرەوێکی خراپیان بینیووە وایدابنێن خۆیان، مەملەکەتەکەیان، یان سەرتاپای جیهان، دە ساڵی

---

[٨] کرێدیت (credit)؛ مامەڵەیەکە لەگەڵ دوکانێک، بانکێک و هیتردا کە ئەوەت بۆ دەلوێنێت شتێک بکڕیت و دوایی پارەکەی بدەیت.

دواتر سامانێکی زۆرتر بەرهەم دەهێنێت. بزنس لە گرەوێکی ئەنجام مایەپوچ دەچوو. بێگومان، دەشێ قازانجەکانی هەویرکارییەکی دیاریکراو بەرز بێتەوە، بەڵام تەنیا لەسەر حسابی شوێنگەی هەویرکارییەکەی تەنیشتی. دەشێ ڤینیسیا گەشە بکات، بەڵام تەنیا بە چاککردنی جنێڤ. پاشای ئینگلتەرە دەشێ خۆی دەوڵەمەند بکات، بەڵام تەنیا بە تاڵانکردنی پاشای فەرەنسا. تۆ دەتووانیت بە چەند شێوازێک کێکەکە قاش بکەیت، بەڵام قەت گەورەتر نابێت.

هەربۆیە زۆر کەلتوور گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە پەیداکردنی پارەی زۆر گوناهە. هەروەکو عیسا وتوویەتی (بۆ حوشتر ئاسانترە بە کونی دەرزیدا ڕەت ببێت وەک لەوەی دەوڵەمەندێک بچێتە ناو مەملەکەتی خودا). ئەگەر کێکەکە جێگیر بێت، و من بەشێکی گەورەی لێ بکەمەوە، ئەوا دەبێ بەشی یەکێکی ترم بردبێت. دەوڵەمەندان ناچار بوون تۆبە بکەن لەبەرانبەر کرداری خراپەکانیان ئەمەش لە ڕێگەی بەخشینی زیادەی سامانەکەیان بە خێرخوازی.

ئەگەر کێکە جیهانییەکە بەهەمان قەبارەی خۆی بمایەتەوە، ئەوا کرێدیت هیچ پەراوێزێکی بۆ نەدەمایەوە. کرێدیت جیاوازیی نێوان کێکی ئەمڕۆ و کێکی بەیانییە. ئەگەر کێکەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، بۆچی کرێدیت بدرێت؟ ئەمە سەرکێشییەکی قبوڵنەکراو دەبێ ئەگەر پێت وانەبێت ئەو نانەواچی یان پاشایەی داوای پارەکەت دەکەن دەشێ بەشێک لەپارەی ڕکابەرەکە بدزن. بۆیە قورس بوو لە سەردەمی پێش مۆدێرندا قەرزێک بەدەست بێنیت و زۆرجار کە بەدەستت دەهێنا بچوک، کورت مەودا و سوودی زۆری دەخرایە سەر.

بەمشێوەیە کاروگەڕەخەرە سەرکەوتووەکان بەلایانەوە قورس بوو نانەوای نوێ بکەنەوە و ئەو پاشا مەزنانەش کە دەیانویست کۆشک بونیاد

بنێن یان جارێ جەنگ بدەن هیچ بژاردەیەکیان لەبەردەمدا نەبوو مەگەر ئەوەی کە پارەی کۆمەکی پێویست لە رێگەی باج و گومرگ کۆ بکەنەوە.

ئەمە باش بوو بۆ پاشاکان (تا ئەو جێیەی کە ڕەعیەکانیان دەستەمۆ بوون) بەڵام کارەکەرێکی مەتبەخ کە بیرۆکەی باشی هەبوو لەمەڕ نانەوایی و دەیویست جوڵەیەک بەرەو ئاستی سەرەوە بکات، بەگشتی تەنیا دەیتووانی خەون بە سامانەوە ببینێت لەکاتێکدا کە سەر ئەرزی مەتبەخە شاهانەییەکانی دەسڕییەوە.

ئەمە حاڵەتێکی دۆڕان-دۆڕان بوو. چونکە کرێدیت سنووردار بوو، خەڵکی کێشەیان هەبوو لە پارەدان بە بزنس. چونکە ژمارەی بزنسە نوێکان کەم بوو، ئابووری گەشەی نەکرد. لەبەرئەوەی گەشەی نەکرد، خەڵکی وایدانا کە قەتیش گەشە ناکات و ئەوانەی کە سەرمایەیان هەبوو نیگەرانی بەخشینەوەی کرێدیت بوون. پێشبینیی چەقبەست خۆی بەرجەستە کرد.

کێکێکی ڕوو لە گەورەبوون

پاشان شۆڕشی زانستی هەڵگیرسا و بیرۆکەی پێشکەوتن هاتە کایەوە. بیرۆکەی پێشکەوتن لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە بونیادنرا کە ئەگەر ئێمە بە نەزانیی خۆمان بزانین و سەرچاوەکانمان لە تۆڕێنەوەدا سەرمایەگوزاری بکەین، دەشێ شتەکان باش ببن. ئەم بیرۆکەیە بەزوویی لە بەرگی ئابووریدا بەرجەستە بوو. هەرکەسێک بڕوای بە پێشکەوتن بێت بڕوای وا دەبێ کە دۆزینەوە جیۆگرافییەکان، داهێنانە تەکنۆلۆژییەکان و گەشەسەندنە ڕێکخراوەییەکان دەتووانن کۆی گشتی بازرگانی، سامان و بەرهەمهێنانی مرۆیی زیاد بکەن. ڕێچکە بازرگانییە

نوێکان له ئەتلانتیک دەیانتووانی گەشە بکەن بەبێ تێکدانی ڕێچکەکان له ئۆقیانووسی هیند. دەکرا کاڵا نوێکان بەرهەم بهێنرێن بەبێ کەمکردنەوەی بەرهەمهێنانی کاڵا کۆنەکان. بۆ نموونە، مرۆڤ دەیتووانی شوێنگەیەکی هەویرکاری بکاتەوە کە تایبەتمەند بێت له کێکی شوکولاتە و شەکلەمە بەبێ ئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی شوێنگە هەویرکارییە تایبەتمەندەکانی نان بتەپن. هەموو کەسێک بە سادەیی شەهیەی نوێی پەیدا دەکرد و زۆرتری دەخوارد. من دەتووانم دەوڵەمەند ببم بەبێ ئەوەی تۆ هەژار ببیت، من دەتووانم قەڵەو ببم بەبێ ئەوەی تۆ له برسا بمریت. تەواوی کێکە جیهانییەکە دەتووانێت گەشە بکات.

بەدرێژایی ٥٠٠ ساڵی ڕابردوو، بیرۆکەی پێشکەوتن قەناعەتی بە خەڵک هێناوە کە متمانەی زیاتر و زیاتر بە ئایندە بکات. ئەم متمانەیە، کرێدیت-ی دروستکردووە، کرێدیت گەشەی ئابووریی ڕاستەقینەی لێکەوتووەتەوە و گەشەسەندن متمانەی بە ئایندە بەهێز کردووە و ڕێگای بۆ کرێدیتی زیاتر کردووەتەوە. ئەمە له شەوورۆژێکدا ڕووینەداوە- ئابووری زیاتر وەکو شەمەنەفەرێک کاری کردووە نەک باڵۆنێک. بەڵام له دوورمەودادا، لەگەڵ پان بوونەوەی کۆسپەکاندا، ئاراستە گشتییەکە هەڵەی تێنەکەوتووە. ئەمڕۆکە، کرێدیتێکی زیاتر لەوە هەیە کە حکومەتەکان، کۆمپانیاکان و تاکەکەسە تایبەتەکان بەئاسانی قەرزی گەورە، دوورمەودا و کەم سوودی وەها بەدەست دێنن کە زۆر له سەروو داهاتی هەنوکەییەوەیە.

دواجار باوەڕبوون بە کێکی جیهانیی ڕووله‌گەشە ڕێڕەوی شۆڕشگێڕانەی گرتەبەر. له ساڵی ١٧٧٦دا، ئابووریناسی سکۆتلەندی، ئادەم سمیس، (سامانی نەتەوەکان)ی بڵاو کردەوە کە لەوانەیە تاکوئێستا گرنگترین مانیفێستۆی ئابووریناسی بێت. له بەشی هەشتەمی بەرگی

یەکەمیدا، سمیس، ئەم بەڵگاندنە نوێیەی خستووەتەڕوو: کاتێک دەرەبەگێک، فەرش چنێک، یان پێلاوسازێک قازانجی گەورەتر لەوەی پێویستییەتی بەدەست دێنێت بۆ پاڵپشتی خانەوادەکەی، زیادەکە بەکاردێنێت بۆ دەکارکردنی کۆمەکی زیاتر بۆئەوەی قازانجەکانی زیاتر بکات. چەندەی قازانجی زیاتری هەبن، ئەوەندە زیاتر دەتوانێت کۆمەکی زیاتر دەکار بکات. دەردەکەوێت کە زیادەیەک لە قازانجەکانی کاروەگەڕخەرە تایبەتەکاندا بنەمایە بۆ زیادبوون لە کامەرانی و سامانی دەستەجەمعیدا.

لەوانەیە ئەمە وەکو شتێکی ئۆریجنال بە مێشکتدا نەیەت، چونکە ئێمە هەموومان لە جیهانی سەرمایەداریدا دەژین کە بەڵگاندنەکەی سمیس بەرجەستە دەکات. ئێمە هەموو ڕۆژێک شتی جۆراوجۆر لەسەر ئەم بیرۆکەیە لە هەواڵەکاندا گوێبیست دەبین. لەگەڵ ئەوەشدا سمیس بانگەشەی ئەوە دەکات کە پاڵنەری مرۆڤی خۆپەرست بۆ زیادکردنی قازانجە تایبەتەکان بنەمایە بۆ سامانی دەستەجەمعی و یەکێکە لە بیرۆکە هەرە شۆڕشگێڕانەییەکان لە مێژووی مرۆڤدا- شۆڕشگێڕانەیی نەک تەنیا لە ڕوانگەی ئابووریییەوە بەڵکو زیاتریش لە ڕوانگەی ئەخلاقی و سیاسییەوە. ئەوەی کە سمیس دەیڵێت ئەوەیە کە، لە ڕاستیدا، چاوچنۆکی باشە و ئەمەی کە بە دەوڵەمەندبوون من سوود بەهەموان دەگەیەنم نەک تەنیا خۆم. خۆپەرستی، سادەییە.

سمیس خەڵکی فێر کرد وەکو بارودۆخێکی (براوەبراوە) بیر لە ئابووری بکەنەوە، کە تیایدا قازانجەکانی من قازانجەکانی تۆشن. نەک تەنیا ئێمە هەردووکمان دەتوانین بەشێکی گەورەی کێکەکەمان هەبێت، بەڵکو زیادبوون لە بەشەکەی تۆدا بەندە بە زیادبوون لە بەشەکەی منداا. ئەگەر من هەژار بم، تۆش هەژار دەبیت چونکە من

ناتووانم بەرهەم یان خزمەتگوزارییەکانی تۆ بکرم. ئەگەر من دەوڵەمەند بم، تۆش دەوڵەمەند دەبیت، چونکە تۆ ئێستا دەتووانیت شتێکم پێ بفرۆشیت. سمیس نکوڵیکرد لە هاودژیی نەریتیی نێوان سامان و ئەخلاق و دەروازەکانی ئاسمانی بۆ دەوڵەمەندان کردەوە. دەوڵەمەندبوون بەمانای ئەخلاق دەهات. لە چیرۆکەکەی سمیسدا، خەڵکی دەوڵەمەند دەبن بەس نەک لەرێگەی زیانگەیاندن بە دراوسێکانیان، بەڵکو بە زیادکردنی قەبارەی تێکڕایی کێکەکە. کاتێکیش کێکەکە گەورە دەبێت، هەمووان سودمەند دەبن. بەم پێیە دەوڵەمەندان خەڵکی هەرە بەکەڵک و بەخشندەی ناو کۆمەڵگەن، چونکە ئەوان ویلەکانی گەشەسەندن بەرەو بەرەژەوەندی هەمووان دەسوڕێنن.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەمە بەندە بەوەی دەوڵەمەندان قازانجەکانیان بۆ کردنەوەی کارگە نوێکان بەکاربێنن و کارمەندی نوێ دامەزرێنن نەک ئەوەی کە بیانخەنە ناو چالاکییە نابەرهەمهێنەکان. هەربۆیە سمیس ئەم وتە نەستەقەی دووپات کردەوە (کاتێک قازانجەکان زیاد دەبن، دەرەبەگ یان فەرش چن یاریدەدەری زۆرتر دادەمەزرێنن) نەک (کاتێک قازانجەکان زیاد دەبن، کابرای چروک پارەکەی دەخاتە و قاسەیەک و تەنیا بۆ ژماردنی سکەکانی دەیهێنێتە دەرەوە). بەشێکی گرنگی ئابووریی سەرمایەداریی مۆدێرن سەرهەڵدانی ئێتیکی نوێیە، بەم پێیە دەبێ قازانجەکان لە بەرهەمهێناندا سەرمایەگوزاری بکرێنەوە. ئەمە قازانجی زۆرتر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت کە جارێکی تر لە بەرهەمهێناندا سەرمایەگوزاری دەکرێتەوە کە قازانجی زۆرتریش دەهێنێت و هیتر و بەهەمان شێوە. دەشێ لە زۆر ڕووەوە وەبەرهێنانەکان ئەنجام بدرێن: فراوانکردنی کارگە، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، گەڵاڵەکردنی کاڵای نوێ. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ

ئەم وەبەرهێنانانە بەشێوەیەک لە شێوەکان بەرهەمهێنان زیاد بکەن و لە قازانجی گەورەتردا بەرجەستە ببن. لە بیروباوەڕی کەپتالیستی نوێدا، یەکەم و پیرۆزترین کۆڵەکە ئەمەیە: (دەبێ قازانجەکانی بەرهەمهێنان لە بەرهەمهێنانی زیادبوودا سەرمایەگوزاری بکرێنەوە).

هەربۆیە کەپیتالیزم پێی دەوترێت (کەپیتالیزم). کەپیتالیزم (سەرمایە) لە (سامان) جیا دەکاتەوە. سەرمایە لەو پارە، شتومەک و سەرچاوانە پێکدێت کە لە بەرهەمهێناندا سەرمایەگوزاری دەکرێت. لەلایەکی ترەوە، سامان، لە ئەرزدا دەنێژرێت یان لە چالاکییەکانی نابەرهەمهێناندا بەفیڕۆ دەدرێت. فیرعەونێک کە سەرچاوەکانی دەخاتە ناو هەڕەمێکی نابەرهەمهێنەوە کەپیتالیست نییە. چەتەیەک کە ڕەوە کەشتییەکی گەنجینەی ئیسپانی تاڵان دەکات و قاسەیەکی پڕ لە سکە درەوشاوەکان لە کەنارێکی دوورگەیەکی کاریبیدا دەنێژێت، کەپیتالیست نییە. بەڵام دەستێکی کارگەیەکی پڕئیش کە بەشێکی داهاتەکەی لە بازاڕی سەهمدا سەرمایەگوزاری دەکاتەوە کەپیتالیستە.

بیرۆکەی ئەمەی کە (دەبێ قازانجەکانی بەرهەمهێنان لە زیادکردنی بەرهەمهێناندا سەرمایەگوزاری بکرێنەوە) پوچ دیارە. لەگەڵ ئەوەشدا بە درێژایی مێژوو بەلای زۆربەی خەڵکییەوە نامۆ بوو. لە سەردەمانی پێش مۆدێرندا، خەڵکی بڕوایان وابوو کە بەرهەمهێنان زۆر یان کەم جێگیرە. کەوایە بۆچی قازانجەکانت سەرمایەگوزاری بکەیتەوە ئەگەر بەرهەمهێنان زۆر زیاد نەکات، جا تۆ هەرچییەک بکەیت؟ لەم ڕووەوە خانەدانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ئێتیکێکی بەخشندەیی و بەرخۆریی ڕوونیان پەیڕەو کرد. ئەوان دەرامەتەکانیان لە پاڵەوانێتییەکان، خوانەکان، کۆشکەکان و جەنگەکان و خێرخوازی و کەنیسە زەبەلاحەکان سەرف کرد. خەڵکێکی کەم هەوڵیاندا قازانجەکانیان لە زیادکردنی بەرهەمی زەوییەکان،

پەرەپێدانی جۆری باشتری گەنم یان گەڕان بەدوای بازاڕی نوێ سەرمایەگوزاری بکەنەوە.

لە سەردەمی مۆدێرندا، دەستەبژێرێکی نوێ بەسەر خانەدانێتیدا سەرکەوتووە کە ئەندامەکانی ئیمانداری بەهێزن بە بیروباوەڕی کەپیتالیستی. دەستەبژێری کەپیتالیستی نوێ پێکنەهاتووە لە دوق و نەجیبزادەکان، بەڵکو پێکهاتووە لە بۆردی بەڕێوەبەران، بازرگانانی ئەسهام و پیشەسازییەکان. ئەم زەبەلاحانە زۆر دەوڵەمەندترن لە خانەدانانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەڵام ئەمانە زۆر کەمتر بایەخ بە زێدەمەسرەفی و زێدە بەرخۆری دەدەن و بەشێکی زۆر بچوکتری قازانجەکانیان لە چالاکییە نابەرهەمهێنەکان خەرج دەکەن.

خانەدانانی سەدەکانی ناوەڕاست ڕۆبی ڕەنگاوڕەنگی ئاڵتون و ئاوریشمیان لەبەر دەکرد و کاتی زۆری خۆیان بە ئامادەبوون لە خوانەکان، کەرنەڤاڵەکان و پاڵەوانێتییە سەرنجڕاکێشەکان بەسەر دەبرد. کەچی بەڕێوەبەرە جێبەجێکارە مۆدێرنەکان پۆشاکێکی بێتام دەپۆشن پێی دەڵێن قات کە باق و بریقی پۆلە قەلەڕەشێکیان دەداتێ و کاتێکی کەمیان بۆ مەراسیمەکان هەیە. کەپیتالیستێکی سەرکێش لە کۆبوونەوەیەکی بزنسەوە بۆ کۆبوونەوەیەکی بزنسی تر بەپەلە ڕێ دەکات لە هەوڵی ئەوەی کە بۆی دەرکەوێت لە کوێ سەرمایەگوزاریی سەرمایەکەی بکات و وێڵە بەدوای هەڵبەز و دابەزەکانی ئەو سەهم و بۆندانەی هەیەتی. ڕاستە، لەوانەیە قاتەکەی لە مارکەی (ڤێرساس) بێت و دەشێ بە فڕۆکەیەکی تایبەت سەفەر بکات، بەڵام ئەم خەرجییان هیچ نین ئەگەر بە سەرمایەگوزاری لە بەرهەمهێنانی مرۆیی بەراورد بکرێت.

ئەوە تەنیا زەبەلاحەکانی بزنسی ڤێرساس نین کە وەبەرهێنان دەکەن لە زیادکردنی بەرهەمهێناندا. خەڵکانی ئاسایی و ئاژانسەکانی

حکومەت هەر لەسەر ئەو ئاقارانە بیر دەکەنەوە. چەند وتوێژی ئێوارەخوان لە گەڕەکە خاکییەکاندا، زوو یان درەنگ، دادەبەزنە ئاستی مشتومڕی نەبڕاوە لەبارەی ئەمەی ئاخۆ وا باشترە پاشەکەوتەکانیان لە بازاڕی سەهم، بۆند(وەبەرهێنانی قەرز) یان مواڵکدا سەرمایەگوزاری بکەن؟ حکومەتەکانیش کۆشش دەکەن بۆ وەبەرهێنانی باجەکانی دەرامەتەکانیان لەو پڕۆژە بەرهەمهێنانەی کە داهاتی ئایندە زیاد دەکات- بۆ نموونە، بونیادنانی بەندەرێکی نوێ دەتوانێ هەناردەکردنی بەرهەم بۆ کارگەکان ئاسانتر بکات، توانایان دەداتێ داهاتی زۆرتر بخەنەوە کە باجی زیاتری بەدواوە بێ، لێرەوە دەرامەتەکانی ئایندەی حکومەت زیاد بکەن. دەشێ حکومەتێکی تر پێی باشتر بێت سەرمایەگوزاری لە پەروەردەدا بکات، بەو پاساوەی خەڵکی خوێندەوار بنەمای پیشەسازییە تەکنۆلۆژییەکان پێکدێنێت، کە باجێکی زۆری لێدەکەوێتەوە بەبێ ئەوەی بەش و دەزگای بەرفراوان پێویست بن.

کەپیتالیزم وەکو تیۆرەیەک لەبارەی چۆنایەتی ئیشکردنی ئابووری دەستی پێکرد. ئەمە هەم وەسفی و هەم ئامۆژگارییانە بوو- باسێکی لەبارەی چۆنێتی کارکردنی پارە خستەڕوو و بڕەویشی بەو بیرۆکەیەدا کە وەبەرهێنانەوەی قازانجەکان لە بەرهەمهێناندا سەر دەکێشێت بۆ گەشەسەندنی خێرای ئابووری. بەڵام کەپیتالیزم پەیتاپەیتا لەوە تێپەڕی کە تەنیا ڕێبازێکی ئابووری بێت. ئێستا ئێتیکێک دەگرێتەوە- سێتێک وانە لەبارەی ئەمەی کە خەڵکی چۆن ڕەفتار بکەن، منالەکانیان پەروەردە بکەن و تەنانەت چۆن بیر بکەنەوە. بیروباوەڕە بنچینەییەکەی ئەوەیە کە گەشەسەندنی ئابووری چاکەیەکی باڵایە، یان لانی کەم بریکارێکی چاکەی باڵایە، چونکە دادپەروەری، ئازادی و تەنانەت خۆشبەختی هەمووی پشت ئەستوورە بە گەشەسەندنی ئابوورییەوە.

پرسیار لە کەپیتالیستێک بکە کە چۆن دادپەروەری و ئازادیی سیاسی دەهێنرێنە شوێنێکی وەکو زیمبابۆی یان ئەفغانستان و ئەگەری هەیە تۆ محازەرەیەک وەربگریت لەبارەی ئەمەی کە چۆن سامانی ئابووری و چینێکی ناوەندی ڕووبەرەشە جەوهەرییە بۆ دامەزراوە دیموکراتییە جێگیرەکان و لێرەوە لەبارەی پێویستیی دەرس دادانی خێڵەکییە ئەفغانییەکان لەمەڕ بەهاکانی ئازادیی بزنس، ئابووری و پشت بەخۆبەستن.

ئەم ئایینە نوێیە کاریگەرییەکی لێبڕاوی هەبووە لەسەر پەیدابوونی زانستی مۆدێرنیش. تۆێژینەوەی زانستی زۆرجار یان لەلایەن حکومەتەکان یان لەلایەن کۆمپانیا تایبەتەکان پارەی بۆ دابین کراوە. کاتێک حکومەتە کەپیتالیستەکان و کۆمپانیاکان وەبەرهێنان لە پرۆژەیەکی زانستیدا لەبەرچاو دەگرێت، زۆرجار یەکەمین پرسیارەکان ئەمانەن (ئایا ئەم پرۆژەیە توانامان دەداتێ تا بەرهەمهێنانەکان و قازانجەکان زیاد بکەین؟ ئایا گەشەسەندنی ئابووری لێدەکەوێتەوە؟ پرۆژەیەک کە ناتووانێت ئەم کۆسپانە بەلاوەنێت چانسێکی کەمی هەیە لە دۆزینەوەی سپۆنسەرێکدا. هیچ مێژوویەکی زانستی مۆدێرن ناتووانێت کەپیتالیزم پشتگوێ بخات.

بە پێچەوانەشەوە، مێژووی کەپیتالیزم بەبێ لەبەرچاوگرتنی زانست قابیلی درکپێکردن نییە. باوەڕی کەپیتالیزم بە گەشەیەکی ئابووریی بەردەوام تەقریبەن بەسەر هەر شتێکدا پیادە دەبێ کە ئێمە لەبارەی گەردوونەوە دەیزانین. گەلە گورگێک بێ ڕادە گەمژە دەبێ گەر بڕوای وابێت دابینکردنی مەڕ بێ ڕادە هەر لە زیادبووندا دەبێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئابووریی مرۆیی توانیوویەتی بەدرێژایی سەردەمی مۆدێرن بەخێرایی گەشە بکات، ئەمەش تەنیا لە سایەی ئەو فاکتەی کە زاناکان چەند ساڵ

جارێک دۆزینەوەیەکی نوێ گەلاڵە دەکەن- وەکو کیشوەری ئەمریکا، ماکینەی سوتاندنی ناوەکی، یان مەڕی لەڕووی جینەتیکییەوە ئەندازەکراو. بانکەکان و حکومەتەکان پارە چاپ دەکەن، بەڵام سەرەنجام، ئەوە زاناکانن کە خەرجییەکەی ئەدەن.

بەدرێژایی چەند ساڵی ڕابردوو، بانکەکان و حکومەتەکان بە خێرایی خەریکی چاپکردنی پارە بوون. هەمووان ترسی ئەوەیان هەیە کە قەیرانی ئابووریی هەنوکەیی ببێتەهۆی وەستانی گەشەسەندنی ئابووری. بۆیە ئەوان لە پڕێکدا تریلیۆنان دۆلار، ئیورۆ و یەنیان هێنایە کایەوە، کرێدیتێکی هەرزانیان خستە ناو سیستەمەوە و هیوای ئەوەیان خواست زاناکان، تەکنیکییەکان و ئەندازیاران بتووانن شتێکی بە ڕاستی گەورە گەلاڵە بکەن، پێش ئەوەی بڵقەکان بتەقن. هەموو شتێک بەندە بە خەڵکانی ناو تاقیگەکان. دۆزینەوە تازەکان لە بوارەکانی وەکو بایۆلۆژی و تەکنۆلۆژیدا دەتووانن پیشەسازیی تەواو نوێ دروست بکەن کە قازانجەکانی بتووانێت پاڵپشتیی تریلیۆنان لەو پارە (قەناعەت پێبێنە)یە بکات کە بانکەکان و حکومەتەکان لە ٢٠٠٨ەوە هێناویانەتە کایەوە. ئەگەر تاقیگەکان پێش تەقینی بڵقەکان ئەم چاوەڕوانییانە بەرجەستە نەکەن، ئەوا ئێمە بەرەو سەردەمە سەختەکان ڕێ دەکەین.

کۆلەمبەس بەدوای وەبەرهێنێکدا دەگەڕێت

کەپیتالیزم ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی بینیووە نەک تەنیا لە سەرهەڵدانی زانستی مۆدێرندا بەڵکو لە سەرهەڵدانی ئیمپریالیزمی ئەوروپیشدا. هەر لە سەرەتاشەوە ئیمپریالیزمی ئەوروپیش بوو کە سیستەمی کرێدیتی سەرمایەداری چێ کرد. هەڵبەت، کرێدیت لە ئەوروپای مۆدێرندا دانەهێنرا. ئەمە تەقریبەن لە هەموو کۆمەڵگە

کشتوکالییەکاندا هەبوو و لە ماوەی مۆدێرنی زووداسەرهەڵدانی کەپیتالیزمی مۆدێرن بەشێوەیەکی توندوتۆڵ گرێبەند بوو بە بەرەوپێشچوونە ئابووریییەکان لە ئاسیا. بیریشت بێت کە، تاوەکو درەنگانی سەدەی هەژدە، ئاسیا کوانووی ئابووریی جیهان بوو، بەو مانایەی کە ئەوروپییەکان سەرمایەیەکی زۆر کەمتریان هەبوو بە بەراورد بە چین، موسڵمانان و هیندییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە سیستەمە کۆمەڵایەتی-سیاسییەکانی چین، هیندستان و جیهانی موسڵماندا، کرێدیت تەنیا ڕۆڵێکی دووەمی دەبینی. لەوانەیە بازرگانان و خاوەن بانکەکان لە بازاڕەکانی ئیستەنبوڵ، ئیسفەهان، دەلهی و بێجینگدا بەپێی ئاقارە کەپیتالیستییەکان بیریان کردبێتەوە، بەڵام پاشاکان و جەنەرالەکان لە کۆشکەکان و قەڵاکاندا ڕقیان لە بازرگانان و بیرکردنەوەی بازرگانی بووە. زۆربەی ئیمپراتۆریەتە نائەوروپییەکانی سەردەمی مۆدێرنی زوو لەلایەن وڵاتگیرە مەزنەکانی وەکو (نورهاجی) و (نادرشا) یان لەلایەن دەستەبژێرانی بیرۆکرات و سەربازیی بونیاد نراون لە نموونەی ئیمپراتۆریەتەکانی (کین) و (عوسمانی). بە دابینکردنی پارەی جەنگەکان لە ڕێگەی باج و غەنیمە (بەبێ جیاوازیکردنێکی دیار لەنێوان ئەو دووانەدا)، ئەوان هیچی وەهایان لەپێناو سیستەمەکانی کرێدیتدا ئەنجام نەداوە و تەنانەت باکێکی کەمتریان بە فائیدەکانی بانقدارەکان و وەبەرهێنەران هەبووە.

لەلایەکی تریەوە، لە ئەوروپا، پاشاکان و جەنەرالەکان ڕێگای بازرگانیی بیرکردنەوەیان پەیڕەو کردووە، تا ئەو کاتەی کە بازرگانان و بانقدارەکان بوونەتە دەستەبژێری بااڵدەست. گرتنی جیهان لەلایەن ئەوروپاوە پەیتا پەیتا زیاتر لەڕێگەی کرێدیتەوە نەک باجەوە پارەکەی دابین کرا و پەیتا پەیتا زیاتر لەلایەن کەپیتالیستەکانەوە ئاراستە کرا کە ئاواتی سەرەکییان

وەدەستخستنی زۆرترین دەرامەت بوو لە وەبەرهێنانەکانیان. ئەو ئیمپراتۆریەتانەی لەلایەن بانقدارەکان و بازرگانە چاکەت دڕێژ و کڵاو خڕەکان بونیاد نرا، لەلایەن ئەو ئیمپراتۆریەتانەوە شکستیان پێهێنرا کە لەلایەن پاشاکان و خانەدانە پۆشاک ئاڵتونی و زرێ درەوشاوەکان بونیاد نرابوو. ئیمپراتۆریەتە بازرگانییەکان زۆر وردەکارتر بوون لە دابینکردنی پارەی وڵاتگیرییەکانیان. کەس نایەوێ باج بدات، بەڵام هەمووان دڵخۆشن بە وەبەرهێنان.

لە ساڵی ١٤٨٤دا، کریستۆفەر کۆلەمبەس بە پرۆپۆزەڵێکەوە چووە لای پاشای پورتوگاڵ بۆ داواکردنی پارەی ئەو ڕەوە کەشتییەی بەرەو خۆرئاوا دەکەوتنە ڕێ بۆ دۆزینەوەی ڕێچکەیەکی بازرگانیی نوێ بۆ خۆرهەڵاتی ئاسیا. ئەم سۆراخکردنانە کاری پڕتێچوون و مەترسیدار بوون. بڕێکی زۆری پارە پێویست بوو بۆئەوەی کەشتی دروست بکرێت، پێداویستی بکڕدرێت و پارەی دەریاوانان و سەربازان بدرێت- و گەرەنتییەکیش نەبوو کە سەرمایەگوزارییەکە ئەنجامی هەبێت. پاشای پورتوگاڵ ڕەتیکردەوە.

وەکو کاروەگەڕخەرێکی سەرەتایی ئەمڕۆکە، کۆلەمبەس وازی نەهێنا. ئەو بیرۆکەکەی خستەڕووی وەبەرهێنەرانی ئاینندەیی لە ئیتاڵیا، فەرەنسا، ئینگلتەرە و جارێکی تر پورتوگاڵ. هەموو جارێکیش ڕەت دەکرایەوە. پاشان ئەو هەوڵیدا بەختی خۆی لەگەڵ فێردیناند و ئیزابێل-ی فەرمانڕەوایانی نوێی ئیسپانیای یەکگرتوو تاقی بکاتەوە. ئەو هەندێ کەسی فشاردروستکەری تاقی کردەوە و بە یارمەتی ئەوان توانی شاژنە ئیزابێلا ڕازی بکات بە وەبەرهێنان. هەروەکو هەموو منداڵێکی قوتابخانە دەیزانێت، ئیزابێلا یانسیبەکەی بۆ دەرچوو. دۆزینەوەکانی کۆلەمبەس توانای بە ئیسپانیەکاندا تا ئەمریکا بگرن، کە لەوێ کانی ئاڵتون و زیو و

هەروەها کێڵگەی شەکر و توتنیان بونیاد نا کە بووە هۆی دەوڵەمەندبوونی پاشا ئیسپانییەکان، بانقدارەکان و بازرگانەکان بەجۆرێک کە خەونیشیان پێوە نەبینیبوو.

سەد ساڵ دواتر، شازادە و بانقدارەکان ئامادەییان تیادا بوو تا کرێدیتی زیاتر بەسەر شۆڕشگێڕەوەکانی کۆلەمبەس-دا دابەش بکەن و ئەوان سەرمایەی زیاتریان لەبەردەستدا بوو، ئەمەش لە سایەی ئەو گەنجینەیەی کە لە ئەمریکا وەدەستهێنرابوو. شتێکی تری بەهەمان ئاست گرنگ ئەوە بوو کە شازادە و بانقدارەکان متمانەی زیاتریان بە کاریگەریی سۆراخکردن هەبوو و ئارەزوومەندتر بوون پارەکەیان وێڵ بکەن. ئەمە بازنەی جادوویی کەپیتالیزمی ئیمپریالی بوو: کرێدیت پارەی نوێی دۆزینەوەکانی دابین کرد، دۆزینەوەکان سەریانکێشا بۆ پەیدابوونی کۆلۆنییەکان، کۆلۆنییەکان قازانجەکانیان دابین کرد، قازانجەکان متمانەیان بونیادنا و متمانە لە کرێدیتی زۆرتردا بەرجەستە بوو. نورهاجی و نادرشا پاش چەند هەزار کیلۆمەترێک سوتەمەنییان لێبڕا. کاروەگەڕخەرە کەپیتالیستەکان لە وڵاتگیرییەکە و بۆ وڵاتگیرییەکی تر توانای دارایی زیادی کرد.

بەڵام ئەم گەشتانە هەر بە مەترسیداری مانەوە، بۆیە بازاڕەکانی کرێدیت هەر بەحەزەر بوون. زۆرێک لە گەشتەکان بێ ئەنجام بوون و دۆزینەوەی هیچ شتێکی بەنرخیان پێوە نەبوو. بۆ نموونە، ئینگلیزەکان سەرمایەیەکی زۆریان لە هەوڵی پوچ بۆ دۆزینەوەی ڕێڕەوێکی باکووری خۆرئاوا بەرەو ئاسیا لەرێگەی جەمسەری باکوورەوە، بەهەدەردا. زۆرێک لە گەشتەکانی تر گەڕانەوەیان هەر نەبوو. کەشتییەکان بەر کەرتە سەهۆڵینەکان دەکەوتن، بەر زریانە خولگەییەکان دەکەوتن یان دەبوونە قوربانیی دەستی چەتەکان. بۆ زیادکردنی ژمارەی وەبەرهێنەرەکانی

ئایندە و کەمکردنەوەی ئەو مەترسییەی پێیانەوە دەنالاند، ئەورووپییەکان ڕوویانکردە کۆمپانیاکانی سەهم هاوبەشی بەرپرسیارێتی سنووردار. لەبری ئەوەی کە تاکە وەبەرهێنێک هەموو پارەی خۆی بخاتە گرەوی تاکە کەشتییەکی شەق و شڕ، کۆمپانیا سەهم هاوبەشەکە پارەی لە ژمارەیەکی زۆری وەبەرهێنەران کۆ دەکردەوە و هەریەکەیان تەنیا سەرکێشی بە بەشێکی کەمی سەرمایەکەوە دەکرد. لێرەوە مەترسییەکان جڵەو کران، بەڵام هیچ سنووردێک لەسەر قازانجەکان دانەنرا. تەنانەت وەبەرهێنانێکی بچوک لە کەشتییەکی دروستدا دەیتووانی بتکاتە ملیۆنێرێک.

دەیە لەدوای دەیە، خۆرئاوای ئەورووپا پەیدابوونی سیستەمی دارایی ئاڵۆزی بەخۆیەوە بینی کە دەیتووانی لەماوەی کورتدا بڕی گەورەی کرێدیت کۆ بکاتەوە و دەیتووانی بەشێوەیەکی کارامەتر لە هەر مەملەکەت یان ئیمپراتۆریەتێک پارەی گەڕان و وڵاتگیری دابین بکات. دەتوانرێ هێزی تازە پەیداکراوی کرێدیت لە شەڕی تاڵی نێوان ئیسپانیا و هۆڵەندەدا بەدی بکرێت. لە سەدەی شانزەدا، ئیسپانیا بەهێزترین دەوڵەت بوو لە ئەورووپا، جڵەوی ئیمپراتۆریەتێکی جیهانیی گەورەی بەدەستەوە بوو. ئەمە حوکمی بەشی هەرە زۆری ئەورووپا، پارچە گەورەکانی باکوور و باشووری ئەمریکا، دوورگەکانی فلیپین و شرێتێکی کەناراوەکانی ئەفریقا و ئاسیای دەکرد. هەموو ساڵێک، ڕەوە کەشتی پڕ لە گەنجینەی ئەمریکایی و ئاسیایی دەگەڕانەوە بۆ بەندەرەکانی سێڤیل و کادیز. هۆڵەندە زۆنگێکی بچوک و هەموو دەم ڕەشەبا بوو، بەتاڵ بوو لە سەرچاوە سروشتییەکان، سوچێکی بچوکی مووکەکانی پاشای ئیسپانیا بوو.

لە ساڵی ١٥٦٨دا، هۆڵەندییەکان کە بەزۆری پڕۆتستانت بوون، لە دەرەبەگی ئیسپانیایی کاسۆلیک هەڵگەڕانەوە. سەرەتا پێدەچوو یاخییەکان ڕۆڵی دۆن کیخۆتە ببینن، بوێرانە لە دەوروبەری ئاشە قایمەکان دەجوڵان. لەگەڵ ئەوەشدا لەماوەی هەشتا ساڵدا هۆڵەندییەکان نەک تەنیا سەربەخۆییان لە ئیسپانیا مسۆگەر کردبوو بەڵکو توانیبوویان شوێنگۆڕکێ بە هاوپەیمانە ئیسپانی و پورتوگالییەکانیان بکەن کە گەورەی شارێ ئۆقیانووسییەکان بوون، ئیمپراتۆریەتێکی هۆڵەندیی جیهانیی بونیاد بنێن و ببنە دەوڵەمەندترین دەوڵەت لە ئەوروپا.

ڕازی سەرکەوتنی هۆڵەندییەکان کرێدیت بوو. بورغورە هۆڵەندییەکان، کە گرنگیی کەمیان بە شەڕ لەسەر زەوی دەدا، لەشکری جاشیان بەکرێ گرت بۆ ئەوەی لەبریان شەڕ لەگەڵ ئیسپانییەکان بکەن. لەهەمان کاتدا هۆڵەندییەکان خۆیان ڕەوە کەشتیی گەورەیان بەرەو دەریا برد. لەشکرە جاشەکان و ڕەوە کەشتییە تۆپخانە هەڵگرتووەکان سامانێکیان تێچوو، بەڵام هۆڵەندییەکان توانیان پارەی گەشتە سەربازییەکانیان ئاسانتر لە ئیمپراتۆریەتی ئیسپانیی بەتوانا دابین بکەن چونکە ئەوان متمانەی سیستەمی دارایی ئەوروپیی ڕوولەگەشەیان بەدەست هێنابوو لەسەروەختێکدا کە پاشای ئیسپانی بێباکانە ئەو متمانەیەی لەخۆیدا ڕادەماڵی. خاوەن داراییەکان بایی پێویست کرێدیتیان دایە هۆڵەندییەکان بۆئەوەی لەشکر و ڕەوەکەشتی بونیاد بنێن و ئەم لەشکرانە و ڕەوە کەشتییەکان کۆنترۆڵی ڕێچکە بازرگانییەکانی جیهانیان دایە دەست هۆڵەندییەکان کە لەمەشەوە قازانجێکی زۆریان دەست کەوت. قازانجەکان ڕێگەیان بۆ هۆڵەندییەکان خۆش کرد تا پارەی قەرزەکان بدەنەوە کە ئەمەش متمانەی خاوەن

داراییەکانی بەهێز کرد. ئەمستەردام نەک تەنیا بەخێرایی دەبووە یەکێک لە گرنگترین بەندەرەکانی ئەورووپا، بەڵکو دەبووە مەککەیەکی دارایی کێشوەرەکەش.

کتومت هۆڵەندییەکان چۆن تووانیان متمانەی سیستەمی دارایی بەدەست بێنن؟ یەکەم، ئەوان مکوڕ بوون لەسەر دانەوەی قەرزەکانیان لەکاتی خۆی و بەتەواوی، بەمەش مەترسی دابەشکردنی کرێدیتیان بۆ قەرزدەران نەدەهێشت. دووەم، سیستەمی دادوەریی وڵاتەکەیان سەربەخۆیی وەرگرت و پارێزگاری لە مافە تایبەتییەکان کرد- بەشێوەیەکی دیاریکراویش مافەکانی مووڵکی تایبەت. سەرمایە لەو دەوڵەتە دێکتاتۆرییانە دوور دەکەوێتەوە کە ناتووانن بەرگری لە تاکەکەسە تایبەتەکان و مووڵکەکانیان بکەن. لەبری ئەمە، دەڕێتە ناو ئەو دەوڵەتانەی کە پاڵپشتی حوکمی یاسا و مووڵکایەتی تایبەت دەکەن.

وێنای ئەوە بکە تۆ کوڕی خانەوادەیەکی تۆکمەی سەرمایەدارە ئەڵمانییەکانیت. باوکت دەرفەتێک لەوەدا دەبینێت کە بزنسەکەی فراوان بکات لە ڕێگەی کردنەوەی چەند لقێک لە شارە ئەورووپییە گەورەکان. ئەو دەتنێرێتە ئەمستەردام و برا بچوکەکەشت بۆ مەدرید، ١٠،٠٠٠ سکەی ئاڵتونی دەداتە هەریەکەتان بۆ سەرمایەگوزاری. براکەت سەرمایەی دەستپێکردنەکەی بە قەرزێکی سوود دەداتە پاشای ئیسپانیا کە پێویستیەتی بۆ ئامادەکردنی سوپایەک بۆ شەڕ لەدژی پاشای فەرەنسا. تۆ بڕیاردەدەیت ئەوەی خۆت بە قەرز بدەیتە بازرگانێکی هۆڵەندی کە دەیەوێ لە زەوییەکی کورتیلە درەختەکاندا لە بەشی باشووری دوورگەیەکی چەپەک بەناوی (مانهاتن) وەبەرهێنان بکات، دڵنیایە لەوەی بەهاکانی ئەو مووڵکە بەخێرایی بەرز دەبێتەوە لەکاتێکدا کە

ڕووباری (هودسن) دەبێتە ڕێچکەیەکی بازرگانیی گەورە. دەبێ هەردوو قەرزەکە لەماوەی ساڵێکدا بدرێنەوە.

ساڵەکە تێدەپەڕێت. بازرگانە هۆڵەندییەکە ئەو زەوییە دەفرۆشێت کە بە بڕەپارەیەکی بەرچاو کڕیبووی و پارەکە بەو سوودەوە دەداتەوە کە بەڵێنی لەسەر دابوو. باوکت دڵخۆشە. بەڵام برا بچوکەکەت لە مەدرید نیگەران دەبێت. جەنگ لەگەڵ فەرەنسا لەگەڵ پاشای ئیسپانیا بەباشی کۆتایی هات، بەڵام ئەو ئێستا خۆی گلاندووەتە ناو شەڕێک لە تورکیادا. ئەو پێویستی بە فلس بە فلس هەیە بۆ دابینکردنی پارەی جەنگە نوێکە و پێی وایە ئەمە زۆر گرنگترە لەوەی پارەی قەرزە کۆنەکان بداتەوە. براکەت چەند نامەیەک ئاراستەی کۆشک دەکات و داوا لەو هاوڕێیانە دەکات کە پەیوەندییان لەگەڵ دەربار هەیە بێنە ناوەوە، بەڵام بێ سوودە. براکەت نەک تەنیا سوودی بەڵێن لەسەر دراوی بەدەست نەهێناوە- بەڵکو بڕە پارە وەبەرهێنراوەکەشی لەدەستداوە. باوکت تووڕەیە.

ئێستا، وەزعەکە خراپتریش دەبێ، پاشا کاربەدەستێکی گەنجینە دەنێرێتە لای براکەت بۆئەوەی زۆر بە ڕوونی پێی بڵێت، چاوەڕێی ئەوە دەکات قەرزێکی تری بەهەمان قەبارە دەستبەجێ وەربگرێت. براکەت پارەی نییە بیدات بە قەرز. ئەو نامە بۆ باوکی دەنووسێت لە هەوڵێکدا بۆ ڕازیکردنی تاوەکو ئەمجارە پاشا بتووانێ قەرزەکە بداتەوە. سەرۆک خێزانەکە خاڵی لاوازی هەیە لە بەرانبەر کوڕە منااڵەکەیدا و بەنابەدڵییەوە ڕازی دەبێت. ١٠،٠٠٠ سکەی ئاڵتونی تر لە گەنجینەی ئیسپانیدا بزر دەبێت و جارێکی تر نابینرێتەوە. لەهەمان کاتدا، لە ئەمستەردام، شتەکان گەش دیارن. تۆ قەرزی زیاد و زیاتر دەدەیتە بازرگانە هۆڵەندییە پڕئیشەکان کە قەرزەکان دەستبەجێ و بەتەواوی دەدەنەوە. بەڵام بەختەکەت هەروا بێ سنوور درێژە ناکێشێت. یەکێک لە

مشتەرییە بەردەوامەکانت پێشبینی ئەوە دەکات کە سەرپایەی تەختە دەبێتە فاشنێکی برەودار لە پاریس و داوای قەرزێکت لێدەکات بۆ دانانی فرۆشگایەکی پێڵاو لە پایتەختی فەرەنسا. تۆ پارەکەی دەدەیتێ، بەڵام بەداخەوە سەرپایەکان سەرنجی خانمانی فەرەنسی ڕاناکێشن و بازرگانی نابەدڵ دانەوەی قەرزەکە ڕەت دەکاتەوە.

باوکت ئاگری لێهەڵدەستێ و بە هەردووکتان دەڵێت کاتی ئەوەیە پارێزەرەکان بکەونە کار. براکەت لە مەدرید سکاڵا لەدژی شای ئیسپانی تۆمار دەکات، لەکاتێکدا کە تۆ لە ئەمستەردام سکاڵا لەدژی جادووگەری پێڵاوە تەختەییەکە تۆمار دەکەیت. لە ئیسپانیا، دادگاکان ملکەچی پاشان- دادوەران لە خزمەتی ئەودان و ترسی سزایان هەیە ئەگەر بە ئیرادەی ئەو ڕەفتار نەکەن. لە هۆڵەندە، دادگاکان لقێکی جودای حکومەتن، سەر بە بورغورەکان و شازادەکان نین. دادگا لە مەدرید سکاڵای براکەت فڕێ دەدات، کەچی دادگا لە ئەمستەردام لە بەرژەوەندی تۆ ڕەفتار دەکات و شتەکانی بازرگانەکە دەست بەسەردا دەگرێت بۆئەوەی ناچاری بکات قەرزەکە بداتەوە. باوکت عیبرەتی خۆی وەرگرت. باشترە ئیش لەگەڵ بازرگانەکاندا بکەیت نەک پاشاکان و باشترە لە هۆڵەندە بیکەیت نەک لە مەدرید.

هەوڵەکانی براکەت تەواو نەبوون. پاشای ئیسپانیا نائومێدانە پێویستی بە پارەی زیاترە بۆ ئەوەی پارەی سوپاکەی بدات. ئەو دڵنیایە باوکت پارەی کاشی هەیە بیدات. بۆیە ئەو تۆمەتی هەڵبەستراوی ناپاکی دەداتە پاڵ براکەت. ئەگەر ئەو دەستبەجێ ٢٠،٠٠٠ سکەی ئاڵتونی نەدات ئەوا هەڵیدەداتە ناو زیندان تا مردن لەوێدا دایدەڕزێنێت.

باوکت تا قوڕگی هاتووە. ئەو پارە داواکراوەکە لەپێناو کوڕە خۆشەویستەکەی دەدات، بەڵام سوێند دەخوات قەت جارێکی تر لە

ئیسپانیا بزنس نەکاتەوە. ئەو لقی مەدریدەکەی دادەخات و براکەت دەگوازێتەوە بۆ ڕۆتەردام. ئێستا هەبوونی دوو لق لە هۆڵەندە بیرۆکەیەکی زۆر باش دیارە. ئەو گوێبیستی ئەوە دەبێت کە تەنانەت سەرمایەدارانی ئیسپانیش سامانەکانیان بە قاچاغ دەبەنە دەرەوەی وڵاتەکە. ئەوانیش درک بەوە دەکەن کە ئەگەر بیانەوێ پارێزگاری لە پارەکەیان بکەن و بەکاری بێنن بۆ بەدەستهێنانی سامانی زۆرتر، ئەوا باشترە لەو شوێنەدا سەرمایەگوزاری بکەن کە حوکمی یاسا بەرقەرارە و تیایدا مووڵکی تایبەت ڕێزی هەیە- بۆ نموونە، لە هۆڵەندا.

بەم شێوازانە پاشای ئیسپانیا متمانەی وەبەرهێنەرانی لەدەستدا ڕێک لەو کاتەدا کە بازرگانانی هۆڵەندی متمانەیانی بەدەستهێنا. ئەوە بازرگانانی هۆڵەندیش بوون- نەک دەوڵەتی هۆڵەندی- کە ئیمپراتۆریەتی هۆڵەندییان بونیاد نا. پاشای ئیسپانیا بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ دابینکردنی پارەی وڵاتگیرییەکانی و درێژە پێدانی، ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی باجە نەخوازراوەکان لە عەوامی نابەدڵ. بازرگانە هۆڵەندییەکان پارەی وڵاتگیرییەکانیان لەرێگەی بەدەستهێنانی قەرز و پەیتا پەیتا لە ڕێگەی فرۆشتنی بەشەکانیان لە کۆمپانیاکان کە قازانجی دەبەخشییە خاوەنەکەی، پەیدا کرد. ئەو وەبەرهێنەرە بەحەزەرانەی قەت پارەی خۆیان نەدەدایە پاشای ئیسپانیا و دوو جار بیریان دەکردەوە بەر لەوەی کرێدیت بدەنە حکومەتی هۆڵەندی، بە دڵخۆشییەوە سامانەکانیان لە کۆمپانیا سەهم هاوبەشەکاندا سەرمایەگوزاری کرد کە پاڵپشتی ئیمپراتۆریەتە نوێکە بوو.

ئەگەر تۆ پێت وابووایە کۆمپانیایەک قازانجێکی گەورە دەکات بەڵام هەنوکە هەموو پشکەکانی فرۆشتووە، دەتتووانی هەندێکی لەو خەڵکە بکڕیت کە هەیانبوو، دەشێ بە نرخێکی بەرزتریش لەو نرخەی کە لە

بنەڕەتدا پێیاندابوو. ئەگەر تۆ چەند پشکێکت کڕی و دواتر بۆت دەرکەوت کۆمپانیاکە لە هەڵدێردایە، تۆ دەتتوانی هەوڵ بدەیت پشکەکانت لەبەرانبەر نرخی هەرزانتردا ساغ بکەیتەوە. بازرگانیی دەرەنجام لە پشکەکانی کۆمپانیادا سەری کێشا بۆ بونیادنانی ئاڵوگۆڕی سەهم، واتە ئەو شوێنەی تیایدا بازرگانی بە پشکەکانی کۆمپانیاوە دەکرێت، لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەوروپادا.

بەناوبانگترین کۆمپانیای سەهم هاوبەشی هۆڵەندی، (ڤێرینیج ئۆستیندیش کۆمپەین)، یان بڵێین(ڤی ئۆ سی)، لە ساڵی ١٦٠٢دا مۆڵەتی پێدرا، ڕێک لەو کاتەدا کە هۆڵەندییەکان حوکمی ئیسپانییان بەکۆتا دەگەیاند و دەنگی تەقاندنی تۆپی ئیسپانی هێشتا لە نزیکاییەکانی قەڵاکانی ئەمستەردام دەبیسترا. (ڤی ئۆ سی) پارەی کۆکراوەی لە فرۆشتنی پشکەکان بەکاردەهێنا بۆ بونیادنانی کەشتییەکان، ناردنیان بۆ ئاسیا و هێنانەوەی شتومەکی چینی، هیندی و ئیندۆنیزی. ئەمە بەهەمان شێوە تێچوونی ئەو ڕێوشوێنە سەربازییانەی دابین دەکرد کە کەشتییەکانی کۆمپانیا لە بەرانبەر کێبڕکێکاران و چەتەکاندا ئەنجامیان دەدا. سەرەنجام، پارەی ڤی ئۆ سی، تێچوونی گرتنی ئیندۆنیزیای زامن کرد.

ئیندۆنیزیا گەورەترین کۆمەڵە دوورگەی جیهانە. هەزاران دوورگەکەی لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدەدا لەلایەن سەدان مەملەکەت، میرنشین، سەڵتەنەت و هۆز حوکم دەکرا. کاتێک بازرگانانی (ڤی ئۆ سی) بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٦٠٣دا گەیشتنە ئیندۆنیزیا، مەبەستیان تەنیا و تەنیا بازرگانی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ زامنکردنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیان .و زیادکردنی قازانجەکانی خاوەن پشکەکان، بازرگانانی ڤی ئۆ سی دەستیانکرد بە شەڕ لەدژی ئەو

فەرمانڕەوا لۆکالانەی کە گومرگی قەبەیان سەپاندبوو، هەروەها لەدژی پێشبڕکێکارە ئەوروپییەکان. (ڤی ئۆ سی) کەشتییە بازرگانییەکانی بە تۆپخانە چەکدار کرد، جاشی ئەوروپی، ژاپۆنی، هیندی و ئیندۆنیزی بەکرێ گرت و سەنگەری لێدان و شەڕ و گەمارۆی بەرفراوانی دەستپێکرد. دەشێ ئەم پرۆژەیە کەمێک نامۆ دیار بێ بەلامانەوە، بەڵام لە سەرەتای سەردەمی مۆدێرندا، بۆ کۆمپانیا تایبەتەکان ئاسایی بوو نەک تەنیا سەرباز بەڵکو ژەنەراڵ و لیواکان، تۆپ و کەشتییەکان و تەنانەت لەشکری یەدەکیش بەکرێ بگرن. کۆمەڵی نێودەوڵەتی ئەمەی بە ئاسایی لەقەڵەمدا و گوێی پێ نەدەدا کاتێک کۆمپانیایەکی تایبەت سوپایەکیشی بونیاد بنایە.

دووڕگە لەدوای دووڕگە کەوتە دەستی جاشەکانی (ڤی ئۆ سی) و بەشێکی گەورەی ئیندۆنیزیا بووە کۆلۆنی (ڤی ئۆ سی). ڤی ئۆ سی، بۆ ماوەی نزیکەی ٢٠٠ ساڵ حوکمی ئیندۆنیزیای کرد. تەنیا لە ١٨٠٠دا دەوڵەتی هۆڵەندی کۆنترۆڵی ئیندۆنیزیای گرتە دەست و بۆ ماوەی ١٥٠ ساڵی دواتر کردیە کۆلۆنییەکی نیشتمانیی هۆڵەندی. ئەمڕۆکە هەندێ کەس هۆشداری ئەوە دەدەن کە کۆمپانیاکانی سەدەی بیست و یەک هێزێکی زۆر کەڵەکە دەکەن. مێژووی مۆدێرنی زوو ڕێک پیشانی دەدات دەشێ چ ببێت ئەگەر کۆمپانیاکان ڕێگەیان پێدرا بەبێ پشکنین بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا وێڵ بن.

لەکاتێکدا کە ڤی ئۆ سی لە ئۆقیانووسی هیند کاری دەکرد، کۆمپانیای وێست ئیندیسی هۆڵەندی یان دەبلیو ئای سی، بە ئەتلانتیکدا هاموشۆی دەکرد. بۆ کۆنترۆڵکردنی بازرگانی لەسەر (ڕووباری هودسۆن)ی گرنگ، دەبلیو ئای سی، ئۆردوگایەکی لەسەر دووڕگەیەک لە دەمی ڕووبارەکە بونیاد نا بەناوی (ئەمستەردامی نوێ).

کۆلۆنییەکە کەوتە بەر هەڕەشەی هیندییەکان و هێرشی بەردەوام لەلایەن بریتانییەکانەوە کە دواجار لە ساڵی ١٦٦٤ دەستیان بەسەردا گرت. بریتانییەکان ناویان گۆڕی بۆ (نییویۆرک). پاشماوەی دیواری بونیادنراو لەلایەن دەبلیوئای سی بۆ بەرگری لە کۆلۆنییەکەی لەبەرانبەر هیندییەکان و بریتانییەکان لەمڕۆدا پان کراوەتەوە بۆئەوەی ببێتە بەناوبانگترین شەقامی جیهان بەناوی (ۆڵ ستریت).

لەگەڵ بەرەو کۆتا چوونی سەدەی حەقدە، لەخۆڕازیبوون و جەنگە کیشوەرییە پڕ تێچوونەکان بوونە هۆی ئەوەی کە هۆڵەندییەکان نەک تەنیا نییویۆرک بەڵکو شوێنیشیان لە ماکینەی ئیمپریالی و دارایی ئەوروپادا لەدەست بدەن. بۆشاییەکە کەوتە ژێر کێبڕکێی فەرەنسا و بریتانیا. سەرەتا پێدەچوو فەرەنسا لە پێگەیەکی زۆر بەهێزتردا بێت. فەرەنسا لە بریتانیا گەورەتر، دەوڵەمەندتر و قەرەباڵغتر بوو و سوپایەکی گەورەتر و بەئەزموونتری هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بریتانیا تووانی متمانەی سیستەمی دارایی بباتەوە لەکاتێکدا کە فەرەنسا ناشایستە دەرچوو. ڕەفتاری شانشینی فەرەنسا بەشێوەیەکی دیاریکراو لەماوەی ناسراو بە بڵقی میسیسیپی بەدناو بوو کە گەورەترین قەیرانی دارایی سەدەی هەژدەی ئەوروپا بوو. ئەم چیرۆکە بەهەمان شێوە بە بونیادنانی ئیمپراتۆریانەی کۆمپانیای پشکی هاوبەش دەست پێدەکات.

لە ١٧١٧دا، کۆمپانیای میسیسیپی، کە لە فەرەنسا مۆڵەتی درایە، دەستیدایە کۆلۆنیزە کردنی بەشی خوارەوەی دۆڵی میسیسیپی، و لە پرۆسەکەدا شاری نییوئۆرلینزی بونیاد نا. بۆ دابینکردنی پارەی پلانە چڵێسەکانی، کۆمپانیاکە کە پەیوەندی چاکی هەبوون لەگەڵ دەرباری پاشا لویسی پانزەدا، پشکەکانی بە ئالوگۆڕی پشکی پاریس فرۆشت. (جۆن لۆ)ی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە، بەهەمان شێوە بەڕێوەبەری بانکی

ناوەندی فەرەنسا بوو. سەرباری ئەمەش، پاشا بە کۆنترۆلکەری گشتیی داراییەکان داینابوو، ئۆفیسێک کە تەقریبەن هاوتا بوو لەگەڵ وەزیری دارایی مۆدێرن. لە ١٧١٧دا، بەشی خوارەوەی دۆڵی میسیسیپی چەند شوێنێکی دیدەنی خستەڕوو سەرباری زۆنگ و تیمساح، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمپانیای میسیسیپی حیکایەت گەلێکی لەمەڕ سامانی نایاب و دەرفەتی بێسنوور بڵاو کردەوە. ئەریستۆکراتە فەرەنسییەکان، بزنسمانەکان و ئەندامانی بەرجەستەی بۆرجوازی شار کەوتە داوی ئەو فەنتازیایانەوە و نرخەکانی پشکی میسیسیپی فڕین. سەرەتا پشکەکان بۆ هەر پارچەیەک بە ٥٠٠ لیڤرەی فەرەنسی دەخرانە ڕوو. لە ١ی ئابی ١٧١٩دا، پشکەکان بە ٢،٧٥٠ خرانە ڕوو. بەهاتنی ٣٠ی ئاب، بایی ٤،١٠٠ لیڤرە بوون و لە ٤ی ئەیلولدا گەیشتنە ٥٠٠٠ لیڤرە. لە ٢ی کانوونی دووەمدا نرخی پشکێکی میسیسیپی لە ١٠،٠٠٠ لیڤرە تێپەڕی. شاگەشکەبوون شەقامەکانی پاریسی گرتەوە. خەڵکی هەموو مومتەلەکاتی خۆیان فرۆشت و قەرزی گەورەیان وەرگرت بۆئەوەی پشکەکانی میسیسیپی بکڕن. هەمووان بڕوایان وابوو کە ڕێگایەکی ئاسانیان بۆ دەوڵەمەندبوون دۆزیوەتەوە.

چەند ڕۆژێک دواتر، ترسەکە دەستی پێکرد. هەندێ لە پێشگۆییکەران درکیان بەوە کرد کە نرخی پشکەکان تەواو ناواقیعی و ناجێگیرە. ئەوان بۆیان دەرکەوت کە وا باشتر دەبوو لەو کاتەدا بیانفرۆشتایە کە نرخی پشکەکان لەوپەڕی بەرزیدا بوون. لەکاتێکدا کە خستنەڕووی پشکە هەبووەکان زیادیکرد، نرخەکانیان دابەزی. کاتێک وەبەرهێنەرەکانی تر بینییان نرخەکە دابەزی، ئەوانیش ویستیان خێرا بێنە دەرەوە. نرخی پشک زیاتر دابەزی، و ڕەنویەکی لێکەوتەوە. بۆ جێگیرکردنی نرخەکان، بانکی ناوەندیی فەرەنسا- بە ڕێنمایی

بەڕێوەبەرەکەی ، جۆن لۆ- پشکەکانی میسیسیپی کڕییەوە، بەڵام نەیدەتووانی تاهەتایە ئەمە بکات. دواجار پارەی نەما. کاتێک ئەمە ڕوویدا، کۆنترۆڵکەری گشتیی داراییەکان، هەر ئەو جۆن لۆیە، مۆڵەتیدا بە چاپکردنی پارەی زیاتر بۆ کڕینی پشکی زۆرتر. ئەمە سەراپای سیستەمی دارایی فەرەنسی خستە ناو بڵقەکەوە. تەنانەت ئەم جادووگەرییە داراییەش نەیدەتووانی چارەسەر دابین بکات. نرخی پشکەکانی میسیسیپی لە ١٠،٠٠٠ لیڤرەوە گەڕانەوە بۆ سەر ١،٠٠٠ لیڤرە و پاشان بەتەواوی دارما و پشکەکان بەهای خۆیان لەدەستدا. ئێستا ئیتر بانکی ناوەندی و گەنجینەی شاهانە بڕێکی گەورەی پشکی بێ بەهای هەبوو و پارەی نەبوو. پێشگۆکارە گەورەکان تا ڕادەیەکی زۆر بە سەلامەتی بۆی تێپەڕین- ئەوان لەکاتی خۆیدا فرۆشتبوویان. وەبەرهێنەرە بچوکەکان هەموو شتێکیان لەدەستدا و زۆرێکیان خۆکوژییان ئەنجام دا.

بڵقی میسیسیپی یەکێک بوو لە دارمانە داراییە هەرە بەرجەستەکانی مێژوو. سیستەمی دارایی فەرەنسی شاهانە قەت بڕینەکەی لەم زەبرە سارێژ نەبوو. ئەو شێوازەی کە بەهۆیەوە کۆمپانیای میسیسیپی توانای سیاسی خۆی بەکارهێنا بۆ قۆستنەوەی نرخەکانی پشک و وروژاندنی خرۆشی کڕین، بووە هۆی ئەوەی خەڵکی ئیمانی بە سیستەمی بانکیی فەرەنسی و ژیریی دارایی پاشای فەرەنسا نەمێنێت. لویسی پانزە بەلایەوە سەخت و سەختتر بوو کرێدیت کۆ بکاتەوە. ئەمە بووە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەمەی کە ئیمپراتۆریەتی فەرەنسی لە دەرەوە بکەوێتە دەستی بریتانیا. لەکاتێکدا کە بریتانییەکان تواناییان بە ئاسانی پارە بە سوودێکی کەمەوە قەرز بکەن، فەرەنسا کێشەی هەبوو لە زامنکردنی قەرزدا و دەبووایە سوودی زۆریشیان لەگەڵدا بداتەوە.

بۆئەوەی پارەی قەرزە زۆربووەکانی دابین بکات، پاشای فەرەنسا پارەی زیاتر و زیاتری بە سوودی زیاتر و زیاتر قەرز کرد. دواجار، لە ١٧٨٠کاندا، لویسی شانزە کە لە سەروەختی مردنی باپیرەی هاتە سەر تەخت، بۆی دەرکەوت کە نیوەی بودجەی سالانەکەی بەستراوەتەوە بە دانی سوودی سەر قەرزەکانی و ئەمەی کە بەرەو مایەپوچی هەنگاو دەنێت. لە سالی ١٧٨٩، لویسی شانزە، بە ناچاردڵییەوە لە (ئیستەیتس جەنەرال)، واتە پەرلەمانی فەرەنسی، ئامادەبوو کە سەدە و نیوێک دەبوو کۆ نەبووەوە بۆئەوەی چارەسەر بۆ قەیرانەکە بدۆزێتەوە. لێرەوە شۆڕشی فەرەنسی دەستیپێکرد.

لەکاتێکدا کە ئیمپراتۆریەتی فەرەنسی لە دەرەوە لە داڕماندا بوو، ئیمپراتۆریەتی بریتانی بەخێرایی فراوان دەبوو. وەکو ئیمپراتۆریەتی هۆڵەندی پێش خۆی، ئیمپراتۆریەتی بریتانی بناغەی گرت و بەشێوەیەکی سەرەکی لەلایەن ئەو کۆمپانیا سەهم هاوبەشانەوە بەڕێوە دەبرا کە لە ئاڵوگۆڕی سەهمی لەندەندا دامەزرێنرابوون. یەکەمین ئۆردوگا ئینگلیزەکان لە ئەمریکای باکوور لەلایەن کۆمپانیا سەهم هاوبەشەکانی سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە بونیاد نرابوون، وەکو کۆمپانیای لەندەن، کۆمپانیای پلایمۆس، کۆمپانیای دۆرچێستەر و کۆمپانیای ماساشوسێتس.

نیوەکیشوەری هیندیش نەک لەلایەن دەوڵەتی بریتانییەوە، بەڵکو لەلایەن سوپای جاشی کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەلات-ی بریتانییەوە گیرابوو. ئەم کۆمپانیایە تەنانەت لە (ڤی ئۆ سی)یش کاراتر بوو. لە بارەگاکەیەوە لە شەقامی (لیدنهیڵ)ەوە لە لەندەن، بۆ ماوەی سەدەیەک حوکمی ئیمپراتۆریەتێکی هیندیی بەتوانای کرد، هێزێکی سەربازیی زەبەلاحی سەروو ٣٥٠،٠٠٠ سەرباز کە بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتر بوون لە

هێزە سەربازییەکانی بریتانیای پاشایەتی. تەنیا لە ١٨٥٨ تەخت و تاجی بریتانی، هیندستانی شانبەشانی سوپای تایبەتی کۆمپانیاکە خۆمالّی کرد. ناپلیۆن گاڵتەی بە بریتانییەکان کرد و بە نەتەوەیەک لە دوکاندارەکان ناودێری کردن. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دوکاندارانە خودی ناپلیۆنیان شکست پێهێنا و ئیمپراتۆریەتەکەیان تا ئەو ساتە گەورەترینی جیهان بوو.

بەناوی سەرمایەوە

خۆمالّیکردنی ئیندۆنیزیا لەلایەن تەخت و تاراجی هۆڵەندییەوە (١٨٠٠) و هی هیندستان لەلایەن تەخت و تاراجی بریتانییەوە (١٨٥٨) بە زەحمەت کۆتایی هێنا بە باوەش پێکداکردنی کەپیتالیزم و ئیمپراتۆریەت. بە پێچەوانەوە، پەیوەندییەکە تەنیا لەماوەی سەدەی نۆزدەدا بەهێزتر بوو. کۆمپانیاکانی پشکی هاوبەش چیتر پێویستیان بە بونیادنان و بەڕێوەبردنی کۆلۆنییە تایبەتەکان نەبوو- ئیستا بەڕێوەبەرەکانیان و پشکدارە گەورەکانیان وەتەرەکانی دەسەڵاتیان لە لەندەن، ئەمستەردام و پاریس ڕاکێشاوە و دەتووانن متمانەیان بە دەوڵەت هەبێت بۆئەوەی ئاگای لە بەرژەوەندییەکانیان بێت. هەروەکو مارکس و ڕەخنەگرانی کۆمەڵایەتی تر وتیان، حکومەتەکانی خۆرئاوا دەبوونە یەکێتییەکی بازرگانیی کەپیتالیستانە.

بەدناوترین نموونەی ئەمەی کە چۆن حکومەتەکان خواستیان خستە سەر پارەی زۆر، یەکەم جەنگی ئەفیون بوو، کە لەنێوان بریتانیا و چین (١٨٤٠-١٨٤٢) هەڵگیرسا. لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا، کۆمپانیای خۆرهەڵاتی هیند-بریتانی و چەندەها بزنسمانی بریتانی لە ڕێگەی هەناردەکردنی تریاک، بەتایبەت ئەفیون، بۆ وڵاتی چین، سامانێکی

زۆریان کۆ کردەوە. ملیۆنان چینی ئالودە بوون، ولاتیان لە ڕووی ئابووری و کۆمەلایەتیشەوە لاواز کرد. لە دوادواکانی ١٨٣٠یەکاندا حکومەتی چینی قەدەغەکردنی قاچاغچێتی تریاکی ڕاگەیاند، بەڵام بازرگانانی تریاکی بریتانی یاساکەیان پشتگوێ خست. دەسەڵاتدارانی چینی دەستیانکرد بە زەوتکردنی بارەکانی تریاک. کارتێلەکانی تریاک لە وێستمینیستەر و شەقامی داونینگ پەیوەندیی نزیکیان هەبووە- لە ڕاستیدا زۆرێک لە پەرلەمانتار و وەزیرانی کابینە پشکیان لە کۆمپانیاکانی تریاکدا هەبوو- بۆیە فشاریان خستە سەر حکومەت تا ڕێوشوێن بگرنە بەر.

لە ساڵی ١٨٤٠دا، بریتانیا بەم پێیە جەنگی لەدژی چین ڕاگەیاند بەناوی (بازرگانی ئازاد). ئەمە سەرکەوتنێکی ئاسان بوو. چینییە لەرادەبەدەر دڵنیاکان نەدەگەیشتنەوە ئاستی چەکە سەیرە نوێکانی بریتانیا- کەشتییە هەڵمییەکان، تۆپخانەی قورس، ڕۆکێت و تفەنگی تەقەی خێرا. لەژێر پەیماننامەی ئاشتیی یەک لەدوای یەکدا، چین ڕازی بوو لەسەر ئەوەی چالاکییەکانی تریاکی بازرگانەکان بەربەست نەکات و ئەو زیانانەی بەهۆی پۆلیسی چینی پێیان گەیاندوون قەرەبووبیان بکەنەوە. سەرباری ئەمەش، بریتانییەکان داوای کۆنترۆڵی هۆنگ کۆنگ-یان کرد و ڕادەستیان کرا. کە ئەوانیش لای خۆیانەوە وەکو بنکەیەکی ئارام بۆ قاچاخیی تریاک بەکاریانهێنا (هۆنگ کۆنگ تاوەکو ١٩٩٧ لەژێر دەستی بریتانیادا بوو). لە دوادواکانی سەدەی نۆزدەدا، نزیکەی ٤٠ ملیۆن چینی، واتە یەک لەسەر دەی دانیشتووانی وڵات، ئالودەبووی ئەفیون بوون.

میسریش فێر بوو ڕێز لە باسکی درێژی کەپیتالیزمی بریتانی بگرێت. لەماوەی سەدەی نۆزدەدا، وەبەرهێنەرانی فەرەنسی و بریتانی بڕی

گەورەی قەرزیان دایە میسر، سەرەتا بۆ دابین کردنی دارایی پرۆژەی کەناڵی سوێس، و دواتر بۆ دابینکردنی دارایی پرۆژەگەلی کەم سەرکەوتووی تر. قەرزی میسر هەڵاوسا و قەرزدەرانی ئەوروپی پەیتا پەیتا زیاتر دەمیان وەردایە کاروباری میسر. لە ساڵی ١٨٨١دا، ناسیۆنالیستە میسرییەکان تا بینە قاقایان هات و یاخی بوون. ئەوان کۆتاییهێنانی یەکلایەنەی هەموو قەرزی بیانییان ڕاگەیاند. شاژنە ڤیکتۆریا کەیفی بەمە نەهات. ساڵێک دواتر سوپا و هێزی دەریاییەکەی خستە جوڵە بەرەو نیل و میسر تاوەکو پاش دووەم جەنگی جیهانی وەکو پارێزراوێکی بریتانی مایەوە.

ئەمانە بە ئەستەم تاکە جەنگ بوون کە لە بەرژەوەندی وەبەرهێنەران جارِ دران. لە ڕاستیدا، جەنگ خۆی دەیتووانی ببێتە شمەکێک، ڕێک وەکو ئەفیون. لە ساڵی ١٨٢١دا، یۆنانییەکان لەدژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی هەڵگەڕانەوە. ڕاپەڕینەکە سۆزێکی گەورەی لە بازنە لیبراڵی و ڕۆمانسییەکانی بریتانیادا جوڵاند- تەنانەت لۆرد بایرن ی شاعیر چووە یۆنان بۆ شەڕکردن شانبەشانی یاخیبووان. بەڵام سەرمایەدارانی لەندەن دەرفەتێکیشان لەوەدا بەدی کرد. ئەوان پرسی بازرگانی پێوەکراوی (بۆندە یاخیگەرییە یۆنانییەکان)یان لە ئاڵوگۆڕی سەهمی لەندەن، خستە بەردەم سەرکردە یاخییەکان. یۆنانییەکان بەڵێنی ئەوەیان دەدا کە پارەی بۆندەکان، بە سوودەوە، بدەنەوە ئەگەر سەربەخۆییان ببردایەتەوە. وەبەرهێنەرە تایبەتەکان بۆندەکانیان کڕی بۆ قازانجکردن، یان لە سۆزیانەوە بۆ یۆنان، یان هەردووکی. بەهای (بۆندە یاخیگەرییە یۆنانییەکان) بە ڕێتمی سەرکەوتن و شکستە سەربازییەکان لە شەڕگەکانی (هێڵاس) ئاڵوگۆڕی پشکی لەندەندا هەڵبەز و دابەزی کرد. تورکەکان پەیتا پەیتا باڵادەست بوون. لەگەڵ بەرجەستەبوونی شکستی

یاخیگەراندا، خاوەن بۆندەکان ڕووبەڕووی ئاسۆی مایەپوچبوون بوونەوە. بەرژەوەندی خاوەن بۆندەکان بەرژەوەندی وڵات بوو، بۆیە بریتانیا ڕەوە کەشتییەکی نێودەوڵەتی ڕێکخست، لە ساڵی ١٨٢٧دا ڕەوە کەشتی بچوکی عوسمانی لە شەڕی (ناڤارینۆ) تێکشکاند. پاش چەند سەدەیەک لە پاشکۆیەتی، یۆنان بۆ دواجار ئازاد بوو. بەڵام ئازادی قەرزێکی گەورەی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە دەبووایە وڵاتە نوێکە بێ چەندوچون بیداتەوە. ئابووریی یۆنان بۆ ماوەی چەند دەیەیەکی دواتر بوو بە ڕەهنێکی قەرزدەرانی بریتانی.

باوەش پێکداکردنی ورچ ئاسای نێوان سەرمایە و سیاسەت بۆ بازاڕی کرێدیت گوزارشتی قوواڵی هەبوون. بڕی کرێدیت لە ئابووریییەکدا نەک تەنیا بە فاکتەرە ئابووریییەکانی وەکو دۆزینەوەی کێڵگەیەکی نەوتی نوێ یان داهێنانی ماکینەیەکی نوێ، بەڵکو بە ڕووداوە سیاسییەکانی وەکو گۆڕانی ڕژێمەکان یان سیاسەتی چاوتێبڕینی بیانیش دیاری دەکرێت. پاش شەڕی ناڤارینۆ، کەپیتالیستە بریتانییەکان ئامادەیی زیاتریان تێدابوو بۆ وەبەرهێنانی پارەکانیان لە مامەڵە مەترسیدارەکانی دەرەوە. ئەوان بینیبوویان کە ئەگەر قەرزارێکی بیانی دانەوەی قەرزەکانی ڕەتکردەوە، ئەوا سوپای خاوەن شکۆ پارەکەیان بۆ دەسەنێتەوە.

هەربۆیە ئەمڕۆکە پلەبەندیی کرێدیتی وڵاتێک زۆر گرنگترە بۆ باشبوونی ئابووریییەکەی بە بەراورد بە سەرچاوە سروشتییەکانی. پلەبەندیی کرێدیت ئەگەری ئەوە پیشان دەدات کە وڵاتێک قەرزەکانی دەداتەوە. سەرباری داتایەکی ئابووریی بێگەرد، ئەوان فاکتەرە سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت کەلتوورییەکانیش لەبەرچاو دەگرن. وڵاتێکی دەوڵەمەند بە نەوت کە نەفرەتی حکومەتێکی سەرکوتگەر، جەنگی بەربڵاو و سیستەمی دادوەریی گەندەڵی لێکراوە، زۆرجار پلەبەندییەکی

کرێدیتی نزمی بەر دەکەوێت. سەرەنجام، ئەگەری هەیە تا ڕادەیەک هەژار بمێنێتەوە چونکە ناتووانێت سەرمایەی پێویست کۆ بکاتەوە بۆ چنینەوەی زۆرترین خێر لە سامانی نەوتەکەی. وڵاتێکی بەتاڵ لە سەرچاوە سروشتییەکان بەڵام پڕ لە ئاشتی، سیستەمی دادوەریی دادپەروەر و حکومەتێکی ئازاد ئەگەری هەیە پلەبەندیی کرێدیتی بەرز وەربگرێت. بەمشێوەیە، لەوانەیە بتووانێت بایی پێویست سەرمایەی هەرزان کۆ بکاتەوە بۆ پاڵپشتیکردنی سیستەمی خوێندنی باش و پەرەپێدانی پیشەسازییەکی تەکنۆلۆژیای باڵا.

کەلتووری بازاڕی ئازاد

سەرمایە و سیاسەت کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە بە ڕادەیەک کە پەیوەندییەکانیان وەکویەک بە گەرمی لەلایەن ئابووریناسەکان، سیاسییەکان و خەڵکی ڕەشۆکی وتوێژی لەسەر دەکرێت. کەپیتالیستە سەرسەختەکان بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە دەبێ سەرمایە ئازاد بێ لەوەی کاریگەری بخاتە سەر سیاسەت، بەڵام نابێ سیاسەت ڕێگەی بدرێ کاریگەری لەسەر سەرمایە دابنێت. ئەوان بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە کاتێک حکومەتەکان دەستوەردەدەنە بازاڕەکان، بەرژەوەندییە سیاسییەکان وایان لێدەکەن وەبەرهێنانی ناژیرانە بکەن کە گەشەسەندنی خاوتری لێدەکەوێتەوە. بۆ نموونە، لەوانەیە حکومەتێک باجی قورس بخاتە سەر خاوەن پیشەسازییەکان و پارەکە بەکاربێنن بۆ پڕکردنەوەی بیمەی زۆری بێکاری، کە شتێکی دڵخوازە بەڵای دەنگدەرانەوە. لە دیدی زۆرێک لە بزنسمانەکاندا، وا باشترە حکومەت پارەکە بۆ ئەمان لێگەڕێت. ئەمان دەڵێن بەکاری دێنین بۆ کردنەوەی کارگەی نوێ و دامەزراندنی بێکاران.

لەم دیدگایەوە، ژیرانەترین سیاسەتی ئابووری بریتییە لە هێشتنەوەی سیاسەت لە دەرەوەی ئابووری، کەمکردنەوەی باج و سنووربەندی حکومەت بۆ کەمترین ئاست و ڕێگەدان بە هێزەکانی بازاڕ تا ئازادانە ڕەوگەی خۆیان وەربگرن. ئەگەر وەبەرهێنەرە تایبەتەکان بە ڕێوشوێنی سیاسی دەست و پێیان نەگیردرێت، پارەکەیان لەو شوێنەدا سەرمایەگوزاری دەکەن کە دەتووانن زۆرترین قازانجی لێ هەڵێنجن، بۆیە ڕێگای گەورەترین گەشەسەندنی ئابووری - کە کەڵک بە هەمووان بگەیەنێت، هەم خاوەن پیشەسازییەکان و هەم کرێکاران- ئەوەیە حکومەت ئەوەندەی دەکرێ هیچ نەکات. ئەم ڕێبازەی بازاڕی ئازاد لەمڕۆدا باوترین و کاریگەرترین جۆری بیروباوەڕی کەپیتالیستانەیە. تامەزرۆترین لایەنگرانی بازاڕی ئازاد چەندەی ڕەخنە لە پرۆگرامەکانی خۆشگوزەرانی دەگرن لەناوخۆی وڵات، ئەوەندەش ڕەخنە لە سەرکێشییە سەربازییەکانی دەرەوە دەگرن. ئەوان هەمان ئامۆژگاری مامۆستایانی ڕۆحی دەخەنە ڕووی حکومەت: هیچ مەکە و تەواو.

بەڵام لە فۆرمە سەرەڕۆییانەکەیدا، باوەڕبوون بە بازاڕی ئازاد وەکو باوەڕبوون بە بابانوێل ساویلکانەیە. هەروا بەسادەیی شتێک نییە بەناوی بازاڕی ئازاد لە دەرەوەی بێ لایەنی سیاسیدا. گرنگترین سەرچاوەی ئابووری متمانەیە بە ئایندە و ئەم سەرچاوەیە لەلایەن دز و شارلاتی بە بەردەوامی لەژێر هەڕەشەدایە. بازاڕەکان خۆیان هیچ پارێزگارییەک لەبەرانبەر ساختەیی، دزی و تۆندوتیژی پێشکەش ناکەن. کاری سیستەمە سیاسییەکانە متمانە زامن بکەن، ئەمەش لە ڕێگەی دانانی سزا لەدژی فریودان و بونیادنان و پشتگیریکردنی هێزەکانی پۆلیس، دادگاکان و زیندانەکان کە یاسا زامن دەکەن. کاتێک پاشاکان ناتووانن کارەکانی خۆیان بکەن و بازاڕەکان بە ڕێکوپێکی ڕێکبخەن، ئەوا ئەمە

سەردەکێشێت بۆ لەدەستچوونی متمانە، ئاوابوونی کرێدیت و داتەپینی ئابووری. ئەمە ئەو وانەیە بوو کە بڵقی میسیسیپی لە ساڵی ١٧١٩ گەیاندی و هەر کەسێک بیری چووبێتەوە ئەوا (بڵقی خانووبەرە) ی ساڵی ٢٠٠٧، نەمانی کرێدیت و هاتنەکایەی چەقبەستی بازرگانی و بزنس لە ئەمریکا، بیری دەهێنێتەوە.

دۆزەخی کەپیتالیستی

تەنانەت هۆکارێکی ڕیشەییتر هەیە کە بۆچی دەسەڵاتی ڕەها بدرێتە بازاڕەکان. ئادەم سمیس وانەی ئەوەی گەیاند کە پێڵاوسازەکە زیادەی پارەکەی بەکار دێنێت بۆ دامەزراندنی یاریدەدەری زۆرتر. ئەمە ئاماژەیە بەوەی کە چاوچنۆکیی خۆپەرستانە سوودی بۆ هەمووان هەیە، چونکە قازانجەکان بەکاردەهێنرێن بۆ فراوانکردنی بەرهەمهێنان و دامەزراندنی کارمەندی زیاتر.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەی چی ڕووەدات ئەگەر پێڵاوسازە چاوچنۆکەکە قازانجەکانی زیاد بکات لە ڕێگەی پێدانی پارەی کەمتر بە کارمەندەکان و زیادکردنی سەعاتەکانی کار؟ وەڵامی ستاندارد ئەوەیە کە بازاڕی ئازاد پارێزگاری لە کارمەندەکان دەکات. ئەگەر پێڵاوسازەکەمان حەقدەستێکی زۆر کەم بدات و داوای زۆر زیاتر بکات، باشترین کارمەندەکان بەشێوەیەکی سروشتی واز دێنن و دەچن ئیش بۆ ڕکابەرەکانی دەکەن.

پێڵاوسازی زۆردار خۆی لەگەڵ خراپترین کرێکارەکاندا دەبینێتەوە، یان دەشێ هیچ کرێکارێکی لا نەمێنێت. ئەو یا دەبێ شێوازەکەی بگۆڕێت یان دەبێ بزنسەکەی کۆتایی پێ بێنێت. چاوچنۆکییەکەی ئەو ناچاری دەکات بەباشی ڕەفتار لەگەڵ کارمەندەکانیدا بکات.

ئەمە لە تیۆرەدا گوللەنەبڕ دیارە، بەڵام لە کردارەدا گوللەکان بە ئاسانی زرێکە دەبڕن. لە بازاڕێکی تەواو ئازاد دا، کەپیتالیستە چڵیسەکان دەتووانن مۆنۆپۆلی (قۆرخکاری) بونیاد بنێن یان لەدژی هێزی کار گەلەکۆمەکێ بکەن. ئەگەر تاکە کۆمپانیایەک هەبێت کە هەموو کارگەکانی پێڵاوسازی کۆنترۆڵ بکات لە وڵاتەکەدا، یان ئەگەر هەموو خاوەن کارگەکان لە یەک کاتدا گەلەکۆمەکێ بکەن بۆ کەمکردنەوەی کرێکان، ئەوا کرێکاران چیتر ناتووانن لە رێگەی گۆڕینی کارەکانیانەوە خۆیان بپارێزن.

تەنانەت لەوەش خراپتر، سەرۆک کارە چاوچنۆکەکان لە رێگەی کاری زۆرەملێ یان بەندەییەوە، ئازادیی جوڵانەوەی کرێکار بەربەست دەکەن. لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کۆیلایەتی لە ئەورووپای مەسیحیدا تەقریبەن نەناسراو بوو. لەماوەی مۆدێرنی زووداً، سەرهەڵدانی کەپیتالیزمی ئەورووپی هاوشانی سەرهەڵدانی بازرگانی کۆیلایەتی ئەتلانتیک بوو. هێزە جڵەونەکراوەکانی بازاڕ، نەک پاشا زۆرداڕەکان یان ئایدۆلۆگە نەژادپەرستەکان، بەرپرس بوون لەم کارەساتە.

کاتێک ئەورووپییەکان ئەمریکایان گرت، ئەوان کانەکانی ئاڵتون و زیویان کردەوە و کێڵگەی شەکر، توتن و لۆکەیان بونیاد نا. ئەم کان و کێڵگانە بوونە کۆڵەکەی بەرهەمهێنان و هەناردەی ئەمریکا. کێڵگەکانی شەکر بەشێوەیەکی دیاریکراو گرنگ بوون. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، شەکر کاڵایەکی دەگمەنی خۆشگوزەرانی بوو لە ئەورووپا. ئەمە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بە نرخی نەکڕدراو هاوردە دەکرا و کەم کەمە بەنهێنی لە پێکهاتەی خواردنە گرانبەهاکان و لە دەرمانەکانی رۆنی ماردا بەکار دەهات. پاش ئەوەی کێڵگەی شەکری زۆر لە ئەمریکا بونیاد نران، بڕی زۆر و زۆرتری شەکر گەیشتە ئەورووپا. نرخی شەکر دابەزی و

ئەوروپا ددانی تێرنەبووی شیرینی پەیدا کرد. کاروەگەڕخەران لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی بڕی گەورەی شیرینییەوە ئەم پێداویستییەیان پڕ کردەوە: کێک، شەکلەمە، شوکولاتە و گیراوە شیرینکراوەکانی وەکو کاکاو، قاوە و چایی. بڕی بەکارهاتووی شەکری لەلایەن تێکڕای هەر ئینگلیزێکەوە لە نزیکەی سفرەوە لە سەرەتاکانی سەدەی حەڤدە گەیشتە نزیکی هەشت کیلۆ لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووادنی قامیش و دەرهێنانی شەکرەکەی بزنسێکی پڕکار بوو. خەڵکێکی کەم دەیانویست کاتی درێژ لە کێڵگە سیخناخ بە مەلاریاکاندا و لەژێر هەتاوی گەرمەسێردا ئیش بکەن. ئیشکەرانی گرێبەست کاڵایەکی زۆر گرانبەهایان بۆ بەکارهێنانی بەربڵاو بەرهەم دەهێنا. خاوەن کێڵگە ئەوروپییەکان بەهۆی ئەوەی کە لەبەرانبەر هێزەکانی بازاڕدا هەستیار بوون و چڵێسی قازانج و گەشەی ئابووری بوون، ڕوویان کردە کۆیلە.

لە سەدەی شانزەوە تا سەدەی نۆزدە، نزیکەی ١٠ ملیۆن کۆیلەی ئەفریقی بۆ ئەمریکا هاوردەکران. نزیکەی ٧٠%یان لە کێڵگەکانی شەکردا ئیشیان کرد. هەلومەرجەکانی ئیش هەتا بڵێی ناخۆش بوون. زۆربەی کۆیلەکان ژیانێکی نەگبەت و کورت دەژیان و ملیۆنانی تریان لەماوەی ئەو جەنگانەدا مردن کە بۆ دەستبەسەر کردنی کۆیلەخرانە گەڕ یان لەماوەی گەشتی درێژ لەناوەوەی ئەفریقاوە بۆ وشکانی ئەمریکا دەمردن. هەموو ئەمەش بۆئەوەی کە ئەوروپییەکان بتووانن چێژ لە چاییە شیرینەکە و نوقڵەکانیان ببینن- و بارۆنەکانی شەکریش دەیانتووانی خۆشی لە قازانجە گەورەکان ببینن.

بازرگانیی کۆیلە لەلایەن هیچ دەوڵەت یان حکومەتێک کۆنترۆڵ نەکرا. ئەمە پڕۆژەیەکی تەواو ئابووری بوو، بە گوێرەی یاساکانی

خستنەڕوو و داوا لەلایەن بازاڕی ئازاد ڕێکدەخرا و پارەی بۆ دابین دەکرا. کۆمپانیاکانی بازرگانی کۆیلە پشکەکانیان لە ئالوگۆڕەکانی سەهمی لەندەن و پاریس دەفرۆشت. ئەو ئەوروپییانەی چینی ناوەند کە بەدوای وەبەرهێناندا دەگەڕان ئەم پشکانەیان کڕییەوە. بە پشت بەستن بەم پارەیە، کۆمپانیاکان کەشتییان کڕی، دەریاوان و سەربازیان بەکرێ گرت، کۆیلەیان لە ئەفریقا کڕی و گواستنیانەوە بۆ ئەمریکا. لەوێ کۆیلەکانیان بە خاوەن کێڵگەکان دەفرۆشت، و پارەکەیان بەکاردەهێنا بۆ کڕینی بەرهەمەکانی کێڵگەکان وەکو شەکر، کاکاو، قاوە، توتن و گیراوەی کحولیی شەکر. ئەوان دەگەڕانەوە بۆ ئەورووپا، شەکر و لۆکەیان بە نرخێکی باش دەفرۆشت و پاشان بەرەو ئەفریقا سەولیان لێدەدا بۆ ئەوەی گەڕێکی تر بکەن. خاوەن پشکەکان زۆر دڵخۆش بوون بەم مامەڵەیە. بەدرێژایی سەدەی هەژدە، پەنابردن بۆ سەرمایەگوزاریی بازرگانیی کۆیلە نزیکەی ٦% بوو لە سااڵنێکدا- بێ ڕادە قازانجبەخش بوو و ڕاوێژکارێکی بزنسی مۆدێرنیش دانی بەم ڕاستییەدا دەنا.

ئەمە گیروگازی کەپیتالیزمی بازاڕی ئازادە. ئەمە ناتووانێت زامنی ئەوە بکات کە قازانجەکان بەشێوازێکی عادیلانە بەدەست دێن، یان بە شێوازێکی عادیلانە دابەش دەکرێن. بە پێچەوانەوە، بێ ئۆقرەیی بۆ زیادکردنی قازانجەکان و بەرهەمهێنان خەڵکی بەرانبەر هەر شتێک کوێر دەکات کە دەشێ ڕێگەیان بگرێ. کاتێک گەشەسەندن دەبێتە چاکەی باڵا، بێ ئەوەی هیچ ئامرازێکی ئەخلاقی سنووربەندی بکات، بە ئاسانی سەردەکێشێت بۆ کارەسات. هەندێ لە ئایینەکان، وەکو مەسیحیەت و نازیزم، ملیۆنان کەسیان لە ڕقی بێ پایان کوشتووە. کەپیتالیزم ملیۆنان کەسی بەهۆی بێباکی ساردوسڕانە و چاوچنۆکی وشتووە. بازرگانیی کۆیلەی ئەتلانتیک لە کینەی نەژادپەرستی لەبەرانبەر ئەفریقییەکان

سەرچاوەی نەگرت. ئەو تاکەکەسانەی کە پشکەکانیان دەکڕی، ئەو مامەڵەچییانەی دەیانفرۆشتن، و بەڕێوەبەرانی کۆمپانیاکانی بازرگانیی کۆیلە بەدەگمەن بیریان لە ئەفریقییەکان دەکردەوە. نە خاوەن کێڵگەکانی شەکریش بیریان لێدەکردەوە. زۆرێک لە خاوەنەکان زۆر دوور لە کێڵگەکانیان دەژیان و تاکە زانیارییەک کە داوایان دەکرد تۆمارە ڕێکوپێکەکانی قازانج و زیان بوو.

گرنگە بیرمان بێت کە بازرگانی کۆیلەی ئەتلانتیک تاکە سەمەرەیەک نییە لەنێو ڕێکۆردەکاندا. قاتوقڕی گەورەی بەنگال، کە لە بەشی پێشوودا باسکرا، بەهەمان داینامیک دروستبوو- کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵات ی بریتانی زیاتر خەمی قازانجەکانی بوو نەک ژیانی ١٠ ملیۆن بەنگالی. هەڵمەتە سەربازییەکانی ڤی ئۆ سی لە ئیندۆنیزیا پارەکەی لەلایەن بورگورە هۆڵەندییە بەرجەستەکان دابین دەکرا کە منالەکانی خۆیان خۆش دەویست، پارەیان دەدایە خێرخوازی و خۆشییان لە مۆسیقا و هونەرە جوانەکان دەبینی، بەڵام باکیان بە ئێشی دانیشتووانی جاڤا، سوماترا و مالاکا نەبوو. چەندەها تاوان و بەدرەفتاریی تر لە پارچەکانی تری زەویدا شانبەشانی گەشەی ئابووری مۆدێرن دەڕۆیشتن.

سەدەی نۆزدە هیچ باشبوونێکی لە ئێتیکی کەپیتالیزم بەدواوە نەبوو. شۆڕشی پیشەسازی کە ئەوروپای گرتەوە بانقدار و خاوەن سەرمایەکانی دەوڵەمەند کرد، بەڵام ملیۆنان کرێکاری مەحکومکرد بە ژیانی هەژاریی لەرادەبەدەر. لە کۆڵۆنییە ئەوروپییەکاندا بارودۆخەکە تەنانەت خراپتر بوو. لە ١٨٧٦دا، پاشا لیۆپۆلدی دووەمی بەلجیکا ڕێکخراوێکی ناحکومیی مرۆیی بونیاد نا بە ئامانجی ڕاگەیەنراوی گەڕان لەناو ئەفریقای ناوەڕاست و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بازرگانیی کۆیلەدا بەدرێژایی ڕووباری کۆنگۆ.

ئەمیش بەرپرسیاربوو لە باشکردنی هەلومەرجی دانیشتووانی ناوچەکە لە رێگەی بونیادنانی رێگاوبان، قوتابخانە و نەخۆشخانە. لە ١٨٨٥دا، هێزەکانی ئەوروپا ڕازی بوون بەوەی کە ئەم رێکخراوە کۆنترۆڵی ٢,٣ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەی لە حەوزی کۆنگۆ بکەوێتە دەست. ئەم ڕووبەرە کە حەفتاوپێنج قاتی قەبارەی بەلجیکا بوو، لێرەوە بە دەوڵەتی ئازادی کۆنگۆ ناودێر کرا. کەس پرسیاری لە بۆچوونی دانیشتووانی ٢٠-٣٠ ملیۆنی سەر خاکەکە نەکرد.

لەماوەیەکی کورتدا، رێکخراوەکە بووە پڕۆژەیەکی بزنس کە ئامانجە سەرەکییەکەی گەشەپێدان و قازانج بوو. قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان بیرچوونەوە و لەبری ئەمە حەوزی کۆنگۆ پڕ بوو لە کان و کێڵگە کە بەزۆری لەلایەن کاربەدەستانی بەلجیکییەوە بەڕێوەدەبران کە دڵڕەقانە دانیشتووانی لۆکاڵیان دەخستەکار. پیشەسازیی لاستیک بەشێوەیەکی دیاریکراو بەدناو بوو. لاستیک بەخێرایی دەبووە بەرهەمێکی سەرەکی و هەناردەکردنی لاستیک سەرچاوەی هەرە گرنگی داهاتی کۆنگۆ بوو. دەبووایە دێهاتییەکانی ئەفریقا کە لاستیکیان خڕ دەکردەوە ڕێژەی باڵا و باڵاتر دابین بکەن. ئەوانەی کە نەیاندەتووانی ڕێژەکەی خۆیان دابین بکەن لەبەرانبەر (تەمبەڵی)یەکەیاندا دڵڕەقانە سزا دەدران. باسکەکانیان دەبڕدرایەوە و ناوبەناویش سەرانسەری گوندەکان کۆمەڵکوژ دەکران. بەپێی خەملاندنە مام ناوەندەکان، لەنێوان ١٨٨٥ و ١٩٠٨دا سۆراخکردنی گەشەپێدان و قازانجەکان بووە هۆی قوربانیی گیانی ٦ ملیۆن تاکەکەس (لانی کەم ٢٠%ی دانیشتووانی کۆنگۆ). هەندێ لە مەزندەکان دەگەنە ١٠ ملیۆن حاڵەتی مەرگ.

پاش سالی ١٩٠٨ و بەتایبەت پاش ١٩٤٥، چڵێسی کەپیتالیستی بەشێوەیەک لە شێوەکان جڵەو کرا، بەتایبەت لە ترسی کۆمەنیزم.

لەگەڵ ئەوەشدا، نایەکسانییەکان هێشتا بەربڵاون. کێکی ئابووریی ٢٠١٤ زۆر گەورەترە لە کێکی ١٥٠٠، بەڵام ئەوەندە نایەکسان دابەش دەکرێت کە زۆرێک لە جوتیارە ئەفریقییەکان و ئیشکەرانی ئیندۆنیزی پاش ڕۆژێکی سەختتر لە ئیشکردن و بە خواردنێکی کەمتر بە بەراورد بە پێشینانی بەری ٥٠٠ ساڵیان دەگەڕێنە ماڵەوە. هەروەکو شۆڕشی کشتوکاڵی، گەشەسەندنی ئابووریی مۆدێرنیش دەشێ ساختەیەکی گەورە دەرچێ. دەشێ توخمی مرۆڤ و ئابووریی جیهانی باش لەگەشەکردن بەردەوام بن، بەڵام لەوانەیە ژمارەیەکی زۆرتری تاکەکان لە برسێتی و نەبوونیدا بژین.

کەپیتالیزم دوو وەڵامی بۆ ئەو ڕەخنەیە هەیە. یەکەم، کەپیتالیزم جیهانێکی دروستکردووە کە جگە لە کەپیتالیستێک کەس ناتووانێت بەرێوەی ببات. تاکە هەوڵی جدی بۆ بەرێوەبردنی جیهان بەشێوەیەکی جیاواز- کۆمەنیزم- تەقریبەن لە هەموو ڕوویەکەوە ئەوەندە خراپتر بوو کە کەس ئازایەتی ئەوەی نەبوو هەوڵی بۆ بداتەوە. لە ساڵی ٨٥٠٠ی پێش زایین، مرۆڤ دەیتووانی فرمێسکی نیگەرانی لە سەرهەڵدانی شۆڕشی کشتوکاڵی بڕێژێت، بەڵام زۆر درەنگ بوو واز لە کشتوکاڵ بهێنرێت. بەهەمان شێوە، دەشێ ئێمە کەیفمان بە کەپیتالیزم نەیەت، بەڵام ناتووانین بەبێ کەپیتالیزم بژین.

وەڵامی دووەم ئەوەیە کە ئێمە تەنیا پێویستمان بە ئۆقرەگرتنی زیاترە- کەپیتالیستەکان بەڵێنی ئەوە دەدەن کە بەهەشت نزیک بووەتەوە. وایە، هەڵە کراون، وەکو بازرگانی کۆیلەی ئەتلانتیک و بەکاربردنی چینی کرێکاری ئەوروپی. بەڵام ئێمە عیبرەتی خۆمان وەرگرتووە و ئەگەر تەنیا کەمێک زیاتر چاوەڕێ بکەین و ڕێگە بدەین کێکە کەمێک گەورەتر ببێت، ئەوا هەمووان پارچەیەکی گەورەتریان بەر

دەکەوێت. دابەشکردنی بەروبوومەکان قەت یەکسان نابێت، بەڵام بایی ئەوەندە دەبێ کە هەموو پیاوێک، ژنێک و منداڵێک قەناعەتیان پێی بێت- تەنانەت لە کۆنگۆش.

لە ڕاستیدا هەندێ ئاماژەی پۆزەتیڤ هەن. لانی کەم کاتێک ئێمە پێوەری بێگەردی ماددی بەکار دێنین- وەکو تێکڕایی تەمەن، ڕێژەی مردنی منداڵ و ڕادەی وەرگرتنی کالۆری- ستانداردی ژیانی تێکڕای مرۆڤەکان لە ٢٠١٤دا بەشێوەیەکی بەرچاو زیاترە بە بەراورد بە ساڵی ١٩١٤، سەرباری گەشەی خێرای ژمارەی مرۆڤەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئایا کێکی ئابووری دەتووانێ بێ پایان گەشە بکات؟ هەموو کێکێک پێویستی بە کەرەستەی خاو و وزەیە. پەیامبەرانی قیامەت هۆشداری ئەوە دەدەن کە زوو یان درەنگ مرۆڤە هۆشمەندەکان کەرەبستەی خاو و وزەی گۆی زەوی خەلاس دەکەن. ئەی ئەو کاتە چی ڕووەدات؟.

١٧

ویلەکانی پیشەسازی

ئابووریی مۆدێرن لە سایەی متمانەمان بە ئایندە و ئارەزوومەندی کەپیتالیستەکان بۆ وەبەرهێنانەوەی قازانجەکانیان لە بەرهەمهێناندا، گەشە دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بەس نییە. گەشەسەندنی ئابووری بەهەمان شێوە پێویستی بە وزە و کەرەستەی خاو هەیە و ئەمانەش سنووردارن و دێنە بڕان. ئەگەر ئەمانە تەواو بن، سەرتاپای سیستەمەکە هەرەس دێنێت.

بەڵام بەڵگەی دابینکراو لەلایەن ڕابردووەوە ئەوەیە کە تەنیا لە تیۆرەدا سنووردارن. پێچەوانەی ئەوەی کە پێشبینی دەکرێ، لەکاتێکدا کە بەکارهێنانی مرۆڤ بۆ وزە و کەرەستەی خاو لەو چەند سەدەیەی پێشوودا پەیدا بووە، ئەو بڕانەی بەردەستن بۆ بەکارهێنان بە ڕاستی زیادیانکردووە. هەر کاتێک کەموکورتی هەریەکەیان هەڕەشەی کردبێتە سەر خاوبوونەوەی گەشەی ئابووری، وەبەرهێنانەکان ڕژاونەتە ناو توێژینەوەی زانستی و تەکنۆلۆژی. ئەمانە بەبێ جیاوازی نەک تەنیا شێوازگەلی کاراتری دەکارکردنی سەرچاوە هەبووەکان، بەڵکو بەهەمان شێوە جۆری نوێی وزە و کەرەستەکانیان بەرهەم هێناوە.

پیشەسازی ئامرازەکانی هاتوچۆ لەبەرچاو بگرە. بەدرێژایی ٣٠٠ ساڵ، مرۆڤ ملیاردەها ئامرازی هاتوچۆی بەرهەم هێناوە- هەر لە داشقەوە بگرە تا عەرەبانەی دەستی، شەمەنەفەرەکان، فڕۆکەی خێراتر لە دەنگ و کەشتی ئاسمانی. لەوانەیە یەکێک پێشبینی ئەوەی کردبێت کە ئەم تەقەلا پڕ تێچووونانە سەرچاوەکانی وزە و کەرەستەی خاوی بەردەست بۆ بەرهەمهێنانی ئامرازی هاتوچۆ وشک دەکەن و ئەمڕۆکە ئێمە خەریکی کڕاندنی بنکرەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا پێچەوانەکەی ڕاستە. لەکاتێکدا کە لە ساڵی ١٧٠٠دا پیشەسازیی جیهانیی ئامرازەکانی هاتوچۆ بە ڕادەیەکی سەرەکی پشت ئەستوور بووە بە تەختە و ئاسن، ئەمڕۆکە چەندەها کەرەستەی تازە دۆزراوەی لەبەردەستە، وەکو پلاستیک، لاستیک، ئالمنیۆم و تیتانیۆم، کە پێشینانمان هیچیان لەبارەی هیچ کامێکیانەوە نەزانیووە. لەکاتێکدا کە داشقەکانی ساڵی ١٧٠٠ بەشێوەیەکی سەرەکی بە هێزی مەچەک و بازووی دارتاشان و ئاسنگەران دروست دەکران، ئەمڕۆکە ئامێرەکان لە کارگەکانی تۆیۆتا و بۆینگ بە ماکینەکانی سوتانی ناوەکی و وێستگەکانی وزەی ناوکی هێزیان پێ دەدرێت. شۆڕشێکی هاوشێوە تەقریبەن هەموو بوارەکانی تری پیشەسازیی ڕامالیووە. ئێمە پێی دەڵێین شۆڕشی پیشەسازی.

بۆ ماوەی چەند هەزارەیەک پێش شۆڕشی پیشەسازی، مرۆڤەکان هەنوکە دەیانزانی چۆن جۆرەها سەرچاوەی وزە بەکاربێنن. ئەوان تەختەیان دەسوتاند بۆئەوەی ئاسن بتوێننەوە، ماڵەکان گەرم بکەن و کێک دروست بکەن. کەشتییەکان هێزی بایان جڵەو دەکرد بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕێکخراو بجوڵێنەوە و ئاشەکان ڕێژگەی ڕووبارەکانیان کۆنترۆڵ دەکرد بۆئەوەی دانەوێڵە بهارن. لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەمانە سنوور و کێشەی ڕوونیان هەبوون. درەختەکان لە هەموو شوێنێک

نەبوون، با هەمیشە هەڵینەدەکرد کاتێک پێویستت پێی بووایە و هێزی ئاو تەنیا ئەو کاتە بەکەڵک بوو کە لە نزیک ڕووبارێک بژیایتایە.

تەنانەت کێشەیەکی گەورەتر ئەوە بوو کە خەڵکی نەیاندەزانی چۆن جۆرێک وزە بگۆڕن بۆ جۆرێکی تری. ئەوان دەیانتووانی جوڵەی با و ئاو کۆنترۆڵ بکەن بۆ جوڵاندنی کەشتییەکان و پاڵنانی بەردی ئاشەکان، بەڵام نەک بۆ گەرمکردنی ئاو یان تواندنەوەی ئاسن. بەپێچەوانەوە، ئەوان نەیانتووانی بە سوتاندنی تەختە وزەی گەرمی بەرهەم بێنن بۆئەوەی بەردی ئاشی پێ بجوڵێنن. مرۆڤەکان تەنیا یەک ماشێنیان هەبوو کە دەیتووانی ئەو فێڵانەی گۆڕینی وزە جێبەجێ بکات: جەستە.

لە پرۆسەی سروشتی کارلێکی وزەدا، جەستەی مرۆڤەکان و گیانەوەرانی تر ئەو سوتەمەنییە ئۆرگانییە دەسوتێنن کە بە خۆراک ناو دەبرێت و وزەی دەرچوو دەگۆڕێت بۆ جوڵەی ماسولکەکان. پیاوان، ژنان و چوارپێیەکان دەتووانن دانەوێڵە و گۆشت بخۆن، کاربۆهایدرات و چەوریيەکانیان بسوتێنن و وزەکە بەکاربێنن بۆ ڕاکێشانی عەرەبانە یان گاسن.

لەبەرئەوەی جەستەی مرۆڤ و گیانەوەران تاکە ئامێری گۆڕینی وزە بووە کە لەبەردەستان بێت، هێزی ماسولکە کلیلی تەقریبەن هەموو چالاکییە مرۆییەکان بووە. ماسولکەی مرۆڤ عەرەبانە و خانووەکانی بونیاد نا، ماسولکەی گا کێڵگەکانی کێڵا و ماسولکەی ئەسپ شتومەکی گواستەوە. ئەو وزەیەی ئەم ماکینە ماسولکەییە ئۆرگانییانەی دەخستە جوڵە سەرەنجام لە تاکە سەرچاوەیەکەوە دەهات- ڕووەکەکان. ڕووەکەکان لەلایەن خۆیانەوە وزەیان لە خۆر وەردەگرت. بە پرۆسەی (فۆتۆ سینتەسیس)، وزەی خۆریان دەگرت و لە پێکهاتەی ئۆرگانیدا کۆیان دەکردەوە. تەقریبەن هەموو ئەو شتەی خەڵکی بەدرێژایی میژوو

دەیکرد، ئەو وزەیەی خۆر سوتەمەنییەکەی دابین دەکرد کە ڕووەکەکان دەیانگرت و دەیانگۆڕی بۆ هێزی ماسولکە.

مێژووی مرۆڤ سەرەنجام لەژێر باری دوو سوپری سەرەکیدا بووە: سوپرەکانی گەشەی ڕووەکەکان و سوپرە گۆڕاوەکانی وزەی خۆر (ڕۆژ و شەو، هاوین و زستان). کاتێک خۆرەتاو دەگمەن بوو و کاتێک کێڵگەکانی گەنم هێشتا سەوز بوون، مرۆڤەکان وزەیەکی کەمیان هەبوو. کۆگاکانی دانەوێڵە بەتاڵ بوون، باج کۆکەرەوەکان تەمەڵ بوون، سەربازەکان بەلایانەوە قورس بوو بجوڵێن و بجەنگن و پاشاکان ئاشتییان بەرقەرار دەکرد. کاتێک خۆر پرشنگەکانی دەدرەوشانەوە و گەنم پێدەگەیشت، جوتیارەکان دروێنەیان دەکرد و کۆگاکانیان پڕ دەکرد. باج کۆکەرەوەکان بەپەلە دەچوون بەشی خۆیان وەرگرن. سەربازەکان ماسولکەکانیان هەڵدەستاند و شمشێرەکانیان تیژ دەکرد. پاشاکان کۆبوونەوەیان دەبەست و پلانی هەڵمەتەکانی دواتریان دادەڕشت. هەمووان سوتەمەنی وزەی خۆریان وەردەگرت- کە لە گەنم، برنج و پەتاتەدا دەگیرا و کۆ دەبووەوە.

رازی ناو مەتبەخ

بەدرێژایی ئەم هەزارە درێژانە، ڕۆژ بە ڕۆژ، خەڵکی ڕووبەڕووی گرنگترین داهێنان دەبووەوە لە مێژووی بەرهەمهێنانی وزەدا- و تێبینی نەدەکرد. هەر جارێک کە کابانێکی ماڵ یان کارەکەرێک کتریییەکی دادەنا بۆ کوڵاندنی ئاو بۆ چایی یان مەنجەڵێکی پڕ لە پەتاتەی لەسەر زۆپا دادەنا، ئەم داهێنانە سەرنجی دەدایە چاوەکانیان. ئەو ساتەی ئاوەکە دەکوڵا، سەری کتریییە یان مەنجەڵەکە دەردەپەڕی. گەرما دەگۆڕا بۆ جوڵە. بەڵام بازدانی سەرە مەنجەڵەکان مایەی هەراسانی بوون، بەتایبەت

ئەگەر تۆ مەنجەڵی سەر زۆپاکەت بیر بچووایەتەوە و ئاوەکە لەرادەبەدەر بکوڵایە. کەس توانای ڕاستەقینەیانی بەدی نەدەکرد.

هەنگاونانێکی ڕێژەیی لە گۆڕینی گەرما بۆ جوڵە لە سەدەی نۆیەمی چیندا دوابەدوای داهێنانی باروتی چەک هات. سەرەتا بیرۆکەی بەکارهێنانی باروتی چەک بۆ هاویشتنی گوللە پێچەوانەی پێشبینییەکان بوو، چونکە بۆ ماوەی چەند سەدەیەک باروتی چەک بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی بۆمبی ئاگرین بەکار دەهات. بەڵام دواجار- لەوانەیە پاش ئەوەی شارەزایەکی بۆمب باروتی هاڕیبێتە ناو ئاونگێک و دەسکەکە بە تۆندی دەڕپەڕیبێت- چەکەکان پەیدا بوون. لەنێوان داهێنانی باروتی چەک و پەیدابوونی تۆپخانەی کاریگەر، نزیکەی ٦٠٠ ساڵ تێپەڕی.

تەنانەت ئەو کاتەش، بیرۆکەی گۆڕینی گەرما بۆ جوڵە هێشتا ئەوەندە پێچەوانەی پێشبینییەکان بوو کە سێ سەدەی تر ڕابوورد پێش ئەوەی خەڵکی ماکینەیەکی تر دابهێنن کە گەرمای بەکاردەهێنا بۆ جوڵاندنی شتەکان. تەکنۆلۆژیا نوێکە لە کانە خەڵوزەکانی بریتانیا هاتە دنیاوە. لەکاتێکدا کە دانیشتووانی بریتانی زۆر بوون، دارستانەکان بڕدرانەوە بۆ دابینکردنی سوتەمەنی ئابووریی ڕوولەگەشەکە و ڕێخۆشکردن بۆ خانوو و کێڵگەکان. بریتانیا بەدەست کێماسیی زیادبووی داری ئاگرەوە دەینالاند. وەکو جێگرەوەیەک دەستیکرد بە سوتاندنی خەڵوز. زۆر تونێڵی خەڵوز لە ناوچە ئاوداوەستاوەکان دەستنیشان کران و لافاو ڕێگر بوو لەوەی کرێکارەکانی کان دەستیان بگاتە چینەکانی بنەوەی کانەکان. ئەمە کێشەیەک بوو سۆراخی چارەسەری دەکرد. دەوروبەری ساڵی ١٧٠٠، ژاوەژاوێکی سەیر لە دەوروبەری کونە کانەکانی بریتانیا دەنگی دەدایەوە. ئەو ژاوەژاوە-

ئاماژەی هاتنی شۆڕشی پیشەسازی- سەرەتا تەمومژاوی بوو، بەڵام لەگەڵ تێپەڕینی هەر دەیەیەکدا بەرز و بەرزتر دەبووەوە تا ئەوەی کە سەرانسەری جیهانی لەشێوەی ئاوێتەیەکی دەنگیی گوێ کەڕکەردا گرتەوە. ئەمە لە ماکینەیەکی هەڵمییەوە دەردەچوو.

زۆر جۆری ماکینەی هەڵمی هەن، بەڵام هەموویان لە پرەنسیپێکدا هاوبەشن. تۆ جۆرێکی سوتەمەنیی وەکو خەڵوز دەسوتێنیت و گەرمای دەرەنجام بەکار دێنیت بۆ کوڵاندنی ئاو کە هەڵمی لێ بەرهەم دێت. لەکاتێکدا کە هەڵمەکە فراوان دەبێت، پاڵ بە پستنێکەوە دەنێت. پستنەکە دەجوڵێت و هەر شتێک کە بەسترابێتەوە بە پستنەکە، لەگەڵیدا دەجوڵێت. تۆ گەرمات گۆڕیووە بۆ جوڵە! لە کانە خەڵوزەکانی سەدەی هەژدەی بریتانیادا، پستنەکە بەسترابووەوە بە پەمپێک کە ئاوی لە بنی کونی کانەکانەوە ڕادەکێشا. ماکینەکانی زوو بێ ڕادە ناکارا بوون. تۆ پێویستت بە سوتاندنی بارێکی گەورەی خەڵوز هەبوو بۆئەوەی تەنانەت بڕێکی کەمی ئاو ڕاکێشیت. بەڵام لە کانەکاندا خەڵوز زۆر و بەردەست بوو، بۆیە کەس گوێی نەدەدایە.

لە دەیەکانی دواتردا، کاروەگەڕخەرانی بریتانی کارایی ماکینەکانی هەڵمیان چاک کرد، لە کونی کانەکان هێنایانن دەرەوە و بەستیانەوە بە ئامێرەکانی چنین. ئەم بەرهەمهێنانە شۆڕشگێڕانەیەی چنین، زەمینەی خۆش کرد بۆ بەرهەمهێنانی بڕی گەورەی چنراوی هەرزان. لە چاوتروکانێکدا، بریتانیا بووە شوێنکاری جیهان. بەڵام تەنانەت لەوەش گرنگتر، دەرهێنانی ماکینەی هەڵمی لە کانەکان کۆسپێکی سایکۆلۆژیی گرنگی شکاند. ئەگەر تۆ بتتوانیایە خەڵوز بسوتێنیت بۆئەوەی ئامێرەکانی چنین بجوڵێنیت، بۆچی هەمان شێواز بەکار نەهێنیت بۆ جوڵاندنی شتەکانی تر، وەکو ئامێرەکانی گواستنەوە؟.

لە ساڵی ١٨٢٥دا، ئەندازیارێکی بریتانی ماکینەیەکی هەڵمی بەستەوە بە شەمەنەفەرێکی عەرەبانەی پێکەوەبەستراو کە پڕ بوون لە خەڵوزەکانی کان. ماکینەکە عەرەبانەکانی بەدرێژایی بیست کیلۆمەتر لە کانەکەوە بەرەو نزیکترین وێستگە بە سکەیەکی ئاسنیندا ڕاکێشا. ئەمە یەکەمین ماکینەی شەمەنەفەری ئیشکردوو بوو بە وزەی هەڵمی لەمێژوودا. ئاشکرایە کە، ئەگەر هەڵم بتووانێت بەکار بهێنرێت بۆ گواستنەوەی خەڵوز، بۆچی بۆ کاڵای تریش بەکار نەهێنرێت؟ ئەی بۆچی بۆ گواستنەوەی خەڵک بەکار نەهێنرێت؟ لە ١٥ی ئەیلوڵی ١٨٣٠دا، یەکەمین هێڵی سکەی شەمەنەفەری بازرگانی کرایەوە، کە لیڤەرپوڵی بەستەوە بە مانچێستەرەوە. شەمەنەفەرەکان لەژێر هەمان هێزی هەڵم جوڵان کە پێشتر ئاوی پەمپ دەدا و ئامێرەکانی چنینی دەجوڵاند. تەنیا بیست ساڵ دواتر، بریتانیا دەیان هەزار کیلۆمەتری هێڵی ئاسنی هەبوو.

لێرە بەدوا، خەڵکی فرچکیان بەو بیرۆکەیەوە گرت کە ماکینەکان و ئامێرەکان دەکرێ بۆ گۆڕینی جۆرێکی وزە بۆ جۆرێکی تر بەکار بهێنرێن. دەکرێ هەر جۆرێکی وزە، لە هەر شوێنێکی جیهاندا، جڵەو بکرێت بۆ هەر پێویستییەک کە ئێمە هەمانبێت، ئەگەر ئێمە بتووانین ئامێرە گونجاوەکە دابهێنین. بۆ نموونە، کاتێک فیزیاناسەکان درکیان بەوە کرد کە برێکی گەورەی وزە لەناو ئەتۆمەکاندا کۆ بووەتەوە، دەستبەجێ دەستیانکرد بە بیرکردنەوە لەبارەی ئەمەی کە چۆن ئەم وزەیە بەرەڵا بکرێت و بەکاربێت بۆ دروستکردنی کارەبا، ژێردەریاییە وزەییەکان و وێرانکردنی شارەکان. لەنێوان ئەو ساتەی کە کیمیاگەرە چینییەکان باروتی چەکیان دۆزییەوە و تۆپی تورکی دیوارەکانی قوستەنتینییەی هەڵتەکاند، شەش سەد ساڵ تێپەڕیبوو. لەنێوان ئەو ساتەی کە ئەنیشتاین سوور بوو لەسەر ئەوەی هەر جۆرە بارستەیەک

دەکرێ بگۆڕدرێ بۆ وزە و ئەو ساتەی کە بۆمبە ئەتۆمەکان هیرۆشیما و ناگاساکییان بۆردومان کرد و وێستگەکانی وزەی ناوکی بە سەرانسەری جیهاندا هەڵتۆقین، تەنیا چل ساڵ تێپەڕیبوو.

دۆزینەوەیەکی تری گرنگ بریتی بوو لە ماکینەی سوتاندنی ناوەکی کە شتێک زیاتر لە نەوەیەکی پێچوو تا بواری گواستنەوەی مرۆڤ وەرچەرخێنێت و پەترۆل بگۆڕێت بۆ هێزی سیاسی شل. هەزار ساڵ دەبوو پەترۆل ناسرابوو و بۆ داپۆشینی سەربانەکان لەبەرانبەر ئاو و بۆ چەورکردنی تەور بەکار دەهێنرا. لەگەڵ ئەوەشدا، تاوەکو سەدەیەک لەمەوبەر، کەس بیری بۆ ئەوە نەدەچوو کە ئەمە بۆ زۆر لەوە زیاتر سوودبەخش بێت. بیرۆکەی ڕشتنی خوێن لەپێناو نەوتدا نامەعقول دیار بوو. ڕێی تێدەچوو لەپێناو زەوی، ئاڵتون، بیبەر یان کۆیلە بجەنگیت، بەڵام نەک نەوت.

ژیانی کارەبا هێشتا لە سەرەتاکاندا بوو. دوو سەدە لەمەوبەر کارەبا هیچ ڕۆڵێکی لە ئابووریدا نەبوو و ئەوپەڕی بۆ تاقیکردنەوە زانستییە مەودا بەرتەسکەکان و فێڵە جادوویییە پوچەکان بەکار دەهات. زنجیرەیەک داهێنان لە گڵۆپێکدا گۆڕییان بۆ قۆری جادوویی گەردونیمان. ئێمە پەنجەکانمان دەجوڵێنین و چەند کتێبێک چاپ دەکات و قوماش دەدوورێت، سەوزەکانمان بە تازەیی و ئایسکرێمەکەمان بە بەستوویی دەهێڵێتەوە، چێشتمان لێدەنێت و تاوانبارەکانمان لەسێدارە دەدات، بیرۆکەکانمان تۆمار دەکات و خەندەکانمان دەکاتە وێنە، شەوەکانمان ڕووناک دەکاتەوە و بە چەندەها بەرنامەی تەلەڤزیۆنی سەرمان گەرم دەکات. ژمارەیەکی کەم لە ئێمە لەوە تێدەگات کە چۆن کارەبا هەموو ئەم شتانە ئەنجام دەدات، بەڵام تەنانەت ژمارەیەکی کەمیشمان بەبێ کارەبا وێنای ژیان دەکات.

ئۆقیانووسێك له وزه

له جەوهەردا، شۆڕشی پیشەسازی شۆڕشێک بووە له وەرگۆڕینی وزەدا. دووبارە و سێبارە پیشانی داوە کە وزەی بەردەستمان سنووری نییە. یان، وردتر بڵێین، تاکە سنوور بەهۆی نەزانیمانەوە دادەنرێ. هەموو چەند دەیە جارێک ئێمە سەرچاوەیەکی نوێی وزە دەدۆزینەوە، بۆیە کۆی بڕی وزەی بەردەستمان هەر زیاد دەکات.

بۆچی خەڵکێکی زۆر لەوە دەترسن وزەکانمان لێ ببڕێت؟ بۆچی لەبارەی کارەسات هۆشداری دەدەن گەر بێتوو ئێمە هەموو وزەی ژێر زەوی سەرف بکەین؟ ئاشکرایە کە جیهان لە وزەی کەم نییە. هەموو ئەوەی لێمان کەمە زانینی پێویستە بۆ جڵەوکردن و گۆڕینی لەپێناو پێداویستییەکانماندا. بڕی وزەی کۆکراوە لە هەموو سوتەمەنی ژێر زەویدا هیچ نییە بە بەراورد ئەو بڕەی کە خۆر ڕۆژانە بڵاوی دەکاتەوە، بە بەلاشیش. تەنیا بەشێکی بچکۆلەی ئەو وزەیەی خۆر کە دەگاتە ئێمە، یەکسانە بە ٢،٧٦٦،٨٠٠ ئێکساجۆل ی وزە لە هەر ساڵێکدا (جۆل یەکەیەکی وزەیە بە سیستەمی مەتری، نزیکەی ئەو بڕەیە کە تۆ بەکاریدێنێت لە هەڵگرتنی سێوێکی بچوک مەترێک بەرەو پێشەوە، یەک ئێکساجۆل ملیاردەها ملیارد جۆلە- واتە بڕێکی زۆر سێو). هەموو ڕووەکەکانی جیهان تەنیا نزیکەی ٣٠٠٠ لەو ئێکساجۆلە هەتاویانە لە پرۆسەی (فۆتۆسینتەسیس)دا دەگرن. هەموو چالاکییە مرۆییەکان و پیشەسازییەکان پێکەوە ساڵانە نزیکەی ٥٠٠ ئێکساجۆل بەکاردێنن، کە هاوتایە لەگەڵ بڕی ئەو وزەیەی زەوی لەماوەی نەوەد خولەکدا لە خۆر وەریدەگرێت. ئەمەش تەنیا .وزەی خۆرە. سەرباری ئەمەش، ئێمە بە سەرچاوەی گەورەی تری وزە دەورە دراوین، وەکو وزەی ناوکی و وزەی

کێشکردن، ئەوەی دووەمیان لە هێزی هەڵبەز و دابەزی ئۆقیانووسەکاندا بەهۆی هێزی ڕاکێشانی مانگ لەسەر زەوی دەردەکەوێ.

پێش شۆڕشی پیشەسازی، بازاڕی وزەی مرۆڤ تەقریبەن بەتەواوی بەند بوو بە ڕووەکەکان، خەڵکی شانبەشانی کۆگایەکی وزەی سەوز دەژیا کە سالانە ٣٠٠٠ ئێکساجۆلی هەڵدەگرت و هەوڵیان دەدا ئەوەندەی دەکرێ وزەیەکی زیاتری لێ بێننە دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا سنوورێکی ڕوون هەبوو لەمەڕ ئەوەی کە دەشێ چەنێکی لێ بهێننە دەرەوە. لەماوەی شۆڕشی پیشەسازیدا، ئێمە درکمان بەوە کرد کە بە ڕاستی لە تەک ئۆقیانوسێکی گەورەی وزە دەژین، ئۆقیانوسێک کە ملیاردەها ملیارد ئێکساجۆلی وزەی لەبارداید. هەموو ئەوەی پێویستمانە بیکەین، داهێنانی پەمپی باشترە.

***

فێربوونی ئەمەی کە چۆن وزە جڵەو بکرێت و بگۆڕدرێت بەشێوەیەکی کاریگەر ئەو کێشەیەی تری چارە کرد کە گەشەسەندنی ئابووری خاو دەکردەوە- دەگمەنیی کەرەستە خاوەکان. لەکاتێکدا کە مرۆڤەکان زانیان چۆن بڕی گەورەی وزەی هەرزان جڵەو بکەن، توانیان دەستبکەن بە دەکارکردنی چینە دەست پێنەگەیشتووەکانی کەرەستە خاوەکان (بۆ نموونە، کۆڵینکاری بۆ ئاسن لە چۆڵەوانییەکانی سیبریا) یان گواستنەوەی کەرەستەی خاو لە شوێنە دوورەدەستەکانەوە (بۆ نموونە، دابینکردنی خوری بۆ ئاشی چنینی بریتانیا). لەهەمان کاتدا، هەنگاونانە زانستییەکان توانایان بە مرۆڤایەتی دا تا کەرەستەی خاوی تەواو نوێ دابهێنن، وەکو پلاستیک، و کەرەستەی سروشتیی پێشتر نەزانراو بدۆزنەوە، وەکو سلیکۆن و ئالمنیۆم.

کیمیاناسەکان تەنیا لە ١٨٢٠کاندا ئالەمنیۆمیان دۆزییەوە، بەڵام جیاکردنەوەی کانزاکە لە پێکهاتەکەی بێ ڕادە قورس و پڕ تێچوون بوو. بۆ ماوەی چەند دەیەیەک، ئالەمنیۆم زۆر لە ئاڵتون گرانتر بوو. لە ١٨٦٠ەکاندا، ئیمپراتۆر ناپلیۆنی سێیەمی فەرەنسا فەرمانیدا چەقۆ و چەتاڵی ئالەمنیۆم بۆ زەنگینترین میوانەکانی دابنرێت. میوانە کەمتر گرنگەکان دەبووایە چەقۆ و چەتاڵی ئاڵتون بەکار بێنن. بەڵام لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا، کیمیاناسەکان ڕێگایەکیان دۆزییەوە بۆ دەرکێشانی بڕی گەورەی ئالەمنیۆمی هەرزان و بەرهەمهێنانی جیهانیی هەنوکەیی دەگاتە ٣٠ ملیۆن تەن لە ساڵێکدا. لەوانەیە ناپلیۆنی سێیەم سەری بسوڕمایە لەوەی کە نەوەکانی ڕەعیەکانی، سیمی ئالەمنیۆمی هەرزانی سەفەری بەکار دێنن بۆ وەرپێچانی لەفەکانیان و پاشماوەکانیان فڕێ دەدەن.

دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر، کاتێک خەڵکی لە حەوزی مێدیتەرانە تووشی وشک هەڵاتنی پێست هاتن، دەستەکانیان بە ڕۆنی زەیتون چەور دەکرد. ئەمڕۆکە، ئەوان تیوبێکی کرێمی دەست هەڵدەپچڕن. ئەمەی خوارەوە لیستێکی پێکهاتەکانی کرێمێکی دەستیی مۆدێرنە کە من لە فرۆشگایەکی نزیک خۆم کڕیوومە:

ئاوی لە ئایۆن داماڵراو، ترشی سیتریک، گلسرین، کاپریسیتیگلیسێراید، پرۆپیلین گلیکۆل، ئایزۆپرۆپیل میریستەیت، دەرکێشراوی ڕەگی پاناکس جینسینگ، بۆن، سێتیل ئەلکحول، تریسانۆلامین، دیمێتیکۆن، ئارکتۆستافیلۆس ئوڤا-ئوروس، مەگنیسیۆم ئاسکۆربیل فۆسفات، ئیمیدازۆلیدینیل یوریا، هیدرۆکسیل-سیترۆنێلاڵ، لینالوول، بەتلیفێنیل مێسیلپرۆپۆلۆنال، سیترۆنێلۆل، لیمۆنین، جێرانیۆل.

تەقریبەن هەموو ئەم پێکهاتانە لە دوو سەدەی دواییدا داهێنراون یان دۆزراونەتەوە.

لەماوەی یەکەم جەنگی جیهانیدا، ئەڵمانیا کەوتە ژێر گەمارۆ و بەدەست کەموکورتی سەختی کەرەستە خاوەکانەوە نالاندی، بەتایبەت سۆلتپیتەر، کە پێکهاتەیەکی جەوهەرییە لە باروتی چەک و تەقەمەنییەکانی تردا. گرنگترین چینەکانی سۆلتپیتەر لە چیلی و هیندستان هەبوون، لە ئەڵمانیا بەهیچ شێوەیەک نەبوو. ڕاستە، دەکرا ئامۆنیا شوێنی سۆلتپیتەر بگرێتەوە، بەڵام ئەمەش بەرهەمهێنانی پرتێچوون بوو. لە بەختی ئەڵمانیا، یەکێک لە هاوڵاتییەکانی، کیمیاناسێکی جولەکە بەناوی (فریتز هابەر)، لە ساڵی ١٩٠٨دا پرۆسەیەکی دۆزیبووەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئامۆنیا، ئەمەش تەنیاوتەنیا لە هەوا. کاتێک جەنگ هەڵگیرسا، ئەڵمانییەکان دۆزینەوەکەی هابەر-یان بەکارهێنا بۆ دەستپێکردنی بەرهەمهێنانی پیشەسازییانەی تەقەمەنی بە بەکارهێنانی هەوا وەکو کەرەستەی خاو. هەندێ لە لێکۆڵەران باوەڕیان وایە کە ئەگەر دۆزینەوەکەی هابەر نەبووایە ئەوا ئەڵمانیا زۆر لە پێش تشرینی دووەمی ١٩١٨دا تەسلیم دەبوو. دۆزینەوەکە بووە هۆی ئەوەی کە هابەر (کە لەماوەی جەنگیشدا بەهەمان شێوە پێشەنگ بوو لە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە شەڕدا) لە ساڵی ١٩١٨دا خەڵاتی نۆبڵ بەدەست بێنێت. بەڵام لە کیمیادا نەک لە ئاشتیدا.

ژیان لەسەر قایشی گوێزەرەوە

شۆڕشی پیشەسازی ئاوێتەیەکی بێ پێشینەی وزەی هەرزان و زۆروزەبەند و کەرەستەی خاوی هەرزان و زۆروزبەندی لێکەوتەوە. ئەنجامەکە بریتی بوو لە تەقینەوەی توانای بەرهەمهێنانی مرۆڤ. تەقینەوەکە سەرەتا و بەشێوەیەکی سەرەکی لە کشتوکاڵدا هەستی پێکرا. زۆرجار، کاتێک ئێمە بیر لە شۆڕشی پیشەسازی دەکەینەوە،

بیرمان بۆ دیمەنێکی شاریی پڕ لە دوکەڵکێش یان بارودۆخی نالەباری هەڵکەنەرانی کانی خەڵوز کە ئارەقیان لەبەر دەچۆڕێت، دەچێت. لەگەڵ ئەوەشدا، شۆڕشی پیشەسازی پێش هەموو شتێک دووەم شۆڕشی کشتوکاڵی بوو.

لەماوەی ٢٠٠ ساڵی ڕابردوودا، میتۆدەکانی بەرهەمهێنانی پیشەسازیی بوونە بناغەی کشتوکاڵ. ماکینەکانی وەکو تراکتۆر دەستیانکرد بە خستنەگەڕی ئەو کارانەی کە لە پێشوودا بە هێزی ماسولکە ئەنجام دەدرا، یان بەهیچ شێوەیەک ئەنجام نەدەدران. کێڵگەکان و ئاژەڵان بەشێوەیەکی سەرەکی لەسایەی پەینە دەستکردەکان، مێشکوژە پیشەسازییەکان و تەواوی ئامرازەکانی هۆرمۆن و دەرمانەکان بوونە بەرهەمهێنەرتر. سەلاجەکان، کەشتییەکان و فڕۆکەکان پاشەکەوتکردن و بەرهەمهێنان و گواستنەوەیان بەشێوەیەکی خێرا و هەرزان بۆ لایەکەی تری جیهان لە ماوەی چەند مانگێکدا ئاسان کرد. ئەوروپییەکان دەستیانکرد بە خواردنی گۆشت گای فرێشی ئەرجەنتینی و سوشی ژاپۆنی.

تەنانەت ڕووەکەکان و گیانەوەران بە میکانیکی کران. لە دەوروبەری ئەو سەروەختەی کە ئێمە لەلایەن ئایینە هیومانیستییەکانەوە گەیەنراینە پێگەی خوداوەند، ئاژەڵانی کێڵگە چیتر وەکو ئەو بوونەوەرە زیندووانە نەبینران کە دەشێ هەست بە ئێش و نیگەرانی بکەن، لەبری ئەوە وەکو ئامێر ڕەفتاریان لەگەڵدا کرا. ئەمڕۆکە زۆرجار ئەم گیانەوەرانە لە دامەزراوە شێوە کارگەکاندا بەکۆمەڵ بەرهەم دەهێنرێن، جەستەیان بەگوێرەی پێداویستییە پیشەسازییەکان شێوەی پێ دەدرێت. ئەمانە تەواوی ژیانیان وەکو پێکهاتەیەکی هێڵێکی بەرهەمهێنانی زەبەلاح بەڕێ دەکەن و تەمەن و چۆنایەتی ژیانیان بە قازانج و زیانەکانی کۆمپانیاکانی

بزنس دیاری دەکرێت. تەنانەت ئەو کاتەش کە پیشەسازی چاودێریان دەکات تا زیندوو، بەشێوەیەکی مەعقول تەندروست و تێر بمێننەوە، بایەخێکی سروشتی بە پێداویستییە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ئاژەڵەکان نادات (جگە لەو حاڵەتەی کە کاتێک ئەمانە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان لەسەر بەرهەمهێنان هەیە).

بۆ نموونە، مریشکە هێلکەکەرەکان جیهانێکی ئاڵۆزی پاڵنەر و پێداویستییە ڕەفتارییەکانیان هەیە. ئەوان هەست بە پاڵنەری بەهێز دەکەن بۆ گەڕان بەناو ژینگەکەیان، سۆراخکردن و دەنوک کوتان، دیاریکردنی هەڕەمی کۆمەڵایەتی، بونیادنانی هێلانە و پاککردنەوەی خۆیان. بەڵام پیشەسازیی هێلکە زۆرجار مریشکەکان لەناو کوختە بچوکەکاندا بەند دەکات و ناباو نییە لەلای کە چوار مریشک بئاخنێتە ناو قەفەسێکەوە، هەریەکەیان پانتاییەکی نزیکەی بیست و پێنج بە بیست و دوو سانتیمەتریان پێبدات. مریشکەکان بایی پێویست خواردن وەردەگرن، بەڵام ناتووانن داوای شوێن بکەن، هێلانەیەک چێ بکەن یان بپرژێنە سەر چالاکی سروشتیی تر. لە ڕاستیدا، قەفەسەکە ئەوەندە بچوکە کە مریشکەکان زۆرجار ناتووانن تەنانەت باڵەکانیان لێک بکەنەوە یان تەواو بە قیتی ڕابوەستن.

بەرازەکان لە ڕیزی هۆشمەندترین و بزێوترین شیردەرەکاندان، لەوانەیە لەدوای ئەیپەکان لە پلەی دووەمدا بن. لەگەڵ ئەوەشدا، کێڵگە بەپیشەسازیبووەکانی بەراز بەشێوەیەکی ڕۆتینی مالۆسە سکپڕەکان دەخەنە ناو قەفەسی وەها بچوکەوە کە بەمانای وشە ناتووانن بسوڕێن (چ جای ئەوەی کە بجوڵێن یان بگەڕێن). مالۆسەکان شەو و ڕۆژ بۆ ماوەی چوار هەفتەی پاش زان هەر لەم قەفەسانەدا دەهێڵرێنەوە. ئینجا

فەرخەکان دوور دەخرێنەوە بۆئەوەی قەڵەو بکرێن و مااڵوسەکان بە لیترێک فەرخەیتر سکیان پڕ دەکرێتەوە.

زۆرێک لە مانگاکانی شیر تەقریبەن هەموو ساڵانی تەرخانکراویان لەناو شوێنێکی داخراودا دەژین: لەناو میز و پیسایی خۆیاندا ڕادەوەستن، دادەنیشن و دەنوون. ئەوان بڕی خواردن، هۆرمۆن و دەرمانی خۆیان لە ڕستێک ئامێر وەردەگرن و هەموو چەند سەعات جارێک بەهۆی ڕستێک ئامێری تردوە دەدۆشرێن. مانگاکەی ناوەڕاست هەر وەک دەمێک کە کەرەستەی خاو وەردەگرێت و گوانێک کە کاڵایەک بەرهەم دێنێت، ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بوونەوەرە زیندووانەی کە جیهانی هەستیی ئاڵۆزیان هەیە بەشێوەیەک وەک بڵێی ماکینەن دەشێ نەک تەنیا نائاسودەیی فیزیکییان لا دروست بکات، بەڵکو بەهەمان شێوە تووشی ستریسی کۆمەاڵیەتی و نیگەرانی دەروونییان دەکات.

هەروەکو چۆن بازرگانیی کۆیلەی ئەتلانتیک لە کینەی بەرانبەر ئەفریقاییەکان سەرچاوەی نەگرت، بەهەمان شێوە پیشەسازیی مۆدێرنی ئاژەڵیش بەهۆی کینەوە نەکەوتە جوڵە. جارێکی تر، بێباکی ئەمەی خستە جوڵە. زۆربەی ئەو خەڵکەی هێلکە، شیر و گۆشت بەرهەم دەهێنن و دەخۆن، بە دەگمەن لەبارەی چارەنووسی ئەو مریشک، مانگا و بەرازانە بیر دەکەنەوە کە گۆشت و دەردراوەکانیان دەخۆن. ئەوانەی کە بیریش دەکەنەوە، زۆرجار بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە ئەم ئاژەاڵنە لە ڕاستیدا جیاوازییەکی وەهایان نییە لە ماکینەکان، بەتاڵن لە هەستەکان، ناتووانن ئازار بچەژن. شتێکی دژیەکە کە هەر ئەو ڕشتە زانستییانەی کە دەبنە هۆی پەیدابوونی ماکینەکانی شیر و هێلکە بەم دواییە گومانی ئەوەیان خستەڕوو کە شیردەرە و باڵندەکان پێکهاتەیەکی هەستیی

ئاڵۆزیان هەیە. ئەوان نەک تەنیا هەست بە ئازاری جەستەیی ئەکەن، بەڵکو دەشێ تووشی نیگەرانیی هەستیش ببن.

سایکۆلۆژیای پەرەگرتن جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێداویستییە هەستی و کۆمەڵایەتییەکانی ئاژەڵی کێڵگە لە دەشت و کێودا پەرەی گرتووە، کاتێک ئەم پێداویستییانە جەوهەری بوون بۆ زیندوومانەوە و وەچە خستنەوە. بۆ نموونە، بۆئەوەی مانگایەکی کێوی فێری شارەزایەتییە پێویستەکان بێت، پەرەگرتن ئارەزووی بەهێزی گەمەکردنی لە گۆلکدا چاندووە- وەکو چۆن لە بێچووی هەموو شیردەرە کۆمەڵایەتییەکانی تریدا چاندووە- (گەمەکردن شێوازی شیردەرانەی فێربوونی ڕەفتاری کۆمەڵایەتییانەیە). هەروەها تەنانەت ئارەزووی بەهێزتری بۆ پەیوەندی لەگەڵ دایکانیاندا تێدا چاندن، کە شیر و چاودێرییان جەوهەری بوو بۆ زیندوومانەوەیان.

چی ڕوودەدات ئەگەر ئێستا جوتیاران گۆلکێکی تازە بگرن، لە دایکی جیا بکەنەوە، بیخەنە ناو قەفەسێکی داخراو، خواردن و ئاوی بدەنێ و لەدژی نەخۆشییەکان بیکوتن و پاشان کاتێک بایی پێویست پیر بوو، تۆوی گای تێبکەن؟ لە ڕوانگەیەکی بابەتییەوە، ئەم گوێرەکەیە چیتر پێویستی بە پەیوەندیی دایکایەتی یان هاوەڵی یاری نییە بۆئەوەی زیندوو بمێنێتەوە و وەچە بخاتەوە. بەڵام لە ڕوانگەیەکی خودییەوە، گوێرەکەکە هێشتا هەست بە پاڵنەرێکی بەهێز دەکات بۆ پەیوەندگیریی لەگەڵ دایکیدا و بۆ گەمەکردن لەگەڵ گۆلکەکانی تردا. ئەگەر ئەم پاڵنەرانە جێبەجێ نەبوون، گۆلکەکە زۆر ئازار دەچێژێت. ئەمە وانەی بنچینەیی سایکۆلۆژیای پەرەگرتنە: پێداویستییەک کە لە دەشت و کێو دروستبووە، بەردەوام دەبێ لەوەی بەشێوەیەکی خودی هەستی پێ بکرێت تەنانەت ئەگەرچی چیتر بە ڕاستی پێویست نەبێ بۆ

زیندوومانەوە و وەچە خستنەوە. تراژیدیای کشتوکالی پیشەسازی ئەوەیە کە چاودێرییەکی گەورەی پێداویستییە بابەتییەکانی ئاژەڵان دەکات، لەکاتێکدا کە پێداویستییە خودییەکانیان فەرامۆش دەکات.

حەقیقەتی ئەم تیۆرەیە لانی کەم لە ١٩٥٠کانەوە ناسراوە، کاتێک سایکۆلۆژیستی ئەمریکی، (هاری هارلۆ) تاتووتوێی گەشەکردنی مەیموونەکانی کرد. هارلۆ پاش چەند سەعاتێک لە لەدایکبوون، مەیمونە ساواکانی لە دایکەکان جیا کردەوە. مەیموونەکان لەناو قەفەسەکاندا دابڕێنران، و پاشان لەلایەن دایکانی دروستکراو لە بوکەڵە پەروەردە کران. لە هەر قەفەسێکدا، هارلۆ دوو دایکی بوکەڵەی دانا. یەکێکیان لە تێل دروستکرابوو و بوتڵی شیری لێ بەسترابوو کە مەیموونە ساواکە دەیتووانی لێی بمژێت. ئەوەیتر لە لە تەختەیەک بەسترابوو کە بە قوماش داپۆشرابوو و وایلێدەکرد لە مەیمونێکی دایک بچێت، بەڵام ئەمە هیچ خواردنێکی مادی بۆ ساواکە دابین نەدەکرد. وا دادەنرا کە ساواکان خۆیان بە دایکە تێلە خواردندەرەکە هەڵدەواسن نەک ئەوەی کە هەر قوماشە و هیچی تر.

هارلۆ تووشی سەرسوڕمان بوو لەوەی کە، مەیموونە ساواکان مەیلێکی بەرچاویان بۆ دایکە قوماشەکە پیشان دا و زۆربەی کاتیان لەگەڵ ئەودا بەسەر برد. کاتێک دوو دایکەکە لە نزیک یەکتری دانران، ساواکان هێشتا لە دایکە قوماشەکە نزیک دەبوونەوە تەنانەت لەکاتێکدا کە خۆیان دەگەیاندنە دایکە تێلەکە بۆ مژینی شیر لێی. هارلۆ گومانی بۆ ئەوە چوو کە لەوانەیە ساواکان لەبەر ئەوە ئەمەیان کردبێت کە بوکەڵە تێلەکە ساردوسڕە. بۆیە گڵۆپێکی کارەبایی خستە ناو دایکە تێلەکە کە ئێستا ئیتر گەرمی لێ دەردەچوو. زۆربەی مەیموونەکان،

جگە لە هەرە بچوکەکەیان، بەردەوام بوو لەوەی گرنگی بە دایکە قوماشەکە بدات.

تۆپژینەوەی بەدواداچوون دەریانخست کە مەیموونە هەتیوخراوەکانی هارلۆ وا گەورە بوون کە لە ڕووی هەستییەوە هەراسان بن تەنانەت ئەگەرچی هەموو جۆرە خۆراکێکیان پێدراوە. ئەمانە قەت لە کۆمەڵگای مەیموونەکاندا شوێنیان نەبووەتەوە، گرفتیان هەبووە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ مەیموونەکانی تردا و بە ڕادەی زۆر ئێشیان بەدەست شڵەژان و شەڕانگێزی چەشتووە. ئەنجامگیرییەکە حەتمی بوو: دەبێ مەیموونەکان پێداویستی و ئارەزووی سایکۆلۆژییان هەبێ کە لەسەروو پێداویستییە دایکانەییەکەیە و ئەگەر ئەمانە جێبەجێ نەکرێن، ئەوا ئێشێکی زۆر دەچێژن. مەیموونە ساواکانی هارلۆ پێیان باشتر بوو کاتی خۆیان لەناو دەستەکانی تۆپە قوماشەکە شێوە دایکەکەدا بەسەر ببەن چونکە ئەوان سۆراخی پەیوەندیی هەستییان دەکرد نەک بە تەنیا شیر. لە دەیەکانی دواتردا، ژمارەیەکی یەکجار زۆری تۆپژینەوەکان دەریانخستووە کە ئەم ئەنجامگیرییە نەک تەنیا بەسەر مەیموونەکان بەڵکو بەسەر شیردەرەکانی تر و بەهەمان شێوە بەسەر باڵندەکانیشدا پیادە دەبێت. لە ئێستادا، ملیۆنان ئاژەڵی کێڵگە دەکەونە بەر هەمان ئەو هەلومەرجەی مەیموونەکانی هارلۆ، لەکاتێکدا کە جوتیاران بەشێوەیەکی ڕۆتینی گۆلک، بەرخەکان و بێچووەکانی تر لەدایکەکانیان جیا دەکەنەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی دابڕاو بەخێویان بکەن.

ئەمڕۆکە تێکڕا، دەیان ملیارد ئاژەڵی کێڵگە وەکو بەشێک لە پڕۆسەی پێکەوەنان و کۆکردنەوەی میکانیزە بوو دەژین و ساڵانە نزیکەی ٥٠ ملیاردیان دەکوژرێنەوە. ئەم میتۆدانەی ماڵاتی پیشەسازی بوونەتە هۆی زیادبوونی خێرای بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی و یەدەکی خۆراکی مرۆڤ.

پێکەوە لەگەڵ بەمیکانیزەکردنی کشتیاریی ڕووەک، مالاتداریی پیشەسازی بنەمایە بۆ سەرتاپای سیستەمی ئابووریی کۆمەڵایەتی. پێش بەپیشەسازیبوونی کشتوکاڵ، زۆربەی بەرهەمهێنانی خۆراک لە کێڵگەکاندا بە دەرخوارد دانی جوتیارەکان و ئاژەڵانی مەزراکان "بەفیڕۆدەدرا". تەنیا ڕێژەیەکی بچوک لەبەردەستان بوو بۆ دەرخوارد دانی پیشەگەران، مامۆستایان، قەشەکان و بیرۆکراتەکان. سەرەنجام، تەقریبەن لە هەموو کۆمەڵگاکاندا، جوتیاران لەزیاتر لە ٩٠%ی دانیشتووان پێکدەهاتن. دوابەدوای بەپیشەسازیبوونی کشتوکاڵ، ژمارەیەکی کەمی جوتیاران بەس بوون بۆ خواردنپێدانی ژمارەیەکی ڕوولەگەشەی کاتبەکان و دەستەکانی کارگە. ئەمڕۆکە لە ئەمریکا، تەنیا ٢%ی دانیشتووان بژێوییان لە کشتوکاڵ دەست دەکەوێت، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم ٢% ە ئەوەندە بەرهەم دەهێنێت کە خواردنی سەرتاپای دانیشتووانی ئەمریکا دابین بکات، بەڵکو بەهەمان شێوە زیادەش بۆ بەشەکانی تری جیهان هەنارده بکات. بەبێ بەپیشەسازیبوونی کشتوکاڵ، شۆڕشی پیشەسازیی شاری، قەت نەیدەتووانی ڕووبدات- بایی پێویست دەست و مێشک بوونیان نەدەبوو تا ستافی کارگە و ئۆفیسەکان دابین بکەن.

لەکاتێکدا کە کارگەکان و ئۆفیسەکان ملیاردەها دەست و مێشکیان هەڵمژی کە لە توێژینەوەی کێڵگەییەوە دەرچوون، دەستیانکرد بە دەرپەڕاندنی ڕەنویەک لە بەرهەمەکان. مرۆڤەکان ئێستا بڕی زۆرتری ستیل بەرهەم دێنن، بڕی زۆرتری جلوبەرگ دروست دەکەن و ڕستێک لە کالای پێشتر وێنانەکراو بەرهەم دێنن، وەکو گلۆپی ڕووناکی، مۆبایل، کامێرا و قاپ شۆر. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی مرۆڤدا، خستنەڕوو

دەستیکرد بەتێپەڕاندنی داوا و کێشەیەکی تەواو نوێ هاتەبوون: کێ ئەو هەموو شتە دەکڕێت؟.

سەردەمی کڕین

دەبێ ئابووریی کەپیتالیستی مۆدێرن بە بەردەوامی بەرهەمهێنان زیاد بکات ئەگەر قەرار وایە بمێنێتەوە، وەکو قرشێک کە دەبێ مەلە بکات یان بخنکێت. لەگەڵ ئەوەش تەنیاوتەنیا بەرهەم هێنان بەس نییە. دەبێ کەسێکیش بەرهەمەکان بکڕێت، یان خاوەن پیشەسازییەکان و وەبەرهێنەران وەکو یەک بکەونە سەر ساجی عەلی. بۆ ڕێگرتن لەم کارەساتە و بۆ دڵنیابوون لەوەی خەڵکی هەمیشە هەر شتێکی نوێ کە پیشەسازی بەرهەمی بێنێت دەیکڕن، جۆرێکی نوێی ئێتیک پەیدا بوو: بەرخۆرپەروەری.

زۆربەی خەڵکی بەدرێژایی مێژوو لەژێر هەلومەرجی دەگمەنیدا ژیاوە. لەم ڕووەوە، دەستپێوەگرتن دروشمیان بووە. ئێتیکی جیڕبوونی پرۆتستانەکان و سپارتاکان هیچ نەبووە جگە لە دوو نموونەی بەرچاو. کەسێکی باش کە خۆی لە ڕیفهایەت دەپاراست، قەت خواردنی فڕێ نەدەدا و پانتۆڵی دڕاوی پینە دەکرد لەبری ئەوەی کە دانەیەکی نوێ بکڕێت. تەنیا پاشاکان و خانەدانەکان خۆیان ڕێگەیان پێ دەدرا بەئاشکرا دەستبەرداری ئەو بەهایانە بن و بە ڕوونی سامانەکانیان نمایش بکەن.

بەرخۆرپەروەری، بەکاربردنی ژمارەیەکی زۆر و زۆرتری کاڵاکان و خزمەتگوزارییەکان بە شتێکی پۆزەتیڤ دەبینێت. ئەمە هانی خەڵکی دەدات تا لە ڕێگەی زیادە بەکاربردن، فەرمووی خۆیان بکەن، خۆیان بەناز بکەن و تەنانەت لەسەرخۆ خۆیان بکوژن. دەستپێوەگیری نەخۆشییەکە ئەبێ چارە بکرێ. پێویست ناکات تۆ زۆر دوور بڕوانیت

بۆئەوەی ئێتیکی بەرخۆر بەکرداری ببینیت- تەنیا پشتەوەی پاکەتێکی دانەوێلە بخوێنەرەوە. پاکەتی یەکێک لە دانەوێلە ئامادەکراوەکانی بەیانیانم کەلەلایەن کۆمپانیای تێلمای ئیسرائیلییەوە بەرهەم دێت، ئەمەی لێ نووسراوە:

هەندێ جار پێویستت بە فەرموکردنێکی خۆت هەیە. هەندێ جار پێویستت بە وزەیەکی زیادە هەیە. جار هەن تیایاندا ئاگاداریی کێشی خۆت دەکەیت و هەندێ جاریش کە هەر دەبێ شتێک بخۆیت...هەر ئێستا! تێلما چەندەها جۆر دانەوێلەی بەتام پێشکەش دەکات-فەرموو بێ پەشیمانی.

هەر هەمان پاکەت ڕیکلام بۆ براندێکی تری دانەوێلە پیشان دەدات بەناوی دیارییە تەندروستییەکان:

دیارییە تەندروستییەکان بڕێکی زۆر دانەوێلە، میوە و چەرەس بۆ ئەزموونێک پێشکەش دەکەن کە تام و چێژ و تەندروستی تێکەڵ دەکەن. بۆ دیارییەکی خۆش لە ناوەڕاستی ڕۆژەکەدا کە گونجاوە بۆ لایفستایلێکی تەندروست، دیارییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ تامێکی بێ وێنەی بڕی زیاتر لەمە.

بەدرێژایی بەشی هەرە زۆری مێژوو، ئەگەری ئەوە هەبووە خەڵکی بەم نووسراوە ڕەویبنەوە نەک بەکێش بووبن. ئەوان ئەم شتە بە خۆپەرستانە و لە ڕووی ئەخلاقییەوە گەندەڵانە دەبینن. بەرخۆرپەروەری زۆر خێرا کاری خۆی کردووە، ئەمەش بە یارمەتی سایکۆلۆژیای باو (بیکە دەی!) بۆ قەناعەتپێهێنانی خەڵک لەمەڕ ئەوەی کە دەست کراوەیی باشە بۆ تۆ، بەڵام دەستپێوەگرتن خۆ سەرکوتکردنە.

ئەمە سەرکەوتوو بووە. ئێمە هەموومان بەرخۆرین. ئێمە بەرهەمی بێشوومار کە پێویستمان نییە و بەرهەمی وەهاش کە تا دوێنێ

نەمانزانیووە هەیە دەکڕین. کارگەکان بە ئەنقەست کاڵای تەمەن کورت دیزاین دەکەن و مۆدێلی نوێ و ناپێویستی بەرهەمی تەواو دڵگیر دادەهێنن کە دەبێ بیانکڕین بۆئەوەی (بەجێ نەمێنین). کڕینگەری بووەتە سەرگەرمییەکی دڵخواز و کاڵاکانی بەرخۆر بوونەتە ناوبژیوانی جەوهەری لە پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خانوادە، هاوسەر و هاوڕێیان. پشووە ئایینییەکانی وەکو کریسمەس بوونەتە فێستیڤاڵی کڕینگەرایی. لە ئەمریکا، تەنانەت ڕۆژی یادکردنەوە- لە بنەڕەتدا تەنیا ڕۆژێک بوو بۆ یادکردنەوەی سەربازە کوژراوەکان- ئێستا بۆنەیەکە بۆ داشکاندنی تایبەت. زۆربەی خەڵکی بەچوونە بازاڕ و شت کڕین یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە، لەوانەیە بۆ سەلماندنی ئەوە بووبێت کە بەرگریکارانی ئازادی هەروا بێهودە نەمردوون.

شکۆفەکردنی ئێتیکی بەرخۆرگەرایی بەشی هەرە زۆری بە ڕوونی لە بازاڕی خۆراکدا بەرجەستە دەبێت. کۆمەڵگە کشتوکاڵییە نەریتییەکان لە سێبەری کارەساتباری لەبرسامردندا ژیاون. لە جیهانی کامەرانی ئەمڕۆدا، یەکێک لە کێشە تەندروستییە پێشەنگەکان قەڵەوییە کە تووشی هەژاران دێت (کە خۆیان پڕ دەکەن لە هەمبەرگر و پیتزا) تەنانەت بەشێوەیەکی تووندتر لە دەوڵەمەندان (کە زەڵاتەی ئۆرگانی و میوە دەخۆن). هەر ساڵێک لە ساڵەکان دانیشتووانی ئەمریکی پارەیەکی زیاتر لەو بڕەی پێویستیانە بۆ خۆراک پێدانی هەموو خەڵکانی برسی لە بەشەکانی تری جیهان، لە ڕێجیمە خۆراکییەکان سەرف دەکەن. قەڵەوی سەرکەوتنێکی دوولایەنەیە بۆ بەرخۆرپەروەری. لەبری خواردنی کەمتر، کە سەر دەکێشێت بۆ بچوکبوونەوەی ئابووری، خەڵکی بڕی زۆر زیاتر دەخۆن و پاشان بەرهەمەکانی ڕێجیم دەکڕن- کە هاوبەشیکردنە لە گەشەی ئابووری بەرێژەی دوو جار زیاتر.

ئێمە چۆن دەتووانین ئێتیکی بەرخۆرپەروەری لەگەڵ ئێتیکی کەپیتالیستیی بزنسمان بگونجێنین، کە بە گوێرەی ئەمە دەبێ قازانجەکان بەفیڕۆ نەدرێن و لەبری ئەمە لەبەرهەمهێناندا سەرمایەگوزاری بکرێنەوە؟ ئەمە سادەیە. هەروەکو لە سەردەمانی پێشوودا، ئەمڕۆکە دابەشبوونێکی هێزی کار هەیە لەنێوان دەستەبژێران و کۆمەڵاندا. لە ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا، ئەریستۆکراتەکان پارەکەیان بەشێوەیەکی بێباکانە لە کەرەستە گرانبەها زێدەمەسرەفیەکاندا خەرج دەکرد لەکاتێکدا کە جوتیاران ئابووریانە دەژیان و حسابی فلس فلسیان دەکرد. ئەمڕۆکە شتەکان گۆڕاون. دەوڵەمەندان چاودێرییەکی زۆری بەرێوەبردنی مووڵکەکان و وەبەرهێنانەکانیان دەکەن، لەکاتێکدا کە ئەوانەی بارودۆخ ناوەندەکان بە کڕینی ئەو ئۆتۆمبێل و تەلەڤزیۆنانەی بە ڕاستی پێویستیان پێی نییە دەچنە ژێر باری قەرزەوە.

ئێتیکی کەپیتالیستی-بەرخۆرپەروەری، لە ڕوویەکی تردەوە شۆڕشگێڕانەیە. زۆربەی سیستەمە ئێتیکییەکانی پێشوو مامەڵەیەکی زۆر سەختیان خستووەتە بەردەم خەڵکی. ئەوان بەڵێنی بەهەشتیان پێدراوە ئەگەر بێتوو هاوسۆزی و پێکهەڵکردنیان لەباردا بێت، کۆنترۆڵی چاوچنۆکی و تورەیی بکەن و بەرژەوەندییە خوێیەکانیان جڵەو بکەن. ئەمە بۆ زۆربەیان زۆر سەخت بوو. مێژووی ئێتیک حیکایەتێکی خەمناکی ئایدیاڵە نایابەکانە کە کەس ناتوانێ پێیانەوە پابەند بێت. زۆربەی مەسیحییەکان لاسای عیسایان نەکردەوە، زۆربەی بودییەکان شوێن بودا نەکەوتن و زۆربەی کۆنفوشیوسییەکان دەبوونە هۆی پەستبوونی کۆنفوشیوس.

بەپێچەوانەوە، زۆربەی خەڵکی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە پابەند دەبن بە ئایدیاڵی کەپیتالیستی-بەرخۆرپەروەری. ئێتیکی نوێ بەڵێنی بەهەشت دەدات بەو مەرجەی کە دەوڵەمەند هەر چڵێس بێت و کاتی خۆی بە پەیداکردنی پارەی زیاترەوە بەسەر ببات و کۆمەڵان جڵەوی نەوس و سۆزەکانی خۆیان بەر دەن- و شتی زۆر و زۆرتر بکڕن. ئەمە یەکەم ئایینە لە مێژوودا کە شوێنکەوتووانی، بە ڕاستی ئەوە دەکەن کە داوایان لێدەکرێ بیکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، چۆن بزانین کە ئێمە بە ڕاستی لەبەرانبەردا بەهەشتمان دەست دەکەوێت؟ لەسەر تەلەڤزیۆن بینیوومانە.

١٨

شۆڕشێکی بەردەوام

شۆڕشی پیشەسازی ڕێگای نوێی کردەوە بۆ گۆڕینی وزە و بەرهەمهێنانی کالا و بەشێوەیەکی سەرەکی مرۆڤی لە پشت بەستن بە سیستەمی ژینگەیی دەوروبەر ئازاد کرد. مرۆڤەکان دارستانیان بڕیەوە، زۆنگەکانیان وشک کرد، ڕووبارەکانیان سەد کرد، دەشتەکانیان خستە بەر لافاو، دەیان هەزار کیلۆمەتر هێڵی شەمەنەفەریان دانا و بینایەی هەوربڕیان بونیاد نا. لەکاتێکدا کە جیهان وا دروستبوو کە بۆ پێویستییەکانی مرۆڤە هۆشمەندەکان بگونجێ، ژینگەکان وێران کران و توخمەکان قڕ بوون. ئەو هەسارەیەمان کە جارێک لە جاران سەوز بوو، خەریکە دەبێتە سەنتەرێکی کۆنکریتی و پلاستیکیی شت کڕین.

ئەمڕۆکە، کیشوەرەکانی سەر زەوی مالی تەقریبەن ٧ ملیارد مرۆڤی هۆشمەندن. ئەگەر تۆ بڕوانیتە هەموو ئەم خەڵکانە و بیانخەیتە سەر ڕستێکی گەورەی تەرازووەکان، تێکڕای بارستەیان دەبێتە نزیکەی ٣٠٠ ملیۆن تەن. ئەگەر تۆ ئەو کاتە هەموو ئاژەڵە مالییەکانمان وەربگریت- مانگا، بەراز، مەڕ و مریشک- و بیانخەیتە سەر ڕستێک تەرازووی گەورەتر، ئەوا بارستەیان یەکسان دەبێت بە نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن تەن.

بەپێچەوانەوە، بارستەی هەموو ئاژەڵە کێوییە گەورە زیندووەکان- لە سیخوڕ و پەنگوینەوە بگرە تا فیل و نەهەنگ- کەمترە لە ١٠٠ ملیۆن تەن. کتێبەکانی منالّەکانمان، شێوازی نمایشی وێنەمان و شاشەکانمان هێشتا پڕە لە زەرافە، گورگ و شەمپانزی، بەڵام جیهانی واقیعی هیچی وەهای لێ نەهێشتوونەتەوە. نزیکەی ٨٠،٠٠٠ زەرافە لە جیهاندا هەن، بە بەراورد بە ١,٥ ملیارد مانگا، تەنیا ٢٠٠،٠٠٠ گورگ هەن بە بەراورد بە ٤٠٠ ملیۆن سەگی ماڵی، تەنیا ٢٥٠،٠٠٠ شەمپانزی هەن- کەچی ملیاردەها مرۆڤ هەن. مرۆڤ بە ڕاستی دەستی بەسەر جیهاندا گرتووە.

ڕامالّرانی ژینگەیی لەگەڵ کەمی سەرچاوەکاندا یەک شت نییە. هەروەکو لە بەشی پێشوودا بینیمان، ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی مرۆڤدان بە بەردەوامی زیاد دەکەن و ئەگەری هەیە ئەم پرۆسەیەش هەر بەردەوام بێت. هەربۆیە ڕێی تێ دەچێت پێشگۆییەکانی قیامەتی کەمبوونەوەی سەرچاوەکان گومڕاکەر بن. بەپێچەوانەوە، تەنیا ترسی ڕامالّرانی ژینگەیی شوێنی خۆی گرتووە. لەوانەیە ئایندە ئەوە بەخۆیەوە ببینێت کە مرۆڤە هۆشمەندەکان چەندەها کەرستەی نوێ و سەرچاوەی وزەی نوێ بەدەست بێنن، لەهەمان کاتیشداپاشماوەی ژینگەی سروشتی وێران بکەن و زۆربەی توخمەکان بەرەو قڕبوون ئاراستە بکەن.

لە ڕاستیدا، پەشێویی ژینگەیی زیندوومانەوەی خودی مرۆڤە هۆشمەندەکانیش دەخاتە مەترسییەوە. دەشێ گەرمداهاتنی جیهان، بەرزبوونەوەی ئاستی ئۆقیانووسەکان، پیسبوونی بەربڵاو، زەوی بۆ جۆری ئێمە کەمتر هەموار بکەن و لەوانەیە سەرەنجام ئایندە کێبڕکێیەکی زیادبوو بەخۆیەوە ببینێت لەنێوان هێزی مرۆڤ و کارەساتە سروشتییە دەستکردەکانی مرۆڤدا. لەکاتێکدا مرۆڤەکان هێزی خۆیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی سروشت و بەپاشکۆکردنی سیستەمی

ژینگەیی بەکار دێنن بۆ پێداویستی و ئارەزووەکانیان، دەشێ ببنەهۆکاری زیانی چاوەڕواننەکراو و مەترسیدارتر. دەشێ ئەمانە لەڕێگەی قۆرخکاریی تونديتری سیستەمی ژینگەیی، قابیلی کۆنترۆڵکردن بن، کە ئەمەش لەلایەن خۆیەوە تەنانەت پەشێویی خراپتری لێدەکەوێتەوە.

زۆر کەس ئەمە بە پرۆسەی (وێرانکردنی سروشت) ناودێر دەکەن. بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا وێرانکردن نییە، ئەمە گۆڕانە. ناتووانرێ سروشت وێران بکرێت. شەست و پێنج ملیۆن ساڵ لەمەوبەر، نەیزەکێک دایناسۆرەکانی ڕامالیووە، بەڵام لەم کردارەدا، ڕێی بۆ پەیدابوونی شیردەرەکان خۆش کردووە. ئەمڕۆکە مرۆڤەکان زۆرێک لە توخمەکان بەرەو قڕبوون ئاراستە دەکەن و دەشێ تەنانەت خۆیشیان بنبڕ بکەن. بەڵام زیندەوەرانی تر بارودۆخیان زۆر باشە. بۆ نموونە، جرج و سیسرک لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدان. لەوانەیە ئەم بوونەوەرە تۆکمانە لەژێر پاشەواری قیامەتی ناوکییەوە دەرپۆقن، ئامادەبن و بتووانن دی.ئێن.ئەی-یەکەیان بڵاو بکەنەوە. لەوانەیە ٦٥ ملیۆن ساڵی تر، جرجە هۆشمەندەکان سوپاسگوزارانە ئاوڕ لە وێرانەی دەستکردی مرۆڤ بدەنەوە، هەروەکو چۆن ئێمە ئەمڕۆ دەتووانین سوپاسی نەیزەکی وێرانکەری دایناسۆرەکان بکەین.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەنگۆکانی خۆقڕکردنمان سەرەتایین. لە سەروەختی شۆڕشی پیشەسازییەوە، دانیشتووانی مرۆیی جیهان قەت وەها گەشەی نەکردووە. لە ساڵی ١٧٠٠دا جیهان ٧٠٠ ملیۆن مرۆڤی تێدابوو. لە ساڵی ١٨٠٠دا، ٩٥٠ ملیۆن مرۆڤ هەبوون. بە هاتنی ١٩٠٠، تەقریبەن ژمارەکە بووە دوو ئەوەندە، واتە ١,٦ ملیارد. و بەهاتنی ساڵی

٢٠٠٠، ئەم ژمارەیە چوارقات زیادیکرد و بووە ٦ ملیارد ئەمرۆکە شتێک کەمتر لە ٧ ملیارد مرۆڤی هۆشمەند هەن.

سەردەمی مۆدێرن

لەکاتێکدا کە هەموو ئەم مرۆڤە هۆشمەندانە لە دەرەوەی کاریگەرییەکانی سروشتدا بوون، زیاتر و زیاتر کەوتوونەتەبەر فەرمانەکانی حکومەت و پیشەسازیی مۆدێرن. شۆڕشی پیشەسازی، ڕێگای ڕووەو هێڵێکی درێژی تاقیکردنەوەکان لە ئەندازەکاریی کۆمەڵایەتی و زنجیرەیەکی درێژتری گۆڕانکارییە ڕەمەکییەکان لە ژیانی ڕۆژانە و ئەقڵیەتی مرۆڤدا کردەوە. یەکێک لە نموونەکان بریتییە لە شوێنگۆڕکێپێکردنی ڕیتمەکانی کشتوکاڵی نەریتی بە خشتەی هاوشێوە و کتومتی پیشەسازی.

کشتوکاڵی نەریتی پشت ئەستوور بوو بە سوڕەکانی زەمەنی سروشتی و گەشەی ئۆرگانی. زۆربەی کۆمەڵگاکان نەیاندەتووانی پێوانەی زەمەنیی کتومت بکەن، نە ئەوەندەش بایەخیان پێدەدا. جیهان خەریکی کاری خۆی بوو بەبێ سەعات و خشتەی کات، تەنیا پابەند بوو بە جوڵەی خۆر و سوڕەکانی گەشەی ڕووەکەکان. ڕۆژێکی کارکردنی یەکڕەنگ نەبوو و هەموو ڕۆتینەکان لە وەرزێکەوە بۆ وەرزێکی تر بەشێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕان. خەڵکی دەیانزانی خۆر لەکوێیە و بە شڵەژاوییەوە تەماشای ئاماژەکانی وەرزی باراناوی و کاتی دروێنەیان دەکرد، بەڵام وەختەکەیان نەدەزانی و بەزەحمەت خەمی ساڵیان بوو. ئەگەر گەشتیارێکی زەمەن لە گوندێکی سەدەکانی ناوەڕاستدا قوت ببووایەتەوە و لە ڕێبوارێکی بپرسیایە (ئەرێ ساڵی چەندە؟) ئەوا دێهاتییەکە لە پۆشاکی پڕوپوچی غەریبەکە و لە پرسیارەکەش سەری دەسوڕما.

به پێچەوانەی جوتیاران و پێڵاوسازانی سەدەکانی ناوەڕاست، پیشەسازیی مۆدێرن گرنگییەکی کەم بە خۆر یان وەرز دەدات. ئەمیان کتومتی و یەکڕەنگی بە دروست دەزانێ. بۆ نموونە، لەشوێنکارێکی سەدەکانی ناوەڕاستدا، هەر پێڵاوسازێک پێڵاوێکی تەواوی دروست دەکرد، لە ژێرپایەوە تا قایشی بەستنیش. ئەگەر پێڵاوسازێک بۆ کار درەنگ بکەوتایە، نەدەبووە هۆی وەستانی ئەوانیتر. لەگەڵ ئەوەشدا، لە بەشی پێکەوەنانی کارگەیەکی پێڵاوی مۆدێرندا، هەموو کرێکارێک لەسەر ئامێرێک ئیش دەکات کە تەنیا پارچەیەکی بچوکی پێڵاوێک بەرهەم دێنێت، کە پاشان دەگوازرێتەوە بۆ ئامێرێکی تر. ئەگەر ئەو کرێکارەی کە ئیش لەسەر ئامێری ژمارە ٥ دەکات لە کاتی خۆی زیاتر خەوت، ئەوا هەموو ئامێرەکانی تر دەوەستێنێت. بۆ ڕێگرتن لە کارەساتی وەها، دەبێ هەمووان پەیڕەوی خشتەی دەقاودەق بکەن. هەر کرێکارێک کتومت لە هەمان کاتدا دەگاتە سەر کار. هەمووان نانی نیوەڕۆی خۆیان پێکەوە دەخۆن، جا برسی بن یان نا. هەمووان ئەو کاتە دەچنە ماڵەوە کە فیکەیەک ڕایدەگەیەنێت شیفتەکە تەواو بووە- نەک ئەو کاتەی کە ئەوان پرۆژەکەیان تەواو کردووە.

شۆڕشی پیشەسازی خشتەی کات و پرۆسەی پێکەوەنانی کارگەیی گۆڕی بۆ قاڵبێک تەقریبەن بۆ هەموو چالاکییە مرۆییەکان. بە ماوەیەکی کورت پاش ئەوەی کارگەکان چوارچێوە زەمەنییەکانیان بەسەر ڕەفتاری مرۆییدا سەپاند، قوتابخانەکانیش خشتەی زەمەنیی کتومتیان پەیڕەو کرد، دواتریش قوتابخانەکان، فەرمانگەکانی حکومەت و فرۆشگاکان. تەنانەت لە شوێنانی بەتاڵ لە ماکینە و پرۆسەی پێکەوەنان، خشتەی کات بوو بە سەردار. ئەگەر شیفتەکە لەکارگەکەدا لە سەعات ٥ی پاش

نیوەڕۆ کۆتایی بێت، ئەوا باشترە کە یانە لۆکاڵەکە بەهاتنی سەعات ٥:٠٢ کراوە بێت بۆ بزنس.

لینکێکی گرنگ لە بڵاوکردنەوەی سیستەمی خشتەی کات بریتی بوو لە گواستنەوەی گشتی. ئەگەر کرێکاران پێویستیان بەوە بوو شیفتی خۆیان بە هاتنی ٠٨:٠٠ دەست پێبکەن، ئەوا دەبووایە شەمەنەفەر یان پاسەکە بەهاتنی سەعات ٠٧:٥٥ بگاتە دەروازەی کارگەکە. دواکەوتنی چەند خولەکێک بەرهەمهێنانی نزم دەکردەوە و لەوانەش بوو تەنانەت سەر بکێشێت بۆ وازهێنانی دواکەوتووە نەگبەتەکان. لە ساڵی ١٧٨٤دا، خزمەتگوزارییەکی گواستنەوە بە خشتەیەکی بڵاوکراوەوە دەستیکرد بە ئیشکردن لە بریتانیا. خشتە زەمەنییەکەی تەنیا لە کاتی دەرچوونداو دیاریکرابوو، نەک لە گەیشتندا. ئەو سەروەختە، هەر شار و شارۆچکەیەکی بریتانی کاتی لۆکاڵی خۆی هەبوو کە مومکین بوو بە ڕادەی نیوسەعات لە کاتی لەندەن جیاواز بێت. کاتێک لە لەندەن سەعات ١٢ بووایە، لەوانە بوو لە لیڤەرپول ١٢:٢٠ و لە کانتەربێری ١١:٥٠ بێت. چونکە نە تەلەفۆن، نە ڕادیۆ و نە تەلەڤزیۆن و نە شەمەنەفەری خێرا نەبوون- کێ چوزانێ و کێ باکی پێی هەیە؟.

یەکەم خزمەتگوزاریی شەمەنەفەری بازرگانی لەنێوان لیڤەرپول و مانچێستەردا لە ساڵی ١٨٣٠دا کەوتە ئیش. ١٠ ساڵ دواتر، یەکەم خشتەی زەمەنیی شەمەنەفەر، دەرچوو. شەمەنەفەرەکان زۆر خێراتر بوون لە داشقە کۆنەکان، بۆیەجیاوازیی سەیر لە کاتی لۆکاڵدا بووە مایەی هەراسانییەکی زۆر. لە ساڵی ١٨٤٧دا، کۆمپانیاکانی شەمەنەفەری بریتانی سەریان پێکەوەنا و ڕازی بوون لەسەر ئەوەی هەموو خشتە زەمەنییەکانی شەمەنەفەر لەسەر کاتی (گرینویچ) ڕێک بخرێن نەک کاتی لۆکاڵی لیڤەرپول، مانچێستەر یان گلاسگۆ. ژمارەیەکی زۆرتر و

زۆرتری دامەزراوەکان شوێن کۆمپانیاکانی شەمەنەفەر کەوتن. دواجار، لە ساڵی ١٨٨٠دا، حکومەتی بریتانی هەنگاوێکی بێ وێنەی نا بۆ دانانی یاسای ئەمەی کە هەموو خشتە زەمەنییەکان لە بریتانیا پەیڕەوی لە (گرینویچ) بکەن. بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا، وڵاتێک کاتی نیشتمانی پەیڕەو کرد و دانیشتووانەکەی ناچار کرد بە گوێرەی سەعاتێکی دەستکرد بژین نەک سەعاتە لۆکاڵەکان یان سوڕەکانی خۆرهەڵاتن و خۆرئاوابوون.

ئەم سەرەتا خاکییە تۆڕێکی جیهانیی خشتە زەمەنییەکانی لێکەوتەوە، و لەگەڵ بچوکترین بڕگەی چرکەیەک هاوتا کرا. کاتێک میدیای پەخش- یەکەم جار ڕادیۆ، پاشان تەلەڤزیۆن- کاری خۆیان کرد، ئەوان هاتنە ناو جیهانێکی خشتە زەمەنییەکان و بوونە بەرقەرارکەر و پەیامبەرە سەرەکییەکەی. لەناو یەکەمین ئەو شتانەی کە وێستگەکانی ڕادیۆ پەخشیان کرد، سیگنالی کات بوو، واتە ئەو بیپانەی توانای بە کۆمەڵگا دووردەستەکان و کەشتییەکانی سەر دەریا دا تا سەعاتەکانیان ڕێک بخەن. دواتر، وێستگەکانی ڕادیۆ پەیڕەوییان لە نەریتی پەخشکردنی هەواڵی سەرە سەعات کرد. ئەمڕۆکە، یەکەم بڕگەی هەموو پەخشێکی هەواڵ- تەنانەت گرنگتر لە ڕووداتی جەنگ- کاتە. لەماوەی دووەم جەنگی جیهاندا، بی.بی.سی. نییوز، بۆ ئەوروپای داگیرکراوی دەستی نازییەکان، پەخش بوو. هەر پرۆگرامێکی هەواڵی، بە پەخشی ڕاستەوخۆی سەرەسەعاتی بیگ بێن دەستپێدەکرد- دەنگی جادوویی ئازادی. فیزیاناسە ئەڵمانیە بلیمەتەکان ڕێگایەکیان دۆزییەوە بۆ دیاریکردنی هەلومەرجی کەش و هەوا لە لەندەن بە گوێرەی جیاوازییە بچوکەکان لە تۆنی دەنگی پەخشدا. ئەم زانیارییە یارمەتی بەنرخی پێشکەش بە هێزی ئاسمانی کرد. کاتێک دەزگای هەواڵگری بریتانی

ئەمەی دۆزییەوە، ئەوان پەخشی ڕاستەوخۆیان لابرد و سێتێکیان لە شوێن دانا کە سەعاتە بەناوبانگەکەی ڕیکۆرد دەکرد.

بۆ بەڕێوەبردنی تۆڕی خشتەی کات، سەعاتە هەرزان بەڵام دەقاودەقەکان باویان سەند. لەوانەیە لە شارەکانی ئاشووری، ساسانی یان ئینکا دا، ئەوپەڕی سەعاتی هەتاوی هەبووبن. لە شارەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا زۆرجار تاکە سەعاتێک هەبووە- ماکینەیەکی زەبەلاح لە گۆڕەپانی شارۆچکەکە لەسەر تاوەرێکی بەرز دانراوە. ئەم سەعاتانەی سەر تاوەر بەشێوەیەکی بەدناو نادروست بوون، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ سەعاتێکی تر لە شاردا نەبوون بۆ هاودژ بوونیان، هیچ جیاوازییەکی وەهای نەبوو. ئەمڕۆکە تاکە خانەوادەیەکی کامەران، بەشێوەیەکی گشتی سەعاتی زۆرتری لەماڵەوە هەن بە بەراورد بە تەواوی وڵاتێکی سەدەکانی ناوەڕاست. تۆ دەتووانیت بە ڕوانین لە سەعاتەکەی مەچەکت، ڕوانین لە ئەندرۆیدەکەت، سەعاتی زەنگلێدەری تەنیشت جێگاکەت، سەعاتی دیواری مەتبەخەکە، ڕوانین لە مایکرۆوەیڤەکە، سەیرکردنێکی تەلەڤزیۆن یان دی.ڤی.دی، یان شریتی ژێرەوەی شاشەی کۆمپیوتەرەکەت، کات بزانیت. پێویستە تۆ تەقەلایەکی ئاگایانە بخەیتەگەڕ بۆئەوەی نەزانیت سەعات چەندە.

کەسێکی ئاسایی لە ڕۆژێکدا دەیان جار دەڕوانێتە ئەم سەعاتانە، چونکە دەبێ تەقریبەن هەموو ئەو شتەی کە دەیکەین لەکاتی خۆیدا بکرێت. سەعاتێکی زەنگدار سەعات ٧ی بەیانی لە خەو هەڵماندەستێنێ. ئێمە تەقریبەن بۆ ماوەی پەنجا چرکە نانە بەستووەکەمان دەخەینە ناو مایکرۆوێڤەوە، بۆ ماوەی سێ خولەک فڵچە لە دانەکانمان دەدەین، سەعات ٧:٤٠ سواری پاس دەبین بەرەو سەر کار، لە هۆڵی وەرزش تاوەکو نیوسەعاتێک لەسەر ئامێرەکە ڕاکردن ئەنجام

دەدەین. سەعات ٧ی ئێوارە لەبەردەم تەلەڤزیۆن دادەنیشین بۆ بینینی بەرنامە دڵخوازەکەمان، هەموو جارێ بۆ چەند ساتێک ڕیکلامە بازرگانییەکان هۆشمان پەرت دەکەن کە بۆ هەر چرکەیەک ١٠٠٠ دۆلاریان تێدەچێت و دواجار هەموو شڵەژانی خۆمان بەسەر پزیشکێکدا هەڵدەڕێژین کە بە ڕاوێژێکی پێنج خولەکی چەنەبازیمان سنووردار دەکات.

شۆڕشی پیشەسازی دەیان نشێوی گەورەی لە کۆمەڵگەی مرۆییدا هێناوەتە کایەوە. خۆگونجاندن لەگەڵ کاتی پیشەسازیدا یەکێک بوو لەم نشێویانە. نموونە بەرچاوەکانی تر بریتی بوون لە بەشارستانیکردن، بزربوونی جوتیاری، سەرهەڵدانی پرۆلیتاریای پیشەسازی، بەهێزبوونی کەسی ئاسایی، دیموکراتیزەبوون، کەلتووری گەنجانە و پارچەپارچەبوونی باوکسالاری.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەموو ئەم نشێوییانە بەهۆی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییە چارەنووسسازە کپ بوونەوە کە بێ وێنە بوو: دارمانی خێزان و کۆمەڵی لۆکاڵ و شوێنگرتنەوەیان بە دەوڵەت و بازار. ئەوەندەی ئاگادار بین، هەر لە سەروەختە کۆنەکانەوە، زیاتر لە ملیۆنێک ساڵ لەمەوبەر، مرۆڤەکان لەناو کۆمەڵە بچوک و گەرم و گوڕەکاندا ژیاون کە زۆربەی ئەندامەکانیان خزم بوون. شۆڕشی درک و شۆڕشی کشتوکاڵی ئەوەی نەگۆڕی. ئەوان خانەوادە و کۆمەڵەکانیان پێکەوە گرێدا بۆ دروستکردنی هۆزەکان، شارەکان، مەملەکەت و ئیمپراتۆریەتەکان، بەڵام خانەوادەکان و کۆمەڵەکان هەر وەکو خشتی بناغەی هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکان مانەوە. لەلایەکی ترەوە، شۆڕشی پیشەسازی، لەماوەی شتێک کەمتر لە دوو سەدە تووانی ئەم خشتانە

ورد بکات و بیانکاته تۆز. زۆربەی کرداره نەریتییەکانی خانەوادەکان و کۆمەڵەکان بە دەوڵەتەکان و بازاڕەکان سپێردران.

داڕمانی خێزان و کۆمەڵ

پێش شۆڕشی پیشەسازی، ژیانی ڕۆژانەی زۆربەی مرۆڤەکان لەناو سێ چوارچێوەی دێرینداا ڕەوگەی خۆی وەرگرت: خێزانی ناوکی، خێزانی فراوان و کۆمەڵی گەرم و گوڕی لۆکاڵ. زۆربەی خەڵکی لە بزنسی خێزاندا - بۆ نموونە کێڵگەی خێزان یان شوێنکاری خێزان- یان لە بزنسەکانی خێزانی دراوسێدا کاریان دەکرد. خێزانەکە بەهەمان شێوە سیستەمێکی خۆشگوزەرانی، سیستەمێکی تەندروستی، سیستەمێکی پەروەردە، پیشەسازییەکی بونیادنان، یەکێتییەکی بازرگانی، سنوقێکی خانەنشینی، کۆمپانیایەکی بیمە، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، ڕۆژنامە، بانک و پۆلیسیش بوو.

کاتێک کەسێک نەخۆش دەکەوت، خێزانەکە چاودێری دەکرد. کاتێک کەسێک پیر دەبوو ، خانەوادەکە دەیژیاند و منداڵەکانیشی بریتی بوون لە سنوقی خانەنشینییەکەی. کاتێک کەسێک دەمرد، خانەوادەکە ئاگای لە هەتیوەکان دەبوو. ئەگەر کەسێک بیویستایە کوختێک بونیاد بنێ، خانەوادەکە هاوکاری دەکرد. ئەگەر کەسێک بیویستایە بزنسێک بکاتەوە، خانەوادەکە پارەی پێویستی بۆ کۆ دەکردەوە. ئەگەر کەسێک بیویستایە هاوسەرگیری بکات، خانەوادەکە هاوسەری ئایندەی هەڵدەبژارد، یان لانی کەم بەدواداچوونی بۆ دەکرد. ئەگەر شەڕێک لەگەڵ دراوسێ ڕوویبدایە، خانەوادەکە خۆی گیف دەکردەوە. بەڵام ئەگەر نەخۆشی کەسێک زۆر گەورە بووایە کە خانەوادەکە هیچی بۆ نەکرایە، یان بزنسە نوێکە پێویستی بە وەبەرهێنانی زۆر گەورە بووایە،

یان شەڕی گەڕەک بگەیشتایەتە ئاستی توندوتیژی، ئەوا کۆمەڵی لۆکاڵ بەهاناوە دەهاتن.

کۆمەڵ (کۆمیونیتی)یەکە لەسەر بنەمای نەریتە لۆکاڵییەکان و ئابووریی چاکەکردن دەستی هاوکارییان درێژ دەکرد، کە زۆر جار لە سۆنگەی خستنەڕوو و داوای بازاڕی ئازاد بەشێوەیەکی بەرچاو دەگۆڕا. لە کۆمەڵێکی کۆنی سەدەکانی ناوەڕاستدا، کاتێک دراوسێکەم پێویستی بە شتێک بووایە، ئەوا من یارمەتیم دەدا تا کوختەکەی بونیاد بنێت و پارێزگاری لە مەڕەکانی بکات، بەبێ ئەوەی لەبەرانبەردا چاوەڕێی پارەیەک بکەم. کاتێک من پێویستم بە شتێک بووایە، دراوسێکەم چاکەکەی دەدامەوە. لەهەمان کاتدا، ڕێی تێدەچوو فەرمانڕەوایەکی لۆکاڵ ئێمەی دێهاتی هەر هەمووی ناونووسی سەربازی بکات بۆ بونیادنانی قەڵاکەی بەبێ ئەوەی فلسێکمان بداتێ. لەبەرانبەردا، ئێمە پشتمان پێی ئەستوور بوو تا لەبەرانبەر چەتە و بەربەرییەکاندا بەرگریمان لێ بکات. ژیانی لادێ سەفقەی زۆر، بەڵام حەقدەست و کرێی کەمی دەگرتە خۆ. بێگومان هەندێ بازاڕ هەبوون بەڵام ڕۆڵیان سنووردار بوو. تۆ دەتتوانی قوماش و ئامێر و بەهاراتە دەگمەنەکان بکڕێت و خزمەتگوزاریی پارێزەران و دکتۆران بەکرێ وەرگریت. لەگەڵ ئەوەشدا، کەمتر لە ١٠%ی خزمەتگوزاری و بەرهەمە بڕەوداڕەکان لە بازاڕ دەکڕدران. زۆربەی پێداویستییە مرۆییەکان لەلایەن خێزان و کۆمەڵ جێبەجێ دەکران.

بەهەمان شێوە مەملەکەت و ئیمپراتۆریەت هەبوون کە ئەرکی گرنگی وەکو ئەنجامدانی جەنگ، بونیادنانی ڕێگە و بان و بونیادنانی کۆشکەکانیان ڕادەپەڕاند. بۆ ئەم مەبەستانە، پاشاکان باجیان کۆ دەکردەوە و ناوبەناو سەرباز و کرێکاریان ئامادە دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا،

لە هەندێ حاڵەتی دەگمەن نەبێت، ئەوان خۆیان هەڵنەدەقورتاندە کاروباری خێزانەکان و کۆمەڵەکان. تەنانەت ئەگەر بیشیانویستایە خۆیان هەڵقورتێنن، زۆربەی پاشاکان بە زەحمەت دەیانتووانی ئەمە بکەن. ئابووریی کشتوکاڵیی نەریتییەکان زیادەیەکی کەمیان هەبوو کە بەهۆیەوە خواردنی ئەو هەموو خەڵکەی کاربەدەستی حکومەت، پۆلیس، کرێکاری کۆمەڵایەتی، مامۆستا و دکتۆر دابین بکەن. سەرەنجام، زۆربەی فەرمانڕەوایان سیستەمی خۆشگوزەرانی، سیستەمی چاودێری تەندروستی یان سیستەمی پەروەردەی گەورەیان گەڵاڵە نەکرد. ئەوان ئەو پرسانەیان لەناو دەستی خێزانەکان و کۆمەڵەکاندا جێ هێشت. تەنانەت لە حاڵەتە دەگمەنەکاندا کاتێک فەرمانڕەوایان هەوڵیاندا چڕوپڕتر لە ژیانی ڕۆژانەی جوتیاراندا دەستێوەردان بکەن (بۆ نموونە بەو شێوەیەی کە لە ئیمپراتۆریەتی کین لە چین ڕوویدا)، ئەوان لە ڕێگەی کردنی سەرۆک خێزانەکان و سەرۆک کۆمەڵەکان بە کارمەندی حکومی، ئەمەیان ئەنجام دا.

زۆرجار، تەگەرەکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردن دەستێوەردانیان لە کاروباری کۆمەڵە لاتەریکەکاندا ئەوەندە قورس کرد کە زۆرێک لە مەملەکەتەکان کە تەنانەت دەستبەرداری بنچینەییترین ئیمتیازاتی شاهانە بوون- وەکو باجدانان و توندوتیژی- لەبەرانبەر کۆمەڵەکاندا. بۆ نموونە، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕێگەی بە تۆڵەسێنەرەوەکان دەدا دادپەروەری بەرقەرار بکەن نەک ئەمەی کە هێزێکی پۆلیسی ئیمپریالی بەخێو بکەن. ئەگەر ئامۆژاکەم کەسێکی بکوشتایە، لەوانەبوو برای قوربانییەکە لە تۆڵەسەندنەوەیەکی ڕێگەپێدراودا من بکوژێتەوە. سوڵتانی ئیستەنبوڵ یان تەنانەت پاشایەکی هەرێمایەتی خۆی لەم شەڕانەوە

هەڵنەدەقورتاند، تا ئەو جێیەی کە تووندوتیژی لەناو سنوورە قبوڵکراوەکاندا دەمایەوە.

لە ئیمپراتۆریەتی مینگ ی چیندا (١٣٦٨-١٦٤٤) دانیشتووان لە فۆرمی (بۆوجیا)دا ڕێکدەخران. دە خانەوادە لە گروپێکی (جیا)دا پێکدەهات و دە گروپی (جیا)، (باو)یکیان پێکدەهێنا. کاتێک ئەندامی (باو)یک تاوانێکی ئەنجام دەدا، لەوانەبوو ئەندامانی (باو)ەکەی تر لەبەرانبەر ئەمەدا سزا بدرانایە، بەتایبەت پیرەکانی (باو)ەکە. باجەکانیش لە (باو)ەکە وەردەگیران و ئەمە بەرپرسیارێتی پیرەکانی (باو)ەکە بوو نەک کاربەدەستانی دەوڵەت کە بارودۆخی هەر خانەوادەیەک هەڵسەنگێنن و بڕی ئەو باجەی کە دەبێ بدرێ دیاری بکەن. لە ڕوانگەی ئیمپراتۆریەتەوە، ئەم سیستەمە کەڵکێکی گەورەی هەبوو. لەبری بەرقەرارکردنی هەزاران کاربەدەستی دەرامەت و باج کۆکەرەوە کە دەبووایە چاودێریی دەستکەوتەکان و خەرجییەکانی هەموو خانەوادەیەک بکەن، ئەم ئەرکانە بۆ پیرەکانی کۆمەڵ جێ دەهێڵران. پیرەکان دەیانزانی کە هەر دێهاتییەک چەنێک داهاتی هەیە و ئەوان زۆرجار دەیانتووانی پارەکانی باج بسەپێنن بەبێ ئەوەی سوپای ئیمپریالی بێتە ناوەوە.

زۆرێک لە مەملەکەتەکان و ئیمپراتۆریەتەکان لە ڕاستیدا شتێک لە چەتری پارێزەر زیاتر بوون. پاشا پارەی پارێزگاری کۆ دەکردەوە و لەبەرانبەردا خۆی دڵنیا دەکردەوە لەوەی مافیاکانی تاوانی ناوچەکە و گورگە بچوکەکانی لۆکاڵ زیان بەوانە ناگەیەنن کە لە ژێر چەتری ئەودان. بەدەر لەمە شتێکی تری وەهای نەدەکرد. لەوانەبوو ژیان لە ئامێزی خانەوادەکان و کۆمەڵەکاندا زۆر دوور بێت لە نموونەیی بوون. خانەوادەکان و کۆمەڵەکان دەیانتووانی ئەندامەکانیان بەشێوەیەکی وەها

دڵڕەقانە سەرکوت بکەن کە هیچی وەهای کەمتر نەبێ لە بازاڕ و دەوڵەتە مۆدێرنەکان و زۆرجار دایناميکە ناوخۆییەکانیان بارگاوی بوو بە پەشێوی و تووندوتیژی- لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی بژارەیەکی وەهایان لەبەردەم نەبوو. کەسێک کە لە دەوروبەری ساڵانی ١٧٥٠دا خانەوادەکەی لەدەست دەدا، وەکو ئەوە وابوو بمرێ. ئەو کارێکی نەدەبوو، خوێندن و لەسەروەختی نەخۆشی و نارەحەتیدا پاڵپشتی نەدەبوو. ئەگەر تووشی کێشە ببووایە کەس قەرزی نەدەدایە و بەرگری لێنەدەکرد. پۆلیس نەبوون، کرێکاری کۆمەڵایەتی و خوێندنی ناچاری نەبوو. کەسێکی وەها بۆئەوەی زیندوو بمێنێتەوە، دەبووایە بەخێرایی کۆمەڵ یان خانەوادەیەکی ئەلتەرناتیف بدۆزێتەوە. ئەو کوڕ و کچانەی کە لە ماڵ ڕایاندەکرد لەوانەبوو، لەباشترین حاڵەتەدا ببنە کارەکەر لە خانەوادەیەکی نوێدا. لە خراپترین حاڵەتیشدا، سوپا یان سۆزانی خانە هەبوو.

هەموو ئەمە بەدرێژایی دوو سەدەی ڕابردوو بەشێوەیەکی دراماتیکی گۆڕانی بەسەردا هات. شۆڕشی پیشەسازی هێزی نوێی گەورەی دانە بازاڕ، ئامرازی نوێی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی دانە دەوڵەت و سوپایەک لە کاتب، مامۆستا، پۆلیس و کرێکاری کۆمەڵایەتی خستنە بەر دەستی حکومەت. لە سەرەتادا بازاڕ و دەوڵەت بۆیان دەرکەوت ڕێڕەوەکەیان بەهۆی ئەو کۆمەڵ و خانەوادە نەریتییانە بەربەست بووە کە کەیفێکی وەهایان بە دەستێوەردانی دەرەوە نایەت. باوان و پیرانی کۆمەڵ نابەدڵ بوون لەوەی ڕێگە بدەن نەوەی گەنج لەلایەن سیستمە پەروەردەییە ناسیۆنالیستییەکان ڕاهێنانی پێ بکرێت، لە سوپاکاندا بکرێتە سەرباز یان بکرێتە پرۆلیتارێکی شاریی بێ ڕەگ و ڕیشە.

پێ بەپێی تێپەڕینی کات، دەوڵەتان و بازاڕەکان هێزی ڕوولەگەشەی خۆیان بەکارهێنا بۆ لاوازکردنی ڕایەڵە نەریتییەکانی خانەوادە و کۆمەڵ.

دەوڵەت پۆلیسەکانی نارد بۆ وەستاندنی ناکۆکییەکانی خانەوادە و شوێنگۆڕکێ پێکردنیان بە بڕیارەکانی دادگا. بازاڕ بانگەوازکەرەکانی ڕەوانە کرد بۆ ڕامالینی نەریتە لۆکاڵە لەمێژینەکان و شوێنگۆڕکێ پێکردنیان بە فاشنە بازرگانییە هەمیشە گۆڕاوەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بەس نەبوو. بۆئەوەی هێزی خانەوادە و کۆمەڵ بە ڕاستی بشکێنرێت، ئەوان پێویستیان بە یارمەتی ستوونی پێنجەم بوو.

دەوڵەت و بازاڕ بە ئۆفەرێکەوە لە خەڵک نزیک کەوتنەوە کە نەدەکرا ڕەت بکرێتەوە. ئەوان وتیان (ببنە تاکەکەس)، (هاوسەرگیری لەگەڵ هەر کەسێک بکە کە دەتەوێ، بەبێ ئیزن وەرگرتن لە دایک و باوکت). هەر کارێک دڵت لەسەریەتی بیکە، تەنانەت ئەگەرچی پیرەکانی کۆمەڵ مۆن ببنەوە. لە هەر شوێنێک حەزت لێیەتی بژی، تەنانەت ئەگەرچی نەتووانیت هەموو هەفتەیەک بێیتەوە سەر ئێوارەخوانی خانەوادە. تۆ چیتر پشتبەستوو نیت بە خانەوادەکەت یان کۆمەڵەکەت. لەبری ئەمە، ئێمە، دەوڵەت و بازاڕ، ئاگامان لێتان دەبێت. ئێمە خۆراک، پەناگە، خوێندن، تەندروستی، خۆشگوزەرانی و کارتان بۆ دابین دەکەین. ئێمە خانەنشینی، بیمە و پارێزگاریتان بۆ دابین دەکەین.

ئەدەبیاتی ڕۆمانتیکی زۆرجار تاکەکەس وەکو کەسێکی گیرۆدە بوو لە ململانێ لەبەرانبەر دەوڵەت و بازاڕ، دەخاتە ڕوو. ناکرێ هیچ شتێک لە حەقیقەتەوە دوور بێت. دەوڵەت و بازاڕ دایک و باوکی تاکەکەسن و تاکەکەس تەنیا لە سایەی ئەواندا دەتوانێت زیندوو بمێنێتەوە. بازاڕ کار، بیمە و خانەنشینیمان بۆ دابین دەکات. ئەگەر ئێمە بمانەوێ پیشەیەک بخوێنین، قوتابخانەکانی حکومەت بوونیان هەیە تا فێرمان بکەن. ئەگەر دەمانەوێ بزنسێک بکەینەوە، بانک پارەمان بە قەرز دەداتێ. ئەگەر دەمانەوێ خانوویەک دروست بکەین، کۆمپانیایەکی بونیادنان دروستی

دەکات و بانک قەرزی خانوبەرە دەدات، لە هەندێ حاڵەتیشدا دەوڵەت بیمەی دەکات. ئەگەر تۆندوتیژی هەڵبگیرسێت، پۆلیس دەمانپارێزێت. ئەگەر بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک نەخۆش بکەوین، ئەوا بیمەی تەندروستیمان ئاگای لێمان دەبێت. ئەگەر بۆ ماوەی چەند مانگێک لاواز ببین ئەوا بیمەی کۆمەڵایەتی پێ دەنێتە ناوەوە. ئەگەر پێویستمان بە کۆمەکی بیست و چوار سەعاتە بێت، ئەوا دەتووانین بچینە بازاڕ و نێرسێک بگرین- واتە کەسێک کە زۆرجار غەریبەیەکی دیوەکەی تری جیهانە و بە دڵسۆزییەکەوە ئاگای لێمان دەبێت کە چیتر لە منداڵەکانی خۆمانی چاوەڕێ ناکەین. ئەگەر ئێمە ئامرازەکەمان لەبەردەست بێت، ئەوا دەتووانین سااڵنی ئاڵتونیمان لە خانەی پیران بەڕێ بکەین. بەرپرسانی باج وەکو تاکەکەس مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن و چاوەڕێی ئەمەمان لێناکەن پارەی باجی دراوسێکانمان بدەین. دادگاکانیش وەکو تاکەکەس دەمانبینن و قەت لەبەرانبەر تاوانی ئامۆزاکانمان سزامان نادەن.

نەک تەنیا پیاوانی پێگەیشتوو، بەڵکو ژنان و منداڵانیش وەکو تاکەکەس دەناسێنرێن. بەدرێژایی بەشی هەرە زۆری مێژوو، زۆرجار ژنان وەکو موڵکی خانەوادە یان کۆمەڵ بینراون. کەچی دەوڵەتە مۆدێرنەکان ژنان وەکو تاکەکەس دەبینن کە خاوەنی مافی ئابووریی و یاسایی سەربەخۆن لە خانەوادە و کۆمەڵ. ئەوان دەشێ حسابی بانکی خۆیان هەبێت، بڕیار بدەن هاوسەرگیری لەگەڵ کێ بکەن و تەنانەت جیا ببنەوە یان بەتەنیا بژین.

بەڵام ئازادبوونی تاکەکەس باجی هەیە. زۆرێک لە ئێمە ئێستا شین و شەپۆرمانە بۆ لەدەستچوونی کۆمەڵ و خانەوادە بەهێزەکان و هەست بە نامۆبوون و هەڕەشەی ئەو هێزە دەکەین کە بازاڕ و دەوڵەتی وشک و

ڕەق بەسەر ژیانماندا دەیسەپێنێت. دەوڵەت و بازاڕی پێکهاتوو لە تاکەکەسە گۆشەگیر بووەکان بە ئاسانتر لە دەوڵەت و بازاڕە پێکهاتووەکان لە خانەوادە و کۆمەڵی بەهێز دەتوانن دەستوەربدەنە ژیانی ئەندامەکانیان. کاتێک دراوسێکان لە بینایە بەئاسمانداچووەکاندا تەنانەت ناتوانن هاوڕا بن لەسەر ئەوەی چەنێک پارە بدەنە دەروازەوانەکەیان، چۆن ئێمە دەتوانین چاوەڕوانی ئەوەیان لێ بکەین کە بەرەنگاری دەوڵەت بکەن؟.

ڕێککەوتنی نێوان دەوڵەتان، بازاڕەکان و تاکەکان ناجێگیرە. دەوڵەت و بازاڕ ناکۆکن لەبارەی ماف و ئەرکەکانی نێوانیان و تاکەکان سکاڵای ئەوە دەکەن کە هەردووکیان داوای زۆر دەکەن و کەم دابین دەکەن. لە زۆر حاڵەتدا، تاکەکان لەلایەن بازاڕەکانەوە بەکاردەبرێن و دەوڵەتان سوپاکانیان، هێزەکانی پۆلیسیان و بیرۆکراسییەکانیان دەخەنە گەڕ بۆ چەوساندنەوەی تاکەکان لەبری بەرگری لێکردنیان. لەگەڵ ئەوەشدا جێی سەرنجە کە ئەم ڕێککەوتنە ئەسڵەن کار دەکات- ئەگەرچی بەناتەواویش. چونکە ئەمە پێشێلی چەندەها نەوەی سیستەمە کۆمەڵایەتییە مرۆییەکان دەکات. ملیۆنان سااڵی پەرەگرتن وەها دیزاینی کردووین کە وەکو ئەندامانی کۆمەڵ بژین و بیر بکەینەوە. لەماوەی تەنیا دوو سەدەدا، ئێمە بووینەتە تاکەکەسی دابڕاو. هیچ شتێک لە هێزی بێ وێنەی کەلتوور گەواهیدەرێکی باشتر نییە بۆ ئەمە.

خێزانی ناوکی (دایک و باوک و منااڵەکان) لە پانتایی مۆدێرنێتەدا بەتەواو بزر نەبووە. کاتێ دەوڵەتان و بازاڕەکان بەشی هەرە زۆری ڕۆڵی ئابووری و سیاسییان لە خێزان وەرگرتەوە، هەندێ کرداری هەستیی گرنگیان بۆ بەجێ هێشتن. .خێزانی مۆدێرن هێشتا چاوەڕێی ئەوەی لێدەکرێت کە پێداویستییە سۆزییەکان دابین بکات کە دەوڵەت و بازاڕ

تاوەکو ئێستەش ناتووانن دابینی بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت لێرەش، تاوەکو ئێستا خانەوادە دەکەوێتە بەر دەستێوەردانی پەیتا پەیتا زیادبوو. بازاڕ شکڵ و شێوە دەداتە ئاستێکی گەورەتری شێوازی ژیانی ڕۆمانسی و سێکسی خەڵک. لەکاتێکدا کە بەشێوەیەکی نەریتی، خانەوادە یاریزانی سەرەکی بوو، ئەمڕۆکە ئەوە بازاڕە کە حەزە ڕۆمانسی و سێکسییەکانمان لەقاڵب دەدات و پاشان یارمەتیمان دەدات لە دابینکردنیان- لەبەرانبەر کرێیەکدا. پێشتر بوک و زاوا لە ژووری دانیشتنی خێزان بەیەک دەگەیشتن و پارە لەدەستی باوکێکەوە دەچووە دەستی باوکێکی تر. ئەمڕۆکە ڕازیکردن لە ناو بارەکان و کافێکاندا جێبەجێ دەبێ و پارە لەدەستەکانی عاشقەکانەوە دەچێتە ناو دەستی کارگوزارەکان. تەنانەت پارەیەکی زۆرتر دەگوازرێتەوە بۆ ناو حسابە بانکییەکانی دیزاینەرانی فاشیۆن، بەڕێوەبەرانی هۆڵی وەرزشی، شارەزایانی ڕێجیمی خۆراکی، شارەزایانی جوانکردن و نەشتەرگەرانی جوانکاری کە یارمەتیمان دەدان کە گەیشتینە کافێ، هاوشێوە بین لەگەڵ نموونەی جوانیی بازاڕەکان.

دەوڵەتیش بە تیژی چاوی بڕیووەتە پەیوەندییە خێزانییەکان، بەتایبەت لەنێوان باوان و منداڵەکانیاندا. باوان ناچارن منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندنی دەوڵەت. دەشێ ئەو دایک و باوکانەی بەشێوەیەکی دیاریکراو منداڵەکانیان خراپ بەکاردێنن یان توندوتیژن لەگەڵ منداڵەکانیان، لەلایەن دەوڵەتەوە جڵەو بکرێن. ئەگەر پێویست بکات، دەوڵەت تەنانەت باوان زیندانی دەکات یان منداڵەکان دەگوازێتەوە بۆ لای خانەوادە بەخێوکەرەکان. تا ئەو ماوەیەی پێشوو، ئەمەی کە دەوترا دەبێ دەوڵەت ڕێگر بێت لەوەی باوان لە منداڵەکانیان بدەن و ڕیسوایان بکەن، وەکو شتێکی گەمژانە و بێ ئەنجام ڕەت دەکرایەوە. لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا، دەسەڵاتی باوان پیرۆز بوو. ڕێزگرتن لە ملکەچی بۆ باوان

شەرەفمەندانەترین بەها بوو و باوان دەیانتووانی تەقریبەن هەر شتێک کە دەیانەوێ بیکەن، لەوانەش کۆشتنی کۆرپە تازە لەدایکبووەکان، فرۆشتنی منالان بە بازرگانیی کۆیلە و بە مێرد دانی کچ بە پیاوانی دوو قاتی تەمەنیان. ئەمرۆکە، دەسەلاتی باوان لە پاشەکشێیەکی تەواو دایە. گەنجان پەیتا پەیتا لەبەرانبەر گەورەکاندا لاساری دەکەن، لەکاتێکدا کە باوان سەرکۆنە دەکرێن لەبەرانبەر هەر شتێک کە لە ژیانی منالەکەیاندا ڕووبدات. خەریکە داک و باب لە هۆڵی دادگای فرۆیدیدا دابەزن هەر بەو شێوەیەی کە تۆمەتباران لە دادگاییە نمایشییەکانی ستالینیستەکاندا ئامادە دەبوون.

کۆمەڵە وێناکراوەکان

وەکو خێزانی ناوکی، دەکرا کۆمەڵ بە ئاسانی ون ببێت بەبێ ئەوەی شوێنگرەوەیەکی هەستی هەبێ. ئەمرۆکە، بازاڕەکان و دەوڵەتەکان بەشی هەرە زۆری ئەو پێداویستییە کەرەستەییانە دابین دەکەن کە جارێک لە جاران لەلایەن کۆمەڵەکانەوە دابین کران، بەڵام دەبێ بەهەمان شێوەش پەیمانی هۆز دابین بکەن.

بازاڕەکان و دەوڵەتەکان لە ڕێگەی پەرەپێدانی (کۆمەڵە وێناکراوەکان) کە ملیۆنان غەریبە دەگرنە خۆ و بۆ پێداویستییە نەتەوەیی و بازرگانییەکان گونجێنراون، ئەمە دەکەن. کۆمەڵێکی وێناکراو کۆمەڵێکی خەڵکە کە بە ڕاستی یەکتری ناناسن، بەڵام وەها وێنا بکە کە یەکتری دەناسن. ئەم کۆمەڵانە داهێنانێکی نوێ نین. مەملەکەتەکان، ئیمپراتۆریەتەکان، کڵێساکان بۆ ماوەی چەند هەزارەیەک وەکو کۆمەڵی وێناکراو کاریان کرد. لە چینی دێرین، دەیان ملیۆن خەڵک خۆیان وەکو ئەندامانی تاکە خێزانێک بینی بەشێوەیەک کە ئیمپراتۆر باوک بوو. لە

سەدەکانی ناوەڕاستدا، ملیۆنان موسڵمانی ئیماندار وەها وێنایان کرد کە هەموویان برا و خوشکن لە کۆمەڵێکی گەورەی ئیسلامدا. لەگەڵ ئەوەشدا، بەدرێژایی مێژوو، ئەم کۆمەڵە وێناکراوانە لە چاو کۆمەڵە گەرم و گوڕەکانی دەیان کەس کە بەباشی یەکتریان ناسیووە بە پلەی دووەم ڕۆڵیان گێڕاوە. کۆمەڵە گەرم و گوڕەکان پێداویستییە هەستییەکانی ئەندامەکانیان جێبەجێ کردووە و بۆ زیندوومانەوە و خۆشگوزەرانیی هەموان جەوهەری بوون. لە دوو سەدەی ڕابردوودا، کۆمەڵە گەرم و گوڕەکان بەرەو کزی چوون، لێگەڕاون کۆمەڵە وێناکراوەکان بۆشاییەکە پڕ بکەنەوە.

گرنگترین دوو نموونە بۆ سەرهەڵدانی ئەو کۆمەڵە وێناکراوانە بریتین لە نەتەوە و هۆزی بەرخۆر. نەتەوە کۆمەڵێکی وێناکراوی دەوڵەتە. هۆزی بەرخۆر کۆمەڵێکی وێناکراوی بازاڕە. هەردووکیان کۆمەڵی وێناکراون چونکە ئەستەمە هەموو بەرخۆران لە بازاڕێکدا یان هەموو ئەندامانی نەتەوەیەک بەراستی یەکتری بناسن بەو شێوازەی دێهاتییەکان لە ڕابردوو یەکتریان دەناسی. هیچ ئەڵمانییەک ناتوانێت ٨٠ ملیۆن ئەندامەکەی تری نەتەوەی ئەڵمان بناسێت، یان ٥٠٠ ملیۆن کڕیارەکەی تر کە لە بازاڕی هاوبەشی ئەورووپیدا نیشتەجێن (کە سەرەتا لەناو کۆمەڵی ئەورووپیدا پەرەی گرت و دواجار بووە یەکێتی ئەوروپا .(

بەرخۆرگەرایی و ناسیۆنالیزم سەعاتی زیادە کار دەکەن بۆئەوەی وامان لێبکەن وا وێنا بکەین کە ملیۆنان غەریبە وەکو خۆمان سەر بەهەمان کۆمەڵن، هەموومان هەمان ڕابردووی هاوبەش، بەرژەوەندی هاوبەش و ئایندەی هاوبەشمان هەیە. ئەمە درۆ نییە. ئەمە وێنایە. وەکو پارە، کۆمپانیاکانی بەرپرسیارێتی سنووردار و مافەکانی مرۆڤ و هۆزەکانی بەرخۆریش، واقعیەتی نێوانەخودین. ئەمانە تەنیا لە وێنای

دستەجەمعیماندا بوونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا، هێزیان گەورەیە. تا ئەو جێیەی کە ملیۆنان ئەڵمانی باوەڕیان بە هەبوونی نەتەوەی ئەڵمان هەیە، بە بینینی ڕەمزە نەتەوەییەکانی ئەڵمان شاگەشکە دەبن، ئەفسانە ئەڵمانییەکان دەگێڕینەوە و ئامادەیی ئەوەیان تێدایە پارە، کات و باسک و پەلیان بکەنە قوربانیی نەتەوەی ئەڵمان، ئەوا ئەڵمانیا هەر وەکو یەکێک لە بەهێزترین هێزەکان لە جیهاندا دەمێنێتەوە.

نەتەوە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات تا کارەکتەری وێناکراوی خۆی بشارێتەوە. زۆربەی نەتەوەکان بەڵگەی ئەوەی دەهێننەوە کە ئەوان کیانی سروشتی و تاهەتایین، لە چاخێکی بەراییدا بە تێکەڵبوونی خاکی زێد لەگەڵ خوێنی خەڵکدا دروست بوون. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم جۆرە بانگەشانە زۆرجار زێدەڕۆییان تیادا کراوە. نەتەوەکان لە ڕابردووی دووردا بوونیان هەبووە، بەڵام گرنگییەکەیان زۆر بچوکتر بووە لەمڕۆ، چونکە گرنگی دەوڵەت زۆر کەمتر بووە. لەوانەبوو دانیشتوویەکی سەدەکانی ناوەڕاستی (نورمبێرگ) هەستی بە جۆرێک لە وەفاداری بکردایە بەرانبەر کۆمەڵی لۆکاڵ، کە ئاگای لە بەشی هەرە زۆری پێویستییەکانی دەبوو. سەرباری ئەمەش، نەتەوە دێرینەکان ئەگەر گرنگیش بووبن، ژمارەیەکی کەمیان مانەوە. زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە هەن، تەنیا پاش شۆڕشی پیشەسازی پەرەیان گرتووە.

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نموونەی پێویست دەخاتە ڕوو. نەتەوە سوری، لوبنانی، ئوردنی و عیراقییەکان بەرهەمی ئەو سنوورە ڕەمەکییانەن کە لەلایەن دیپلۆماتە فەرەنسی و بریتانییەکان لەناو لمدا کێشراون کە ئابووری، جیۆگرافی و مێژووی لۆکاڵیان فەرامۆش کردووە. لێرەوە، ئەم دیپلۆماتانە لە ساڵی ١٩١٨دا سوور بوون لەسەر ئەوەی کە خەڵکی کوردستان، بەغدا و بەسرە "عیراقی"ین. بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوە

فەرەنسییەکان بوون کە بڕیاریاندا کێ دەبێتە سووری و کێ دەبێتە لوبنانی. سەدام حسێن و حافز ئەسەد ئەوپەڕی هەوڵیاندا ئاگایی نەتەوەیی دەستکردی ئەنگلۆ-فەرەنسی بڕەوپێبدەن و تۆکمە بکەن، بەڵام وتارە قەبەکانیان لەبارەی بەناو نەتەوەی عیراق و نەتەوەی سوریا بێ کاریگەری بوو.

ئەوەشمان بیر بێ کە ناکرێ نەتەوەکان لەپڕێکەوە بێنە بوون. ئەوانەی کە سەرسەختانە کاریان کرد بۆ بونیادنانی عیراق یان سوریا، کەرەستەی خاوی کەلتووری، جوگرافی و مێژوویی واقعییان بەکار هێنا- کە هەندێکیان سەدەها و هەزارەها ساڵ تەمەنیانە. سەدام حسێن میراتی خەلافەتی عەباسی و ئیمپراتۆریەتی بابلی هەڵبژارد، تەنانەت یەکێک لە یەکە لێهاتووەکانی بە فیرقەی حامورابی ناودێر کرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە نەتەوەی عیراق ناگۆڕێت بۆ کیانێکی دێرین. ئەگەر من کێکێک لە ئارد، ڕۆن و شەکر دروست بکەم کە هەموویان بۆ ماوەی دوو مانگی ڕابردوو لە کۆگاکەمدا هەبووبن، ئەمە بەو مانایە نییە کە خودی کێکەکە دوو مانگ کۆنە.

لەم چەند دەیەی دواییدا، کۆمەڵە نەتەوەییەکان پەیتا پەیتا زیاتر بەو هۆزانەی کڕیار ڕووپۆش بوون کە لە نزیکەوە یەکتریان نەدەناسی بەڵام هەمان بەرژەوەندی و خووی بەرخۆرییان هەیە و بۆیە هەست دەکەن بەشێکن لە هەمان هۆزی بەرخۆر-و خۆیان وەها پێناسە دەکەن. ئەمە زۆر نامۆ دیارە، بەڵام ئێمە نموونەمان زۆرە. بۆنموونە، هەوادارانی مادۆنا، هۆزێکی بەرخۆر پێکدەهێنن. ئەوان بەشێوەیەکی سەرەکی خۆیان بە کڕین پێناسە دەکەن. ئەوان تیکت، سی دی، پۆستەر، شێرت و ڕینگتۆنی مادۆنا دەکڕن. هەوادارانی مانچێستەر یونایتد، سەوزەگەراکان و ژینگەخوازەکان نموونەی ترن. ئەوانیش لەسەروو هەموو شتێکەوە، بەو

شتەی کە بەکاری دەهێنن پێناسە دەکرێن. ئەمە بناغەی شوناسیانە. دەشێ سەوزەخۆرێکی ئەڵمانی پێی باشتر بێ هاوسەرگیری لەگەڵ سەوزەخۆرێکی فەرەنسی بکات نەک گۆشت خۆرێکی ئەڵمانی.

جوڵەی بەردەوام

شۆڕشەکانی دوو سەدەی ڕابردوو ئەوەندە خێرا و ڕادیکاڵ بوون کە بنەڕەتیترین تایبەتمەندیی سیستەمی کۆمەڵایەتییان گۆڕیووە. بەشێوەیەکی نەریتی، سیستەمی کۆمەڵایەتی سەخت و ڕەق بووە. "سیستەم" ئاماژە بووە بە سەقامگیری و بەردەوامی. شۆڕشە کۆمەڵایەتییە خێراکان، ناوازە بوون، و زۆربەی وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان لە کەڵەکەبوونی هەنگاوی بچوکی بێشومارەوە پەیدا بوون. مرۆڤەکان وایانداەنا کە بونیادی کۆمەڵایەتی ڕەق و نەگۆڕە. لەوانەیە خێزانەکان و کۆمەڵەکان کۆشش بکەن بۆ گۆڕینی شوێنیان لەناو سیستەمەکەدا، بەڵام بیرۆکەی ئەمەی کە تۆ دەتووانیت بونیادی ڕیشەیی سیستەمەکە بگۆڕیت، نامۆیە. خەڵکی خۆیان لەگەڵ دۆخی هەنوکەییدا ئاشت دەکەنەوە، ڕایدەگەیەنن کە (هەمیشە هەر بەو شێوەیەیە بووە، و هەر بەو شێوەیەش دەبێ).

بەدرێژایی دوو سەدەی ڕابردوو، ڕێتمی گۆڕان ئەوەندە خێرایی وەرگرت کە سیستەمی کۆمەڵایەتی سروشتێکی داینامیک و کشۆکی وەرگرت. ئێستا لە دۆخێکی هەڵبەزودابەزی جێگیردایە. کاتێک ئێمە باس لە شۆڕشە مۆدێرنەکان دەکەین ئەوا بیر لە ١٧٨٩ (شۆڕشی فەرەنسی)، ١٨٤٨ (شۆڕشە لیبرالەکان)، یان ١٩١٧ (شۆڕشی ئۆکتۆبەر) دەکەینەوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە، لەم ڕۆژگارەدا، هەموو ساڵێک شۆڕشگێڕانەیە. ئەمڕۆکە، تەنانەت کەسێکی سی ساڵی دەتووانێ بە

ڕاشکاوانە بە هەرزەکارانی باوەڕنەکەر بڵێت (کاتێک من گەنج بووم، جیهان تەواو جیاواز بوو). بۆ نموونە، ئینتەرنێت تەنیا لە سەرەتاکانی ١٩٩٠ەکاندا بەشێوەیەکی بەرفراوان بەکارهات. ئەمڕۆکە ئێمە ناتوانین وێنای جیهان بکەین بەبێ ئینتەرنێت.

لێرەوە، هەر هەوڵێک بۆ پێناسەکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن نزیکە لە پێناسەیەکی گۆڕاو. تاکە تایبەتمەندییەک کە دەتوانین لێی دڵنیا بین گۆڕانێکی بێوچانە. خەڵکی لەگەڵ ئەمە ڕاهاتوون و زۆربەمان وەکو شتێکی کشۆک بیر لە سیستەمی کۆمەڵایەتی دەکەینەوە، سیستەمێک کە دەتوانێت هەرچۆنێ بێت دیزاین ببێت و باش ببێت. بەڵێنی سەرەکی فەرمانڕەوایانی پێش مۆدێرن بریتی بوو لە پارێزگاری لە سیستەمی نەریتی یان تەنانەت گەڕانەوە بۆ چاخێک لە چاخە ئاڵتوونییەکان. لە دوو سەدەی ڕابردوودا، تایبەتمەندی سیاسەت ئەوەیە کە بەڵێنی وێرانکردنی جیهانی کۆن و بونیادنانی جیهانی باشتر لە شوێنی، دەدات. نەک تەنیا پارێزکارترین حزبی سیاسی سوێند دەخوات کە شتەکان وەک خۆی بهێڵێتەوە، بەڵکو هەمووان بەڵێنی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی، ڕیفۆرمی پەروەردەیی، ڕیفۆرمی ئابووری دەدەن-و زۆرجاریش بەڵێنەکان جێبەجێ دەکەن.

هەروەکو چۆن جیۆلۆجیستەکان پێشبینی ئەوە دەکەن کە جوڵە تەکتۆنییەکان زەمین لەرزە و هەڵچوونە بورکانییەکانی لێدەکەوێتەوە، بەهەمان شێوە دەشێ پێشبینی ئەوە بکەین کە جوڵە کۆمەڵایەتییە تونەکان توندوتیژی خوێناوییان لێ دەردەچێت. مێژووی سیاسی سەدەکانی نۆزدە و بیست زۆرجار وەکو زنجیرەیەک جەنگی کوشندە، هۆلۆکۆست و شۆڕش گێرەدراونەتەوە. وەکو منالێک کە جوتێک پوتی نوێی لە پێیە و لە گۆماوێکەوە باز دەداتە گۆماوێکی تر، ئەم تێڕوانینە

مێژوو وەکو بازی بۆق ئاسا لە خوێناوێکەوە بۆ خوێناوێکی تر، لە یەکەم جەنگی جیهانییەوە بۆ جەنگی سارد، لە جینۆسایدی جولەکەوە بۆ جینۆسایدی ڕواندا، لە ڕۆبسپێرەوە بۆ لینین و بۆ هیتلەر دەبینێت.

ڕاستییەک لێرەدا هەیە، بەڵام لیستی ئەو هەموو کارەساتە ئاشنایە بەشێوەیەک لە شێوەکان گومڕاکەرە. ئێمە تەرکیزی زۆر دەخەینە سەر گۆماوەکان و ئەو وشکانییەمان لەبیر دەچێتەوە کە جیایان دەکاتەوە. سەردەمی مۆدێرنی درەنگ ئاستی بێ پێشینەی بەخۆیەوە بینیووە نەک هی تووندوتیژی و تۆقین، بەڵکو هی ئاشتی و سەقامگیریش. چارلز دیکنز لەبارەی شۆڕشی فەرەنسییەوە نووسی (باشترینی سەردەمەکان بوو، خراپترینی سەردەمەکان بوو). لەوانەیە ئەمە نەک تەنیا لەبارەی شۆڕشی فەرەنسییەوە بەڵکو لەبارەی سەرانسەری ئەو سەردەمەش ڕاست بێ کە لێیەوە دەستی پێکرد.

ئەمە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ئەو حەوت دەیەیە ڕاستە کە تاوەکو کۆتایی دووەم جەنگی جیهانی درێژەی کێشا. لەم ماوەیەدا، مرۆڤایەتی بۆ یەکەمین جار ڕووبەڕووی ئەگەری خۆوێرانکردنی تەواوەتی بووەتەوە و ئەزموونی ژمارەیەکی باشی جینۆساید و جەنگە ڕاستەقینەکانی کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم دەیانە بەهەمان شێوە ئارامترین سەردەم بوون لە مێژووی مرۆڤدا- و تا ئاستێکی فراوانیش. ئەمە جێی سەرسوڕمانە چونکە هەر ئەم دەیانە گۆڕانی زیاتری ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییان لەچاو هەر سەردەمێکی پێشوودا ئەزموون کرد. ئەم پلێتە تەکتۆنییانەی مێژوو بە ڕیتمێکی ترسێنەر لە جوڵەدان، بەڵام بوڕکانەکان بەشی هەرە زۆریان کپن. پێدەچێت سیستەمە لاستیکییە نوێکە بتووانێت گۆڕانە

بونیادییە ڕادیکاڵەکان بگرێتە خۆ و تەنەنات زەمینەیان بۆ خۆش بکات بەبێ ئەوەی دارمێت بۆ ململانێ توندوتیژەکان.

ئاشتی لە سەردەمی ئێمەدا

زۆربەی خەڵکی پێ نازانن کە ئەو سەردەمەی ئێمە تیایدا دەژین چەنێک ئارامە. هەزار ساڵێک لەمەوبەر هیچ کامێک لە ئێمە زیندوو نەدەما، بۆیە بە ئاسانی بیرمان دەچێت کە جیهان چەنێک توندوتیژانەتر بووە. لەکاتێکیشدا کە جەنگەکان دەگمەنتر دەبن، سەرنجی زۆرتر ڕادەکێشن. خەڵکێکی زۆرتر و زۆرتر لەمڕۆدا بیر لە جەنگەکانی ئەفغانستان و عیراق دەکەنەوە نەک لەبارەی ئەو ئاشتییەی زۆربەی بەرازیلییەکان و هیندییەکان تیایدا دەژین.

تەنانەت لەوەش گرنگتر، ئاسانترە ئاگاداری ئێشی تاکەکان بیت نەک سەرتاپای دانیشتووانەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ تێگەیشتن لە پرۆسە سەراپاییەکانی مێژوو، پێویستمان بە پشکنینی ئاماری گەورە هەیە نەک چیرۆکە تاکەکەسییەکان. لە ساڵی ٢٠٠٠دا، جەنگەکان بوونە هۆی مردنی ٣١٠،٠٠٠ تاکەکەس، و تاوانی توندوتیژی، کوژرانی ٥٢٠،٠٠٠ کەسی لێکەوتەوە. هەریەک لە قوربانییەکان، وێرانبوونی جیهانێکە، تێکدانی خێزانێکە، هاوڕێ و خزمان بەدرێژایی ژیان بریندار دەبن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕوانگەیەکی هەمەکییەوە، ئەم ٨٣٠،٠٠٠ قوربانییانە تەنیا ١،٥%ی ئەو ٥٦ ملیۆن کەسەی پێکدەهێنا کە لە ساڵی ٢٠٠٠دا مردن. ئەو ساڵە ١،٢٦ ملیۆن کەس لە ڕووداوەکانی ئۆتۆمبێلدا مردن (٢،٢٥%ی کۆی ڕێژەی مردن) و ٨١٥،٠٠٠ کەس خۆیان کوشت (١،٤٥%ی کۆی ڕێژەی مردن).

ژمارەکان لە ٢٠٠٢دا تەنانەت زۆرتریش جێی سەرنج بوون. لە ٥٧ ملیۆن مردوو، تەنیا ١٧٢،٠٠٠ کەس لە جەنگدا و ٥٦٩،٠٠٠ کەس لە تاوانی تۆندوتیژیدا مردوون (کۆی ٧٤١،٠٠٠ قوربانیی تۆندوتیژیی مرۆیی). کەچی، ٨٧٣،٠٠٠ کەس کردەوەی خۆکوژییان ئەنجام داوە. دەردەکەوێت کە سالّی دوای هێرشەکانی ١١ی سێپتێمبەر، سەربای هەموو ئەو قسانەی لەبارەی تیرۆریزم و جەنگ دەکرێن، ئەگەری ئەوە زیاتر بووە تێکڕای هەر کەسێک خۆی بکوژێت نەک لەلایەن تیرۆریستێک، سەربازێک و مامەڵەکارێکی مادەی هۆشبەر بکوژرێت.

لە زۆربەی بەشەکانی جیهاندا، خەڵکی بەبێ ترس لەوەی لە ناوەڕاستی شەودا هۆزێکی دراوسێ دەوری گوندەکەیان بگرێت و هەمووان بکوژێ، دەخەون. هاوڵاتییە کامەرانەکانی بریتانیا ڕۆژانە لە نۆتینگهامەوە بە دارستانی (شێرود)دا بەرەو لەندەن سەفەر دەکەن بەبێ ئەوەی کە ترسی ئەوەیان هەبێت تاقمێکی چەتە بۆسەیان بۆ بنێنەوە و پارەکەیان ببەن بۆ هەژاران (یان بە ئەگەرێکی زیاتر، بیانکوژن و پارەکەیان بۆ خۆیان ببەن). قوتابیان هیچ سزایەک لە مامۆستایان قبوڵ ناکەن، پێویست ناکات منداڵان ترسی ئەوەیان هەبێ کە بفڕۆشرێنە کۆیلەچییەکان کاتێک دایک و باوکانیان نەتووانن بژێویان دابین بکەن و ژنان دەزانن یاسا ڕێگرە لەوەی مێردەکانیان لێیان بدەن و ناچاریان بکەن لە ماڵدا بمێننەوە. لە سەرانسەری جیهاندا، پەیتا پەیتا زیاتر ئەم چاوەڕوانییانە بەرجەستە دەبن.

ئاوابوونی تودوتیژی بەشی هەرە زۆری بەهۆی سەرهەڵدانی دەوڵەتەوە بووە. بەدرێژایی مێژوو، زۆربەی تۆندوتیژییەکان لە ناکۆکییە لۆکاڵەکانەوە لەنێوان خێزانەکان و کۆمەڵەکاندا سەرچاوەی گرتووە. (تەنانەت ئەمڕۆکە، لەکاتێکدا کە ژمارەکانی سەرەوە پیشانی دەدەن،

تاوانی لۆکاڵ هەڕەشەیەکی زۆر کوشندەترە لە جەنگە نێودەوڵەتییەکان). هەروەکو ئێمە بینیوومانە، جوتیارەکانی زوو، کە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی گەورەتریان لە کۆمەڵی لۆکاڵ نەدەناسی، تووشی توندوتیژییەکی بەربڵاو دەهاتن. لەکاتێکدا کە مەملەکەتەکان و ئیمپراتۆریەتەکان بەهێزتر بوون، ئەوان لە کۆمەڵەکاندا باڵاتر بوون و ئاستی توندوتیژی دابەزی. لە مەملەکەتە لە سەنتەر داماڵراوەکانی ئەورووپای ناوەڕاست، ساڵانە لە هەر ١٠٠،٠٠٠ کەس نزیکەی بیست بۆ چل کەس دەکوژران. لەم دەیانەی دواییدا، کاتێک دەوڵەتان و بازاڕەکان تەواو بەهێز ببوون و کۆمەڵەکان ون ببوون، ڕێژەکانی توندوتیژی تەنانەت زیاتریش دابەزیبوون. ئەمڕۆکە تێکڕای جیهانی، تەنیا نۆ کوژراوە بۆ هەر ١٠٠،٠٠٠ کەس لە ساڵێکدا و زۆربەی ئەم کوشتنانە لە دەوڵەتانی لاوازی وەکو سۆماڵ و کۆلۆمبیا ڕووەدەن. لە دەوڵەتانی بەسەنتەر بووی وەکو ئەورووپا، تێکڕاییەکە بریتییە لە یەک کوژراو بۆ هەر ١٠٠،٠٠٠ کەس لە ساڵێکدا.

بە دڵنیاییەوە حاڵەت هەن تیایاندا دەوڵەتان هێزی خۆیان بەکار دێنن بۆ کوشتنی هاوڵاتیانی خۆیان و ئەمانە زۆرجار لە یادەوەری و ترسی ئێمەدا گەورە دەنوێنن. لەماوەی سەدەی بیستەمدا، دەیان ملیۆن ئەگەر نەڵێین سەدان ملیۆن کەس لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی دەوڵەتانی خۆیانەوە کوژراون. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕوانگەیەکی فراوانەوە، لەوانەیە دادگا و هێزەکانی پۆلیسی بەڕێوەبراو لەلایەن دەوڵەت ئاستی ئاسایشیان لە سەرانسەری جیهاندا زیاد کردبێت. تەنانەت لە دیکتاتۆریەتە سەرکوتگەرەکاندا بە بەراورد بە کۆمەڵگە پێش مۆدێرنەکان، ئەگەرێکی زۆر کەم هەیە تێکڕای کەسێکی مۆدێرن لەسەر دەستی کەسێکی تر بمرێت. لە ساڵی ١٩٦٤دا، دیکتاتۆریەتێکی سەربازی لە

بەرازیل بونیاد نرا. ئەم دیکتاتۆریەتە تاوەکو ساڵی ١٩٨٥ حوکمی وڵاتی کرد. لەماوەی ئەم بیست ساڵەدا، چەند هەزار بەرازیلییەک لەلایەن ڕژێمەکەوە لەنێو بران. هەزارانی تریش زیندانی کران و ئەشکەنجە دران. لەگەڵ ئەوەشدا، تەنانەت لە خراپترین ساڵەکاندا، تێکڕای هەر بەرازیلییەک لە (ڕیۆ دی جانێرۆ) بە ئەگەرێکی کەمتر لەسەر دەستی مرۆڤێک دەمرد بە بەراورد بە تێکڕای هەر (ۆرانی)، (ئاراویت)ی یان (یانۆمامۆ)یەک. (ۆرانی)، (ئاراویت)ی و (یانۆمامۆ)یەکان ئەو خەڵکە ڕەسەنەن کە لە قوڵاییەکانی دارستانی ئەمازۆن بەبێ سوپا، پۆلیس یان زیندانەکان دەژین. تۆێژینەوە ئەنترۆپۆلۆژییەکان دەریانخستووە کە لەنێوان چارەک بۆ نیوەی پیاوەکانیان زوو یان درەنگ لە ململانێ تووندوتیژەکان لەسەر هەژاری، ژنان یان پێگەوپایە گیان لەدەست دەدەن.

خانەنشینی ئیمپریالی

لەوانەیە جێی مشتومڕ بێت ئاخۆ لە ساڵی ١٩٤٥ەوە تووندوتیژی لەناو دەوڵەتاندا کەمیکردووە یان زیادیکردووە. ئەو شتەی کە کەس ناتووانێ نکوڵی لێ بکات ئەوەیە کە تووندوتیژی نێودەوڵەتی دابەزیووە بۆ کەمترین ئاست. لەوانەیە ڕوونترین نموونە دارمانی ئیمپراتۆریەتەکانی ئەورووپا بێت. بەدرێژایی مێژوو ئیمپراتۆریەتەکان بە مشتەکۆڵەی ئاسنین یاخیگەرییەکانیان تەفروتونا کردووە و کاتێک ڕۆژی هاتووە، ئیمپراتۆریەتێکی ڕووڵە نغرۆبوون هەموو تواناکەی بەکار هێناوە بۆ خۆڕزگارکردنی، زۆرجاریش دارماوەتە ناو حەوزێکی خوێناو. زۆرجار دواین هەرەسی ئاژاوە و جەنگەکانی جێگرتنەوەی لێکەوتووەتەوە. لە ١٩٤٥ەوە، زۆربەی ئیمپراتۆریەتەکان، خانەنشینییەکی زووی ئاشتیانەیان

هەڵبژاردووە. پرۆسەی دارمانیان بووەتە پرۆسەیەکی تا ڕادەیەک خێرا، کپ و سیستەماتیک.

لە ساڵی ١٩٤٥دا، بریتانیا حوکمی چارەکێکی جیهانی کرد. سی ساڵ دواتر تەنیا فەرمانڕەوایەتی چەند دوورگەیەکی بچوکی دەکرد. لە دەیە ناوبڕەکاندا بە شێوازێکی ئاشتیانە و سیستەماتیک لە بەشی هەرە زۆری کۆلۆنییەکانی کشایەوە. هەرچەندە لە هەندێ شوێنی وەکو مالایا و کینیا دا بریتانیا هەوڵیدا بە زەبری چەک بەردەوام بێت، لە زۆربەی شوێنەکاندا بە ئاە هەڵکێشانێکەوە نەک بە هەڵچوونەوە کۆتایی ئیمپراتۆریەتەکەیان قبوڵ کرد. ئەوان هەوڵەکانیان نەک لەسەر هێزی بەدەستهێنانەوە، بەڵکو لەسەر ئەوپەڕی گواستنەوەی هێورانە چڕ کردەوە. زۆرجار لانی کەم بەشێکی ئەو دەستخۆشییەی ئاراستەی مەهاتما گاندی دەکرێت لەبەرانبەر بیروباوەڕی ناتوندوتیژیانەدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئیمپراتۆریەتی بریتانی. سەرباری سالانێکی زۆری ململانێی تاڵ و زۆرجار توندوتیژانە، ئەو کاتەی ئیمپراتۆریەتەکە گەیشتە کۆتایی، پێویستی نەکرد هیندییەکان لەسەر شەقامەکانی دێلهی و کەلکەتا بجەنگن. شوێنی ئیمپراتۆریەتەکە لەلایەن ژمارەیەکی زۆری دەوڵەتانی سەربەخۆ پڕ کرایەوە کە زۆربەیان لەو سەروەختەوە سنووری سەقامگیریان هەیە و بەشێوەیەکی سەرەکی، شانبەشانی دراوسێکانیان لەئارامیدا ژیاون. ڕاستە، دەیان هەزار کەس لەسەر دەستی ئیمپراتۆریەتی بریتانیی ڕووبەناوچوون مردن و لە چەند شوێنێکدا، پاشەکشەکەی سەریکێشا بۆ سەرهەڵدانی ئەو ململانێ ئەتنییانەی مەرگی سەدان هەزار کەسی لێکەوتەوە (بەتایبەت لە هیندستان). لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک بە تێکڕای مێژوویی دوورمەودا بەراورد بکرێت، پاشەکشەی بریتانی، نموونەیەکی ئاشتی و سەقامگیری بوو.

ئیمپراتۆریەتی فەرەنسی سەرسەختتر بوو. دارمانەکەی، لە ڤیتنام و جەزائیردا پەرچەکرداری کشانەوەی لەگەڵدا بوو کە مەرگی سەدان هەزاران کەسی بەدواوە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا، فەرەنسییەکانیش بەخێرایی و بە ئاشتیانە لە پاشماوەی ناوچەکانی کۆنترۆڵیان کشانەوە و دەوڵەتی ئارام نەک شێواویان لەدوای خۆیان جێ هێشت.

دارمانی سۆڤیەت لە ١٩٨٩دا تەنانەت ئاشتیانەتر بوو، سەرباری سەرهەڵدانی شەڕی ئەتنی لە بەلکان، قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست. پێشتر هیچ ئیمپراتۆریەتێکی بەتوانا ئەوەندە خێرا و بێدەنگ بزر نەبووە. ئیمپراتۆریەتی سۆڤیەتی ١٩٨٩ جگە لە ئەفغانستان، تووشی هیچ شکستێکی سەربازی، هیچ داگیرکارییەکی دەرەکی، هیچ یاخیگەرییەک، هیچ هەڵمەتێکی بەرفراوانی لاساریی مەدەنی لە شێوەی مارتن لوتەر کینگ نەببوو. سۆڤیەتییەکان هێشتا ملیۆنان سەرباز، دەیان هەزار تانک و فڕۆکە و بایی پێویست چەکی ناوکییان هەبوو بۆ ڕامالینی تەواوی مرۆڤایەتی لە چەند جارێکدا. سوپای سوور و سوپاکانی تری پەیمانی وارشۆ هەر وەفادار مانەوە. ئەگەر دوا فەرمانڕەوای سۆڤێت، میخایل گورباچۆڤ، فەرمانی بدایە، ئەوا سوپای سور تەقەی لە خەلکی ژێر کۆنترۆڵیان دەکرد.

لەگەڵ ئەوەشدا، دەستەبژێری سۆڤێت و ڕژێمە کۆمەنیستەکان لەرێگەی زۆربەی بەشی ئەورووپای خۆرهەڵات (جگە لە ڕۆمانیا و سڕبیا) بڕیاریاندا تەنانەت بڕگەیەکی بچوکی هێزی سەربازیش بەکارنەهێنن. کاتێک ئەندامەکانی درکیان بەوە کرد کە کۆمەنیزم مایەپوچە، دەستبەرداری هێز بوون، دانیان بە شکستیاندا نا، بارگە و پریاسکەیان پێچایەوە و چوونە ماڵەوە. گۆرباچۆڤ و هاوەڵەکانی بەبێ ململانێ نەک تەنیا داگیرکارییەکانی سۆڤێتی دووەم جەنگی جیهانی، بەڵکو

دەستبەرداری وڵاتگیرییە کۆنە تزارییەکانی بەڵتیک، ئۆکرانیا، قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاستیش بوون. تەزوو بە لەشماندا دێت کاتێک لەوە ڕادەمێنین ئاخۆچی ڕوویبدایە ئەگەر گۆرباچۆف وەکو سەرکردایەتی سڕبی ڕەفتاری بکردایە- یان وەکو فەرەنسا یان جەزائیر.

پاکس نەتۆمیکا

دەوڵەتانی سەربەخۆ کە پاش ئەم ئیمپراتۆریەتانە هاتن بەشێوەیەکی بەرچاو لالوت بوون لە جەنگ. جگە لە چەند حاڵەتێکی زۆر کەم، لە ساڵی ١٩٤٥ەوە دەوڵەتان چیتر دەوڵەتانی تریان داگیر نەکرد بۆئەوەی کۆنترۆڵی بکەن و هەڵیلوشن. ئەم وڵاتگیرییانە، هەر لە کاتی لەیادچووەوە پێخۆری مێژووی سیاسی بوون. بەو شێوەیە بوو کە زۆربەی ئیمپراتۆریەتە مەزنەکان بونیاد نران و زۆربەی فەرمانڕەوایان و دانیشتووانەکان پێشبینی مانەوەی شتەکانیان کرد. بەڵام هەڵمەتەکانی وڵاتگیریی وەکو ئەوەی ڕۆمانەکان، مەنگۆلەکان و لەمڕۆدا ناتووانن لە هیچ کوێیەکی جیهان ڕووبدەن. لە ساڵی ١٩٤٥ەوە، هیچ وڵاتێکی سەربەخۆی دانپیانراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە نەگیراوە و لەسەر نەخشە نەسڕاوەتەوە. جەنگە نێودەوڵەتییە سنووردارەکان هێشتا ناوبەناو ڕووەدەن و هێشتا ملیۆنان کەس لە جەنگەکاندا دەمردن، بەڵام جەنگەکان چیتر باو نین.

زۆرێک لە خەڵکی بڕوایان وایە کە ونبوونی جەنگی نێودەوڵەتی، تایبەتمەندی دیموکراسیە دەوڵەمەندەکانی خۆرئاوای ئەورووپایە. لە ڕاستیدا، ئاشتی پاش ئەوەی لە ناوچەکانی تردا بەرقەرار بوو گەیشتە ئەورووپا. بەمشێوەیە دواییین جەنگی نێودەوڵەتیی جدی لەنێوان وڵاتانی ئەمریکای باشوور بریتی بوو لە جەنگی ١٩٤١ی پێرۆ-ئیکوادۆر و جەنگی

بۆلیڤیا-پاراگوای ی ۱۹۳۲-۱۹۳۵. پێش ئەوەش لە ۱۸۷۹- ۱۸۸٤دا جەنگێکی جدی لەنێوان وڵاتانی ئەمریکای باشوور لەگەڵ چیلی لەلایەکەوە و بۆلیڤیا و پیرۆ لەلایەکی ترەوە نەبووە.

ئێمە بە دەگمەن وەکو شۆنێکی بەشێوەیەکی دیاریکراو ئارام بیر لە جیهانی عەرەبی دەکەینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەتەی وڵاتانی عەرەبی سەربەخۆییان بەدەست هێناوە تەنیا یەک جار یەکێکیان بەشێوەیەکی بەرفراوان یەکێکی تری داگیر کرد (داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عیراقەوە لە ۱۹۹۰دا). ژمارەیەکی زۆر کەم پێکدادانی سەر سنوور هەبوون (بۆ نموونە، سوریا لەدژی ئوردن لە ساڵی ۱۹۷۰)، زۆر دەستێوەردانی چەکداری هەبوون لەلایەن یەکێکیان لەدژی ئەوێتریان (بۆ نموونە، سوریا لە لوبنان)، چەندەها جەنگی نێوخۆ هەبوون (بەزائیر، یەمەن، لیبیا) و کودەتا و ڕاپەڕینی بێشومار هەبوون. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ جەنگێکی نێودەوڵەتی لەنێوان دەوڵەتانی عەرەبی بەرفراوان لەئارادا نەبووە جگە لە جەنگی کەنداو. تەنانەت فراوانکردنی مەوداکە بۆ گرتنەخۆی سەرتاپای جیهانی موسڵمان تەنیا نموونەیەکە، جەنگی ئێران-عیراق. جەنگی تورکیا-ئێران، جەنگی پاکستان-ئەفغانستان، یان جەنگی ئیندۆنیزیا-مالیزیا ڕووینەداوە.

لە ئەفریقا شتەکان زۆر کەمتر مژدەبەخشن. بەڵام تەنانەت لەوێش، زۆربەی ململانێکان شەڕی ناوخۆ و کودەتان. ئەوەتەی دەوڵەتانی ئەفریقی لە ۱۹٦۰کان و ۱۹۷۰کاندا سەربەخۆییان بەدەست هێناوە، ژمارەیەکی زۆر کەمی وڵاتان بە هیوای کۆنترۆلکردن، ئەوێتریان داگیر کردووە.

پێشتر هەندێ ماوەی ڕێژەیی هێمن هەبوون، بۆ نموونە لە ئەوروپا لەنێوان ۱۸۷۱ و ۱۹۱٤ و ئەم ماوانە هەمیشە کۆتاییەکی خراپیان هەبووە.

بەڵام ئەم جارە جیاوازە. چونکە ئاشتییەکی ڕاستەقینە تەنیا نەبوونی جەنگ نییە. ئاشتی ڕاستەقینە نەبوونی ئەگەری جەنگە. قەت ئاشتی ڕاستەقینە لە جیهاندا نەبووە. لەنێوان ١٨٧١ و ١٩١٤دا، جەنگێکی ئەوروپی وەکو ئەگەرێکی مومکین مایەوە و پێشبینی جەنگ بیرکردنەوەی سوپاکان، سیاسییەکان و هاوڵاتییانی ئاسایی داگیر کرد. ئەم ترسە بۆ هەموو ماوەیەکی ئاشتییانەی تر لە مێژوودا ڕاست بوو. یاسایەکی ئاسنینی سیاسەتی نێودەوڵەتی ڕایگەیاند (بۆ هەردوو کیانێکی نزیک، سیناریۆیەکی مومکین هەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی لەماوەی ساڵێکدا لەدژی یەکتری بجەنگن). ئەم یاسایەی جەنگەل لەدوادواکانی سەدەی نۆزدەی ئەوروپا، سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا، لە چینی دێرین و یۆنانی کلاسیکدا کرداری بوو. ئەگەر سپارتا و ئەسینا لە ٤٥٠ی پێش زایینداا ئاشت بوونایە، سیناریۆیەکی مومکین هەبوو کە ئەوان تاوەکو ٤٤٩ لە جەنگدا دەبوون.

ئەمڕۆکە مرۆڤایەتی یاسای جەنگەڵی شکاندووە. دواجار نەک تەنیا ونبوونی جەنگ، بەڵکو ئاشتی ڕاستەقینە هەیە. بەڵای زۆربەی کیانەکانەوە، سیناریۆیەکی مومکین بوونی نییە کە سەر بکێشێت بۆ شەڕی سەراپاگیر لەماوەی ساڵێکدا. چ شتێک دەشێ سەربکێشێت بۆ جەنگ لەنێوان ئەڵمانیا و فەرەنسا لە ساڵی داهاتوودا؟ یان لەنێوان چین و ژاپۆندا؟ یان لەنێوان بەرازیل و ئەرجەنتینداا؟ لەوانەیە شەڕێکی بچوکی سەر سنوور ڕووبدات، بەڵام تەنیا سیناریۆیەکی قیامەت ئاسای ڕاستەقینە دەتوانێ ببێتە هۆی جەنگێکی سەراپاگیر لەنێوان بەرازیل و ئەرجەنتین بەجۆرێک کە فیرقە زرێ پۆشەکانی ئەرجەنتین بچنە ناو دەروازەکانی ڕیۆ و فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی بەرازیل ناوچەکانی بینۆس ئایرس بۆردومان بکەن. دەشێ هێشتا ئەو جەنگانە لەنێوان چەند جوتە

ولاتێکدا ڕووبدەن، بۆ نموونە ئیسرائیل و سوریا، ئەسیوپیا و ئەریتریا، یان ئەمریکا و ئێران، بەڵام ئەمانە تاکە حاڵەتی ناوازەن کە ڕێساکە دەسەلمێنن.

هەڵبەت دەشێ ئەم بارودۆخە لە ئایندەدا بگۆڕێت و لە ڕوانگەی دەرەنجامەکەیەوە، جیهانی ئەمڕۆ تەواو ساویلکانە بێتە پێش چاو. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕوانگەی مێژوویییەوە، ساویلکەیی ئێمە مایەی سەرنجە. پێشتر قەت ئاشتی ئەوەندە زاڵ نەبووە کە خەڵکی تەنانەت نەتووانن وێنای جەنگ بکەن.

لێکۆڵەران لە چەندەها کتێب و وتاردا خوازیاری ڕوونکردنەوەی ئەم بەرەوپێشچوونە دڵخۆشکەرە بوون و ژمارەیەک فاکتەری کاریگەریان ناسیووەتەوە. یەکەم و پێش هەموو شتێک، نرخی جەنگ بەشێوەیەکی دراماتیکی بەرز بووەتەوە. خەڵاتێکی نۆبڵی ئاشتی کە کۆتایی بە هەموو خەڵاتەکانی ئاشتی بێنێت بەخشراوەتە (ڕۆبەرت ئۆپنهایمەر) و هاوەڵە ئەندازیارەکانی بۆمبی ئەتۆمی. چەکە ناوکییەکان جەنگی نێوان زلهێزەکانی گۆڕیووە بۆ خۆکوژییەکی دەستەجەمعی و خواستی بااڵدەستبوونی بەسەر جیهاندا لە ڕێگەی هێزی چەکەوە ئەستەم کردووە.

دووەم، لەکاتێکدا کە نرخی جەنگ بەرز بووەتەوە، قازانجەکانی کز بوون. لە بەشی هەرە زۆری مێژوودا، کیانەکان توانیان لە ڕێگەی تااڵنی یان بەپاشکۆکردنی خاکی دوژمن خۆیان دەوڵەمەند بکەن. زۆربەی سامانەکە بریتی بوو لە کێڵگەکان، گارانەکان، کۆیلە و ئاڵتون، بۆیە تااڵنکردن یان دەست بەسەرداگرتنی ئاسان بوو. ئەمڕۆکە، سامان بەزۆری پێکدێت لە سەرمایەی مرۆیی، شارەزایەتی تەکنیکی و

ستره‌کتۆری کۆمه‌ڵایه‌تی-ئابووری ئاڵۆزی وه‌کو بانکه‌کان. سه‌ره‌نجام، قورسه هه‌ڵیگریت یان بیخه‌یته سه‌ر خاکی وڵاتێکی تر.

کالیفۆرنیا له‌به‌رچاو بگره. سامانه‌که‌ی هه‌ر له‌سه‌ره‌تاوه له‌سه‌ر کانه‌کانی ئاڵتون بونیاد نراوه. به‌ڵام ئه‌مڕۆکه له‌سه‌ر بنه‌مای سلیکۆن و سێلولۆید بونیاد نراوه- دۆڵی سلیکۆن و گرده‌کانی سێلیلۆیدی هۆڵیوود. چی ڕوویده‌دا ئه‌گه‌ر چینییه‌کان هه‌ڵمه‌تێکی سه‌ربازیی داگیرکاریان هه‌ڵبکوتایه‌ته سه‌ر کالیفۆرنیا، ملیۆنان سه‌ربازیان له‌سه‌ر که‌ناره‌کانی سان فرانسیسکۆ جێگیر بکردایه و به‌ره‌و ناوه‌وه پێشڕه‌ویان بکردایه؟ ئه‌وان ده‌ستکه‌وتێکی که‌میان ده‌بوو. هیچ کانێکی سلیکۆن له دۆڵی سلیکۆن بوونیان نییه. سامانه‌که له مێشکی ئه‌ندازیارانی گوگڵ و دکتۆرانی تێکسته‌کانی هۆڵیوود، ده‌رهێنه‌ران و جادووگه‌رانی کاریگه‌رییه تایبه‌ته‌کانی ده‌نگ و ڕووناکیدایه که زۆر پێش ئه‌وه‌ی تانکه‌کانی چین بگه‌نه شه‌قامی (سه‌نسێت)، به یه‌کەم فڕۆکه به‌ره‌و به‌نگاڵۆر یان مومبای ده‌که‌ونه ڕێ. شتێکی ڕێکه‌وت نییه که چه‌ند جه‌نگێکی نێوده‌وڵه‌تی سه‌راپاگیری که‌م که هێشتا له جیهاندا ڕووده‌دەن، وه‌کو داگیرکردنی کوه‌یت له‌لایه‌ن عیراق، له‌و شوێنانه‌ن که تیایاندا سامان که‌ره‌سته‌یه‌کی به‌سه‌رچووه. شێخه‌کانی کوه‌یت ده‌یانتووانی ڕابکه‌نه ده‌ره‌وه‌ی وڵات، به‌ڵام کێڵگه‌کانی نه‌وت هه‌ر جێگیر بوون و داگیر کران.

له‌کاتێکدا که جه‌نگ قازانجی که‌متر بووه‌وه، ئاشتی له‌هه‌موو کاتێکی تر سه‌رنجڕاکێشتر بوو. له ئابوورییه کشتوکاڵییه نه‌ریتییه‌کاندا، بازرگانی دوور و وه‌به‌رهێنانی ده‌ره‌کی، شتی لابه‌لا بوون. ئه‌گه‌ر، بۆ نموونه، له ساڵی ١٤٠٠دا ئینگلته‌ره و فه‌ره‌نسا ئاشتییان له‌نێواندا به‌رقه‌رار بووبێ، پێویستی نه‌کردووه فه‌ره‌نسییه‌کان باجی گرانی جه‌نگ بده‌ن و به‌ده‌ست داگیرکارییه وێرانکه‌ره‌کانی ئینگلیزه‌وه بنااڵێنن، ئه‌گینا قازانجی به

جزدانەکانیان نەدەگەیاند. لە ئابووریيە کەپیتالیستییەکانی مۆدێرندا، وەبەرهێنان و بازرگانی بیانی بوونەتە شتی تەواو گرنگ. بۆیە ئاشتی قازانجی ناوازەی بەدواوەیە. تا ئەو جێیەی کە چین و ئەمریکا ئاشتییان لەنێواندا بەرقەراوە، چینییەکان دەتووانن لە ڕێگەی فرۆشتنی کاڵاکانیان بە ئەمریکا، بازرگانیکردن لە وۆڵ ستریت و وەرگرتنی سەرمایەگوزارییەکانی ئەمریکا، گەشە بکەن.

ئینجا فاکتەرێکی تریش ئەوەیە کە، وەرچەرخانێکی هەژێنەر لە کەلتووری سیاسی جیهانیدا هاتووەتە کایەوە. زۆرێک لە دەستەبژێران لە میژووودا- بۆ نموونە سەرکردەکانی (هەن)، خانەدانەکانی (ڤیکینگ) و قەشەکانی (ئازتێک)- جەنگیان وەکو شتێکی پۆزەتیڤ بینیووە. ئەوانیتر بە شتێکی خراپ، بەڵام حەتمییان بینیووە، شتێک کە دەبێ لە بەرژەوەندی خۆمان بیشکێنینەوە. سەردەمی ئێمە، یەکەم سەردەمە لەمێژوودا کە جیهان لەژێر باڵی دەستەبژێرێکی ئاشتی دۆستدایە- سیاسییەکان، بزنسمانەکان، ڕووناکبیران و هونەرمەندان کە بە ڕاستی جەنگ هەم بەشتێکی خراپ و هەم بە شتێکی خۆ لێ بەدوورگیراو دەبینن. (لە ڕابردوودا ئاشتیخواز هەبوون، وەکو مەسیحییەکانی زوو، بەڵام لەو حاڵەتە دەگمەنانەدا کە دەسەڵاتیان بەدەست هێناوە، پێویستیی هێنانەپێشی "لاڕوومەتەکەی تر"یان فەرامۆش کردووە).

رایەڵێکی هاوبەشی پۆزەتیڤ لەنێوان ئەو چوار فاکتەرانەدا هەیە. هەڕەشەی هۆلۆکۆستی ناوکی، هانی ئاشتیخوازی دەدات، کاتێک ئاشتیخوازی بڵاو دەبێتەوە، جەنگ پاشەکشێ دەکات و بازرگانی دەگەشێتەوە و بازرگانی هەم قازانجەکانی ئاشتی زیاد دەکات و هەم تێچوونەکانی جەنگیش. پێ بە پێی تێپەڕینی کات، ئەم ڕایەڵە هاوبەشە کۆسپێکی تر بۆ جەنگ دروست دەکات کە لەوانەیە سەرەنجام

گرنگترین بیت. تۆڕی توندوتۆڵبووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سەربەخۆیی زۆربەی وڵاتان ڕادەماڵێت، چانسی ئەوە کەم دەکاتەوە کە هەر کامێکیان بشێ یەکلایەنە سەگەکانی جەنگ بەڕەڵا بکەن. زۆربەی وڵاتان چیتر ناچنە ناو جەنگە سەراپاگیرەکانەوە لەبەر هۆکاری سادەی ئەوەی کە چیتر سەربەخۆ نین. هەرچەندە دەشێ هاوڵاتیان لە ئیسرائیل، ئیتاڵیا، مەکسیک یان تایلەند وەهمی سەربەخۆییان هەبێ، ڕاستییەکە ئەوەیە کە حکومەتەکانیان ناتوانن سیاسەتی سەربەخۆی ئابووری یان دەرەکی پیادە بکەن و ئەوان بەدڵنیاییەوە ناتوانن لەخۆیانەوە جەنگی سەراپاگیر دەست پێبکەن. هەروەکو لە بەشی ١١دا ڕوونکرایەوە، ئێمە شایەتی دروستبوونی ئیمپراتۆریەتێکی جیهانین. وەکو ئیمپراتۆریەتەکانی پێشوو، ئەمەشیان، ئاشتی لەناو سنوورەکانیدا بەرقەرار دەکات. لەبەرئەوەی سنوورەکانیشی هەموو جیهان دەگرێتەوە، ئیمپراتۆریەتی جیهانی بەشێوەیەکی کاریگەر ئاشتی جیهانی بەرقەرار دەکات.

کەواتە، ئایا سەردەمێ مۆدێرن، یەکێکە لە سەردەمەکانی کوشتار، جەنگ و سەرکوتگەری بێباکانە کە خەندەقەکانی یەکەم جەنگی جیهانی، هەوری قارچک ئاسای ناوکی بەسەر هیرۆشیما و شێتگیرەکانی وەکو هیتلەر و ستالین لە نموونەکانیەتی؟ یان سەردەمێکی ئاشتییە کە نموونەکانی بریتین لە، ئەو خەندەقانەی کە قەت لە ئەمریکای باشوور لێ نەدران، ئەو هەورە قارچک ئاسایانەی قەت لە ئاسمانەکانی مۆسکۆ و نییویۆرک دەرنەکەوتن و ڕوخساری هێمنی مەهاتما گاندی و مارتن لوتەر کینگ؟.

وەڵامەکە پەیوەندی بە کاتەوە هەیە. مایەی بێداربوونەوەیە درک بەوە بکەین کە چەندجار دیدمان لەمەڕ ڕابردوو بە ڕووداوەکانی چەند

سالی ڕابردوو شێواوە. ئەگەر ئەم بەشە لە سالی ١٩٤٥ یان ١٩٦٢دا بنوسرایە، ئەوا لەوانەبوو خەمناکتر بووایە. لەبەرئەوەی لە سالی ٢٠١٤دا نوسراوە، بۆچوونێکی تا ڕادەیەک گەشاوەی لەمەڕ مێژووی مۆدێرن پێویستە.

بۆ ڕازیکردنی گەشبین و ڕەشبینەکانیش، لەوانەیە ئێمە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین ئێمە لە لێواری بەهەشت و دۆزەخیشداین، بە شڵەژاوییەوە لەنێوان دەروازەی یەکێکیان و پاشخانی ئەویترياندا دەجوڵێین. مێژوو هێشتا بڕیاری نەداوە چارەنووسمان بە کوێ دەگات و لەوانەیە دەزوویەک لە دەزووی ڕێکەوتەکان بە هەر کام لە ئاقارەکاندا گلۆرمان بکەنەوە.

١٩

ئینجا ئەوان لەوێ بەدوا بە خۆشی ژیان

٥٠٠ ساڵی دوایی زنجیرەیەک شۆڕشی بەرەوپێشەوە بەخۆوە بینی. زەوی بۆ تاکە فەزایەکی ژینگەیی و مێژوویی یەکیگرتووە. ئابووری بەخێرایی گەشەی کردووە و ئەمڕۆکە مرۆڤایەتی ئەو سامانەی هەیە کە پێشتر بابەتی حیکایەتەکان بوو. زانست و شۆڕشی پیشەسازی هێزی سوپەرمرۆڤیان داوەتە مرۆڤایەتی و لەکردارەدا وزەی بێسنووریان پێداوە. سیستەمی کۆمەڵایەتی بەتەواوی وەرچەرخاوە، بەهەمان شێوە سیاسەت، ژیانی ڕۆژانە و سایکۆلۆژیای مرۆڤیش.

بەڵام ئایا خۆشبەختترین؟ ئایا ئەو سامانەی مرۆڤایەتی بەدرێژایی پێنج سەدەی ڕابردوو کەڵەکەی کردووە، قەناعەتێکی تازە دۆزراوەی لێکەوتووەتەوە؟ ئایا دۆزینەوەی سەرچاوە نەبڕاوەکانی وزەی بەردەممان، کۆگای بەرەکەتی نەبڕاوەیە بۆمان؟ با کەمێک زیاتر بچینە دواوە، ئایا حەفتا هەزارەی پەشێو لە سەروەختی شۆڕشی درکەوە جیهانی کردووەتە شوێنێکی باشتر بۆ تیا ژیان؟ ئایا (نەیل ئارمسترۆنگ)ی ڕەحمەتی، کە شوێنپێیەکەی لەسەر مانگی بێ با وەک خۆی دەمێنێ، دڵخۆشتر بوو لە ڕاوکەر-کۆکەرەوەی بێ ناو کە پێش ٣٠،٠٠٠ ساڵ

شوێنەواری بەری دەستی لەسەر دیوارێک لە ئەشکەوتی شۆقێت بەجێ هێشت؟ ئەگەر وا نییە، مەبەست لە هاتنە کایەی کشتوکاڵ، شار، نووسین، دراو، ئیمپراتۆریەتەکان، زانست و پیشەسازی چی بوو؟.

میژوونووسەکان بەدەگمەن ئەم پرسیارانە دەکەن. ئەوان ناپرسن ئاخۆ هاوڵاتیانی ئوروک یان بابل بەختەوەرتر بوون لە پێشینانی خۆراک دۆزەرەوەیان، ئاخۆ سەرهەڵدانی ئیسلام میسرییەکانی دڵخۆشترکرد بە ژیانیان، یان چۆن دارمانی ئیمپراتۆریەتەکانی ئەورووپا لە ئەفریقا کاریگەرییان خستووەتە سەر خۆشبەختی ملیۆنەها کەس. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمانە گرنگترین پرسیارن کە یەکێک بتووانێت لەبارەی میژووەوە بیپرسێت. تازەترین ئایدۆلۆژیاکان و بەرنامە سیاسییەکان زیاتر لەسەر بنەمای بیرۆکەی تەنک لەبارەی سەرچاوەی ڕاستەقینەی خۆشبەختی مرۆڤ ڕۆنراون. ناسیۆنالیستەکان بڕوایان وایە چارەی خۆنووسینی سیاسی شتێکی جەوهەرییە بۆ بەختەوەریمان. کۆمەنیستەکان دەڵێن لەژێر دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریدا هەمووان بەختەوەر دەبن. کەپیتالیستەکان دەڵێن تەنیا بازاڕی ئازاد دەتووانێت گەورەترین بەختەوەری زۆرترین خەڵک مسۆگەر بکات لەرێگەی چێکردنی گەشەی ئابووری و زۆروزەبەندی کەرەستەیی و بە دەرس دادانی خەڵک لەمەڕ پشتبەخۆبەستن و کاروگەڕخستن.

چی ڕووەدات ئەگەر توێژینەوەی جدی ئەم گریمانەیە قبوڵ نەکات؟ ئەگەر گەشەی ئابووری و پشت بەخۆبەستن خەڵکی بەختەوەرتر نەکەن، کەڵکی کەپیتالیزم چییە؟ چی ئەبێ ئەگەر دەرکەوێ ڕەعیەکانی ئیمپراتۆریەتە گەورەکان بەگشتی دڵخۆشتر بووبن لە هاوڵاتی دەوڵەتانی سەربەخۆ و ئەمەی کە بۆ نموونە، جەزائیرییەکان لە ژێر سایەی حوکمی فەرەنسادا نەک لەژێر حوکمی خۆیاندا بەختەوەرتر بووبن؟ ئەمە لەبارەی

پرۆسەی لە کۆلۆنیالیزم داماڵین و بەهای چارەی خۆنووسین چی دەڵێت؟.

ئەمانە ئەگەری گریمانەیین، چونکە تاوەکو ئێستا مێژوونووسان خۆیان لەم پرسیارانە بواردووە- چ جای ئەوەی وەڵامیان دابێتەوە. ئەوان تاووتوێی مێژووی تەقریبەن هەموو شتێکیان کردووە، سیاسەت، کۆمەڵگە، ئابووری، جێندەر، نەخۆشی، سێکسوالیتی، خۆراک، پۆشاک- لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بە دەگمەن هەڵوەستەیان لەسەر ئەو پرسیارە کردووە ئاخۆ ئەمانە چۆن کار دەکەنە سەر بەختەوەریی مرۆڤ.

هەرچەندە ژمارەیەکی کەمیان تاووتوێی مێژووی بەختەوەرییان کردووە، تەقریبەن هەموو لێکۆڵەر و کەسێکی نەشارەزاش پەیبردنێکی تەمومژاوی لەبارەیەوە هەیە. لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی گشتی مرۆڤەکان تواناکانیان بەکار دێنن بۆ ڕەواندنەوەی نەگبەتییەکان و بەرجەستەکردنی ئاواتەکانیان، سەرەنجام دەبێ ئێمە بەختەوەرتر بین لە پێشینانی سەدەکانی ناوەڕاستمان و ئەوان دەبێ لە ڕاوکەر-کۆکەرەوەکانی چاخی بەردین دڵخۆشتر بووبن.

بەڵام ئەم مەسەلە بەرەوپێشچوونانەیە باوەڕهێن نییە. هەروەکو بینیوومانە، مەرج نییە توانا، ڕەفتار و شارەزایەتی نوێ ژیانێکی نوێ بڕەخسێنن. کاتێک مرۆڤەکان لە شۆڕشی کشتوکاڵیدا فێری جوتیاری بوون، هێزی بەکۆمەڵیان بۆ کاریگەری خستنە سەر ژینگە زیادیکرد، بەڵام بارودۆخی زۆرێک لە تاکە مرۆڤەکان سەختتر بوو. دەبووایە جوتیاران سەرسەختانەتر لە خۆراک دۆزەرەوەکان کار بکەن بۆئەوەی لەسەر خواردنی یەکڕەنگ و کەم مادەی خۆراکی بژین، و ئەوان بە ئاستێکی زیاتر دەکەوتنەبەر نەخۆشی و بەکاربردن. بەهەمان شێوە، بڵاوبوونەوەی ئیمپراتۆریەتە ئەوروپییەکان هێزی بەکۆمەڵی مرۆڤایەتی

بەشێوەیەکی بەرچاو زیادکرد، ئەمەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئایدیاکان، تەکنۆلۆژیاکان و بەروبوومەکان و کردنەوەی ڕێڕەوی نوێی بازرگانی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە بە زەحمەت هەواڵێکی خۆش بوو بۆ ملیۆنان ئەفریقی، ئەمریکی و ئوسترالییە ڕەسەنەکان. بە لەبەرچاوگرتنی مەیلی مرۆڤ بۆ خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات، ساوێلکانە دیارە بڕوا بەوە بکەین کە چەندەی خەڵکی کاریگەربیان زیاتر بێت دڵخۆشتر دەبن.

هەندێ نەیارانی ئەم تێڕوانینە ئاراستەی تەواوی پێچەوانە وەردەگرن. ئەوان باوەڕیان بە پەیوەندییەکی پێچەوانە هەیە لەنێوان تواناکانی مرۆڤ و خۆشبەختیدا. ئەوان دەڵێن، دەسەڵات گەندەڵی لێدەکەوێتەوە، و لەکاتێکدا کە مرۆڤایەتی دەسەڵاتی زیاتر و زیاتر بەدەست هێناوە، جیهانێکی میکانیکی ساردوسڕی دروستکردووە کە ناکۆک بووە لەگەڵ پێداویستییە ڕاستەقینەکانماندا. پەرەگرتن ئەقڵ و جەستەی ئێمەی بۆ ژیانی ڕاوکەر-کۆکەرەوەکان لەقاڵب داوە. گواستنەوە، سەرەتا بۆ کشتوکاڵ و دواتر بۆ پیشەسازی، ئێمەی مەحکوم کردووە بە ژینی ژیانی ناسروشتی وەها کە ناتوانێ گوزارشتێکی تەواو لە غەریزە و ئارەزووە خۆییەکانمان بکات و بۆیە ناتوانێ قوونڵترین ویستەکانمان تێر بکات. هیچ شتێکی ژیانی ئاسودەی چینی ناوەندی شار ناتوانێ بگاتە شاگەشکەبوونی کێویانە و شادیی لێوانڕێژی باندێکی خۆراک دۆزەرەوە لەکاتی ڕاوکردنێکی سەرکەوتووانەی مامۆتێکدا. هەر داهێنانێکی نوێ دووڕایی کێڵۆمەترێک دەخاتە نێوان ئێمە و باخی عەدەن.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مکوڕییە ڕۆمانسییە لەسەر بینینی سێبەری تاریک لەپشت هەر داهێنانێکەوە ئەوەندەی باوەڕبوون بە حەتمیەتی پێشکەوتن دۆگماتیکە. .لەوانەیە ئێمە لەگەڵ ڕاوکەر-کۆکەرەوەی ناوەوەماندا لێک دوور بین، بەڵام بەو ڕادەیەش خراپ نییە. بۆ نموونە،

بەدرێژایی دوو سەدەی ڕابردوو، پزیشکی مۆدێرن ڕێژەی مردنی منالی لە ٣٣% بۆ کەمتر لە ٥% کەم کردووەتەوە. ئەرێ کەس دەتووانێ گومان بکات لەوەی ئەمە دانانی خشتێکی گەورەیە لەسەر دیواری خۆشبەختیی نەک تەنیا ئەو منالانەی کە لەوانەیە بمردنایە، بەڵکو خێزانەکان و هاوڕێکانیشیان؟.

هەڵوێستێکی جیاوازتر، ڕێگا ناوەڕاستەکە دەگرێتە بەر. تاوەکو شۆڕشی زانستی، پەیوەندییەکی ڕوون نەبوو لەنێوان هێز و بەختەوەریدا. لەوانەیە جوتیارانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕاستیدا نەگبەتتر بوون لە ڕاوکەر-کۆکەرەوەکانی پێشینانیان. بەڵام لەم چەند سەدەیەی دواییدا مرۆڤەکان فێربوون تواناکانیان ژیرانەتر بەکاربێنن. سەرکەوتنەکانی پزیشکی مۆدێرن نموونەیەکە لە نموونەکان. دەستکەوتە بێ وێنەکانی تر بریتین لە دابەزینی خێرا لە توندوتیژیدا، ونبوونی نزیکەیی جەنگە نێودەوڵەتییەکان و بنبڕبوونی نزیکەیی قات و قڕییە بەرفراوانەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمەش لەرادەبەدەر سادەکردنەوەیە. یەکەم، هەڵسەنگاندنە گەشبینانەکەی لەسەر نموونەیەکی زۆر بچوکی سااڵنێک بونیاد دەنێت. زۆرینەی مرۆڤەکان لەدوای ١٨٥٠وە بەری پزیشکیی مۆدێرنیان چنیەوە و دابەزینی بەرچاو لە ڕێژەی مردنی منااڵندا دیاردەیەکی سەدەی بیستەمە. بەڵای قات و قڕییە گەورەکان تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی بیستەمیش هەر درێژەیان هەبوو. لەماوەی بازدانی گەورە بەرەو پێشەوەی کۆمەنیستی چین لە ساڵانی ١٩٥٨ بۆ ١٩٦١، لەنێوان ١٠ بۆ ٥٠ ملیۆن مرۆڤ لەبرسا مردن. جەنگە نێودەوڵەتییەکان تەنیا پاش ١٩٤٥ بوونە شتێکی دەگمەن، ئەمەش بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی هەڕەشەی نوێی وێرانبوونی ناوکی. لەمڕووەوە، هەرچەندە ئەو چەند دەیەی دوایی چاخێکی ئاڵتونیی بێ وێنە بووە بۆ مرۆڤایەتی، زۆر

زووه بزانین ئاخۆ ئەمە نیشانەی وەرچەرخانێکی بنەڕەتییە لە تەوژمەکانی مێژوودا یان گێژەڵوکەیەکی کاتیی بەختی باشە. کاتێک حوکم لەسەر مۆدێرنێتە دەدەین، زۆر فریودەرە گۆشەنیگای خۆرئاواییەکی چینی ناوەندی سەدەی بیست و یەک وەربگرین. ئێمە نابێ ڕوانگەکانی کرێکارێکی کانی ئێرلەندە، ئاڵودەبوویەکی چینی یان ڕەسەنێکی ناوچەی تاسمانی سەدەی نۆزدە فەرامۆش بکەین. تروگانینی گرنگییەکەی لە هۆمەر سیمپسن کەمتر نییە.

دووەم، دەشێ تەنانەت چاخی ئاڵتونی کورتخایەنی نیوسەدەی پێشوو دەرکەوێ کە تۆوی کارەساتێکی ئایندەی چاندووە. بەدرێژایی ئەو چەند دەیەیەی ڕابردوو، ئێمە لە زۆر ڕێگەوە خەریکی تێکدانی هاوسەنگی ژینگەیی هەسارەکەمان بووین، بە دەرەنجامی خەمناکیشەوە. بەڵگەی زۆر هەن پیشانی دەدەن کە ئێمە لە ئاهەنگێکی بەرخۆریی بێباکانەدا بناغەکانی کامەرانی مرۆڤ تێکدەدەین.

دواجار، ئێمە دەتووانین لەبەرانبەر دەستکەوتی بێ پێشینەی مرۆڤە هۆشمەندەکاندا پیرۆزبایی لەخۆمان بکەین تەنیا ئەگەر چارەنووسی هەموو گیانەوەرانی تر بەتەواوی فەرامۆش بکەین. بەشی هەرە زۆری ئەو سامانە مادییە ستایشکراوەی لە نەخۆشی و قات و قڕی دەمانپارێزێ، لەسەر حسابی مەیمونەکانی تاقیگە، مانگاکانی شیر و جوجەڵەکانی سەر قایشی گوێزەرەوە کەڵەکە بووە. بەدرێژایی دوو سەدەی ڕابردوو، دەیان ملیارد لەمانە کەوتوونەتە بەر بەکاربردنی پیشەسازیی ڕژێمێک کە بەدرێژایی مێژووی زەوی دڵڕەقییەکەی بێ وێنە بووە. ئەگەر ئێمە تەنیا یەک لەسەر دەی ئەو شتە قبوڵ بکەین کە هەڵسوڕاوانی مافەکانی ئاژەڵ بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا لەوانەیە کشتوکاڵی پیشەسازیی مۆدێرن گەورەترین تاوان بێت لە مێژوودا. کاتێک بەختەوەریی جیهانی

هەڵدەسەنگێنین، هەڵەیە تەنیا بەختەوەریی چینەکانی سەرەوە، هی ئەوروپییەکان یان هی پیاوان هەژمار بکەین. لەوانەیە بەهەمان شێوەش هەڵە بێت کە تەنیا بەختەوەریی مرۆڤەکان هەژمار بکەین.

ژماردنی خۆشبەختی

تاوەکو ئێستا ئێمە وەها قسەمان لەسەر خۆشبەختی کردووە وەک بڵێی بەشێوەیەکی سەرەکی بەرهەمی فاکتەرە کەرەستەییەکان بووە، وەکو تەندروستی، بەرنامەی خۆراکی و سامان. ئەگەر خەڵکی دەوڵەمەنتر و تەندروستر بوونایە، ئەوا دەبووایە خۆشبەختتریش بن. بەڵام ئایا ئەمە بە ڕاستی ڕوونە؟ فەیلەسوفەکان، قەشەکان و شاعیرەکان بۆ هەزارەها ساڵ لە سروشتی بەختەوەرییەوە ڕاماون و زۆرێکیان گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە فاکتەرە کۆمەڵایەتی، ئێتیکی و ڕۆحیەکان ئەوەندەی هەلومەرجە کەرەستەییەکان کاریگەرییان لەسەر خۆشبەختیمان هەیە. لەوانەیە خەڵکی لە کۆمەڵگە کامەرانەکاندا بەشی زۆری بەدەست گۆشەگیری و بێ ماناییەوە بنااڵێنن ئەگەرچی کامەرانیش بن. لەوانەشە پێشینانی کەمتر کامەرانمان قەناعەتی زۆریان لە کۆمەڵ، ئایین و پەیوەندی لەگەڵ سروشت بەدەست هێنابێت.

لەو چەند دەیەی دواییدا، دەروونناس و بایۆلۆژیستەکان تەحەدی تاووتوێکردنی زانستییانەی ئەو شتەیان گرتووەتە بەر کە دەبێتە هۆی دڵخۆشکردنی خەڵک. ئایا پارەیە، خێزانە، جێنەتیکە یان فەزیلەتە؟ یەکەم هەنگاو بریتییە لە پێناسەکردنی ئەو شتەی کە پێوانە دەکرێت. ئەو پێناسەیەی خۆشبەختی کە بەشێوەیەکی گشتی پێناسە کراوە بریتییە لە (کامەرانیی خودی). بەختەوەری، بە گوێرەی ئەم تێڕوانینە، شتێکە کە من لەناو خۆمدا هەستی پێدەکەم، هەستێکی چێژی

دەستبەجێ یان قەناعەتی دوورمەودا بەرانبەر شێوازی بەڕێوەچوونی ژیانم. ئەگەر ئەمە شتێک بێت لەناوەوە هەستی پێ بکرێت، چۆن دەکرێ لە دەرەوەڕا پێوانە بکرێت؟ بەشێوەیەکی گریمانەیی، ئێمە دەتووانین لە ڕێگەی پرسیارکردن لە خەڵک لەمەڕ ئەوەی هەستیان چۆنە، دەتووانین ئەمە بکەین. بۆیە ئەو دەروونناس و بایۆلۆژیستانەی دەیانەوێ ئەوە هەڵبسەنگێنن کە خەڵکی چەندێک هەست بە خۆشبەختی دەکەن، فۆرمی ڕاپرسییان دەدەنێ بۆ پڕکردنەوە و ژمارەنی ئەنجامەکان.

نموونەی فۆرمێکی خۆشبەختی پرسیار لە بەشداران دەکات لە خانەکانی سفر تا دە، نیشانە بکەن. خانەکان ئەم ڕستانەیان تێدایە: "من دڵخۆشم بەو شێوەیەی کە هەم"، "من پێم وایە ژیان پڕ بەرەکەتە"، "من گەشبینم لەبارەی ئایندەوە" و "ژیان باشە". پاشان تۆڕەر وەڵامەکان هەمووی کۆ دەکاتەوە و ئاستی گشتی بەشدارەکە لەمەڕ کامەرانیی خودی هەژمار دەکات.

ئەو فۆرمانە بەکار دەهێنرێن بۆ پەیوەندکردنەوەی بەختەوەری بە جۆرەها فاکتەری خودییەوە. لەوانەیە تۆڕێنەوەیەک هەزار کەس کە ١٠٠،٠٠٠ دۆلاری ساڵانە بەدەست دێنن بەراورد بکات بە هەزار کەس کە ٥٠،٠٠٠ دۆلاری ساڵانە بەدەست دێنن. ئەگەر تۆڕێنەوەکە بگاتە ئەو ئەنجامەی کە گروپی یەکەم ئاستی کامەرانییە خودییەکەی بریتییە لە ٨,٧ لەکاتێکدا کە ئەوەی تریان بریتییە لە تێکڕای ٧,٣، لەوانەیە تۆڕەرەکە بەشێوەیەکی مەعقوڵ بگاتە ئەو ئەنجامەی کە پەیوەندییەکی پۆزەتیڤ هەیە لەنێوان سامان و کامەرانی خودیدا. بە کورتی، پارە خۆشبەختی دەهێنێت.. دەشێ هەمان میتۆد بەکار بهێنرێت بۆ پشکنینی ئەمەی ئاخۆ ئەو خەڵکەی لە دیموکراسییەکاندا دەژین

دڵخۆشترن لەو خەڵکەی لە دیکتاتۆریەتەکاندا دەژین و ئەمەی ئاخۆ خەڵکی خێزاندار دڵخۆشترن لە زگورتییەکان، جیابووەوەکان یان بێوەکان و هیتر.

ئەمە بناغەیەک بۆ مێژوونووسان دادەنێت کە دەتووانن سامان، ئازادی سیاسی و ڕێژەکانی تەلاق ڕابردوودا بپشکنن. ئەگەر خەڵک لە دیموکراسییەکاندا دڵخۆشتر و خەڵکی خێزاندار دڵخۆشتر بن لە جیابووەوەکان، مێژوونووس بناغەیەکی دەبێت بۆ بەڵگاندن لەمەڕ ئەوەی کە پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی ئەو چەند دەیەیەی ڕابردوو پەرەی داوە بە خۆشبەختی مرۆڤایەتی، لەکاتێکدا کە ڕێژە زیادبووەکانی تەلاق ئاراستەی پێچەوانە پیشان دەدات.

ئەنجامگیرییەکی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە ڕاستیدا پارە خۆشبەختی دێنێت. بەڵام تەنیا تا خاڵێک و لەودیو ئەم خاڵەوە گرنگییەکی وەهای نییە. بۆ ئەو کەسانەی کە لە خوارەوەی پەیژەی ئابووری گیریان خواردووە، پارەی زۆرتر بەمانای خۆشبەختییەکی زۆرتر دەبێت. ئەگەر تۆ دایکێکی ئەمریکیی ڕەبەنیت کە ساڵانە ١٢،٠٠٠ دۆلارت بە پاککردنەوەی ماڵان دەست دەکەوێت و لەپڕێکدا ٥٠٠،٠٠٠ دۆلار لە یانسیبێکدا دەبەیتەوە، ئەوا لەوانەیە هەڵکشانێکی گرنگ و دوورمەودا لە کامەرانیی خودیتدا ئەزموون بکەیت. تۆ دەتووانیت خۆراک و پۆشاکی منداڵەکانت دابین بکەیت بەبێ ئەوەی زیاتر بچیتە قوولایی قەرزەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر تۆ گەورە جێبەجێکارێک بیت کە ساڵی ٢٥٠،٠٠٠ دۆلاری ساڵانەی دەست دەکەوێت و ١ ملیۆن دۆلار لە یانسیبدا ببەیتەوە یان بۆردی کۆمپانیاکەت لە پڕێکدا بڕیاری دووقاتکردنی موچەکەت بدات، ئەوا لەوانەیە هەڵکشانی خۆشبەختییەکەت تەنیا چەند هەفتەیەک بخایەنێت. بەپێی ئەنجامگیرییە ئەزموونییەکان، تەقریبەن بە

دڵنیاییەوە هیچ جیاوازییەکی گەورە لە هەستکردنی دوورمەوداتدا ڕووندادات. تۆ ئۆتۆمبێلێکی گرانبەها دەکڕیت، دەچیتە ناو خانوویەکی کۆشک ئاسا، لەبری شەرابی کالیفۆرنیا کابەرنێت، شاتۆ پێتروس دەخۆیتەوە، بەڵام بەزوویی هەموو ئەم شتانە وەکو ڕۆتین و شتی ئاساییان لێدێت.

ئەنجامگیرییەکی تری سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە نەخۆشی، لە کورت مەودادا خۆشبەختی کەم دەکاتەوە. بەڵام تەنیا ئەو کاتە سەرچاوەی دڵتەنگیی دوورمەودایە کە هەلومەرجی کەسەکە بە بەردەوامی بەرەو خراپی بچێت یان ئەگەر نەخۆشییەکە ئازاری بەردەوام و توندی لەگەڵدا بێت. ئەو کەسانەی تووشی نەخۆشی درێژخایەنی وەکو شەکرە بوون زۆرجار بۆ ماوەیەک دڵتەنگن، بەڵام ئەگەر نەخۆشییەکە بەرەو خراپتر نەچێ، ئەوا لەگەڵ هەلومەرجە نوێکەیاندا ڕادێن و ئاستی خۆشبەختییەکەیان ئەوەندەی خەڵکی تەندروست بەرزە. وێنای ئەوە بکە کە لوسی و لوک جمکێکی چینی ناوەندن کە ڕازین بەشداری بکەن لە تۆێژینەوەیەکی کامەرانیی خودیدا. لە ڕێگەی گەڕانەوەیاندا لە تاقیگەی دەروونناسییەکە، پاسێک خۆی دەکێشێت بە ئۆتۆمبێلی لوسیدا و لوسی چەند ئێسکێکی جەستەی دەشکێت و قاچێکی تووشی ئیفلیجی هەمیشەیی دەبێت. لەکاتێکدا کە تیمی ڕزگارکردن لەناو خەڕەکەشکاوەکە دەریدەهێنن، لوک تەلەفۆن دەکات و دەڵێت بڕی ١٠،٠٠٠،٠٠٠ دۆلاری یانسیبم بردەوە. دوو ساڵ دواتر لوسی بە حینگە شەلە دەڕوات و لوک دەوڵەمەنتر دەبێت، بەڵام کاتێک سایکۆلۆژیستەکە پەیدا دەبێ بۆ تۆێژینەوەیەکی بەدواداچوون، لەوانەیە ئەوان هەردووکیان هەمان ئەو وەڵامانە بدەن بەدەستەوە کە لە بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە چارەنووسسازە دابوویان بەدەستەوە.

پێدەچێت خێزان و کۆمەڵ کاریگەریی زیاتریان لەسەر خۆشبەختیمان هەبێت وەک لە پارە و تەندروستی. ئەو کەسە خێزان بەهێزانەی کە لە کۆمەڵە گەرم و گوڕ و پاڵپشتەکاندا دەژین بەشێوەیەکی بەرچاو دڵخۆشترن لەو کەسانەی خێزانەکانیان پەڕپوتە و هەرگیز کۆمەڵێکیان نەدۆزیووەتەوە (یان بۆی نەگەڕاون) تا بەشێک بن لێی. تۆێژینەوە چەندبارە بووەوەکان بۆیان دەرکەوتووە کە پەیوەندییەکی تۆندتۆڵ هەیە لەنێوان هاوسەرێتییە باشەکان و کامەرانیی خودیی ئاست بەرز و لەنێوان هاوسەرێتی خراپ و نەگبەتیدا. ئەمە بەدەر لە هەڵومەرجی ئابووری یان تەنانەت فیزیکی، ڕاستە. لەڕۆلاوازێکی گیرفان بەتاڵ کە بە هاوسەرێکی دڵسۆز، خانەوادەیەکی پەرۆش و کۆمەڵێکی گەرم و گوڕ دەورە درابێت، لەوانەیە هەستێکی باشتری هەبێ لە ملیاردێرێکی لاتەریک، بەو مەرجەی کە هەژاریی لەڕۆلاوازەکە بەو ڕادەیە زۆر نەبێ و حاڵەتی نەخۆشییەکەی ئازاراوی یان کوشندە نەبێت.

ئەمە ئەگەری ئەوە دەهێنێتە پێشەوە کە باشبوونی گەورە لە هەڵومەرجی مادیدا بەدرێژایی دوو سەدەی ڕابردوو، دەستپێکی دارمانی خێزان و کۆمەڵ بووە. ئەگەر وایە، دەشێ تێکڕای هەر کەسێک لەمڕۆدا خۆشبەختتر نەبێت بە بەراورد بە کەسێک لە ساڵی ١٨٠٠دا. تەنانەت ئەو ئازادییەی کە ئێمە ئەوەندە بەرز دەینرخێنین، دەشێ لەدژمان بوەستێتەوە. ئێمە دەتووانین هاوسەرەکانمان، هاوڕێکانمان و دراوسێکانمان هەڵبژێرین، بەڵام ئەوان دەتووانن بڕیاری بەجێهێشتنمان بدەن. لەکاتێکدا کە تاکەکەس دەسەڵاتێکی بێ پێشینەی هەیە لە بڕیاردان لە هەڵبژاردنی ڕێڕەوەکەی لە ژیاندا، ئێمە پابەندیمان بەلاوە قورستر دەبێ. لێرەوە ئێمە لە جیهانێکی پەیتاپەیتا تەنهاتری کۆمەڵ و خێزانە هەڵوەشاوەکاندا دەژین.

بەڵام گرنگترین ئەنجامگیری ئەوەیە کە خۆشبەختی بە ڕاستی بەند نییە بە هەلومەرجی بابەتیی سامان، تەندروستی یان تەنانەت کۆمەڵ. بەڵکو، بەندە بە پەیوەندیی نێوان هەلومەرجە بابەتییەکان و چاوەڕوانییە خودییەکان. ئەگەر تۆ عەرەبانەیەکت بوێت، و عەرەبانەیەکت دەست بکەوێت، ئەوا دڵخۆشیت. ئەگەر تۆ فێراریییەکی نوێت بوێت و تەنیا فیاتێکی دەستی دووت دەست کەوێت، ئەوا تۆ هەست بە بێبەشی دەکەیت. هەربۆیە بردنەوەی یانەسیب، پێ بەپێی تێپەڕینی کات، هەمان کاریگەریی ڕووداوی زیانبەخشی ئۆتۆمبێلی لەسەر خۆشبەختی خەڵک هەیە. کاتێک شتەکان باش دەبن، چاوەڕوانییەکان گەورەتر دەبن و سەرەنجام تەنانەت دەشێ باشبوونە دراماتیکییەکانی هەلومەرجی بابەتی، بێ قەناعەتمان بکەن. کاتێک شتەکان خراپ دەبن، چاوەڕوانییەکان کەم دەبنەوە و سەرەنجام دەشێ تەنانەت نەخۆشییەکی سەخت، ئەوەندەی پێشوو بە دڵخۆشی بتهێڵێتەوە.

لەوانەیە تۆ بڵێیت پێویستمان بە کۆمەڵێک دەروونناس و فۆرمەکانی ڕاپرسییان نەدەبوو تا ئەمەمان بۆ دەربکەوێت. پەیامبەران، شاعیران و فەیلەسوفان هەزاران ساڵ لەمەوبەر بۆیان دەرکەوتووە کە ئاسودەبوون بەو شتەی کە هەنوکە هەتە، زۆر گرنگترە لە بەدەستهێنانی زۆرتری ئەو شتەی دەتەوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، شتێکی جوانە کە تۆژینەوەی مۆدێرن- کە بە ژمارە و هێڵکاری پف دراوە- دەگاتە هەمان ئەو ئەنجامگیرییەی خەڵکانی دێرین پێی گەیشتوون.

گرنگیی چارەنووسسازی چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ گوزارشتی زۆر قوونڵتری بۆ تێگەیشتن لە مێژووی خۆشبەختی هەیە. ئەگەر خۆشبەختی تەنیا بەند بووایە بە هەلومەرجی بابەتیی وەکو سامان، تەندروستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوا لێکۆڵینەوە لە

مێژووەکەی تا ڕادەیەک ئاسان دەبوو. ئەنجامگیریی ئەمەی کە ئەوەیان بەندە بە چاوەڕوانییە خودییەکان، ئەرکی مێژوونووسان سەختتر دەکات. ئێمەی مۆدێرن، کۆگایەکمان لە هێمنکەرەوە و ئارامبەخش لەبەردەستدایە، بەڵام چاوەڕوانییەکانمان لەمەڕ چێژ و خۆشی و بێ ئۆقرەییمان لەبەرانبەر گیروگرفت و نائاسودەیی، بە ڕادەیەک زیادیکردووە کە دەشێ ئێمە زیاتر لە پێشینانمان بەدەست ئازارەوە بنالێنین.

قورسە ئەم ئاراستەیەی بیرکردنەوە قبوڵ بکەین. کێشەکە بریتییە لە بەهەڵەداچوونی ئەو بیرکردنەوەیەی قووڵ لە دەروونماندا ڕەگی داکوتاوە. کاتێک ئێمە هەوڵ دەدەین وێنای ئەوە بکەین ئاخۆ ئێستا خەڵکی تر چەنێک خۆشبەختن، یان خەڵکی لە ڕابردووەوە چەنێک خۆشبەخت بوون، ئەوا ئێمە بەشێوەیەکی حەتمی خۆمان لە شوێنی ئەوان دێنینە بەرچاو. بەڵام ئەمە بێ ئاکامە چونکە ئەمە چاوەڕوانییەکانمان لەسەر هەلومەرجە مادییەکانی ئەوانیتر دادەنێت. لە کۆمەڵگە کامەرانە مۆدێرنەکاندا شتێکی باوە کە هەموو ڕۆژێک دوشێک بکەیت و جلەکانت بگۆڕیت. جوتیارانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەدرێژایی چەند مانگ خۆیان نەدەشت و بە دەگمەن جلیان دەگۆڕی. خودی بیرۆکەی ژین بەم شێوەیە، واتە پیس و پۆخڵ تا سەر ئێسقان، بەلای ئێمەوە قێزەونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، پێناچێ جوتیارانی سەدەکانی ناوەڕاست باکیان پێی بووبێت. ئەوان لەگەڵ هەست و بۆنی کراسێکی لەمێژ نەشۆراو ڕاهاتبوون. مەسەلە ئەوە نییە ئەوان ویستبێتیان جلیان بگۆڕن بەڵام نەیانتوانیووە بەدەستی بێنن- ئەوان ئەو شتانەیان بەدەستهێناوە کە ویستوویانە. کەواتە، ئەوان لانی کەم ئەوەندەی پەیوەندی بە پۆشاکەوە هەیە، بەقەناعەت بوون.

ئەمە کاتێک بیری لێ دەکەیتەوە جێی سەرسوڕمان نییە. دواجار، ئامۆزا شەمپانزێکانمان بەدەگمەن خۆشیان دەشۆن و قەت جل ناگۆڕن. نە ئێمەش قێزمان لەوە دەبێتەوە کە پشیلە و سەگە مالییەکانمان خۆیان و توکەکەیان ناشۆن. ئێمە لەهەمان کاتدا دەستیان پێدادێنین، لەباوەشیان دەگرین و ماچیان دەکەین. منالانی بچوک لە کۆمەڵگە کامەرانەکاندا زۆرجار ڕقیان لە خۆشتنە و سااڵنێکی پەروەردە و دیسپلینی باوان دەخایەنێ تا ئەم نەریتە سەنجراکێشە پەیڕەو دەکەن. ئەمە هەمووی پەیوەندی بە چاوەڕوانییەکانەوە هەیە.

ئەگەر خۆشبەختی بە چاوەڕوانییەکان دیاری بکرێت، ئەوا لەوانەیە دوو کۆڵەکەی کۆمەڵگاکەمان- میدیای گشتی و پیشەسازیی ڕیکلام- نائاگایانە خەریکی کەمکردنەوەی بەنداوەکانی قەناعەتی جیهان بن. ئەگەر ٥٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر تۆ گەنجێکی هەژدە ساڵ بوویتایە لە گوندێکی بچوک، ئەوا لەوانەیە پێت وابووایە جوانیت، چونکە تەنیا پەنجا پیاوی تر لە گوندەکەتدا هەبوون و زۆربەیان یا پیر بوون، شوێن برین، چرچ و لۆچیان پێوە بوو یان هێشتا منالی بچوک بوون. بەاڵم ئەگەر ئەمڕۆکە هەرزەکارێک بیت ئەوا بە ئەگەرێکی زۆر هەست بە ناتەواوی دەکەیت. تەنانەت ئەگەر ئەوانیتر لە قوتابخانە ناشیرین بن، ئەوا تۆ خۆت لەگەڵ ئەواندا بەراورد ناکەیت، بەڵکو خۆت لەگەڵ ئەستێرەکانی سینەما، وەرزشکاران و ئەو سوپەرمۆدێلانەدا بەراورد دەکەیت کە ڕۆژانە لەسەر تەلەڤزیۆن، فەیسبوک و لەوحە پانە هەڵواسراوەکان دەیانبینیت.

بۆیە دەشێ سێیەم جەنگی جیهانی نەک تەنیا هەژاری، نەخۆشی، گەندەڵی و سەرکوتگەریی سیاسی بەڵکو بەهەمان شێوە تەنیا کەوتنەبەر ستانداردەکانی جیهانی یەکەم بیبزوێنێت. تێکڕای هەر میسرییەک لەژێر حوکمی حوسنی موبارەکدا زۆر ئەگەری کەمتر بوو لەبرسا، بە

ئافات یان توندوتیژی بمرێت بە بەراورد لەوەی لەژێر حوکمی ڕامسیسی دووەم یان لەژێر حوکمی کلیۆپاترا بووایە. هەلومەرجی مادیی زۆربەی میسرییەکان قەت وەها باش نەببوو. تۆ لەوانەیە پێت وابووایە ئەوان لە ساڵی ٢٠١١دا خەریکی سەما و شوکرکردنی خودا دەبن لەبەرانبەر بەختی باشیاندا. کەچی بە تورەییەوە ڕاپەڕینیان کرد بۆ سەرنگونکردنی موبارەک. ئەوان خۆیان بە پێشینانیان لەژێر حوکمی فیرعەونەکان بەراورد نەدەکرد، بەڵکو خۆیان بە هاوچەرخەکانیان لە ئەمریکای ئۆبامادا بەراورد دەکرد.

ئەگەر حاڵەتەکە وابێت، تەنانەت لەوانەیە نەمریش ببێتە مایە بێ قەناعەتی. وایدابنێ زانست چارەسەری هەموو نەخۆشییەکان، چارەسەری دژەپیریی کاریگەر و چارەسەری خۆنوێکردنەوە دەهێنێتە کایەوە کە خەڵکی بەشێوەیەکی ناکۆتا بە گەنجی دەهێڵێتەوە. بە هەموو ئەگەرێک، ئەنجامی ڕاستەوخۆ بریتی دەبێت لە پەتایەکی بێ پێشینەی تورەیی و شڵەژان.

ئەوانەی کە ناتووانن تێچوونی چارەسەرە پەرجووئاساکان دابین بکەن- زۆرینەی هەرە زۆری خەڵک- زۆر تورە دەبن. بەدرێژایی مێژوو، هەژاران و سەرکوتکراوان بەو بیرۆکەیە دڵی خۆیان داوەتەوە کە لانی کەم مەرگ دادپەروەرانەیە- ئەمەی کە دەوڵەمەند و دەسەلاتدارەکانیش هەر دەمرن. هەژاران بەو بیرۆکەیە ئاسودە نابن کە دەبێ هەر بمرن، لەکاتێکدا کە دەوڵەمەندان بۆ تاهەتایە هەر بە گەنجی و جوانی بمێننەوە.

بەڵام ئەو کەمینە بچوکەش کە دەتوانن تێچووی چارەسەر نوێکان دابین بکات شاگەشکە نابێت. ئەوان ئەوەندەیان دەبێ کە لەبارەیەوە بشڵەژێن. هەرچەندە چارەسەرە نوێکان دەتوانن ژیان و گەنجێتی درێژ

بکەنەوە، کەچی ناتووانن لاشەکان زیندوو بکەنەوە. چەنێک ترسناکە بیر لەوە بکەمەوە کە من و خۆشەویستانم تاهەتایە دەژین، بەڵام تەنیا ئەگەر لۆرییەک لێمان نەدات یان بەهۆی تیرۆریستێکەوە وردوخاش نەبین! ئەو خەڵکانەی دەبنە نەمر ئەگەری ئەوەیان زیاتر لە بچوکترین سەرکێشی بڕەوێنەوە و عەزابی لەدەستدانی هاوسەر یان منداڵ یان هاوڕێی نزیکیان نابڕێتەوە.

بەختەوەریی کیمیایی

زانا کۆمەڵایەتییەکان فۆرمەکانی ڕاپرسی کامەرانی خودی دابەش دەکەن و ئەنجامەکان ڕایەڵ دەکەنەوە بە فاکتەرە ئابووری کۆمەڵایەتییەکانی وەکو سامان و ئازادیی سیاسی. بایۆلۆژیستەکان هەمان فۆرمی ڕاپرسی بەکاردێنن، بەڵام وەڵامەکانی بەشداران دەبەستنەوە بە فاکتەرە بایۆکیمیایی و بۆهێڵییەکان. ئەنجامگیرییەکانی ئەوان شۆک ئامێزە.

بایۆلۆجیستەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە جیهانی ئەقڵی و هەستیمان میکانیزمە بایۆکیمیاییەکان تەحەکومی پێوە دەکەن کە بەدرێژایی ملیۆنان ساڵی پەرەگرتن پێکهاتوون. وەکو هەموو حاڵەتە ئەقڵییەکانی تر، کامەرانیی خودی بە پێوەرە دەرەکییەکانی وەکو موچە، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی یان مافە سیاسییەکان دیاری ناکرێت. بەڵکو، بە سیستەمێکی ئاڵۆزی دەمارەکان، دەمارەخانەکان، تۆڕە دەمارییەکان و جۆرە مادەی بایۆکیمیایی وەکو سێرۆنین، دۆپامین و ئۆکسیتۆسین دیاری دەکرێت.

کەس قەت بە بردنەوەی یانسیب، کڕینی خانوو، بەدەستهێنانی پلەبەرزکردنەوە یان تەنانەت دۆزینەوەی خۆشەویستی ڕاستەقینە

دڵخۆش نابێت. خەڵکی بە یەک شت و تەنیاوتەنیا یەک شت دڵخۆش دەبن- هەستە خۆشەکان لە جەستەیاندا. کەسێک تازە یانسیبی بردووەتەوە یان خۆشەویستییەکی تازەی دۆزیووەتەوە و لەخۆشیدا هەڵدەپەڕێت بە ڕاستی کاردانەوەکەی بەرانبەر پارەکە یان مەعشوقەکە نییە. بەڵکو کاردانەوەکەی بەرانبەر ئەو هۆرمۆنە جیاجیایانەیە کە بەناو دەمارەکانیدا جۆگەلەیان بەستووە و بەرانبەر ئەو زریانەی سیگنالە کارەباییەکانە کە لەنیوان بەشە جیاوازەکانی مێشکیدا تروسکە دەدەن.

بەداخەوە بۆ هەموو هیواکانی دروستکردنی بەهەشت لەسەر زەوی، پێدەچێ سیستەمی بایۆکیمیایی ناوەوەمان پرۆگرام کرابێت بۆ پاراستنی بەختەوەریمان لە ئاستێکی تا ڕادەیەک جێگیردا. هەڵبژاردنێکی سروشتی نییە بۆ خۆشبەختی- هێڵی جێنەتیکی سۆفییەکی بەختەوەر قڕی تێدەکەوێت و جینەکانی باوانێکی دڵتەنگ دەگوازرێتەوە بۆ نەوەی دواتر. بەختەوەری و نەگبەتی تەنیا ئەو کاتە ڕۆڵێکیان هەیە لە پەرەگرتندا کە هانی زیندوومانەوە و وەچەخستنەوە بدەن یان بسڵەمێنەوە.

کەواتە مایەی سەرسوڕمان نییە کە پەرەگرتن ئێمەی وەها لەقاڵبداوە کە نە زۆر نەگبەت و نە زۆر بەختەوەر بین. ئەمە توانامان دەداتێ خۆشی لە هەڵپەیەکی هەستە خۆشەکان ببینین، بەڵام ئەمانە قەت بۆ تاهەتایە دریژە ناکێشن. زوو یان درەنگ، ئەمانە کز دەبن و شوێنیان بۆ هەستە ناخۆشەکان چۆڵ دەکەن.

بۆ نموونە، پەرەگرتن هەستە خۆشەکانی وەکو پاداشتێک بۆ ئەو نێرینانە دابین کرد کە جینەکانیان لە ڕێگە سێکس لەگەڵ مێینە تەندروستەکان بڵاو کردەوە. ئەگەر سێکس ئەو چێژەی لەگەڵ نەبووایە ئەوا ژمارەیەکی کەمی نێرینە دەپرژانە سەر ئەو کرداڕە. لەهەمان کاتدا،

پەرەگرتن ئەوەی زامن کرد کە ئەم هەستە خۆشانە بەخێرایی بڕەوێنەوە. ئەگەر ئۆرگازمەکان بۆ تاهەتایە درێژەیان بکێشایە ئەوا نێرینە زۆر دڵخۆشەکان بەهۆی نەبوونی ئارەزوو بۆ خواردن لەبرسا دەمردن و خۆیان تووشی ئەو گرفتە نەدەکرد کە بەدوای مێینەی تەندروستی تردا بگەڕێن.

هەندێ لە لێکۆڵەران کیمیای بایۆلۆژیی مرۆڤ بەراورد دەکەن بە سیستەمێکی هەوا ڕێکخەر کە پلەی گەرما جێگیر دەکات، شەپۆلی گەرما یان زریانی بەفر دەگەیەنێ. لەوانەیە ڕووداوەکان بەشێوەیەکی کاتی پلەی گەرما بگۆڕن، بەڵام سیستەمی هەوا ڕێکخەرەکە هەمیشە پلەی گەرماکە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەمان پلەی جێگیرکراو.

هەندێ لە سیستەمە هەوا ڕێکخەرەکان لەسەر بیست و پێنج جێگیر دەکرێن. ئەوانیتر لەسەر بیست. سیستەمەکانی ڕێکخستنی بەختەوەریی مرۆڤیش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن. لە خانەبەندییەکدا لە یەکەوە تا دە، هەندێ کەس بە سیستەمێکی بایۆکیمیایی وەها شاد هاتوونەتە دنیاوە کە ڕێگە بە میزاجیان دەدات تا لەنێوان ئاستەکانی شەش و دە دا بجوڵێنەوە و پێ بە پێیی کات لە هەشت دا جێگیر ببن. کەسێکی وەها تەواو دڵخۆشە ئەگەرچی لە شارێکی گۆشەگیرکەری گەورەشدا بژیت، هەموو پارەکەی لە دارمانی بازاڕی ئالوگۆڕی سەهمدا لەدەست بدات و تووشی نەخۆشی شەکرە بووبێت. خەڵکانی تر نەفرەتی کیمیایەکی بایۆلۆژیی خەمناکیان بەرکەوتووە کە لەنێوان سێ و حەوت دا دێت و دەچێت و لە پێنجدا جێگیر دەبێت. کەسێکی وەها هەر بە دڵتەنگی دەمێنێتەوە ئەگەرچی لەلایەن کۆمەڵێکی گەرم و گوڕەوە پاڵپشتی لێبکرێت، یانسیب بباتەوە و ئەوەندەی وەرزشکارێکی ئۆڵەمپی تەندروست بێت. لە ڕاستیدا، تەنانەت ئەگەر هاوڕێ خەمبارەکەمان

یانسیبێکی ٥٠،٠٠٠،٠٠٠ دۆلاری لە بەیانیدا بباتەوە، بۆ نیوەڕۆ چارەسەری ئایدز و شێرپەنجە بدۆزێتەوە، لە پاش نیوەڕۆدا ئاشتی لەنێوان ئیسرائیلییەکان و فەلەستینییەکاندا بەرقەرار بکات، و پاشان لە ئێوارەدا ئەو منالەی بدۆزێتەوە کە سالانێک لەومەپێش بزر ببوو- ئەوا هێشتا ناتووانێت هیچ شتێک لەودیو ئاستی حەوت ی خۆشبەختی ئەزموون بکات. مێشکی ئەو هەروا بەسادەیی بۆ شاگەشکەبوون دروست نەبووە، جا هەرچییەک دەبێ با ببێ.

بۆ ساتێک بیر لە هاوڕێیانی خانەوادەکەت بکەرەوە. تۆ هەندێ کەس دەناسیت کە تا ڕادەیەک شاد دەمێننەوە، جا هەرچییەکیان بەسەر بێت. پاشان ئەوانەیان تیایە کە هەمیشە دەم و چاویان داوە بەیەکدا گرنگ نییە جیهان چ نیعمەتێکیان پێ دەبەخشێت. ئێمە ئەو بڕوایەمان لا دروست دەبێ کە، ئەگەر ئێمە بتووانین شوێنی کارەکەمان بگۆڕین، هاوسەرگیری بکەین، نووسینی ڕۆمانەکەمان تەواو بکەین، سەیارەیەکی نوێ بکڕین یان پارەی قەرزی خانوو تەواو بکەین ئەوا دەتووانین لەسەری سەرەوەی جیهان بین. لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک ئەو شتە بەدەست دێنین کە ئارەزووی دەکەین ئەوا پێناچێ دڵخۆشتر بین. کڕینی ئۆتۆمبێلەکان و نووسینی ڕۆمانەکان کیمیای بایۆلۆژیمان ناگۆڕێت. لەوانەیە ئەم شتانە بۆ ساتێکی ڕاگوزەر بمانجوڵێنن، بەڵام بەزوویی دەگەڕێینەوە بۆ ساتی پێشوو.

چۆن دەکرێ ئەمە لەگەڵ ئەنجامگیرییە دەروونناسی و کۆمەڵناسییەکانی سەرەوەدا بگونجێنرێت لەمەڕ ئەوەی کە، بۆ نموونە، بەشێوەیەکی تێکڕایی، خەڵکی خێزاندار دڵخۆشترن لە زگورتییەکان؟ یەکەم، ئەم ئەنجامگیرییانە هاوپەیوەندیین- لەوانەیە ئاراستەی هۆکارێتی، پێچەوانەی ئەو شتە بێت کە تۆێژەران بۆی چوون. ڕاستە کە

خەڵکی خێزاندار دڵخۆشترن لە زگورتییەکان و جیابووەوەکان، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە هاوسەرێتی، بەختەوەری بەرهەم دێنێت. یان بەشێوەیەکی دروستتر، مادەی سێرۆتۆنین، دۆپامایین و ئۆکسیتۆسین دەبنە هۆی هاوسەرگیری و بەرقەرارکردنی. ئەو کەسانەی بە کیمیایەکی بایۆلۆژیی شادمانەوە هاتوونەتە دنیاوە بەشێوەیەکی گشتی دڵخۆش و بەقەناعەتن. ئەم خەڵکانە هاوسەری سەرنجڕاکێشترن و دەرەنجام چانسێکی باشتری هاوسەرگیرییان هەیە. ئەوان بەهەمان شێوە ئەگەری کەمتر جیا ببنەوە، چونکە ژین لەگەڵ هاوسەرێکی دڵخۆش و بەقەناعەت ئاسانترە وەک لەگەڵ هاوسەرێکی خەمناک و بێ قەناعەت. سەرەنجام، ڕاستە کە بەشێوەیەکی تێکڕایی، خەڵکی خێزاندار دڵخۆشترن لە زگورتییەکان، بەڵام ژنێکی ڕەبەن کە بەهۆی کیمیای بایۆلۆژییەکەیەوە بە ئاسانی دڵتەنگ دەبێ، مەرج نییە بە هاوسەرگیریکردن دڵخۆشتر ببێت.

سەرباری ئەمەش، زۆربەی بایۆلۆژیستەکان توندڕەو نین. ئەوان جەخت لەوە دەکەنەوە کە بەختەوەری بەشێوەیەکی سەرەکی بەهۆی کیمیای بایۆلۆژی دیاری دەکرێت، بەڵام ئەوان کۆکیشن لەسەر ئەوەی کە فاکتەرە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیش ڕۆڵی خۆیان دەبینن. سیستەمی هەوا ڕێکخەری ئەقڵیمان لەناو سنووڕە لەپێشدا دیاریکراوەکانەوە، ئازادییەکی جوڵانەوەی هەیە. تەقریبەن ئەستەمە سنووڕە هەستییەکانی سەرەوە و خوارەوە بپەڕێنیت، بەڵام هاوسەرگیری و جیابوونەوە دەتوانن لە پانتایی نێوان ئەو دوو سنووڕانە کاریگەرییەکیان هەبێت. کەسێکی لەدایکبوو بە تێکڕایی ئاستی پێنج ی بەختەوەری قەت لەسەر شەقامەکان سەما ناکات. بەڵام دەبێ

هاوسەرێتییەکی باش توانای پێبدات ناوبەناو خۆشی لە ئاستی حەوت ببینێت و خۆی لە خەمۆکێی ئاستی سێ لابدات.

ئەگەر ئێمە ڕوانگەی بایۆلۆژی بۆ بەختەوەری قبوڵ بکەین، ئەوا مێژوو دەبێتە شتێکی بێ بایەخ، چونکە زۆربەی ڕووداوە مێژوویییەکان کاریگەرییان لەسەر کیمیای بایۆلۆژیمان نەبووە. مێژوو دەتوانێت ئەو پاڵنەرە دەرەکیە بگۆڕێت کە دەبێتە هۆی دەردانی سیرۆتۆنین، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو ئاستانەی سیرۆتۆنین کە بەرهەم دێن بگۆڕێت و لێرەوە ناتوانێت خەڵکی دڵخۆشتر بکات.

جوتیارێکی سەدەکانی ناوەڕاستی فەرەنسا بە بانقدارێکی پاریسیی مۆدێرن بەراورد بکە. جوتیارەکە لە کۆلیتێکی قوڕی گەرمنەکراودا ژیاوە کە بەسەر خانوویەکی بەخێوگەی بەرازی ناوچەکە دا ڕوانیویەتی، لەکاتێکدا کە بانقدارەکە کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، دەچێتەناو شوقەیەکی پێنتهاوسی ڕەونەقدار کە کۆی دوایین ئامێرە تەکنۆلۆژییەکانی تێدایە و بەسەر شۆمپ ئێلیزێدا دەڕوانێت. لە مێشکی خۆماندا وا دادەنێین کە بانقدارەکەزۆر دڵخۆشترە لە جوتیارەکە. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆلیتە قوڕەکان، پێنتهاوسەکان و شەقامی شۆمپ ئەلیزێ بە ڕاستی میزاجی ئێمە دیاری ناکەن. بەڵام سێرۆتۆنین دیاری دەکات. کاتێک جوتیارەکەی سەدەکانی ناوەڕاست بونیادنانی کۆلیتەکەی تەواو کرد، دەمارەخانەکانی مێشکی سێرۆتۆنینیان دەردا، گەیاندیانە ئاستی .(X) کاتێک لە ساڵی ٢٠١٤دا بانقدارەکە دوایین بڕە پارەی پێنتهاوسە نایابەکەی دا، دەمارەخانەکان هەمان بڕی سێرۆتۆنینیان دەردا، گەیاندیانە ئاستی .(X) بەڵای مێشکەوە هیچ جیاوازییەکی نییە ئاخۆ پێنتهاوسەکە زۆر ئاسودەبەخشترە لە کۆلیتە قوڕەکە. تاکە شتێک کە گرنگە ئەوەیە کە ئێستا ئاستی سێرۆتۆنین(X) ە. سەرەنجام بانقدارەکە

تۆزقاڵێکیش لە باپیرە گەورە گەورەکەی، واتە جوتیارە داماوەکەی سەدەکانی ناوەڕاست، دڵخۆشتر نابێت.

ئەمە نەک تەنیا بۆ ژیانە تایبەتەکان، بەڵکو بۆ کۆمەڵەیەکی گەورەی حاڵەتەکان ڕاستە. شۆڕشی فەرەنسی بە نموونە وەربگرە. شۆڕشگێڕەکان سەرقاڵ بوون: ئەوان پاشایان لەسێدارەدا، زەوییان دایە جوتیارەکان، مافەکانی مرۆڤیان ڕاگەیاند، ئیمتیازاتی خانەدانیان هەڵوەشاندەوە و جارێ جەنگیاندا لەدژی سەراپای ئەوروپا. لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کام لەم شتانە کیمیای بایۆلۆژی نەگۆڕی. سەرەنجام، سەرباری هەموو ئەو هەڵبەز و دابەزە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژی و ئابووریانەی کە بەهۆی شۆڕشەکەوە هاتنە کایەوە، کاریگەرییەکەی لەسەر بەختەوەریی فەرەنسا بچوک بوو. ئەوانەی کە لە یانسیبی جیناتدا کیمیایەکی بایۆلۆژیی شادمانیان بەدەست هێنا پێش شۆڕش چەنێک دڵخۆش بوون، دوای شۆڕشیش هەر ئەوەندە. ئەوانەی کە کیمیایەکی بایۆلۆژیی خەمناکیان هەبوو، بەهەمان ئەو دڵتەنگییە سکاڵایان لەبارەی ڕۆبسپێر و ناپلیۆن هەبوو کە لە پێش شۆڕشدا لەبەرانبەر لویسی شانزە و ماری ئەنتوانیت هەیانبوو.

ئەگەر وایە، کەڵکی شۆڕشی فەرەنسی چی بوو؟ ئەگەر خەڵکی دڵخۆشتر نەبوون، ئەوا کەڵکی ئەو هەموو پەشێوی، ترس، خوێن و جەنگە چی بوو؟ بایۆلۆجیستەکان قەت هەڵیاندەکوتایە سەر (باستیل). خەڵکی پێیان وایە ئەم شۆڕشە سیاسییە یان ئەو ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتییە بەختەوەریان دەکات، بەڵام کیمیای بایۆلۆژییان دووبارە و سێبارە فریویان دەدات.

تەنیا یەک بەرەوپێشچوونی مێژوویی هەیە کە گرنگییەکی ڕاستەقینەی هەیە. ئەمڕۆکە، کاتێک ئێمە دواجار درک بەوە دەکەین کە

کلیلەکانی بەختەوەری لەدەستی سیستەمی کیمیای بایۆلۆژیماندایە، ئەوا دەتووانین بەفیرۆدانی کاتمان بە سیاسەت و ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی، کودەتا و ئایدۆلۆژیا بوەستێنین و تەنیا تەرکیز بکەینە سەر یەک شت کە بە ڕاستی دڵخۆشمان دەکات: ڕکێفکردنی کیمیای بایۆلۆژیمان. ئەگەر ئێمە ملیاردەها دۆلار بۆ تێگەیشتنی کیمیای بایۆلۆژیی مێشکمان و گەڵالەکردنی چارەسەری گونجاو سەرمایەگوزاری بکەین ئەوا دەتووانین خەڵکی زۆر لەپێشوو دڵخۆشتر بکەین، بەبێ ئەوەی پێویست بەهیچ شۆڕشێک بکات. بۆ نموونە، پرۆزاک، ڕۆڤەکان ناگۆڕێت، بەڵکو لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی ئاستەکانی سیرۆتۆنین، خەڵکی لە خەمۆکی دێنێتە دەر.

هیچ شتێک بەڵگاندنە بایۆلۆژییەکە ئەوەندەی دروشمی ڕێبازی چاخی نوێ ناپێکێت: (بەختەوەری لەناوەوەڕا دەست پێدەکات). پارە، پێگەی کۆمەڵایەتی، نەشتەرگەریی جوانکاری، خانووە جوانەکان، پۆستە بەهێزەکان- هیچ کام لەمانە خۆشبەختیت بۆ ناهێنن. خۆشبەختیی درێژخایەن تەنیا لە سیرۆتۆنین، دۆپامایین و ئۆکسیۆتۆسینەوە دێت.

لە ڕۆمانی وێرانشاری (ئالدۆس هاکسلی)دا بەناوی جیهانی نوێی ئازا دا کە لە ساڵی ١٩٣٢دا و لە گەرمەی بێبازاڕیی گەورە بڵاو کرایەوە، بەختەوەری بەهای باڵا و دەرمانە دەروونییەکان وەکو بناغەی سیاسەت شوێنی پۆلیس و سنوقی دەنگدان دەگرنەوە. هەر ڕۆژێک لە ڕۆژەکان، هەریەک لە کەسەکان بڕێک (سۆما) وەردەگرێت، دەرمانێک کە خەڵکی دڵخۆش دەکات بەبێ ئەوەی زیان بە توانای بەرهەمهێنانەکەی یان کارایییەکەی بگەیەنێت. ئەو دەوڵەتە جیهانییەی کە حوکمی سەرتاپای جیهان دەکات قەت ناکەوێتە بەر هەڕەشەی جەنگەکان، شۆڕشەکان، مانگرتنەکان یا خۆپیشاندانەکان، چونکە هەموو خەڵک تا ئاستێکی بەرز

قەناعەتیان بە هەلومەرجی هەنوکەییان هەیە جا ئەو هەلومەرجە هەرچۆنێ بێت. ڕوئیای هەکسلی بۆ ئایندە زۆر شڵەژێنەرترە لە ڕۆمانی (١٩٨٤)ی جۆرج ئۆرۆیل. بەڵای زۆربەی خوێنەرانەوە جیهانی هەکسلی نامرۆییانەتر دیارە، بەڵام قورسە ڕوونی بکەیتەوە بۆچی وایە. هەمووان هەموو کاتێک دڵخۆشن- ئەبێ ئەمە چی تیا بێ؟.

مانای ژیان

دونیای پەڕپوتی هەکسلی لەسەر بنەمای ئەو گریمانەی بایۆلۆژییە بونیاد نراوە کە بەختەوەریی یەکسانە بە چێژ. بەختەوەربوون نە زیاتر و نە کەمترە لە ئەزموونکردنی هەستە جەستەییە خۆشەکان. لەبەرئەوەی کیمیای بایۆلۆجیمان ماوە و مەودای ئەم هەستانەمان سنووردار دەکات، تاکە ڕێگا بۆئەوەی وا لە خەڵکی بکەین لە ماوەیەکی درێژی کاتدا ئاستێکی بەرزی بەختەوەری ئەزموون بکەن ئەوەیە سیستەمی بایۆکیمیاییان ڕێکبخەین.

بەڵام پێناسەی خۆشبەختی لەلایەن هەندێ لێکۆڵەرەوە مشتومڕی لەسەرە. لە تۆێژینەوەیەکی بەناوبانگدا، (دانیل کاهینمان)ی براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئابووری، داوای لە خەڵک کرد باسی نموونەی ڕۆژێکی کارکردنیان بکەن، بەش بە بەش پیا بڕۆن و ئەوە هەڵسەنگێنن کە چەنێک خۆشییان لە هەر ساتێک لە ساتەکان بینیووە و چەنێکیان ڕق لێبووە. ئەو شتێکی بۆ دەرکەوت کە لە پارادۆکس (ناکۆکهاتنەوە)یەک دەچێت لە دیدی زۆربەی خەڵک بۆ ژیانیان. کاری پەیوەست بە بەخێوکردنی منداڵێک وەربگرە. کاهینمان بۆی دەرکەوت لە کاتی ژماردنی ساتەکانی خۆشی و ساتەکانی بێزاریدا، بەخێوکردنی منداڵ کارێکی ناخۆش دەبێ. ئەم کارە بەشی زۆری بریتی دەبێت لە گۆڕینی

دایبی، شتنی قاپ و دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ وەرک گرتنەکاندا کە کەس حەزی لێناکات. لەگەڵ ئەوەشدا زۆربەی باوان ڕایدەگەیەنن کە منداڵەکانیان سەرچاوەی سەرەکیی خۆشبەختیانن. ئایا ئەمە بەو مانایەیە کە خەڵکی بە ڕاستی نازانن چ شتێکیان بۆ باشە؟.

ئەمەیان بژاردەیەک. بژاردەیەکی تر ئەوەیە کە ئەنجامگیرییەکان پیشانی دەدەن کە بەختەوەری بریتی نییە لە زۆریی ساتە خۆشەکان لەبەرانبەر ساتە ناخۆشەکاندا. بەڵکو، خۆشبەختی پێکدێت لە بینینی سەراپای ژیان بە شتێکی پڕمانا و شایستە. پێکهاتەیەکی درکی و ئەخلاقی لە بەختەوەریدا هەیە. بەهاکانمان هەموو جیاوازییەکە لەوەدا دروست دەکەن ئاخۆ ئیمە خۆمان وەکو "کۆیلەی نەگبەتی دیکتاتۆرێکی ساوا" دەبینین یان (کەسێک کە بەسۆزەوە پەرە بە ژیانێکی نوێ دەدات). وەکو نیتشە وتوویەتی، ئەگەر تۆ بۆچی-یەکت بۆ ژیان هەبێت، ئەوا دەتووانیت تەقریبەن بەرگەی هەموو چۆن-ێک بگریت. دەشێ ژیانێکی پڕمانا لە نێوەندی سەختیدا لەرادەبەدەر قەناعەت بەخش بێت، لەکاتێکدا کە ژیانێکی بێ مانا تەگەرەیەکی کارەساتبارە جا گرنگ نییە چەنێک ئاسودەبەخشە.

هەرچەندە خەڵکی لە هەموو کەلتوور و سەردەمەکاندا هەستیان بەهەمان جۆری خۆشی و ئازار کردووە، لەوانەیە ئەو مانایەی بە ئەزموونەکانیان بەخشیووە بەشێوەیەکی فراوان هەمەجۆر بووبێت. کەوابوو، دەشێ مێژووی بەختەوەری زۆر پەشێوتر بووبێت لەوەی بایۆلۆژیستەکان وێنایان کردووە. ئەمە ئەنجامگیرییەکە کە مەرج نییە لە بەرژەوەندی مۆدێرنێتە بێت. بەهۆی هەڵسەنگاندنی ژیان خولەک بە خولەک، خەڵکانی سەدەکانی ناوەڕاست بەدڵنیاییەوە سەخت بووە بۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ئەوان بڕوایان بە بەڵێنی نیعمە تی درێژخایەنی

ئەودیوی ژیان هەبووبێت، ئەوا لەوانەیە ژیانیان بە زۆر پڕماناتر و شایستەتر لە خەڵکی عەلمانیی مۆدێرن بینیبێت کە لە دوورمەودا دا ناتووانن چاوەڕوانی هیچ بکەن جگە لە تەمێکی تەواوەتی و بێمانا. ئەگەر لە فۆرمی ڕاپرسییەکەدا لە خەڵکی سەدەکانی ناوەڕاستت بپرسیایە (ئایا تۆ ڕازیت بە ژیان بەشێوەیەکی هەمەکی؟) ئەوا ئاستێکی تەواو بەرزیان لە کامەرانی خودی پیشان دەدا.

کەوایە پێشینانی سەدەکانی ناوەڕاستمان بەختەوەر بوون چونکە مانای ژیانیان لە وەهمە دەستەجەمعییەکاندا دۆزییەوە لەبارەی ئەودیوی ژیان؟ بەڵێ. تا ئەو جێیەی کە کەس فەنتازیاکانی بەتاڵ نەدەکردەوە، بۆچی دەبێ بەختەوەر نەبووبن؟ ئەوەندەی ئاگادارین، لە ڕوانگەیەکی زانستی بێگەردەوە، ژیانی مرۆڤ بەشێوەیەکی ڕەها بێ مانایە. مرۆڤەکان بەرەنجامی پرۆسەکانی پەرەگرتنی کوێرانەن کە بێ ئامانج و مەبەست لە گەڕدان. کردارەکانمان بەشێک نین لە پلانێکی گەردوونیی ئیلاهی، و ئەگەر سبەی بەیانی گۆی زەوی بتەقێتەوە، ئەوا لەوانەیە گەردوون لەکاری خۆی بەردەوام بێت وەکو پێشوو. ئەوەی لەم خاڵەدا بیزانین ئەوەیە کە، خودێتی مرۆڤ شوێنی دیار نامێنێ. لێرەوە، هەر مانایەک کە خەڵکی بە ژیانی بەخشیووە تەنیا وەهمێکە. ئەو مانایانەی ئەودیو ژیان کە خەڵکی سەدەکانی ناوەڕاست کە لەژیانیاندا دۆزیوویانەتەوە، هەرئەوەندەی ئەو مانا هیومانیستە مۆدێرنە، ناسیۆنالیست و کەپیتالیستیانە وەهم ئامێزن کە خەڵکە مۆدێرنەکان دەیدۆزنەوە. ئەو زانایەی دەڵێت ژیانی پڕمانایە لەبەرئەوەی کۆگای مەعریفەی مرۆڤ گەورەتر دەکات، ئەو سەربازەی ڕایدەگەیەنێت کە ژیانی پڕمانایە لەبەرئەوەی لەپێناو نیشتمانەکەیدا شەڕی بەرگری دەکات و ئەو کاروگەڕخەڕەی مانا لە بونیادنانی کۆمپانیایەکی نوێدا دەبینێتەوە کەمتر

خەیاڵاوی نییە لە هاوتا سەدە ناوەڕاستییەکەی کە مانا لە خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکان، چوونە شەڕی خاچپەرستی یان بونیادنانی کەنیسەیەکی نوێدا دەدۆزێتەوە.

بۆیە لەوانەیە خۆشبەختی، وەهمە کەسییەکانی کەسێک لەمەڕ مانا هاوتا بکات لەگەڵ وەهمە دەستەجەمعییە زاڵەکاندا. تا ئەو جێیەی کە گێڕانەوەی کەسیی من هاوتەریبە لەگەڵ گێڕانەوەکانی خەڵکانی دەوروبەرم، دەتووانم قەناعەت بە خۆم بێنم کە ژیانم پڕمانایە و خۆشبەختی لەو بیروباوەڕەدا بدۆزمەوە.

ئەمە ئەنجامگیرییەکی تەواو خەمناکە. ئایا خۆشبەختی بەندە بە خۆفریودان؟.

خۆت بناسە

ئەگەر خۆشبەختی لەسەر هەستکردن بە هەستە خۆشەکان ڕۆنرابێت، ئەوا بۆئەوەی خۆشبەختتر بین پێویستە سیستەمی بایۆکیمیاییمان بونیاد بنێینەوە. ئەگەر بەختەوەری لەسەر ئەو هەستە بونیاد نرابێت کە ژیان پڕمانایە، ئەوا بۆئەوەی بەختەوەرتر بین پێویستە بەشێوەیەکی کاریگەرتر خۆمان فریو بدەین. ئایا ئەلتەرناتیڤی سێیەم هەیە؟.

هەردوو تێڕوانینەکەی سەرەوە لەو گریمانەیەدا هاوبەشن کە بەختەوەری جۆرێکە لە هەستی خودی (ی چێژ یان مانا)، و بۆ حوکمدان لەسەر بەختەوەریی خەڵک، هەموو ئەوەی پێویستمانە بیکەین پرسیارلێکردنیانە لەمەڕ ئەوەی ئاخۆ هەستیان چۆنە. بۆ زۆرێک لە ئێمە، ئەمە لۆژیکی دیارە چونکە ئایینی زاڵی سەردەمی ئێمە لیبرالیزمە.

لیبرالیزم هەستە خوددییەکانی تاکەکەس پیرۆز دەکات. ئەم هەستانە وەکو سەرچاوەی بالای دەسەلات پیشان دەدات. چ شتێک باشە و چ شتێک خراپە، چ جوانە و چ ناشیرینە، دەبێ چی هەبێ و چی نەبێ، هەمووی بەو هەستەی کە هەمانە دیاری دەکرێت.

سیاسەتی لیبرال لەسەر ئەو ئایدیایە ڕۆنراوە کە دەنگدەران پێیان وایە باشترینە و پێویست بە براگەورە ناکات پێمان بڵێت چیمان بۆ باشە. ئابووریی لیبرال لەسەر ئەو ئایدیایە ڕۆنراوە کە مشتەری هەموو کاتێک لەسەر حەقە. هونەری لیبرال ڕایدەگەیەنێت کە جوانی لە چاوی بینەرەکەیدایە. قوتابیان لە قوتابخانە و زانکۆ لیبرالەکاندا فێر دەکرێن کە بۆ خۆیان بیر بکەنەوە. ڕێکلامەکان پاڵمان دەنێن (هەنگاوەکە بنێ!) فیلمەکانی ئاکشن، دراماکانی سەر شانۆ، زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان، ڕۆمانەکان، گۆرانییە پۆپە سەرنجڕاکێشەکان بەردەوام ڕاماندەکێشن: (لەگەڵ خۆتدا ڕاست بە)، (گوێ لە خۆت بگرە)، (دوای دڵت بکەوە). جان جاک ڕۆسۆ بەشێوەیەکی کلاسیکیتر ئەم تێڕوانینەی بەیان کردووە: (هەر شتێک هەست بکەم باش بێت- باشە. هەر شتێک هەست بکەم خراپ بێت، خراپە).

ئەو خەڵکەی هەر لە کۆرپەییەوە لەسەر بەرنامەیەکی ئەو جۆرە دروشمانە پەروەردە کراوە، بە ئاسانی بڕوا دێنن بەوەی کە بەختەوەریی هەستێکی خوددییە و ئەمەی کە هەر تاکێک بەباشترین شێوە دەزانێت ئاخۆ بەختەوەرە یان نەگبەتە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تێڕوانینە تایبەتە بە لیبرالیزم. زۆربەی ئایینەکان و ئایدۆلۆژیاکان بەدرێژایی مێژوو وتوویانە پێوەری بابەتی هەن بۆ چاکە و جوانی، و بۆ ئەوەی شتەکان دەبێ چۆن بن. ئەوان بەگومان بوون لە هەستەکان و ئارەزووەکانی کەسی ئاسایی. لە دەروازەی پەرستگەی ئاپۆڵۆ لە (دێلفی)، سەردانکەران بەم تابلۆیە

پێشوازییان لێدەکرێت: " خۆت بناسە!" گوزارشتەکە ئەوە بوو کە تێکڕای هەر کەسێک بێ ئاگایە لەم خودە ڕاستەقینەیە، و بۆیە ئەگەری هەیە بێ ئاگا بێت لە بەختەوەریی ڕاستەقینە. لەوانەیە فرۆید هاوڕا بووایە.

بەهەمان شێوە تیۆلۆژە مەسیحییەکانیش. قەدیس پۆل و قەدیس ئۆگەستین بەباشی دەیانزانی کە ئەگەر تۆ لەبارەیەوە پرسیارت لە خەڵک کرد، زۆربەیان پێیان باشترە سێکس بکەن نەک نزا لە خودا بکەن. ئایا ئەمە دەیسەلمێنێت کە سێکسکردن کلیلی خۆشبەختییە؟ بە گوێرەی پۆل و ئۆگەستین بێت نەخێر. ئەمە تەنیا دەیسلەمێنێت کە مرۆڤایەتی بە سروشتی خۆی گوناهبارە و ئەمەی کە خەڵکی بە ئاسانی لەلایەن شەیتانەوە دەخەڵەتێنرێن. لە ڕوانگەیەکی مەسیحییەوە، زۆرینەی هەرە زۆری خەڵکی کەم یان زۆر لە هەمان بارودۆخی ئاڵودەبووانی هیرۆیندان. وێنای ئەوە بکە دەروونناسێک لەناو بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەردا دەست دەداتە توێژینەوەی بەختەوەری. ئەو ڕاپرسییان لەگەڵدا دەکات و بۆی دەردەکەوێت هەر تاکێک لەوان دەڵێت تەنیا ئەو کاتە دڵخۆشە کە مەست دەبێ. ئایا دەروونناسەکە توێژینەوەیەکی بڵاو دەکردەوە کە تیایدا ڕایبگەیەنێت هیرۆین کلیلی بەختەوەرییە؟.

بیرۆکەی ئەمەی کە هەستەکان جێی متمانە نین تەنیا سنووردار نییە بە مەسیحیەت. لانی کەم کاتێک مەسەلەکە دێتە سەر بەهای هەستەکان، تەنانەت (داروین) و (داوکینز)یش دەشێ خاڵی هاوبەش لەگەڵ قەدیس پۆل و قەدیس ئۆگەستیندا بەدی بکەن. بەپێی تیۆرەی بۆهێڵی خۆپەرست، هەڵبژاردنی سروشتی، وەکو زیندەوەرانی تر، وا لە خەڵکیش دەکات ئەو شتە هەڵبژێرن کە باشە بۆ وەچەخستنەوە لە بۆهێڵەکانیان، تەنانەت ئەگەرچی وەکو تاکەکەس خراپیش بێت بۆیان. زۆربەی نێرینەکان ژیان خۆیان بە کۆششکردن، نیگەرانی، کێبڕکێ و

شەڕ بەسەر دەبەن، لەبری ئەوەی کە خۆشی لە بەرەکەتی ئاشتی ببینن، چونکە دی.ئێن.ئەی بۆ ئامانجی خۆپەرستانەی خۆی ڕکێفیان دەکات. وەکو شەیتان، دی.ئێن.ئەی چێژە ڕاگوزەرەکان بەکار دێنێت بۆ فریودانی خەڵک و دەیانخاتە ناو دەسەڵاتی خۆیەوە.

زۆربەی ئایینەکان و فەیلەسوفان سەرەنجام ڕوانگەیەکی زۆر جیاوازتریان لەوەی لیبرالیزم بۆ بەختەوەری گرتووەتە بەر. ڕوانگەی بودیزم بەشێوەیەکی دیاریکراو جێی سەرنجە. لەوانەیە بودیزم گرنگییەکی زۆرتری بە بەراورد بە هەر بیروباوەڕێکی تری مرۆیی بە بە ختەوەری دابێت. بۆ ماوەی ٢،٥٠٠ ساڵ، بودیستەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیکی تاووتوێی جەوهەر و هۆکارەکانی بەختەوەری کردووە هەر بۆیە لەناو کۆڕی زانستیدا بایەخدانێکی پەیتا پەیتا زیاتر هەیە بە فەلسەفەکەیان و پراوەکانی تێڕامانکردنیان.

بودیزم لە هەمان قوڵبینیی ڕوانگەی بایۆلۆژی بۆ بەختەوەری هاوبەشە، واتە ئەمەی کە بەختەوەریی لەو پرۆسەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەناو جەستەی یەکێکدا ڕووەدات، نەک لە ڕووداوەکانی دەرەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بودیزم بە دەستپێکردن لەهەمان قوڵبینی، دەگاتە ئەنجامگیریی زۆر جیاواز.

بە گوێرەی بودیزم، زۆربەی خەڵکی، بەختەوەری بە هەستە خۆشەکان دەناسنەوە و ئێش و ئازاریش بە هەستە ناخۆشەکان دەناسنەوە. سەرەنجام خەڵکی گرنگییەکی گەورە دەدەن بەو شتەی هەستی پێدەکەن، تامەزرۆن خۆشی زۆر و زۆرتر ئەزموون بکەن لەکاتێکدا کە خۆیان لە ئازار لادەدەن. هەر شتێک کە ئێمە بەدرێژایی ژیانمان دەیکەین، جا خواردنی قاچمان بێت، جوڵانێک بێت لەناو

کورسیەکەماندا یان بەشداری بێت لە جەنگی جیهانیدا، هەوڵدانە بۆ بەدەستهێنانی هەستە خۆشەکان.

بەپێی بودیزم، کێشەکە ئەوەیە کە هەستەکانمان جگە لە لەرەلەری ڕاگوزەر هیچی تر نین کە وەکو شەپۆلەکانی ئۆقیانووس هەموو ساتێک گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئەگەر پێنج خولەک لەمەوبەر هەستم بە خۆشی و هەبوونی ئامانجی واتادار کردبێت، ئێستا ئەم هەستانە نەماون و لەوانەیە هەست بە خەمباری و بێزاری بکەم. بۆیە ئەگەر من بمەوێ هەستە خۆشەکان ئەزموون بکەم، ئەوا دەبێ بە بەردەوامی دوایان بکەوم، لەکاتێکدا کە هەستە ناخۆشەکان بەلاوە نێم. تەنانەت ئەگەر سەرکەوتووش بم، ئەوا دەستبەجێ دەبێ سەرلەنوێ دەست پێ بکەمەوە، بەبێ ئەوەی هیچ پاداشتێکی درێژخایەن بۆ گرفتەکانم وەربگرم.

چ شتێک لەبارەی بەدەستهێنانی ئەم خەڵاتە پەراوێزییانە ئەوەندە گرنگە؟ بۆچی ململانێ ئەوەندە سەختە بۆ بەدەستهێنانی شتێک کە لەگەڵ دەرکەوتنیدا بزرێش دەبێت؟ بە گوێرەی بودیزم، ڕەگی ئێش، نە هەستکردن بە ئازارە، نە هەستکردن بە خەمباریە و نە تەنانەت هەستکردنە بە بێ مانایی. بەڵکو، ڕەگی ڕاستەقینەی ئێش و تلانەوە، ئەم گەڕانە بێ کەڵکە ناکۆتایەیە بەدوای هەستە پەراوێزییەکاندا، کە وامان لێدەکات لە حاڵەتێکی بەردەوامی پشێوی، وچان نەدان و بێ قەناعەتیدا بین. بەهۆی ئەم گەڕانە، ئەقڵ قەت قەناعەتی نایەت. تەنانەت کاتێک ئەقڵ چێژ ئەزموون دەکات، ئەمە قەناعەت نییە، چونکە ترسی هەیە لەوەی ئەم هەستە بەزوویی ون ببێت و تامەزرۆی ئەوەیە ئەم هەستە بمێنێتەوە و تۆکمە ببێت.

خەڵکی ئەو کاتە لەدەست ئێش ڕزگاریان نابێ کە ئەم یان ئەو چێژە ڕاگوزەرە ئەزموون بکەن، بەڵکو ئەو کاتەی کە لە سروشتی ناچێگیری

هەموو هەستەکانیان تێبگەن و چیتر ئاواتەخوازی نەبن. ئەمەش ئامانجی پرۆژەکانی قوڵڕامانی بودیزمە. لە قوڵڕاماندا دەبێ تۆ لە نزیکەوە چاودێری ئەقڵ و جەستەت بکەیت، بینەری دەرکەوتن و بزربوونی بێ وچانی هەموو هەستەکانت بیت و درک بەوە بکەیت کە سۆراخکردنیان چەنێک بێ مانایە. کاتێک سۆراخکردنەکە دەوەستێت، ئەقڵ زۆر هێور، ڕوون و ڕەزامەند دەبێت. هەموو جۆرە هەستێک لە هاتن و چوون بەردەوام دەبێت- شادی، تووڕەیی، بێزاری، شەهوەت- بەڵام هەر کە تۆ چیتر خوازیاری هەستە دیاریکراوەکانت نەبوویت، ئەوا دەتوانیت بەو شێوەیەی کە هەن قبوڵیان بکەیت. تۆ لە ساتی ئێستادا دەژیت لەبری ئەوەی کە لەمەڕ ئەوەی چی ببووایەخەیالپڵاوی بکەیت.

هێمنیی دەرەنجام ئەوەندە قووڵە کە ئەوانەی ژیانی خۆیان بە گەڕانی پڕ هەڵپە بەدوای هەستە خۆشەکان بەسەر دەبەن بە زەحمەت دەتوانن وێنای بکەن. ئەمە وەکو پیاوێک وایە کە چەند دەیەیەکە لە کەناری دەریا وەستاوە، هەندێ شەپۆلی دیاریکراو لەباوەش دەگرێت و هەوڵدەدات ڕێگر بێت لەوەی پەرت و بڵاو ببن، لەکاتێکدا پاڵ بە هەندێ شەپۆلی "خراپ"ەوە دەنێت بۆ دواوە بۆئەوەی نەهێڵێت لێی نزیک ببنەوە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، پیاوەکە لەکەنارەکەدا دەوەستێت، بەو پراوە بێ ئاکامەوە خۆی شێتگیر دەکات. سەرەنجام، لەسەر لمەکە دادەنیشێت و هەر بەو شێوەیەی دەبنە مایەی دڵخۆشی، ڕێگە بە شەپۆلەکان دەدات بێن و بڕۆن. چەنێک ئارامبەخشە!.

ئەم بیرۆکەیە ئەوەندە بۆ کەلتووری لیبرالیی مۆدێرن نامۆیە کە کاتێک بزاڤەکانی چاخی نوێی خۆرئاوایی ڕووبەڕووی تێڕامانەکانی بودیزم بوونەوە، ئەم تێڕامانانەیان وەرگێڕا بۆ سەر پێوەرە لیبرالییەکان، لێرەوە خستیانە ناو مێشکیانەوە. ڕێبازەکانی چاخی نوێ، زۆرجار بەڵگەی ئەوەی دەهێننەوە کە: "بەختەوەری پشت ئەستوور نییە بە هەلومەرجە

دەرەکییەکان. ئەمە تەنیا بەندە بەو شتەی لەناوەوەماندا هەستی پێدەکەین. نابێ خەڵکی چیتر سۆراخی دەستکەوتە دەرەکییەکانی وەکو سامان و پایە بکەن و لەبری ئەمە خۆ ببەستنەوە بە هەستە ناوەکییەکان". یان وردتر، "بەختەوەری لەناوەوەڕا دەست پێدەکات". ئەمە کتومت ئەو شتەیە بایۆلۆژیستەکان بەڵگەی بۆ دەهێننەوە، بەڵام کەم یان زۆر پێچەوانەی ئەو شتەیە کە بودا دەیگوت.

بودا لەوەدا لەگەڵ بایۆلۆژیای مۆدێرن و بزاڤەکانی چاخی نوێدا کۆک بوو کە بەختەوەری جودایە لە هەلومەرجە دەرەکییەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، تێڕامانە گرنگتر و قوواڵترەکەی ئەوە بوو کە بەختەوەری بەهەمان شێوە جودایە لە هەستەکانی ناوەوەمان. لەراستیدا، چەندەی گرنگی زیاتر بدەینە هەستەکانمان، ئەوەندە زیاتر تامەزرۆیان دەبین و زیاتر دەتڵێینەوە و دەنااڵێنین. پێشنیاری بودا ئەوە بوو کە نەک تەنیا گەڕان بەدوای دەستکەوتە دەرەکییەکان بەڵکو گەڕان بەدوای هەستەکانی ناوەوەشماندا بوەستێنین.

کورت بو پوخت، فۆرمەکانی ڕاپرسیی خودی، کامەرانیمان بە هاوشێوە لەگەڵ هەستە خودییەکانمان پیشان دەدەن و سۆراخکردنی بەختەوەری لەگەڵ گەڕان بەدوای حاڵەتە هەستییە دیاریکراوەکان بەهاوشێوە پیشان دەدەن. کەچی، بۆ زۆرێک لە فەلسەفە و ئایینەکان، وەکو بودیزم، کلیلی خۆشبەختی، زانینی ڕاستییە لەبارەی خۆتەوە- تێگەیشتنی ئەمەی کە تۆ بە ڕاستی چیت، یان کێیت. زۆربەی خەڵکی بە هەڵە خۆیان بە هاوشێوە لەگەڵ هەستەکانیان، بیرکردنەوەکانیان، حەزەکانیان و کەیف نەهاتنەکانیان دەبینن. ئەوان پێیان وایە، کاتێک هەست بە تورەیی دەکەن، ئەوا "من تورەم. ئەمە تورەیی منە". سەرەنجام ئەوان ژیانیان بەخۆڵادان لە هەندێ جۆری دیاریکراوی هەستەکان و سۆراخکردنی هەندێکی تر بەسەر برد. ئەوان قەت درک

بەوە ناکەن کە ئەوان بریتی نین لە هەستەکانیان و ئەمەی کە سۆراخکردنی بێ وچانی هەستە دیاریکراوەکان تەنیا لەناو نەگبەتیدا گیریان دەکات.

ئەگەر ئەمە وابێ، ئەوا دەشێ تەواوی تێگەیشتنمان لە بەختەوەری گومڕاکەر بێت. لەوانەیە زۆر گرنگ نەبێ کە چاوەڕوانییەکانی خەڵکی بەرجەستە ببن و ئاخۆ هەستی خۆشیان هەیە یان نا. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ خەڵکی حەقیقەت لەبارەی خۆراک دۆزەرەوە دێرینەکان یان جوتیارانی سەدەکانی ناوەڕاست دەزانن؟.

لێکۆڵەران تەنیا چەند ساڵێک لەمەوبەر دەستیانکرد بە توێژینەوەی مێژووی بەختەوەری و ئێمە هێشتا گریمانەی سەرەتایی گەڵاڵە دەکەین و بەدوای میتۆدی توێژینەوەی گونجاودا دەگەڕێین. زۆر زووە کە پەیڕەوی لە ئەنجامگیرییە ڕەق و تەقەکان بکەین و کۆتایی بە مشتومڕێک بێنین کە زەحمەتە هێشتا دەستپێکردبێت. ئەوەی کە گرنگە ناسینی زۆرترین ڕوانگەی جیاواز و کردنی پرسیارە دروستەکانە.

زۆربەی کتێبەکانی مێژوو تەرکیز دەکەنە سەر ئایدیاکانی بیرمەندە گەورەکان، جەنگاوەرە ئازاکان، خێرخوازیی قەدیسەکان و ئەفرێنەرێتی هونەرمەندەکان. ئەوان شتی زۆریان پێیە بیڵێن لەبارەی دروستبوون و هەڵوەشانی سترەکتۆرە کۆمەڵایەتییەکان، لەبارەی سەرهەڵدان و کەوتنی ئیمپراتۆریەتەکان، لەبارەی دۆزینەوە و بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆژیاکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمانە لەبارەی ئەوەی کە چۆن هەموو ئەمە کاریگەری کردووەتە سەر بەختەوەری و ئێشی تاکەکان، هیچ نااڵێن. ئەمە گەورەترین کەلێنە لە تێگەیشتنی ئێمەدا بۆ مێژوو. دەبووایە ئێمە دەست بکەین بە پڕکردنەوەی.

٢٠

کۆتایی مرۆڤە هۆشمەندەکان

ئەم کتێبە بە خستنەڕووی میژوو وەکو قۆناغی دواتر لە بەردەوامیی فیزیا بەرەو کیمیا و بەرەو بایۆلۆژیا دەستپێکرد. مرۆڤە هۆشمەندەکان دەکەونە بەر هەمان ئەو هێزە فیزیکی، پەرچەکرداره کیمیایی و پرۆسانەی هەڵبژاردنی سروشتی کە حوکمی هەموو بوونەوەرە زیندووەکان دەکەن. لەوانەیە هەڵبژاردنی سروشتی پانتاییەکی زۆر گەورەتری لەوەی زیندەوەرانی تری دابین بکردایە، بەڵام پانتاییەکە هێشتا سنووری خۆی هەبوون. دەڵاڵەتەکە ئەوە بووە کە، گرنگ نییە دەستکەوت و تەقەڵاکانیان چی بوون، مرۆڤە هۆشمەندەکان ناتوانن لە سنوورە دیاریکراوەکانی بایۆلۆژییان قوتار بن.

بەڵام لە بەرەبەیانی سەدەی بیست و یەکدا، ئەمە چیتر وا نییە: مرۆڤە هۆشمەندەکان دەچنە سەروو ئەو سنوورانەوە. ئێستا ئەوان دەست دەکەن بە شکاندنی یاساکانی هەڵبژاردنی سروشتی و بە یاساکانی دیزاینی هۆشمەند شوێنگۆڕکێیان پێ دەکەن.

بۆ نزیکەی ٤ ملیارد ساڵ، هەموو تاکە زیندەوەرێکی سەر هەسارەکە لەژێر باری هەڵبژاردنی سروشتیدا بووە. تەنانەت یەکێکیشیان لەلایەن

خالقێکی هۆشمەندەوە دروست نەکراوە. بۆ نموونە زەرافە، ملە درێژەکەی بەهۆی پێشبڕکێ لەنێوان زەرافە دێرینەکان پەیدا کردووە نەک بەهۆی ئارەزووی بوویەکی سوپەرهۆشمەند. ئەو نموونانەی زەرافە کە ملی درێژتریان هەبوو، خواردنی زیاتریان دەست دەکەوت و سەرەنجام وەچەی زیاتریان لە مل کورتەکان دەخستەوە. هیچ کەسێک، بەدڵنیاییەوە هیچ زەرافەیەکیش، نەیوتووە " ملێکی درێژ توانا بە زەرافەکان دەدات گەڵای سەر تۆپکی درەختەکان بخۆن. کەوایە با درێژی بکەین". جوانیی تیۆرەکەی داروین ئەوەیە کە پێویستی بەوە نییە گریمانەی دیزاینەرێکی هۆشمەند بکات بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەی کە چۆن زەرافەکان ملی درێژیان پەیدا کردووە.

بۆ ملیارەها ساڵ، دیزاینی هۆشمەند تەنانەت بژارەیەک نەبووە، چونکە هۆشمەندییەک نەبوو بتووانێ دیزاینی شتەکان بکات. وردەزیندەوەرەکان، کە تاوەکو ئەم دواییە تاکە شتی زیندووی هەبوو بوون، دەتووانن شتی سەرنجڕاکێش بکەن. وردە زیندەوەرێکی توخمێک دەتووانێت کۆدی جینەتیکی لە توخمێکی تەواو جیاوازەوە بخاتە ناو خانەی خۆیەوە و لێرەوە توانای نوێ بەدەست بێنێت، وەکو بەرەنگاری بەرانبەر ئەنتی بایۆتیک. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەندەی لێی بزانین، وردە زیندەوەرەکان ئاگاییان نییە، ئامانجیان لەژیاندا نییە و پلاندانانیشیان بۆ ئایندە نییە.

لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا، زیندەوەرەکانی وەکو زەرافە، دۆلفینەکان، شامپانزێکان و نیاندەرتاڵەکان ئاگایی و توانای پلاندانانی ئایندەیان پەیدا کردووە. بەڵام تەنانەت ئەگەر نیاندەرتاڵێک لەبارەی بااڵندەی وەها خەیاڵپڵاوی کردبێ کە ئەوەندە قەڵەو و خاو بێ هەر کاتێک برسی بوو دەستی بداتێ، ئەوا هیچ ڕێگەیەکی نەبووە بۆ بەرجەستەکردنی ئەو

خەیاڵە لە واقیعدا. دەبووایە ئەو باڵندانە ڕاو بکات کە بەشێوەیەکی سروشتی هەڵبژێردراون.

یەکەم درز لە سیستەمە کۆنەکەدا لە نزیکەی ١٠،٠٠٠ ساڵ لەمەوپێش، لەماوەی شۆڕشی کشتوکاڵیدا دەرکەوت. ئەو مرۆڤە هۆشمەندانەی خەویان بە مریشکی سست و قەڵەو دەبینی، بۆیان دەرکەوت کە ئەگەر ئەوان قەڵەوترین مریشکیان لەگەڵ خاوترین کەڵەشێر جوت کرد، ئەوا هەندێک لە وەچەکانیان هەم قەڵە و هەم خاو دەبێت. ئەگەر تۆ ئەو وەچانەت لەگەڵ یەکتریدا جوت کرد، ئەوا دەتووانیت ڕێزێک پەڵەوەڕی قەڵەو و خاو بخەیتەوە. ئەمە نەژادێکی مریشکی نەناسراو بوو بەڵای سروشتەوە کە نەک دیزاینی هۆشمەندی خودایەک بەڵکو هی مرۆڤ بەرهەمی هێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا، بە بەراورد بە خوداوەندێکی بەتوانا، مرۆڤە هۆشمەندەکان شارەزایەتی سنووورداری دیزاینیان هەبووە. مرۆڤە هۆشمەندەکان توانیان وەچەخستنەوەی بژاردەیی بەکار بێنن بۆ لادانێک و گوڕپێدانی ئەو پرۆسانەی هەڵبژاردنی سروشتی کە بەشێوەیەکی ئاسایی کاری دەکردە سەر مریشک، بەڵام نەیانتووانی کارەکتەری تەواو نوێ بهێننە کایەوە کە پێشتر لە بۆهێلەکانی مریشکی کێویدا نەبوون. بەشێوەیەک لە شێوەکان، پەیوەندیی نێوان مرۆڤە هۆشمەندەکان و مریشکەکان هاوشێوەیە لەگەڵ زۆر پەیوەندیی تری هاوژینی کە زۆرجار خۆبەخۆ لە سروشتدا سەرهەڵدەدەن. مرۆڤە هۆشمەندەکان گوشاری بژاردەیی سەیریان خستە سەر مریشکەکان کە وایکرد مریشکە خاو و قەڵەوەکان زۆروزەبەند ببن، وەکو چۆن هەنگە دەنکە هەڵاڵە گوێزەڕەوەکان گوڵەکان هەڵدەبژێرن و وا لە ڕەنگاوڕەنگە درەوشاوەکان دەکەن زۆروزەبەند ببن.

ئەمڕۆکە، سیستەمی چوار ملیارد ساڵەی هەڵبژاردنی سروشتی ڕووبەڕووی تەحەدایەکی تەواو جیاواز دەبێتەوە. لە تاقیگەکانی سەرانسەری جیهاندا، زاناکان خەریکی ئەندازەکردنی بوونەوەرە زیندووەکانن. ئەوان بە سەلامەتی خەریکی شکاندنی یاساکانی هەڵبژاردنی سروشتین و تەنانەت کارەکتەرە بنچینەییەکانی زیندەوەرێکیش کۆسپیان بۆ دروست ناکات. ئێدواردۆ کاچ کە هونەرمەندێکی بایۆلۆژیستە، ساڵی ٢٠٠٠ بڕیاریدا بەرهەمێکی هونەری نوێ دروست بکات: کەرۆشکێکی سەوزی فۆسفۆری. کاچ پەیوەندیکرد بە تاقیگەیەکی فەرەنسییەوە و بڕە پارەیەکی دایە تا ئەندازەکاریی کەرۆشکێکی درەوشاوە بکات بەگوێرەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە خۆی دیاری دەکات. زانا فەرەنسییەکە کۆرپەلەیەکی کەرۆشکێکی سپی ئاسایی وەرگرت، بۆهێلێکی گیانەوەری بوکی دەریایی ڕەنگ سەوزی فۆسفۆری خستە ناو (دی.ئێن.ئەی)یەکەیەوە و بەڵێ! کەرۆشکێکی سەوزی فۆسفۆری بۆ جەنابیان. کاچ، کەرۆشکەکەی ناونا ئەلبا.

ئەستەمە بوونی (ئەلبا) لە ڕێگەی یاساکانی هەڵبژاردنی سروشتی ڕوون بکەینەوە. ئەو، بەرهەمی دیزاینی هۆشمەندە. ئەو بەهەمان شێوە ئاماژەیەکە بۆ ئەو شتانەی کە دێن. ئەگەر ئەو لەباردابوونەی کە ئەلبا گوزارشتی لێوە دەکات بەتەواوی درکی پێکرا- و ئەگەر مرۆڤایەتی لەهەمان کاتدا خۆی بنبڕ نەکرد- لەوانەیە شۆڕشی زانستی خۆی زۆر گەورەتر لە تەنها شۆڕشێکی مێژوویی بسەلمێنێت. لەوانەیە ئەمە وەکو گرنگترین شۆڕشی بایۆلۆژی لەسەر ڕووی زەوی دەرکەوێت. پاش ٤ ملیارد ساڵی هەڵبژاردنی سروشتی، ئەلبا لەبەرەبەیانی سەردەمێکی گەردوونیی نوێدایە، کە تیایدا ژیان بە دیزانی هۆشمەند حوکم دەکرێ. ئەگەر ئەمە ڕووبدات، دەشێ تەواوی مێژووی مرۆڤ تا ئەو ساتەوەختە وەکو پرۆسەیەکی تاقیکردنەوەی زانستی و فێربوون تەرجەمە بکرێت کە گەمەی ژیانی گۆڕیووە. دەبێ پرۆسەیەکی وەها لە ڕوانگەیەکی

گەردوونیی ملیاردەها ساڵ دەرک بکرێت، نەک لە ڕوانگەی مرۆیی هەزارەکەوە.

بایۆلۆژیستەکانی سەرانسەری جیهان لە شەڕێکدا لەگەڵ بزاڤی دیزاینی هۆشمەند دا گیریان خواردووە کە هاودژە لەگەڵ وانەکانی پەرەگرتنی داروینی لە قوتابخانەکاندا و بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئاڵۆزکاویی بایۆلۆژی، هەبوونی خالقێک دەسەلمێنێت کە لە پێشدا بیری لە هەموو وردەکارییەکی بایۆلۆژی کردووەتەوە. بایۆلۆژیستەکان لەبارەی ڕابردووەوە ڕاستیان دەگوت، بەڵام لەوانەیە لایەنگیرانی دیزاینی هۆشمەند لەبارەی ئایندەوە ڕاست بڵێن!.

لە سەروەختی نووسیندا، شوێنگۆڕکێی هەڵبژاردنی سروشتی بە دیزاینی هۆشمەند دەتووانێ لە هەر کام لەم سێ ڕێگەیەدا ڕووبدات: لە ڕێگەی ئەندازەکاریی بایۆلۆژی، ئەندازەکاریی سایبۆرگ (سایبۆرگەکان ئەو بوونەوەرانەن کە پێکهاتوون لە پارچەی ئەندامی و نائەندامی) یان ئەندازەکاریی ژیانی نائەندامی.


لەبارەی مشکان و مرۆڤانەوە

ئەندازەکاریی بایۆلۆژی، دەستێوەردانی ئەنقەستی مرۆڤە لە ئاستی بایۆلۆژیدا (بۆ نموونە، چاندنی بۆهێڵێک) کە مەبەست لێی، دەستکاریی شێوە، تواناکان، پێداویستییەکان و ئارەزووەکانی زیندەوەرێکە بۆ درککردن بە ئایدیایەکی کەلتووریی لەپێشدا پەی پێبراو، وەکو حەزە هونەرییەکانی ئێدواردۆ کاچ.

لەخۆیدا، هیچ شتێکی نوێ نییە لەبارەی ئەندازەکاریی بایۆلۆژییەوە. چەند هەزارەیەکە خەڵکی بەکاری دەهێنن بۆئەوەی شێوە بەخۆیان و زیندەوەرانی تر بدەنەوە. نموونەیەکی سادە بریتییە لە خەساندن. ١٠،٠٠٠

سالّ دەبێت مرۆڤەکان گا دەخەسێنن بۆئەوەی گاجوتی لێ دروست بکەن. گاجوتەکان کەمتر شەڕانگێزن و لێرەوە ئاسانتر گاسن ڕادەکێشن. مرۆڤەکان بەهەمان شێوە نێرینە گەنجەکانی خۆیان خەساندووە بۆ ئەوەی گۆرانیبێژی دەنگ تیژیان لێدەرچێت یان ئەو خەسێنراوانەیان لێ دەرچێت کە بە سەلامەتی متمانەیان پێبکرێت بۆ چاودێریکردنی حەرەمی سوڵتان.

بەڵام بەرەوپێشچوونەکانی ئەم دواییە لە تێگەیشتنماندا لەمەڕ ئەوەی کە زیندەوەرەکان، تاوەکو قووڵایی خانە و ناوکی دی ئێن ئەی، چۆن کار دەکەن، ئەگەری لە پێشدا وێنانەکراویان والّا کردووە. بۆ نموونە، ئەمڕۆکە نەک دەتووانین پیاوێک بخەسێنین بەڵکو ڕەگەزەکەشی لەرێگەی نەشتەرگەری و چارەسەری هۆرمۆنییەوە بگۆڕین. بەڵام ئەمە هەمووی نییە. ئەو سەرپرایز، شلّەژان و قێزەونییە لەبەرچاو بگرە کاتێک لە ١٩٩٦دا ئەو وێنەیەی خوارەوە لە ڕۆژنامەکان و لەسەر تەلەڤزیۆن پیشان درا:



نا، فۆتۆشۆپی تیا نەکراوە. ئەمە وێنەیەکی دەستکارینەکراوی مشکێکی ڕاستەقینەیە کە زاناکان خانەی کرۆگەیی مانگایان لەسەر پشتی چاندووە. زاناکان تووانیان گەشەی شانە نوێکە کۆنترۆڵ بکەن، لەم حاڵەتەدا شێوەی شتێکی بدەن کە لە گوێچکەی مرۆڤ بچێت. لەوانەیە پرۆسەکە بەزوویی توانا بە زاناکان بدات تا گوێچکەی دەستکرد دروست بکەن کە ئەوکاتە بتووانرێ لە مرۆڤەکاندا بچێنرێت.

تەنانەت دەشێ سەیروسەمەرەی زۆرتر بە ئەندازەکاریی جێنەتیکی ئەنجام بدرێت هەر بۆیە ڕستێک پرسی ئەخلاقی، سیاسی و ئایدۆلۆژی دەوروژێنێت. ئینجا ئەوە تەنیا خواپەرستە ئاسمانییەکان نین کە دژایەتی ئەوە دەکەن مرۆڤ ڕۆڵی خودا بگێڕێت. زۆرێک لە ناباوەڕگەرا ڕەسمییەکان بە بیرۆکەی ڕۆڵگێڕانی سروشت لەلایەن مرۆڤەوە کەمتر شۆک نەبوون. چالاکوانانی مافە مرۆییەکان نارەزایەتی دەردەبڕن لەبەرانبەر ئەو ئێشەی گیانەوەرانی تاقیگەکان لە تاقیکردنەوە ئەندازەییە بۆهێلییەکاندا تووشی دەبن و ئەو ئاژەڵانەی کێڵگەش کە ئەندازەکارییان بۆ دەکرێت بەبێ گوێدانە پێداویستییەکان و ئارەزووەکانیان. چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ ترسی ئەوەیان هەیە ئەندازەکاریی جێنەتیکی بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی ئەو سوپەرمرۆڤانەی کە ئەوانەیترمان دەکەنە کۆیلە. (ئیرمیا)ییەکان پێشبینییەکانی قیامەت دەخەنەڕوو کە تیایاندا دیکتاتۆریەتەکانی بایۆلۆژیا، سەربازە چاونەترسەکان و کرێکارە ملکەچەکان لەبەر دەگرنەوە. هەستی زاڵ ئەوەیە کە، ئەگەری بێشومار زۆر بەخێرایی والا دەبن و توانامان بۆ دەستکاریکردنی بۆهێلەکان توانامان بۆ بەکارهێنانی ژیرانە و دووربینانەی شارەزایەتییەکە تێدەپەڕێنێت.

ئەنجامەکە ئەوەیە کە ئێمە لە ئێستادا تەنیا بڕگەیەکی ئیمکانیەتی جێنەتیکی بەکاردێنین. زۆربەی ئەو زیندەوەرانەی لە ئێستادا ئەندازەکاری دەکرێن ئەوانەن کە لاوازترین لۆبیی سیاسییان هەیە- ڕووەکەکان، کەڕووەکان، بەکتریا و مێرووەکان. چەند ڕیزە بەکتریایەکی ئی.کۆلای، بەکتریایەک کە لە گەدەی مرۆڤدا هاوژینیەتی (و کاتێک لە گەدە دێتە دەرەوە و ئاوسانی کوشندە دروست دەکات دەبێتە سەردێڕی هەواڵەکان)، بەشێوەیەکی جێنەتیکی ئەندازەکاری کراوە بۆ بەرهەمهێنانی زیندەسوتەمەنی. ئی.کۆلای و ژمارەیەک لە توخمەکانی کەڕوو بەهەمان شێوە ئەندازەکاری کراون بۆ بەرهەمهێنانی ئینسۆلین، لیزەوە نزمکردنەوەی تێچوونی چارەسەری نەخۆشی شەکرە. بۆهێلێکی وەرگیراو لە ماسییەکی جەمسەری باکوور خراوەتە ناو پەتاتەوە و ڕووەکەکەی خۆگرتر کردووە لەبەرانبەر شەختەدا.

چەند شیردەرێک بەهەمان شێوە دەکەونەبەر ئەندازەکاریی جێنەتیکی. هەموو ساڵێک پیشەسازیی شیرەمەنی ملیاردەها دۆلار لەدەست دەدات لەبەر ئەو زیانانەی بەهۆی وەرەمی گوانەکان تووشی دێت، نەخۆشییەک کە لە گوانەکانی مانگای شیردەر دەدات. زاناکان هەنوکە تاقیکردنەوە لەسەر ئەو مانگا بۆهێڵ دەستکاریکراوانە دەکەن کە شیرەکەیان لیزۆزتافین-ی تێدایە، مادەیەکی بایۆکیمیایی کە هێرش دەکاتە سەر بەکتریای بەرپرس لە نەخۆشییەکە. پیشەسازیی گۆشتی بەراز، کە بەدەست دابەزینی فرۆشەوە نااندوویەتی لەبەرئەوەی بەکارهێنەرانی نیگەرانن بەرانبەر چەوری ناتەندروست لە گۆشتەکەدا، هیوایان هەیە بۆ ئەو کۆمەڵە بەرازە هێشتا لەژێر تاقیکردنەوەیەی کە مادەیەکی بۆهێلیی کرمێکیان تیادا چێنراوە. بۆهێڵە نوێکان وا لە

بەرازەکان دەکات تا ئەسیدی چەوری ئۆمێگا ٦ بگۆڕن بۆ هاوتا تەندروستەکەی، واتە ئۆمێگا ٣.

نەوەی دواتری ئەندازەکاریی جێنەتیکی وا لە بەرازە چەوری باشەکان دەکات کە وەکو بوکەڵەی دەستی منال بێنە بەرچاو. بۆهێڵناسەکان توانیوویانە نەک تەنیا تێکڕای ژیانی کرمەکان شەش قات درێژ بکەنەوە بەڵکو توانیویانە ئەندازەکاریی ئەو مشکە بلیمەتانە بکەن کە یادەوەرییەکی زۆر باشتر و شارەزایەتی فێربوونی باشتریان هەیە. ڤۆڵەکان، واتە ئەو قوقومانەی لە مشک دەچن، و زۆربەی جۆرەکان ڤۆڵ، فرە پەیوەندیی جوتبوونیان هەیە. بەڵام تەنیا یەک توخم هەیە کە تیایدا نێرینە و مێینەی ڤۆڵ پەیوەندییەکی دوولایەنەی درێژخایەن دروست دەکەن. بۆهێڵناسەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن ئەو بۆهێڵانەیان جیاکردووەتەوە کە بەرپرسن لە تاک پەیوەندیی گیانەوەری ڤۆڵ. ئەگەر زیادکردنی بۆهێڵێک بتوانێ ڤۆڵێکی (دۆن خوان) بکاتە مێردێکی بەوەفا و دڵسۆز، ئایا ئێمە زۆر دوورین لەوەی بتوانین لەڕووی بۆهێڵییەوە نەک تەنیا توانا تاکییەکانی جرجەکان (و مرۆڤەکان) بەڵکو بونیادە کۆمەڵایەتییەکانیشیان بگۆڕین؟.

گەڕانەوەی نیاندەرتاڵەکان

بەڵام بۆهێڵناسەکان تەنیا نایانەوێ سیلسیلە زیندووەکان وەربچەرخێنن. ئەوان دەیانەوێ بەهەمان شێوە بوونەوەرە قڕبووەکانیش زیندوو بکەنەوە. تەنیا داینا‌سۆرەکانیش نا، وەکو ئەوەی لە (جوراسیک پارک)دا هەن. تیمێکی زانا ڕووسەکان، ژاپۆنییەکان و کۆرییەکان بەم دواییە زانیاریی بۆهێڵی مامۆتە دێرینەکانیان خستەڕوو کە بە بەستوویی لە بەستەڵەکی سیبریدا دۆزیبوویانەوە. ئەوان ئێستا پلانی ئەوە دادەنێن

خانەیەکی هێلکەی پیتێنراوی فیلێکی ئەمڕۆکە وەربگرن، دی.ئێن.ئەی فیلەکە بە دی.ئێن.ئەی بونیادنراوەی مامۆتەکە شوێنگۆڕکێ پێ بکەن و هێلکەکە لەناو منداڵدانی فیلەکەدا بچێنن. پاش نزیکەی بیست و دوو مانگ، ئەوان چاوەڕێ دەکەن پاش ٥٠٠٠ ساڵ یەکەم مامۆت بێتە دنیاوە.

بەڵام بۆچی بە مامۆتەکان کیفایەت بکەین؟ پرۆفیسۆر جۆرج چێرچ لە زانکۆی هارڤارد بەم دواییە وتی، لەگەڵ تەواوبوونی پرۆژەی بۆهێڵی نیاندەرتاڵ، ئیتر ئێمە دەتووانین دی.ئێن.ئەی بونیادنراوەی نیاندەرتاڵ لەناو هێلکەی مرۆڤی هۆشمەند دا بچێنین و لێرەوە پاش ٣٠،٠٠٠ ساڵ یەکەم منداڵی نیاندەرتاڵ بەرهەم بێنین. چێرچ بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەو دەتووانێت کارەکە لەبەرانبەر بڕە پارەی کەمی ٣٠ ملیۆن دۆلار ئەنجام بدات. چەند ژنێک هەنوکە خۆبەخشیی خۆیان ڕاگەیاندووە بۆئەوەی ببنە دایکانی بەدیل.

ئێمە نیاندەرتاڵمان بۆچییە؟ هەندێ کەس پێیان وایە ئەگەر ئێمە بتووانین تاووتوێی نیاندەرتاڵی زیندوو بکەین، ئەوا دەتووانین وەڵامی هەراسانکەرترین پرسیار بدەینەوە لەبارەی بنەچە و ناوازەیی مرۆڤە هۆشمەندەکان. بە بەراوردکردنی نیاندەرتاڵێک بە مێشکی مرۆڤێکی هۆشمەند و دیاریکردنی ئەمەی کە ستەرەکتۆرەکانیان لەکوێدا جیاوازە، لەوانەیە بتووانین دەستنیشانی بکەین کە چ گۆڕانکارییەکی بایۆلۆژی ئاگایی بەرهەم هێناوە بەو شێوەیەی کە ئەزموونی دەکەین. هۆکارێکی ئەخلاقیش هەیە- هەندێ کەس بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە، ئەگەر مرۆڤە هۆشمەندەکان بەرپرس بن لە قڕبوونی نیاندەرتاڵەکان، ئەوا ئەرکێکی ئەخلاقییان لەسەرشانە زیندوویان بکەنەوە. لەوانەشە هەبوونی چەند نیادەرتاڵێک هەر خۆی بەکەڵک بێت. زۆرێک لە خاوەن

پیشەسازییەکان دڵخۆش دەبن بەوەی پارە بدەنە نیاندەرتاڵێک تا کاری دەستیی دوو مرۆڤی هۆشمەند ئەنجام بدات.

بەڵام ئەی بۆچی بە نیاندەرتاڵەکانیش بوەستین؟ بۆچی نەچینەوە سەر بۆردی هێڵکاریی خودا و مرۆڤی هۆشمەندی باشتر دیزاین بکەین؟ تواناکان، پێویستییەکان و ئارەزووەکانی مرۆڤە هۆشمەندەکان، بنەمای بۆهێڵی هەیە و جێنەتیکی مرۆڤە هۆشمەندەکان لە هی ڤۆلەکان و مشکەکان ئاڵۆزتر نییە. (بۆهێڵی مشک نزیکەی ٢,٥ ملیارد بنکەی ناوکی تێدایە و بۆهێڵی مرۆڤی هۆشمەند ٢,٩ ملیارد بۆهێڵی تێدایە- بەو مانایەی کە ئەوەی دووەمیان تەنیا ١٤% گە وەترە). لە ناوەند مەودا دا- لەوانەیە لەماوەی چەند دەیەیەکدا- ئەندازەکاریی بۆهێڵی و فۆرمەکانی تری ئەندازەکاریی بایۆلۆژی، تواناماں بدەنێ بۆ ئەنجامدانی گۆڕینکاری زۆر قوواڵتر نەک تەنیا لە فزیۆلۆژی، سیستەمی بەرگری و تێکڕایی تەمەنماندا، بەڵکو لە توانا فیکری و هەستییەکانیشماندا. ئەگەر ئەندازەکاریی بۆهێڵی، بتووانێت مشکێکی بلیمەت بەرهەم بێنێت، بۆچی ناتووانێت مرۆڤی بلیمەت بەرهەم بێنێت؟ ئەگەر بتووانێت ڤۆڵی تاک هاوسەر بەرهەم بێنێت بۆ ناتووانێت مرۆڤی وا بەرهەم بێنێت کە بەرانبەر هاوسەرەکەی وەفادار بمێنێتەوە؟ .

شۆڕشی درک کە مرۆڤە هۆشمەندەکانی لە ئەپێکی ناچیزەوە گۆڕی بۆ گەورەی جیهان، پێویستی بە گۆڕانکاریی بەرچاو نەبوو لە فیزیۆلۆجی یان تەنانەت لە قەبارەی شکڵی دەرەوەی مێشکی مرۆڤی هۆشمەنددا. ئەمە لە ڕواڵەتدا چەند گۆڕانکارییەکی بچوکی لە ستەرەکتۆری ناوەوەی مێشکدا گرتەوە. لەوانەیە گۆڕانێکی بچوکی تر بەس بێت بۆ هەڵایساندنی دووەم شۆڕشی درک، دروستکردنی جۆرێکی نوێی ئاگایی و وەرچەرخاندنی مرۆڤی هۆشمەند بۆ شتێکی سەراپا جیاواز.

راستە، ئێمە هێشتا لێهاتوویی ئەوەمان نییە ئەمە بەدەست بێنین، بەڵام پێدەچێت بەربەستێکی تەکنیکی نەبڕدراو لەئارادا نەبێت ڕێگرمان بێت لەوەی سوپەرمرۆڤ بەرهەم بێنین. بەربەستە سەرەکییەکان بریتین لە ناڕەزایەتییە ئەخلاقی و سیاسییەکان کە تۆڕێنەوەی مرۆڤیان خاو کردووەتەوە. گرنگیش نییە بەڵگاندنەکان چەنێک باوەڕهێنن، قورسە بزانیت ئەمانە چۆن دەتووانن هەنگاوی دواتر بۆ ماوەیەکی درێژ ڕابگرن، بەتایبەت ئەگەر ئەو شتەی لەبەر باسدایە ئەگەری درێژکردنەوەی ژیانی مرۆڤ بێت بۆ بێ پایان، کۆنترۆڵکردنی نەخۆشییە چارەسەرنەکراوەکان بێت، و بەرزکردنەوەی توانا درکی و هەستییەکانمان بێت.

چی ڕوودەدات ئەگەر، بۆ نموونە، چارەسەرێکمان بۆ نەخۆشی ئەلزەهایمەر گەڵاڵە کرد، کە وەکو سوودێکی لابەلاش، بتووانێت بەشێوەیەکی دراماتیکی یادەوەرییەکانی خەڵکی ساغ باشتر بکات؟ ئایا کەس دەتووانێت تۆڕێنەوەیەکی لەو شێوەیە بوەستێنێت؟ کاتێکیش چارەسەرەکە گەڵاڵەکرا، ئایا هیچ ئاژانسێکی سەپاندنی یاسا سنووردارى دەکات بە نەخۆشەکانی ئەلزەهایمەر و ڕێگر دەبێت لەوەی خەڵکی تەندروست بەکاری بێنن بۆ بەدەستهێنانی سوپەریادەوەری؟.

ڕوون نییە ئاخۆ ئەندازەکاریی بایۆلۆژی بە ڕاستی دەتووانێت نیاندەرتاڵەکان زیندوو بکاتەوە، بەڵام ئەگەرێکی زۆر هەیە پەردە بەسەر مرۆڤە هۆشمەندەکاندا دابداتەوە. هەوڵدان بۆ چاککردنی بۆهێڵەکانمان مەرج نییە بمانکوژێت. بەڵام لەوانەیە ئێمە بە ڕادەیەک مرۆڤە هۆشمەندەکان دەستکاری بکەین کە چیتر مرۆڤی هۆشمەند نەمێنین.

ژیانی دەستکرد

تەکنۆلۆژیایەکی نوێی دیکە هەیە کە دەتوانێ یاساکانی ژیان بگۆڕێت: ئەندازەکاریی سایبۆرگ. سایبۆرگەکان ئەو بوونەوەرانەن کە پارچە ئەندامی و نائەندامییەکان لێکدەدەن، بۆ نموونە مرۆڤ بە دەستی دەستکردەوە. بە مانایەک لە ماناکان، لەم ڕۆژگارەدا نزیکەی هەموومان دەستکردین، چونکە هەستە سروشتییەکانمان و کردارەکانمان بە ئامێری وەکو چاویلکە، پێوەری فشاری خوێن، ئەندامی دەستکرد و تەنانەت کۆمپیوتەر و مۆبایل (کە مێشکمان لە هەندێ پاشەکەوتی داتا و قورسایی شیکاری ڕزگار دەکات) پاڵپشتی کراوە. ئێمە لە لێواری بوون بە سایبۆرگی ڕاستەقینەداین، خەریکە تایبەتمەندیی نائەندامیمان لێ پەیدا دەبێت کە لە جەستەکانمان جیا ناکرێتەوە، ئەو تایبەتمەندییانەی کە تواناکانمان، ئارەزووەکانمان، کەسایەتییەکانمان و شوناسەکانمان دەستکاری دەکەن.

ئاژانسی بەرگریی پڕۆژەکانی توێژینەوەی پێشکەوتوو (DARPA) کە ئاژانسێکی توێژینەوەی سەربازیی ئەمریکییە، سایبۆرگ لە مێشولەکان دروست دەکات. بیرۆکەکە بریتییە لە چاندنی پەلکەی ئەلکترۆنی، دۆزەرەوەکان و پڕۆسێسەرەکان لە جەستەی مێشوولەیەک یان سیسرکێکدا کە توانا بە مرۆڤ یان ئۆپەرەیتەرێکی ئۆتۆماتیکی دەدات تا جوڵەکانی مێشوولەیەک بە ئاماژە کۆنترۆڵ بکات و زانیاریی هەڵمژێت و بگوازێتەوە. مێشوولەیەکی وەها دەتوانێت لە بارەگای سەرکردایەتی دوژمن لەسەر دیوار بنیشێت، گوێ بۆ نهێنیترین وتوێژەکان هەڵخات و ئەگەر بەهۆی جاڵجاڵۆکەیەکەوە نەگیرێت، دەتوانێت کتومت پێمان بڵێت دوژمن پلانی چی دادەنێت. لە ساڵی

٢٠٠٦دا، سەنتەری جەنگیی ژێر دەریاNUWC، نیازی خۆی دەربڕی بۆ دروستکردنی قرشی سایبۆرگ و ڕایگەیاندNUWC) ، پارچەیەکی ئەلکترۆنیی ماسی دروست دەکات کە ئامانجی بریتیە لە کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری گیانەوەرە خانەخوێکان لە ڕێگەی چاندنە دەماریيەکانەوە). دروستکەران هیوادارن ئەو پانتاییە ئەلکترۆماگنەتیکە ژێر ئاوییانە بناسنەوە کە بەهۆی ژێردەریاییەکان و مینەکان دروست دەبێت، ئەمەش لە ڕێگەی جڵەوکردنی توانا سۆراخکەرەکانی قرشەکان کە باڵاترن لەوانەی هەر دۆزەرەوەیەکی دەستکردی مرۆڤ.

مرۆڤە هۆشمەندەکانیش دەگۆڕدرێن بۆ سایبۆرگەکان. هەندێ جار نوێترین نەوەی یارمەتیدەرەکانی بیستن بە (گوێچکە دەستکردەکان) ناودێر دەکرێن. ئامێرەکە پێکدێت لە چێنراوێک کە لە ڕێگەی مایکرۆفۆنێکەوە کە لە بەشی دەرەوەی گوێچکە دادەنرێت دەنگ هەڵدەمژێت. چێنراوەکە، دەنگەکان هەڵدەمژێت، دەنگەکانی مرۆڤ دەناسێتەوە، و تەرجەمەیان دەکات بۆ سیگناڵە ئەلکترۆنییەکان کە ڕاستەوخۆ دەنێردرێت بۆ دەماری بیستنی ناوەندی و لەوێوەش بۆ مێشک.

ڕێتینا ئیمپلانت، کە کۆمپانیایەکی ئەڵمانیی سپۆنسەرکراوی حکومەتە، (تۆڕینەی چاو)ی دەستکرد بەرهەم دەهێنێت کە لەوانەیە ڕێخۆشکەر بێت بۆئەوەی خەڵکی کوێر بینایی ڕێژەیی بەدەست بێننەوە. ئەمە بریتییە لە چاندنی پەلکەیەکی وردیلە (مایکرۆچیپ) لەناو چاوی نەخۆشەکەدا. خانە ڕووناکییەکان ئەو ڕووناکییە هەڵدەمژن دەکەوێتە سەر چاو و دەیگۆڕن بۆ وزەی کارەبایی کە دەمارەخانە جێگیرەکان لە تۆڕینەی چاودا دەبزوێنێ. ترپە دەماریيەکان لەم خانانەوە، مێشک دەبزوێنن، کە لەوێدا وەکو بینایی بەرجەستە دەبن. لە ئێستادا

تەکنۆلۆژیاکە بۆ نەخۆشان ئاسان دەکات تا لە پانتاییەکاندا هەڵسوڕێن، پیتەکان بزانن و تەنانەت ڕوخسارەکانیش بناسنەوە.

جێسی سولیڤان کە کارەباچییەکی ئەمریکییە، لە ساڵی ٢٠٠١دا بە ڕووداوێک هەردوو باسکی تا شانی لەدەستدا. تایبەتمەندیی ناوازەی باسکە نوێکانی جێسی ئەوەیە کە هەردووکیان تەنیا بە بیرکردنەوە ئیش دەکەن. ئەو ئاماژە دەماریانەی کە لە مێشکی جێسییەوە دەگەن، بە مایکرۆ کۆمپیوتەرەکان دەگۆڕێن بۆ فەرمانی کارەبایی و باسکەکان دەجوڵێن. کاتێک جێسی دەیەوێت باسکەکەی بەرز بکاتەوە، هەر ئەو شتە دەکات کە کەسێکی ئاسایی نائاگایانە دەیکات- و باسکەکە بەرز دەبێتەوە. ئەم باسکانە بە بەراورد بە باسکە ئەندامییەکان دەتوانن ئاستێکی سنووردارتری جوڵەکان بەکار بێنن، بەڵام توانا بە جێسی دەدەن تا کرداری سادەکانی ڕۆژانە بەجێ بگەیەنێت. باسکێکی دەستکردی هەمان شێوە بەم دواییانە بۆ (کلۆدیا میشێل) دروستکراوە. ئەو سەربازێکی ئەمریکییە کە لە ڕووداوێکی مۆتۆرسایکڵدا باسکی لەدەستدا. زاناکان بڕوایان وایە کە ئێمە بەزوویی باسکی دەستکردی وەهامان دەبێ کە نەک تەنیا لەگەڵ ویستماندا دەجوڵێ، بەڵکو بەهەمان شێوە ئاماژە دەگوازێتەوە بۆ مێشک و لێرەوە توانا بە دەست و قاچ بڕاوەکان دەدات کە تەنانەت هەستی بەرکەوتن بەدەست بهێننەوە!.

لە ئێستادا ئەم باسکە دەستکردانە شۆڕشگێڕانەیەکی لاوازن بۆ ئەندامە بنچینەییەکانمان، بەڵام ئەوەیان لەبارداید کە بێسنوور پەرەیان پێبدرێت. بۆ نموونە، دەشێ باسکە دەستکردەکان زۆر بەهێزتر بکرێن لە ئەندامە بنچینەییەکان و تەنانەت پاڵەوانێکی مشتەکۆڵە زۆر لاواز بخاتە بەرچاو. سەرباری ئەمەش، باسکە دەستکردەکان باشەی ئەوەیان هەیە

کە چەند ساڵ جارێک بگۆڕدرێن یان لەجەستە جودا بکرێنەوە و لە دووڕەوە کاریان پێ بکرێت.

زاناکان لە زانکۆی (دوک)ی کارۆلاینی باکوور بەم دواییانە ئەمەیان لەسەر مەیمونی (ریسوس) تاقیکردەوە کە ئێلێکترۆدەکانی لەناو مێشکیدا چێنرابوو. ئێلێکترۆدەکان ئاماژەکان لە مێشکەوە کۆ دەکەنەوە و بۆ ئامێرە دەرەکییەکان دەیگوازنەوە. مەیموونەکان ڕاهێنرابوون لەسەر کۆنترۆڵکردنی قاچ و باسکە دەستکردە لێکراوەکان تەنیا لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە. مەیموونێک بەناوی (ئۆرۆرا) فێربوو کە لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە کۆنترۆڵی باسکێکی دەستکردی لێکراوە بکات لەکاتێکدا کە هەردوو دەستە ئەندامییەکەی دەجوڵاند. وەکو خواوەندێکی مێینەی هیندۆسی، ئێستا ئۆرۆرا سێ باسکی هەن و دەکرێ باسکەکانی لە ژووری جیاجیا، تەنانەت شاری جیاجیادا دابنرێن. ئەو دەتوانێت لە تاقیگەکەی لە کارۆلاینی باکوور دانیشێت، بە دەستێکی پشتی بخورێنێت، بە دەستی دووەمی سەری بخورێنێت و لەهەمان کاتدا لە نیویۆرک مۆزێک بدزێت (هەرچەندە توانای خواردنی میوەی دزراو لە دووراییەکەوە هەر وەکو خەونێک دەمێنێتەوە). مەیموونێکی تری (ریسوس) بەناوی (ئایدۆیا) لە ساڵی ٢٠٠٨دا ناوبانگی جیهانی بەدەست هێنا کاتێک لە ڕێگەی بیرکردنەوەوە و لەسەر کورسییەکەیەوە لە کارۆلاینی باکوور جوتێک قاچی دەستکردی لە شاری کیۆتۆی ژاپۆن کۆنترۆڵ کرد. قاچەکان بیست جار لە کێشی ئایدۆیا قورستر بوون.

کۆنیشانی بەندبوون بارودۆخێکە تیایدا کەسێک هەموو یان تەقریبەن هەموو توانای بۆ جوڵاندنی هەر بەشێک لە بەشەکانی جەستەی لەدەست دەدات، لەکاتێکدا کە توانای درکی وەکو خۆی دەمێنێتەوە. ئەو نەخۆشانەی بەدەست کۆنیشانەکەوە دەناڵێنن تاوەکو ئێستا

توانیوویانه له ڕێگەی جوڵەیەکی بچوکی چاوەوە پەیوەندی بە جیهانی دەرەوەوە بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند نەخۆشێک ئەلەکترۆدی کۆکەرەکەی ئاماژەکانیان لە مێشکدا چێنرا. هەوڵ خرانە گەڕ بۆ تەرجەمەکردنی ئەو ئاماژانە نەک تەنیا بۆ جوڵەکان بەڵکو بەهەمان شێوە بۆ وشەکان. ئەگەر تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو بن، نەخۆشە بەند بووەکان دواجار دەتووانن ڕاستەوخۆ لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا بدوێن و لەوانەیە ئێمە بۆ دواجار بتووانین تەکنۆلۆژیا بەکار بێنین بۆ خوێندنەوەی ئەقڵی خەڵکانی تر.

لەگەڵ ئەوەشدا، لە هەموو ئەو پڕۆژانەی کە هەنوکە لە بەرەوپێشچوونداں، شۆڕشگێڕانەترینیان هەوڵێکە بۆ دروستکردنی ڕایەڵەیەکی دوو لایەنەی ڕاستەوخۆی کۆمپیوتەری مێشک کە ڕێگە بۆ کۆمپیوتەرەکان خۆش دەکات ئاماژە کارەباییەکانی مێشکی مرۆڤ بخوێنێتەوە، لەهەمان کاتدا گواستنەوەی ئەو سیگناڵانەی کە مێشک بە نۆرەی خۆی دەتووانێت بیانخوێنێتەوە. چی ئەبێ ئەگەر ئەم ڕایەڵانە بەکار بهێنرێن بۆ ڕاستەوخۆ بەستنەوەی مێشک بە ئینتەرنێتەوە، یان بۆ ڕاستەوخۆ بەستنەوەی چەند مێشکێک بە یەکترییەوە، لێرەوە دروستکردنی جۆرێک لە ئینتەر-مێشک-نێت؟ دەشێ چی بەسەر یادەوەریی مرۆیی، ئاگایی مرۆیی و شوناسی مرۆییدا بێت ئەگەر مێشک ڕاستەوخۆ بتووانێ پەیوەندی بکات بە بانکی یادەوەری بەکۆمەڵەوە؟ لە بارودۆخێکی وەهادا، بۆ نموونە سایبۆرگێک دەتووانێت یادەوەرییەکانی سایبۆرگێکی تر بگەڕێنێتەوە- نە لەبارەیانەوە ببیستێت، نە لە ئۆتۆبایۆگرافییەکدا لەبارەیانەوە بخوێنێتەوە، نە وێنایان بکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ بیری بێنەوە وەک بڵێی ئەمانە هی خودی خۆی بوون. چی بەسەر چەمکی وەکو خود و شوناسی جێندەر دێت کاتێک ئەقڵەکان

دەبنە دەستەجەمعی؟ تۆ چۆن دەتووانیت خۆت بناسیت یان دوای خەونت بکەویت ئەگەر خەونەکە لە مێشکی خۆتدا نییە بەڵکو لە کۆگایەکی دەستەجەمعیی هیوا و ئاواتەکاندایە؟.

سایبۆرگێکی وەها چیتر مرۆڤ یان تەنانەت ئۆرگانیک نابێت. ئەمە شتێکی تەواو جیاواز دەبێت. ئەمە لە ڕیشەوە جۆرێکی تری بوونەوەر دەبێ کە ئێمە ناتوانین تەنانەت پەی بە گوزارشتە فەلسەفی، سایکۆلۆژی یان سیاسییەکان ببەین.

ژیانێکی تر

ڕێگای سێیەم بۆ گۆڕینی یاساکانی ژیان بریتییە لە ئەندازەکاریی بوونەوەرە نائۆرگانییەکان بەشێوەیەکی تەواوەتی. ڕوونترین نموونەکان بریتین لە پرۆگرامە کۆمپیوتەرییەکان و ڤایرۆسە کۆمپیوتەرییەکان کە دەتووانن بە پەرەگرتنی سەربەخۆدا ڕەت ببن.

بواری پرۆگرامکردنی جێنەتیکی لەمڕۆدا یەکێکە لە جێ سەرنجترین بوارەکان لە جیهانی زانستی بۆهێلیدا. ئەم بوارە هەوڵ دەدات میتۆدەکانی پەرەگرتنی بۆهێلی بەرهەم بێنێتەوە. زۆرێک لە پرۆگرامەرەکان خەون بە دروستکردنی پرۆگرامێکەوە دەبینن کە دەتووانێت بەشێوەیەکی تەواو سەربەخۆ لە دروستکەرەکەی پەرە بگرێت. لەم بارەدا، پرۆگرامەرەکە دەبێتە پریمەم مۆبایڵ (یەکەم جوڵاوە)، بەڵام دروستبوونەکەی سەربەست دەبێ لە پەرەگرتن بە ئاقارگەلێکدا کە نە دروستکەرەکەی و نە هیچ مرۆڤێکی تر توانیبێتی وێنای بکات.

نموونەی پرۆگرامێکی وەها هەنوکە بوونی هەیە- ئەمە پێی دەوترێت ڤایرۆسی کۆمپیوتەر، لەکاتێکدا کە بەناو ئینتەرنێتدا بڵاو دەبێتەوە،

ڤایرۆسەکە ملیۆنان ملیۆن جار خۆی کۆپی دەکاتەوە، لەهەمان کاتیشدا لەلایەن پرۆگرامە دژە ڤایرۆسە ڕاوکەرەکان سۆراخ دەکرێت و لەگەڵ ڤایرۆسەکانی تردا کێبەرکێ دەکات بۆ شوێنێک لە سایبەرسپەیس[٩]دا. ڕۆژێک کە ڤایرۆسەکە خۆی کۆپی دەکات، هەڵەیەک ڕووەدات- شێوەگۆڕکێیەکی کۆمپیوتەریزە بوو. لەوانەیە شێوەگۆڕکێیەکە لەبەرئەوە ڕووبدات کە ئەندازیارە مرۆڤەکە ڤایرۆسەکەی بەهۆی هەڵەیەکی ڕەمەکییەوە پرۆگرام کردبێ. ئەگەر، بەڕێکەوت، ڤایرۆسە دەستکاریکراوەکە باشتر بێ لە خۆلادان لە پرۆگرامە دژە ڤایرۆسەکان بەبێ لەدەستدانی تواناکەی بۆ داگیرکردنی کۆمپیوتەرەکانی تر، ئەوا بەناو سایبەرسپەیسدا بڵاو دەبێتەوە. ئەگەر وابێ، شێوەگۆڕاوەکان زیندوو دەمێننەوە و دەژین. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، سایبەرسپەیس پڕ دەبێ لە ڤایرۆسی نوێ کە کەس ئەندازەکاری نەکردوون و بە پەرەگرتنی نائۆرگانیدا ڕەت دەبن.

ئایا ئەمانە بوونەوەری زیندوون؟ ئەمە بەندە بەوەی کە تۆ مەبەستت لە "بوونەوەری زیندوو" چییە. بەدڵنیاییەوە ئەوان بە پرۆسەیەکی پەرەگرتنی نوێدا ڕەت بوون کە بەتەواوی جیاوازە لە یاساکان و سنووربەندییەکانی پەرەگرتنی ئۆرگانی.

وێنای ئەگەرێکی تر بکە- وایدابنێ تۆ دەتتووانی مێکشت لەناو درایڤێکدا هەڵبگریت و بیبەستیت بە لاپتۆپەکەتەوە. ئایا لاپتۆپەکەت دەیتووانی ڕێک وەکو مرۆڤێکی هۆشمەند بیر بکاتەوە و هەست بکات؟ ئەگەر وایە، ئەوەیان تۆ دەبوویت یان کەسێکی تر؟ ئەی ئەگەر

---

[٩] سایبەرسپەیس (cyberspace): هەموو پەیوەندییەکانی نێوان کۆمپیوتەرەکان لە شوێنە جیاوازەکاندا بە شوێنێکی ڕاستەقینە لەقەڵەم دەدرێت کە زانیاری، مێسجەکان، وێنەکان و هیتر بوونیان هەیە.

پرۆگرامەرەکانی کۆمپیوتەر بیانتووانیایە ئەقڵێکی تەواو نوێ بەڵام دیجیتاڵی دروست بکەن کە پێکهاتووە لە کۆدە کۆمپیوتەرییەکان، هەستی خودی، ئاگایی و یادەوەری هەیە؟ ئەگەر تۆ پرۆگرامەکە لەسەر کۆمپیوتەرەکەت دابەزاند، ئایا کەسێک دەبێ؟ ئەگەر تۆ دیلیتت کرد ئەوا قەتڵێکت کردووە؟.

لەوانەیە ئێمە بەزوویی وەڵام ئەم پرسیارانەمان دەست کەوێ. پرۆژەی مێشکی مرۆڤ، کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا بونیاد نرا، هیواداڕە مێشکێکی مرۆیی کامڵ لەناو کۆمپیوتەردا دروست بکاتەوە کە سوڕە ئەلکترۆنییەکانی ناو کۆمپیوتەرەکە تۆڕە دەماریەکان لە مێشکدا کۆپی بکاتەوە. بەڕێوەبەری پرۆژەکان بانگەشەی ئەوەیکردووە کە، ئەگەر بەڕێکوپێکی دارایی بۆ دابین بکرێت، ئەوا لەماوەی دەیەیەک یان دواندا ئێمە دەتووانین مێشکێکی مرۆیی دەستکردمان لەناو کۆمپیوتەرێکدا هەبێت کە دەتووانێ ڕێک وەکو مرۆڤێک بدوێت و ڕەفتار بکات. ئەگەر سەرکەوتوو بێت، ئەمە بەو مانایە دەبێت کە پاش ٤ ملیارد ساڵ لە گەڕکردن لەناو جیهانی بچوکی پێکهاتە ئۆرگانییەکاندا، ژیان لەپڕێکدا لەناو فراوانیی پانتایی نائۆرگانیدا بەرجەستە دەبێت، ئامادە دەبێ بۆ وەرگرتنی شکڵ و شێوەی وەها کە خەونمان پێوە نەبینیووە. هەموو لێکۆڵەران کۆک نین لەسەر ئەوەی ئەقڵ بە شێوازێکی هاوشێوەی کۆمپیوتەرە دیجیتاڵییەکانی ئەمڕۆکە کار بکات- و ئەگەر وەها کار نەکات، کۆمپیوتەرەکانی ئەمڕۆکە ناتووانن یارمەتیدەری بن. لەگەڵ ئەوەشدا، شتێکی گەمژانەیە ئەگەرەکە وەها بەدلنیاییەوە ڕەت بکەیتەوە بەبێ ئەوەی تاقی بکەیتەوە. لە ساڵی ٢٠١٣دا، پرۆژەکە کۆمەکێکی بە بڕی ١ ملیارد ئیۆرۆ لە.یەکێتی ئەوروپا وەرگرت.

تاکانەیی

ئەمڕۆکە، تەنیا بڕگەیەکی بچوکی ئەم دەرفەتە نوێیانە درکیان پێ کراوە. لەگەڵ ئەوەشدا، جیهانی ٢٠١٤ هەنوکە جیهانێکە تیایدا کەلتوور خۆی لە کۆت و بەندی بایۆلۆژی دەرباز دەکات. توانامان بۆ ئەندازەکاریی نەک تەنیا جیهانی دەوروبەرمان بەڵکو لەوەش زیاتر جیهانی ناوەوەی جەستە و ئەقڵمان بەخێراییەکی بێ وێنە گەشە دەکات. بواری زیاتر و زیاتری چالاکی لە شێوازە ڕۆتینییەکانیان دەهێنرێنە دەرەوە. پارێزەران پێویستیان بە جارێکی تر بیرکردنەوەیە لە پرسەکانی تایبەتێتی و شوناس، حکومەتەکان جارێکی تر بیر لە چاودێری تەندروستی و یەکسانی دەکەنەوە، ڕێکخراوە وەرزشییەکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان پێویستیان بە پێناسەکردنەوەی گەمەی عادیلانە و دەستکەوت هەیە، دەبێ سنوقەکانی خانەنشینی و بازاڕەکانی دەستی کار لەگەڵ جیهانێکدا بگونجێنرێنەوە کە تیایدا دەشێ شەست، سی-یەکی نوێ بێت. پێویستە ئەوان هەموویان لەگەڵ مەتەڵی ئەندازەکاریی بایۆلۆژی، سایبۆرگەکان و ژیانی نائەندامیدا دەست و پەنجە نەرم بکەن.

خستنەڕووی زانیاریی بۆهێڵی یەکەم مرۆڤ پێویستی بە پانزە ساڵ و ٣ ملیارد دۆلار هەبوو. ئەمڕۆکە تۆ دەتووانیت زانیاریی (دی.ئێن.ئەی)ی کەسێک بە ماوەی چەند هەفتەیەک و بە تێچووی چەندسەد دۆلارێک بخەیتەڕوو.

سەردەمی پزیشکیی بەکەسیکراو- پزیشکییەک کە چارەسەر لەگەڵ دی.ئێن.ئەی دا دەگونجێنێت- دەستپێکردووە. لەوانەیە دکتۆری خانەوادەکەت بە زووبی و بەدڵنیاییەکی زۆرترەوە پێت بڵێت کە تۆ

ڕووبەڕووی مەترسی گەورەی شێرپەنجەی جگەر دەبێتەوە، لەکاتێکدا کە پێویست بە شڵەژانی زۆر ناکات لەبارەی جەڵتەی دڵەوە. ئەو دەتوانێت بڕیار بدات لەوەی کە دەرمانێکی باو کە یارمەتیدەری ٩٢%ی خەڵکە، بەکەڵکی تۆ نایەت، و لەبری ئەمە دەبێ تۆ حەبێکی تر بخۆیت، حەبێک کە بۆ زۆرێک لە خەڵکی کوشندەیە بەڵام بۆ تۆ گونجاوە. ڕێگە بەرەو پزیشکییەکی تەقریبەن کامڵ لەبەردەمماندایە.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێ بەپێی باشبوونەکان لە زانینی پزیشکیدا، تەنگژەی ئەخلاقیی نوێش پەیدا دەبن. ئەخلاقناسەکان و شارەزایانی یاسایی هەنوکە لەگەڵ پرسی مشتومڕئامێزی تایبەتێتی پەیوەست بە (دی.ئێن.ئەی) ململانێیانە. ئایا کۆمپانیاکانی بیمە مافی ئەوەیان دەبێ داوای پشکنینی (دی.ئێن.ئەی)مان بکەن و پارەی بیمە زیاد بکەن ئەگەر مەیلێکی جێنەتیکی بۆ ڕەفتاری لاسارانە بدۆزنەوە؟ ئایا داوامان لێدەکرێت (دی.ئێن.ئەی)یەکەمان، نەک (سی ڤی)یەکەمان بنێرین بۆ خاوەنکارێک کە ڕووی تێدەکەین؟ ئایا خاوەنکارێک دەتوانێت کاندیدێک هەڵبژێرێت لەبەرئەوەی (دی.ئێن.ئەی)یەکەی باشترە؟ یان ئایا ئێمە دەتوانین لەم بارانەدا سکاڵا لەبەرانبەر جیاکاریی جێنەتیکی تۆمار بکەین؟ ئایا کۆمپانیایەک کە بوونەوەرێکی نوێ یان ئەندامێکی نوێ دەهێنێتە کایەوە مافی خاوەندارێتی بۆ شریتەکانی (دی.ئێن.ئەی)یەکەی تۆمار دەکات؟ ئاشکرایە کە ئەتوانیت خاوەنی مریشکێکی دیاریکراو بیت، بەڵام یەکێک دەتوانێ خاوەنی سەرتاپای توخمێک بێت؟.

ئەم جۆرە کێشانە هیچ نین لەچاو گوزارشتە ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی پرۆژەی گەڵگامێش و توانا نوێ ئیحتیمالییەکانمان بۆ دروستکردنی سوپەرمرۆڤ. بەیاننامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، پرۆگرامە

پزیشکییەکانی حکومەت لە سەرانسەری جیهاندا، پڕۆگرامەکانی بیمەی تەندروستی نیشتمانی و دەستوورە نیشتمانییەکان لەسەرانسەری جیهاندا دان بەوەدا دەنێن کە دەبێ کۆمەڵگەی مرۆیی چارەسەری پزیشکیی عادیلانە بداتە هەموو ئەندامەکانی و لە تەندروستییەکی تا ڕادەیەک باشدا بیانپارێزێت. ئەمە هەمووی ئاسایی و باش بوو تا ئەو جێیەی کە بواری پزیشکی بەشێوەیەکی سەرەکی پەرۆشی ڕێگریکردن بوو لە نەخۆشی و چاککردنەوەی نەخۆش. دەشێ چی ڕووبدات ئەگەر بواری پزیشکی سەرقاڵ ببێت بە پەرەپێدانی تواناکانی مرۆڤ؟ ئایا هەموو مرۆڤەکان مافی ئەو جۆرە توانا پەرەپێدراوانەیان دەبێت، یان ئایا دەستەبژێرێکی سوپەرمرۆڤ بوونی دەبێت؟.

جیهانی درەنگانی مۆدێرنمان لەبەرانبەر ئەوەی کە بۆ یەکەم جار لەمێژوودا دان بە یەکسانی هەموو مرۆڤەکاندا دەنێت، شانازی بەخۆیەوە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەشێ بپرژێتە سەر دروستکردنی نایەکسانترین کۆمەڵگە. بەدرێژایی مێژوو، چینەکانی سەرەوە هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زیرەکترن، بەهێزتر و بەگشتی باشترن لە چینی خوارەوە. ئەوان زۆرجار خۆیان فریو دەدەن. ساوایەک کە لە خانەوادەیەکی جوتیاری هەژاردا دێتە دنیاوە، ئەگەری ئەوەی هەبوو ئەوەندەی شازادەیەکی تاج بەسەر هۆشمەند بێت. دەشێ بە یارمەتی توانا پزیشکییە نوێکان، خۆدەرخستنەکانی چینی باڵا زۆر بەزوویی ببنە واقیعێکی بابەتی.

ئەمە زانستێکی خەیاڵی نییە. زۆربەی ڕووداوەکانی چیرۆکە زانستییەکان وەسفی جیهانێک دەکەن تیایدا مرۆڤە هۆشمەندەکان-ی هاوشێوەی ئێمە- تەکنۆلۆژیای بەرزیان هەیە و تەنگژە سیاسییەکانی چەقی ئەم ڕووداوانە لە جیهانی ئێمە وەرگیراون و تەنیاوتەنیا ناکۆکییە

هەستی و کۆمەڵایەتییەکانمان لە بەرانبەر بارودۆخێکی ئایندەگەرایانەدا دروست دەکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، توانای ڕاستەقینەی تەکنۆلۆژیاکانی ئایندە خودی مرۆڤە هۆشمەندەکان دەگۆڕێت، بە هەستەکانمان و ئارەزووەکانیشمانەوە نەک تەنیا ئۆتۆمبێل و چەکەکانمان. کەشتییەکی ئاسمانی چییە بە بەراورد بە سایبۆرگێکی تاهەتایە گەنج کە وەچە ناخاتەوە و غەریزەی سێکسی نییە، کە دەتووانێت ڕاستەوخۆ لەگەڵ بوونەوەرانی تردا ئاڵوگۆڕی بیرورا بکات، کە تواناکانی بۆ تەرکیزکردن و بیرهاتنەوە هەزاران جار گەورەترە لەوەی ئێمە و کە قەت تورە یان غەمبار نابێت، بەڵام هەست و ئارەزووی وەهای هەن کە ئێمە ناتووانین وێنایان بکەین؟.

چیرۆکی زانستی بەدەگمەن وەسفی ئایندەیەکی وەها دەکات، چونکە وەسفێکی دەقاودەق بە پێناسە قابیلی دەرک نەکردنە. بەرهەمهێنانی فیلمێک لەبارەی ژیانی سوپەرسایبۆرگێک نزیکە لە بەرهەمهێنانی دراماى (هاملێت) بۆ تەماشاکەرانی نیاندەرتاڵ. لەراستیدا، دەشێ بااڵدەستانی ئایندەی جیهان جیاوازتربن لەئێمە لەچاو جیاوازی ئێمە لەگەڵ نیاندەرتاڵەکاندا. لەکاتێکدا کە ئێمە و نیاندەرتاڵەکان لانی کەم مرۆڤین، میراتگرانمان خواوەندئاسا دەبن.

فیزیاناسەکان (تەقینەوەی گەورە) بە تاکانەیی پێناسە دەکەن. ئەمە خاڵێکە کە لێیەوە هەموو یاساکانی سروشت بوونیان نەبوو. کاتیش بوونی نەبوو. لێرەوە بێ مانایە بڵێیت "پێش" تەقینەوەی گەورە شتێک بوونی هەبووە. لەوانەیە ئێمە بەخێرایی لە تاکانەییەکی نوێ نزیک ببینەوە. لەکاتێکدا کە هەموو ئەو چەمکانەی مانا دەبەخشنە جیهانەکەمان- من، تۆ، پیاوان، ژنان، خۆشەویستی و ڕق- ناپەیوەندیدار ببن. هەر شتێک لەودیو ئەو خاڵەوە ڕووبدات بێمانایە بەلامانەوە.

پێشبینییەکەی فرانکنشتاین

لە ساڵی ١٨١٨دا (ماری شێلی) (فرانکنشتاین)ی بڵاو کردەوە، واتە چیرۆکی زانایەک کە بوونەوەرێکی دەستکرد دروست دەکات، لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و پەشێوی دەنێتەوە. لە دوو سەدەی ڕابردووداً، هەمان چیرۆک چەند جارێک بەشێوازی جیاواز گێڕدراوەتەوە. ئەمە بووەتە کۆڵەکەیەکی ناوەندیی ئەفسانەی زانستیی نوێمان. لە یەکەم بینیندا، وا پێدەچێ چیرۆکی فرانکنشتاین هۆشداریمان بداتێ لەوەی کە ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین ڕۆڵی خودا بگێڕین و ئەندازەکاریی ژیان بکەین ئەوا بە تۆندی سزدا دەدرێین. لەگەڵ ئەوەشدا چیرۆکەکە مانایەکی قوولتری هەیە.

ئەفسانەی فرانکنشتاین بەو فاکتە ڕووبەڕووی مرۆڤە هۆشمەندەکان دەبێتەوە کە دواییں ڕۆژەکان بەخێرایی لەنزیک بوونەوەدان. چیرۆکەکە دەڵێت، ئەگەر کارەساتێکی ناوکی یان ژینگەیی ڕووبدات، ڕێتمی بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆژی بەزوویی سەردەکێشێت بۆ شوێنگۆڕکێی مرۆڤە هۆشمەندەکان بە بوونەوەری نەک تەنیا تەواو جیاواز لەڕووی جەستەییەوە بەڵکو لەڕووی جیهانی هەستی و درکیشەوە. ئەمە شتێکە کە زۆربەی مرۆڤە هۆشمەندەکان بە لەرادەبەدەر ناهەماهەنگ دەیبینن. ئێمە حەز دەکەین بڕوا بەوە بکەین کە لەئایندەدا خەڵکی ڕێک وەکو ئێمە بە کەشتی ئاسمانی و بەخێرایی لە هەسارەیەکەوە دەچنە سەر هەسارەیەکی دیکە. ئێمە حەز ناکەین لەو ئەگەرە بفکرین کە لە ئایندەدا، بوونەوەرانی بەهەست و شوناسی وەکو ئێمە چیتر بوونیان نییە و شوێنی ئێمە لەلایەن بوونەوەرانی فەزایی دەگیردرێت کە تواناکانیان لەسەروو هی ئێمەوەن.

ئیمە بەشێوەیەکی لە شێوەکان ئاسودەیی لەو بیرۆکەیەدا دەبینینەوە کە دکتۆر فرانکنشتاین دێوەزمەیەکی کارەساتباری دروستکردووە کە دەبووایە وێرانکاری بکات بۆئەوەی خۆمان ڕزگار بکات. ئیمە حەز دەکەین چیرۆکەکە بەو شێوەیە بگێڕینەوە چونکە ئاماژە دەکات بەوەی کە ئیمە باشترینی هەموو بوونەوەرانین، شتێک نەبووە و نابێت کە لە ئیمە باشتر بێت. هەر هەوڵێک بۆ باشکردنمان بەشێوەیەکی حەتمی شکست دێنێت، چونکە تەنانەت ئەگەر جەستەکانیشمان باش بکرێن، ئەوان تۆ ناتووانیت دەست لە ڕۆحی مرۆڤ بدەیت.

ئیمە کاتێکی سەختمان دەبوو لە قوتدانی ئەو فاکتەی کە زاناکان بتووانن ئەندازەکاریی ڕۆح و جەستەش بکەن، و ئەو ئایندەیە بتووانێ شتێکی بە ڕاستی لەسەروو ئیمەوە دروست بکات، شتێک کە وەکو چۆن ئیمە بە نزمی لە نیاندەرتاڵەکان دەڕوانین ئەویش وەها لە ئیمە دەڕوانێت.

ئیمە ناتووانین دڵنیابین لەوەی ئاخۆ فرانکنشتاینەکانی ئەمڕۆ بە ڕاستی ئەم پێشبینییە بەرجەستە دەکەن یان نا. ئایندە نەزانراوە و جێی سەرسوڕمان دەبێ ئەگەر پێشبینییەکانی چەند لاپەڕەی دوایی بەتەواوی بەرجەستە ببن. میژوو فێرمان دەکات ئەو شتەی کە زۆر نزیک دیارە، لەوانەیە قەت بەرجەستە نەبێت بەهۆی بەربەستە نەبینراوەکان و لە ڕاستیدا سیناریۆی وێنانەکراوی تریش دێنە پێش. کاتێک چاخی ناوکی لە ساڵی ١٩٤٠ەکاندا سەریهەڵدا، زۆر پێشبینی لەبارەی جیهانی ئایندەی ناوکیی ساڵی ٢٠٠٠ خرانەڕوو. کاتێک سپوتنیک و ئاپۆڵۆ ١١ گڕیان بەردایە وێنای جیهان، هەمووان دەستیانکرد بە پێشبینیکردنی ئەوەی کە تا کۆتایی سەدەکە، خەڵکی لە کۆلۆنییەکانی فەزا، لەسەر مەریخ و

پلوتۆ دەژین. بەشێکی کەمی ئەم پێشبینییانە بەرجەستە بوون. لەلایەکی ترەوە، کەس پێشبینی پەیدابوونی ئینتەرنێتی نەکرد.

بۆیە جارێ مەڕۆرە دەرەوە بۆ کڕینی بیمەی بەرپرسیارێتی تا لەبەرانبەر سکاڵا تۆمارکراوەکانی بوونەوەرە دیجیتاڵییەکان باربووت بکاتەوە. ئەو فەنتازیایانە- یان بڵێین ئەو مۆتەکانە-ی سەرەوە، تەنیا بزوێنەرن بۆ وێنای تۆ.

ئەو شتەی کە پێویستە بە جدی بگرین ئەو بیرۆکەیەیە کە دەڵێت قۆناغی دواتری مێژوو نەک تەنیا وەرچەرخانە تەکنۆلۆژی و ڕێکخراوەییەکان، بەڵکو بەهەمان شێوە وەرچەرخانە ڕیشەییەکانیش لە ئاگایی و شوناسی مرۆڤدا دەگرێتە خۆ. دەشێ ئەمانەش وەرچەرخانی ئەوەندە ڕیشەیی بن کە خودی زاراوەی "مرۆڤ" بخەنە ژێر پرسیارەوە. چەنێکمان ماوە؟ کەس بەراستی نازانێت. هەروەکو هەنوکە ئاماژەی پێکرا، هەندێ کەس دەڵێن تاوەکو ساڵی ٢٠٥٠، ژمارەیەک لە مرۆڤەکان دژە مەرگ دەبن. پێشبینییە ڕادیکاڵترەکان باس لە سەدەیەکی تر، یان هەزارەی دواتر دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا، لە ڕوانگەی مێژووی ٧٠،٠٠٠ هەزار ساڵی مرۆڤە هۆشمەندەکانەوە، چەند هەزارەیەک چییە؟.

ئەگەر بە ڕاستی پەردەکە خەریکی دادرانەوە بێت بەسەر مێژووی مرۆڤە هۆشمەندەکاندا، ئەوا دەبێ ئێمەی ئەندامانی یەکێک لە دوا نەوەکانی، کاتێک تەرخان بکەین بۆ وەڵامدانەوەی دوا پرسیارێک: دەمانەوێ ببین بە چی؟ ئەم پرسیارە کە هەندێ جار بە پرسیاری پەرەپێدانی مرۆڤ ناسراوە، ئەو مشتومڕانە دادەپۆشێت کە هەنوکە سیاسییەکان، فەیلەسوفەکان، لێکۆڵەران و خەڵکانی ئاسایی سەرقاڵ کردووە. دواجار، مشتومڕی ئەمڕۆ لەنێوان ئایینەکان، ئایدۆلۆژیاکان، نەتەوەکان و چینەکانی ئەمڕۆدا بە ئەگەرێکی زۆر شانبەشانی مرۆڤە

هۆشمەندەکان بزر دەبێ. ئەگەر جێگرەوانی ئیمە بە ڕاستی لەسەر ئاستێکی جیاوازی ئاگایی (یان بڵێین هەندێ جار لەودیو ئەو ئاگاییەوە کە ئێمە ناتووانین تەنانەت پەی پێ ببەین) ڕەفتار بکەن، ئەوا جێی گومان دەبێ بایەخ بە مەسیحیەت یان ئیسلام بدەن، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییان کۆمەنیستی یان کەپیتالیستی بێت، یان ڕەگەزەکانیان نێرینە یان مێینە بێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، مشتومڕە گەورەکانی مێژوو گرنگن چونکە لانی کەم یەکەم نەوەی ئەم خواوەندانە بە بیرۆکە کەلتوورییەکانی دیزاینەرە مرۆڤەکانیان شکڵ و شێوەیان پێدەدرێت. ئایا ئەوان لە وێنەی کەپیتالیزم، ئیسلام یان فێمینیزمدا دروست دەکرێن؟ دەشێ وەڵامی ئەم پرسیارە بە ئاراستەی تەواو جیاوازیاندا ببات.

زۆربەی خەڵکی پێیان باشە بیری لێ نەکەنەوە. تەنانەت بواری ئەخلاقناسی بایۆلۆژی پێی باشە موخاتەبەی پرسیارێکی تر بکات، "چ شتێک کردنی قەدەغەیە؟" ئایا مایەی قبوڵە تاقیکردنەوەی جێنەتیکی لەسەر مرۆڤە زیندووەکان بکرێت؟ لەسەر کۆرپەلەی لەباربراو بکرێت؟ لەسەر قەدە خانەکان بکرێت؟ ئایا کارێکی ئەخلاقیە مەڕ و شەمپانزێکان کۆپی بکرێن؟ ئەی مرۆڤەکان؟ هەموو ئەمانە پرسیاری گرنگن، بەڵام شتێکی ساویلکانەیە وێنای ئەوە بکەیت کە بشێ ئیمە هەروا بەسادەیی ئەو پرۆژە زانستییانە بوەستێنین کە پەرە بە مرۆڤە هۆشمەندەکان دەدەن بۆ بوون بە بوونەوەرێکی تەواو جیاواز. چونکە ئەم پرۆژانە چاک پێکەوە لەگەڵ پرۆژەی گەلگامێشدا گونجاون. پرسیار لە زاناکان بکە کە بۆچی ئەوان تاووتوێی بۆهێڵ دەکەن، یان هەوڵ دەدەن مێشک بە کۆمپیوتەرەوە ببەستنەوە، یان هەوڵ دەدەن ئەقڵێک لەناو کۆمپیوتەردا دروست بکەن. نۆ لە دە جار هەمان وەڵامی ستاندارد بەدەست دێنیت:

ئیمە ئەوە دەکەین بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان و ڕزگارکردنی ژیانی مرۆڤەکان. ئەگەرچی گوزارشتەکانی دروستکردنی ئەقڵێک لەناو کۆمپیوتەردا زۆر دراماتیکترە لە چاککردنەوەی نەخۆشییە دەروونییەکان، ئەمە پاساوە ستاندارد دیارەکەیە، چونکە کەس ناتوانێت مشتومڕی لەسەر بکات. هەربۆیە پڕۆژەی گەلگامێش گرنگترین بەرهەمی زانستە. ئەمە گوزارشتە لە پاساودانی هەموو ئەو شتەی زانست دەیکات. دکتۆر فرانکنیشتاین بە کۆڵی گلگامێشەوە ڕێ دەکات. لەبەرئەوەی ئەستەمە گلگامێش بوەستێنیت، بەهەمان شێوە ئەستەمە دکتۆر فرانکنشتاین بوەستێنیت.

تاکە شتێک ئیمە دەتوانین هەوڵ بدەین بیکەین کاریگەری خستنە سەر ئەو ئاراستەیەیە کە زاناکان ڕووی تێدەکەن. لەبەرئەوەی دەشێ ئیمە بەزوویی بتوانین ئەندازەکایی ئارەزووەکانیشمان بکەین، لەوانەیە ئەو پرسیارە ڕاستەقینەیەی ڕووبەڕوومان دەبێتەوە "دەمانەوێ ببینە چی؟" نەبێت، بەڵکو "دەمانەوێ چیمان بوێ؟" بێت. لەوانەیە ئەوانەی کە ئەم پرسیارە نەیترساندوون، بایی پێویست بیریان لێ نەکردبێتەوە.

دوا قسه:

ئەو گیانەوەرەی بوو بە خودا

پێش حەفتا هەزار ساڵ، مرۆڤە هۆشمەندەکان، هێشتا گیانەوەری ناگرنگ بوون کە لە سوچێکی ئەفریقادا خەریکی کاری خۆیان بوون. لە هەزارەی دواتردا خۆی وەرچەرخاند بۆ گەورەی سەرتاپای هەسارەکە و تۆقێنەری سیستەمی ژینگەیی. ئەمرۆکە لە لێواری بوون بە خوا دایە، پرژاوەتە سەر ئەوەی نەک تەنیا گەنجێتی تاهەتایی بەڵکو بەهەمان شێوە توانا خواییەکانی خەلق و وێرانکردن بەدەست بهێنێت.


بەداخەوە، ڕژێمی مرۆڤە هۆشمەندەکان لەسەر زەوی تاوەکو ئێستا شتێکی کەمی بەرهەم هێناوە کە ئێمە شانازی پێوە بکەین. ئێمە لە دەوروبەردا بااڵدەستیمان پەیدا کردووە، بەرهەمهێنانی خواردنمان زیاد کردووە، شارەکانمان بونیاد ناوە، ئیمپراتۆریەتەکان بونیاد ناوە و تۆڕە بازرگانییەکانمان خستووەتەگەڕ. بەڵام ئایا بڕی ئەو ئێشەمان کەم کردووەتەوە کە جیهانی تێدایە؟ جارێکی تریش، زیادبوونە بەرچاوەکانی هێزی مرۆڤ بووەتەهۆی نەگبەتیی گەورە بۆ گیانەوەرانی تر.

لەو چەند دەیەی دواییدا، ئەوەندەی پەیوەندی بە هەلومەرجی مرۆڤەوە هەیە، ئێمە بۆ دواجار بەرەوپێشچوونێکی ڕاستەقینەمان بەخۆوە

دیووە، ئەمەش بە کەمکردنەوەی وشکی و قاتی، ئافات و جەنگ. لەگەڵ ئەوەشدا، بارودۆخی گیانەوەرانی تر خێراتر لە پێشوو بەرەو خراپتر دەچێت و باشبوون لە بارودۆخی مرۆڤایەتیدا زۆر تازەترە و ناسکترە لەوەی کە لێی دڵنیا بیت.

سەرباری ئەمەش، وێڕای ئەو شتە سەرسوڕهێنەرانەی مرۆڤەکان دەتووانن بیکەن، ئێمە هەر نادڵنیا دەبین لە ئامانجەکانمان و پێدەچێ وەکو هەمیشە نابەدڵ و ناڕازی بین. ئێمە لە بەلەمی تەختەی سادەوە گەیشتینە بەلەمی چارۆکەدار و لەوێوە بۆ کەشتی هەڵمی و کەشتی ئاسمانی- بەڵام کەس نازانێت ئاخۆ ئێمە بەرەو کوێ ڕێ دەکەین. ئێمە لە هەر کاتێکی تر بەهێزترین، بەڵام بیرۆکەیەکی وەهامان نییە لەبارەی ئەوەی چی لەو هەموو هێزە بکەین. لەوەش خراپتر، پێدەچێ مرۆڤەکان لە هەر کاتێکی تر نابەرپرستر بن. ئێمە کە خودای خۆکردین و تەنیا یاساکانی سروشت هاوەڵێتیمان دەکەن، لەبەرانبەر کەسدا لێمان ناپێچرێتەوە. سەرەنجام ئێمە لەبەرانبەر گیانەوەر هاوەڵەکانمان و سیستەمی ژینگەیی دەوروبەرماندا پشێوی دەنێینەوە و سۆراخی هیچی وەها ناکەین جگە لە ئاسودەیی و خۆشی خۆمان، لەگەڵ ئەوەشدا قەت ناگەینە قەناعەت.

ئایا شتێکی تر هەیە لەو خودا بێ قەناعەت و نابەرپرسانە ترسناکتر کە نازانن چییان دەوێت؟.



Yuval Noah Harari

SAPIENS

سەد هەزارسالْ پێش ئێستا، لایەنی‌کەم شەش جۆر مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە دەژیان. ئەمرۆ تەنها یەکێکیان ماوەتەوە:

ئێمە،

مرۆڤە هۆشمەندەکان



1 19184 72200 1

لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما